# بیبلیۆگرافیای کوردناسی

بەرگی یەکەم

بیبلیۆگرافیای

# کــوردناســی

کورد و کوردستان

لە سەرچاوە فەرەنسییەکان دا

د. نەجاتی عەبدوڵڵا

–ناوی کتێب: بیبلیۆگرافیای کوردناسی

– بابەت: بیلیۆگرافیای **شیکاری**

–بەرگی یەکەم: کورد و کوردستان لە سەرچاوە فرەنسییەکان دا

– د. نەجاتی عەبدوڵڵا.

– تایپ و هەڵەچنی: وەرگێر.

– چاپ:

– تیراژ:

– ژمارەی سپاردن (     ) ی 2009

–چاپی یەکەم: 2009.

# پێشەکی

خوێنەری خۆشەویست،

پاش چەندین ساڵ گەڕان و سوڕان بەناو کتێبخانەکانی پاریس و لەندەن وا خۆشبەختانە بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە تەواو بوو. دیارە ئەم کتێبەش وەکو هەر کتێبێکی دیکە مێژوویێکی تایبەتی خۆی هەیە. بیرۆکەی نووسینی ئەم کتێبە ڕێك لەوکاتەوە لە مێشکم گەڵاڵە بوو کە ساڵی 1997 دوای ئەوەی زانکۆی پواتیێ-م جێهێشت و هاتمە پاریس و لەوێ بۆ خوێندنی زانکۆ گەڕان بەدوای سەرچاوەکان زۆر هیلاك یان دەکردم و کاتێکی زۆرم بۆ ئامادەکردنی بیبلیۆگرافیا تەرخاندەکرد, کاتێك قوتابی کورد لە دەرەوە لە بواری مێژوو، زمان، کۆمەڵناسی و یان هەر بەشێکی دیکەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەخوێنێ هەستێکی زۆر نامۆ دەیگرێ کاتێك دەبینێ هیچ سەرچاوەیەکی لەبەردەست دا نییە تاوەکو ڕێنمایی بکات بۆ گەڕانەوە بۆ سەر ئەو سەرچاوانەی ئەو بە دوایاندا دەگەڕێ. ئا لێرەدا ڕاستەو ڕاست بیرۆکەی سەرەتایی نووسینی ئەم بیبلیۆگرافیایە کەوتە مێشکمەوە و دواجار کاری شەووڕۆژی پرۆژەکەش لە ئەمساڵ دا بوو بە واقیع و خۆشبەختانە وا ئێستە بەرگی یەکەمی ئەمکارە کە تایبەتە بە زمانی فرەنسیی بڵاوکرایەوە و بەرگی دووەمیش کە تایبەتە بە زمانی ئینگلیزی لە داهاتوویێکی زۆر نزیکدا تەواو دەبێت.

دیارە پێویست ناکات باسی گرینگی ئەم پرۆژەیە بکەم کە زۆر بەداخەوە وەك زۆر کاری دیکەی کورد زۆر بە دواکەوتووە و دەبوایە هەر هیچ نەبوایە لە ساڵانی حەفتایەکانەوە بکرابوایە و هەموو چەند ساڵ جارێکیش چاپی تازە و ڕاستکردنەوە و زیادەکاری بۆ بکرابوایە، بەڵام کە ئەوە نەکرا ئیدی کاتی گلەیی بەسەر چووە و گرینگ ئەوەیە دواجار کارەکە بڵاوکرایەوە. دیارە پێم خۆشە سەرەنجی خوێنەر بۆ چەند ڕاستییێك ڕابکێشم:

1-ئەم کارە بە دڵنیاییەوە سەرجەمی هەموو ئەو کارانە نییە کە لەسەر کورد وکوردستان بە زمانی فرەنسیی نووسراون، بەڵام بە دڵنیاییەوە -دەتوانم بڵێم- بەشی هەرە زۆرترینی کارەکانە بە تایبەت کتێب و نامیلکە و لێکۆڵینەوە و کاری زانکۆیی.

2- دیاره وتارگەلی ڕۆژنامە و گۆوارەکان و بە تایبەتی ئەوانەی نرخێکی ئەوتۆی مێژوویيان نییە نەخراونەتە ناو ئەم بیبلیۆگرافیایە لەگەڵ ئاگاداربوون لەوەی کە ڕەنگە وتار و ڕاپۆرتاژی دیکەی گرینگی مێژوویی لە دوو تویێ ڕۆژنامە و گۆوارەکان مابێت و ئێمە بەرچاومان نەکەوتبێت.

3-ئەم بیبلیۆگرافیایە کارێکی شیکارییە و دیارە بە پێوانی زانستی بیبلیۆگرافیای شیکاری هیچ هەقێك بە خاوەنەکەی نادات حوکم بەسەر بابەتەکان بدات بەڵکو زیاتر ئامانج لەوە بەدیارخستنی ناوەڕۆکی باسەکەیە و بەس.

4- گرینگیەکی تایبەتیمان بە کارە زانستییەکانی زانکۆیی داوە کە لە هەموو ئاستەکانی خوێندنی زانکۆیەکانی فرانسا و فرەنسی زمان پێشکەش کراون. دیارە ئەمە زیاتر بۆ ئەوەیە لێکۆڵەرەوەی کورد بزانێ داخۆ لە دەرەوە کار لەسەر چ بابەتگەلێك کراوە و ناوەڕۆکی کارەکان چین و دڵنیاشم ڕەنگە کاری دیکەی زانکۆیی بە زمانی فرەنسی مابن کە بەردەستی من نەکەوتبن، بێگومان ئەمکارە بە هیچ شێوەیەك بە ئەنقەست نەبووە و لە چاپەکانی دادێ هەوڵدەدەین هەموو کەموکوڕییەکان چاکبکەین.

دیارە جێگەی خۆیەتی ئەوە بگوترێ کە کاری ئەم بەرگە بە پشتیوانی و یارمەتی ئەکادیمیای کوردستان بەرهەمهێنراوە کە ئەگەر کۆمەگی ئەوان نەبوایە ڕەنگە ئەم پرۆژەیە هەر هیچ نەبوایە تا درەنگانێك لە دایك نەبوایە, لە کۆتاییدا منیش هەر هێندەم لە دەست دێت لە زمانی سەرداری مێژوونووسانی کورد، شەرەفخانی مێژوونووس لە زانایان و دانایانی بەوەجی کورد بپارێمەوە کە بە چاوی ڕەخنە لە کارەکەم بڕوانن و لە هەر جێگەیەکیش ناتەواوی و هەڵەیەکیان بینی هەڵە و پەڵەکانم بۆ ڕاست بکەنەوە بۆ ئەوەی بۆ کاری چاپەکانی دادێ کە بە نیازین هەر چەند ساڵ جارێك چاپی تازەی بکەینەوە دەستگیرۆییمان بکات و زۆر بە نەوازشیشەوە لە هەر هەڵەیەك کە بەسەرماندا تێپەربووبێ داوای بەخشین دەکەین.

د.نەجاتی عەبدوڵڵا

پاریس، ئابی 2009

# چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم فەرهەنگە

**خوێنەری خۆشەویست،**

**حەزدەکەم لەبارەی چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم کتێبە بڕێك خاڵ ڕوونبکەمەوە:**

**یەکەم**: هەموو سەرچاوەکان بەگوێرەی بابەت دابەشکران و دواتر هەر بەشە و سەرچاوەکانی بە گوێرەی ساڵی چاپ و بڵاوکردنەوە ڕیزکراون و پەیڕەوی میتۆدی زانستی کراوە, ناوی هەموو کتێب و سەرچاوەیەکی سەربەخۆ بە خواری واتە (ئیتالیك) نووسراوە، هەرچی وتاری ناو ڕۆژنامە و گۆوارەکان یان بەشێکی کتێبێك بێت خراوەتە ناو دوو کەوانەوەی بەمشێوەیە "  ".

**دووەم**: ناوی نووسەرەکان وەکوو خۆیان نووسراونەتەوە بۆ نموونە : (بازیل نیکیتین)، (ڤلادیمێر مینۆرسکی) یان (حەمید بۆزئەرسلان) هتد.

**سێیەم**: لە ئیندێکسی ناوی نووسەرەکان دا هەمیشە ناوی خانەوادە بە پێش ناوی نووسەرەکە خراوە, بۆ نموونە لە ئێندێکسەکە لە جیاتی (ڤلادیمێر مینۆرسکی) نووسراوە (مینۆرسکی، ڤلادیمێر) یان لە جیاتی (بازیل نیکیتین) نووسراوە (نیکیتین، بازیل) ئەمە زۆر گرینگە خوێنەر ئەوە بزانێ کە ئەگەر بە دوای نووسینێکی (مینۆرسکی) دا بگەڕێ دەبێ لە پیتی (م) بە دوای مینۆرسکی دا بگەڕێ نەك بەدوای (ڤلادیمێر) و ئیدی ئەم ڕێسایە بۆ هەموو ناوەکانی دیکە ئاوایە.

**چوارەم**: ژمارەی پێش هەر ناوێك لە ئیندێکسی (ناوی نووسەران) و ئیندێکسی (ناوی سەرچاوەکان) ئاماژە بۆ ژمارەی سەرچاوەکانی ناو کتێبەکە دەکەن و بە هیچ شێوەیەك ژمارەی لاپەڕە نین. بۆ نموونە کەسێك ئەگەر ناوی وتارێك یان نووسەرەکەی بزانێ زۆر بە ئاسانی لە ڕێگەی ئیندێکسەکانەوە دەتوانێ زۆر بە ئاسانی سەرچاوەکە بدۆزێتەوە.

بەشی یەکەم

# مێژوو، ئارشیتۆکتۆر و ئارکیۆلۆژیا

## 1.1: کارە گشتییەکان

1-Basile Nikitine, *Les Kurdes : étude sociologique et historique*, Préf. de Louis Massignon, Paris : Impr. nationale, 1956, (VIII-360 p).

1- بازیل نیکیتین، کورد: *لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆلۆژی و مێژوویی* بە پێشەکی: لویی ماسینیۆن. نیکیتین کە بە ڕەچەڵەك پۆلۆنی و بە زمان زیاتر فرەنسی و بە کاری دیپلۆماسی ڕووس بوو و لەسەرەتای سەدەی بیستەم ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی لە مۆسکۆ تەواو دەکات و زمانەکانی تورکی، عەرەبی و فارسی فێردەبێ. کاری دیپلۆماسی لە کونسوڵخانەی ڕووسیا لە ڕەشت و دواتریش ساڵی 1914 لە تەورێز و دواجاریش وەکو کونسوڵی ڕووسیا لە ورمێ دەرگەی پێوەندییەکانی لەگەڵ کورد بۆ کردەوە و هەر لەم ساڵانەشدا بوو کە کوردی دەناسێ و خۆی فێری کوردی دەکات. ئەم کتێبە کە ساڵی 1956 بڵاوکراوەتەوە بەرهەمی لێکۆڵینەوەی ئەزموونی

ڕاستەوخۆی نووسەرە لەناو کورد و بەهەڵاویردنی ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر کۆمەڵگەی کوردی داهاتووە ئەم کتێبە تا ئێستە نرخی زانستی خۆی لە دەست نەداوە و یەکێکە لەسەرچاوە گەورەکانی کوردناسی لە ئەورووپا و تەرجەمەی گەلێك زمانانیش کراوە. نیکیتین لەم کتێبە لێکۆڵینەوەیەکی هەمە لایەنە لەبارەی سەرەتای دروستبوونی ئیتنیکی کورد پێشەش دەکات و پێ بە پێ نووسەر پێ لەسەر دوو سیمای زۆر گرینگی کۆمەڵگەی کوردەواری دادەگرێ. یەکەمیان : عەشیرەتگەری و لەم بەستێنەدا باسی هۆز و تیرە کوردییەکان و ڕەوشی جوگرافی کوردستان و بەربەستی عەشیرەتگەری و کاریگەرییەکانی دەکات بەسەر کۆمەڵگەی کورد و دووەمیشیان: بایەخێکی یەکجار زۆر بە ڕۆڵی ئایین و پایەی ئایین دەدات لە کۆمەڵگەی کوردەواری و بە رووێکی زۆر تایبەتیش ڕۆلی تەریقە سۆفیگەرییەکان لە کۆمەڵگەی کوردستان. لایەنێکی دیکە کە نیکیتین بایەخی پێداوە باسی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی کوردایەتییە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم و بزووتنەوەی کورد دابەشی سەر سێ قۆناغی جیاکەرەوە دەکات. قۆناغی یەکەم: لە ڕاپەڕینی عەبدولڕەحمان پاشا (1805) تاوەکو سەرکوتکردن و تێکشکانی بزووتنەوی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری (1880) و قۆناغی دووەم لە دوای تێشکانی شێخ عوبەیدوڵڵا تاوەکوو کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی و دوایین قۆناغیش لە کۆتای جەنگی یەکەمەوە تاوەکو ساڵەوەختی نووسینی کتێبەکە. ئەم کتێبە لە هەموو ڕووێکەوە کتێبێکی ئەنسیکلۆپیدییە لەبارەی مێژووی کورد و سەرچاوەیەکی ڕەسەنە.

2-Thomas Bois, « Les kurdes, Histoire, sociologie, littérature, folklore ». In : *Al-Machria*, 53ème, fas. I, janv. fév. 1958, p. 101-147; fas. II, mars-avril 1958, p. 266-299.

2–تۆمابوا، "کورد: مێژوو، سۆسیۆلۆژیا، ئەدەب و فۆلکلۆر". باسێکی گشتییە لەبارەی مێژووی کورد و بەمشێوەیە دابەشکراوە. پێشەکی. لە پێشەکیەکەیدا نووسەر دەڵێ ئەگەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەلێك هەبێت نەناسراو بێت و لە ڕۆژئاوا نەیناسن ئەوا بەدڵنیاییەوە گەلی کوردە. پاشان باسی دوو کتێبی گرینگ

**دەکات لەسەر کورد یەکەمیان کتێبەکەی بازیل نیکیتین (*کورد: لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سۆسیۆلۆژی*، پاریس، 1956) و کتێبەکەی ئیدمۆندز (*کورد، تورك و عەرەب*، ئۆکسفۆرد، 1957) (لا: 101–102). دواجار باسەکە دابەشی سەر چوار فەسڵی سەرەکی کراوە. فەسڵی یەکەم: مێژوو. باسی مێژووی کورد دەکات لە بنچینە و دەورانی پێش–مێژووی کورد دەکۆڵێتەوە. پاشان دەورانی ئیسلام و قۆناغی دەرەبەگایەتی و مێژووی وشیاربوونەوەی نەتەوەیی (102–110). فەسڵی دووەم: سۆسیۆلۆژیا. لەم فەسڵە باسی ڕەوشی کۆمەڵایەتی: خێزان، هۆز، کەلخۆز و ڕەوشی خوێندەواری دەکات لە کوردستان دا (لا: 110–128). فەسڵی سێیەم: ئەدەبیات. باسی ئەدەبیاتی کوردی دەکات لە عێراق و سوریا و ئەدەبیاتی کوردی لە شوورەوەی دا (لا: 128–143) و پەراوێزەکان (لا: 143–147). دواین بەش: شاعیر و ترۆبادۆرەکان لە وڵاتی شوورەوی دا. بریتییە لە باسێکی وردی ئەدەبیاتی کوردی لە وڵاتی شوورەوی و بایەخێکی تایبەتی بە شیعری کوردی داوە لە وڵاتی شوورەوی (لا: 266–298).**

3-Gérard Chaliand, *La question kurde,* Paris : Maspero, Dossiers partisans -1, 1961, (32 p).

**3–ژێرار شالیان، *پرسی کورد*. بریتییە لە نامیلکەیەکی بچووك کە وەکوو دۆسیەی ژمارە یەکی** *Partisan* **بڵاوکراوەتەوە. برتییە لە بەرچاوخستنێکی کورتی سەرهەڵدانی کێشەی کورد و باسی شوێن و پێگەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات و ژمارەی کورد لە ناوچەکە دیاری دەکات کە بەلای ئەوەووە ژمارەی کورد لەو دەورانەدا نزیکەی 10 ملیۆن کەس بووە. دوای ئەوە باسێکی کورتی مێژوویی کورد دەگێرێتەوە هەر لە سەدەی حەوتەومەوە تاوەکوو سەدەی نۆزدەهەم و لەوێشەوە باسی سەردەمی ڕاپەڕینە کوردییەکان دەکات لە سەدەی نۆزدەهەم. ئینجا باسی پەیماننامەی سێڤەر و کورد دەکات لە هەر یەکە لە تورکیا، ئێران و عێراقدا.**

**دوای ئەوە باسی ڕەوشی کورد دەکات لەوەتای جەنگی دووەمی جیهانییەوە تاوەکوو ساتە وەختی نووسینی نامیلکەکە.**

4-Thomas Bois, « Derk Kinnane : the Kurds and Kurdistan», In: *Bibliotheca Orientalis* / Nederlands Instituut voor het Nabije Oosten. – Leiden : Inst. 23.1966, 3–4, p. 145–146.

4-**تۆما بوا، "دیریك کینان: کورد و کوردستان" بریتییە لە خوێندنەوەیەکی کتێبەکەی دیریك کینان، بۆ باسێك دەربارەی ئەم کتێبە بڕوانە بەرگی دووەمی (بیبلیۆگرافیای کوردناسی).**

5-Thomas Bois, « Hasan Arfa: the Kurds: an historical and political study», In: *Bibliotheca Orientalis*-Nederlands Instituut voor het Nabije Oosten. – Leiden: Inst. 24. 1967, 1–2, p. 36.

5- **تۆما بوا:"حەسەن عەرەفە، "کورد: لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سیاسیی". خوێندنەوەیەکی ئەم کتێبەی نووسەرە. بۆ باسێك دەربارەی ئەم کتێبە بڕوانە بەرگی دووەمی (بیبلیۆگرافیای کوردناسی).**

6-Mohammad Mokri, *Recherches de Kurdologie* : *Contribution scientifique aux études iraniennes: études d'ethnographie, de dialectologie, d'histoire et de religion* (parues dans les années 1956-1964), Paris : Klincksieck, 1970, (418 p).

6-**محەمەد موکری، *لێکۆڵینەوەی کوردناسی: بەشدارییێکی زانستیانە لە لێکۆڵینەوە ئێرانییەکان دا.* بریتییە لەبەرگی سێیەمی سەرجەمی وتارە زانستییەکانی دوکتۆر**

محەمەد موکری (1921–2007) کە بریتین لە کۆکراوەی (14) وتاری زانستی کە لەنێوان ساڵەکانی 1956–1964 لە گۆوارە زانستییە فرەنسییەکان دا بڵاوکراونەتەوە. لێکۆڵینەوەکان تایبەتن بە مێژوو، ئاینزا، دیالێکت، تایەفە و لێکۆڵینەوەی تایبەت بە کوردناسی.

7-Christiane More, *Les Kurdes aujourd'hui : mouvement national et partis politiques*; préface de Maxime Rodinson, Paris, Éd. l'Harmattan, 1984, (310 p).

7–کریستیان مۆر، *کوردەکانی ئەمڕۆ: بزووتنەوەی نەتەوەیی و پارتە سیاسییەکان*. پێشەکی ماکسیم ڕۆدینسۆن. کریستیان مۆر نووسەری ئەم کتێبە بۆ یەکەمجار لە 11 ی ئاداری 1974 لە کاتی سەردانی بۆ عێراق کێشەی کورد دەناسێ و دواتر وەختایەك مێردەکەی کە لە کەرکووك کاری دەکرد لە تەمووزی 1981 تا کانوونی دووەمی 1982 لە لایەن پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعی عێراق دەرفێندرێ و دوای ئەوە ئیدی بە تەواوی سەرقاڵی ناسینی کورد دەبێ و بۆ بەردانی مێردەکەی چەندین جار سەردانی کوردستان دەکات و لە نزیکەوە چاوی بە سەرکردە کوردەکان دەکەوێ. ئەم کتێبە دابەشی سەر پێشەکی (لا: 21–25) و سێ بەشی سەرەکی کراوە. بەشی یەکەم: کوردستان و کورد (لا: 28–107). ئەم بەشە کە دابەشی سەر سێ فەسڵی سەربەخۆ کراوە زیاتر دەروازەیەکە بۆ تێگەیشتنی باسەکە. فەسڵی یەکەم تەرخانکراوە بۆ ناسینی جوگرافیا، دابەشبوونی ئیداری، سەرچاوەکانی سروشتی، شوێنی نیشتەنی، عەشیرەتگەری، ئایین، زمان، ئەدەب و سۆفیگەری. فەسڵی دووەم زیاتر خوێندنەوەیەکی مێژووی کوردە هەر لەسەرەتاوە تاوەکوو پەیماننامەی سێڤەر و فەسڵی سێیەمیش بریتییە لە باسکردنی مێژووی بزووتنەوەی کورد لەسەدەی بیستەم لە هەر چوار پارچەی کوردستان دا. بەشی دووەم: پارتە سیاسییەکان و گەشەسەندنیان لە دەرەوەدا (لا: 110–209). لەم بەشەدا باسی ژیانی حیزبایەتی دەکات لە کوردستان و دابەشی سەر چوار فەسڵی

جیاواز کراوە و هەر فەسڵێکیش تەرخانی پارت و ڕێکخراویە سیاسیەکانی بەشێکی کوردستان کراوە. بەشی سێیەم: ڕێکخراوگەلێك کە سەر بە هیچ دەوڵەتێك نین (لا: 214–247). لەم بەشەدا کە دابەشی سەر چوار فەسڵی جیا کراوە و باسی ئەو ڕێکخراوە پیشەیی و کولتووریانە دەکات کە وابەستەی هیچ دەوڵەتێك نین بۆ ئەم مەبەستە فەسڵی یەکەم تەرخانی ڕێکخراوەکانی قوتابیان و فەسڵی دووەم تەرخانی ڕێکخراوەکانی کریکاران و فەسڵی سێیەم: ڕێکخراوی یەکبوون–پارتی ئازادی و پێشکەوتنا کوردستان و فەسڵی چوارەمیش تەرخانی ئەنستیتۆی کورد لە پاریس کراوە. دەرئەنجام (لا: 249–260). دواتر لە بەشی پاشکۆیەکاندا چواردە بەڵگەنامە و تێکستی مێژوویی کراونەتە پاشبەند. بیبلیۆگرافیا (لا: 292–293) و جگە لەوە کۆمەڵێك نەخشەی کوردستانیشی لەگەڵ دایە.

8-Hasan Yildiz, *Un pays sans frontière, le Kurdistan*, Paris, Hevra-Kom, 1992, (127p).

8–حەسەن یلدز، *کوردستان: وڵاتێکی بێسنوور*. کارێکی گشتییە لەبارەی مێژووی کوردستان و دابەشی سەر (7) فەسڵ کراوە. فەسڵی یەکەم: پێشەکی (لا: 1–10). فەسڵی دووەم: چاوپێداخشانێکی خێرا بۆ سەر مێژووی کوردستان. لەم فەسڵەدا باسی مێژووی کورد دەکات لە دەورانی کۆنەوە تاوەکوو سەدەی پانزەهەم و لەوێشەوە باسی جێگیربوونی تورکەکان دەکات لە ئەنادۆڵ ساڵی 1071 و یەکەم دابەشبوونی کوردستان لە ساڵی 1639 دا (لا: 11–40). فەسڵی سێیەم: شوێنی کوردستان لە کۆمەڵی عوسمانی دا. لەم فەسڵەدا باسی سیستمی کشتوکاڵ و بازرگانی دەکات لە کۆمەڵگەی عوسمانی و دواتریش جیاوازییەکانی سترەکتووری کۆمەڵگەی کوردستان لە دەورانی ئیمپراتۆریای عوسمانی باسدەکات (لا: 41–54). فەسڵی چوارەم: نیمچە کۆلۆنیالیزەکردنی ئیمپراتۆریای عوسمانی و جەنگی سەربەخۆیی تورك. لەم فەسڵە باسی هەردوو نەتەوەی ئەرمەن و کورد دەکات لەژێر نیری عوسمانی، یەکەمین ڕێکخراوە کوردیەکان و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردەواری و دواتریش لە پەیماننامەی سێڤەر و لۆزان: دووەمین

دابەشکردنی کوردستان دەکۆڵێتەوە (لا: 55–74). فەسڵی پێنجەم: وڵاتێك لە باوەشی سەرمایەداری دا: کوردستانی تورکیا. لەم فەسڵە باسی ناوچە کوردەوارییەکانی ژێر نیری سەرمایەداری و پەرەسەندنەکانی سترەکتووری سۆسیۆ–ئابووری و پەرەسەندنی خێڵ و دەرەبەگایەتی دەکات و هەر لەم فەسڵەدا باسی پەرەسەندنەکانی بوارگەلی کشتوکاڵی، پیشەسازی و پرۆلیتاری دەکات (لا: 75–94). فەسڵی شەشەم: کوردەکان و بەشەکانی دیکەی کوردستان. ئەم فەسڵە تەرخانکراوە بۆ کوردەکانی سوریا، ئێران، عێراق و یەکێتی سۆڤیەتی جاران (لا: 95–104). فەسڵی حەوتەم: تێکستە هەڵبژاردەکان لە مێژووی کوردا. لەم فەسڵە باسی ئاشتی و دادپەروەری لای ماددەکان، سێ پاشایەکانی ماگەکان و سەلاحەددینی ئەیوبی دەکات (لا: 105–116). کرۆنۆلۆژیا (لا: 117–122). بیبلیۆگرافیا (لا: 123–127). جگە لەوە کتێبەکە کۆمەڵێك نەخشە و وێنەی مێژوویی لەگەڵ دایە.

9-Gérard Chaliand, *Le malheur kurde*, Paris : Ed.Seuil, 1992, (212 p) .

9–ژێرار شالیان، *مەرگەساتی کورد*. بریتییە لە پێشەکی و (5) بەشی سەربەخۆ. لە پێشەکەی کتێبەکەیدا بەناوی پرسی کورد (لا: 9–32) نووسەر قۆناغەکانی وەدیارکەوتنی پرسی کوردی بۆ چوار قۆناغی سەرەکی دابەشکردووە. قۆناغی یەکەم: 1920–1945.، قۆناغی دووەم: 1945–1958.، قۆناغی سێیەم: 1958–1975 و قۆناغی چوارەم: 1975–1991. ئینجا بەشەکانی کتێبەکە بەمشێوە دابەشکراون: بەشی یەکەم: ناسنامەی کورد. لەم بەشەدا باسی ڕۆڵی فاکتۆری ئایینی و عەشیرەتگەری دەکات لە دروستبوونی ناسنامەی کوردی و پاشان بەرچاوخستنێکی گشتی ڕاپەڕینەکانی کورد لە سەدەی نۆزدەهەم و دواجاریش باسی لە دایکبوونی ناسیۆنالیزمی کورد دەکات (لا: 33–60). بەشی دووەم: کوردەکانی تورکیا. ئەم بەشە تەرخانی کوردەکانی تورکیا کراوە هەر لەسەرەتای دروستبوونی کۆماری تورکیا تاوەکوو دروستبوونی پەکەکە و هەروەها ئایدۆلۆژیای

ڕەسمیی کەمالیزم، بەڕێوەبردنی هەرێمەکانی ڕۆژهەڵات، شۆڕشەکانی کورد لە تورکیا (شێخ سەعید (شوبات–ئایاری 1925)، ئارارت (1930)، دێرسیم 1936–1938 و جگە لەوە باسی ڕەوشی کۆمەڵایەتی ناوچە کوردەوارییەکان، دیمۆگرافی، ئابووری، لەشساغی، پەروەردە و ژیانی سیاسیی کورد دەکات لە تورکیا (لا: 61–101).

بەشی سێیەم: کوردەکانی عێراق. باسی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد دەکات لەم بەشەی کوردستان، بزووتنەوەی شێخ مەحموود، دروستبوونی دەوڵەتی عێراق، یەکەمین ڕاپەڕینی بارزان (1945)، کۆتایی پاشایەتی (1958)، شەڕی 1961، قۆناغی 1963–1968: یەکەمین جەنگی بەعس و ناسیۆنالیزمی عەرەبی ماریشال عارف، دووەم جەنگی بەعس، ڕێکەوتنامەی ئادار، جەنگی 1974–1975، دواجار باسی پەرەئەستاندنی ژیانی حیزبایەتی و ژیانی کۆمەڵایەتی دەکات لە کوردستان و باسی ڕاگوێزان و ئاوارەبوونی کوردەکان لە باسە سەرەکیەکانیەتی (لا: 103–144).

بەشی چوارەم: کوردەکانی ئێران. سمکۆ، کۆماری مەهاباد، پەرەسەندنی بزووتنەوەی کورد لە نێوان 1946 و 1980، بزووتنەوەی کورد لە دوای شۆڕشی ئیسلامی ئێران (لا: 145–164). بەشی پێنجەم: کورد لە سوریا. ئەم فەسڵە تایبەتە بە باسی کوردەکانی سوریا و بە تایبەتیش سیاسەتی بەعسی سوریا بەرامبەر بە کورد (لا: 165–172). دەرئەنجام: مافەکانی کەمینە نەتەوەیەك (لا: 173–181).

دواجار لە بەشی پاشکۆ دا چوار پاشکۆی گرینگ کراون بە پاشبەندی کتێبەکە: 1–تێکستی بڕیارنامەی ژمارە 688 ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان (لا: 185–186).، 2–تێسکتی بڕیارنامەی پەرلەمانی ئەوروپا (لا: 186–190).، 3–تێکستی پەیماننامەی مافەکانی کەمینە ئیتنیکییەکان کە لە کۆنفرەنسی ئاسایش و هاریکاری ئەوروپا لە کۆپنهاگن لە حوزەیرانی 1989 مۆرکرا(لا: 191–194).، 4–لیستی ناوی ئەو گوندانەی کە بە چەکی کیمیاوی لە لایەن هێزی ئاسمانی عێراقەوە بۆمباباران کران (لا: 195–197). کرۆنۆلۆژی (لا: 199–209). بیبلیۆگرافیا (لا: 211–213) و جگە لەوە کۆمەڵێك نەخشە و کارتی زۆر نایابی لەگەڵە.

10-Institut kurde de Bruxelles, *Dossier Kurdistan,*- 3ème éd, Bruxelles : L'Institut kurde, 1992, (136 p).

10-ئەنستیتوتی کورد لە برۆکسێل، *دۆسیەی کوردستان*. بریتییە لە دۆسیەکی گشتیی لە بارەی کوردستان و هەموو بەشەکانی کوردستانی گرتۆتەوە. ئەم دۆسیەیە وەك لە بەرایی کتێبەکەدا هاتووە زیاتر "*کەرەسەی زانیاری یە لە بارەی ڕەوشی گشتیی گەلی کورد و بانگەوازێکە بۆ هاریکاری هێزە دیموکراتخوازەکان لەگەڵ گەلی کورد*" و بۆ بەرچاو ڕوونی ڕای گشتیی جیهانیی نووسراوە. لەم دۆسیەیەدا ئەم باسانە بەرچاو دەکەون: کوردەکان کێن ؟ ، دانیشتووان، زمان، ئایین، سەرچاوەکانی سروشتیی، ڕەوشی ئابووری، کۆمەڵایەتیی و کولتووری، کورتەی مێژوو، کوردستانی: تورکیا، ئێران، عێراق، سوریا و کورد لە شوورەوی و ئەوروپا دا. پاشان بیبلیۆگرافیا و چەند پاشکۆیەکی لەگەڵە: پەیماننامەی سێڤەر (10 ب ئابی 1920)، نەخشەی کوردستان کە ساڵی 1948 لە پاریس پێشکەش بە نەتەوە یەکگرتووەکان کراوە و چەند ڕووپەڕێکی ڕۆژنامەیەکی فرەنسی.

11-Mohammad Mokri, *Persico-Kurdica : études d'ethnomusicographie, de dialectologie, d'histoire et de religion parues dans les années 1964-1978 : mythes et mots,* (Contributions scientifiques aux études iraniennes ; 4), Louvain : Editions Peeters, 1995, (505 p).

11-محەمەد موکری، *پێرسیکا-کوردیکا. چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئیتنۆ-میوزیکۆلۆژی، دیالێکتناسی، مێژوو و ئایین. بەشدارییێکی زانستی لە لێکۆڵینەوە ئێرانییەکان دا.( ئەفسانە و وشە)*. بریتییە لەبەرگی چوارەمی سەرجەمی وتارە زانستییەکانی موکری کە بریتین کۆکراوەی (23) وتاری زانستی کە لە نێوان ساڵەکانی 1964-1978 لە گۆوارە زانستییە فرەنسییەکاندا بلاوی کردوونەتەوە و

بە تایبەتیش لە گۆواری (ژورنال ئازیەتیك) دا. لێکۆڵینەوەکان تایبەتن بە مێژوو، ئایینزا، دیالێکت، تایەفە و لێکۆڵینەوەی تایبەت بە کوردناسی.

12-Philippe Boulanger, *Le destin des Kurdes*, Ed. l'Harmattan, Coll. Comprendre le Moyen-Orient, Paris, 1998, (271 p).

12-فیلیپ بولانژێ، ***چارەنووسیی کوردەکان***. خوێندنەوەیەکی هەمە-دیسپلینە بۆ پرسی کورد و بە تایبەتی پرسی کورد لە دوای جەنگی کەنداوەوە. کتێبەکە دابەشی سەر پێشەکی، (2) بەش و (9) فەسڵ کراوە. پێشەکی (لا: 13-18). بەشی یەکەم: ئەکتەر و مەسەلەکان. فەسڵی یەکەم: پانۆرامای سیناریۆیەکی ئاڵۆز. خوێندنەوەیەکی سیاسیی بۆ واقیعی چوارپارچەیی کوردستان و بە تایبەتی ڕەوشی کوردستان لە دوای جەنگی کەنداو (لا: 21-51). فەسڵی دووەم: پەکەکە. باسی لە دایك بوون و بناغە و پێوەندییەکانی پەکەکە لەگەڵ کوردی پارچەکانی دیکە و ڕۆڵ و پێگەی ژن لە بزووتنەوەی پەکەکە و پەلوپۆهاویشتنی پەکەکە بەناو ئەورووپا و ئاخاوتنی سیاسیی پەکەکە (لا: 53-74). فەسڵی سێیەم: کێشەی کوردستان (لا: 75-92). فەسڵی چوارەم: جیۆپۆلیتیك و بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتیی (لا: 93-105). فەسڵی پێنجەم: ئابووری، گەشتیاری و میدیا (لا: 107-136). بەشی دووەم: مێژوو، کولتوور و سنوور. فەسڵی شەشەم: تورکیا حاڵەتێکی تایبەتیی. کورد لە تورکیا، کوردی عەلەوی، تورکیا و یەکێتی ئەورووپا و ئیسلامی تورکی لە باسە سەرەکیەکانیەتی (139-162). فەسڵی حەوتەم: کورد لەسەر خاکی ئەورووپا. باسی دیاسپۆرای کورد، پەرلەمانی کورد لە مەنفا، ناوەندی زانیاری کوردستان، ئەنیستیتۆی کورد لە پاریس و کەنالی تەلەفزیۆنی میدیا دەکات (لا: 163-180). فەسڵی هەشتەم: مێژوو، کولتوور و سنوور. باسی چەمکی سنوور، چەمکی ونی جوگرافیایی کوردستان، ناسنامەی کورد: ناسنامەی کولتووری و چوارچێوەی نیشتمانی، ڕیزپەری کورد و دیمۆگرافیا و پێگەی دیمۆگرافیا لە بەرزکردنەوەی پرسی کورد دەکات (لا: 211-262).دەرئەنجام (لا: 263-268). لە بەشی پاشکۆی

**کتێبەکەدا تابلۆیەکی ڕووبەری گشتیی، ژمارەی دانیشتوان، پێکهاتەی ئایینی و سەرچاوەکانی سروشتی کوردستان بەدەستەوە دەدات. ڕووبەری کوردستان بە** 425000 **کیلۆمەتری چوارگۆشە، ژمارەی دانیشتوانی بە** 38.920.000 **کەس کە ئیسلامی سوونی** %70 **، شیعە** %22 **، ئێزیدی** %4 **و مەسیحی بە** %4 **دەخەملێنێ. لە ڕووی سامانی سروشتیەوە تەواوی نەوتی تورکیا و سوریا و هەروەها** 3/4 **ی هەموو نەوتی عێراق لە کوردستان دەردەهێنرێ. بیبلیۆگرافیای تەواوکار** (لا:271).

13-Sabri Cigerli, *Les Kurdes et leur histoire*, préface de Jack Lang, Paris, Ed. l'Harmattan, Coll. (Comprendre le Moyen-Orient), 1999, (192 p).

13**-سەبری جیگەرلی،** ***کوردەکان و مێژووەکەیان.*** **ژاك لانگ وتەی بەرایی بۆ نووسیووە. کارێکی گشتیە و لە دوای وتە بەراییەکەی ژاك لانگ** (**سەرۆکی کۆمسیۆنی کاروباری هەندەران لە ئەنجومەنی نیشتیمانیی فرانسا** (لا: 11-12) **کتێبەکە بەمشێوە دابەشکراوە: پێشەکی نووسەر** (لا: 13-16). **بەشی یەکەم دابەشی سەر** (2) **فەسڵی سەرەکی کراوە. فەسڵی یەکەم: گەلێکی بێدەوڵەت و بێ نەتەوە** (لا: 17-40). **باسێکی گشتیی بنچینەی مێژووی کورد، ڕەوشی جوگراف و کۆمەڵایەتی هەرێمە کوردییەکان و ستاتووی زمانی کوردی و ئایین لە کۆمەڵگەی کوردەواری باسدەکات. فەسڵی دووەم: بنچینەکانی کێشەی کورد** (لا:41-84). **لەم فەسڵەدا باسی هۆکارە ناوەخۆیی و دەرەکییەکان دەکات لە دروستبوونی کێشەی کورد. هەرچی بەشی دووەمە ئەویش دابەشی سەر** (2) **فەسڵی جیا کراوە. فەسڵی یەکەم: کورد و دەوڵەت** (لا: 85-138). **لەم بەشەدا باسی مێژووی کورد دەکات لە دەورانی عوسمانی و دواتر دەورانی کۆماری تورکیا و دواتریش باسی پەرەئەستاندنەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد دەکات. هەرچی فەسڵی دووەمە تەرخانکراوە بۆ کورد لە وڵاتانی دیکەدا** (لا:139-172) **کە باسی پێوەندی کورد دەکات لەگەڵ ئێران، عێراق، سوریا، قەوقاز، ئەوروپا. دەرئەنجام** (لا: 173-178).

دواتر چوار پاشکۆ کراونەتە پاشبەندی کتێبەکە (لا: 179–185): 1– تۆرگۆت ئۆزال.، 2–پەکەکە.، 3–دوو نەخشەی کوردستان (کە بە هەڵە نووسراوە پاشکۆی ژمارە 4).، 4–پەیماننامە و ئیلتیزاماتانەی کە عێراق، ئێران و تورکیا مۆریان کردووە. بیبلیۆگرافیای هەڵبژاردە (لا: 187–190).

14-Bernard Dorin, *Les Kurdes: destin héroïque, destin tragique*, Paris : Lignes de repères, 2005, (106 p).

14–بێرنارد دۆرین، ***کورد: چارەنووسیی پاڵەوانانە، چارەنووسیی تراژیدیانە.*** پێشەکی ژێرار شالیان. دۆرین کۆنە بالوێزی فرانسا و دۆستی کوردە. ئەم کتێبەی بریتییە لە گفتوگۆی ڕۆژنامەنووس ژولیان نەسی[*]، ڕۆژنامەنووسی سەربەخۆی بواری نێودەوڵەتیی لە گەڵیدا سازیداوە و بابەتەکان لەسەر شێوەی پرسیار و وەڵام و بابەتگەلی جیاواز جیاواز دابەشکراون. فەسڵی یەکەم: ناسنامەی کورد و سەرچاوەکانی کوردستان (لا: 11–32).، فەسڵی دووەم: ئیمپراتۆریای عوسمانی و وەرچەرخانی ساڵانی بیستەکان (لا: 33–40).، فەسڵی سێیەم: کورد لە ئێران و سوریا (لا: 41–48).، فەسڵی چوارەم: کورد لە عێراقدا (لا: 49–66).، فەسڵی پێنجەم: کورد لە تورکیا (لا: 67–76).، فەسڵی پێنجەم: تورکیا، یەکێتی ئەورووپا و پرسی کورد (لا: 77–86).، فەسڵی شەشەم: بەرچاوخستنێکی نوێی هاوپەیمانێتی (لا: 87–98). پەراوێزەکان (لا: 99–102).، کرۆنۆلۆژیا (103–104).، بیبلیۆگرافیا (لا: 105–106). هەروەها ئەم کتێبە نەخشەیەکی کوردستانیشی لەگەڵە کە، شوێنی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دیاری دەکات، لەگەڵ نەخشەی دیاسپۆرای کورد و دووبارە داگیرکردنەوەی کوردستان لە لایەن تورکیا لە پەیماننامەی سێڤەرەوە بۆ پەیماننامەی لۆزان.

---

[*] Julien Nessi

15-Olivier Aymar, *Le livre de l'histoire kurde : des origines à l'an 2000*, Paris : O. Aymar, 2007, (207 p).

15–ئۆلیڤیێ ئایمار، *کتێبی مێژووی کورد لە بنچینەوە تاوەکوو ساڵی 2000*. کتێبێکی گشتییە دەربارەی مێژووی کورد و کوردستان و دابەشی سەر سێ بەش و (10) فەسڵ کراوە. بەشی یەکەم: لە بنچینەوە تاوەکوو سەدەی نۆزدەهەم (لا: 5–7). فەسڵی یەکەم: پەرەئەستاندنی مێژوویی. باسی گفتوگۆیەکانی بنچینەی کورد، دروستبوونی میرنشینە کوردییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست (مەروانی، ئەیوبی) و دەورانی داگیرکردن هێرشی بنەماڵە تورکمانەکان دەکات بۆ سەر ئاسیای ناوەڕاست (لا: 9–17). فەسڵی دووەم: کورد لەژێر دەورانی عوسمانی دا. باسی دانپیانانی عوسمانی بە میرنشینە کوردەکان و گەشەسەندنی ئەدەبی کوردی دەکات (19–27). فەسڵی سێیەم: کۆتایی میرنشینەکان باسی سەرەتای دارمانی پێوەندییەکانی کورد و عوسمانی و ڕۆڵی شێخ و مەلایەکان دەکات لە کۆمەڵگەی کوردەواری دا (لا: 29–38). فەسڵی چوارەم: کورد لە دەورانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم دا. باسی سیاسەتی پان–ئیسلامیزمی سوڵتان عەبدولحەمید و ملکەچبوونی کورد و سوارەی حەمیدییە و پێوەندییەکانی کورد و ئەرمەن باسدەکات (لا: 39–50). بەشی دووەم: لە ساڵی 1900 تا 1940. فەسڵی پێنجەم: سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کورد. باسی کورد لە دەورانی گەنجە–تورکەکان، دەورانی ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی و ساڵانی دوای جەنگ لە باسە سەرەکیەکانیەتی (لا: 63–70). فەسڵی شەشەم: سەردەمی وەهمگەرایی. موستەفا کەمال و کورد، پەیمانامەی لۆزان و ئەنجامەکانی بۆ سەر کورد و شۆڕشەکانی کورد لەو سەروبەندەدا (لا: 71–92). بەشی سێیەم: لە 1940 تا 1980. فەسڵی حەوتەم: کورد لە عێراق دا. لەم فەسڵەدا باسی بارزانییەکان، کورد لە دەورانی عەبدولکەریم قاسم (تەمموزی 1958–نیسانی 1963)، جەنگەکانی کۆلۆنێل عەبدولسەلام عارف دژ بە کورد، ئاگربەسی 10 ی شوباتی 1964 و تەنگژەی ناو بزووتنەوەی کورد، عەبدولڕەحمان عارف و کێشەی کورد (نیسانی 1966–تەمموزی 1968) و بەعسییەکان و کێشەی کورد باسدەکات

(لا: 95–138). فەسڵی هەشتەم: کورد لە ئێران دا (لا: 139–150). فەسڵی نۆیەم: کورد لە تورکیا دا. باسی بزووتنەوەی خوێنکاران و ڕەوشی کوردستان لە دوای دەستووری 1961ی تورکیا باسدەکات (لا: 151–163). فەسڵی دەیەم: کورد لە سوریا دا (لا: 151–163). لە بریتی دەرئەنجام (لا: 169–177). پەراوێزەکان (لا: 179–199). بیبلیۆگرافیا (201–204).

16-Hmait Bozarslan, *Conflit kurde, brasier oublié du Moyan-Orient*, Paris, Ed.Autrement, 2009, (172 p).

16–حەمید بۆزئەرسلان، *کێشەی کورد: پشکۆی فەرامۆشکراوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست*. سۆسیۆلۆگ و مێژوونووسی کورد پرۆفیسۆر حەمید لەم کتێبەدا هەم خوێندنەوەیەکی سۆسیۆلۆژی نوێ و هەم سەنتێزێکی تازە بۆ کێشەی کورد لەناو گێژەنی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدەستەوە دەدات. کتێبەکە بەمشێوەیە دابەشکراوە. پێشەکی (لا: 1–16). دواتر کتێبەکە دابەشی سەر (5) فەسڵی جیاواز کراوە. فەسڵی یەکەم: ڕوانینێك بۆ سەر پرسی ئەمڕۆی کورد 2008–2009. لەم فەسڵەدا نووسەر سەرەتا باسی ئەو گۆڕینکارییە نوێیانە دەکات کە بەسەر پرسی کورد داهاتوون و چۆن فەزای پرسەکە دووبارە چالاك بۆتەوە و پانتایی شارنشینی لەگەڵ خۆیدا گرتۆتەوە (لا: 17–24). فەسڵی دووەم: لە ئیمپراتۆریاکانەوە بۆ دەوڵەتە ناجێگیرەکان. لەم فەسڵە گەڕاوتەوە سەر مێژوی کورد لەسەدەکانی ناوەڕاستەوە تاوەکوو سەدەی نۆزدەهەم و باسی شۆڕشە کوردییەکان، سوارەی حەمیدییە و سیاسەتی سوڵتان عەبدولحەمید و ساڵانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و شۆڕشەکانی 1925، 1930، 1936–38 و کۆماری مەهاباد دەکات (لا: 25–47). فەسڵی سێیەم: ڕادیکالیزم، شۆڕش و سەرکوتکردنەوەکان لە فەزای کوردی دا 1958–2003. لەم فەسڵە بەشێنەیی باسی شۆڕشی ئەیلوول، بووژاندنەوەی هەستی نەتەوەیی لە تورکیا لە کۆتایی ساڵانی پەنجایەکان، هەرەسی 1975، شەڕی پارتیزانی دوای 1975، پەکەکە و ڕادیکالیزمی کورد لە تورکیا 1979–1991، بازنەیەکی نوێ ی مێژوویی، کوردستان لە شۆڕشی ئیسلامی و

جەنگی عێراق–ئێران، بیست و نۆیەم شۆڕشی کورد (خەباتی گەریلایی پەکەکە)، لە دایکبوونی ناوچەیەکی سەربەخۆ و شەڕی براکوژی. دواتر باسی کوردەکانی ئێران لە دەورانی خاتەمی و خەباتی پەکەکە دەکات لە سالآنی نەوەدەکان دا (لا: 48–84).
فەسڵی چوارەم: نادیارییەکانی سەدەی بیست و یەکەم. باسی دووبارە بە کوردستانیکردنەوە و بە عێراقیکردنەوە، حەقیقەت و سنووری حکومەتی دوو حیزبیی کورد، پرسی کەرکوک و ئاسایش، دووەمین قۆناغی جەنگی گەریلایی لە تورکیا، ئەنجامەکانی جەنگی نوێ گەریلایی، کوردەکانی ئێران لە دەورانی ئەحمەدی نەژاد، قامیشلۆ 2004 لە باسە سەرەکیەکانیەتی (لا: 85–113). فەسڵی پێنجەم: سیستمی دەوڵەتی، سیستمی ناوچەیی و کێشەی کورد. باسی زەبروزەنگ و فرەچەشنەیی بوونی فەزای کورد و تەنگژەکانی ناسیۆنالیزمی کورد باسدەکات (لا: 114–131). دەرئەنجام (132–136). هەورەها لە بەشی پاشکۆیەکانیش دا. کرۆنۆلۆژیا (لا: 131–157)، بیبلیۆگرافیای هەڵبژاردە (لا: 158–161). دواجاریش زاراوە و چەمکەکان کە تێیدا ناوی ڕێکخراوەکان و کورتەیەکی ژیاننامەی کەسایەتییە دیارەکان دەخاتە ڕوو (لا: 162–169).

## 2.1 : بەڵگەنامە و میتۆدۆلۆژی

17-« Documents pour servir à l'histoire du mouvement national du peuple Kurde en Irak ». in : *Orient* 32/33 (1964-5), p. 353-402.

17–"بەڵگەنامە بۆ سوودی مێژووی بزووتنەوەی نەتەوایەتی گەلی کورد لە عێراق". بریتییە لە کۆمەڵێکی زۆر بەڵگەنامەی مێژوویی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بە تایبەتی شۆڕشی ئەیلوول لەوانە: 1–ڕاگەیاندنی ئاگربەسی (10 ی شوباتی 1964).، 2–نامەی موستەفا بارزانی (10 ی شوباتی 1964).، 3– یەکەمین لێکترازانی پارتی و بارزانی لەبارەی جێبەجێکردنی ڕێکەوتنامەی 10 ی شوباتی

1964. جگە لەوە کۆمەڵێکی زۆر نامەی گرینگی بارزانی و بەڵگەنامەی پارتی تێدایە کە نرخێکی تایبەتی مێژووییان هەیە و هەر هەمووشیان تایبەتی ساڵی 1964-ن.

18-Ismet Chériff Vanly, « Problèmes méthodologiques relatifs à l'Histoire du Kurdistan », In: *Lêkolîn*, Berlin : Înstîtûta Kurdî, n° (4).1997, p. 13–28.

19-Martin Tamcke, « Les documents d'archives de la mission allemande au Kurdistan : considérés comme sources d'informations sur l'histoire du Kurdistan », In: *Études kurdes*, Paris, L'Harmattan, N° 5, 2003, p, 25–51.

19-مارتن تامکا،"بەڵگەنامەکانی ئەرشیڤی مسیۆنی ئەڵمانی لە کوردستان وەك سەرچاوەیەکی زانیاری دەربارەی مێژووی کوردستان". باسی مسیۆنی هێرمانسبۆرگی ئەڵمانی جیهانیی دەکات. باسەکە بۆ سەر سێ بەش دابەشکراوە. یەکەم: مسیۆنی باشیمۆن (1878–1921). بەڵگەنامەکانی کۆمەڵەی کۆمسیۆنی ئەڵمانی کە ویستوویانە چالاکی خۆیان لە مەهاباد (ساوج-بولاق ی جاران) بگێڕن بۆ بەمەسیحیکردنی کوردەکان. بەڵگەنامەکان هێشتا بە تەواوی نەخرانەتە ڕوو. کۆمەڵەی مسیۆنی لۆتەریان لە ئێران* کە لە 7 ی کانوونی دووەم 1913 بە ئامانجی مسیۆنێك لەناو کوردەکان دامەزرا. جۆرج باشیمۆن لە 5 ی تەمموزی 1914 دەگاتە ئەستەموولْ و بەهۆی جەنگ ناتوانێ سەفەری کوردستان بکات و تاوەکو ساڵی 1920 ئەستەموولْ بەجێدەهێلێ و دەچێتە یەریڤان و لەوێشەوە ساڵی 1921 دەگاتە ساوج-بولاق و لەوێ فێری زمانی کوردی دەبێ. دواتر لە گێژەنی ڕووداوەکانی 1921–1922 سەری تێدا دەچێ و دەکوژرێ. ڕاپۆرتەکانی ئەم مسیۆنە زۆر زانیاری پڕبەهایان لەبارەی ڕەوشی کوردستانی ئێران لەو ساڵانەدا بەخۆوە گرتووە. بەشی دووەمی وتارەکە باسی هاتنی بێگانەیەك دەکات لە ئێرانەوە بۆ ئەڵمانیا: کردەی

* *Verein für Lutherische Mission in Persien*

میرزا عەزیز مەجید کە یەکێك بووە لەوانەی لە ساڵی 1927 لەگەڵ دکتۆر Schalk نێردراوە بۆ ئەڵمانیا. میرزا مەجید ئینجیلی تەرجەمەی کوردی (موکری) کردووە و دواتر لەگەڵ دکتۆر Schalk دەچێتە ئەڵمانیا بۆ سەرپەرشتیکردنی چاپی کوردیی ئینجیل لە هێرمانسبۆرگ.

## 3.1 : کورد لە ئینسکلۆپیدیایەکان دا

20- Basile Nikitine, « La question kurde », In : *Dictionnaire diplomatique.* Académie diplomatique international, Paris, 1935, p. 1200-1204.

20-بازیل نیکیتین، "پرسی کورد". ئەم وتارەی نیکیتین بریتییە لە چاوپێداخشانێکی خێرا بە سەرەتا و قۆناغەکانی پرسی کورد و وەك لە بەرایی وتارەکەیدا باسی دەکات ئەوە تەنها لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیی بوو کە پرسی کورد بایەخێکی نێودەوڵەتیی پەیدا کرد. دواتر باسی قۆناغی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و ڕێکخراوە کوردییەکان دەکات و پاشان باسی خاڵەکانی تایبەت بە کوردستان دەکات لە پەیماننامەی سێڤەر و پاشان پەیماننامەی لۆزان و دواتر یەکلایکردنەوەی کێشەی مووسڵ و ڕەوشی کوردستان لە پارچەکانی کوردستان باسدەکات.

21- Basile Nikitine, « Badrkhani », *In Encyclopédie de l'Islam,* ( Nouvelle édition), Tome I, A-B, 1960, Ed. E.j. Brill, p. 895.

21-بازیل نیکیتین، "بەدرخانی". باسێکی ژیاننامەی هەردوو کوڕانی ئەمین عالی بەدرخان: سورەیا بەدرخان (1883–1938) و جەلادەت بەدرخان (1893–1951) دەکات و باسی ژیان و چالاکی سیاسیی و کولتووری یان دەکات.

22-Ch. Bromberges, "Kurdes : le renouveau du mouvement nationaliste", in: *Encyclopaedia Universalis*, Paris, 1980, p. 294-297.

22-ش.برۆمبێرگ، "کورد: نوێبوونەوەی بزووتنەوەی نەتەوایەتی". باسێکی کورتی مێژووی کوردستانە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و باسی شۆڕشەکانی 1925، 1927-1931، 1937، 1943-1945 و 1961-1975 و بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد دەکات لە دوای هەرەسی ساڵی 1975 و بە ڕوویێکی تایبەتی باسی دروستبوونی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە ساڵی 1975 دەکات. دواتر باسی شۆڕشی ئیسلامی ئێران 1979 و بەشداریکردنی کورد لە ڕوخانی (شا) و شەڕی خومەینی و کورد و پاشان هەڵوێستی دەسەڵاتکارانی ئیسلامی بەرامبەر بزووتنەوەی کورد دەخاتەڕوو. وتارەکە نەخشەیەکی کوردستانی گەورە و چەند وێنەیەکی مێژوویی لەگەڵ دایە لا: 294-297.

23-Th.Bois., V. Minorsky & D.N. MacKenzie, " Kurdes et Kurdistan", in: *Encyclopédie de l'Islan* (NE), Tom V, Leiden & Paris, 1986, p. 441-489.

23- تۆما بوا.، ڤ. مینۆرسکی و د.ی. مەکەنزی، " کورد و کوردستان". بریتییە لە باسێکی گشتی و ئینسیکلۆپیدیایی دەربارەی کورد و کوردستان و کاری هاوبەشی سێ کوردناسی گەورەی وەك (تۆمابوا، مینۆرسکی و مەکەنزی)یە. بەشی یەکەمی وتارەکە باسێکی گشتییە دەربارەی وڵاتی کوردەواری، خاك و جوگرافیای دانیشتوانی خەڵکی کوردستان و ڕووە ئانترۆپۆلۆژییەکەی کۆمەڵگەی کوردەواری باسدەکات کە تۆمابوا نووسیوویەتی (لا: 441-450). دواتر بەشی مێژوو باسی مێژووی کورد دەکات لە دوو هەزارەی پێش زایینەوە تاوەکوو ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی، مینۆرسکی نووسیوویە (لا: 450-467). دواتر بەشی دواتری مێژووی کورد لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە تاوەکوو دەستپێکی

حەفتایەکانی سەدەی بیستەم، تۆما بوا نووسیوویەتی (لا: 467–472). بەشی چوارەم تەرخانکراوە بۆ باسی کۆمەڵگەی کوردەواری و بنچینە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگەی کورد دەکات و تێیدا باسی خێزان، هۆزی کورد، سەرۆکهۆزی کورد و سترەکتووری کۆمەڵگەی کوردەواری دەکات کە تۆما بوا نووسیوویەتی (لا: 472–482). بەشی پێنجەمی باسە کە تەرخانکراوە بۆ زمانی کوردی، مەکەنزی نووسیوویە (لا: 482–483). دوایین بەشی باسەکە تایبەتە بە فۆلکۆر و ئەدەبیات و چاپەمەنی کوردی و تۆمابوا نووسیوویە (لا: 483–489).

24-V. Minorsky, Articles in E.I.: fasc. C :(1925-1927), 1 - *Sarpul-i Zohâb* (pp. 180-1), 2-*Sâwdj-bulak* (pp. 194-9), 3-*Senna* (pp. 233-7), 4-*Shabak* (pp. 247-8), 5-*Shakâk* (p.300), 6-*Shakâkî* (p. 300), *Sakkiz*, p. 85. 2 - *Salmâs* (p. 121-2); fasc. F: 1-*Shehrizûr* (p. 356-8); fasc. G: 1 *Kurdes* (p. 1196-1219), 2-*Kurdistan* (p. 1220-2); fasc. H: 1- *Sindjâbi* (p. 454), fasc. I : 1-*Somâi* p. 503-4.

24–ڤ. مینۆرسکی، وتارەکانی: *سەرپێڵی زەهاو، ساوج–بولاق، سنە، شەبەك، شکاك، شەقاقی، سەقز، سەڵماس، شارەزوور، کورد، کوردستان، سەنجابی، سۆما*. بریتیین لەو وتارانەی کە لە چاپی یەکەمی ئینسیکلۆپیای ئیسلام 1925–1927 بڵاوکراونەتەوە. ئەم وتارانە لە ڕووی مێژووییەوە گرینگیەکی تایبەتیی یان هەیە.

25-Hmait Bozarslan, "Kurdes", in T. de Montbrial & P. Jacquet, *Ramses 2000. L'entrée dans le XXIème siècle*, Paris, Dunod, 1999, p. 350-351.

25–حەمید بۆز ئەرسلان، "کورد". باسێکی کورتی ئینسکلۆپیدیاییە دەربارەی کورد بۆ خوێنەری بێگانە.

26-Hamit Bozarslan,"Question kurde », In : *Dictionnaire historique et géopolitique du 20ème siècle,* Paris, La Découverte, 2000, p. 559-562.

26-**حەمید بۆزئەرسلان، "پرسی کورد". باسێکی کورتی ئینسکلۆپیدیاییە دەربارەی و باسی دانیشتوان، دیالێکت و دابەشبوونی سیاسیی کوردستان دەکات لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و قۆناغەکانی شۆرشی کورد، پەیماننامەی سێڤەر و لۆزان، ڕەوشی کورد لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی تا وەکو کۆتایی سەدەی بیستەم باسدەکات.**

27-Hamit Bozarslan, "Kurdes: Autonomie en Irak, radicalisation en Turquie", in: *Universalia* 2000, Encyclopaedia Universalis, Paris, 2000. p. 206-209

28-Christian More, Thomas Bois, Eric Rouleau, Hamit Bozarslan, "Kurdes", in: *Encyclopaedia Universakis,* T 13, 2002, p. 215-226.

28- **کریستیان مۆر، تۆما بوا، ئێریك ڕۆلۆ، حەمید بۆزئەرسلان. "کورد" خوێندنەوەیەکی ئینسیکلۆپیدیاییە بۆ پرسی کورد بە تایبەت لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیی و زیاتریش پێ لەسەر بزووتنەوەی کورد دا گیراوە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی و لەم بەستێنەشدا کۆماری مەهاباد و بزووتنەوەی مەلا موستەفای بارزانی لە باسە سەرەکیەکانی باسەکەیە. دوای ئەوە باسی پەیماننامەی جەزایر و بە ڕووێکی تایبەتیش گرینگی بە باسکردنی پرسی کورد دراوە دوای جەنگی کەنداو و دوا بەشیش تایبەتە بە زمان و ئەدەبی کوردی.**

29- Philip G. Kreyenbroek, "Yazidî". In *Encyclopédie de l'Islam*, Nouvelle édition, Tom XI, Livraison 185-186, Leiden, Brill, 2004, p. 339-342.

29-فیلیپ.گ. کرینبروك، "ئێزیدی". باسێکی کورتی ئینسکلۆپیدیاییە دەربارەی ئێزیدییەکان، باوەڕ، ئایین، سترەکتووری ئایینی و کۆمەڵایەتی لە باسە سەرەکیەکانیەتی. بڕوانە بەشی ئێزیدیناسی ژمارەکانی: 490 تاوەکو 542.

## 4.1: ئارشیتۆکتۆر، دەورانی پێش مێژوو و مێژووی کۆن

30-Jules Oppert, *Le peuple et la langue des Mèdes,* Paris, Ed.Maisonneuve, 1879, (XI-296 p).

30-ژوول ئۆپێر، *گەل و زمانی ماددەکان*. نووسەری ئەمکارە ژوول ئۆپێر (1825-1905)، یەکێك لە ئاشووریناسە گەورەکانی نیووەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمی ئەورووپا بوو. مامۆستای کۆلێژ دو فرانس و سەرۆکی ئەکادیمیای فرەنسی بوو و بەشێوەیەکی تایبەتی پسپۆری بواری زمانی بزماری بوو. کۆمەڵێکی یەکجار زۆر کاری نایابی لەبارەی ئاشوریناسی هەیە و ئەم کتێبەی کە لەبارەی زمانی ماددەکانەوە نوسیووە ساڵی 1879 لە پاریس بڵاوکراوەتەوە و یەکێکە لەو کتێبە دەگمەنانەی کە لەسەر زمانی مادەکان نووسراوە. کتێبەکە بەمشێوەیە دابەشکراوە. فەسڵی یەکەم: پێشەکی. بریتییە لە باسێکی کورتی یەکەمین ئەوکارانەی لەبارەی زمانی مادی یەوە کراون و باسێکی ئیمپراتۆریای مادد دەکات (لا: 1-28). فەسڵی دووەم: زمانی مادی. لەم بەشەدا باسی ڕێزمانی زمانی ماددی دەکات (جێناو، ژمارەکان، کردار، گەردانکردنی کردار و شێوەکانی کردار ) و لە ڕووی زمانەوە بە درێژی چۆتە ناوباسەکە، (لا: 29-108). فەسڵی سێیەم:هەڵکۆڵینەکان و زمانی ماددی (لا: 110-232). دواجاریش فەرهەنگۆکی وشە مادییەکان (234-290).

31-R. Duval, « Mésopotamie et Kurdistan ». In : *Œuvre des écoles d'orient*, 1893, p. 50-9.

32-Georges Roux, *La Mésopotamie: essai d'histoire politique, économique et culturelle*; préface de Jean, Coll. L'Univers historique, Ed. Seuil, Paris, 1985, (473 p).

**32–جۆرج ڕۆ، *میزۆپۆتامیا: کورتە باسێکی مێژووی سیاسیی، ئابووری و کولتووری.* جۆرج ڕۆ (1914–...) یەکێکە لە پسپۆرەکانی بواری شارەستانیەتی کۆن و جگە لەو کتێبە خاوەنی کتێبێکی دیکەشە لەسەر مێژووی عێراقی کۆن. ئەم کتێبە تەرخانکراوە بۆ باسی یەکێك لە چوار شارەستانیەتە گەورەکانی پێش مەسیحایەتی کە ئەویش شارەستانیەتی میزۆپۆتامیایە. لەم کتێبە باسی شوێنەوار،خوداوەندەکانی ئور، دەورانی ئەکەدی، بوژاندنەوەی سۆمەرییەکان دەکات و لە زۆر جێگەش دا باسی مێژووی کۆنی کوردستان دەکات بە تایبەتی ئەشکەوت و شوێنەوارە کەونارایەکانی کوردستان و مێژووی وڵاتی ئێمەش لەم کتێبە زۆر چمکی شاراوەی تێدا ڕوونکراوەتەوە.**

33-André Godard, *Bronzes du Luristan* : collection E. Graeffe, La Haye : Editions L. J. C. Boucher, 1940, (56 p).

**33–ی. و.ئا. گودارد، *برۆنزەکانی لورستان.* بریتییە لە 33 تابلۆی برۆنزی ناوچەی لوڕستان کە هەریەکەیان مێژووی پارچەکانیان بەسەرەوەیە و کۆنترینیان دەگەڕێتەوە بۆ 2400–2000 ساڵ پێش زایین .**

34-Albert Gabriel, *Voyages archéologiques dans la Turquie orientale*; avec un recueil d'inscriptions arabes par Jean Sauvaget, Paris : E. de Boccard, 1940, 2 v.

35-Tewfik Wahby, « Les sculptures rupestres de Gunduc près d'Akra , Kurdistan du sud-est», in : *Bulletin mensuel du centre d'études kurdes* n°7, Paris, 1949, p.1-13.

35-تۆفیق وەهبی، "مەنحووتەی بەردینی گوندۆك نزیك ئاکریٚ"پاییزی ساڵی 1947، بەرێوەبەرایەتی گشتیی بەشی شوێنەراناسیی عێراق بڕیاری دا هەڵمەتێك بۆ بەدواداگەڕان و تۆمارکردنی وێنەگرتنی شوێنەوارە گرینگانەی کە لە کوردستانی عێراق دا بگریٚ. لەناو ئەمانە دوو گروپی پەیکەرسازیی لە نزیك ئاوایی "گوندۆك" لە ناوچەی ئاکریٚ بەر ئەم هەڵمەتە کەوتن. لەناو ئەشکەوتی گوندۆك دا دوو گروپی بەرد هەن کە یەکەمیان کەوتۆتە دیواری چەپ و دووەمیشیان کەوتۆتە سەر هەمان دیوار، حەوت مەتر لە سەرووی دەستە ڕاستی ئەوەی یەکەم. سێر لایارد ساڵی 1850 سەردانی ئەم شوێنەی کردووە و دواتر وەسفێکی دورودرێژی ئەشکەوتەکە دەکات.

36-André Godard*, Le trésor de Ziwiyè (Kurdistan),* Haarlem :Joh. Enschedé en Zonen,, (Publications du Service Archéologique de l'Iran), Pays-Bas, 1950. (136 p).

36-ئەندریٚ گودارد، *گەنجینەکانی زێوە (کوردستان)*. لە بڵاوکراوەکانی سێرڤیسی ئارکیۆلۆژی ئێرانە. بریتیە لە سەرجەمی ئەو شوێنەوارە مێژووییانەی کە ساڵی 1947 لە ناوچەی زێوەی کوردستانی ئێران دۆزراونەتەوە و وێنە سەرجەمی کەلوپەلە دۆزراوەکانی تێدایە کە مێژووییان دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هەزار ساڵ پێش زایین.

37- J. Chassagnoux, « Atesh-kadeh dans un village kurde près de Robat-Qarehbil », In : *Studia Iranica* (1975) vol. 4, 1 p. 261-265.

37-ژ.شاسانۆ، "ئاتەشکەدە لە گوندێکی کوردی نزیک ڕەبات-قەرەهبیل". نووسەری ئەم وتارە لە چوارچێوەی پڕۆژەیەکی هاریکاری تەکنیکی نێوان فرانسا و ئێران لە نۆڤەمبەری 1972 تا ئاداری 1974 بۆ دروستکردنی پرۆژەی بەخدەه بەشداریکردووە. بەخدەه کەوتۆتە سەر سنووری خوراسان (مەشهەد) و ئەستراباد (گورگان) لە 150 کیلۆمەتری ڕۆژئاوای بوژنوردە. لەم وتارەیدا نووسەر باسێکی ئاواییەکی کوردی دەکات کە چل کیلۆمەترێک لە بەخدەه دوورە و پاشماوەی ئاتەشکەدەیەکی تێدا ماوە. نووسەر وەسفێکی پەرستگەکە و نەخشەی پەرستگەکە و ناوچەکەشی بلاوکردۆتەوە.

38-Nermin Mohamad Amen, *Les monuments anciens et médiévaux du Kurdistan d'Irak entre 4ème et 15 ème siècles d'après les voyageurs,* Mémoire de D.E.A sous la dir. De G. Tate. Université de Versailles, 1997, (115 p).

38-نەرمین محەمەد ئەمین، *شوێنەوارەکانی دەورانی کۆن و ناوەڕاست لە کوردستانی عێراق لە نێوان سەدەکانی چوارەم و پانزەهەم بە گوێرەی گەڕۆکەکان.* بریتییە لە نامەی D.E.A (سالّی پێنجەمی زانکۆ) کە سالّی 1997 پێشکەش بە زانکۆی Université de Versailles کراوە. نامەکە بریتییە لە پێشەکی و (3) فەسلْ. پێشەکی (لا: 1-2) تێیدا باسی هەلْبژاردنی باسەکە و ئەو گەڕۆکانە دەکات کە لە ماوەی مێژوویی نامەکەدا باسی شوێنەوارەکانی کوردستان دەکەن (لا: 1-2). فەسلّی یەکەم: بەرچاوخستنێکی جوگرافی و مێژوویی کوردستان. باسێکی کورتی جوگرافیا و مێژووی کوردستانە و پاشان باسێکی کورد لە ڕوانگەی گەڕۆک موسلْمان و ئەوروپاییەکان لە سەدەکانی 13 و 19 دا بەدەستەوە دەدات (لا: 4-20). فەسلّی دووەم: شارە کوردییەکان و شوێنەوارەکانیان. لەم فەسلّە باسی شار و شوێنەوارە مێژووییەکانی: ئەربیل، کەرکووک، مووسلْ، داقووق، ئامێدی، شەنگال، کفری، لالش، پردی دەلال (زاخۆ)، دهۆک، سلێمانی و عەنکاوە دەکات (لا: 21-79). فەسلّی سێیەم: کلێسە و دێرەکان. باسی هەموو دێرە و کلێسە مەسیحییەکانی

کوردستانی عێراق دەکات (لا: 80-104). دەرئەنجام (105-106). بیبلیۆگرافیا (107-115). دواتریش چەند نەخشەیەکی کوردستان و ژمارەیەکی زۆر وێنەی شوێنەوارە مێژووییەکانی کوردستانی لەگەڵ دایە.

39-Narmen Ali Muhamad Amen, *Les églises et monastères du "Kurdistan irakien" à la veille et au lendemain de l'Islam,* sous la dir. de Georges Tate et la codirection de Monsieur Jean-Michel Thierry, Thèse de doctorat : Histoire : Versailles-St Quentin en Yvelines : 2001, 2 vol. (394, 14, 371 f.)

39- نەرمین عەلی محەمەد ئەمین، *کلێسە و دێرەکانی "کوردستانی عێراق" لە سەروبەند و لە دوای ئیسلام دا*. کارنامەی دوکتۆرایە و لە ئایاری 2001 پێشکەش بە زانکۆی Versailles-St Quentin en Yvelines کراوە. بریتییە لە دوو بەرگ (ب1: 394 لاپەڕە) و (ب 2: 371 لاپەرە). کارنامەکە بریتییە لە پێشەکی و پێنج فەسڵ. لە پێشەکیەکەدا باسی سەرچاوە (عەرەبی، ئاسووری، یۆنانی، لاتینی، کوردی، ئێرانی و ئەرمەنییەکان کراوە. فەسڵی یەکەم: بەرچاوخستنێکی جوگرافی و مێژوویی پێوەند بە کوردستان (لا: 23-49). لەم فەسڵەدا باسێکی کورتی جوگرافیا و مێژووی کوردستان و ئەو سەفەرنامە و گەڕۆکانە کراوە کە باسی کوردستانیان کردووە. فەسڵی دووەم: مەسیحایەتی کوردستان (لا: 50-103). باسێکی مەسیحایەتییە لە دەورانی ساسانییەکان و هەروەها باسی کلێسە و دێرەی مەسیحییەکان دەکات لە کۆتایی سەدەی چوارەم و سەدەی حەوتەم دا. پاشان باسی کورد و ئیسلام و داگیکردنەکانی عەرەب و کلێسای مەسیحییەکان دەکات لە کوردستان دا و هەروەها باسی ئایین، جل و بەرگ و پێوەندی مەسیحییەکان دەکات. فەسڵی سێیەم: کلێسە و دێرەکانی باکور-ڕۆژهەڵاتی کوردستانی عێراق (لا: 104-285). ئەم فەسڵە کە بەشی سەرەکی تێزەکەیە باسی هەموو دێرە و کلێسەکانی کوردستانی عێراق دەکات. فەسڵی چوارەم: کلێسە و دێرەکانی تورعابدین (لا:

286–347). ئەم فەسڵە تەرخانی کڵێسە مەسیحییەکانی ناوچەی تورعابدین کراوە. فەسڵی پێنجەم: شیکردنەوە و تیپۆلۆژی کڵێسە و دێرەکانی هەردوو ناوچەکە، باکووری –ڕۆژهەڵاتی کوردستانی عێراق و تورعابدین (لا:348–369)، بیبلیۆگرافیا (لا: 372–382). هەرچی بەرگی دووەمە سەرلەبەری بریتییە لە وێنەی دێرە و کڵێسەکانی باسەکە.

## 5.1: سەدەکانی ناوەڕاست

40-Wolkow, « Notice sur l'ouvrage persan intitulé; Scheref-Name, accompagnée de quelques renseignements sur son auteur ». in : *Journal Asiatique.*, T . 8, 1826, p. 291-297.

40–ۆلکۆف، "چەند سەرنجێك دەربارەی نووسراوێکی فارسی بەناوی شەرەفنامە، هاوڕێ لەگەڵ چەند زانیارییێك دەربارەی نووسەرەکەی". برتییە لە وتارێکی کورت دەربارەی ژیاننامەی شەرەفخان و دواتریش پێشکەشکردنی ناوەڕۆك و بەشەکانی دەسنووسی کتێبی شەرەفنامە. وەك ئەوەی نووسەر وتارەکەی لە شوباتی 1826 لە سان پێترەسبوورگ نووسیووە باسی ئەوە دەکات کە ژمارەیەك دەسنووسی ئەم کتێبە لە مۆزەخانەی ئاسیەوی ئەکادیمیای زانستەکانی سان پێترەسبوورگ و هەروەها لە کتێبخانەی پاشا پارێزراون. گرینگی ئەم وتارە بە پلەی یەکەم لە کۆنی سەرچاوەکەدایە و بە هەموو بارێك یەکەم وتارە بە زمانی فەرەنسی لەبارەی کتێبی شەرفنامە.

41- Chèref-ouddine Bidlisî, *Scheref-nameh, ou, Histoire des Kourdes*, publiée pour la première fois, traduite et annotée par V. Véliaminof-Zernof. Texte persan, St.-Pétersbourg,Vol I, 1860, (XXIII+459p) & Vol II, 1862.

41–شەرەفەددینی بدلیسی، *شەرەفنامە یان مێژووی کورد*. ئەم کتێبە بریتییە لە مێژووی کورد هەر لە ڕۆژگاری زۆر کۆنەوە تا وەکوو ساڵی 1005ی کۆچی و مێژووی هۆز و بنەماڵەکانی هەموو کوردستان دەگێڕێتەوە. شەرەفخان نووسەری ئەم کرۆنیکە کوڕی میر شەمسەدینی میری بدلیس (سەر بە هۆزی ڕۆژەکیی) بووە و لە ساڵی 543 ی کۆچی (1543ی زاییِنی) لە قوم لە دایك بووە و ساڵی 1575 کراوە بە میری میرانی کورد و بەرپەرسی کاروباری هۆزە کوردییەکان. لە ساڵی 1579 بەولاوە لە هەموو شەڕەکانی عوسمانی –فارسی بەشداری کردووە. سوڵتانی عوسمانی بۆ ڕێزگرتن لە خزمەتەکانی بۆ ئیمپراتۆریای عوسمانی حاکمیەتی مووشی لە ویلایەتی بدلیس پێدەبەخشێ. شەرەفەددین هەم پیاوی دەربار و شمشێر و هەم پیاوی قەڵەمیش بووە، بەرگی یەکەمی شەرەفنامە لە 3 ی ئابی 1597 تەواو کراوە و بەرگی دووەمی کە خاتیمەیە و تایبەتە بە کرۆنۆلۆژیای مێژووی سوڵتانەکانی عوسمانی و پادشایەکانی ئێران لە ئایاری 1599 تەواو بووە. ڕۆژهەڵاتناسی گەورەی ڕووس ڤلیامینۆڤ زێرنۆڤ[1] ئەندامی ئەکادیمیای شاهانەی زانستیی ڕووسیا کە بۆ یەکەمین جاری چاپی هەردوو بەرگی شەرەفنامەی ئامادە کردووە چوار دەسنووسی شەرەفنامەی لەبەردەست دابووە و لەسەر چوار نووسخەکە نوسخەیەکی تەواوکراوی ئامادەکردووە و کەم و کوڕی نوسخەکانی لەبەر نوسخەی دیکە تەواو کردوون و لەهەر جێگەیەکیش دوو دڵ بووبێ نیشانەی (؟) لە بەردەم وشەکان داناوە. ئەمڕۆ ئەم چاپەی زێرنۆڤ بە یەکێك لە چاپە هەرە سەرکەوتوو و زانستییەکانی شەرەفنامە دادەنرێ.

42-Chèref-ouddine Bidlisî, *Chèref-nameh ou fastes de la nation kourde*, par Chèref-ouddine, Prince de Bidlis, dans l'Iialèt d'Arzeroume, traduits du persan et commentés par François Bernard Charmoy, St Petersburg : Commissionnaires de l'Académie Impériale des Sciences,

[1] Vladimir Vladimirovich Velminov-Zernov (1830-1904).

1868-1875, 2 v (in 4) -  Tom I/I, 1868 (825p); Tom I/II, 1870 (502p); Tom II/1, 1873, (705 p); Tom II/II, 1875, (712 p).

42-شەرەفەددینی بدلیسی، *شەرەفنامە یان تۆماری ڕووداوەکانی نەتەوەی کورد*. فرانسوا بێرنارد شارموا لە فارسییەوە کردوویە بە فرەنسی و زیاتر لە 709 پەڕاوێزی بۆ نووسیووە.  شارموا بۆ وەرگێڕانی فرەنسی شەرەفنامە جگە لە چاپەکەی ولیامنۆڤ (1860-1862) ی شەرەفنامە چوار دەسنووسی دیکەی شەرفنامەشی لەبەر دەست دابووە و ماوەی زیاتر لە چارگە سەدەیەکی ژیانی بۆ وەرگێڕانی ئەم شاکارە تەرخانکردووە کە تا ئێستەکە تەواوترین و ناوازەترین وەرگێڕانی شەرەفنامەیە. چاپی فرەنسی ئەم کتێبە کەوتۆتە دوو بەرگ (لە چوار بەش دا). بەرگی یەکەم/بەشی یەکەم بەمشێوەیە. بەرایی (لا: 1-10). دواتر شارموا پێشەکیەکی دووروودرێژی ئیتنۆگرافی و جوگرافی نووسیووە و باسی بنچینە، هۆزە کوردییەکان، زمانی کوردی، هۆزەکانی لوڕ و لوڕەکانی ئێران و هۆزە کوردییەکانی دەورانی عوسمانی باسدەکات (لا: 11-342). دوای ئەوە چەند سەرنجێکی لەبارەی چاپی فرەنسی شەرەفنامە نووسووە (لا: 343-852). بەرگی یەکەم/ بەشی دووەم بریتییە لە ژیاننامەی نووسەر (لا: 1-10). ئینجا وەرگێڕانی بەرگی یەکەمی شەرەفنامە بە فرەنسی دەستپێدەکات (لا: 11-502) و تەواوکەری بەرگی یەکەمی شەرەفنامە لە بەرگی دووەم/بەشی یەکەمی کتێبەکەدایە (لا: 1-705). هەرچی بەرگی دووەم/بەشی دووەمە بریتییە لە چەند تێبینیەك دەربارەی بەرگی دووەمی شەرەفنامە (لا: 1-323) و ئینجا تێبینی و وەرگێڕانی فرەنسی تێکستی بەشی دووەمی شەرەفنامە دەستپێدەکات (لا: 324-712).

43-Basile Nikitine, « Les Valis d'Ardelan », In "*Revue du monde musulman*", 1922, p. I-31.

43-بازیل نیکتین، "والیەکانی ئەردەلان". بریتییە لە بەشێکی دەسنووسی فارسی (*حدیقەی ناصریە*) کە لە لایەن عەلی ئەکبەر خان صادیقولمولك، وەقایع نیگاری

کوردستانی نووسراوە. نیکیتین لەم دەسنووسە بەشێکی کورتی جوگرافیا ئیداری ئەردەلان (ساڵی 1296 ی کۆچی) و هۆزە کوردیەکانی ئەردەلان دەنووسێتەوە و دواتر باسێکی دوورودرێژی والیەکانی ئەردەلان دەگێڕێتەوە تاوەکوو دوایین حوکمڕانی فەرهاد میرزا معتمد ئەلدەولە (1284–1291).

44-V. Minorsky, *La domination des Dailamites,* Publications de la Société des études iraniennes et de l'art persan no. 3, Paris : E. Leroux, 1932, (26 p).

45-Arménag Sakisian, «Abdal Khan: seigneur kurde de Bitlis au XVIIe siècle, et ses trésors », In : *Journal Asiatique,* Tome CCXXIX,1937, p. 253-270.

45–ئارمێناژ سەکیسیان، " عەبدال خان: سینۆری کوردی بدلیس لە سەدەی حەڤدەهەم و گەنجینەکانی". نووسەر بە پشت بەستن بە کتێبی "سیاحەتنامە" ی ئەولیا چەلەبی ئەم وتارەی نووسیووە. ئەولیا لە باوکێکی تورك و لە دایکێکی چەرکەس لە دایك بووە و یەکێك لە فیگورە تایبەتییەکانی جیهانی عوسمانییە. ماوەی چڵ ساڵ لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەهەم دا خەریکی گەشت و گەڕان بووە و نەك هەر زۆربەی چوارگۆشەی ئیمپراتۆریای عوسمانی تەی کردووە بەڵکو تاوەکو دانتسیگ (1641) و ئێران (1649) یش ڕۆیشتووە. یادداشتەکانی ئەولیا چەلەبی ساڵەکانی 1898–1902 لە دەورانی سوڵتان عەبدولحەمید بۆ یەکەمجار شەشە بەرگی بلاوکرایەوە. عەبدال خان یەکێك لە دەرەبەگە کوردەکانی ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەهەمی ناوچەی بدلیس بووە. ئەولیا کە هاوەڵی مەلیك ئەحمەد پاشا بووە بۆ هەڵمەت بۆ سەر میر عەبدال خان زانیاری زۆر ورد بەدەستەوە دەدات. عەبدال خان لە حکومەتی عوسمانی یاخی دەبێ و ئەم وتارە باسی گێڕانەوەی هێرشەکانی مەلیك مەحموود دەکات بۆ سەر خان عەبدال خان و لەسەر تەخت هێنانەخواری ئەو میرە

دەکات. چەند ساڵ دواتر دوای ئەوەی پاشای وان لێدەخرێ، عەبدال خان دەرفەت دەهێنێ و دەگەڕێتەوە سەر تەختی میرایەتی بدلیس.

46-Albert Champdor, *Saladin, le plus pur héros de l'Islam,* Paris : A. Michel, 1956, (364 p.)

46–ئەلبێر شاندۆر، *سەلاحەددین، جەربەزەترین پاڵەوانی ئیسلام*. یەکێکە لەو کتێبە مێژوویانەی باسی مێژووی سەلاحەددینی ئەیوبی دەگێڕێتەوە. کتێبەکە بریتییە لە 26 فەسڵ کە تێیدا زۆر بە دوور و درێژی باسی ڕەوشی جیهانی ئیسلامی بەر لە شەڕی خاچپەرستان و هەڵسانەوەی ئیسلام و داگیرکردنەکانی سەلاحەددین بۆ میسر و دامەزراندنی میرنشینی ئەیوبییە دەکات. بە هەمان شێوە بە درێژی باسی شەڕەکان، کەوتنی ئۆرشەلیم و هاوپەیمانی ئەوروپاییەکان دژ بە سەلاحەدین دەکات. باسی هاوپەیمانێتی فیلیپ ئۆگست و ڕیچارد دڵ دەکات دژ بە سەلاحەددین و دواجار باسی ئاشتی و گەڕانەوەی دیمەشق دەکات. دواجار بیبلیۆگرافیا (لا: 349–353) و هەروەها کتێبەکە تابلۆی ڕەچەڵەکناسی ئەیبوبییەکان و سەلاحەددینی لەگەڵ دایە.

47-Mohammad Mokri, « Vente d'un Village au Kurdistan au début du XVIème siècle », In : "*Journal asiatique*", (1967), p. 169-184.

48-Ismet Chériff Vanly, *Les Kurdes et le Kurdistan dans les relations d'anciens voyageurs occidentaux (XVIe–XVIIIe Siècle),* Ed.: KSSE, 1973, (77 p).

48–عیصمەت شەریف وانلی، *کورد و کوردستان لە گێڕانەوەکانی گەڕۆکە کۆنەکانی ڕۆژئاوادا (سەدەی سانزەهەم–سەدەی هەژدەهەم دا)*. بە پێشەکی و کۆمێنتار. ئەم

باسە تەرخانی ئەو گەڕۆك و گەڕالە ڕۆژئاوایانە کراوە کە لە نێوان سەدەکانی شانزە و هەژدەهەم سەفەری ڕۆژهەلآت یان کردووە و لە دوو توێی سەفەرنامەکانیان کە بە ناوچەکانی کوردستان دا تێپەڕبوون تێبینی و سەرنجیان لەسەر کورد و ناوچە کوردەوارییەکان و کۆمەڵگەی کوردەواری نووسیووە. لە پێشەکی کارەکەیدا وانلی زۆر بە کورتی باسی دروستبوون و سەرهەڵدانی نەتەوەی کورد دەکات لە سەرچاوە یۆنانیەکان تا دەگاتە سەدەکانی ناوڕاست و جەنگی خاچپەرستەکان و دواتر باسی ڕەوشی مێژوویی و کۆمەڵایەتی کوردستان دەکات لە سەدەی پانزەهەمدا. دوای ئەوە دێتە سەر گەڕۆکەکان و یەکەم گەڕۆك کە هاتبێتە کوردستان لە سەدەی شانزەهەم دا بازرگانێکی گومناوی ئیتالییە کە لە سەرەتای سەدەوە هاتۆتە کوردستان و سەفەرنامەکەی ساڵی 1559 لە ڤینیسیا چاپکردووە. دواتر هەر لەسەدەی شانزهەم دا باسی میستەر ئەفۆنسۆ دەکات و ئینجا دێتە سەر گەڕۆکەکانی سەدەی حەڤدەهەم (پیترۆ دیلا ڤالا، ژان پاتێست تاڤێرنیێ، ژان تیڤینۆ، ژان شاردان) و لە سەدەی هەژدەهەمیش باسی (کارستن نیبۆر، کۆنستانتین فرانسوا ڤۆلنیێ) دەکات.

49-Ismet Chérif Vanly, « Le Déplacement du Pays kurde vers l'ouest (Xème-XVème s.). Recherches historiques et géographiques», in *Rivista degli Studi Orientali*, vol. L, Fasc. III-IV; Roma, 1976, p. 353-653.

49–عیصمەت شەریف وانلی، " هەڵکشانی کوردستان بەرەو ڕۆژئاوا (سەدەی دەیەم–سەدەی پانزەم). تۆژینەوەی مێژوویی و جوگرافی". باسی ڕەوشی کوردستان دەکات لە سەدەکانی دەیەم و پانزەهەمی زاییینی دا. بە گوێرەی نووسەر کوردستان لە دەوربەری سەدەی دەیەم دا بەشێوەیەکی بنچینەیی کەوتبووە بەشی ڕۆژئاوای ئێران (لا: 345). لەم لێکۆڵینەوەیدا وانلی کۆمەڵێك پرسی گرینگی وروژاندووە لەوانە چۆن گەڕۆك و نووسەرە موسڵمانەکان لەو سەروبەندەدا باسی کوردیان کردووە. بەشێوەیەکی تایبەتی باسی لوڕەکان دەکات وەك چۆن لەناو هەموو

**سەرچاوەکانی مێژودا هەر بە کورد حسێبکراون.  دواتر باس ئەوە دەکات کە کوردستان لەنیوەی دووەمی سەدەی دەیەم دا گۆڕانێکی سیاسیی و جوگرافی گەورەی بەخۆیەوە بینووە (لا:359) و لە نێوان داگیرکردنی سەلجوقییەکان و تەیمووری لەنگ دا (سەدەکانی یانزە تا پانزە) هۆزە تورکمانەکان خۆیان خزاندە ناو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لە نێوانی سەدەکانی دەیەم و پانزەهەم دا کوردستانی ڕۆژئاوا بە هێواشی بۆ سێ ئاڕاستە چووەتە پێش کە گرنگترینیان ئاڕاستەکەی بەرەو ڕۆژئاوا بوو (ڕوەو ئامێدی و دەروازی گەورەی فورات، بۆ ناوچەکانی مەلاتیە، کەهیە، ئیبلستان، مەرەش و ئەنتاب و دواتر بەدرێژی باسی ئاڕاستەکانی ئەم پەلهاویشتن و هەڵکشانە دەکات لە نێوان ئەم مێژووەدا.**

50-Jean-Louis Bacque-Grammont, «  Une lettre de Hasan Beg de 'Imadiyye sur les affaires d'Iran en 1516 », In *Etudes Turco-safavides*, XIII, *Acta Orient*. Hung., 36, 1983, (8 p).

**50–ژان–لویی باکیٚ–گرامۆن، "نامەیەکی حەسەن بەگی ئامێدی دەربارەی کاروباری ئێران لە ساڵی 1516 دا. ئەم وتارە بریتییە لە نامەیەکی حەسەن بەگ کە لە ئەرشیڤی کۆشکی تۆپ قاپی لە ئەستەموولْ بە کۆدی E.8318 پارێزراوە. ئەم نامەیە حەسەن بەگی میری ئامێدی نووسیوویە و ڕۆژی 2 ی شەعبان گەیشتووە و لەبارەی سۆسەکردن و جاسووسیکردنی ناردنی هەواڵە لەسەر ئێران. بە گوێرەی مەزەندەکردنی نووسەرەکان ئەم نامەیە لە 2 ی شەعبانی 922 بەرامبەر 31 ی ئابی 1516 نووسراوە.  باسێکی کورتی حەسەن بەگ و هاوکات نامەکە بە پەراوێزەوە تەرجەمی فرەنسی کراوە و ئۆریژینالەکەشی لەگەڵ دا بڵاوکراوەتەوە.**

51- Jean-Louis Bacqué-Grammont & Chahryar Adle, « Quatre lettres de Seref Beg de Bitlis (1516-1520) », In *Der Islam*, 1986, T.63, fasc. 1, p. 90-118.

51–ژان–لویی باکێ–گرامۆن و شەهریار عادیل، " چوار نامەی شەرەف بەگی بدلیس (1516–1520)". بریتییە لە چوار نامەی شەرەف بەگی ڕۆژەکیی میری بدلیس کە لە دەستپێکی سەدەی شانزەهەم دا حوکمڕانی ئەو ناوچەیەی کردووە و هەر چوار نامەکە لە ئەرشیڤی عوسمانی لە تۆپ قاپی لە ئەستەموولْ پارێزراون و هەموو نامەکانیش بە فارسی نووسراون و سێ لەو نامانە لە نێوان ساڵەکانی 1516–1520 دا بۆ محەمەد پاشای بەیلەربەگی دیاربەکر نووسراون. وتارەکە کۆپی ئۆریژینالی هەر چوار نامەکە و ترەنسکریپسیۆنی لاتینی نامەکە و وەرگێڕاوە فرەنسیەکەی لەگەڵ دایە بە کۆمەڵێك پەراوێز و تێبینی زۆر بلاوکراوەتەوە.

52-Abdollah Mardukh, *Contribution à l'étude de l'Histoire des Kurdes sous la dynastie Ardalan du XVIe siècle au XIXe siècle*. Th. 3 cycle sous la dir. de M. Jean Aubin: I.O.A.N. : Paris 3 : 1988, (439 p).

52–عەبدوڵلا مەردۆخ، *بەشداریکردن لە لێکۆڵینەوەی مێژووی کورد لەژێر دەسەڵاتی ئەمارەتی ئەردەڵان لە سەدەی شانزەهەمەوە تا سەدەی نۆزدەهەم.* کارنامەی دوکتۆرایە و دابەشی سەر پێشەکی و شەش فەسڵ کراوە. فەسڵی یەکەم وەك هەر نامەیەکی ئەکادیمی بریتییە لە بەرچاوخستنی ئەو سەرچاوانەی کە نووسەر بۆ نووسینەوەی کارنامەکەی سوودی لێوە بینیوون (لا: 12–71). فەسڵی دووەم: چاوپێداخشانێکی کورت بەسەر گەشەسەندن و پەرەئەستاندنی هۆزە کوردەکان. لەم فەسڵەدا بە ڕوویێکی تایبەتی باسی ڕەوشی کۆمەلایەتی و ئابووری کۆمەڵگەی شوانکارەیی و جوتیاری کراوە و لەم نێوانەدا باس لە کولتووری دانیشتوانی کورد کراوە لە قۆناغی شوانکارەیی و دەشتەکایەتی دا. (لا: 72–138). فەسڵی سێیەم بریتییە لە: چاوپێداخشانێکی جوگرافیایی. لەم فەسڵەدا باس لە جوگرافیای ئەمارەتی ئەردەڵان و سەنەندەجی پایتەختی ئەردەڵان و جوگرافیای ئابوریی کوردستانی ڕۆژهەلات کراوە (لا:139–174).، فەسڵی چوارەم: مێژووی ئەمارەتی ئەردەڵان. ئەم فەسڵە بریتییە لە بەشی سەرەکی کارنامەکە و دابەشکراوە بۆ

سەر چوار قۆناغی جیاکەرەوە: قۆناغی یەکەم: ئەمارەتی ئەردەلآن لە کۆنەوە تاوەکوو سەدەی یانزەهەم. قۆناغی دووەم: لە سەدەی یانزەهەمەوە تا سەدەی حەڤدەهەم (1068/1657/58).، قۆناغی سێیەم: دەورانی مێژووی کوردستانی ئەردەلآن لە (1068/1657/58) تاوەکوو (1240/1824/25).، قۆناغی چوارەم مێژووی کوردستانی ئەردەلآن لە 1240/1824/25 تاوەکوو 1867/68/1284 کە ئەمە دوایین قۆناغی ئەم مێژووەیە (لا: 175–407). دواتر بیبلیۆگرافیا (لا: 414–424). دواجاریش بۆ دەوڵەمەندکردنی باسەکە کۆمەڵێك دەسنووس، بەڵگەنامە، وێنە و نەخشە کراونەتە پاشبەندیی نامەکە.

53-Mohammed Lamli, *L' Islam et la société au temps de Salah ad-Din (1138 - 1193) : "entre le Djihad, contre les infidèles et la fondation d'une dynastie kurde*", Thèse de doctorat sous la direction de Gerard Sivery. Thèse de doctorat : HISTOIRE : Lille 3 : 1989, (313 p).

53–محەمەد لاملی، *ئیسلام و کۆمەڵگە لە سەردەمی سەلاحەددین دا (1138–1193): "لە نێوان جیهاد دژ بە گاوران و دامەزراندنی میرنشینێکی کوردی"*. برتییە لە کارنامەی دوکتۆرای مێژوو، ساڵی 1989 پێشکەش بە زانکۆی Lille 3 کراوە. نامەکە لە پێوەندییەکانی نێوان کورد و حکومەتە ئیسلامییەکانی پێش گەیشتنی سەلآحەددین بۆ دەسەلآت دەکۆڵێتەوە. پێوەندی نێوان بنەماڵەی ئەیوبی کە لە لایەن سەلآحەددین دامەزرێنرا لەگەڵ میرنشینە کوردییەکانی دیکە کە پێش سەدەکانی شەشەم–حەوتەم دامەزرابوون. سیاسەتی سەلآحەددین لەناوەوەی جیهانی ئیسلام بۆ دروستکردنی میرنشینێکی گەورەی کورد لە مێژوودا. سیاسەتی سەلآحەددین لە بەرامبەر گروپە ئیتنیەکانی دیکە لە سەدە ناوەنجییەکانی ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست: تورك، عەرەب (سوننە و شیعە) و ئیسماعیلیەکانی سوریا و هەروەها کاردانەوەی ئەم گروپە ئیتنیکیانە لەبەرامبەر بەدەسەلآت گەیشتنی گروپێکی ئیتنیکی نوێ کە ئەویش کورد بوو. هەروەها شوێنی جیهاد لە سیاسەتی سەلآحەددین دا و پێوەندی

و هەڵویستی سەلاحەددین لەگەڵ دەوڵەتە مەسیحییەکان و دەوڵەتە موسڵمانەکان لە تەوەرە سەرەکیەکانی ئەم کارنەمەیە.

54-Jean-Louis Bacqué-Grammont, «Cinq lettres de Khüsrev Pasha, beylerbey du Diar Bekir (1522-1532) », In : *Journal Asiatique* (1991) vol. 279, n° (3-4), p. 239-266.

54- ژان-لویی باکێ-گرامموْن " پێنج نامەی خەسرەو پاشا، بەگلەربەگی دیاربەکر (1522-1533)". بریتییە لە پێنج نامە کە لە ئەرشیڤی توّپ قاپی لە ئەستەمووڵ وەرگیراون. نووسەرەکەی خەسرەو پاشا وەچەی دووەمی حاکمانی هەرێمی ستراتیژی دیاربەکر (1522-1531) بووە کە لە ساڵەکانی 1515-1516 لە لایەن ئیمپراتۆریای عوسمانییەوە داگیرکرا. ئەم نامانە تایبەتن بە کاروباری ئیداری، کاروباری پێوەند لەگەڵ سەفەوییەکان و بەگلەربەگی ئەو ناوچەیە گەلێك کۆششی کردووە و خەڵکی ناردۆتە ئازەربایجان بۆ هێنانەوەی زانیاری و ئاگاداربوون لە هەڵوێستی (شا)ی ئێران. ئەم نامانە هەموویان تەرجەمی فرەنسی کراون و پەراوێز و کۆمێنتاریان لەسەر نووسراوە و هاوکات نامەکان ئۆریژینالەکەشیان لەگەڵ دا بلاوکراوەتەوە.

55-Akihiko Yamaguchi, *Contribution à l'histoire du Kurdistan de Mokri : présentation d'un manuscrit persan rédigé au XIXe* ; sous la direction de Jean Calmard, École pratique des hautes études (Paris). Section des sciences historiques et philologiques. 1996, (98+34 f.)

55-ئەکیهیکۆ یاماگوشی، *بەشدارییەك لە مێژووی کوردستانی موکری: بەرچاوخستنی دەسنووسێکی فارسی نووسراوی سەدەی نۆزدەهەم*. ئەم باسە لەسەر بنەوانی دەسنووسێکی فارسی سەدەی نۆزدەم (*شرح حال عبدالله خان*

موکری) تەرخانی مێژووی کوردستانی موکری کراوە و باسەکە دابەشکراوە بۆ سەر دوو بەش. لە بەشی یەکەم، فەسڵی یەکەم: کورتە باسێکی مێژوویی دەربارەی کوردستانی موکری (لا:8–42) کە تێیدا باس لە مێژووی ڕەچەڵەکی هۆزی موکری، سەقامگیربوونی بنەماڵەی صەفەوی و کێشەی لەگەڵ عوسمانی، دەورانی بوداق سوڵتان، ڕوخانی دەوڵەتی صەفەوی و هێنانە سەرکاری قاجار، هۆزەکانی موکری (بلباس، مەنگور، مامەش، دەهبوکری، موکری، خەڵکانی شارنشین دەکات. فەسڵی دووەم: ڕەوشی ڕووداوەکان: بریتییە لە باسی دەورانی عەبدوڵڵا خان بۆ تەبرێز، بۆ ساوج–بولاق. مانەوی عەبدوڵڵا خان لە تاران و گەڕانەوەی بۆ ساوج–بولاق (43–51). پاشان لە دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکەدا نووسەر باسی هاوپەیمانیی و لێکدوورکەوتنەوی هۆزەکان، ڕۆڵ و نەخشی سەکردە ئایینییەکان و هەژموونی دەهبۆکری و جێنشیبوونی بلباسەکان دەکات (لا: 51–57). هەرچی بەشی دووەمە، فەسڵی یەکەمی بریتییە لە ترەنسکریپسیۆنی لاتینی دەسنووسە فارسییەکە (لا: 58–77) و فەسڵی دووەم بریتییە لە وەرگێڕاوی فرەنسی دەسنووسەکە (لا: 78–98) و دواجار دەسنووسە فارسییەکە بە فارسی تایپ کراوەتەوە (لا:1–17) هەروەها فۆتۆکۆپی ئەسڵیی دەسنووسەکەشی بەگەڵ خراوە.

56-Anne-Marie Eddé, « Kurdes et Turcs dans l'armée ayyoubide de Syrie du Nord», In: *War and Society in the Eastern Mediterranean, 7th - 15th centuries,* Edited by Yaacov Lev, Leiden, Ed. E.J. Brill, Coll. (The Medieval Mediterranean-9), 1997, p. 225-236.

56– ئان– ماری ئێددێ، " کورد و تورک لە سوپای ئەیوبی سوریای باکوردا". ئان– ماری ئێددێ، مامۆستای زانکۆی سۆربۆن بەشی دیراساتی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتناسی لەم باسەدا کە تەرخانی شوێنی کورد و تورک کراوە لەناو سوپای ئەیوبییەی سوریای باکوور دا نووسەر باسەکەی بەو ڕاستیەوە دەستپێدەکات کە سوپایەکەی سەلاحەددین زۆرینەی تورک بووە و کوردەکان هەر تەنها دەسەلاتێکی زۆر

دیاریکراویان لەناو سوپای ئەیووبی دا هەبووە و هەتا لە هەندێك حاڵەت دا هەر لە دەورانی سەلاحەددین خۆی کورد بەدەست جیاوازی ڕەگەزییەوە ناڵاندویانە. نووسەر نموونەی (122) میری هێناوەتەوە کە لە نێوان ساڵانی 1183 مێژووی داگیرکردنی حەلەب لە لایەن سەلاحەددین و ساڵی 1260، مێژووی هێرشی مەگۆلی وەرگرتووە و هەوڵدەدات ئەوە وەڵام بداتەوە کە کورد یان تورك کامیان باڵا دەست بوونە؟. ئایا حەقیقەتی پێوەندیی ئیتنیکی لەناو سوپاکەدا چۆن بووە؟ ئایا ئەمە بووەتە سەرچاوەی بارگرژی و کێشە و دواجاریش سۆنگەی لەناوچوونی ئەمارەت؟. نووسەر سەرەتا لە کوردەکان دەستپێدەکات و لەو (122) میرە لەناو سوپا دا تەنها (22) یان کورد بوون. نووسەر لای وایە کە سیٚ کاتیگۆری کورد لەناو سوپاکەی سەلاحەددین دا هەبووە. یەکەمیان کۆنە وەزیرەکانی سەلاحەددین و نەوەکانیان. دووەمیان ئەوانە کە پێشتر لە سوریای باکوور دا جێگیر بوون و ئەوانەی کە ساڵی 1200 پێوەندیان بە سوپا کردووە. دواتر پێی بە پیٚ نووسەر بەشوێن باسەکەدا ڕۆیشتۆتە خوارەوە.

57-Sheerin Ardalan, *Introduction à l'histoire des Kurdes Ardalân : présentation des sources et histoire des premiers Ardalân (564-1162/1168-1749)* ; dir. de recherche Ludvik Kalus. Mémoire de DEA : Histoire médiévale : Paris, EPHE : 2000, (101 f).

57–شیرین ئەردەڵان،*پێشەکیەك بۆ مێژووی کوردەکانی ئەردەڵان:بەرچاوخستنی سەرچاوەکان و مێژووی یەکەمین ئەردەڵانەکان*. ئەم باسە بریتییە لە نامەی D.E.A (ساڵی پێنجەمی زانکۆ) کە وەکوو دەروازەیەك وایە بۆ کارنامەی دوکتۆرا و زیاتر بریتییە لە بەرچاوخستنی ئەو سەرچاوانەی لەبارەی ئەمارەتی ئەردەڵان نووسراون. نامەکە دابەشی سەر سیٚ فەسڵ کراوە: فەسڵی یەکەم بەرچاوخستنی سەرچاوەکان (لا: 8–33). لەم فەسڵەدا هەموو سەرچاوە کوردی، ڕۆژهەڵاتیی و ئەوروپیانەی کە لە بارەی ئەم بابەتەوە نوسراون خراونەتە ڕوو بە مەتریالی ئەرشیڤخانەکانیشەوە.،

فەسڵی دووەم بریتییە لە مێژووی یەکەمین ئەردەڵانەکان (564/1162–1168/1749). لەم فەسڵەدا باسی یەکەمین ئەردەڵانەکان، بنچینەی ئەردەڵانەکان، بابا ئەردەڵان و جێگرەوەکانی، هەروەها ویلایەتی شارەزوور لە دوای پەیماننامەی زەهاو (1639) کراوە (لا: 34–62). هەرچی فەسڵی سێیەمە: ئەردەڵانەکان دوای ڕوخانی سەفەوییەکان. لەم فەسڵەدا باسی دەورانی سوبحان وێردی خان (1142/1162)(1730–1749)، بنچینەی زەند و هاوپەیمانیان لەگەڵ ئەردەڵانەکان. کوشتنی نادر شا و سەرەتای جەنگی ناوەخۆ باس دەکات (لا: 63–74). دواجار بیبلیۆگرافیا کە بە گوێرەی پۆلینی سەرچاوە ڕۆژهەڵاتییەکان، دەسنووس، چاپکراو و لێکۆڵینەوە. سەرچاوە ڕۆژئاواییەکان، ئەرشیڤخانەکان و لێکۆڵینەوە ڕیزکراون (لا: 75–101).

58-Ephrem-Isa Yousif, « Les princes kurdes merwanides et les savants syriaques », In: *Études kurdes*, Paris, L'Harmattan, N° (2), .2000, p. 7–20.

59-Sheerin Ardalan, *Les Kurdes Ardalân: entre la Perse et l'Empire ottoman*, Paris : P. Geuthner, 2004, (225 -VIII p).

59–شیرین ئەردەڵان، *کوردەکانی ئەردەڵان لە نێوان ئێران و ئیمپراتۆریای عوسمانی دا*. شیرین ئەردەڵان (1955–2002) نەوەی ڕاستەوخۆی دوایین بنەماڵەی ئەردەڵانەکانە. ئەم کتێبە بەرهەمی هاوبەشی نێوان شیرین ئەردەڵان و پرۆفیسۆر ژان کالمارد–ە Jean Calmard کە دوای مەرگی ناوادەی شیرین، مامۆستاکەی کارەکەی تەواوی کردووە و پێداچۆتەوە. ئەم کتێبە دابەشی سەر سێ بەش کراوە. بەشی یەکەم ئەردەڵانەکان تا سەدەی هەژدەهەم (لا: 13 تا 54) . ئەم بەشە زیاتر چاوپێداخشانێکی مێژووییە بۆ سەر بنەماڵەی ئەردەڵانەکان لە سەرەتای سەدەی نۆیەمەوە تا سەدەی هەژدەهەم. بەشی دووەم: پێوەندی و کێشە لەگەڵ زەندەکان لا:

55-90. نووسەر لەم بەشەدا زۆر بە وردی قامك دەخاتە سەر پێوەندییەکانی بنەماڵەی ئەردەڵان و نادر شا و دواتر باسی پێوەندی و کێشەی نێوان میرنشینی ئەردەڵان و دەسەڵاتی زەند باس دەکات و پێ بە پێ بەشوێن شوێنی کوردستان دەکەوێ لە نێوان بەرداشی عوسمانی و دەسەڵاتی ئێراندا. بەشی سێیەمی کتێبەکە بریتیە لە باسی خوسرەوی دووەم، ناسراو بە خوسرەوی گەورە: ساڵەکانی 1752-1766. لا: 91 تا 121. ئەم بەشە کە درێژترین و بەشی سەرەکی کتێبەکەیە دابەشی سەر سێ دەورانی مێژوویی دیکە کراوە ، یەکەم ساڵەکانی 1766 تا 1752 (لا: 91-121)، دووەم ساڵەکانی 1766- 1779(لا: 122-146)، سێیەم ساڵەکانی 1779-1785( لا: 147- 161) . لقە بەشی پێنجەم: خوسرەوی دووەم (پیرۆز) دەورانی زێڕینی دەسەڵات (لا: 162-184) و دوایین بەشە بچووکی کتێبەکە باسی کۆتایی خوسرەوی دووەمە (لا: 185-190). ئەم بەشی سێیەمەی کتێبەکە کە لە دەستپێکی نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەم باسدەکات و تا کوژرانی خوسرەوی دووەم کۆتایی بە باسەکە دەهێنێ. دواتر کتێبەکە کۆمەڵێك نەخشە و درەختی بنەماڵەکانی ئەردەڵان، سەفەوی، زەند، ئەفشار و قاجاری لەگەڵدایە. خوێندنەوەی هەر بەشێکی ئەم کتێبە پەراوێزی گرانبەها لەسەرنووسراوە کە دەکرێ خوێنەر بەشوێن سەرەداوی مێژووی ئەم میرنشینە ببات کە بە ڕەسمیی لە ساڵی 1867 لەناوبرا.

60-Boris James, *Saladin et les Kurdes : perception d'un groupe au temps des Croisades*. Études kurdes. Hors-série II, (Mars 2006), (228 p.)

60-بۆریس جیمس، *سەلاحەددین و کورد: تێگەیشتن لە گرووپێك لە سەردەمی خاچپەرستەکان دا.* ساڵی 1169 میرێکی کورد لە شام لە وەزارەتی میسردا کە تازە دەستیان بەسەردا گرتبوو شوێنی مامی دەگرێتەوە. ئەم میرە دواتر لە سۆنگەی داگیرکردنەکانی بۆ سەر شاری قودس و شەڕکردنەکانی لەگەڵ فرەنسییەکان بوو بە

سوڵتانی هەرە بەرچاوی جیهانی ئیسلام و بوو بە سەرداری میرنشینێك لە یەمەنەوە بۆ میسر، لە شامەوە تا میزۆپۆتامیای سەروو هەڵدەکشا. شایانی گوتنە ئەم میرە هەر لەگەڵ هاتنەپاڵی بۆ وەزارەتی میسر تا مردنی لە ساڵی 589 ی کۆچی-1193 ی زایینی چەندین کەسایەتی لە نەتەوەی هەمەچشنەی (تورك، عەرەب، کورد و ئێرانی) هاریکاریان کردووە و لە ڕیزی سوپایەکەیدا بوون. بەڵام ئایا ئەو گرووپە کوردانەی کە بەشداریان لە سوپا و ئیدارەی سەلاحەددین دا کردوو کێ بوون؟ ئەو کوردانە لە لایەن نووسەرە عەرەبە-موسڵمانەکانەوە چۆن سەیرکراون؟ کوردەکان ڕۆلیان لە سوپاکەی سەلاحەددین دا چی بووە؟ ئەی پێوەندیان لەگەڵ گرووپەکانی دیکەدا چۆن بووە؟ ئەو کوردانە لە کوێوە هاتوون؟ چ پێوەندیەکیان بە خاکی نیشتمانی کوردستانەوە هەبووە؟ ئەم کتێبەی بۆریس جێمس هەوڵ دەدات کەم و زۆر وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە. ئەم کتێبە لە بنەواندا بریتییە لە کارنامەی دوکتۆرای نووسەر کە پێشکش بە زانکۆی پاریسی دەیەم کراوە و دواتر دوای مشتومالکردنی وەکوو کتێبی لە ژمارە (2) ی بەدەر لە ژمارەی ئاسایی گۆواری (*Etudes kurdes* ) لە ئاداری 2006 لە پاریس بڵاوکرایەوە. کتێبەکە بریتییە لە سێ بەشی سەرەکی. لە بەشی یەکەم دا باسی کورتە مێژوویێکی سەلاحەددینی ئەیوبی، ئەو دەرو ناوچە و شارانەی کە لە دەورانی بە دەسەلات گەیشتنی سەلاحەددینی ئەیوبی کوردیان تێدا ژیاوە، کوردستان (زۆزانی کوردان)، نەخشەی "هەرێمە خێڵەکیەکانی کورد"، هۆزەکان: زەوینەی دەوڵەتی ئەیووبی، بەشنەوییە، حاڵەتی تایبەتی شەهرەزوری، حەمدانییە، زەرزاییە، هەکارییە و هەزبانییە (لا: 13-53). بەشی دووەم: لەم بەشەدا باس لە ئیماژ "پێناسە" و ناسنامەی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاست، بەیەکداچونی چەمکەکان و بیرکردنەوە لە بەکارهێنانی وشەکە، چەمکی ئیتنۆگرافی کورد، سەرهەڵدان و وەدیارکەوتنی ریپرەزەنتاسیۆن (تمثیل) ی کۆمەڵایتی، ڕۆڵی هەڵسوڕاوی کورد و پێوانەکانی "کوردبوون" و ناسینەوەی کوردەکان دەکات لەو سەروبەندەدا (لا: 55-107) هەرچی دوایین بەشە باسی ڕۆڵ و پێگەی کورد لە دەورانی سەلاحەددین، داوودەزگە سەربازییەکان و کورد، گفتوگۆ دەربارەی پێکهاتەی سوپای ئەیوبی، بەشداری بنکەی هێزە

کوردییەکان، ڕێکخراوە خێڵەکیەکان، مەمالیك و کورد، پێوەندی نێوان تورك و کورد، نفووزی کورد لەناو سوپای سەلاحەددین، نەژادپەرستی بەرامبەر بە کورد، گرینگترین کەسایەتییە کوردەکانی ناو سوپای سەلاحەددین و دووەمین دەسەلات: دەستەبژێری (ئیلیەت) قەزایی-سیاسیی و مەدەنی لە باسە سەرکیەکانی ئەم بەشەیە (لا: 109-184). دەرئەنجام (لا: 185-186) و بیبلیۆگرافیا (لا: 199-204). هاوکات کتێبەکە درەختی بنەماڵەی ئەیوبییەکان و نەخشەی بنەماڵە و هۆزە کوردییەکان و لە بەشی پاشکۆش چەند بەڵگەنامەیەکی گرینگی وەك: دەستەبژێری شارنشینی کورد لە دەورانی سەلاحەددین و ڕوونکردنەوەی ژیانی چەند کەسایەتییێکی کورد لە دەورانی سەلاحەددین دا کراونەتە پاشبەندی کتێبەکە.

## 6.1 : مێژووی نوێ

61- Thomas Bois, « Les dominicains à l'avant-garde de la kurdologie au XVIIIe siècle », in : *Archivum Fratrum Praedicatorum* (1965) vol. 35 p. 265-292.

61-تۆما بوا، " دۆمینیکەکان پێشەنگی کوردناسیی لەسەدەی هەژدەهەم دا". ئەم وتارە تەرخانی ئەو دۆمینیکانە کراوە کە لە سەدەی هەژدەم دا بەشداریان کردووە لە بواری کوردناسی و پێشەنگی ئەم بوارە بوون. مێژووی مسیۆنی دۆمینیکانی مووسڵ کەمێك لە سەدەیەك زیاتر بووە (1750-1856) و لەو ماوەیەدا ژمارەیەك لە دۆمینیکانی ئەم مسیۆنە وەکوو پێشەنگ لە بواری کوردناسی دەرکەوتن. یەکەمی ئەو دۆمینیکانە لانزا و گەشتەنامەکانیەتی کە شەش گەشتنامەی بەناو ئیمپراتۆریای عوسمانی دا کردووە و وڵاتی کوردەواری بەشێکی بەرچاوی لەم گەشتنامە بەرکەوتووە. دووەمین دۆمینیکانی سەدەی هەژدەهەم فیلیلۆگ باوکە گارزۆنییە کە بە باوکی کوردناسی دادەنرێت. سێیەمی ئەم دۆمینیکانە مێژوونووس و ئیتنۆگراف کامپانیل-ی خاوەنی کتێبی ( کوردستان و ئەو تایەفە ئایینییانەی

که تییایاندایه ) [2] که مێژووی کوردستانی له کۆتایی سەدەی هەژدەهەم دا بۆ نووسیوونەتەوە و جگە لەوە وتارەکە باسی کۆمەڵێك دۆمینیکانی دیکە دەکات کە لەناوچەکە ماونەتەوە و سەرنج و تێبینی یان لەسەر کورد نووسیووە بە تایبەتی لەسەر ئێزیدییەکان.

62-Parviz Amini, *Kurdistan Ardalan : aspect socio-economique*. Sous la direction de Jacques Berque, 1972, Thèse de 3e cycle : Sociologie : Paris, 5, 1972.

63-Abdollâh Mardukh, « Aux sources de l'historiographie kurde », In : *Studia Iranica* (1992) vol. 21, 1, p. 103-118.

63- عەبدوڵڵا مەردۆخ، "سەرچاوەکانی مێژوونووسیی کوردی". لەم وتارەدا نووسەر پێ لەسەر گرینگترین سەرچاوەکانی مێژوونووسیی کورد دا دەگرێ کە لە نێوان سەدەکانی 16 تا 19 بە زمانەکانی فارسی و تورکی نووسراون. یەکەمینی ئەو سەرچاوانە دوای شەرەفنامە، یادداشتەکانی مەئموون بێگەبێگە کە بە تورکی عوسمانی ساڵی( 985 کۆچی-1577 ی زایینی) نووسراوە. دواتر زوبدەت ئەلتەواریخ بە فارسی (سەدەی هەژدەهەم) کە تایبەتە بە مێژووی ئەمارەتی ئەردەڵان لە سەدەکانی 13 تا 18 دا. هەروەها باسی زەیلێکی شەرەفنامە دەکات بە ناوی تاریخ اردلان بە فارسی کە ڕووداوەکانی تاوەکوو ( ساڵی 1225 ی کۆچی-1810 ی زایینی) درێژدەبێتەوە. سەرچاوەیەکی دیکە شرح حال عبدالله خانی موکری یە (1255کۆچی-1842 ی زایینی) کە بە فارسی نووسراوە. هەروەها دەسنووسی کتابی تواریخی جەدیدی کوردستان بە کوردی کورمانجی تاوەکوو ساڵی 1274 ی کۆچی-1857 ی زایینی). دواتر باسی کۆمەڵێك دەسنووسی دیکەی دەورانی قاجارەکان دەکات: *لب التواریخ*، *تاریخ اردلان*، *سیر الاکراد*، *حدیقه ناصریه* و

[2] *Storia della regione del Kurdistan e delle sette di religione ivi esistenti*

تەواوکەرەکەی *توحفەی ناصریە* و مرات الضفار کە هەموو ئەمانە بە زمانی فارسی نووسراون و سەرچاوەی یەکەمی مێژوونووسیی ئەمارەتی ئەردەلانن.

64-Mohsen Ahmad Omar, *Les voyageurs français au Kurdistan XVIIe, XVIIIe et XIXe siècles*, Paris, Thèse de doctorat : Littérature générale et comparée : Paris 3 : 1996, (356f).

64-موحسین ئەحمەد عومەر، *گەڕۆکە فرەنسییەکان لە کوردستان لە سەدەکانی حەڤدە، هەژدە و نۆزدە دا*. کارنامەی دوکتۆرایە ساڵی 1996 پێشکەش بە زانکۆی پاریسی سێیەم-سۆربۆنی نویٚ کراوە و نامەکە لەژێر چاوەدێری ژان بێسێر ئامادە کراوە. کارنامەکە (346) لاپەڕەیە و دابەشی سەر پێشەکی و چوار بەش کراوە. بەشی یەکەم بریتیە لە پێشکەشکردنێکی گشتیی گەڕۆکە فرەنسییەکان و ئەو سەفەرنامە فرەنسیانەی کە لەوماوەیەدا بڵاوکراونەتەوە، هەروەها باسی ڕێگەوبانەکانی سەفەر و هۆیەکانی سەفەر و میوانداریێتی و کاروانسەرایەکانی کوردستان کراوە (لا: 5-109). بەشی دووەم: کۆمەڵگەی کوردی لە سەفەرنامەی گەڕۆکە فرەنسییەکان دا. ئەم بەشە بەشی سەرەکی کارنامەکەیە و لەم بەشەدا نووسەر پیٚ لەسەر باسکردنی شار و ئاواییەکان، ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی-سیاسییەکان و پۆرتریتی سەرۆکهۆزە کوردەکان، کوردانی کۆچەر و نیشتەجیٚ و جەنگی خێڵەکی دادەگریٚ و بە هەمان شێوە هەر لەم بەشەدا باسی باج و بەرهەمەکانی وڵات و بازرگانی و سەردەمی تەنزیمات و ژیانی مەسیحییەکان و جوولەکەکانی کوردستان بە درێژی باسکراون (لا: 111-237). بەشی سێیەم: کورد لە سەفەرنامەی گەڕۆکە فرەنسییەکاندا. لەم بەشە زیاتر گرینگی بە لایەنی سایکۆلۆژی و فیزیکیی پیاوی کورد و پۆرتریتی ژنی کورد و جل و بەرگی پیاو و ژنی کورد دراوە و دواتریش باسی ئێزیدییەکان و داب و نەریتی کوردەکان کراوە (لا: 239-295)، بەشی چوارەم هەر تەنها بریتییە لە کۆمەڵێك گراڤوری

ڕۆژهەڵاتناسەکان و کارتۆگرافی ڕێگەوبانی سەفەرەکان، لا: 295-331. دواتر دەرئەنجام لا: 332-333 و دواجاریش بیبلیۆگرافیا، لا: 334-344.

65-R.P. Giuseppe Campanile, *Histoire du Kurdistan* ; trad. de l'italien par le R.P. Thomas Bois, O.P, Paris, Institut kurde de Paris, l'Harmattan, 2004, (140 p).

65-گ. کامپانێل، *مێژووی کوردستان*.، تۆما بوا لە ئیتالییەوە کردوویە بە فرانسی. ئەم کتێبە کە بە فرانسی وەکوو ژمارە 4 ی بەدەر لە ژمارەی ئاسایی گۆواری (*Etude kurde*) بڵاوکرایەوە کاتی خۆی ساڵی 1818 لە ئیتالیا لە لایەن گ. کامپانێل بە زمانی ئیتالیایی بڵاوکراوەتەوە و کوردناسی فرانسی تۆما بووا لە شێستەکان کردوویە بە فرانسی و تا ساڵی 2004 دەستنووسە فرانسیەکەی کتێبەکە هەر بە دەسنووسی لە کتێبخانەی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان لە پاریس پارێزرابوو. کتێبەکە بە ئیتالیایی بە ناوی ( مێژووی کوردستان و ئەو تایەفە ئایینیانەی کە تییایاندایە ساڵی 1818لە ناپل بڵاوکراوەتەوە[*]. ئەم کتێبە دابەشی سەر نۆ بەش کراوە. نووسەر لە بەشی یەکەم کورتە باسێکی گشتیی کوردستان و لە بەشی دووەم باسی میرنشینە کوردییەکان دەکات وەك میرنشینەکانی: بدلیس، هەکاری، بۆتان و سۆران و قەراچۆڵان هتد. بەشی سێیەم تایبەتە بە بیروباوەڕی کورد و ئاینیان و لەم بەشەدا باسی ئایینی کورد، خورافیات، داب و نەریت و بەرهەمەکانی کوردستان، بازرگانی و شێوازی ژیانی کوردەواری دەکات. بەشی چوارەم باسی ئایینی ئێزیدیاتی دەکات. بەشی پێنجەم باسی هۆزە کۆچەرەکانی کوردستان دەکات. بەشی شەشەم تایبەتە بە مەسیحییەکانی کوردستان و بەشی

[*] *Storia della regione del Kurdistan e delle sette di religione ivi esistenti* Napoli, 1818

حەوتەم باسی کۆچەرە تورکەکان و عەرەبەکان  دەکات و بەشی هەشتەم باسی تایەفە ئایینییە غەیرە موسلمانەکانی وەك صائیبەکان دەکات و دوایین بەشیش تایبەتە بە باسی گرینگی سەربازی، سیاسیی و بازرگانی کوردستان.

66-Akihiko Yamaguchi, *L'Iran occidental après la chute d'Ispahan (1722) d'après les sources ottomanes: étude sur la situation socio-économique des provinces de Hamadân et du Kurdistan d'Ardalân*. Thèse de doctorat sous la direction de M. Jean Calmard, Thèse de doctorat, Paris, EPHE, 2005, (308f).

66- ئەکیهیکۆ یاماگوشی، *ئێرانی ڕۆژئاوا دوای ڕوخانی ئەسفەهان (1722) بەگوێرەی سەرچاوە عوسمانییەکان: لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی ڕەوشی کۆمەلایەتی-ئابووری هەرێمەکانی هەمەدان و کوردستانی ئەردەڵان.* بریتییە لە کارنامەی دوکتۆرای مێژوو و ساڵی 2005 پێشکەش بە زانکۆی EPHE کراوە. کارنامەکە لەسەر لێکۆڵینەوەی بڕێك لە لایەنە سۆسیۆ-ئابورییەکانی مێژووی ئێران نووسراوەتەوە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕەوشی ئابووری شار، ئاوایی و کۆچەرەکانی دوو هەرێمی ڕۆژئاوای ئێران: هەمەدان و کوردستانی ئەردەڵان لە سەرەتای سەدەی هەژدەهەم دیراسە کراون. لایەنە هەمەچەشنەکانی ژیانی شارنشینی، گوند نشینی و پێوەندی نێوان شار، گوند و کۆچەرەکان لەم دوو ناوچەیەی ئێران خراونەتەڕوو. نووسەر بۆ نووسینی باسەکە سوودی لە سەرچاوە ئەرشیڤییە بڵاونەکراوەکانی عوسمانی وەرگرتووە بە تایبەتی ئەو سەرژمێری و دەستاوێژانەی کە لە کاتی داگیرکردنی عوسمانی بۆ ئێران لە نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەهەم دا کردوویانە. تۆمارەکانی ئەرشیڤی عوسمانی لیستی ناوی باجدەرەکان و ئەو بڕە پارەیەی باج و خەراجیشی بەسەرەوەیە کە عوسمانییەکان سەندوویانە. جگە لەوە نووسەر لەگەڵ شیکردنەوەکانی دا گرافیك و نەخشەی هەمەچەشنەی بڵاوکردۆتەوە.

## 7.1 : مێژووی هاوچەرخ

67-Helmuth von Moltke, *Lettres du maréchal de Moltke sur l'Orient*, traduites de l'Allemand par Alfred Marchand. - 2e éd, Paris : Sandoz et Fischbacher, 1877, (VII-335 p).

**67–هیلمۆت ڤۆن مۆلتکە، *نامەکانی مارێشال مۆلتکە دەربارەی ڕۆژهەڵات*. مۆڵتکە (1800–1891) ئەفسەرێکی پایەبەرزی سوپای ئەڵمان بووە و لەماوەی ساڵانی (1834–1839) بۆ ڕاهێنان و مەشق پێکردنی سوپای عوسمانی لەناو ڕیزەکانی سوپای عوسمانی وەکو ڕاوێژکاری سوپا کاری کردووە. مۆلتکە لە نامەکانی دا کە لەسەر شێوەی نامەی ڕۆژانە بۆ هاوسەرەکەی ناردوون، گەلێك تێبینی و سەرنجی وردی خۆی لەبارەی ڕەوشی ناوچەکە تۆمار کردووە و نووسیووە. ئەم نامانە یەکەمجار بە ئەڵمانی بڵاوکراونەوە و هێندەی نەبرد ساڵی 1877 تەرجەمەی فرەنسی کران و دواتر چاپی دیکەی کرایەوە. بەشێکی چاکی ئەم نامانە لە لاپەڕە 302 تاوەکوو 366 باس و زانیاری و مەتریالی گرینگیان تێدایە لەسەر کورد و بە تایبەتی نامەی XLIV– XLVII– کە نامەکان خۆیان بە تایبەتی سەرەباسی کورد و کوردستان یان بەسەرەوەیە. سەرچاوەیەکی گرینگە لەبارەی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردستان لە دواچارەگی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا.**

68-Ernest Chantre, *Les Kurdes : Esquisse historique et ethnographique,* Lyon : A. Rey, 1897, (41 p).

**68–ئێرنست شانتر، *کورد: کورتە باسێکی مێژوویی و ئیتنۆگرافی*. ئەم کتێبەی شانتر سەرەتا لە دانیشتنی 7 ی نۆڤەمبەری ساڵی 1896 ی کۆمەڵەی ئەنترۆپۆلۆگی لیۆن خوێندراوەتەوە و دواتر لە بەرگی پانزەی ساڵی 1896 ی بولتەنی کۆمەڵەی ناوبراو**

بڵاوکراوەتەوە[3] و ساڵی دواتر باسەکە وەکوو کتێبێکی سەربەخۆ بڵاوکراوەتەوە. نووسەر سەرەتا باسێکی کورتی مێژووی کۆنی کورد و ناونانی کورد دەکات و دواتر باسی ئەوە دەکات کە سێ جاران سەردانی ڕۆژهەڵاتی کردووە. یەکەمجار ساڵی 1881 سەردانی تورکیای ئاسیەوی قەوقازیای کردووە و دووەم جار ساڵی 1890 سەردانی قەوقاز و دواجاریش ساڵی 1893–1894 سەردانی ئاسیای بچووکی کردووە و لەم سەردانەی دوایی دەرفەتی بۆ هەڵکەتووە و ژمارەیەکی زۆر کوردی بینیووە. نووسەر لەو سەروبەندەدا ژمارەی تەواوی کورد بە 1826000 کەس دادەنێ کە 1300000 یان لە تورکیا و 500000 کەسیشیان لە ئێران دەژین بە بێ حسابکردنی لور و بەختیارەکان. لە ئەفغانستان و بلوجستان 5000، لە ئەرمینیا 25000 و لە تورکیای ئەورووپیاش 1000 کەس هەن. دواتر نووسەر باسی ویلایەتە کوردییەکانی ئیمپراتۆریای عوسمانی دەکات (ئەرزەرۆم، وان، بدلیس، ویلایەتی دێرسیم). شانتر باسی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵگەی خێڵەکیی کورد، کوردە کۆچەرەکان، پێکهاتەی خێزان و هەروەها باسی کوردەکانی جەلالی، زازا، ئێزیدییەکانی ئەرمینیا و بەشێکی چاکی باسەکەشی تەرخان کردووە بۆ باسی ئێزیدییەکان و جگە لەوە کتێبەکە چەندین وێنەی گراڤوری جوانی کوردی تێدایە.

69-Dr. Chukru Mehmel Sekban, *La Question kurde : des problèmes des minorités,* Paris, Ed. Presses universitaires de France, 1933, (41 p).

69– دوکتۆر شوکری محەمەد سەگبان، *پرسی کورد: کێشەگەلی کەمینەنەتەوەکان.* نووسەری ئەم کتێبە یەکێك بووە لە تێکۆشەرانی ڕێگەی کوردایەتی و هەر لەگەڵ یەکەم ڕێکخراوە کوردییەکان تا کۆتایی تێکشکانی شۆڕشی ئاگری داغ بەشدارییێکی چالاکانە بووە. دوای ئەم مێژووە بە تەواوی ورەی دەڕوخێ و ئیدی هیچ باوەڕێکی

[3] Cf . *Bulletin de la Société d'Anthropologie de Lyon,* Tom 15, Prais- Lyon, 1896, p, 169-209.

**به سەرکەوتنی شۆڕشی کورد نامینێت. سەری پاریس دەدات و لە پاریس ساڵی 1933 لە چاپکراوەکانی چاپەمەنی زانکۆیی فرانسی بە زمانی فرەنسی ئەم نامیلکەیە بڵاودەکاتەوە و لەم کتێبەدا خەتێکی ڕاست و چەپ بەسەر مێژووی 37 ی ساڵەی خەباتی کوردایەتی خۆی دا دەهێنێ و بەڵکو زیاد لەوە زۆربەی ڕاستییە مێژووییەکانیشی ئاوەژۆ کردۆتەوە هەر تەنها بۆ ئەوەی کەمالیستەکان بیبەخشن و بگەڕێتەوە تورکیا تا ئەو ڕادەیەی لەم کتێبە تورکیبوونی ڕەگەزی کورد دووپات دەکاتەوە.**

70-Messoud Fany, *La nation kurde et son évolution sociale*, thèse pour le doctorat, université de Paris, faculté de droit, Ed. Libraire L. Rostein, Paris, 1933.(288 p).

**70-مەسعوود فانی، *نەتەوەی کورد و پەرەسەندنە کۆمەڵایەتییەکەی.* بریتییە لە کارنامەی دوکتۆرای مەسعوود فانی (1889-1979) کە لە حوزەیرانی 1933 پێشکەش بە زانکۆی پاریس، کۆلیژی یاسا کراوە. کتێبەکە دابەشی سەر فەسڵی جیاواز و بەش بەش نەکراوە بەڵکو زیاتر سەرەباسەکان یەك لە دای یەك نیاز و مەبەستەکانی نووسەر ڕووندەکەنەوە و زیاتر باسێکی گشتییە لەبارەی مێژووی کورد. لە باسە سەرەکیەکانی: بنچینەکانی کورد، هۆزە کوردییەکان، ژمارەی دانیشتوانی کورد، ئیتیمۆلۆژی وشەی کورد، ڕەچەڵەکناسی کورد، ئەنترۆپۆلۆژیا و ئیتنۆگرافیای کورد، سۆسیۆلۆژیای کورد، زمان و ئەدەبی کوردی، مێژووی کورد، میرنشینە کوردییەکان لە سەدەکانی ناوەڕاست دا، ژیانی کورد لەدەورانی پەلاماری تورکەکان دا، کوردستان، بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی لای کورد لە ساڵی 1908-ەوە، کورد و مەسەلەی ئەرمەن، دواتر لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە باسی پەیماننامەی سێڤەر، دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئەرمەنی سەربەخۆ و کوردستانێکی ئۆتۆنۆم دەکات و پاشان کێشەی مووسڵ و پێوەندی نێوان بریتانیا و تورکیا و پیەماننامەی 5 ی حوزەیرانی 1926 ی نێوان ئەنگلستان، عێراق، و تورکیا**

باسدەکات. دواجاریش باسی دوایین بزووتنەوەی کورد دەکات (ڕاپەڕینی ئارارات) و لە دوایین بەشیشدا باسی ئاسۆبینینەکانی دوارۆژی کوردستان دەکات. دەرئەنجام (لا: 272–274) و بیبلیۆگرافیا (لا: 275–283). وا دیارە بە گوێرەی سەرچاوە مێژووییەکان نووسەری ئەم کتێبە لە دوا دواییەکەی سییەکان دا تەسلیم بە تورکیا بۆتەوە و گەڕاوەتەوە تورکیا و سوودی لە بەخشینی (150) ییەکە وەرگرتووە، جا ئەگەر نووسەرەکەی لە ساڵی 1938–ەوە بە مردوو دابنێین بەڵام بەڕاستی تێزەکەی نەك هەر نەمردووە بەڵکو تا ڕۆژی ئەمڕۆش یەکێکە لە سەرچاوە ڕەسەنەکان.

71-Basile Nikitine,« Notes sur le kurde », In: *Oriental studies in honour of Dasturji Saheb Cursetji Erachji Pavry*, January 1934, p. 305-334.

72-Irmine Romanette. *Le Kurdistan et la question Kurde*, Paris, Librairie Marceau, Coll. Trésor du siècle, 1938, (20 p).

72–ئیرمینا ڕۆمانێتا، *کوردستان و پرسی کورد*. بریتییە لە وڵامدانەوەی وتارێك لە ڕۆژنامەی *Le Temps* کە لە 17 ی ئابی 1937 بە بێ ناوی نووسەرەکەی بڵاوکراوەتەوە و هێرشی ناڕەوای کردۆتە سەر گەلی کورد. ئەم نامیلکەیە وەڵامدانەوی ئەم وتارەیە و زۆر بە هێمنانە بە مێژووی کورد دا هاتۆتە خوارەوە و زۆر شێلگیرانە داکۆکی لە گەلی کورد دەکات.

73-Lucien Rambout, *Les Kurdes et le droit, des textes, des faits*. Paris : Les Ed. du Cerf, 1947, (160 p).

73–لوسیان ڕامبۆ، *کورد و هەق، تێکست و ڕاستییەکان*. لوسیان ڕامبۆ ناوی خوازراوەی کوردناسی فرەنسی تۆما بوا ( 1900 – 1975 ) یە. ئەم کتێبە بریتییە

له چەند باسێکی مێژوویی کە بڕێکیان لە گۆوارە فرەنسییەکان بڵاوکراونەتەوە. ئەم کتێبە بریتییە لە (7 ) فەسڵ کە بەمشێوە دابەشکراوە: فەسڵی یەکەم کوردستان و کورد. بریتییە لە کورتە باسێکی جوگرافیا و مێژووی کوردستان و ژمارەی دانیشتوان و پرسی کورد ( لا: 11-21 ).، فەسڵی دووەم: (بە ئاگر و ئاسن) باسێکی خەباتی کوردەکانی کوردستانی تورکیا یە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە. کوردستان لە پەیماننامەکانی ئاشتی، شۆڕشی ئارارات و یاسای دوورخستنەوەی کوردان لە باسە سەرەکیەکانیەتی (لا: 23-44).، فەسڵی سێیەم : (لەژێر باڵی هێزی ئاسمانیی پاشایەتی بریتانی دا)، باسی پێوەندییەکانی ئینگلیز و سەرکوتکردنی شۆڕشەکانی کورد دەکات لە لایەن ئینگلیز و بە درێژی باسی ڕاپەڕینەکانی بارزان دەکات (لا: 45-82).، فەسڵی چوارەم: ( لە نێوان ورچ و پڵنگ دا) تەرخانی کوردەکانی ئێران کراوە و بە تایبەتی کۆماری مەهاباد ( لا: 83-108 ). فەسڵی پێنجەم : (لە هەوای ئازادی دا ) باسی کوردەکانی شورەوییە (لا: 109-115). فەسڵی شەشەم : (یەکێتی هێز دروست دەکات) باسی ئەوە دەکات چۆن ئەگەر کوردەکان یەکبگرن هێزیان زیاد دەبێت و دەتوانن مافەکانی خۆیان بەردەست بخەن (لا: 117-136) دوایین فەسڵ بەناوی (لەبەردەم ویژدانی جیهانی دا ) بریتییە لە کۆمەڵێك دەستاویژ و بەڵگەنامە کە کوردەکان لە ساڵی 1945 پێشکەش بە ئەنجومەنی سان فرانسیسکۆ، وەزیرانی کۆبووە لە لەندەن، مۆسکۆ و دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان یان کردووە (لا: 137-145). دەرئەنجام (لا: 147-148). پاشەکی (لا:149-152), بیبلیۆگرافیا (لا: 155-158) و جگە لەوە کتێبەکە نەخشەیەکی کوردستانی گەورەی لەگەڵە.

74-Joyce Blau, *Le fait national kurde*. Mémoire de licence de l'Université libre de Bruxelles. Faculté de philosophie et lettres. Institut de philologie et d'histoire orientales et slaves. Section islamique, 1961-62, Bruxelles, [s.n.], 1962, (III-XXII-101 p).

74-جۆیس بلۆ، *کێشەی نەتەوایەتی کورد*. بریتییە لە کارنامەی لیسانسی ساڵی خوێندنی 1961-1962 ی زانکۆی بڕۆکسێلی ئازاد - بەشی فەلسەفە و ئەدەب و لەژێر چاوەدێری ئارماند ئابێل نووسراوە. باسەکە دابەشکراوە بۆ سەر دوو بەش. بەشی یەکەم: کوردەکان (لا: 1-45). لەم بەشەدا زۆر بە کورتی باسی جوگرافیا، ئاو هەوا، سەرچاوەکانی وڵات، دانیشتوان، زمان و ئەدەبی کوردی دەکات. هەرچی بەشی دووەمە بریتییە لە مێژووی کورد (لا: 46-97). ئەم بەشە تایبەتە بە بنچینەی کورد، مێژووی کورد لە سەدەی نۆزدەهەم و باسی کورد دەکات لە هەریەکە لە عێراق، تورکیا، ئێران، سوریا و شوورەوی. باسەکە بیبلیۆگرافیایەکی دەوڵەمەندی سەرچاوەکانی لەگەڵدایە. هەروەها سێ پاشکۆشی بۆ کراوەتە پاشبەند: 1-دەقی فرەنسی ماددەکانی 62،-64 ی پەیماننامەی سێڤەر.، 2-ئەو نامەیەی کە شێخ مەحموود لە کاتی سەردانەکەی ئارنۆلد ویلسن بۆ سلێمانی لە 1 ی کانوونی یەکەم 1918 بە ئیمزای چل سەرۆکهۆزی کورد پێشکەش بە ویلسنی کردووە.، 3-وەڵامی سێر ئارنۆلد ویلسن بۆ بروسکەنامەیەکی ئۆفیسی هیندستان لە 24 ی ئابی 1919.

75-Joyce Blau, *Le problème kurde : essai sociologique et historique*, Bruxelles, Publications du Centre pour l'étude des problèmes du monde musulman contemporain, 1963, (80 p).

75-جۆیس بلۆ، *پرسی کورد: کورتە باسێکی سۆسیۆلۆژی و مێژوویی*. نامیلکەیەکی بچووکە و دابەشی سەر دوو بەشکراوە: لە بەشی یەکەمدا کورتە باسێکی زۆر گشتییە لەبارەی دانیشتوان، مۆدی ژیان، کۆمەڵگە، ئایین، زمان و فۆلکلۆری خەڵکی کوردستان (لا 5-23)، هەرچی بەشی دووەمە باسێکی کورتی مێژووی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردە لە سەدەی نۆزدەهەم و دواتر باسی پەیماننامەی سێڤەر و لۆزان و ڕاپەڕینەکانی دواتری پارچەکانی کوردستان (لا: 25-65). دواتریش بڕێك تێکست و پەیماننامەی کردۆتە پاشکۆی کتێبەکە وەکوو

تێکستی فرەنسی ماددەکانی 62-64 ی پەیماننامەی سێڤەر و چەند بەڵگەنامەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستان و کتێبەکە نەخشەیەکی کوردستانیشی لەگەڵە.

76-Thomas Bois, *Connaissance des Kurdes*, Beyrouth : Khayats, 1965, (VI-164 p).

76- تۆما بوا، کوردناسی، باوکە تۆما بوا یەکێکە لەو زانا و کوردناسانەی کە ماوەیەکی یەکجار زۆر لەناو کورد دا ژیاوە و زمانی کوردی بە تەواوەتی زانیووە. ئەم کتێبە یەکێکە لەو هەوڵە زانستیانەی کە لە بواری کوردناسی دا نووسراون. ئەم کتێبە بریتییە لە یانزە فەسڵی جیا و نووسەر زۆر زانستیانە لە فەسڵی یەکەم لەبارەی جوگرافیای کوردستان، سەرچاوە ئابوورییەکان و شارە کوردییەکان دەدوێ (لا:1-6) و پاشان لە فەسڵی دووەم بە مێژووی کۆنی کورد دا هاتۆتە خوارەوە و باسی کوردستان دەکات لە سەرچاوە یۆنانییە کۆنەکان و دواتر لە ڕوانگەی ئەنترۆپۆلۆژیاوە چاوێك لە ڕەسەنی کورد دا دەخشێنێ (لا:7-18). لە فەسڵی سێیەم زۆر بە وردی باسی ژیانی کۆچەری و جێنشینی، شوێنی نیشتەنی و ژیانی ڕۆژانە و هونەر و پیشەوری لای کورد دەکات (لا:19-30) و لە فەسڵی چوارەمیش باسی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانی کورد دەکات: پێکهاتەی هۆزی کورد، سەرۆکهۆزی کورد و لەناوچوونی ڕەوشی خێڵەکی دەکات لەناو کورد دا (31-42). فەسڵی پێنجەم تایبەتە بە خێزان لە کۆمەڵگەی کوردەواری و لەم فەسڵەدا باسی ژنخوازی، ئاهەنگی زەماوەند، بێشکە و منداڵێتی و پەروەردە دەکات (لا:43-60), فەسڵی شەشەم تەرخانکراوە بۆ خولیا و حەزەکان وەك گۆرانی، ئاهەنگ و یاری (لا: 61-76). فەسڵی حەوتەم باسی لەشساغی دەکات لە کوردستان (لا: 77-86) و فەسڵی هەشتەم تەرخانکراوە بۆ پێگە و جێگەی ئایین لە ژیانی کورد (87-102) و فەسڵی نۆیەم تەرخانی خورافیات کراوە وەك نوشتە، پڕوپووچی و جادووگەری کراوە (لا: 103-114). فەسڵی دەیەم بۆ ئەدەبی کوردی تەرخانکراوە و باسی شاعیرانی کورد و چاپەمەنی و ڕۆژنامەوانی کورد دەکات. ئەم بەشەی زانیاریەکانی تا ڕادەیەك کرچ

و کاڵن و زۆر سەرتایین (لا:115-140). دوایین فەسڵی کتێبەکە لەبارەی ناسیۆنالیزمی کوردە کە لە سەرهەڵدان و بنچینەی نەتەوەی کورد دەکۆڵێتەوە (141-158). دواجاریش بیبلیۆگرافیا(لا:159-169) و هاوکات نەخشەیەکی کوردستانیشی لەگەڵ دایە.

77-Jean-Pierre Viennot, *Contribution à l'étude de la sociologie et de l'histoire du mouvement national kurde (1920 à nos jours)*, Thesis (doctorat de 3e cycle), Université de Paris, 1969, 2 Volumes (Vol I/223 p) & (Vol II/247 p).

77-ژان-پییێر ڤیینۆ، *بەشدارییەک لە لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژی و مێژووی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد (1920-تا وەکو ئەمڕۆ)*. کارنامەی دوکتۆرایە و لە ئایاری 1969 پێشکەش بە زانکۆی (EPHE) ی سۆربۆن کراوە. نامەکە بریتییە لە دوو بەرگ. بەرگی یەکەم بریتییە لە هەشت فەسڵی سەرەکی کە بەمشێوەیە. فەسڵی یەکەم: ڕەوشی کوردۆلۆژی لە جیهان دا (لا: 4-10). فەسڵی دووەم: کورتە باسێکی گشتیی لەبارەی پرسی کورد (لا: 11-32). فەسڵی سێیەم: سروشتی کۆمەڵگەی کوردەواری و پێکهاتەکانی ناسیۆنالیزمی کورد (لا: 33-76). لەم فەسڵەدا هەم لە ڕووی جوگرافی و هەم لە ڕووی مێژووییەوە لە کۆمەڵگە و پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری دەکۆڵێتەوە. فەسڵی چوارەم: ڕوخانی ئیمپراتۆریای عوسمانی و دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق-پرسی کورد لە تورکیا و عێراق دا 1916-1945 (لا: 79-119). لەم فەسڵەدا لە سەدەی نۆزدەهەمەوە بە باسەکەدا هاتۆتە خوارەوە و سەرەتا نەخشەیەکی ڕەوشی سیاسیی ڕۆژهەڵات ناوەڕاست و دواتر هەوڵدەدات شوێنی کورد لە م نەخشەیەدا لەسەرتای سەدەی بیستەم دیاری بکات. هەر لەم فەسڵەدا باسی ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانیی و ئەنجامەکانی بۆ سەر کورد و دروستبوونی دەوڵەتی عێراق و پرسی مووسڵ و پرسی کورد لە تورکیا و عێراق لە 1925 تا 1945 لە باسە سەرەکیەکانیەتی. فەسڵی پێنجەم: ئەزموونی مێژوویی کۆماری مەهاباد 1946 (لا: 120-1945) کە تەرخانی پرسی کورد کراوە لە ئێران

و بەتایبەتیش کۆماری مەهاباد. فەسڵی شەشەم: شۆڕشی 14ی تەممووزی 1958 و پرسی کورد (لا: 146–165). باسی مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان و ململانێ ئەو پارتە لە نێوان ڕەوتی پان عەرەبیزم وکۆمۆنیزم دا دەکات. فەسڵی حەوتەم: کوردستانی عێراق و شۆڕشی بەردەوام ئەیلوولی 1961– ئاياری 1969 (لا: 166–199). فەسڵی هەشتەم: پرسی کورد لە ڕەوشی نێودەوڵەتی دا: ئاسۆبینینی شۆڕشی کورد (لا: 200–223). لەم فەسڵەدا باسی مێژووی ڕەوشی کورد لە تورکیا، ئێران و سوریا کراوە و پاشان باسی ڕای گشتیی جیهانی کراوە لە بەرامبەر پرسی کورد. دواجار بیبلیۆگرافیا (لا:224–234). هەرچی بەرگی دووەمی کارنامەکەیە بریتییە لە کۆمەڵێکی زۆر بەڵگەنامەی مێژوویی کە بەشی زۆریان لە لایەن نووسەری نامەکە لە عەرەبییەوە کراون بە فرەنسی و بەشی هەرە زۆری بەڵگەنامەکانیش جگە لە یادداشتنامەکەی ژێنێراڵ شەریف پاشا بۆ کۆنفرەنسی ئاشتی (1919) تەواوی بەڵگەنامەکانی دیکە تایبەتن بە ئەرشیڤی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و بزووتنەوەی کوردایەتی لە ساڵەکانی شێستەکاندا کە بەشێکی زۆری ئەم بەڵگەنامانە ئەگەر ئۆرژیناڵەکانیشیان نەفەوتابن ئەوە بە دڵنیاییەوە ڕەنگە تاک و تەرا دانەی زیاتریان لێنەمابێتەوە و لێرەوە گرینگی ئەم بەشە زۆر زیاتر دەبێت (247 لاپەرەیە).

78-Chris Kutschera, *Le mouvement national kurde*, Paris, Ed. Flammarion, Coll. (L'Histoire vivante- 4) 1979, (393 p).

78– کریس کۆچێرا، ***بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد***. کتێبێکی گشتییە لەبارەی مێژووی کورد لە چارەگی دوایی سەدەی نۆزدەهەم و سەدەی بیستەم و بابەتەکان بە گوێرەی کرۆنۆلۆژی ڕووداوە مێژووییەکان پۆلینکراون. کتێبەکە دابەشی سەر چوار بەشی سەرەکی کراوە. بەشی یەکەم: لە دایکبوونی ناسیۆنالیزمی کورد (لا:13–35). لەم بەشەدا باسی میر بەدرخان و بزووتنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و دەستپێکی ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد دەکات. بەشی دووەم: ساڵانی

چەوساندنەوە (لا: 39–129) لەم بەشەدا باسی ڕاپەڕینەکانی کوردستانی تورکیا (1921)، بزووتنەوەی سمکۆ، بزووتنەوەی شێخ مەحموود، شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران (1925)، کۆماریی کوردیی ئارارات (1927–1931)، دوایەمین شۆڕشی شێخ مەحموود، شۆڕشی شێخ ئەحمەدی بارزانی و شۆڕشی دێرسیم (1937–1938) دەکات. بەشی سێیەم: خەبات بۆ سەربەخۆیی (لا: 133–333) درێژترین بەشی کتێبەکەیە و باسی شۆڕشی 1958 ی عێراق، جەنگی قاسم لەگەڵ کورد، یەکەمین ئاگربەس (شوبات–حوزەیرانی 1963)، یەکەمین جەنگی بەعس، دووەم ئاگربەس، جەنگی عارف، سێیەمین جەنگی بەعس (ئاداری 1974–ئاداری 1975)، ڕێکەوتنامەی جەزایر. بەشی چوارەم: دەرئەنجام و ئاسۆبینین (لا: 337–350). لەم بەشەدا باسی کوردەکانی تورکیا لە 1958 تاوەکو ساڵی 1975، کوردەکانی ئێران لە 1958 تاوەکوو ساڵی 1976 و دواجاریش کوردەکانی عێرا ق لە 1976. پاشان دەرئەنجام (لا: 351–355) و پەراوێز و بیبلیۆگرافیا (لا: 357–380).

79-Gérard Chaliand (ed), *Les Kurdes et le Kurdistan: la question nationale kurde au Proche-Orient*. A.R. Ghassemlou, Kendal, M. Nazdar, A. Roosevelt J; préface de Maxime Rodinson, Paris : F. Maspero, 1ère édition, 1978, (354 p), 2ème édition, Paris : F. Maspero, 1981, (369 p).

79– ژێرار شالیان (ئیدیتۆر) کورد و کوردستان. مەکسیم ڕۆدنسۆن بەرایی بۆ نووسیووە (7–14). دواتر ژێرار شالیان پێشەکیەکی بۆ کتێبەکە نووسیووە بە ناوی : پێشکەشکردن: پرسی نەتەوەیی و مافی کەمینە نەتەوەکان (لا: 15–30). چاپی فرەنسی ئەم کتێبە دابەشی سەر 11 فەسڵ کراوە. فەسڵی یەکەم : کورد لە ئیمپراتۆریای عوسمانی دا لە نووسینی کەندال (لا: 11–37).، فەسڵی دووەم: کوردستانی تورکیا لە نووسین کەندال (لا: 38–94).، فەسڵی سێیەم: کوردستانی ئێران لە نووسینی عەبدولڕەحمان قاسملوٚ (لا: 95–121).، فەسڵی چوارەم : کۆماری کوردیی مەهاباد، وتارێکی ئارچی ڕۆزڤێلتە لەبارەی کۆماری مەهاباد کە لە ژمارە

بڵاوکراوەتەوە و *Middle East Journal* گۆواری 1947 یەکی تەمموزی ساڵی لێرە دووبارە وەکو خۆی چاپکراوەتەوە (لا: 122–138).، فەسڵی پێنجەم تەرخانی کوردستانی عێراق کراوە و باسێکە عیصمەت شەریف وانلی نووسیوویە (لا: 139–193)ن، فەسڵی شەشەم تایبەتە بە کوردەکانی سوریا و بەناوێکی خوازراوەی موستەفا نازدار بڵاوکراوەتەوە (لا: 194–200).، فەسڵی حەوتەم کەندالّ لەبارەی کوردەکانی یەکێتی شورەوی نووسیووە (لا: 202–210). دوایین جاریش کرۆنۆلۆژیای ڕووداوەکان لا: 248–253 و بیبلیۆگرافیا لا: 254–256. شایانی گوتنە ئەم کتێبە دواتر هەر زوو تەرجەمەی ئینگلیزی، ئەڵمانی، عەرەبی و فارسی کراوە.

80-Mohsen Ahmad Omar, *L'image des Kurdes chez les voyageurs français de première moitie de XIX siècle*. Mémoire de D.E.A., (Sous la direction de Professeur Jean Gillet), Université de la Sorbonne Nouvelle Paris III, URF littérature générale et Comparée. 1992, (65 p).

80–موحسین ئەحمەد عومەر، *وێنە (ئیماژ) ی کورد لای گەڕۆکە فەرەنسییەکان لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم دا.* نامەی D.E.A یە ساڵی 1992 پێشکەش بە زانکۆی سۆربۆن (پاریسی سێیەم) کراوە,

81-Salah Jmor, *L'origine de la question kurde*, Paris, Éd. l'Harmattan, Coll.Comprendre le Moyen-Orient) 1994, (283 p).

81–سەلاح جمور، *بنچینەی پرسی کورد*. ئەم کتێبە لە بنەواندا بریتییە لە کارنامەی دوکتۆرا کە ساڵی 1992 پێشکەش بە ئینستیتووتی لێکۆڵینەوە نێودەوڵەتییەکانی زانکۆی ژنێڤ کراوە. لەم کتێبەدا جمور بە بنچینەکانی پرسی کورد هاتۆتە خوارەوە

و تەرخانی سەرهەڵدانی پرسی کورد کراوە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی تاوەکوو کێشەی ویلایەتی مووسڵ. ئەم کتێبە سەنتێزێکی زانستییە و پشت ئەستوور بە بەڵگەنامەی بڵاونەکراوە و بڵاوکراوەکانی ئەرشیڤخانەکانی بریتانیا، کۆمەڵەی گەلان، ئێران، عێراق و تورکیا بەستراوە. کتێبەکە دابەشی سەر حەوت فەسڵ کراوە. فەسڵی یەکەم تەرخانکراوە بۆ قسەکردن لەسەر ئەمارەتە کوردییەکان، پەیماننامەی ئەرزەرۆمی یەکەم و دووەم و دواتریش بەرژەوەندییەکانی ڕووسیا. بریتانیا و ئەوروپا لەناو کوردستاندا. (لا:21–48). فەسڵی دووەم: جەنگی یەکەمی جیهانی، داگیرکردن و ڕێکەوتنامە نهێنییەکان 1914–1918( لا: 40–74). فەسڵی سێیەم: لە ئاگربەسی تشرینی یەکەم 1918 تا مۆرکردنی پەیماننامەی ڤێرسای لە حوزەیرانی 1919 (لا: 75–106). فەسڵی چوارەم : لە مۆرکردنی پەیماننامەی ڤێرسای لە حوزەیرانی 1919 تا کۆنفرەنسی سان ڕیمۆ نیسانی 1920 (لا: 107–134). فەسڵی پێنجەم: پەیماننامەی ئاشتی سێڤەر لە ئابی 1920 و هەوڵدانەکانی کورد بۆ دروستکردنی دەوڵەتێك (لا: 135–156).، فەسڵی شەشەم : لە دووەم کۆنفرەنسی لەندەن لە شوباتی 1921 بۆ کۆتایی کۆنفرەنسی لۆزان لە تەمووزی 1923 )لا: 169–204) و دواین فەسڵ: کۆمەڵەی گەلان (لا: 205–238). دوجاریش دەرئەنجام (لا: 239–260) و بیبلیۆگرافیای سەرچاوەکان (لا: 261–283). دواجار دەبێ ئەوە بگوترێ کە نووسەری ئەم کتێبە لە 1982 تاوەکوو ساڵی 1992 نوێنەری کورد بووە لە نەتەوە یەکگرتووەکان و وەکوو مامۆستاش لە زۆر زانکۆ دا دەرسی وتووەتەوە و بەداخەوە ڕۆژی 28 ی حوزەیرانی ساڵی 2005 لە بەغدا بە گوللەی وێڵی ئەمریکاییەکان زۆر بە ناهەق شەهید کرا.

82-Christine More, "Les Kurde à l'époque contemporaine"., In : *Homme et Migrations*, (Dossier minorités au Proche-Orient), N° 1172-1173, (janvier et février 1994), p. 55-63.

82-کریستین مۆر، "کورد لە سەردەمی هاوچەرخ دا" . سەرەتا نووسەر باسێکی جوگرافیای کوردستان، دابەشبوونی کوردستان و مێژووی کوردستان دەگێڕێتەوە لە دەورانی سوڵتان عەبدولحەمیدەوە تاوەکوو کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی. ئینجا بە جیا باسی پارچەکانی کوردستان دەکات. لە کوردستانی تورکیا باسی هەڵسانەوەی هۆشیاری نەتەوەیی (لە دایکبوونی پەکەکە) و خەباتی گەریلایی پەکەکە دەکات. پاشان باسی کوردستانی عێراق و کوردەکانی عێراق دەکات لە دەورانی ئینتیدابەوە بو سالانی شۆڕشی ئەیلوول و یاسای ئۆتۆنۆمی بەعس و جەنگی عێراق-ئێران و ڕاپەڕینی بەهاری 1991 ی کوردستانی عێراق باسدەکات و ئینجا باسی کوردستانی ئێران و کۆماری مەهاباد و ڕەوشی کوردەکانی ئێران لە سالانی حەفتایەکان و دواجاریش کورد لە دەورانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران و لە دوایین بەشی وتارەکەشیدا باسی کوردەکانی سوریا و دیاسپۆرای کورد دەکات لە ئەوروپا.

83-Chris Kutschera, *Le défi kurde ou Le rêve fou de l'indépendance*; préf. De Danielle Mitterrand, Paris : Bayard éd, 1997, (352 p).

83-کریس کۆچێرا، *خەباتخوازیی کورد یان خەونی شێتانەی سەربەخۆیی*. پێشەکی لە لایەن دانیێل میتراند بۆ نووسراوە (لا: 9-21). بەشی یەکەم: لە عێراق دا. لە لەناوچوونەوە...بۆ نیمچە سەربەخۆیی (لا: 25-144). ئەم بەشە دابەشی سەر پێنج فەسڵی جیاواز کراوە لە خەباتی کوردی عیراق دەدوێ هەر لە ساڵی 1941 تاوەکوو شەڕی براکوژی ساڵانی 1994-1998. بە ڕوویێکی تایبەت تەرخانی ساڵانی پاش هەرەسی 1975 کراوە و بایەخێکی تایبەتی بە ژیانی فرە حزبایەتی داوە لەم بەشەی کوردستان دا. بەشی دووەم: لە ئێران دا: هیوای هەڵە بە شۆڕشی ئیسلامی (لا:147-221). لەم بەشەدا لە چوار فەسڵی سەربەخۆدا مێژووی بزووتنەوەی کوردی ئێران دەگێڕێتەوە و سەرەتا باسی خەباتی نهێنی حدکا و دواتر بەشی سەرەکی باسەکە تەرخانی بزووتنەوەی کورد کراوە دوای هاتنە

سەرکاری شۆڕشی ئیسلامی ئێران (1979) تاوەکو نەوەدەکان و تیرۆرکردنی قاسملۆ (1989) و شەرەفکەندیی (1992). بەشی سێیەم: لە تورکیا: خەونی شێتانەی سەربەخۆیی (لا: 225–291). لەم بەشەدا کە تەرخانی کوردی تورکیا کراوە باسی هەستانەوەی کورد دەکات لە شێستەکان و حەفتایەکانی سەدەی بیستەم و پاشان زۆر بە وردی باسی باڵەکانی بزووتنەوی کورد دەکات لەم بەشەدا تا ساڵانی هەشتایەکان و دروستبوونی پەکەکە و خەباتی سەرسەختانەی کورد دەگێڕێتەوە. دەرئەنجام (لا: 293–311). دواتر پەراوێز و کورتەیەکی بیۆگرافیای کەسایەتیی، پارتی و ڕێکخراوە گرینگەکانی ناو باسەکە و جگە لەوەش کتێبەکە کۆمەڵێك وێنەی ڕۆژنامەنووسیی نایابی هەموو بەشەکانی کوردستان و چەند نەخشەیەکی کوردستانیشی لەگەڵ دایە. دیارە دەبێ ئەوەش بگوترێ کە ئەم کتێبەی نووسەر بەڕاستی تەواوکەری کتێبەکەی یەکەمیەتی (بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد–1979).

84-Najat Abdulla Ali, *La Naissance d'une conscience nationale kurde (De 1880 à 1930).* Mémoire de maîtrise, (sous la dir. De Monsieur le Professeur Francis Demier), Nanterre. Université de Paris X-Nanterre, 1999, (145 p).

84–نەجات عەبدوڵڵا عەلی، *لە دایکبوونی هۆشیاری نەتەوەیی کورد ( لە 1880 تا 1930)*، نامەی maîtrise–ە ساڵی 1999 پێشکەش بە زانکۆی پاریسی دەیەم کراوە.

85-Najat Abdulla Ali, *Nation et frontière : le Kurdistan entre l'Empire Ottoman et l'Empire Perse dans la première moitié du XIX siècle,* [mémoire de D.E.A.], Paris : Université Paris X - Nanterre, 2000, ( XVI-117 p).

85-نەجات عەبدوڵلا عەلی، ***نەتەوە و سنوور: کوردستان لە نێوان ئیمپراتۆریای عوسمانی و ئێران لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم دا.*** **بریتییە لە نامەی D.E.A (ساڵی پێنجەمی زانکۆ) پێشکەش بە زانکۆی پاریسی دەیەم کراوە. نامەکە دابەشی سەر دوو بەشی سەرەکی کراوە. بەشی یەکەم: بەرچاوخستنێکی باسەکە کە بەشوێن خۆیەوە دابەشکراوەتەوە سەر سێ فەسڵ. فەسڵی یەکەم: پێناسەکردنی باسەکە. لەم فەسڵە هەوڵدراوە پێناسەی چەمکی سنوور، مێژوونوسیی تیۆریەکانی نەتەوە، چەمکەکانی سنووری سروشتی و سنووری دەستکرد، دواجار لە دایك بوونی دوو بلۆکی دژ بەیەکی عوسمانی و صەفەوی لە سەدەی شانزهەم خراونەتەڕوو و پێبە پێش دوای ئەوە باسی پەیماننامەکانی سنووری نێوان هەردوو لا کراوە هەر لە پەیماننامەی ئەماسییەوە تاوەکوو پەیماننامەی زەهاوی (1639) و دواتریش باسی ئەوە کراوە چۆن کورد لەم ناوەندی ململانێیەدا وەکو گەلێکی بێدەوڵەت هەم فاکتۆری جەنگ و هەم فاکتۆری ئاشتی بووە و شوێنی کوردستان لە هاوکێشەی کێشەکانی سنووری نێوان ئێران و تورکیا کەلێنێکی گەورەیە لە مێژوونووسیی کوردی و دەبێ پڕبکرێتەوە (لا: 7-34). فەسڵی دووەم: ئیشکالیەتگەرایی: جیۆپۆلیتیکی پرسی کورد. باسێکە تەرخانی جیۆپۆلیتیکی پرسی کورد کراوە لە ڕووە نێودەوڵەتیی و هەرێمایەتیەکەوە (لا: 35-84). فەسڵی سێیەم: میتۆدۆلۆژی: سەرچاوەکانی مێژوونووسیی. باسێکی میتۆدۆلۆژییە دەربارەی کرۆکی باسەکە و لێکدانەوەی مێژوونووسیی کورد و شیکردنەوە و تەتەڵەکردنی سەرچاوەکانە (لا: 101-5). بەشی دووەم: سەرچاوە و بیبلیۆگرافیای هەڵبژاردە. بریتییە لە لیستی بەڵگەنامە و ئەرشیڤ و سەرچاوە و نووسراوەکانی تایبەت بە باسەکە بە زمانە ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاواییەکان ( لا: 102-115). فەرهەنگۆك (لا: 114). دواتر لە بەشی پاشکۆیەکان دا کۆمەڵێك پاشکۆ کراونەتە پاشبەند وەکوو: 1-سوڵتانەکانی عوسمانی لە 1754 تا 1924.، 2-(شا) یەکانی ئێران لە 1757 تا 1925.، 3- درەختی بنەماڵەی میرنشینەکانی بابان تاوەکو 1850.، والیەکانی بەغدا لە 1755 تاوەکوو 1905 و کۆمەڵێك تێکستی بەڵگەنامەی مێژوویی دیکە وەك: دەقی**

پەیماننامەی زەهاو (1639) و دەقی هەردوو پەیماننامەی یەکەم و دووەمی ئەرزەرۆم و کۆمەڵێك نەخشە، وێنە و گراڤوری تایبەت بە باسەکە (لا: یەك–شانزە).

## بەشی دووەم

## لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە
## تاوەکوو دروستبوونی کۆماری تورکیا

### 1.2 : کورد لە ئیمپراتۆریای عوسمانیدا

86-Frederick Millingen (Osman-seify-Bey), *La Turquie sous le règne d'Abdul-Aziz (1862-1867)*, Ed. Librairie Internationale, Paris, 1868, (491 p).

87-Perrot, « Les Kurdes de l'Haimaneh », In : *Revue des deux mondes*, février 1869, p. 607-631.

87-جۆرج پیرۆ،" کوردەکانی هایمەن". مێژوونووس و ئارکیۆلۆژیستی فرەنسی جۆرج پیرۆ (1832–1914) ساڵی 1861 بە مسیونێکی فرەنسی سەردانی ئاسیای بچووک دەکات. وادیارە سەرەتا لێکۆڵینەوە لەسەر کورد بە هیچ شێوەیەک لە بەرنامەی کاری مسیۆنەکەدا نەبووە بەڵام دواتر پیرۆ بە تاقی تەنیا بۆ ماوەی چەند

ماوەیەك لەناو کوردەکان دەمێنێتەوە و دەچێتە ئانادۆڵ (پێدەشتی هایمەن) و باسی بنچینە و زمانی کوردی دەکات و چوار ساڵ دوای سەفەرەکەی گەشتنامەکەی بۆ ناو کوردەکان بە ناوی "کوردەکانی هایمەن" لە گۆواری *Revue des deux mondes*ساڵی 1869 لە پاریس بڵاودەکاتەوە.

88-Jacque Rhétoré, "La famine en Mésopotamie et dans le Kurdistan", In : *L'Année Dominaicane,* 1880, p. 159-165.

88- ژاك ڕیتۆرێ: " قات و قڕی لە کوردستان و مێزۆپۆتامیا دا". باسێکە لە بارەی ڕەوشی ئەو گرانییە کە لە ساڵەکانی دوای جەنگی ڕووسیا و تورکیا 1878 کوردستان و مێزۆپۆتامیای گرتەوە.

89-Le Baron A. d'Avril, "Histoire de beder-khan", in: *Revue de l'Orient Chrétien,* (Recueil Tremestriel), Cinquème année, Paris, 1900, p. 649-653.

89-بارۆن ئا. دەڤریل، "مێژووی بەدرخان". باسێکی کورتی میری گەورە میر بەدرخان و شۆڕشەکەی و پێوەندی لەگەڵ میرنشینە کوردییەکانی دیکە باسدەکات و بە تایبەتی هێرشی بەدرخان بۆ سەر ئاسوورییەکان باسدەکات و وا دیارە زانیارییەکانی بە زۆری لە لایارد ڕاگوێزاوەتەوە.

90-Basile Nikitine, « Les kurdes racontés par eux-mêmes », In *l'Asie Française,* n° 231, Mai-1925, p. 147-157.

90-بازیل نیکیتین، " کوردەکان باسی خۆیان دەگێڕنەوە". ئەم وتارە لە بنەوان دا بریتییە لە نووسینێك کە وا پێدەچێ لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی لە لایەن مەلا سەعیدی کوردستانی بە کوردی نووسرابێتەوە درابێتە نیکیتین. ئەم وتارە بریتییە لە

مێژووی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمی شێخەکانی بارزان تا سەرەتای جەنگی یەکەمی جیهانی و لە سێدارەدانی شێخ عەبدولسەلامی دووەم. گێڕانەوەیەکی مێژووی کرۆنۆلۆژی ڕووداوەکان و تابلۆیەکی زۆر وردی ناکۆکی ناو خێڵەکان و شەڕی خێڵەکەیی بەدیار دەخات و وتارەکە سەربار دوو پاشکۆشی لەگەڵە، پاشکۆی یەکەم بریتییە لە درەختی بنەماڵەی شێخەکانی نەهری لە مەلا حاجییەوە و پاشکۆی دووەم بریتییە لە تێبینی دەربارەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی.

91-Kendal, « Les Kurde sous l'empire Ottoman». In : Gérard Chaliand (ed), *Les Kurdes et le Kurdistan: la question nationale kurde au Proche-Orient.* A.R. Paris : F. Maspero, 1978, p, 33-68.

91-کەندال نەزان، " کورد لە ئیمپراتۆریای عوسمانی دا". باسێکی گشتییە دەربارەی کورد لە ئیمپراتۆریای عوسمانی و بە پلەی یەکەمیش پێ لەسەر وێستگە گرینگەکانی ئەم مێژووە داگیراوە. وێستگەی یەکەمی باسەکە لە پان-عوسمانیزم و سەرەتای بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد دەدوێ و شوێن و جوگرافیای کوردستانی عوسمانی و کوردستانی فیۆدالی دا دەستنیشان دەکات و باسی ڕاپەڕینەکانی سەدەی نۆزدەهەمی کورد و سەرەتای وەدیارکەوتنی ڕێکخراوگەلی کوردی دەکات دواتر گرینگیەکی زۆری بە مێژووی ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی دوای ئەوە داوە و باسێکی پەیماننامەی سێڤەر دەکات.

92-Hasan Gökçe, "Portrait d'un émir kurde, Bedir-Khân Khan Bey", In : *Société et cultures musulmanes, d'hier et d'aujourd'hui*, N° 10, février 1996, p. 76-81.

92-حەسەن گۆچە، "پۆرتریتی میرێکی کورد: بەدرخان بەگ". ئەم وتارە باسی ژیان و ڕۆڵی سیاسیی میر بەدرخان بەگە (1809-1870) و هاوکات باسی شۆڕشی

(1847-1843)ی میر بەدرخان و دواتر باسی گیران و دوورخستنەوەی دەکات بۆ دوورگەی کریت لە 9 ی زیلقەعدەی 1263 و ڕۆژی 21 ی هەمان مانگ دەگاتە دوورگەی کریت و دواتر لە 17 ی محەڕەمی 1274 (1858) ئیمپراتۆریای عوسمانی لەقەبی (میری میران) ی پێدەبەخشێ. ساڵی 1867 ڕێگەی دەدەن بچێتە دیمەشق و دواجار لە ساڵی 1870 لە دیمەشق کۆچی دوایی دەکات و لە دوای خۆی 4 ژن، 6 کەنیزەك، 42 منداڵ و 10 نەوە لەدوای خۆیەوە بەجێدەهێڵێ. دوای مردنی لەسەر داوای بنەماڵەکە موچەکەی کە 19.000 پیاستەر بووە بەسەر میراتگرەوەکانی دابەشکراون. ئەم وتارە یەکێکە لە سەرچاوە باشەکان لەبارەی بیۆگرافیای میر بەدرخانی گەورە.

93-Joumana Debs, « Les minorités Assyriennes et Kurde dans l’Empire ottoman », In : *Minorités et nationalités dans l’Empire ottoman après 1516*, Actes du colloque du 28, 29 et 30 avril 1999 / organisé par le département d'histoire de la faculté des lettres et sciences humaines de l'Université libanaise, section II ; en collab avec l'Association des historiens libanais, Liban, 2001, p. 83-99.

93-ژومنا دەبس، "کەمینە نەتەوەی ئاسووری و کورد لە ئیمپراتۆریای عوسمانی دا ". ئەم وتارە کە یەکێك لە وتارەکانی کۆلۆکی زانکۆی لوبنان کە لە بەشی مێژوو ڕۆژانی 28-30 نیسانی 1990 لە لوبنان ڕێکخرا. ئەم وتارە باسی ڕەوشی ئاسووری و کوردەکانی هەکاری و بەشداریکردنی ئاسوورییەکان دەکات لە پێکەوەنانی دەرەبەگایەتی کورد دا. هەروەها بە کورتی باسی سترەکتووری کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردستان دەکات هەر لە سەدەی شانزەهەمەوە دواتر دەگاتە باسی شەڕی یەکەمی جیهانیی 1914-1918 و قەتڵوعامی ئاسوورییەکان دەکات لە لایەن سوپای عوسمانییەوە. باسی ئەوە دەکات وەختایەك جەنگ هەڵگیرسا هۆزە کوردەکان و ئاسووریەکان کە تا ئەوکات پێکەوە دەژیان ناچار بوون هەر یەکە و

کامپی خۆی هەڵبژێری: کورد عوسمانی و ئاسووریەکانیش (لە 15ی ئایاری 1915) جاڕی جەنگیان دا دژ بە عوسمانی و پاشانیش وتارەکە بە کورتیی باسی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد و خواستەکانی کورد دەکات لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و باسی پەیماننامەی سێڤەر و لۆزان دەکات.

94-Najat Abdulla Ali, *Empire, frontière et tribu: le Kurdistan et le conflit de frontière turco-persan (1843-1932).* Thèse de doctprta sous la direction de Francis Démier, Université de Paris X-Nanterre, 2006, (651 p).

94-نەجات عەبدوڵڵا عەلی، *ئیمپراتۆریا، سنوور و خێڵ: کوردستان و کێشەی سنووری نێوان تورکیا و ئێران 1843-1932.* بریتییە لە کارنامەی دوکتۆرا و لە 10 ی تەممووزی 2006 پێشکەش بە زانکۆی پاریسی دەیەم Nanterre کراوە. کارنامەکە دابەشی سەر سێ بەش کراوە و (26) فەسڵی سەرەکی لەخۆوە دەگرێ. بەشی یەکەم: خێڵ، کۆمەڵگە و سیاسەت لە کوردستان دا. لەم بەشەدا کە بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لە دەروازەیەك بۆ تێگەیشتن لە کرۆکی باسەکە و دابەشی سەر (10) فەسڵی سەربەخۆ کراوە لە دەوروبەری تەوەری جوگرافیای فیزیکی و مرۆیی، زمان و ئەدەب، ئیسلام و سۆفیگەری، ئایینزا کوردییەکان، خێڵ و سیستمی خێڵەکی، ناسیۆنالیزم و ناسنامە و سیستمی میللەت لە ئیمپراتۆریای عوسانی، کوردستان و کێشەی ئەرمەن و چەمکی دەوڵەت-نەتەوە و سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم لە ناوچەکە دەخولێتەوە (لا: 35-200). بەشی دووەم: ئیمپراتۆریا، سنوور و خێڵ: مێژووکرد و بەردەوامێتی. ئەم بەشە کە بەشی سەرەکی کارنامەکەیە و لە دەوری تەوەرەی سەرەکی باسەکە دەخولێتەوە کە بریتییە لە کێشەی سنووری نێوان تورکیا و ئێران هەر لە پەیماننامەی ئەماسیەوە (1555) تاوەکوو پەیماننامەی دیاریکردنی سنووری نێوان هەردوو دەوڵەت لە ساڵی 1932. لەم بەشەدا لە (9) فەسڵدا باسی کێشەکانی سنووری نێوان هەردوو وڵات کراوە و بە شێوەیەکی سەرەکی گرینگی بە پەیماننامەی یەکەمی ئەرزەرۆم 1823، پەیماننامەی دووەمی ئەرزەرۆم 1847 و

دواتر کاری کۆمسیۆنی چوارینەی نێوان (ڕووسیا، ئەنگلستان، ئێران و عوسمانی ) لە گفتوگۆی ئەرزەرۆم 1843 تاوەکوو سەرەتای جەنگی یەکەمی جیهانی. دواتر لەگەڵ دامەزراندنی کۆماری تورکیا و هەڵگیرسانی شۆڕشی کورد کێشە و گرفتی سنووری نێوان هەردوو هەر بەردەوام بووە تا دواجار لە ساڵی 1932 سنووری نێوان هەردوو لا بە یەکجاری کێشرا (لا: 201–347). بەشی سێیەم: وەدیارکەوتنی پرسی کورد لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان دا (1918–1926)، لەم بەشەدا لە حەوت فەسڵ باسی کوردستان لە سالآنی جەنگی یەکەمی جیهانی، سیاسەتی کوردیی هاوپەیمانەکان (ئەنگلستان و فرانسا)، کوردستان لەبەردەم کۆنفرەنسی ئاشتی و ڕەهەندە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکانی پرسی کورد شیکراونەتەوە (لا: 351–494)، دەرئەنجام (لا: 496–505)، پاشکۆ (لا:511–596 )، سەرچاوەکان (لا: 597–605) و بیبلیۆگرافیا (لا: 607–638)،

## 2.2 : کورد لە ئێران دا

95-J. de Morgan, *Mission scientifique en Perse*. Vol : VI, Cartes des rives méridionales de la mer Caspienne, du Kurdistan, du Moukri et de l'Elam, Paris, E. Leroux, 1895.

96-Basile Nikitine, *La Perse que j'ai connue 1909-1919*, Copié datylographiée donnée par l'auteur à M. Paul Boyer, Paris : [s.n.], 1941, (236 p).

96–بازیل نیکیتین، *ئێرانێ کە من ناسیم (بیرەوەری)*. بریتییە لە بیرەوەرییەکانی بازیل نیکیتین، کۆنە کونسوڵی ڕوسیا لە ورمێ و بیرەوەرییەکان لە ساڵی 1909 تاوەکوو ساڵی 1919 دەگرنەوە. بیرەوەرییەکان دابەشی سەر سێ بەشی سەرەکی کراون. سەرەتا (لا: 1–2). بەشی یەکەم: فێربوون. لەم بەشەدا لە فەسڵەکانی (1

تاوەکوو 4) باسی ساڵانی خوێندنی لە پۆلۆنیا و ڕووسیا و چوونی بۆناو وەزارەتی کاربارى هەندەرانی ڕووسیا و بەشداریکردنی لە تاقیکردنەوەی دیپلۆماسی تاوەکوو مانگی تشرینی دووەم 1991 وەختایەك وەکوو سکرتێری-وەرگێڕ لە کونسولخانەی ڕوسیا لە ڕەشت ناوی دەردەچێ (لا: 3-51). بەشی دووەم: لەناو گێژاودا. لە فەسڵەکانی ( 5 تاوەکوو 13) دا بیرەوەرییەکانی چوونیەتی لە شوباتی 1912 بۆ ڕەشت (ئێران) و لەوێشەوە باسی چوونە ناوەوەی ڕوسیا دەکات بۆ ناو ئێران و تەنگژەی ساڵی 1919 و داگیرکردنی عەسکەری ڕوسیا بۆ ئێران و ماوەی مانەوەی لە ڕەشت لە کونسوڵخانەی ڕوسیا و ژیانی جوتیارانی گەیلان و بیروڕای ڕووسیا لە بەرامبەر ئێران تاوەکو ڕۆیشتنی لە ڕەشت باسدەکات (لا: 51-139). هەرچی بەشی سێیەمە: ئێرانی بێلایەن لە سەردەمی جەنگ دا. گرینگترین و پڕ ڕووداوترین بەشی بیرەوەریانەکە و فەسڵەکانی (14 تاوەکوو 25) باسی کێشەی ئازەربایجان، گەیشتنی بۆ ورمێ وەکوو کونسولی ڕووسیا لەو شارە، ڕەوشی سیاسیی-عەسکەری ساڵانی 1915-1918 دەگێڕێتەوە و لەم بەشە لە زۆر شوێن دا باسی کوردستانی ڕۆژهەڵات (ئێران) دەکات و زۆر لایەنی مێژووی ئەم بەشەی کوردستان لە ساڵانی سەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانی ڕووندەکاتەوە بە تایبەت لە فەسڵی هەژدەهەم دا کە تەرخانکراوە بۆ باسی پرسی کورد. نیکیتین لە بیرەوەرییەکانی ئەو دەگێڕێتەوە کە لە پاییزی ساڵی 1915 لە لای خەڵکی سابلاغ ملی وەبەر فێربوونی کوردی وەناوە و هەر لەو دەورانە بووە کە ساڵی 1916 لە ورمێ فەرهەنگۆکێکی چکۆڵەی ئاخاوتنی کوردی-ڕووسی بۆ سەربازە ڕووسەکان و ساڵی دواتر نامیلکەیەکی بچووکیشی لەسەر کورد بڵاوکردۆتەوە. دیوێکی گرینگی ئەم بیرەوەریانە ئەوەیە باسی سەرکهۆزە کوردەکانی لایەنگیرانی ڕوسیا دەکات و لە حوزەیرانی 1919 لە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی دەوستێ (لا: 139-233). پاشکۆ (لا: 234-236). بیرەوەرییەکان لە ژێرەوەیان مێژووی ئەیلوول ساڵی 1941 پاریسی لەژێرەوە دا نووسراوە.

97- Rene le Grand Roy, "Les Kurdes et les evenements d'Iran". In : *La voix des peuples*. Revue de politique internationale, Publication du Bureau Central des Minorités, Genève, vol . 9, Nr. 4, 15-5-1942, p. 243-253.

97– لۆگراند ڕۆی، "کورد و ڕووداوەکانی ئێران". لە سەرەتا دا نووسەر باسی ئەوە دەکات کە لە سەرتای نیسانی 1942 بروسکەنامەیەکی ئاژانسی -Ofi Havas ئاماژە بەوە دەکات کە کوردەکانی ئێران ڕاپەڕیون، پاشان نووسەر باسی ئەوە دەکات کە ئینگلیزەکان بە چاوێکی زۆر خراپ سەیری چالاکیەکانی ڕووسیان دەکرد لەو ناوچانەی کە بە گوێرەی ڕێککەوتنامەی ئابی 1941 دەستیان بەسەرداگرتبوو. بۆیە ئینگلیزەکان دەیانەویست ناڕاستەوخۆ بەر لە بەرفرانخوازی شورەوی بگرن بەوەی پشێویان لەناو هۆزە کوردەکان دەنایەوە. دواتر نووسەر ئەو زانیارییە ڕاستدەکاتەوە کە یەکەم ڕاپەڕینی کوردەکانی ئێران لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی دەگەڕێتەوە بۆ تشرینی یەکەمی ساڵی 1941 نەوەك بۆ ساڵی 1942 وەك لە بروسکەنامەکەدا هاتووە. دواتریش باسی کوردەکانی خوراسان و بزووتنەوەی کورد لە هاوکێشەی جیهانییەکانی جەنگی دووەمی جیهانی باسدەکات.

98- N. Chouraswar, « Les conditions de vie des Kurdes de la région de Chah Abad durant le règne de Reza Chah ». In : *Bulletin du centre d'Etudes Kurdes*, Paris 1949, Nr. 5, p. 15-16.

99- Th. Bois, « La République Kurde de Mahabad ». In : *Le Monde diplomatique,* no. 119, août 1963.

100- Th. Bois, « La République Kurde de Mahabad ». In : *Bibliotheca Orientalis*, vol. 21, 1964, no. 5 et 6, p. 298-299.

101- Chirin S. Mohseni, *Eléments d'étude sur l'assimilation des minorités nationales en Iran: le cas des Kurdes.* Mémoire de D.E.A sous la dir. de M. Güzel, Université de Paris VII, 1984, (68 p).

101-شیرین موحسینی، *توخمگەلی لێکۆڵینەوە دەربارەی تواندنەوەی کەمینە نەتەوایەتییەکان لە ئێران: کورد وەکوو نموونە.* بریتییە لە نامەی D.E.A (ساڵی پێنجەمی زانکۆ) و لە ئۆکتۆبەری ساڵی 1984 پێشکەش بە زانکۆی پاریسی حەوتەم کراوە. نامەکە بەمشێوەیە دابەشکراوە. پێشەکی (لا: 2-3). فەسڵی ڕێگەخۆشکەر: کورد و دەسەڵاتی ناوەندی. ئەم فەسڵە زیاتر خوێندنەوەیەکی مێژووییە بۆ شارەزابوون لە مێژووی کورد هەر لە دەورانی کۆنەوە تاوەکوو ساڵانی بیست و دواتریش وەکوو تەواوکەری باسەکە بەشوێن مێژووی دەورانی دەسەڵاتی ڕەزا شا و دامەزراندنی دەوڵەتی ناوەندیی ئێران دەکات (لا: 4-12. ئینجا نامەکە دابەش کراوە بۆ سەر (3) فەسڵ. فەسڵی یەکەم: دانیشتوانی کورد. باسی جوگرافیا و دابەشبوونی دیمۆگرافیا دەکات (لا: 13-20). فەسڵی دووەم: ژیانی ئابووری کوردەکان. کۆمەڵگەی ترادسیۆنی، هۆز و ڕێکخراوە خێڵەکییەکان، شارەکان پێش جەنگی یەکەمی جیهانی (مەهاباد و کرماشان) و کۆمەڵگەی هاوچەرخ لە باسە سەرەکیەکانیەتی (لا: 21-34). فەسڵی سێیەم: بەرگری لە کولتووری کورد و مەودایەکانی. باسی ئەدەب، فۆلکلۆر، زمان و باوەڕ و داب و نەریتی کوردەکان دەکات (لا: 35-51). دەرئەنجام (لا: 52-53)، بیبلیۆگرافیا (لا: 54-68).

102-Motamed Hachemi-Behrouz, *Les Mouvements kurdes en Iran : l'insurrection d'Ismaïl Aqa (Simko), 1918-1930,* Thèse de doctorat. Paris 7 : 1989, (390-X p).

102-معتمد هاشمی بەهرۆز، *بزووتنەوەی کورد لە ئێران: ڕاپەڕینی چەکداری ئیسماعیل ئاغا (سمکۆ) 1918-1930.* کارنامەی دوکتۆرایە و ساڵی 1989

پێشکەش بە زانکۆی پاریسی حەوتەم کراوە. نامەکە دابەشی سەر پێشەکی و ( 4 ) بەش کراوە. بەشی یەکەم: پێشەکیەکی مێژوویی (لا: 21–170). ئەم بەشە دابەشی سەر (9) فەسڵی سەربەخۆ کراوە کە تێیاندا باسی ناوچەی جوگرافی و بنچینەی هۆزەکە، ئایین (تابلۆی ئیتنیکی–ئایینی ناوچەکە) دەستێوەردانی بێگانە لە ئیمپراتۆریای عوسمانی–ئێرانی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم دا و پاشان باسی ئیتنیکی کورد کراوە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم دا هەر لەم بەشەدا باسی زمان، دیالێکت و کۆمەڵگە و پێکهاتەی خێڵەکیی و پێوەندیی نێوان خێڵ و ئیمپراتۆریا باسکراوە. پاشان فەسڵێکی سەربەخۆ تایبەت بە خێڵ و کۆمەڵگەی خێڵەکی و دواتر باسی ناوچەی نفوزی سمکۆ دەکات لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و باسێکی جوگرافی ناوچەکە و دابەشبوونی جوگرافی دەکات و لە کۆتایی ئەم بەشەدا باسی بنەماڵەی سمکۆ دەکات. بەشی دووەم: هەڵکشانی سمکۆ بەر لە ساڵی 1914 (لا: 171–223). لەم بەشەدا بە دوو فەسڵ باسی کێشەی سیاسیی ئێران و ناوچەکە دەکات و پاشان دەگەڕێتەوە سەر شۆڕشی 1906 و باسی قودرەتمەندی سمکۆ دەکات لە 1906 تا 1914. بەشی سێیەم: جەنگی یەکەمی جیهانیی 1914–1918. لە سێ فەسڵ دا باسی ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانیی دەگێڕێتەوە و کێشەی کورد تاوەکوو ساڵی 1919 باسدەکات. بەشی چوارەم: سمکۆ 1920–1930 (لا: 301–357). لە سێ فەسڵ دا باسی هێزی سمکۆ دەکات لە ساڵەکانی 1920–1922، دەسەڵاتی سمکۆ، بیروڕای سمکۆ و فەسڵی کۆتایشی بریتییە لە کۆتایی ساڵانی سمکۆ 1922–1930. لەم فەسڵەدا باسی حکومەتی نوێ ئێران و ساڵانی سەرگەردانیی سمکۆ و دواجار کوشتنی سمکۆ دەکات لە 21 ی تەمموزی 1930. بیبلیۆگرافیا (لا: 358–390

103-Yann Richard, « Les Kurdes d'Iran : révoltes, idéalisme et silence ». In *La question Kurde* (Sous la dir. de Elizabeth Picard), Ed. Complexes, Bruxelles, 1991, p. 53-78.

103-یان ڕیشارد، "کوردەکانی ئێران: شۆڕش، ئیدیالیزم و بێدەنگی". نوسەر لەم وتارەیدا سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە وا ڕاگوێزانی کورد لە ئێران بۆ لاوازکردن و بەکارهێنانیان بووە لە سۆنگەی سیفەتی جەنگاوەریان، ترادسیۆنێکی باوی سیاسیی بووە. ئەم سیاسەتە بە تایبەت لە لایەن سەفەوییەکان لە سەدەی حەڤدەهەم بەکارهاتووە و شا عەباس نزیکەی 15000 بنەماڵەی کوردی بۆ خوراسان کۆچ پێکردووە کە واپێدەچێ بۆ وەستانی پەلامار و هێرشی ئۆزبەك و تورکمانەکان بووبێ کە کاروانەکانی نێوان مەشهەد و ئاسیای ناوەڕاست یان ڕووتدەکردەوە. وێرای ئەوەی کە هیچ ستاتستیکی باوەڕپێکراو لەبەردەست دا نییە بەڵام کوردەکان زیاتر لە 10% ی ئێران پێکدەهێنن. دواتر نووسەر باسی بزووتنەوەی کورد دەکات لە دەستپێکی سەدەی بیستەم و دواتر بە شێوەیەکی سەرەکی پێ لەسەر کۆماری مەهاباد دادەگرێ و دواتر باسی دەورانی دوای کۆماری مەهاباد دەکات تاوەکوو شۆڕشی ئیسلامی ئێران و لە دوایین بەشیشدا باسی کورد لە دەورانی کۆماری ئیسلامی ئێران دا دەکات.

104-Hushyar Mariwan, « Un aperçu de la politique de l'Iran vis-à-vis des Kurdes », In: Les Kurdes par-delà l'exode (sous la direction de Halkawt Hakim), Paris : L'Harmattan, 1992, p. 90–105.

104-هۆشیار مەریوان، " چاوپێداخشانێك بەسەر سیاسەتی ئێران لە بەرانبەر کوردا". نووسەر سەرەتا لە تایبەتمەندێتی ئێران و کوردستانی ئێران دەستپێدەکات و دواتر ڕەوشی کوردستانی ئێران لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بە کورتی شیدەکاتەوە و باسەکە بۆ سەر دوو قۆناغ دابەش دەکات. بەشی یەکەم لە سەقاگیربوونی دەسەڵاتی محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە تاوەکو شۆڕشی کۆماری ئیسلامی و بەشی دووەمیش تایبەتە بە ڕوانین و دیدی کۆماری ئیسلامی ئێران بەرامبەر بە کوردەکانی ئێران و سیاسەتی ئێران لەم ناوەندەدا شیدەکاتەوە.

105- A. Yamaguchi, « Le mouvement nationaliste kurde en Iran pendant la Seconde Guerre mondiale », In : *Annals of Japan Association for Middle East Studies* (1994) vol. 9, p. 37-65.

105-ئەکیهیکۆ یاماگوشی، "بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە ئێران لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهانی دا". وتارێکی فرەنسی و یابانییە و دەربارەی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە ئێران لەبارەی کوردستانی ئێران لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی 1942-1946 نووسراوە. هاتنە ناوەوەی سوپای بریتانیا و شوورەوی لە ئابی 1941 بۆناو ئێران ڕژێمی بنەماڵەی پەهلەوی لەبەر یەکهەڵوشاندەوە و وڵاتی نوقمی ناو هەرەج ومەرەج کرد و سوپا کۆنترۆلی حکومەتی بەسەر وڵات تەواو کەمبۆوە. دروست لەم کاتە لە 16 ی ئابی 1942 کۆمەڵەی (ژ.ك) کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد بە نهێنی لە شاری مەهاباد دامەزرا و لە 22 ی کانوونی دووەمی 1946 حیزبی دیموکراتی کوردستان شوێنی کۆمەڵەی ژ.ك دەگرێتەوە. نووسەر لەسەر دوو بیروا دەکەوێتە لێکۆڵینەوە کە یەکەمیان ڕای ئیگلتۆنە کە لای وایە حیزبی دیموکراتی ئێران لەسەر داوای ڕووسەکان دروستکرا و هەرچی قاسملۆیە لای وایە کەوا قازی محەمەد بە دەستپێشخەری خۆی حیزبی دامەزراندووە. نووسەر بەشوێن ئەم دوو بۆچوونە دا دەچێ و دواتر وتارەکەی بە یابانی تەواو دەکات.

## 3.2 : کورد لە ڕووسیا و ئەودیوی قەوقاز

106-L. Garibian, « *Les Kurdes de l'Arménie soviétique* », in : *Temps Nouveaux* n°34. Paris, 1947.

107-Nikitine, Basil P, “Chronique de Sociologie Kurde”, “La structure sociales des Kurdes de la Transcaucasie” in: *L’Afrique et l’Asie*, N° 49, Paris 1960, p. 61-66.

107-بازیل نیکیتین، "کرۆنیکی سۆسیۆلۆژیای کورد" "سترەکتووری کۆمەلایەتیی کوردەکانی قەوقاز". بریتییە لە کورتەیەکی کتێبەکەی ئەمینێ عەڤدال: مۆدی ژیانی کوردەکانی قەوقاز (چاپی ئەنیستووتی مێژووی ئەکادیمیای زانستەکانی ئەرمێنیای سۆڤیەت) کە سالی 1957 لە یەریڤان بە زمانی ئەرمەنی بلاوکراوەتەوە و نیکیتین لەم وتارەیدا کورتەیەکی ئەم کتێبە بۆ خوێنەری فرەنسی دەخاتە بەرچاو و لەسەر بناغەی کەرەسەکانی ناو کتێبەکە باسێکی ژیانی کۆمەلایەتی، سترەکتووری کۆمەلگە، پێکهاتەی خێزان و پێوەندییەکانی ناو خێزان و داب و نەریتی کوردەکانی قەوقاز دەخاتەڕوو.

108-Kendal, « Les kurdes en Union soviétique ». *Les Kurdes et le Kurdistan*, ed. G. Chalian, Paris, 1978, p. 321-334.

108- کەندال، " کورد لە یەکێتی شوورەوی دا". خوێندنەوەیەکی مێژوویی، جوگرافی و کولتووری کوردەکانی یەکێتی کۆمارەکانی شوورەوییە و زیاتر پشتی بەسەرچاوە ڕووسییەکان بەستووە.

109-Herman Taels, *Les Kurdes dans l’ex-Union soviétique (1921-1994),* Institut kurde de Bruxelles, 2003, ( 94 p).

109-هێرمان تەلس، *کورد لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران دا ( 1921-1994).* ئیلزابێت ماریسکۆ لە هۆلەندییەوە کردوویە بە فرەنسی. کتێبەکە بەمشێوەیە دابەشکراوە. فەسلی یەکەم بریتییە لە وتەی بەرایی (لا: 7-8). دواتر دەروێش فەرخۆ پێشەکیەکی کورتی بەناوی کورد لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران نووسیوە (لا:

9-10). فەسڵی دووەم: چەند زانیارییێکی گشتی دەربارەی کورد. لەم فەسڵەدا باسی جوگرافیای کوردستان، ژمارەی کورد، ڕێکخراو، بنچینەی کورد، ئابووری، زمان، ئایین و ناسیۆنالیزمی کورد کراوە (لا: 13-34). ئەوەی زیاتر گرینگە بریتییە لە فەسڵی سێیەم: کوردەکان. ئەم فەسڵە بە تەواوی تەرخانی مێژووی کورد کراوە لە یەکێتی شوورەوی جاران و باسی کورد دەکات وەك کەمینە نەتەوە لە یەکێتی شورەوی و سیاسەتی شورەوەی لە بەرامبەر کەمینە نەتەوەکان و کاریگەری بەسەر ڕەوشی کورد لە یەکێتی شوورەوی، لە ڕووەکانی سیاسیی، ئابووری، ئایینی و کولتووری شیدەکاتەوە و دواتر باسی کوردناسی دەکات لە یەکێتی شورەوی دا (لا: 35-78). فەسڵی چوارەم: ڕەوشی ئێستەکە: پاش پیرۆسترۆیکا (لا: 79-89). دواتر لە پاشکۆی کتێبەکەدا دوو پاشکۆ کراون بە پاشبەند: 1-جێنشینبوونی کورد لە قەوقاز (لا: 91). 2-کەمینە نەتەوەیەك لەگەڵ ترسێکی گەورەی ونبوون. باسا مەمەد ئەجەمۆڤا (لا: 92). بیبلیۆگرافیا (لا: 94-96).

## 4.2 : قەتڵو عامی ئەرمەنەکان و پێوەندییەکانی کورد و ئەرمەن

110- Grenard, « Kurdistan et Arménie », In *La Géographie*, T 9, 1904, p. 383-384.

110-گێرنارد، "کوردستان و ئەرمێنیا". باسی دوو نەتەوەی ئەرمەن و کورد دەکات کە لە ئاسیا دا پێکەوە دەژین. نووسەر لەو سەروبەندەدا ژمارەی ئەرمەنەکان بە نزیکەیی بە نیو ملیۆن دادەنێ کە لە چوار ویلایەتی ئەرزەرۆم، خارپووت، بدلیس و وان دا دەژین و خەریکی بازرگانی و کشتوکاڵن چ وەك خاوەن زەوی و چ وەك کۆیلە کاردەکەن و باجی ساڵانە دەدەن بە سەرۆکهۆزە کوردەکان. پێوەندی کورد و ئەرمەن پێش 1800 باش بووە بەڵام لەوە بە دواوە پێوەندی نێوان ئەم دوو گەلە تێکچووە. کوردەکان زۆرینەی دانیشتوان پێکدەهێنن و 24000000 کەس دەبن بەوانەشەوە

که پەڕیوەی ئێران بوون. نوسەر لەناو کوردەکان دا سێ گروپ دەستنیشان دەکات. یەکەم: لە ڕۆژئاوا (قزڵباشەکان) کە بنچینەکەی مەسیحیەتە: عەلی کە زاوای پێغەمبەرە جگە لە مەسیح هیچ شتێکی دیکە نییە. دووەم: زازا. هەژار، شەرمن و زۆرینەیان جووتیارن و لەودەرو بەری موش دا دەژین. سێیەم: کورمانج. بەشی ڕۆژهەلاتی کوردستان دەگرنەوە. دواتر باسی دابەشبوونی چینایەتی دەکات لەناو کۆمەڵگەی کوردستان و دوایین تێبینیشی ئەوەیە کە کوردەکان هەرچەندە شوانکارەن بەلام پێش هەموو شتێك جێنشینن.

111-S. I Zarzecki, «La question Kurdo-Arménienne», In *Revue de Paris*, Tome deuxième, Mars-Avril, Paris, 1914, p. 873-894.

111–س.ئی.زەرزێکی،" پرسی کورد و ئەرمەن". فرانسا کە لە نزیکەوە چاوەدێری پرسی ئەرمەنی کردووە و بەگوێرەی زانیارییە ستاتستیکییە باوەڕ پێکراوەکان هەتا لەناو ئەو هەرێمە ئەرمەنیانەی کە زۆرترین ئەرمەنیان تێدا بووە ئەرمەنییەکان زۆرینە نین، بەگوێرەی کتێبی زەرد* دەربارەی پرسی ئەرمەن 1893–1897 ژمارەی دانیشتوانی شەش ویلایەتەکانی تورکیای ئاسیا کە پێیان دەڵێن ویلایەتە ئەرمەنییەکان لە چوار ویلایەتیان ژمارەی دانیشتوانی ئەرمەنەکان زۆر لە چارەگێگ کەمتر بووە و تەنها لە دوو ویلایەتی ئەرزەرۆم و وان دا ئەرمەنەکان یەك لە دوای یەك لە 30% و 33 % ی دانیشتوان زیاتر نیین. لە ڕووی پێکهاتەی ئیتنیکییەوە لە ویلایەتەکانی وان و بدلیس ڕێژەی کورد لە وان 46% و لە بدلیس لە 56% زیاتر بووە. پاشان وتارەکە بە مێژووی کۆن و نوێی ئەرمەن دا دەچێتەوە و بە هەمان شێوە دواتر باسێکی مێژووی کورد و دواتریش باسی پێوەندییەکانی کورد و ئەرمەن و تێکچوونی ئەم پێوەندییە دەکات لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمید و لە دوایین جاریشدا باسی ئەوە دەکات کە دوای شۆڕشی گەنجە–تورکەکان و بە تایبەتی دوای

* *Livres jaunes* sur les Affaires arménienne 1893-1897.

ڕوخانی سوڵتان عەبدولحەمید ئەرمەن و کورد لە هەرێمە ڕۆژهەڵاتییەکان پێوەندییێکی نوێیان دەستپێکرد و هەروەها وتارەکە زۆر ژیرانە پێشنیاری ئەوە دەکات کەوا ئۆتۆنۆمی جیاواز بە کورد و ئەرمەنەکان ببەخشرێ.

112-Général Mayewski, *Les massacres d'Arménie: d'après les constatations authentiques du géneral russe Mayewski. Soigneusement transcrits de son rapport portant le titre de Statistique des provinces de Van et de Bitlis : fragments photographiques et traduction*. "Publié en nombre limité par l'Imprimerie militaire à Pétersbourg.", [s.l. : s.n., 1916, (96 p).

112-ژێنێراڵ مایۆسکی، ***قەتڵوعامی ئەرمەن بەگوێرەی ڕاپۆرتی ڕاستەقینەی ژێنێراڵی ڕووس مایۆسکی***. ئەم ڕاپۆرتە بریتییە لە ڕاپۆرتێکی ستاتستیکی ژێنێراڵی ڕووس مایۆسکی، کونسوڵی ڕووسیا لە وان و پاشان لە ئەرزەرۆم کە لەو ڕاپۆرتەی وەرگیراوە کە بەناوی (ئاماری هەرێمەکانی وان و بدلیس) نووسیووییە. کتێبەکە ساڵی 1916 بە چەند دانەی دیاریکراو بە هەردوو زمانی فرەنسی و ڕووسی بڵاوکرایەوە. ئەم ڕاپۆرتە لە بنەواندا ئاڕاستەی سەرۆکی ئەرکانی سوپای ڕوسیا کراوە. بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژووی پێوەندییەکانی کورد و ئەرمەن سەرچاوەیەکی گرینگە. ڕاپۆرتەکە لە زۆر جێگەدا باسی ڕەوشی کوردستان و پێوەندییەکانی کورد و ئەرمەن دەکات لە دوا چارەگی سەدەی نۆزدەهەم دا، قۆناغێکی یەکجار هەستیار و ناسك لە مێژووی کوردستان دا. لە لاپەرە 75 تا 91 باسی پێوەندییەکانی کورد و ئەرمەن دەکات و لە لاپەرە 77 دا دەنوسێ " بە بێ هەلاوێردن...ئەو ڕاگەیاندنە ڕۆژنامەوانیانەی کە بانگاشەی ئەوە دەکەن گوایە کوردەکان بە دوای ئەو دەگەڕێن ئەرمەنییەکان قەتڵوعام بکەن، دەبێ سەرلەبەریان ڕەتبکرێنەوە"

113-Ossip-Lourié, « Arméniens et Kurdes », In : *Bibliothèque Unverselle et Revue Suisse*, Tom XCV, 1919, Lausanne, p. 127 & 129.

113-ئۆسیپ-لوریێ، "ئەرمەنی و کورد". وتارێکی کورتە باسی ژیانی سیاسیی قەوقاز دەکات و لە ناوچە کۆنانەکانی دیکەی ڕووسیا پڕ ئاڵۆزتری دەزانی. "ئەرمەنەکان بانگاشەی ئەوە دەکەن کە هەقی ئەرمەنستانی گەورەیان هەیە چونکە لە دەورانی تیگران دا، پەنجا ساڵ پێش زایین شانشینی ئەرمەن هەبووە. کوردەکان دژایەتی خاکی ئەرمەنەکان دەکەن و بەشێوەیکی سەرەکی بە هی ئیمپراتۆریای ڕۆمانی دەزانن کە هەر لە دەورانی تیگران خۆی داگیرکرایەوە و ئەرمەنستانی گەورە نەتەوەی دیکەی ڕەسەنی تێدایە کە نابێ هەر تەنها وەکوو لانکەی ئیتنیکی ئەرمەن تەماشا بکرێ" دواتر باسێکی پێکهاتەی ئاڵۆزی ئیتنیکی ناوچەی قەوقاز باسدەکات.

114-Le Comité de L'Indépendence Kurde, *Kurdistan ou Armenie : tyrans ou martyrs.* Le Caire : Barbey, 1919, (23 p).

114-کۆمیتەی سەربەخۆیی کورد: (کوردستان یان ئەرمێنیا : ملهوڕەکان یان شەهیدەکان) ساڵی 1919 لە قاهیرە لە چاپخانە پۆل باربی چاپکراوە، واتە هەمان ئەو چاپخانەیەی کە دواتر بڕێك لە چاپکراوەکانی خۆیبوونی تێدا چاپکراوە. نامیلکەکە بە خەتێکی زۆر ورد چاپکراوە و جگە لە پێشەکیەکی سێ لاپەڕەیی بە ناوی (کۆنگرەی ڤیەننا-پەیمانی پیرۆز) کە لەژێرەوە ناوی کۆمیتەی سەربەخۆیی کورد نووسراوە و دواتر کتێبەکە دەستپێدەکات کە (23) لاپەڕەیە و نەخشەیەکی کوردستان و ئەرمێنیای لەگەڵ دایە. ئەم کتێبە بۆ باسی پێوەندییەکانی کورد و ئەرمەن یەکێکە لەسەرچاوە هەرە نایابەکان و بە تایبەت باسێکی ناسك و گرینگی وەك پێوەندییەکانی کورد و ئەرمەن لەو سەردەمانەدا. خۆ ئەگەر ئەوەش بزانین کە خاوەنەکەی یەکێك لە مێژوونووس و سیاسییە دەگمەن و هەر بە ئاگایەکانی کورد

بووە کە لەو سەردەمەدا خۆی لە نزیکەوە ئاگاداری ڕووداوەکان بووە. ئەم نامیلکەیە گەرچی ناوی نووسەرەکەی بەسەرەوە نییە بەڵام بە دڵنیاییەوە لە نووسینی سورەیا بەدرخان بەگ (1883–1938) ە.

115-Caspar Ipekian, « Le peuple kurde vu par un ami Arménien ». In : *BCEK* Paris, 1948, Nr. 1, p. 2-3.

115–کاسپار ئیپەکیان، "گەلی کورد لە دیدی دۆستێکی ئەرمەنەوە". وتارێکی کورتیلەی دۆستێکی ئەرمەنە کە تێیدا باسی بنچینەی کەونارای کورد و هەستی نیشتیمانی لای کورد باسدەکات کە ئەم هەستە لەڕێگەی زمان (گەرچی دابەشی سەر چەند دیالێکتێك بووە)، داب و نەریت، ترادسیۆن و بنچینەی خێزانی و سترەکتووری کۆمەڵایەتی خۆی بەدیار دەخات. پاشان باسی شوێنی جوگرافی کوردستان و سەردەمی شۆڕشەکان لە ساڵی 1922–ەوە دەگێڕێتەوە.

116-M. Mokri, « L'Arménie dans le folklore kurde», In : *La Revue des études arméniennes* ; n I, 1964, p. 347-376.

116–محەمەد موکری، "ئەرمەنستان لە فۆلکلۆری کوردی دا". باسێکە دەربارەی ئەرمەنستان لە کلاوڕۆژنەی ئەفسانە ناوەخۆییەکانی ناوچە کوردنشینەکان وەکوو ئەفسانەی (بێژەن و مەنیجە و خوسرەو و شیرین).

117-Siyamend Othman, *le Kurde et le sang versé des Arméniens par K.M.Ahmad : Aperçu général du texte et du sujet*. Mémoire de D.E.A, Paris, 1981, (153 p).

117–سیامەند عوسمان، کورد و خوێنی ڕژێنراوی ئەرمەنەکان لە نووسینی ك.م, ئەحمەد: چاوپێداخشانێکی گشتی تێکست و بابەتەکە. نامەی دیپلۆمی D.E.A یە ساڵی 1981 پێشکەش بە زانکۆی پاریس کراوە.

118-Siyamend Othman, « participation des kurdes dans le massacre Arméniens 1915 », in : *Critique Socialiste,* N° 44, Paris, 1982, p, 31-46.

118–سیامەند عوسمان، "بەشداری کورد لە قەتڵوعامی ئەرمەنییەکان دا–1915". لەم وتارەدا نووسەر سەرەتا باسی پێوەندییە مێژووییەکانی ئەرمن و کورد دەکات و دواتر چەند بڕگەیەکی لە پرۆسیسی دادگایکردنەکەی تالێرانی بکوژی تەلعەت پاشا دەهێنێتەوە کاتێك باسی ئەوە دەکات بریندار بووە و چووەتە ناو گوندێکی ناوچەکە پیرەژنێکی کورد بردویەتە ماڵەوە و تیماری کردووە گەرچی داڵدەدانی ئەرمەنیەك سزای قورسی لەسەر بووە. "کوردانی دێرسیم 5000 ئەرمەنیان لە مردن ڕزگار کردووە". پاشان نووسەر باسی هۆکارە ناوەخۆیی و دەرەکیەکانی قەتڵوعامی ئەرمەنییەکان دەکات و دواتر لە ڕوانگەی شیکردنەوەیەکی کورتی هێزە کۆمەڵایەتییەکانی کورد لەوسەروبەندەدا، پێوەندییەکانی کورد و عوسمانی و پێوەندییەکانی کورد و ئەرمەنی شیدەکاتەوە و هەوڵدەدات وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە داخۆ بەشداری کورد لە قەتڵوعامی ئەرمەن دا چۆن بووە؟

119-Gérard Libaridian, « Etude des relations armeno-kurde et leur problèmes », in : *Studia Kurdica,* N° 1-5, Paris, 1988, p. 63-76.

119–ژیرار لیباردیان، " لێکۆڵینەوەی پێوەندییەکانی ئەرمەن وکورد و کێشەکانی". لیباردیان بەڕێوەبەری ئامۆژگای زۆریان بۆ تۆژینەوە و بەڵگەنامەسازی هاوچەرخی ئەرمەنی (لە کامبریدج–Cambridge) بە شوێن ئەو نووسینە مێژووییە تورکیە

هاوچەرخانە دەگەڕێ کە لەسەر کورد و ئەرمەن دەنووسرێن. دوای جەنگی یەکەمی جیهانی کورد و ئەرمەن لە مافی دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسینی خۆیان بێبەشکران، بۆیە لەو ساتەوە دەبوو کورد و ئەرمەن پێکەوە بەرەو ڕووی سیاسەتی حکومەتی تورکیا ببنەوە.

120-Hmait Bozarslan, « Remarques sur l'histoire des relations kurdo-arméniennes », *The Journal of Kurdish Studies*, n°1, 1995, p. 55-76. (Version complète : "Histoire des relations kurdo-arméniennes" in H.L. Kieser (ed.), *Kurdistan und Europa. Einblicke in die Kurdishe Geschicte des 19. und 20. Jahrhunderts,* Zürich, Chronos, 1997, p. 151-186.

120–حەمید بۆزئەرسلان، "چەند تێبینییێك دەربارەی مێژووی پێوەندییەکانی کوردیی–ئەرمەنی". هەموو هەوڵدانێك بۆ شیکردنەوەی پێوەندییەکانی کوردی–ئەرمەنی بەرەو ڕوی ژمارەگەلێك کۆسپ و لەند دەبێتەوە کە بە پلەی یەکەم پێوەندیان بەو کلێشەوە هەیە کە بۆ ئەو پێوەندیانە داڕێژراوە و هەروەها نەبوونی سەرچاوەی باوەڕپێکراو. لێکۆڵەرەوە لەم ناوەندەدا بەرەو ڕووی "لە دەستدانی یادەوەری" دەبێتەوە بە جۆرێك ئێستە ئەوە لەبیرکراوە کە جاران لەسەر خاکی تورکیا دا گروپێکی گەورەی غەیرە موسڵمان بە تایبەتی ئەرمەنییەکان لەو خاکەدا ژیاون. ئەو دابڕانەی کە ڕژێمی کەمالیزم بەسەر ئاسیای بچووکی دا هێنا وایکرد هەموو قۆناغەکانی پێش ساڵی 1923 مەحکووم بن بە لەبیرکردن یان بەر نەفرەتلێکردن کەوتن. حەمید لەم لێکۆڵینەوەیدا لە ڕێگەی خوێندنەوەیەکی مێژووییەوە گەڕاوەتە سەر مێژووی پێوەندییەکانی کورد و ئەرمەن، دەورانی سوڵتان عەبدولحەمید: هاوپشتی نێوان کۆشك و هۆزە کوردییەکان، دەورانی ئیتتیحاد و تەرەقیی، جەنگی سەربەخۆیی 1919–1922، ناسیۆنالیزمی کورد لە بەرامبەر پرسی ئەرمەن و ئاشتبوونەوەی درەنگ وەختەی نێوان پارتی داشناکی ئەرمەنی و

خۆیبوون و له دوا جاریش دا فاکسمیلی ڕێکەوتنامەکە بە فرەنسی وەکوو خۆی بڵاودەکاتەوە.

121-Kamâl Mazhar Ahmad, , « Les kurdes et le génocide des arméniens », In : Revue *du monde arménien moderne et contemporain* (1998) vol. 4, p. 163-184.

121- کەمال مەزهەر ئەحمەد، " کورد و قەتڵوعامی ئەرمەنییەکان". وەرگێڕاوی فرەنسی بەشی چواری کتێبەکەی دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەدە (کوردستان لە ساڵەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی دا) کە تایبەتە بە پێوەندییەکانی کورد و ئەرمەن و ڕۆڵی کورد لە قەتڵوعامی ئەرمەنییەکان دا. ئەم وتارە هەڵکەوت حەکیم لە ڕووی چاپە کوردیەکەوە کردوویە بە فرەنسی.

122-Jelle Verheij, « Les frères de terre et d'eau » : sur le rôle des Kurdes dans les massacres arméniens de 1894–1896 », In: *Les Annales de l'autre Islam*, Institut National des Langues et Civilisations Orientales, Paris : INALCO. (5), 1998, p. 225–276.

122-ژیل ڤێرێیژ، " (برایانی خاك و ئاو): دەربارەی ڕۆڵی کورد لە قەتڵوعامکردنی ئەرمەنییەکان لە 1894–1896". کورد و ئەرمەن هەم دوو گەلی هاوسێ و هەم چەندین سەدە ژمارەیەك پێوەندی و کەلەپووری هاوبەشی کولتووریان پێکەوەی بەستوونەتەوە و زیاتر لەوە کە ئەمە لە نێوان ئەرمەن و تورك یان کورد و تورك دا نەبووە. ئامانجی ئەم وتارە بەدیارخستنی ڕۆڵی کوردە لە قەتڵوعامکردنی ئەرمەنییەکان، ئایا کوردەکان بەشداریان لەم قەتڵوعامەدا کردووە؟. باسی پێوەندییەکانی کورد و ئەرمەن دەکات لە سەدەی نۆزدەهەم و سیاسەتی سوڵتان عەبدولحەمید بۆ لەناوبردنی ئەرمەنییەکان و هاوپشتیکردن لەگەڵ کوردەکان. پاشان

باسی شەڕەکانی بالقان و سوپای حەمیدییە دەکات. دواتر نووسەر باسی قەتڵوعامەکانی 1894–1896، قەتڵوعامی پاییزی 1895 دەکات و پشت ئەستوور بە بەڵگەنامە و دەستاوێژە ڕەسمییەکان دەگاتە ئەو ڕاستیەی کە ڕاستە سەرەتا کێشە لە سەر دانی باج و سەرانە لە نێوان ئەرمەنییەکان و ئاغا کوردەکان دروست بووە و دواتریش حکومەت زیاتر ئاگری ناکۆکی نێوان ئەم دوو نەتەوەی خۆشکردووە و هەموو قەتڵوعامەکانی ئەو ساڵانەش بە دەستی سوپای عوسمانییەوە ئەنجام دراون.

123-Hmait Bozarslan, "Les relations kurdo-arméniennes: 1894-1996", in H.L. Kieser (dir.), *Die Armenische Frage und Die Schweiz*, Zurich, Chronos Verlag, 1999, p. 329-340.

124-Gustave Meyrier , *Les massacres de Diarbékir : correspondance diplomatique du Vice-Consul de France Gustave Meyrier* ; présentée et annotée par Claire Mouradian et Michel Durand-Meyrier, [Paris] : L'inventaire, impr. 2000. Coll. (Valise diplomatique), (259 p).

124–گۆستاڤ مایرییێر، *قەتڵ و عامەکانی دیاربەکر: نامە دیپلۆماتییەکانی جێگری کۆنسولی فرانسا 1894– 1896*. گۆستاڤ مایرییێر لە ماوەی ساڵەکانی 1894–1896 جێگری کونسلی فرانسا بووە لە دیاربەکر. ئەم کتێبە سەرجەمی نامە و نامەکارییە دیپلۆماسییەکانی گۆستاڤە تایبەت لەبارەی کوشتارەکانی ئەرمەن لە شاری دیاربەکر لە ساڵی 1895 دا. ئەمکارە ڕەتکردنەوەی هەموو ئەو بانگاشانەی حکومەتی عوسمانی بوو لەبارەی واقیعیەتی قەتڵوعامەکانی ئەرمەنەکان و گەواهی بەربەریەتی سوڵتانی عوسمانی دەدات لەبەرامبەر قەتڵوعامی ئەرمەنەکان. گۆستاڤ و هاوسەرەکەی لە ساڵەکانی 1894–1895 بە هەزاران ئەرمەنیان لە مەرگی حەتمی و لەدەست ژاندرمەکانی عوسمانی ڕزگار کرد. مایرێر لەم نامەکاریانەدا بە وردی

کرونیکی ڕوداوەکانی قەتڵوعامی ساڵی 1895 ی ئەرمەنەکان دەگێڕێتەوە و گەواهی ڕاستەوخۆی ناو ڕوداوەکان بووە. کلێر مورادیان کە کتێبەکەی ئامادە کردووە لە پێشەکی کتێبەکەدا باسێکی گشتی ئیمپراتۆریای عوسمانی و ڕەوشی ئەرمەنەکان دەکات لەژێر سایەی حوکمڕانی سوڵتان عەبدولحەمید دا. مایرێر لە زۆر جێگە دا لە تۆمارکردنی ڕۆژانەی ڕووداوەکان باسی بەشداری کورد و بە تایبەت باسی بەشداری سوارەی حەمیدیە دەکات لە کوشتاری ئەرمەنەکاندا.

125-Elise Macé, *Le vilayet de Diarbékir, province kurdo-arménienne 1908-1914* ; sous la dir. de Hamit Bozarslan, 2002, (200 p).

125-ئێلیز ماسێ، *ویلایەتی دیاربەکر، هەرێمی کوردی-ئەرمەنی 1908-1914*. بریتییە لە نامەی D.E.A (ساڵی پێنجەمی زانکۆ) لەژێر چاودێری پرۆفیسۆر حەمید بۆز ئەرسلان نووسراوە و ساڵی 2002 پێشکەش بە زانکۆی Institut d'Etudes Politiques de Paris کراوە. نامەکە بەمشێوەیە دابەشکراوە. پێشەکی: کورتە باسێکی ڕەوشی ئیمپراتۆریای عوسمانی لە دەورانی لێکهەڵوشاندنەوە. باسی کوردستان لە دەورانی دوایی سوڵتان عەبدولحەمید، لە دایکبوونی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزم و دیاربەکر پایتەختی کوردستان دەکات (لا: 1-23). فەسڵی یەکەم: ویلایەتی دیاربەکر لە سەروبەندی شۆڕشی گەنجە-تورکەکانی ساڵی 1908 دا: کێومالێ. لەم فەسڵەدا باسی دیمۆگرافیا، ویلایەتی دیاربەکر، شاری دیابەکر، کێشەگەلی ناو کۆمیونیتەکان، ڕەوشی عەشیرەتگەری و سیاسەتی سوڵتان عەبدولحەمید شیدەکاتەوە (لا: 24-59). فەسڵی سێیەم: شۆڕش و هێزی سیاسیی نوێ لە دیاربەکر. لەم فەسڵەدا باسی شۆڕشی 1908، پێشوازی و کاردانەوەی شۆڕش دەکات لەناوچەکە. هەروەها باسی دژە-شۆڕشی ساڵی 1909 و لەسەر تەخت لابردنی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم دەکات و پاشان باسی بەڕێوەبردنی ویلایەتی دیاربەکر و پێوەندی نێوان پێکهاتە سەرەکیەکانی شارەکە

(کورد و ئەرمەن) باسدەکات و لە دوایین بەشی ئەم فەسڵەشدا باسی یانە کوردییەکان و ڕێکخراوە عوسمانییەکان و مەحفەلە فەرماسۆنییەکان دەکات (لا: 60–113). فەسڵی چوارەم: لە دایك بوون و گەشەسەندنی ناسیۆنالیزم لە هەرێمی دیاربەرکردا. لەم فەسڵە باسی هێزە گەورەکان، ئەرمەنەکان، لە دایکبوونی پارتە شۆڕشگێڕیەکانی ئەرمەن لە ناوچەکە و سیاسەتی هێزە گەورەکان بەرامبەر کێشەی ئەرمەن دەخاتەڕوو. چمکێکی دیکەی هەر هەمان فەسڵ تەرخانکراوە بۆ باسی لە دایکبوونی پان–تورانیزم و سیاسەتی بە تورکیکردنی ناوچەکە و دوایین لا بەشیش تەرخانکراوە بۆ باسی ناسیۆنالیزمی کورد، یەکەمین ڕێکخراوە کوردییەکان، واقیعیەتی ویلایەتی دیاربەکر، پێوەندی نێوان ئیسلام و ناسیۆنالیزمی کورد (لا: 114–158). فەسڵی پێنجەم: دەرئەنجام (لا: 159–166). لە بەشی پاشکۆی نامەکەشدا کۆمەڵێك بەڵگەنامەی گرینگی فرەنسی و عوسمانی پێوەند بە باسەکە بەگەڵ خراوە (لا: 167–192). بیبلیۆگرافیا (لا: 193–203) و جگە لەوە کۆمەڵێکی زۆر نەخشە و وێنە مێژوویی گرینگیشی تێدایە.

126-M. K.", *Récit d'un déporté arménien : 1915 : dix années d'errance parmi les Kurdes et les Syriaques : témoignage*, texte établi par Baskin Oran ; traduit du turc par Elif Saner et revu par François Skvor, Ed. Levallois-Perret : Turquoise, 2008, (159 p).

126–م.ك، *سەربووردەی ئەرمەنیەکی ڕاگوێزراو: 1915: دە ساڵ دەربەدەری لەناو کورد و ئاسوورییەکان دا: گەواهی*. بیرەوەرییەکان لە لایەن باسکین ئۆران بە تورکی بۆ چاپ ئامادە کراوە و وەرگێڕانی لە تورکییەوە بۆ فرەنسی: ئەلیف سانەر. بیرەوەرییەکانی مانوێل کرکایاشاریانە کە ساڵی 1906 لە ئەدەنە لە دایك بووە و لە تەمەنی (9) ساڵی بووە کاتێك بنەماڵەکەیان بەر قەتڵوعامی ساڵی 1915 دەکەون و یەکێك لەو کەسانە بووە لە قەتڵو عامەکە ڕزگار بووە. منداڵ بووە کاتێك دایکی خۆی کووشتووە و دوو ڕۆژ دواتر براکەی مردووە و بەربەرچاوی ئەوە بینیویە خەڵکی

ئەرمەن یان کووشتووە و ماوەی چوار ساڵ لەناوچە کوردییەکانی میدیەت و جەزیرە کوردەکان پاراستوویانە و دواتر ماوەی دووساڵ لەناو گوندێکی مەسیحییەکان دەمینێتەوە و پاشان وەکوو کۆیلە فرۆشراوە و بە پێیان تا مووسڵ ڕۆیشتووە و لەوێش بۆ حەلەب و یانزە ساڵ لەوێ دەمینێتەوە. ساڵی 1968 دەچێتە سیدنی و ساڵی 1980 خانەنشین دەبێ و دەست دەکات بە گێڕانەوە و تۆمارکردنی بیرەوەرییەکانی. لە تەمەنی (74)ساڵیدا لە سیدنی کاتێک بیرەوەرییەکانی خۆی تۆماری کردووە هێشتا هەر ترساوە لەوەی ناسنامەی خۆی ئاشکرا بکات و بە (م.ك) بیرەوەرییەکانی خۆی بڵاوکردۆتەوە. پێشەکی بیرەوەرییەکان لە لایەن ئامادەکاری بیرەوەرییەکان باسکین ئۆران نووسراوە (لا: 11–23). ئینجا بیرەوەرییەکان بەمشێوەیە دابەشکراون. پێشەکی: هۆکارەکانی ڕاگوێزان بە گوێرەی (م.ك) (74 ساڵ) (لا: 25–33).، ڕاگوێزان: دەستدرێژی فرە (م.ك تەمەن 9–10 ساڵ) (لا: 35–51).، ئەو ئاواییە کوردییانەی پەنای بۆ بردوون (ناوچەی میدیەت و جەزیرە ( م.ك. تەمەن 1–14 ساڵ) (لا: 53–73).، دوو ساڵ لە گوندی ئازاکی ئاسوورییەکان ( هەوەڵین نیشانەکانی ئەرمەنییەکان ) (م.ك. 14–16 ساڵ) (لا: 75–99).، ژیان لە مووسڵ دا. یەکەمین هەواڵی خزمەکانی (م.ك 16–18 ساڵ) (لا: 101–115).، لەڕێگەوە بەرەو حەلەب.سەرەڕۆیی لەگەڵ ئێزیدییەکان، عەرەب و بریتانی و فرەنسییە داگیرکارەکان دا (م.ك 18–19 ساڵ) (لا: 117–129). پاشکۆ: فەرهەنگۆك (لا: 131–132). جگە لەوە درەختی ڕەچەڵەکناسی و بنەماڵەی مانوێل کرکایاشاریان و کۆمەڵێك وێنە و نەخشەی نایابی لەگەڵ دایە.

# بەشی سێیەم

## پۆلەتیك، ناسیۆنالیزم و دەوڵەت

### 1.3: کورد ، دەوڵەت و پرسی کورد

127-Carra de Vaux, " Notice sur les kurdes", in: *Revue de l'Orient Chrétien,* Supplément trimestriel, 1ère année, Paris, 1896, p. 131-141.

127- کارا دو ڤوو، "تێبینی دەربارەی کورد". نووسەر لە سەرەتای وتارەکەی ڕستێك پرسیار دەوروژێنێ وەك چی لەبارەی کوردەکانەوە دەکرێ بزانین؟ کوردەکان کێن؟ چی لەبارەی بنچینەیانەوە ، مێژوویان، ئایینیان زمانیان زانراوە؟. بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە نووسەر گەڕاوتە سەر مێژووی کۆنی کورد و لەسەرچاوە یۆنانییەکان و دواتر باسی کورد لەسەردەمی ئیسلام و کورد لە دەورانی میرنشینەکان و زمانی کوردی و باسی ئێزیدییەکان دەکات.

128- F. Taillardat, « La question kurde ». In : *AF*, octobre 1930, N°. 283, p. 307-313 ; novembre 1930, N°. 285, p. 431-442.

128-ف.تایاردا، " پرسی کورد" . باسێکی گشتییە دەربارەی پرسی کورد و بە بۆنەی شۆڕشی ساڵی 1930 نووسراوە. باسەکە زۆر بە وردی بە مێژووی کورد دا چۆتە خوارەوە و ئاماژە بە شۆڕشەکانی سەدەی نۆزدەهەم دەکات دژ بە بابیعالی و کورد لە بازنەی ململانێی هێزە گەورەکان و ئەو ڕاستیە دەڵێ کە کوردستان هەر تەنها دەربڕینێکی جوگرافییە و ئەو وڵاتە دەگرێتەوە کە کوردەکانی تێدا دەژین. پاشان گەڕانەوەیەك بۆ سەر مێژووی کۆنی کورد و گەڕان بە دوای بنچینەی کورد پێش زایین و دواتر باسی گەیشتنی تورك دەکات بۆ ئاسیا و دروستبوونی ئیمپراتۆریای عوسمانی و ئیمپراتۆریای سەفەوی و میرنشین و ئەمارەتە کوردییەکان و بایەخێکی تایبەتیشی بە پێوەندییەکانی کورد و ئەرمەن داوە و باسی شۆڕشی 1925 دەکات. وتارەکە نەخشەیەکی زۆر وردی کوردستانی لەگەڵ دایە.

129-Pierre Rondot, « Les Kurdes et l'action de l'URSS en Orient », In : *Documents sur l'évolution du Monde Musulman,* Fascicule N° 1-15 mars 1940, p. 25-27.

129-پیێر ڕۆندۆ، کورد و کردەی شوورەوەی لە ڕۆژهەڵات دا". چاپەمەنی فرەنسی ماوەی چەند هەفتەیەکە باسی چەند گرینگیەك بە شیمانەی کردەی ئەڵمانی-شورەوی دەدەن کە دەشێ لە ڕۆژهەڵاتی نزیك و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستپێبکات. نووسەر شیکردنەوەیەکی ڕەوشی ئەو سەردەمە دەکات و باسی ئەو سیناریۆیانە دەکات کە دەشێ شوورەوی بیگرێتە بەر و یەکێك لەو سیناریۆیانە هاندانی کوردە بۆ نانەوەی پشێوی لەناوچەکە دژ بە تورکیا، عێراق و ئێران.

130-Basile Nikitine, «L'élement kurde dans la situation internationale en Orient Moyen », In : *Bulletin quotidien de société d'études et d'information économiques.* N°40-41 (supplement n° 6) 1940, Paris, (14 p).

130-بازیل نیکیتین، "توخمی کورد لە ڕەوشی نێودەوڵەتیی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دا". وتارەکە باسی ئەوە دەکا کە لەم ماوەیەدا هەم ڕۆژنامە فرەنسییەکان و هەم ڕۆژنامە ئینگلیزییەکان باسی ئەوە دەکەن کە شیمانەی ئەوە هەیە کە شوورەوەی کورد وەکو ئامرازێك بۆ خزمەتی خۆی بەکاربهێنێ بۆ نزیکبوونەوەی لە چاڵە نەوتەکانی عێراق و ئێران. نووسەر دواتر باسی شوێنی جیۆستراژی کوردستان دەکات و بیروڕای خۆی لەمبارەیەوە دەخاتە ڕوو و دواتریش وتارێکی لەمبارەیەوە لە گۆواری *Revue Politique et Parlementaire* ی ڕۆژی 10-7-1938 دەربارەی پرسی کەمینە نەتەوەکان لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دا ڕاگوێزاوەتەوە و وتارەکە نەخشەیەکی کوردستانی گەورەشی لەگەڵ دایە.

131- Pierre Rondot, « L'union soviétique et les confins irano-kurdes du moyen Orient ». In : *Politique Etrangère*, octobre 1945, p. 169-180.

131-پییێر ڕۆندۆ، "یەکێتی شورەوی کەوشەنی نێوان ئێران و کورد لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دا". لەم وتارەیدا باسی داگیرکردنی (بریتانیا و شوورەوی) دەکات بۆ ئێران و بە تایبەتیش داگیرکردنی شووروی بۆ ناوچەی ئازەربایجان و ناوچە کوردییەکانی ژێر چەتری شوورەوی. کێشەی چۆڵکردنی ئێران لە دوای جەنگ لەناو چەقی پێوەندییە دیپلۆماسییە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکانی دوای جەنگ بوو و دواتر کێشەکانی سنووری نێوان ئێران و کوردستان باسدەکات.

132-Basile Nikitine, « Problème kurde », In : *Politique étrangère*, n° 3, juillet, Paris, 1946, p. 251-262.

132-بازیل نیکیتین، " پرسی کورد". باسێکی کورتی جوگرافیای کوردستان و ئاینی کوردی دەکات و شوێنێکی یەکجار گرینگ بە ڕۆڵی خێڵ دەبەخشێ لە کۆمەڵگەدا و دواتر مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستی کوردستان و میرنشینەکانی

سەدەکانی ناوەڕاستی کورد بەسەردەکاتەوە. دواتر باسی کوردەکان دەکات لە شەڕەکانی نێوان ڕوسیا و عوسمانی دا. دواجاریش باسی کێشەی مووسڵ، دامەزراندنی کۆمەڵەی خۆیبوون و ڕەوشی دواتری کوردستان باسدەکات.

133-Louis Narlay, « Le Kurdistan ». In : *En terre d'Islam,* 1er trimestre 1946, p. 16-30.

133-لویی نارلای، "کوردستان". باسێکی زۆر کورتی ڕەوشی جوگرافیای کوردستان و مێژووی کوردستان دەکات لە دەستپێکی سەدەکانی ناوڕاستەوە تاوەکوو سالآنی جەنگی یەکەمی جیهانی و پاشان باسی پەیماننامەی سێڤەر و لۆزان و قۆناغی دوای لۆزان و دواتریش ئەم پرسیارە سەرەکییە دەورژێنێ داخۆ کورد نەتەوەیە یان نە؟ . پێم وابێ لویی نارلای ناوی خوازراوەی بازیل نیکیتین-ە.

134-Pierre Rondot, « Les revendications nationales kurdes. *En terre d'Islam,* t. 38, no. 3, 1947, p. 128-141.

134-پییێر ڕۆندۆ، " داخوازینامە نەتەوەییەکانی کورد". لەم وتارەیدا ڕۆندۆ باسی ئەوە دەکات کە لە سەروبەندی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، ساڵی 1919 ژێنێراڵ شەریف پاشا لەبەردەم کۆنفرەنسی ئاشتی داخوازینامە نەتەوەییەکانی کوردی پێشکەش بە کۆنفرەنسی ئاشتی کرد. بیست و شەش ساڵ دواتر کۆمەڵەی کورد لە بەیرووت کە تازە دامەزرابوو لە 30 ی ئاداری 1945 بە بۆنەی یەکەمین کۆبوونەوەی نوێنەرانی وڵاتانی جیهان لە سان فرانسیسکۆ، داخوازینامەیەکی پێشکەش بە سەرۆکی چەندین وەفدی بەشداربووی کۆنفراسەکە کرد کە داوای خواستە نەتەوەییەکانی کوردی دەکرد. لە عێراق پارتی کۆمۆنیستی کورد لە دووەم ژمارەی ڕۆژنامەی نهێنی خۆیدا (ئازادی) پەیماننامەیەکی گەلی کوردی لە 17 خاڵ دا بلآوکردەوە. لە ئێران چالآکیەکانی کۆمەڵەی ژ.ك داوای داخوازینامەکانی کوردی دەکرد و دوای ئەوەی باسی داخوازینامەکانی قازی محەمەد و بزووتنەوەکانی

**بارزان دەكات و پاشان فاكسمیلی دوو لاپەرەی یەكەمین بەیاننامەی كۆمەڵەی كوردی بڵاوكردۆتەوە.**

135- Pierre Rondot, « Où en est la question kurde ? ». In : *AF.*, 1949, 2ème trim. p. 51-55.

136-Pierre Rondot, « La question Kurde dans l'Orient contemporain (à propos d'une publication britannique récente) ». In : *Bull. du Centre d'Etudes Kurdes*, no. 12, 1950, p. 1-15.

137-Mission Paris-Ararat, *Le Kurdistan interdit*, Saint-Cloud : impr. de Girault, 1957, (12 p).

138-Edouard Sablier, « Les Cinq Kurdistan », in : *La Revue de Paris,* Juin 1959, Paris, p. 124-136.

138–**ئێدوارد سابلییێر، " پێنج كوردستانەكە". سەرەتا نووسەر بەرچاوخستنێكی مێژوویی كۆنی كورد و دواتر باسی دابەشبوونی كوردستان دەكات لە دوای جەنگی یەكەمی جیهانی و باسی پەیماننامەی سێڤەر دەكات و دوای ئەوە لە پێنج فەسڵی سەربەخۆ باسی هەریەكە لە كوردستانەكانی: توركیا، ئێران، عێراق، سوریا و شوورەوی دەكات.**

139-Ismet Chériff Vanly, *Interview sur le Kurdistan et la question kurde*, donnée par Ismet Chrériff Vanly à Vangélis Sakkatos,journaliste, Paris, Association des étudiants kurdes en Europe; dépositaire: Librairie de l'Escalier, Paris, 1960, (29 p).

139–عیصمەت شەریف وانلی، *چاوپێکەوتن دەربارەی کوردستان و پرسی کورد*. بریتییە لەو چاوپێکەوتنەی کە ڕۆژنامەنووسی یۆنانی Vanguélis Sakkatos، ڕۆژنامەوان و ئیدیتۆری گۆواری (Nouvel Observateur) لە نیسانی 1959 بە نووسین پرسیارەکانی ئاراستەی وانلی، سەرۆکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا کردووە و دواتر وەڵامەکان و پرسیارەکان لە فرەنسییەوە کراون بە یۆنانی و لە حوزەیرانی 1959 لە یۆنان لە نامیلکەیەکی (32) لاپەڕەیی بڵاوکراونەتەوە. ساڵی 1960 دەقی پرسیار و وەڵامەکان بەسەریەکەوە بە فرەنسی لە بەرلین بڵاوکرایەوە. چاوپێکەوتنەکە لەبەر ئەوەی بە نووسین بووە بۆیە وانلی زیاتر بواری ئەوەی بووە بە هێمنی بە دوای وەڵامی پرسیارەکان دا بچێ و پرسیارەکان تایبەتی مێژووی کۆن و نوێ کورد و بزووتنەوەی کورد و پرسی کوردن و گرینگیەکی مێژوویی یان هەیە.

140- Kazem Motamed Nejad, , *Le problème Kurde depuis la première guerre mondiale*. Dactylographiée, 447 ff. (Thèse. Droit. Paris 1964).

140–کازم معتمد نەژاد ، *پرسی کورد لەوەتای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە*. بریتییە لە کارنامەی دوکتۆرای نووسەر و لە کانوونی دووەمی ساڵی 1964 پێشکەش بە زانکۆی پاریس (کۆلیژی یاسا زو زانستە ئابوورییەکان) کراوە. کارنامەکە بەمشێوەیە دابەشکراوە. بەشی یەکەم: بەرچاوخستنێکی گشتی دەربارەی کورد. فەسڵی یەکەم: کورد و کوردستان. لەم فەسڵە باسی بنچینەی کورد، کوردستان، کۆمەڵگەی کورد، ئایین و ئەدەبیاتی کوردی کراوە (لا: 9–41). فەسڵی دووەم: مێژزووی سیاسیی کوردستان. لەم فەسڵە مێژووی کورد لە دەورانی ئیسلام، کورد لە نێوان جەنگەکانی تورکیا و ئێران و ڕێکخراو و بزووتنەوە نەتەوایەتییەکانی کورد باسدەکات (لا: 42–60). بەشی دووەم: کورد لە نێوان دوو جەنگ دا. فەسڵی یەکەم: پرسی کورد لەدوای ڕوخانی ئیمپراتۆریای عوسمانی . لەم فەسڵە باسی

پەیماننامەی سێڤەر و ئۆتۆنۆمی کوردستان و پەیماننامەی لۆزان و کێشەی مووسڵ شیدەکاتەوە (لا: 61–82). فەسڵی دووەم: کوردەکانی تورکیا لە دەورانی موستەفا کەمال دا. باسی شۆڕشی 1925، جڤاتا وەڵاتیا کورد و شەڕی ئاگری داغ، تواندنەوەی زۆرەملێی و شۆڕشی دێرسیم لە باسە سەرەکیەکانیەتی (لا: 83–100). فەسڵی سێیەم: پرسی کوردستانی خواروو لە عێراق دا. باسی ئینگلیزەکان دەکات لە نێوان کورد و عەرەب، کۆمەڵەی گەلان و کێشەی کورد، کورد لەژێر پەلاماری هێزی پادشایی و شۆڕشی 1931–1933 (لا: 101–126). فەسڵی چوارەم: کوردەکانی ئێران. باسی ژیانی خێڵەکیی و شارنشینی، ئابووری کوردستان و کوردەکانی ئێران لە مێژووی ئێران و ڕاپەڕینی سمکۆ (1922–1928) باسدەکات (لا: 127–144). فەسڵی پێنجەم: بزووتنەوەی کولتووری کوردی لە شوورەوی و سوریا (لا: 145–152). بەشی سێیەم: کورد لە دەوران و لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی دا. فەسڵی یەکەم: کۆماری کوردی مەهاباد (لا: 156–195). فەسڵی دووەم: ڕاپەڕینی کورد 1943–1945 لە عێراق دا (لا: 196–212). فەسڵی سێیەم: کوردەکانی تورکیا دوای جەنگی دووەمی جیهانی (لا: 213–217). فەسڵی چوارەم: کورد و نەتەوە یەکگرتووەکان (لا: 218–224). فەسڵی پێنجەم: هاوپشتیی نوێ دژ بە کورد. باسی دیپلۆماسیەتی ئەمریکی و پەیماننامەی تورکیی–عێراقی ئاداری 1946، پەیماننامەی بەغدا و کورد و ناسیۆنالیزمی عەرەب باسدەکات (لا: 225–243). بەشی چوارەم: پرسی کورد دوای شۆڕشی 14 ی تەمموزی 1958 ی عێراق. ناونیشانی یەکەم: کورد لەژێر دەورانی ژێنێڕال قاسم دا (14 ی تەمموزی 1958–8 ی شوباتی 1963). فەسڵی یەکەم: کۆمارێکی کوردیی–عەرەبی (لا: 247–282). فەسڵی دووەم: قاسم دژی کورد (لا: 283–314). ناونیشانی دووەم: جێگرەوەکانی قاسم لە بەرامبەر پرسی کورد. فەسڵی یەکەم: چوار مانگ مفاوەزە (لا: 316–333). فەسڵی دووەم: تێهەڵچوونەوەی جەنگ لە کوردستان دا (10 ی حوزەیرانی 1963) (لا: 334–345). فەسڵی سێیەم: سەرکردایەتی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد (لا: 346–359). بەشی پێنجەم: بەنێودەوڵەتیکردنی پرسی کورد. فەسڵی یەکەم: شوورەوی و وڵاتانی ڕۆژئاوا لە بەرامبەر پرسی کورد (لا: 361–377). فەسڵی

دووەم: سەرکوتکردنەوەی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردەکانی عێراق لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دا (لا: 378–407). دەرئەنجام (لا: 408–413). لە بەشی پاشبەندی کارنامەکە ئەم پاشکۆیانە بلاوکراونەتەوە. 1–یادداشتنامە لەبارەی داخوازینامەکانی گەلی کورد لە ئاداری 1991 کە لە لایەن شەریف پاشا پێشکەش بە کۆنفرەنسی ئاشتی کراوە (لا: 415–420). 2– بانگەوازی شێخ مەحموود بۆ کۆمەڵەی گەلان لە 21 ی ئاداری 1931 (لا: 421–425). 3– یادداشتنامەی کورد لە 24 ی نیسانی 1963 پێشکەش بە حکومەتی عێراق کراوە وەکو بناغەیەك بۆ مفاوەزە دەربارەی دواڕۆژی کوردستان (لا: 426–434). بیبلیۆگرافیا (لا: 435–442).

141-Bernard Vernier, «La Question kurde », in : *Revue de défense nationale*, 21ème année, Janvier 1965, p. 102-122.

141–بێرنارد ڤێرنێر، "پرسی کورد". "پرسی کورد یەکێك لە پرسە هەرە کۆن و ئالۆزەکانی ئەو پرسانەیە کە ئێستەکە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست سەریان دەرهێناوە". نووسەر کێوماڵێکی گشتی جوگرافیا و دابەشبوونی کوردستان دەکات و پاشان دەگەڕێتەوە سەر مێژووی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی عێراق و باسی پێوەندی نێوان کۆماری قاسم و کورد دەکات و پاشان شۆڕشی 14 ی ڕەمەزان، جیهانی عەرەبی و پرسی کورد دەکات. لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا نوسەر باسێکی دەوڵەتانی غەیرە عەرەبی ناوچەکە و پرسی کورد دەکات و دواتر لە ڕووە نێودەوڵەتیەکەیەوە باسی کێشەی کورد دەکات لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆژئاوا و یەکێتی شورەوی دا. لە دوایین بەش دا باسی پەیماننامەی سێ سنوور باسدەکات کە لە ئابی 1945 لە چیای دالامپەر لە نێوان کوردەکانی تورکیا، ئێران و عێراق دا مۆرکرا. جگە لەوە وتارەکە نەخشەیەکی کوردستانیشی لەگەڵ دایە.

142-J. P. Viennot, « Le malheur d'une nation sans Etat ». In : *Le monde diplomatique* 17 (193), avr. 1970, p. 1 et 11.

143-Jean Ivy, *Les Kurdes : une minorité musulmane,* [édité par le Centre d'information et de documentation sur le Moyen-Orient], Genève, 1973, (16 p).

143-ژان ئیڤی، *کورد، کەمینە نەتەوەیەکی موسڵمان*. باسێکی ڕەوشی کوردەکان دەکات لە دوای پەیماننامەی سێڤەر و باسی ئەوە دەکات کە کوردەکان لە تورکیا هەروەك لە ئێران لە هەموو مافێکی نەتەوەییان بێبەشن. ساڵی 1925 لە دوای شۆڕش داپلۆسینی شۆڕشەکە تاوەکوو ساڵی 1938 درێژەی کێشا و 400000 کورد یان کوژران یان دوورخرانەوە. دواتر باسی ڕەوشی کوردەکانی سوریا دەکات و دوای ئەو باسی قەتڵوعامەکانی کوردی عێراق دەکات لە گەرمەی شەڕی ساڵانی شێستەکان دا. پاشان بە بیرهێنانەوەیەکی ئاگربەسەکانی نێوان شۆڕشی کورد و حکومەت و لە دوایین جاریش دا باسی ڕێکەوتنامەی 11 ی ئاداری 1970 باسدەکات. ئەم نامیلکەیە لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی زانیاری و بەڵگەنامەسازی دەربارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە بارەگاکەی لە ژنێڤە.

144-Emmanuel Braquet, *Les Kurdes: des nomades aux rebelles,* Uzès : H. Peladan, 1975, (15 p).

145-Olivier Postel-Vinay, « Quelques éléments pour comprendre la question kurde ». In *Revue française d'études politiques méditerranéennes* 5, mai 1975, p. 99-109.

145-ئۆلیڤیێ پۆستێل-ڤینای، "توخمگەلێك بۆ تێگەیشتن لە پرسی کورد". چارەنووسی کورد دەشێ بە چارەنووسی ئەرمەنییەکان بەراورد بکرێ: گەلێکی بێدەوڵەت لەنێوان پێنج تا پانزە ملیۆن بە گوێرەی خەملاندنەکان و لە نێوان پێنج دەوڵەت دا دابەشبوون. کوردەکان پێش عەرەب و تورکەکان نیشتەجێ ی ئەو خاکەن و خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکەن. کورد بەسەر چەندین هۆز و خێڵ دا دابەشبوون کە زۆربەی جار دژی یەکن و هەرگیز نەیانتوانیووە یەکگرتوو بن. دواتر وتارەکە بۆ

چەند فەسڵێکی جیاواز دابەشکراوە. فەسڵی یەکەم: بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی: هۆزگەلی سەرکێش. باسێکی بنچینە و ڕەسەنی کورد دەکات و دەنووسێ کەوا بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی هیچ هۆزێکی کورد لە چەند دەساڵێك زیاتر سەربەخۆیی ڕاستەقینەی نەبووە. بەڵام هەرگیز کوردەکان بەتەواوی ژێردەست نەبوون. دواتر باسی سەلاحەددینی ئەیوبی و ڕاپەڕینی میرنشینەکانی سەدەی نۆزدەهەم و ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری دەکات. فەسڵی دووەم: شۆڕشی کورد لە تورکیا، عێراق و ئێران 1914–1946. باسێکی شۆڕشەکانی کورد دەکات لە هەرسێ پارچەی کوردستاندا. فەسڵی سێیەم: قەڵای مکومی عێراقی 1958–1975. ئەم فەسڵە بە تایبەت تەرخانی کوردەکانی عێراق کراوە و دابەشی سەر دوو قۆناغ کراوە. قۆناغی یەکەم: جەنگ دوای مەنفا 1958–1969 و قۆناغی دووەم: سازشی مەحاڵ 1970–1975.

146-Muhamed Rafeak Fattah, *Le Problème kurde dans les relations internationales*, Mémoire DES : Science politique, Paris II; 1977, sess. de février, (101 f).

146–محەمەد ڕەفیق فاتح، *پرسی کورد لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان دا.* بریتییە لە نامەی دیپلۆمی خوێندنی باڵای زانستە سیاسییەکان کە لە کانوونی دووەم–ئاداری 1977 پێشکەش بە زانکۆی یاسا، ئابوری ، زانستە کۆمەڵایەتییەکانی زانکۆی پاریس کراوە. باسەکە بریتییە پێشەکی و دوو بەشی سەرەکی. بەشی یەکەم: بەرچاوخستنێکی مێژوویی کێشەی کورد. لەم بەشەدا چەند کێشەیەکی وەك: کێشەی مووسڵ، کۆنفرەنسی لۆزان، کۆماری مەهاباد، ڕەوشی کوردستان لە دوای شۆڕشی تەممووزی 1958 ی عێراق لە ڕوانگەی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان شیدەکاتەوە (لا: 4–26). بەشی دووەم: ڕوخانی ڕژێمی قاسم، قۆناغی موتارەکە، ڕێکەوتنامەی ئاداری 1970، دیاریکردنی ناوچەکانی ئۆتۆنۆمی یان کێشەی کەرکووك. پێوەندی لەگەڵ ئێران خراونەتە ڕوو (لا: 27–61). دەرئەنجام: (لا: 62–67)، پەراوێزەکان (لا: 68–69). دواتر چوار پاشکۆ کراونەتە پاشبەندی نامەکە:

1- پەیماننامەی سیڤەر (لە 10 ی ئابی 1920) (لا: 70-71).، 2- ڕاگەیەندراوی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەبارەی چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەی کورد 11 ی ئاداری 1970 (لا: 72-80).، 3- پرۆژەی ئۆتۆنۆمی کوردستان کە لە لایەن حزبی بەعس ئامادەکراوە (لا:81-90).، 4-پرۆژەی ئۆتۆنۆمی کوردستان کە لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستان لە 9 ی ئاداری 1973 پێشکەش بە حکومەت کراوە (لا: 91-97). بیبلیۆگرافیا (لا: 98-100).

147-Pierre Rondot, « Le mouvement kurde ». in : *Etudes,* Paris, 351 (6), déc. 1979, p. 589-602.

147-پییێر ڕۆندۆ، "بزووتنەوەی کورد ". لەم وتارەیدا باسی بزووتنەوەی ئۆتۆنۆمی دەکات لەناو کوردەکانی تورکیا، عێراق و ئێران دا کە لە پێناو پاراستنی ناسنامەی کولتوری خۆیان تێدەکۆشن. بزووتنەوەی کورد وێرای ئەو داپلۆسین و ستەمە زۆرەی کە بەرەو ڕووی دەبێتەوە کەچی ماندووبوون ناناسێ و داوای ئۆتۆنۆمی دەکات. هەر دروست خەباتی کورد لە ئێران شیدەکاتەوە و ئەنجامی ئەو کێشەیە لەنێوان حکومەتی ئیسلامی و کوردەکانی ئێران دروستبووە لەوەتای سەرەتای ساڵی 1979 بەشێوەیەکی بەشیی بڕیار لەسەر چارەنووسی هەموو کوردەکانی پارچەکانی دیکەش دەدات.

148-Joyce de Wangen-Blau, “Les Kurdes”, in: *Frontières*: *problèmes de frontières dans le Tiers-monde / Journées* d'études du 20 et 21 mars 1981 [organisées par le] Laboratoire Connaissance du Tiers-monde [de l'Université de Paris VII et] "Pluriel-débat", Paris : Université Paris VII : l'Harmattan, 1982, p. 128-134.

148-جۆیس بلۆ، " کورد". ئەم وتارە بریتییە لەو موحازەریەی کە لە کۆنگرەی "سنوور: کێشەی سنوور لە جیهانی سێ دا" لە ڕۆژانی 20-21 ی ئاداری 1981 لە

زانكۆی پاریسی حەوتەم سازكرا، خوێندرایەوە. بلۆ لەم وتارەیدا باسی ڕەوشی كوردستان دەكات لە دەورانی داگیركردنی عەرەبی-موسڵمان و پاشان باسی ڕەوشی هەڵكەوتەی كوردستان دەكات لە نێوان بەرداشی ئیمپراتۆریای عوسمانی و ئێرانی لە نێوان سەدەكانی شانزە و نۆزدەهەم دا. نووسەر لای وایە لە نیوەی یەكەمی سەدەی نۆزدەهەم دا هەستی ئینتیمای زۆربەهێز بۆ یەك گرۆی هاوبەش لەنا و كورد دا لە دایك بوو. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد دیاردەیەكی دابڕاو نییە و پێوەندی بە چوارچێوەی گشتی بزوتنەوە ڕزگاریخوازەكانی ئیمپراتۆریای عوسمانییەوە هەیە. دوجاریش باسێكی كوردستان لە دوای جەنگی یەكەمی جیهانی و هەوڵدانی كورد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێكی كوردی و كێشەی مووسڵ و كۆماری مەهاباد باسدەكات

149-Livio Maitan, « La question kurde ». In *Quatrième internationale* 40 (9), sept. 1982, p. 47-65.

150-N. Bekass, « Les relations soviéto-kurdes ». In *Critique socialiste* (43), avr. 1982, p. 103-114.

150-ن. بێكەس، "پێوەندییەكانی شوورەوی و كورد". نووسەر باسی پێوەندییەكانی ڕووسی و كوردی دەكات و بەلای ئەوە یەكەمین تاڵەداوەكانی ئەم پەیوەندیانە دەگەڕێتەوە بۆ دەستپێكی سەدەی نۆزدەهەم. لە جەنگی قرم دا سوپای ڕوسیا یەك فەوجی كوردی هەبوو كە بەشداریان لە جەنگ دا كرد و دواتر لە شەڕی 1877-78 ی نێوان ڕووسیا و توركیا ژمارەیك هۆزی كورد لە دژی عوسمانی بەشداریان لە جەنگ دا كرد. دوای ئەو نووسەر باسی ئەوە دەكات كە دوای سەركەوتنی ڕوسەكان بەسەر عوسمانیەكان لە جەنگی Laigon لە ئابی 1916 دا، هێزەكانی ڕووس كە ژمارەیەكی بێشومار ئەرمەنییان لە ڕیزدابوو نزیكەی 5000 كوردیان لە كوردستان لە هەموو تەمەنێك لە شاری ڕەواندوز دا قەتڵو عامكرد. دوای ئەو نوسەر دەگەڕێتەوە سەر ساڵانی شێستەكانی سەدەی بیستەم و باسی

**پێوەندییەکانی شوورەوی و کورد دەکات بە تایبەت لە ساڵانی شێستەکان و حەفتایەکاندا.**

151-Christiane More, *Contribution à l'étude des partis politiques kurdes et leur implantation à l'étranger*; Mémoire Universitaire sous la dir. de Jean-Paul Charnay, Université de Paris-Sorbonne, paris, 1983, (193 p).

**151- کریستیان مۆر، *بەشدارییێك لە مێژووی پارتە سیاسیەکانی کورد و گەشەکردنیان لە دەرەوەدا*. بریتییە لە نامەی D.F.A ( ساڵی پێنجەمی زانکۆ) و لە نۆڤەمبەری 1983 پێشکەش بە زانکۆی پاریسی چوارەم (سۆربۆن) کراوە. ئەم نامەیە وەکو کتێب چاپکراوە بۆیە بڕوانە کتێبی ژمارە (7) نا و ئەم بەرگی یەکەمە.**

152 -Sylvie Denis, *Le mouvement national kurde de 1945 à nos jours*. Mémor de l'Université de Rennes II, 1983, (381p).

**152-سیلڤی دۆنیز، *بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە 1945 تا ڕۆژی ئەمڕۆ*. برتییە لە نامەی Maîtrise (ساڵی چوارەمی زانکۆ) لە مێژووی هاوچەرخ، لە کانوونی یەکەم 1983 پێشکەش بە زانکۆی پاریسی دووەم کراوە. نامەکە بەمشێوەیە دابەشکراوە. بەشی یەکەم: لایەنە هەمەچەشنەکانی پرسی کورد. فەسڵی یەکەم: کورد لە ئێران دا: کۆماری مەهاباد (کانوونی دووەم-دیسامبەری 1946) (لا: 9-44). فەسڵی دووەم: کورد لە عێراق دا: ڕەوشی ڕوخانی کۆماری ئێران و شۆڕشی عێراق لە تەممووزی 1958 دا (لا: 45-59). فەسڵی سێیەم: کورد لە تورکیا، سوریا و یەکێتی شوورەوی دا (لا: 60-98). بەشی دووەم: هەڵبەز و دابەزەکانی پرسی کورد لە عێراق. فەسڵی چوارەم: دەورانی قاسم و کورد (تەممووزی 1958-شوباتی 1963) (لا: 99-133). فەسڵی پێنجەم: بەدەسەڵات گەیشتنی حیزبی بەعس لە عێراق لە شوباتی 1963 و کورد (لا: 134-156).**

**فەسڵی شەشەم: کۆدێتای عارف لە تشرینی دووەم 1963 و سیاسەتەکەی لە کوردستانی عێراق دا** (لا: 157–183). **فەسڵی حەوتەم: گەڕانەوەی بەعس بۆ دەسەڵات لە تەمموزی 1968 و کورد** (لا: 184–205). **فەسڵی هەشتەم: هەرەسی بزووتنەی کورد لەدوای ڕاگەیاندنی ڕێکەوتنامەی 6 ی ئاداری 1975** (لا: 206–228). **فەسڵی نۆیەم: لە دایکبوونەوەی ئۆپۆزسیۆنی کورد** (لا: 230–279). **فەسڵی دەیەم: کورد و کەش و هەوای نێودەوڵەتی** (لا: 280–301). **فەسڵی یانزەهەم: هۆیەکانی سەرنەکەواتنی بزووتنەوەی کورد تاوەکو ئێستە و ئاسۆبینینەکانی دواڕۆژ** (لا: 302–315). **دەرئەنجام** (لا: 316–320). **پاشکۆ** (لا: 321–363). **بیبلیۆگرافیا** (364–366).

153-Joyce Blau, « Le mouvement national kurde ». In : *Les temps modernes* 41 (456-457), août 1984, p. 447-461.

**153–جۆیس بلۆ، " بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد". باسێکی کورتی کوردستان دەکات هەر لە کاتی ڕوخانی نەینەواساڵی 612 ی پێش زایین تاوەکوو ساڵی 1514 کە کوردستان دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریای عوسمانی و باسێکی شەڕی چاڵدێران و شوێنی کورد لەو شەڕەدا و پاشان باسی پەیماننامەی لۆزان دەکات و دواتر دەچێتە سەر باسکردنی ڕاپەڕینی میرنشینەکانی سەدەی نۆزدەهەم و شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و سیاسەتی سوڵتان عەبدوالحەمیدی دووەم بەرامبەر بە کورد. لە کۆتایشدا باسیێکی بەداوێنی بزووتنەوەکانی کورد دەکات لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی و دوای جەنگ و بەڕوویێکی تایبەتی باسی شۆڕشەکانی بیستەکان و سیەکانی کوردستانی تورکیا و دواتریش ساڵانی شێستەکان و حەفتایەکانی بزووتنەوەی کورد و بە شێوەیەکی تایبەتی تەرخانی کوردستانی تورکیا کراوە.**

154- Kajal Eftekhari, « Les Kurdes dans la guerre Irak-Iran ». In : *L'Afrique et l'Asie modernes* (148), print. 1986, p. 65-80.

154-کەژاڵ ئیفتیخاری، "کورد لە جەنگی عێراق و ئێران دا". باسی شیکردنەوەی هەڵوێستی هەمەچەشنەکانی بزووتنەوە کوردییەکان دەکات لە هەردوو لای سنووری عێراق-ئێران لەبارەی سەربەخۆیی و هەڵوێستیان بەرامبەر حکومەتە ناوەندییەکانی بەغدا و تاران و دواتر بە شوێن شەش قۆناغی ئۆپێراسیۆنی جەنگی دا دەچێت لەوەتای ساڵی 1980 لەسەر خاکی کوردستان لە نێوان عێراق و ئێران بووە.

155-Servet Celebi, « Les luttes des kurdes pour la liberté. La grande révolte de 1925 », in "*Optiques*" n° 8, 1987, (6 p).

155-سەرەوت چەلەبی، "خەباتی کورد بۆ ئازادی. شۆڕشی گەورەی 1925 ". باسێکی بزووتنەوەی کورد دەکات لە دوا دواییەکەی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتا باسێکی ساڵانی 1922 – 1924 ی کوردەکانی تورکیا و خۆ ئامادەکردن بۆ شۆڕشی ساڵی 1925 و کۆمەڵە و ڕێکخراوگەلی سیاسیی کورد و پاشان باسی شۆڕشی ساڵی 1925 دەکات و باسی ڕێگەپێدانی فرانسا دەکات لە کە تورکیا لە ڕێگەی سوریاوە بە ڕێگەی ئاسنی تۆپخانە و هێزێکی زۆر بۆ ناوچەی ماردین ببانت و لە دیوی سوریاوە گەمارۆی کوردەکان بدات. دواجار باسی سەرئەنجامی شکستی شۆڕشەکە و لە سێدارەدانی سەرکردەکانی شۆڕشەکە دەکات.

156-Kendal Nezan, « Les Kurdes, un peuple en détresse ». In : *Hommes et migrations* (1116), nov. 1988, p. 29-35.

156-کەندال نەزان، "کورد، گەلێك لە مەترسی دا". باسێکی کورتی مێژووی کوردە هەر لە دەورانی میدیەکانەوە تاوەکوو سەدەکانی ناوەڕاست و دواتر باسی بنەماڵەی ئەیوبییەکان و کورد لەنێوان ئیمپراتۆریای عوسمانی و صەفەوی دا دەکات و لە سەدەی حەڤدەهەم باسی هۆشیاری نەتەوەیی دەکات لای ئەحمەدی خانی و لە سەدەی نۆزدەهەمیش باسی خەباتی میرنشینە کوردەکان بۆ سەربەخۆیی کوردستان. پاشان باسێکی کورد لە دەورانی سوڵتان عەبدوالحەمید و سیاسەتی پان

ئیسلامیانەی سوڵتان و جەنگی یەکەمی جیهانی و لە دواین جاریش دا باسی چەکی کیمیاوی و دیاسپۆرای کورد دەکات لە ڕۆژئاوا.

157-Jérôme Desert, *Les Kurdes, une minorité sans protection,* Mémoire de DEA : Sciences politiques, Paris 2, 1989, (127 p).

157–ژیرۆم دوزێر، ***کورد، کەمینە نەتەوەیەکی بێ پارێز.*** بریتییە لە نامەی D.E.A (ساڵی پێنجەمی زانکۆ) ی زانستە سیاسییەکان و لە ئەیلوولی 1989 پێشکەش بە زانکۆی پاریسی دووەم کراوە. نامەکە بریتییە لە پێشەکی و (2) بەش و (5) فەسڵ. لە پێشەکی کارەکەیدا نووسەر باسی چەمکی کەمینە نەتەوە دەکات هەر لەودەمەی کە لە سەدەی حەڤدەهەمەوە ئەم چەمکە یەکەمجار بۆ ئازادی پەرستنی کەمینە ئاینییەکان بەکارهاتووە و دواتر لە کۆنگرەی ڤیەننا 1815 و دواتریش بە درێژەی سەدەی نۆزدەهەم و تا دەگاتە سەرەتای جەنگی یەکەمی جیهانی (لا: 1–7). بەشی یەکەم: سیستمی پاراستنی کەمینە نەتەوەکان لە دەورانی کۆمەڵەی گەلان و گەلی کورد. لێرەوە باسەکە دابەشی سەر (2) فەسڵ دەبێت. فەسڵی یەکەم: پەیماننامەی سێڤەر، چارەسەرییەکی ڕێزپەر لە بەرامبەر ماف هاوبەشی پاراستنی کەمینە نەتەوەکان: بەرەو سەربەخۆیی گەلی کورد. لەم فەسڵە باسی پەرەسەندنی چەمکی کەمینە نەتەوەکان، سیستمی پاراستنی کەمینە نەتەوکان، دامەزراندنی کۆمەڵەی گەلان دەکات و دواتر دەگەڕێتەوە سەر باسی ڕوخانی ئیمپراتۆریای عوسمانی، مۆرکردنی پەیماننامەی سێڤەر و ناوەڕۆکی یاسایی و سیاسیی پەیماننامەکە (لا: 11–22). فەسڵی دووەم: پەیماننامەی لۆزان، تۆڵەی تورك دژی گەلی کورد. لەم فەسڵەدا باسی پەیماننامەی لۆزان، ددانپیانان بە سەربەخۆیی تورکیا و مۆرکردنی پەیماننامەکە دەکات و دواتریش باسی چارەنووسی کوردی تورکیا دەکات تاوەکو دووەمین جەنگی جیهانیی. ( 23–30). فەسڵی سێیەم: ڕەوشی کەمینە نەتەوەی کورد لە عێراق، لە سوریا، لە ئێران و یەکێتی شوورەوی تاوەکوو جەنگی دووەمی جیهانی. لەم فەسڵە باسی ڕەوشی کوردستان و کورد لە سوریا، ئێران و شوورەوی

دا دەکات (لا: 31–45)، بەشی دووەم: سیستمی پاراستنی کەمینە نەتەوەکان لەوەتای جەنگی دووەمی جیهانی و گەلی کورد. لەم بەشەدا لە فەسڵی یەکەم دا باسی ماف کەمینە نەتەوەکان، مەرجنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، ناوەڕۆکی چەمکی کەمینە نەتەوە، (لا:50–69). فەسڵی دووەم: دانیشتوانی دەوڵەتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە بەرامبەر کەمینە نەتەوەی کورد دا. لەم فەسڵەدا باسی کێشەی کوردەکانی شورەوی، کوردەکانی سوریا بە تایبەت دوای جەنگی دووەمی جیهانی و سالآنی جەنگی سارد، کوردەکانی تورکیا، ئێران و عێراق دەکات (لا: 70–105). دەرئەنجام: (لا: 106–107). پاشکۆ: پەیماننامەی سێڤەر (لە 10 ی ئابی 1920) بەشی سێیەم: کوردستان. (لا: 108–110). بیبلیۆگرافیا (لا: 111–127) و نەخشەیەکی کوردستانی گەورەی لەگەڵ دایە.

158-Wedat Kaymak, *Le problème kurde dans les relations internationales : 1914-1924,* Paris : s. n, 1989, (57 p).

258– ویداد کایماك، *پرسی کورد لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان دا 1914–1924*. بریتییە لە نامیلکەیەکی بچووك و تەرخانی قۆناغێکی زۆر هەستیار و ناسکی مێژووی کورد کراوە. کتێبەکە بریتییە لە پێشەکی (لا: 1–2). فەسڵی یەکەم: دوژمنایەتی ڕۆژئاواییەکان لەسەر ئیمپراتۆریای عوسمانی لە سەروبەندی جەنگی گەورەدا. باسی کێبەرکێی و ململانێی هێزە گەورەکانی (بریتانیا، ئەڵمانیا، ڕووسیا و فرانسا) دەکات لەسەر کوردستان (لا: 3–13). فەسڵی دووەم: ڕەوشی سیاسیی کورد لە سەروبەندی دوای جەنگ دا. کێشەی کورد لە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان دا 1914–1924. لەم فەسڵەدا باسی وەفدی کوردی بۆ کۆنفرەنسی ئاشتی، هەڵوێستی ئینگلستان بەرامبەر بە کورد، ڕێککەوتنامەی سان ڕیمۆ، پەیماننامەی سێڤەر، پەیماننامەی لۆزان دەکات (لا: 23–53). دەرئەنجام (لا: 54–55). لە بەشی پاشکۆیەکان دا دەقی پەیماننامەی سێڤەر (بەشی سێیەم–کوردستان) (لا: 56–

57).، و دوو نەخشەی کوردستانی لەگەڵە (لا: 58-59). پەراوێزەکان (لا: 60-62) و بیبلیۆگرافیا (لا: 63-66).

159-Chris Kutschera, « Les Kurdes dans la tourmente ». In : *Les cahiers de l'Orient* (20),1990, p. 135-142.

159-کریس کۆچیرا، "کورد لەناو گێژاودا "[4]. سەرەتا نوسەر باسی ڕێکەوتنامەی جەزایر و پاشان باسی سەرهەڵدانەوەی بزووتنەوەی کورد و پاشان باسی بێدەنگیی هێزە گەورەکان دەکات لە بەرامبەر پرسی کورد و هەروەها باسی بەرەی کوردستانی و داگیرکردنی کوێت دەکات لە لایەن سەددام حوسێن و کۆچێرا دەنووسێ کەوا جارێکی دیکەش کوردەکان دەبنە گەورەترین لە بیرکراوی جەنگی کەنداو کە ئێستەکە بزوتنەوەکەیان بە ساتەوەختێکی ئاوەها لاواز دا دەڕوات کە هەرگیز لە مێژووی خۆیدا ڕۆژگاری ئەوای بەخۆیەوە نەبینیوە. هەر لەم وتارەیدا خشتەیەکی سیاسیی بزووتنەوەی کورد و سازشە سیاسیی و دیپلۆماسییەکان دەخاتە ڕوو.

160-Anne Harle, *Les Minorités nationales et le jeu des alliances internationales : les exemples kurdes et érythréen*, Mémoire de D.E.A, sous la dir. de BETTATI Mario, Paris II, 1990, (116 p).

160- ئان هارل، *کەمینەنەتەوەکان و یاریی هاوپشتیی نێودەوڵەتیی: نموونەی کورد و ئەریترییەکان.* برتییە لە نامەی D.E.A ی زانستە سیاسییەکان و ساڵی 1990 پێشکەش بە زانکۆی پاریسی دووەم کراوە. "لە سیستمی دوو جەمسەرەدا شوێنێك بۆ کەمینە نەتەوەکان بوونی نەبوو". نامەکە دابەشی سەر دوو بەشی

[4] ڕاستیەکەی ئەم وتارەی کۆچێرا لە پێرستی گۆوارەکەدا ناونیشانەکەی نووسراوە ( Les Kurdes oubliés ) واتە (کوردە لە بیرکراوەکان) کەچی وتارەکە لە ناوەوەدا ئەم ناونیشانەی سەرەوەی هەیە.

سەرەکی کراوە. بەشی یەکەم: هاوپشتیەکی تاکتیکی: سیستمی یاسای نێودەوڵەتیی. لەم بەشەدا هەوڵدەدا باسی ئاڵۆزی چەمکی کەمینە نەتەوە بکات لەگەڵ دەوڵەت و سیستمی پاراستنی کەمینە نەتەوەکان کە لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە خرایە کار و پاشان باسی "گەلانی قوربانیدراو": کورد و ئەریترییەکان دەکات (لا: 9–51). هەرچی بەشی دووەمە: هاوپشتی ستراتیژی. لەم بەشەدا باسی کەمینە نەتەوەکان و بەهێند هەڵنەگرتنی پرسی کورد دەکات لە دیپلۆماسیەتی ئەمریکی و شورەوی دا و پاشان باسی ئەوە دەکات کە جەنگی دژە کورد بووەتە هۆی لە بیرکردنی ناکۆکییە هەرێمایەتییەکان و خولانەوە لەناو بازیەکی بۆش و پێوەندییە ناچارییەکانی کورد دەکات (لا: 52–89). دەرئەنجام (لا: 91–93). بیبلیۆگرافیا (لا: 94–103). دواجار کۆمەڵێك تێکست و نەخشە کراونەتە پاشبەندی باسەکە.

161-Elisabeth Picard, (éd.) *La question kurde*. Ed. Complexe, (Espace international) 1, (Collection du CERI), Bruxelles, 1991, (161 p).

161–ئیلیزابێس پیکارد (ئیدیتۆر)، *پرسی کورد*. ئەم کتێبە وەکو لە پێشەکیەکەیدا هاتووە بەخێرا و پەلەپرووزکێ لەدوای کۆڕەوەکەی بەهاری 191 ی کوردستانی عێراق ئامادەکراوە و وەك یارمەتیەك بۆ تێگەیشتن لەم مەسەلەیەی کە هەموو میدیایەکانی جیهانی بەخۆیەوە خەریك کردبوو. داخۆ بۆچی بەم سەرما و سۆڵەیە نزیکەی دوو ملیۆن کەس پێکڕا بە منداڵ، پیر، گەورە و بچووك بەناو پێچی ئەم شاخانەدا لەبەردەم دەسەڵات و سوپای حکومەتی خۆیان ڕادەکەن؟ کتێبەکە لەژێر چاوەدێری ئیلزابێت پیکارد ئامادەکراوە و بەمشێوەیە دابەشکراوە. ئیلزابێت پیکارد، بەرچاوخستن (لا: 11–15). ئینجا کتێبەکە دابەشی سەر سێ بەش کراوە. بەشی یەکەم: لە بیرکراوەکانی مێژوو. لەم بەشەدا ستیڤان پێراسموس باسێکی نووسووە بەناوی " کورد و دابەشکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست 1918–1926 (لا: 19–34). بەشی دووەم: کوردەکان لەبەرامبەر دەوڵەتان دا. لەم بەشەدا ئەم باسانە

بەرچاو دەکەون: حەمید بۆزئەرسلان، " تورکیا: تەحەددی هەمیشەیی کەمالیزم" (لا: 37-51). یان ریشارد: کوردەکانی ئێران: شۆڕش، ئایدیالیزم و بێدەنگی (لا: 53-78).، ئیلزابێت پیکارد، عێراق: پرسی ئالۆسکاوی ئۆتۆنۆمی (لا: 79-95). حەمید بۆزئەرسلان، "ناسیۆنالیزمی کورد" (لا: 97-113).، بەشی سێیەم: نەخشێکی نوێ بۆ کەمینەنەتەوەکان. لەم بەشەدا ئەم باسانە بەرچاو دەکەون: ستێفان مارکوارد، " پاراستنی کەمینە نەتەوەکان لە یاسای نێودەوڵەتی دا (لا: 117-134). غەسان سەلامە،.کەمینە نەتەوە/نوێخوازی: کێشەی کورد دوای ئەوە (لا: 135-151). کرۆنۆلۆژیا (لا: 152-158) و بیبلیۆگرافیا (لا:159-161).

162-Institut kurde de Paris (éd.). *Les Kurdes : droits de l'homme et identité culturelle :* Conférence internationale de Paris, 14-15 octobre 1989. Paris : Institut kurde, 1991, (206 p).

163-Kendal Nezan, « Une croix sur les Kurdes ». In *Politique internationale* (51), print. 1991, p. 133-144.

163-کەندال نەزان، " میحنەتێك بۆ کورد". لەم وتارەیدا نووسەر باسی سیاسەتی دیکتاتۆرانەی سەددام حوسێن دەکات لەبەرامبەر کورد و ئەو کارەسات و ماڵوێرانییە دەگێڕێتەوە کە لە ڕێگەی سیاسەتی پان-ناسیۆنالیستانەی ئەم سەدەیە مرۆڤایەتی یەخەگیری بوو. سەرەڕۆییەکانی پان-ئەلمانیزم زیاتر لە 60 ملیۆن ئینسانی لە ئەورووپا کردە قوربانی و هاوشێوەکەی پان-تورانیزم لە جەنگی یەکەمی جیهانی ئیمپراتۆریای عوسمانی ڕوخاند و ئەرمەنییەکانی قەتڵوعامکرد و زیاتر لە 700000 کوردی قەتڵوعامکرد و زیاتر لە یەك ملیۆن یۆنانی بۆ ئەنادۆل کۆچ پێکرد. دواتر باسی سیاسەتی سەددام حوسێن دەکات لە کوشتوبڕرکردنی ئۆپۆزسیۆن و کورد کوژی و داوودەزگەی بێشوماری داپلۆسین و وێرانکردنی ئاواییە کوردەکان و ڕاپەڕینی بەهاری 1991 ی کوردستانی عێراق باسدەکات.

164-Saado Hussein. « Les Kurdes : entre la Turquie, l'Iran et l'Irak ». In : *Trimestre du monde* (14), 2e trim. 1991, p. 167-177.

164–سەعدۆ حوسێن، " کورد لە نێوان تورکیا، ئێران و عێراق دا". بریتییە لە بەرچاوخستنێکی مێژویی و ئەو زوڵم و ستەمەی کە لە کورد دەکرێ لەو بەشانەی کوردستان کە کوردیان تێدا دەژین. هەر لەم وتارەیدا باسی هەڵوێستی بزووتنەوەکانی کورد دەکات لەکاتی جەنگی عێراق–ئێران و جەنگی کەنداو و کاریگەری هەردوو جەنگەکە بۆ سەر تەواوی گەلی کورد.

165-Stéphane Yerasimos, « Les Kurdes et le partage du Moyen-Orient, 1918–1926 », In: *La question kurde* -sous la direction de Elizabeth Picard. – Bruxelles : Editions Complexe, 1991, p. 19–34.

165–ستیڤان ییێراسموس " کورد و دابەشکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست 1918–1926 ". لە 30 ی کانوونی دووەمی 1919 لە کاتی کۆنفرەنسی ئاشتی لە پاریس، لیۆد جۆرج لە کاتی دانیشتنی سەعات یانزە، بڕیارنامەیەکی خستەڕوو کە لە ماددەی 2 یدا هاتووە" بە لەبەرچاوگرتنی ئەو مامەڵە خراپەی کە تورک لەگەڵ ئەو دانیشتوانانەیان کردووە کە لەژێر دەستیان دا بووە، بۆ ڕەچاوکردنی ئەو قەتڵوعامەی ئەرمەنییەکان و دانیشتوانەکانی دیکە، هێزە گەورە هاوپەیمانەکان و هاوکارەکانیان قەناعەتیان بەوە هێناوە کە ئەرمێنیا، سوریا، میزۆپۆتامیا، فەلەستین، و عەرەبستان دەبێ بە تەواوی لە ئیمپراتۆری تورك بکرێنەوە...." لە دانیشتنی دوای نیوەڕۆ کە سەعات 15 کرایەوە و هەمان لیۆد جۆرج کە تەواو پەشۆکابووو بڕیانامەکەی خۆی ڕاستکردەوە. و گوتوویە "کەوا داوای لێبوردن دەکات لەوەی وڵاتێکی ئیمپراتۆری تورکی لە بیرکردووە کە دەبوو لەناو لیستی ناوەکان بوایە و ئەو وای نەزانیبوو کە ئەمە وڵاتێکی سەربەخۆیە و لای وابوو کە

**سەر بە میزۆپۆتامیا و ئەرمێنیایە بەڵام زانیویەتی کە وا نییە. مەبەست لەم وڵاتە کوردستانە کە کەوتۆتە نێوان میزۆپۆتامیا و ئەرمێنیا و داوای کرد ئەگەر ناڕەزایی نەبێ ئەوا کوردستانیش بخرێتە ناو لیستەکە و ڕەزامەندی وەرگیرا و لەماوەی خوانی نێوەڕۆیەکدا کوردستانیش چووە ناو مێژووی دیپلۆماسییەوە. ئەم وتارە باسی پرسی کورد دەکات لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و بە تایبەتی کورد لە گەمەی نێوان سیاسەتی دیپلۆماسی تورکی و ئینگلیزی و بە تایبەتیش کێشەی ویلایەتی موسڵ دا.**

166-Joyce Blau, « Les Kurdes entre 1918 et 1958 », In : Historiens et Géographes (1992), n° 336, p. 305-320.

**166-جۆیس بلۆ، " کورد لە نێوان 1918 و 1958 دا". بلۆ لەم باسەیدا باسی مێژوی چوار گرێ ی دەساڵی بزووتنەوەی کورد دەگێڕێتەوە و بەشوێن پەرەئەستاندن و ڕووداوەکانی کوردستان دا دەچێ لەم ماوە مێژووییەدا بە تایبەت لەوکاتەی کە پرسی کورد لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی وەکوو پرسێکی نێودەوڵەتیی وەدیارکەوت.**

167-Michelle Meyer, *Le Kurdistan : questions sur le Moyen-Orient : essai*. Strasbourg  Prospective 21, 1992, (159 p).

**167-میشێل مایێر، *پرسیار دەربارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (کوردستان) وتار*. کتێبێکی گشتییە دەربارەی ڕەوشی کوردستان. بەشی یەکەمی کتێبەکە تەرخانکراوە بۆ ناسینی کوردستان مێژووی کوردستان و خاڵە دیارەکانی مێژووی کۆن و نوێی کوردستان و دواتر باسی مێژووی نوێی کوردستان دەکات لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە تاوەکوو شەڕی نێوان عێراق و ئێران و هێرش و پەلاماری کۆماری ئیسلامی ئێران بۆسەر ناوچەکانی کوردستانی ئێران (1979) (لا: 5-16). دواتر سەبارەت بە ڕەوشی کوردستانی تورکیا، کوردستانی ئێران،**

کوردستانی عێراق و کوردستانی سوریا گفتۆگۆی درێژی یەك لە دوای یەك لەگەڵ خوێندکارێکی کوردی تورکیا لە زانستە سیاسییەکان.، پزیشکێکی کوردی ئێران لە پاریس.، کوردێکی کوردستانی عێراق خاوەن دوکتۆرا لە یاسا و کوردێکی سوریا کردووە و هەموو گفتۆگۆیەکان بە فرەنسی و لە پاریس لە مانگەکانی نیوەی دووەمی ساڵی 1992 ئەنجام دراون. گفتۆگۆیەکان تایبەتن بە ڕەوشی ئەو سەردەمەی کوردستان و پرسیارەکان هەمەلایەنەن و بە ئامانجی ڕوونکردنەوە و ڕوناکی خستنە سەر ڕەوشی ئەم بەشانەی کوردستان نووسراون (لا: 17–86). بۆ تەواوکردنی وێنەیەکی ڕاستەقینەی ڕەوشی کوردستان مایێر چەند گفتوگۆیەکی دیکەی سازداوە لەوانە لەگەڵ بەرپرسی E.R.N.K لە پاریس (لا: 87–96).، گفتوگۆیەك لەگەڵ کرێکارێکی کوردی تورکیا لە پاریس (97–98) ، گفتوگۆ لەگەڵ کچێکی کوردی تورکیا دەربارەی پرسی ژن و ستاتووی ژنی کورد لە تورکیا (لا: 99–109). بەشی دیکەی کتێبەکە تەرخانکراوە بۆ زمان و ئەدەبی کوردی کە تێیدا ڕێزلێنانێك لە مووسا عەنتەر و گفتوگۆیەك لەگەڵ یەشار کەمال (لا:110–120) و گەواهینامەکان (121–130) و دوایین بەشیش بریتییە لە کۆمێنتار لەسەر پرسگەلی سەربەخۆیی، پەرلەمانی کوردستانی عێراق، هەڵبژاردنی تورکیا و لە ڕێگەی چەند پرسیارێکەوە دەیەوێ ڕەوشی سیاسیی کوردستان شیبکاتەوە.

168-Salih Akim, *Désignation du peuple, du territoire et de la langue kurdes dans le discours politique turc*, Mémoire de D.E.A. Rouen, 1992, (74 p).

169-Hamit Bozarslan, *La question kurde*, Paris : La Documentation française, Numéro de : "Problèmes politiques et sociaux. Dossiers d'actualité mondiale", n° 709,1993, (67 p).

169–حەمید بۆزئەرسلان (ئیدیتۆر)، *پرسی کورد*. بریتییە لە دۆسیەی تایبەتی "بەڵگەنامەسازیی فرەنسی"* کە تایبەتە بە پرسی کورد و لە لایەن حەمید بۆزئەرسلان ئامادەکراوە. لە دۆسیەی ئەم ژمارەیەدا بۆزئەرسلان پێشەکیەکی کورتی نووسیووە: "لەوەتای لێکهەڵوشاندنەوەی ئیمپراتۆریای عوسمانی کێشەی کورد بەردەوام تورکیا، عێراق، ئێران و سوریای بەخۆیەوە خەریك کردووە و ئەمەش لە دوو سەرەدا: وەکو کێشەیەکی ناوەخۆ و دەرەکی" (لا: 2). کتێبەکە دواتر بەسەر چەند فەسڵێکی جیاواز دابەشکراوە. لە فەسڵی یەکەمدا چەند داتایەکی بنچینەیی لەبارەی ژمارەی دانیشتوان، کرۆنۆلۆژیا و سترەکتووری کۆمەڵگە خراونەتەڕوو 0لا: 5–9). فەسڵی دووەم: مێژوو: لە کۆنفرەنسی ئاشتییەوە بۆ کۆماری مەهاباد 1919–1946 0لا: 10–18). فەسڵی سێیەم: حیزبەکان و بزووتنەوەکانی کورد (لا: 19–30). فەسڵی چوارەم: کورد لە بەرامبەر دەوڵەتەکانی: عێراق، ئێران، سوریا و تورکیا دا (لا: 31–50). فەسڵی پێنجەم: ڕەهەندە هەرێمایەتییەکان. لەم فەسڵە باسی کورد لەنێوان جەنگی عێراق –ئێران، کێشەی ئاو و هەڕەشەی عێراق و مەترسییەکانی تورکیا دەکات (لا: 51–57). فەسڵی دوایی: بەنێودەوڵەتیکردن. باسی یەکەم نیگەرانییەکانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و دەستێوەردانی کۆمیونیتەی نێودەوڵەتیی دەکات (لا: 58–63).

170- Michel Verrier, « Kurdes : le dilemme turc ». in : *Les cahiers de l'Orient* (30), 2e trim. 1993, p. 49-56.

170–میشێل ڤێرییێر، "کورد، تەلەزگەی تورك". یەکەم پرسیار کە نووسەر باسەکەی پێدەکاتەوە ئەوەیە کە "ئایا تورکیا مەحکومە بەوەی هەر بە نیمچە دیموکراتی بمێنێتەوە.". پرسی کورد بۆ تورکیا خاڵێکی لاوازە بە تایبەت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دا. دەشێ هەڵبژاردنی دیمرێل بە سەرۆك کۆماری تورکیا وابکات تورکیا هەنگاو گەلێك بنێ کە لە دوایین باردا چارەسەری یەکلایکەرەوە نەبن. بەڵام پرسیاری

* *La Documentation Française*

بەجێ ئەوەیە بۆچی تورکیا (بێتوانایە) لە چارەسەرکردنی کێشەکە تاوەکو ئەمڕۆ. بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسارە نووسەر گەڕاوەتەوە سەر مێژووی بزووتنەوەی کورد لە تورکیا و دواتریش مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان و کێشەی کورد بە تەلەزگەی تورك دادەنێ.

171-Pierre Rondot, « Aspects actuels du problème kurde ». *Défense nationale* 49 (11), nov. 1993, p. 127-143.

171–پییێر ڕۆندۆ، "لایەنە هەنووکەییەکانی پرسی کورد". لەوەتای شۆرشی ساڵی 1925 ی کورد بە ڕێبەرایەتی شێخ سەعیدی پالۆ لە ئەنادۆڵی ناوەڕاست دژ بە دەسەڵاتی تورکیای کەمالیست هەڵگیرساوە پرسی کورد هەر بە زیندوویی ماوەتەوە. لەم وتارەیدا ڕۆندۆ باسی ڕەوشی کورد دەکات و بایەخێکی تایبەتی بە کوردستانی عێراق دەدات و باسی هەردوو سەرۆك بارزانی و تاڵەبانی دەکات و دواتر باسی هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1992 ی کوردستان و ئەنجامەکانی دەکات و ئەوە دەنووسێ کە ڕۆژئاوا گوێ لە کوردی عێراق دەگرێ و باسی گەشتی مەدام میتران دەکات لە 4 تا 7 ی تەممووزی 1992 بۆ کوردستان و گەشتەکانی سەرۆکەکانی کورد بۆ واشنتۆن و دواتر باسی دەوڵەتی "فیدرالی" ی کوردستانی عێراق دەکات. دوای ئەوە باسی تیرۆرکردنی شەرەفکەندی و پەکەکە و خەباتی پەکەکە دژی تورکیا و لە دواین پەرەگرافیش دەنووسێ " وەختایەك لە کۆتایی ساڵانی بیستەکان، ناسیۆنالیستە حەماسەتگیرەکانی کورد بزووتنەوەی خۆیبوون یان ڕاگەیاند، ئەفسانەیان خستەڕوو، ئەمڕۆ جێگرەوەکانیان پێ لەسەر حەقیقەتی نوێ دادەگرن و لەوە بە دوا هیوایەکی ڕەگاژۆ فۆرمیولە دەکەن".

172-Akil Marceau, "Les droits des minorités et les Kurdes", In : *Peuples Méditerranéens*, n° 68-69,1994, p. 267-279.

172-عەقیل مارسۆ، " مافەکانی کەمینەنەتەوەکان و کورد". باسێکە دەربارەی چەمکی کەمینە نەتەوە و ستاتووی کەمینەکان لە پێوەندییە سیاسیی و یاسا نێودەوڵەتییەکاندا بۆ ئەم مەبەستە نووسەر گەڕاوەتەوە بۆ سەر چەمکی ئیسلام و کەمینە نەتەوە، ڕژێمی کەمینەنەتەوە لە دەورانی ئیمپراتۆریای عوسمانی دا، لە پەیماننامەی سێڤەرەوە بۆ پەیماننامەی لۆزان و دروستکردنی کەمینەی نەتەوایەتی و پاشان باسی پاراستنی ماڤ کەمینەکان دەکات لە دەستوور و یاساپەکانی کۆمەڵەی گەلان و نەتەوە یەکگرتووەکان دا.

173- Hamit Bozarslan, (éd.). Les Kurdes et les Etats. *Peuples méditerranéens* (68-69), juil.-déc. 1994, (300 p).

173-حەمید بۆزئەرسلان، (ئیدیتۆر)، "کورد و دەوڵەت". بریتییە لە ژمارەی تایبەتی گۆواری *Peuples méditerranéens* ژمارەی جمکانەی 68- 69 بەناوی (کورد و دەوڵەت) کە لەژێر چاودێری حەمید بۆزئەرسلان دا بڵاوکراوەتەوە. لەم ژمارەیدا کۆمەڵێك مامۆستا و پسپۆری بواری کوردناسی وتاریان تێدا بڵاوکردۆتەوە لەوانە: مارتن ڤان بروێنین، هانس-لۆکاس کیسێر، جۆیس بلۆ، کارین کارێن، عەباس وەلی، ماریا ئۆشیا، حەمید بۆزئەرسلان، رشۆبەرت ئۆلسن، داڤید مەکدوێل، عەقیل مۆرسۆ، فەواز تەربلوسی و وتارەکان بەشێکیان بە زمانی فرەنسی و بەشێکیشیان بە زمانی ئینگلیزین.

174-Hmait Bozarslan, " Etats et modes de gestion du problème kurde ", in : *Peuples méditerranéens*, n°68-69, 1994, p. 185-214.

174-حەمید بۆزئەرسلان، "دەوڵەت و شێوازی بەڕێوەبردنی پرسی کورد". لەناو ئەو چوار دەوڵەتەی کە پرسی کورد یان تێدایە، سێیانیان لەوانە ددان بە کورد ناهێنن (وەك سوریا، تورکیا تا ساتەوەختێکی نزیك) یان بەشێوەیەکی دیاریکراو

**ددانی پێدادەنێن (وەکو ئێران). عێراق تاقە دەوڵەتە کە لە ڕووی ڕەسمییەوە چوارچێوەیەکی بۆ پرسی کورد داناوە بەڵام تەنها بەشێوەیەکی ئیداری. زەبروزەنگی دەوڵەت بەشێوەیەکی ئاسایی توخمی سەرەکییە لە مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی کورد لە هەرچوار دەوڵەت بە تایبەت وەختایەك ئەم کێشەیە بزووتنەوەیەکی نەیاری توند (شۆڕش یان جەنگی پارتیزانی) دروست بکات.**

175-Hmait Bozarslan, « La nouvelle donne de la question kurde », in : *L'Etat du monde*, Paris, La Découverte, 1994, p. 529-531.

176-Hosham Dawod, « Ethnies/États au Moyen-Orient : le cas kurde », In: *Peuples Méditerranéens*, Paris, n° 68–69.1994 (juillet–décembre), p. 39–56.

176– **هیشام داود، " ئیتنی/ دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا: نموونەی کورد". خوێندنەوەیەکی تیۆریی و ئانترۆپۆلۆژیانەیە بۆ کۆمەڵگەی کورد و پێکهاتە و ڕێکخستنەکانی ناو کۆمەڵگە لە چوارچێوەی دەوڵەت و پێوەندی نێوان ئیتنی و دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا.**

177-Chris Kutschera, « Kurdes : le rêve fou de l'indépendance ». In: *Politique internationale* (68), 1995, p. 250-270.

177–**کریس کۆچێرا، " کورد: خەونی شێتانەی سەربەخۆیی". خوێندنەوەیەکی ڕەوشی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردە لە هەر سێی پارچەی کوردستان لە دوای جەنگی کەنداوی دووەم و لە سەرەتای وتارەکەی ئەم پرسیارە تاڵە ئاڕاستەی خوێنەر دەکات داخۆ کوردەکان ئەمجارەش لێدەگەڕێن وەکوو ساڵی** 1920 **ئەو**

**دەرفەتەیان لە دەست دەربچیٚ؟. دوای ئەم پرسیارە ئەم ڕاستیە بە خوێنەر دەڵێ : نەبوونی ستراتیژیەتێکی تەواو پێناسەکراو، لاوازی دەستەبژێری کوردی، دابەشبوونە ناوەخۆییەکان و بە تایبەتیش یاری شەرمهێنی هێزە گەورەکان دەشێ بەراستی جێگەی ترس بێ. هیچ کاتێك پێوەندی سەرکردە کوردەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان ئەوهێندە بە هامشۆ و گەرم و گوڕ نەبووە بەڵام هیچ کاتێکیش بزووتنەوەی کورد ئەو هێندە پارچە پارچە نەبووە لەناو ئەو سنوورانەی کە لە لایەن هێزە گەورەکان لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە کێشراون. نووسەر لە باسەکەیدا سەرەتا باسی کوردی تورکیا و لە دایکبوونی دەستەبژێری کوردی دەکات. لە عێراق باسی هەڵبژاردنی ساڵی 1992 و "جەنگی خۆکوژی" دەکات لە نێوان پدك و ینك. لە ئێران باسی ڕەوشی کوردستانی ئێران دەکات و لە دوایین جاریشدا باسی چارەسەری فیدرالی دەکات.**

178-Dr John King, *Les Kurdes*. Adapta. française par : Jean-François Viseur, Tournai; Paris : Ed. Gamma; Montréal (Québec) : les Ed. Ecole active, 1995, (48 p).

179-Hmait Bozarslan, "L'immigration kurde", in : *Migrants-Formation*, n°101, 1995, p. 115-129.

180-Stéphanie Lepoutre, *Les Kurdes et le Kurdistan,* Mémoire de D.E.A. Droit international public, Paris 2, 1995, (103),(41 p).

180–**ستێفانی لۆپوتر، *کورد و کوردستان*. بریتییە لە نامەی** D.E.A **لە یاسای گشتی نێودەوڵەتیی و لە ساڵی خوێندنی** 1994–95 **پێشکەش بە زانکۆی پاریسی دووەم کراوە. نامەکە بەمشێوەیە دابەشکراوە. پێشەکی** (لا: 5–11). **فەسڵی بەرایی: پێناسەیەکی چەمکی کەمینە نەتەوە** (لا: 12–18). **بەشی یەکەم: زەوتکردنی ماف**

تاکەکەسی ئەندامەکانی کەمینە نەتەوەی کورد. ئەم بەشە بەسەر (3) فەسڵ دابەشکراوەتەوە. فەسڵی یەکەم: "مەرگەساتی کورد" (لا: 21–35). فەسڵی دووەم: بەرپرسیارەتی حکومەتەکان سەبارەت بەو نۆرمانەی کە بۆ پاراستنی کەمینە نەتەوەکان پیادەکرێن (لا: 36–51). فەسڵی سێیەم: دەستەی تایبەتیی دەربارەی پاراستنی ماف کەمینە نەتەوەکان (لا: 52–61). بەشی دووەم: زەوتکردنی ماف کۆلەکتیڤی کەمینە نەتەوەکان. فەسڵی یەکەم: پێناسە و ناوەڕۆکی دەستدرێژی ماف کۆلەکتیڤی کەمینە نەتەوەکان. فەسڵی دووەم: دەستدرێژی ماف کۆلەکتیڤی کەمینە نەتەوەی کورد (لا: 71–79). فەسڵی سێیەم: بەرپرسیارەتی حکومەتەکان لە بەزاندنی ئەو نۆرمانەی کە ماف کۆلەکتیڤی کەمینە نەتەوەکان دەپارێزێ (لا: 80–90).فەسڵی چوارەم: کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرامبەر بە جینۆسادی کورد لە عێراق دا (لا: 91–97). دەرئەنجام (لا: 98). بیبلیۆگرافیا (99–102). جگە لەوە لە بەشی پاشکۆ دا کۆمەڵێکی زۆر نەخشەی جیاجیای کوردستان و بەڵگەنامە و بڕیارنامەی یاسایی بڵاوکردۆتەوە (لا: 1–41).

181-Hamit Bozarslan, *La question kurde : États et minorités au Moyen-Orient* ; préf. de Rémy Leveau, Paris : Presses de Sciences po, 1997, (383 p).

181–حەمید بۆزئەرسلان، ***پرسی کورد: دەوڵەت و کەمینە نەتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا.*** ئەم کتێبەی پرۆفیسۆر حەمید بۆزئەرسلان لە بنەواندا بریتییە لە دووەم کارنامەی دوکتۆرای نووسەر کە ساڵی 1994 پێشکەش بە ئەنستیتۆی لێکۆڵینەوە سیاسییەکان* کراوە. سترەکتووری ئەم باسە بەمشێوەیەی خوارەوە دابەش کراوە. پێشەکی (لا: 15–21). دواتر فەسڵێکی پێشبار هەیە بە ناوی : یەك پرس: چوار حەقیقەتی دەوڵەتیی (لا: 24–57). لەم فەسڵەدا لە یەك کاتدا هەم ئاوڕدانەوەیەکی خێرایە لە مێژووی کورد لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم و بە

* Institut d'études politiques

تایبەتیی دەورانی دواپین چارەگی سەدەی نۆزدەهەم و دواتر تا دەگاتە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی بیستەم. دواتر بۆ زیاتر تێگەیشتن لە سەنگی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست باسی پێکهاتەی دانیشتوانی کورد لە هەریەکە لەو وڵاتانەی ناوچەکە، ڕێژەی کورد بە بەراورد لەگەڵ دانیشتوان، ڕەوشی ئابووریی و سروشت و پێکهاتەی سیستمی سیاسیی دەوڵەتانی ناوچەکە دەخاتە ڕوو. ئینجا کتێبەکەی دابەشی سەر دوو بەشی سەرەکی کردووە و هەر بەشێکیش بۆ سەر چەند فەسڵی سەربەخۆ. بەشی یەکەم: ئەکتەرەکان (لا: 61–141). لەم بەشەدا کە دابەشی سەر 2 فەسڵ کراوە خوێندنەوەیەکی سۆسیۆلۆژیانەی دەوڵەت و ناسیۆنالیزم، مۆدێلی دەوڵەت–نەتەوە و چەمکی نوێی کەمینە نەتەوە و دۆکترینی ڕەسمیی دەوڵەت. پاشان لە شیکردنەوەیەکدا باسی پارچەپارچە بوون و دۆکترینی ناسیۆنالیزم و دوای ئەم بەرچاوڕوونیەش هەوڵدەدا لە ناسیۆنالیزمی کورد و سەرهەڵدان و پێکهاتەکانی بکۆڵێتەوە. بەشی دووەم: مۆدی باڵادەستیی و مۆدی ڕەتکردنەوە. لەم بەشەدا کە بەشی سەرەکی تێزەکەیە نووسەر لە 4 فەسڵی جیاواز دا کارراییکردنی پرسی کورد لە لایەن دەوڵەتەکان و وەڵامی ئەم پرسیارە سەرەکییە دەداتەوە کە بۆچی ئەم مۆدیلی کارڕاییکردنە نەیتوانی ڕێگە لە کێشە و تەنگژەی چەکداری بگرێ؟ ئەوجا لە فەسڵێکی سەربەخۆدا دێتە سەر لێکدانەوە و شیکردنەوەی بزووتنەوەی کورد، پێکهاتەی بزووتنەکە، سروشت و زەبروزەنگی ناوەخۆیی کورد و بایەخێکی زۆریش بە چەمکی زەبروزەنگ دەدات لەناو کۆشی بزووتنەوەی کورد دا. فەسڵی پێش کۆتایی تەرخانکراوە بۆ خوێندنەوەیەکی سۆسیۆلۆژیانەی کایەی کوردی و دووبارە بەخێڵکردنەوەی کایەکانی کوردی، پێداگرتن و گۆڕانکاریەکانی دابەشبوونە ئیتنیکییەکان و لەم فەسڵەدا پێ لەسەر میکانیزمی بە شەرعیکردنی هەوڵدانەکانی ئەکتەرەکان دادەگرێ. لە دواپین فەسڵی کتێبەکەشدا نووسەر دەگەڕێتەوە سەر ڕەهەندە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی پرسی کورد و دەیەوێ وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە چۆن پرسی کورد لە چوارچێوە "ناوچەییەکەوە" دەردەچێ؟ ئەو میکانیزمانە چین کە شەرعیەتی ئەوەی پێدەدەن ئەم دەرچوونە فەراهەم بکات؟ دەرئەنجام (لا: 349–353). پاشبار (لا: 355–356). دواتر چەند پاشکۆیەك

**کراونەتەپشبەندی کتێبەکە وەك پاشکۆی ژمارە 1: ڕێکخراوە کوردییەکان لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە، سەرکردە و ئایدۆلۆجیان.، پاشکۆی ژمارە 2: ڕێکخراوە کوردییەکان: مۆدی کارکردن و سەنگی سیاسییان. دواتر چەند نەخشەیەکی کوردستانیشی لەگەڵدایە. کرۆنۆلۆژیا (لا: 365–371) و بیبلیۆگرافیای هەڵبژاردە (لا: 373–376).**

182-Syamend Chériff Vanly, « Mouvement kurde et médias internationaux ». In: *Lêkolîn : li ser civaka Kurdistan* / Organa Înstîtûta Kurdî ji bo Lêkolîn û Zanistiyê. – Berlin : Înstîtûta Kurdî 4.1997 (bihar), p. 124–140.

183-Sabri Cigerli, *Les réfugiés kurdes d'Irak en Turquie : gaz, exodes, camps* ; préface de Jean-Marie Demaldent, Paris, Ed. l'Harmattan, Coll. Comprendre le Moyen-Orient,1998, (318 p).

**183–سەبری جیگەرلی، *ئاوارە کوردەکانی عێرا ق لە تورکیا: گاز، کۆڕەو و ئۆردوگا*. ئەم کتێبە بریتییە لە کارنامەی دوکتۆرای نووسەر لە بواری زانستە سیاسییەکان کە ساڵی 1997 پێشکش بە زانکۆی پاریسی دەیەم Université Parsi-X کراوە[5]. تێمی سەرەکی ئەم کارنامەیە لەسەر ئەو کوردانەی کوردستانی عێراقە کە لە کۆتایی جەنگی عێراق–ئێران دوای کیمیابارانکردنی ساڵی 1988 هەڵاتنە تورکیا. باسەکە دابەشی سەر دوو بەشی سەرەکی کراوە کە هەر بەشێك بۆ چەند فەسڵێك دابەشکراونەتەوە. لە بەشی یەکەم لە (6) فەسڵی جیاواز دا باسی ئەنفال، چەکی کیمیاوی، کۆڕەو، ئۆردووگا، کۆمەگ بۆ ئاوارەکان، ڕەوشی**

[5] Cf.Sabri Cigerli, *Les réfugies Kurdes d'Irak en Turquie l'exode de 1988*. Thèse de doctorat de l'Université Parsi-X, (Sous la direction de Jean Marie Demaldent), 1997, 2 vol., (701 p).

**نیشتمانیی تورکیا و ئاوارەکان، هاوپشتی دیاریکراوی نێودەوڵەتیی باسدەکات (لا: 204–31). هەرچی بەشی دووەمە لە (4) فەسڵ دا باسی ئاوارەکان و دەسەلاتکارانی کامپی ئاوەرکان، فشار بۆهێنان (بەچاوی سووك سەیرکردن)، ژیانی ڕۆژانە لە ئۆردوگاکان و پێوەندیی نێوان ئاوارەکان باسدەکات (لا: 301–205). دەرئەنجام (لا: 306–303). کرۆنۆلۆژیا (لا: 312–307) و دواجاریش بیبلیۆگرافیای هەڵبژاردە (لا: 315–313).**

184-Hmait Bozarslan, "Les Etats-Unis et le facteur kurde", *Cahier d'Etudes stratégique*, n° 26, 1999, p. 29-35.

185-Mélanie Le Verger, *La Cour européenne des droits de l'homme et les Kurdes en Turquie.* Mémoire de droit, protection international des droits fondamentaux. Université de Rennes I, Rennes, 1999, (68 p).

186-Confluences Méditerranée, numéro 34 : Une nouvelle donne pour les Kurdes, L'Harmattan (January 1, 2000),

**186–ژمارەیەکی تایبەتیی گۆواری** *Confluences Méditerranée* **یە کە تەرخانی بەرچاوخسن و پێدانی زانیاری کراوە دەربارەی کورد و پرسی کورد و کۆمەڵێك مامۆستا و لێکۆڵەرەوەی بواری کوردناسی بەشداریان تێداکردووە, ئێمە ئەو وتارانەی کە مەبەستمان بووە بە جیا لەم کتێبەدا باسمان کردووە،**

187-David Broc, *Le problème kurde à travers les relations turco-européennes: 1989-1999,* Mémoire de maîtrise : Histoire : [Université de Lyon] : 2000, 1 vol. (86 f.).

188-Jean-Christophe Ploquin, « La lutte armée, une impasse pour les Kurdes », In: *Confluences Méditerranée,* Paris, L'Harmattan, 34.2000, p. 7–12.

188-ژان کریستۆف پلوکان، " خەباتی چەکداری، بنبەستێك بۆ بۆ کورد". باسی خەباتی چەکداری دەکات کە لەوتای پانزە ساڵێك دەبێ کوردەکانی تورکیا دەستیان داوەتێ و پاشان باسی دەستگیرکردنی ئۆجەلان دەکات لە 15 ی شوباتی 1999 و باسی دادگاییکردنەکە دەکات کە ئۆجەلان داوای وەستانی خەباتی چەکداری و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردی تورکیا کرد لەناو چورچێوەی دەوڵەتێکی فیدرال دا. دواتر باسی ئێران دەکات چۆن کوردەکان بەتاو دەنگیان بۆ خاتەمی دا. دواتر نووسەر بەو ئەنجامە دگات کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا بە تایبەتی لە دوای ساڵانی 1970 ەوە، پرسی کورد یەکێك لە فاکتۆرەکانی نا ئارامی بووە بۆ دەوڵەتە تازە دروستبووەکانی ناوکە: تورکیان عێراق، سوریا و هەتا دەوڵەتی ئێرانیش.

189-Nisar Yussif Hussein, *Les Kurdes, une minorité sans protection,* Montpellier I, Mémoire de D.E.A, 2001, (65+ XXXVI p).

189-نسار یووسف حوسێن، کورد، کەمینە نەتەوەیەکی بێ پارێز. برتییە لە نامەی D.E.A (ساڵی پێنجەمی زانکۆ) ی لە یاسای گشتیی نێو دەوڵەتیی و ساڵی 2001-2000 پێکەش بە زانکۆی Montpellier I – کۆلیژی یاسا کراوە. نامەکە برتییە لە پێشەکی و (2) بەش. لە پێشەکیەکەدا زۆر بە کورتی باسی پرسی کەمینە نەتەوەکان دەکات و دواتریش دەگەڕێتەوە سەر مێژووی دەورانی ئیمپراتۆریای عوسمانی و ئێرانی (لا:4-9). بەشی یەکەم: پرسی کورد و ماف کەمینە نەتەوەکان. ئەم بەشە دابەشکراوەتەوە سەر (2) فەسڵ. فەسڵی یەکەم: پرسی کورد. باسی پرسی کورد دەکات لە تورکیا، عێراق، ئێران و سوریا (لا: 10-24). فەسڵی دووەم: بەرپرسیارێتی دەوڵەتیی بەرامبەر بە سیستمی پاراستنی کەمینە نەتەوەکان. پێناسەی چەمکی کەمینە نەتەوە، پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ماف کەمینە

نەتەوەکان دەکات (لا: 25–41). بەشی دووەم: هەتکردنی مافی هاوبەشی کەمینە نەتەۆەکان. ئەم بەشەش دابەشکراوەتە سەر (2) فەسڵ. فەسڵی یەکەم: هۆیەکانی لەناوبردنی کەمینە نەتەوەکان، ڕاگوێزان، وەدەرنان، بڵاوەپێکردن و تواندنەوەی بەزۆریان (لا: 42–49). فەسڵی دووەم: دەستدرێژییەکان لە بەرامبەر مافە هاوبەشەکانی کەمینە نەتەوەکان. لەم فەسڵەدا باسی کەمینە نەتەوەکانی کورد لە تورکیا، عێراق، ئێران و سوریا دەکات (لا: 50–60). دەرئەنجام (لا: 61–62). بیبلیۆگرافیا (لا: 63–65). لە پاشبەندی نامەکەدا چەند نەخشەیەکی کوردستان، وێنەی کیمیابارانی هەڵەبجە، تێکستی بڕیارنامەی ژمارە 47/135 ی 18 ی کانوونی یەکەمی 1992 ی ئەنجوومەنی گشتی و بڕیارنامەی ژمارە 688 ی ئەنجوومەنی ئاسایش بڵاوکرانەتەوە (لا: یەك–سی و شەش).

190-Chirine Mohseni, *Réfugiés kurdes en France: Modes de vies et intégration*, Paris, Ed.l'Harmattan, 2002, (207 p).

190–شیرین موحسینی، *پەنابەرە کوردەکان لە فرانسا: مۆدی ژیان و ئەنتیگراسیۆن*. ئەم کتێبە بریتییە لە کارنامەی دوکتۆرای نووسەر کە ساڵی 1999پێشکەش بە زانۆکی پاریسی سێیەم کراوە[6]. ئەم کارە لەسەر ئەو خێزانە ئاوارە کوردانە نووسراوە کە لە دوای سیپتامبەری 1988 و وێرانکردنی ئاواییەکانی کوردستانی عێراق بە چەکی کیمیاوی هەڵاتنە تورکیا. ئەو کوردانە کە ژمارەیان 76 خێزان بووە و لە لایەن حکومەتی فرانسا لە ئابی 1989 و نیسانی 1991 هێنراونەتە فرانسا و لە دوو ناوچەی Pay-de-Döme و Loire-Atlantique جیگیر بوون. نووسەر خۆی لە کۆتایی دیسامبەری 1990 تا ناوەڕاستی نیسانی 1991 وەکوو وەرگێڕ لەناو کوردەکان ماوەتەوە و ناسیاوی

---

[6] Cf.Chirine Mohseni Sadjadi, *La communauté des réfugies Kurdes Irakiens en France. Modes de Vie et Intégration.*, Thèse De Doctorat : Histoire : Paris 3, (Sous La Dir. De Jean Pierre Digard), Paris, 1999, (361 p).

لەگەڵ دا پەیدا کردوون. کارنامەکە دابەشی سەر (4) بەش کراوە. لە بەرایی کتێبەکەیدا نووسەر باسی ئیشکالیەت و ڕەوتی بەدواداچوون و میتۆدۆلۆژی کارنامەکەی دەکات (لا: 11–17). بەشی یەکەم: بنچینەی ئاوارەکان. ئەم بەشە دابەشی سەر (4) فەسڵ کراوە و زیاتر بەشێکی ڕێگەخۆشکەرە بۆچوونە ناو کرۆکی باسە. نووسەر لە فەسڵی یەکەم باسی کۆچی کورد دەکات بەرەو ئەورووپا و دیاسپۆرای کورد لە ئەورووپا و لە فەسڵی دووەمیش دا باسێکی مێژووی کوردستانی عێراق، سیاسەتی حکومەتی عێراق لە کوردستان دا ئاوارەبوون و جیگیربوونی کوردەکانی عێراق دەکات لە کامپەکانی پەنابەری لە تورکیا (لا: 23–40). بەشی دووەم: گەیشتن و جێگیربوون لە فرانسا. لەم بەشەدا لە فەسڵی یەکەم باسی گەیشتنی ئاوارەکان دەکات بۆ کامپی Piriac-sur-Mer و لەم بەستێنەدا باسی پێوەندی ئاوارە کوردەکان لەگەڵ ناوەندی کامپەکە و ئیماژی فرانسا و فرەنسەوییەکان لە ڕوانگەی ئاوارەکانەوە. فەسڵی دووەم: باسی جێگیربوونیان دەکات لەناو شارەکانی فرانسا و ژیانی شارنشینی ئاوارەکان (لا: 45–86). بەشی سێیەم: نشینگەیی، خواردەمەنی، جل و بەرگ: ترادسیۆن و خۆگونجان. لەم بەشەدا لە (3) فەسڵ دا باسی ژیانی ڕۆژانە، باری کۆمەڵایەتی و پراتیکی ڕۆژانە و ترادسیۆنی ئاوارەکان باسدەکات (لا: 91–138). دوایین بەش: جل و بەرگ وەك بەدیارخەری کێشەگەلی ئەنتیگراسیۆن. لەم بەشەدا لە دوو فەسڵی جیا دا باسی ژیانی کۆمەڵایەتی خێزانیی و بەریەککەوتنی دوو ناسنامەی جیاواز دەکات. (لا: 143–181). دەرئەنجام (لا: 183–190)، پەراوێزەکان (لا: 190–201) و بیبلیۆگرافیای هەڵبژاردە (لا: 202–207).

191-Jean-François Pérouse, « Enjeux et rôle de la »société civile« au Kurdistan : les déterminants géopolitiques et géo-économiques », In: *Études kurdes*, Paris, L'Harmattan, n° (4), .2002, p. 7–40.

192- Kendal Nezan, "Un people écartelé: la question kurde". In : Jean-Louis Augé, *Les régions en révolte contre les états : Corse, Kabylie, Pays basque, Kurdistan, Flandre,*Ed. complexe, 2002, p, 83-91.

192–کەندال نەزان، " پرسی کورد: گەلێکی پارچەپارچەکراو". کورد گەلێکی ڕەسەنی ناوچەکەیە و لە ڕووی ئایینییەوە زۆرینەیان سوننی و لەسەر مەزهەبی شافیعین و کۆمیۆنیتەیکی گرینگی شیعە مەزهەب (عەلەوەیەکان لە تورکیا،ئەهلی هەقەکان لە ئێران و عێراق دا) دەژین بە بێ ئەوەی باسی کۆمیونیتەیەکی بچووکی مەسیحی و ئێزیدی بکەین. لە جیهانی ئیسلام دا کە کورد بەشێکە لەو جیهانە چەمکی دەوڵەت–نەتەوە چەمکێکی نوێیە و لە ئەوروپاوە هێنراوە و لە دوای هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریای عوسمانی پراتیك کراوە. نووسەر باسێکی ڕەوشی سیاسیی کوردستان دەکات لە هەر چوار پارچەی کوردستان تا دەگاتە باسکردنی بیست و نۆیەمین شۆڕشی کورد (1984–1999) کە پانزە ساڵی خایاند و خەرجی داپلۆسینی ئەم شۆڕشە لەسەر دەوڵەتی تورکیا زیاتر لە 100 ملیار دۆلار بووە. و دواتر باسی ئەوە دەکات ئەو مۆدێلی دەوڵەت–نەتەوە کە لە ئەوروپا وەرگیراوە بە زەبروزەنگێکی زۆرەوە پیادە کراو بوو بە سۆنگەیماڵوێرانییەکی زۆری ئینسانی.

193-Hmait Bozarslan, “La question kurde est-elle soluble dans l’Europe ?”, in O. Roy (dir.), *La Turquie aujourd’hui :un pays européen ?* Paris, Universalis, 2004, p. 81-92.

193–حەمید بۆز ئەرسلان، "ئایا پرسی کورد لە ئەوروپا قابیلی چارەسەرە؟". لەوەتای دامەزراندنی کۆماری تورکیا لە ساڵی 1923 پرسی کورد وەکو یەکێك لە فاکتۆرە کۆنینەکانی نائارامی و زەبر و زەنگ لە تورکیا خۆی دەنوێنیٚ. لە ساڵی 1924 تا 1938 کوردستان شانۆی چەندین شۆڕش بووە کە بەڕاستی دەسەڵاتیان هەژاند. لە ساڵانی 1970 بڕێك ئەکتەری کورد، لەوانە پەکەکە زەبروزەنگیان

ڕەتکردەوە. جەنگی گەریلایی کە لە ساڵی 1984 ڕاگەیەندرا تاوەکو ساڵی 2000 بەردەوام بوو. لەوساوە پرسی کورد و کێشەی قوبرس ئاڕاستەی سەرەکی سیاسەتی درەوەی تورکیا بووە. پاڵپشتی دیمەشق بۆ ڕێکخراوی پەکەکە سۆنگەی پیشێوی نێوان سوریا و تورکیا بووە. چارەسەرکردنی کێشەی کورد وەکو ئەوەی قوبرس وەکو مەرجی چوونە ناوەوەی تورکیا بۆ یەکێتی ئەورووپی دانەدراوە کە ئمە هەموو دەم مەترسی جەنگی ناوەخۆیی لێدەکرێ. دواتر نووسەر گەڕاوەتە سەر پاشخانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد و نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم و دواجاریش باسی ڕاگرتنی شەڕ دەکات لە ساڵی 2000 لە لایەن پەکەکە و بە قۆناغی "نە شەر و نە ئاشتی" دادەنێ و لە کۆتایی نووسەر باسی پرسی کورد و کاندیداکردن و سیناریۆیەکانی چوونی تورکیا بۆناو یەکێتی ئەوروپا باسدەکات.

194-Alain Coutte, *Les Kurdes : un peuple sans terre* ; la vérité, Cpll. Les peuples, 2004, (254 p).

195-Georges Mutin, "Les Kurdes: un peuple sans Etat", in *Geopolitique du monde Arabe*, Ed. Ellipeses, 2ème éditin, 2005, p. 99-111.

195-جۆرج موتان، "کورد: گەلێکی بێدەوڵەت". پرسی کورد پرسی ڕۆژە بەڵام کێشەکە کێشەیەکی زۆر کۆنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. دروستکردنی دەوڵەت-نەتەوە لە دوای شکستی عوسمانی نەیتوانی هەموو کەمینە نەتەوەکان ڕازی بکات. کەمینە نەتەوەی کورد هەمیشە بە دوای دروستکردنی دەوڵەتێك دا وێڵە. لەم باسەیدا نووسەرەکەی باسەکەی بەمشێوە دابەشکردووە. بەشی یەکەم: کورد لە پەراوێزی مێژوو دا؟. باسێکی گشتی کوردستان، جوگرافیای فیزیکی و ئیتنیکی، کۆمەڵگەی ترادسیۆنی کورد و لە دایکبوونی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی باسدەکات و پاشان باسی دوو هەڵی لە دەستچووی کورد دەکات بۆ دروستکردنی دەوڵەتی خۆی. یەکەمیان لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و

دووەمیان لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی و لە دوایین جاریشدا باسی ڕەوشی کورد دەکات لەنێوان دوو جەنگدا. بەشی دووەم: پرسی ئالۆسکاوی ئۆتۆنۆمی کوردستانی عێراق. بەشی سێیەم: کێشەیەکی کەمینە نەتەوە.

196-Jonathan Rosier, *L'Europe et la Question kurde, 1999-2006*; sous la dir. de Gérard Bossuat, Université de Cergy-Pontoise, 2006 (114 f.)

196–جۆناتان ڕۆزییێر، *ئەورووپا و پرسی کورد*. بریتییە لە نامەی ماستەری دوو لە مێژووی هاوچەرخ دا و لە تەمموزی 2006 پێشکەش بە بەشی مێژووی زانکۆی Cergy-Pontoise کراوە. نامەکە بەمشێوەیە دابەشکراوە. پێشەکی (لا: 3–8). تێبنین بیبلیۆگرافی، کاری زانکۆی (لا: 8–12). سەرچاوە ئەرشیڤییەکان (لا: 12–13). دواتر نامەکە دابەشی سەر دوو بەشی سەرەکی کراوە. بەشی یەکەم: کوردەکان ئەورووپایان دەوێ؟ فەسڵی یەکەم: ئەورووپا لە دەرەوەڕا: کوردەکانی تورکیا و ئەورووپا (لا: 18–29). فەسڵی دووەم: ئەورووپا لە ناوەڕا: دیاسپۆرای کورد لە ئەورووپا، پاڵپشت، دوژمن یان خەنیمی پرسی ئەورپانیەتی تورکیا؟ (لا: 30–39). بەشی دووەم: ئەورووپا و کورد. فەسڵی سێیەم: شوێنکارەکانی دەستگیرکردن و حوکمدانی ئۆجەلان لەسەر پەرەسەندنی پرسی کورد لە ئەورووپا و تورکیا (لا: 41–51). فەسڵی چوارەم: پێداگیری ئەورپاییەکان بەرامبەر بە پرسی کورد لەوەتای ڕیفۆرمەکانی ساڵی 2002 ی تورکیا: چ ئەنجامێك؟ (لا: 52–60). فەسڵی پێنجەم: ئەگەر تورکیا هاتە ناو ئەورووپا. شیمانە هەرێمایەتیەکانی پرسی کورد بۆ ئەورووپا (لا: 61–71). دەرئەنجام (لا: 72–78). بیبلیۆگرافیا (لا: 79–81).

## 2.3: ناسیۆنالیزمی کورد، ناسنامە و زەبروزەنگی دەوڵەتیی

197-Basile Nikitine,« Quelques observations sur les Kurdes », In : *Mercure de France*, Paris, 1921, Tome CLV, p. 662-674.

197–بازیل نیکیتین، " چەند سەرنجێك دەربارەی کورد" هەوڵدانێکە بۆ ناسینی کورد و کۆمەڵگەی کوردەواری بە خوێنەری فرەنسی. نووسەر سەرەتا لە باسەکەیدا باسی ڕۆڵی گرینگی شێخ و شێخایەتی دەکات لەناو کۆمەڵگە و هاوکات باسی تەریقە ئایینییەکان دەکات. بەهەمان شێوە گرینگی بە باسی ڕۆڵی خێڵەکان دەدات لە مێژوی کورد و لە ڕێگەی چەمکی دوانەی شێخایەتی و عەشیرەتگەری دەیەوێ کۆمەڵگەی کوردی بخاتە ڕوو.

198-P. Gentizon, « L'insurrection Kurde », in : *Revue de Paris*, Tom Cinquième, (Septembre Octobre) 1925, p. 834-856.

198–پ. ژەنتیزۆن، " ڕاپەڕینی چەکداریی کورد". باسێکی درێژی شۆڕشی ساڵی 1925 ی شێخ سەعیدی پیرانە. سەرەتا لە ڕووی جوگرافییەوە باسی کوردستان دەکات و دواتر لە ڕووی مێژوییەوە ناوی کورد شیدەکاتەوە و باسی سترەکتووری کۆمەڵگەی کورد دەکات و ئینجا باسی هۆیەکانی شۆڕشی ساڵی 1925 و پاشان هۆیەکانی شکستهێنان و تێکشکاندنی شۆڕشەکە ڕووندەکاتەوە.

199-Bletch Chiguh (Dr), *La question kurde : ses origines et ses causes*, Ed. Publication de la Ligue Nationale Kurde Hoyboun, n° 6, Le Caire, 1931, (56 p).

199–دوکتۆر بلەج شێرگوە، *پرسی کورد، بنچینە و هۆکارەکانی*. ئەم نامیلکەیە بریتییە لە بڵاوکراوەی ژمارە شەشەمی خۆیبوون و لە قاهیرە بڵاوکراوەتەوە.

کتێبەکە بریتییە لە باسێکی گشتی بۆ بەرچاو ڕوونکردنەوەی ڕای گشتی ئەورووپی دەربارەی پرسی کورد و مێژووی کورد. نامیلکەکە بریتییە لە باسێکی زۆر کورتی جوگرافیای کوردستان و باسێکی مێژووی کورد کە هەر لە مێژووی کۆنی کوردەوە دەستپێدەکات و تاوەکوو شۆڕشەکانی کورد لەسەدەی نۆزدەهەم و تا ڕاپەڕینی مەلا ئیدریسی بدلیسی (1913). دواتر باسی ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکان و ڕەوشی کوردستان لە سالانی جەنگی یەکەمی جیهانی و دوای جەنگ باسدەکات. شۆڕشی سالی 1925 و دامەزراندنی خۆیبوون و سیاسەتی داپلۆسێنەرانەی تورکیا بەرامبەر بە کوردی ئەو ولاتە لە ماوەی 1925–1928 بایەخێکی تایبەتی پێدراوە و دواجاریش کۆمەڵێك بەڵگەنامەی مێژوویی گرینگ و خشتەی ئاماری ئەو گوند و شارۆچکە کوردیانەی تێدایە کە تورکیا لەو ماوەیەدا لەگەل زەوی تەختی کردوون لەگەل بیبلیۆگرافیایەکی کۆمەڵێك سەرچاوەی کوردناسی لەبارەی مێژووی کورد و کوردستان. ماوەتە سەر ئەوەی بلێین بە دڵنیاییەوە دوکتۆر بلەج شێرگوە نازناوی خواستراوەی (سورەیا بەدرخان)ە.

200-V. Minorsky, « Les origines des Kurdes », in "*Actes du XX*[ème] *Congrès International des Orientalistes*", Bruxelles, 1940, p. 143-152.

200–ڤ. مینۆرسکی، "بنچینەی کورد". بریتییە لەو موحازەرەیەی کە لە بیستەمین کۆنگرەی ڕۆژهەلاتناسیی نێودەوڵەتیی لە 5–10 ی ئەیلوولی 1938 لە برۆکسێل بەسترا خوێندرایەوە و دواتر سالی 1940 لەگەل تەواوی کارنامەی کۆنگرەکە هەر لە برۆکسێل بلاوکرایەوە. لەم باسەدا مینۆرسکی بەشوێن بنچینە مێژووییەکانی کورد دا دەگەڕێ هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە و پێی وایە کە کوردەکان نەوەی ئەو کاردۆخیانەن کە هیردۆت لە مێژووەکەی خۆیدا باسیکردوون. خالی هەر گرینگ لەم باسەدا ئەوەیە مینۆرسکی پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە کوردەکان نەوەی میدیەکانن. دواجار دەگەڕێتەوە سەر گەڕۆك و جوگرافیناسە موسڵمانەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و بەدوای ناونان و بنچینەی کورد داگەڕێ.

201-*Memorandum sur la situation des Kurdes et leurs revendications*, Paris, 1948, (47 p).

201-*یادداشتنامە دەربارەی ڕەوشی کوردەکان و داخوازینامەکانیان*. بریتییە لەو یادداشتنامەیەی فرەنسییەی کە لە لایەن وەفدی کوردی لە پاریس لە 29 ی تشرینی دووەمی 1948 پێشکەش بە Trygve Lie ی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان کراوە. یادداشتنامە بریتییە لە نۆزدە بەش مێژوو و داخوازینامەکانی کورد ڕووندەکاتەوە. سەرەتا باسی گەواهینامەی چەند نووسەر و ڕۆژهەلاتناسێکی ئەوروپی دەکات دەربارەی کورد و کوردستان و پاشان باسی جوگرافیای فیزیکی، ئابووری ئیتنیکی، ژمارەی دانیشتوانی هەموو کوردستان کە لە یادداشتانەمەکە بە هەشت ملیۆن دانراوە. دواتر بەشی گرینگی یادداشتنامەکە تەرخانکراوە بۆ باسی مێژووی کورد لە کۆنی کۆنەوە تاوەکوو سەدەی نۆزدەهەم، سەردەمی ڕاپەڕینەکانی کورد لە سەدەی نۆزدەهەم، دەورانی پەیماننامە گەورەکان (پەیماننامەی سێڤەر) و پاشان باسی کوردستانی تورکیا، پەیماننامەی نەتەوەیی تورك، سیاسەتی کەمالیزم، ڕاپەڕینەکانی: شێخ سەعیدی پیران، ئاگری داغ و سیاسەتی ناوەخۆیی تورکیا شیدەکاتەوە. بەشێکی دیکەی یادداشتنامەکە تەرخانکراوە بۆ ڕۆڵی ژاندرەمەیی عێراق و ڕەوشی کورد لە عێراق دا و لەم بەستێنەدا باسی بزووتنەوەکانی شێخ مەحموود، بزووتنەوەی بارزان، قۆناغی دووەمین جەنگی جیهانی و سیاسەتی کوردیی حکومەتی عێراق ڕووندەکاتەوە. دوایین تەوەری سەرەکی یادداشتنامەکە تەرخانکراوە بۆ مێژووی ئێران و کوردەکانی ئێران، بنەماڵەی شکاك، جەعفەر ئاغای شکاك، سمکۆ و مێژووی سیاسیی کوردەکانی ئێران. دوای ئەوە باسی ڕێکخراوە کوردییەکانی کوردستانی ئێران لە ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانیی و کۆماری مەهاباد و ڕوخانی کۆمار و لە دوایین بەشیش باسی سیاسەتی داپلۆسێنەرانەی حکومەتی ئێران دەکات بەرامبەر بە کورد. لە کۆتایی باسی ناسیۆنالیزمی کورد و لە دوایین بەشیشدا دەرئەنجامی یادداشتنامەکە و ماددە و بڕگەکانی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان وەبیر

دەهێنێتەوە. شایانی باسە ئەم یادداشتنامەیە بە ئینگلیزی[7] و بە ئیتالیش[8] بڵاوکراوەتەوە

202-Pierre Rondot, « Les Revendications nationales kurdes (1943-1949) », in: *Cahiers de l'Orient Contemporain* XVIII-XIX, Paris, 1949, p. 1-7.

202-پییێر ڕۆندۆ، "داخوازینامە نەتەوەییەکانی کورد (1943-1949)". باسی داخوازینامە نەتەوەییەکانی کورد و یەکەمین داخوازینامەی کورد کە لە گەرمەی جەنگی دووەمی جیهانی کورد پێشکەشی کردبێت ئەوە یادداشتنامەیە بوو کە لە 30 ی ئابی 1943 لە لایەن چەند کەسایەتییێکی کوردەوە لە بەیرووت پێشکەش بە هاوپەیمانەکان کراوە. تێکستی ئەم داخوازینامەیە گەرچی یەکەمجار لە دیسامبەری 1942 پێشکەش بە دو گۆل و کۆمەڵێك ئەفسەری پلەبەرزی دیکەی ئینگلیز کراوە و دواتر ساڵی 1948 بڵاوکرایەوە. دووەمین داخوازینامەی کورد لەو دەورانەدا لە 30 ی ئداری 1945 لە لایەن کۆمەڵی کورد لە بەیرووت وەکوو یەکەمین بەیاننامەی کۆمەڵە ئاڕاستەی وەفدەکانی کۆنفرانسی سان فرانسیسکۆ کرا،. دواتر سێیەمین داخوازینامەی کورد لە 29 ی نۆڤەمبەری 1948 ئاڕاستەی نەتەوە یەکگرتووەکان کرا. لە بەشی دیکەی باسەکەیدا نووسەر باسی هەوڵدانە جیاجیایەکان دەکات وەکو نامەی کۆمەڵەی کورد بۆ وەزیرانی دەرەوەی کۆبووەوە لە 10 ی سێپتامبەری 1945. تێلێگرامی کەسایەتییە کوردەکانی عێراق بۆ کۆنفرەنسی وەزیرانی دەرەوە

[7] *Memorandum on the situation of the Kurds and their claims : summary of the Memorandum presented by the Kurdish delegation in Paris on November 29th 1948 to His Excellency Mr. Trygve Lie, Secretary General of the United Nations,* Paris : [s.n.], 1949, (26 p).

[8] *Memorandum sulla situazione dei Kurde e lore revendicazioni.* Roma 2.1.1949.

لە مۆسکۆ لە 24 ی دیسامبەری 1945 و لە دوایین بەشیشدا باسی نەخشەی کوردستان دەکات کە ساڵی 1947 لە قاهیرە بڵاوکرایەوە.

203-David Ariel, " Les Kurdes et le Moyen-orient", in: *Orient-Occident*, (CCXVIII), N° 2.280, 16 November 1951, p. 1-8.

203–داڤید ئارییێل، " کورد و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕست". کێوماڵێکی گشتیی پرسی نەتەوایەتی کورد و ڕووپێوێکی جوگرافیای کوردستان و باسێکی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد و هۆیەکانی شکستهێنانی بزووتنەوەی کورد، هۆشیاری نەتەوەیی لای کورد و پێکهاتە و سترەکتووری کۆمەڵگەی کورد و کۆماری مەهاباد و دەرکەوتنی پارت و ڕێکخراوی نوێ لە کۆمەڵگەی کوردەواری لە باسە سەرەکیەکانیەتی. شایانی گوتنە ئەم وتارە لە گۆواری (ڕۆژهەڵاتی نوێ) ژمارەی هاوینی 1951 لە زمانی عیبرییەوە کراوەتە فرەنسی.

204-Joseph Gouldin, *Le Kurdistan, étude de la condition juridique du peuple kurde*. Thèse, Université de Paris, 1953, (80 p).

205-Bedir Khan, Kamran Ali, « La question kurde ». In : *Orient nouveau*, no 8, avril 1956, p. 6-12.

206-Jean-Pierre Viennot, « Le mouvement national kurde : ses origines, son développement historique et ses perspectives », in : *Orient*, n° 32/33, 4e Trim.1964/1er Trim.1965, p. 29-120 & 353-402.

206–ژان–پییێر ڤینۆ، "بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد: بنچینەکانی، پەرەسەندنە مێژوویی و ئاسۆبینینەکانی". نووسەری ئەم وتارە ژان–پییێر ڤینۆ[9] دوکتۆرای لە مێژووی هاوچەرخی کورد هەیە و یەکێك بوو لە کەسە شارەزایەکانی بواری مێژووی کورد و جگە لەوە سکرتێری کۆمیتەی ئالیکاری شۆڕشی کورد[*] یش بوو کە بەداخەوە لە بەختی کورد مەرگ هەر زۆر زوو بینی پێگرت. ئەم وتارە بریتییە لە بەرچاوخستنێکی گشتیی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و لە بنچینەی ئەم مێژووە دەکۆڵێتەوە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە تاوەکوو ناوەڕاستی شێستەکان. هەروەها کرۆنۆلۆژیایەکی ڕووداوەکانی شوباتی 1964 تا نیسانی 1965 ی لەگەڵە و دواتر بیبلیۆگرافیای سەرچاوەکان.

207-Nezan Kendal « La destruction de l'identité culturelle kurde en Turquie », in : *L'Afrique et l'Asie Modernes*, No. 140, Printemps, 1984, p. 51-58.

208-Peshraw Karim Ahmad, *Le Mouvement de libération du peuple kurde au Kurdistan d'Irak: de 1975 à nos jours.* Mémoire de Maîtrise (sous la dir. de M.S. Güze), Université de Paris VII, 1986, (123 p).

208–پێشرەو کەریم ئەحمەد، ***بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە کوردستانی عێرا ق : لە 1975 ەوە تاوەکوو ئەمڕۆ***. بریتییە لە نامەی Maiîtrise (ساڵی چوارەمی زانکۆ) لە ساڵی خوێندنی 1985– 1986پێشکەش بە زانکۆی پاریسی حەوتەم کراوە. نامەکە بەشێوەیە دابەشکراوە: پێشەکی (لا: 1–10). بەشی یەکەم: ناسینی ناوچەکە: کوردستانی عێراق. باسی جوگرافیا، دانیشتوان، ناوچەکان و کۆمیونیتە ئایینییەکان باسدەکات (لا: 11–29). بەشی دووەم: بزووتنەوەی

---

[9]Jean-Pierre Viennot (1941-1975).

[*] Comité de solidarité à la Révolution kurde

**نەتەوایەتی کورد و سیاسەتی تواندنەوەی دەوڵەتی عێراق. لەم بەشەدا باسی ڕێکخراوەکان، حیزبی بەعس، پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، حیزبی شیوعی عێراق، جەنگی** 1961 **تا ساڵی** 1970**، ڕێکەوتنامەی ئاداری** 19170**، سیاسەتی تواندنەوە و پرۆژەی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و پێنجەم جەنگ، ڕێکەوتنامەی جەزایر و ئەنجامەکانی، جەنگی** 1976 **و شەڕی عێراق–ئێران باسدەکات** (**لا**: 30–112).
**دەرئەنجام** (**لا**: 113–117) **و بیبلیۆگرافیا** (**لا**: 118–123).

209-Hmait Bozarslan, “Un nationalisme kurde ?”, in E. Picard (dir.), *La question kurde,* Bruxelles, Ed. Complexe, 1991, p. 97-113.

209–**حەمید بۆزئەرسلان، "ناسیۆنالیزمی کورد". پرسی نەتەوایەتی کورد یەکێك لە پرسە هەرە درەنگ وەختەکانی ئیمپراتۆریای عوسمانییە چونکە لە وختێك وەدیارکەوت کە "پیاوە نەخۆشەکە" ی ئەوروپا لە گیانەڵا بوو. لەم وتارە نووسەر لە سەرەتای وەدیارکەوتنی پرسی کورد و لە ڕەهەندە نێودەوڵەتییەکان و ناوەخۆییەکانی پرسەکە دەدوێ و باسی وەدیارکەوتنی مۆدێلی دەوڵەت–نەتەوە و سیاسەتی ملهوڕانەی دەوڵەت و وەڵامی کورد لە بەرامبەر ئەم سیاسەتە شیدەکاتەوە.**

210-Fazil Karim, « La lutte armée entre le mythe et la réalité », In: *Les Kurdes par-delà l’exode*, sous la direction de Halkawt Hakim., Paris, Ed. L’Harmattan, 1992, p. 106–123.

211-Hmait Bozarslan , “La régionalisation du problème kurde”, in E. Picard (dir.), *La nouvelle dynamique du Moyen-Orient, Le monde arabe et la Turquie au tournant des années 90,* Paris, l'Harmattan,1992, p. 174-191.

212-Anne Vega, « L'Identité ethnique kurde en France », in : *Journal des Anthropologues*, N° 52, 1993, p. 29-42.

213-Hans-Lukas Kieser, *Les Kurdes alévis face au nationalisme turc kémaliste : l'alévité du Dersim et son rôle dans le premier soulèvement kurde contre Mustafa Kemal, Koçkiri, 1919-1921.* Amsterdam : MERA, 1993, (MERA occasional papers-18), (25 p).

213-هانس-لۆكاس كييسێر، *كوردە عەلەوییەكان لە بەرامبەر ناسیۆنالیزمی كەمالیزمی تورك. عەلەوێتیگەری دێرسیم و ڕۆڵیان لە یەكەم ڕاپەڕینی كورد دژ بە موستەفا كەمال (قۆچگیری 1919-1921).* نووسەری ئەم وتارە یەكێكە لەو مێژوونووسانەی كە شارەزاییێكی چاكی لە بواری مێژووی عەلەوییەكان هەیە و ئەم كتێبەشی تەرخانی ڕاپەڕینی ساڵانی 1919-1921 ی دێرسیم كردوە.

214-Ane Vega, "L'identité ethnique kurde, kurdayati", in: *Droit et Culture*, N° 27, 1994, p. 195-217.

214-ئان ڤێگا، " ناسنامەی ئیتنیكی كورد (كوردایەتی)"، باسێكی دروستبوون و پێكهاتنی ڕەوشی نەتەوەیی كورد و مێژووی دروستبوونی ناسنامەی كوردی دەكات لە هەر لە دەورانی مادەكانەوە تاوەكوودەورانی نوێی مێژووی كورد و باسی دژایەتی و پرۆسیسیی لەناو بردنی ناسنامەی كوردی دەكات لە لایەن دەوڵەتانی ناوچەكە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناسنامەی كوردیی هەر خۆی سەپاندووە. پاشان بەشێكی گرینگی وتارەكە تەرخانی ناسنامەی زمانەوانی و ئاینی كراوە.

215- Abbas Vali, « Genèse et structure du nationalisme kurde en Iran », In : *Peuples Méditerranéens* (1994), n° 68-69, juil.-déc. p. 143-164.

215-عەباسی وەلی، " سەرهەڵدان و سترەکتووری ناسیۆنالیزمی کورد لە ئێران دا". لەناو نووسەران واباوە کە بنچینەی ناسیۆنالیزمی کورد لە ئێران دەگەڕێتەوە بۆ دەورانی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری لە ئێران لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم دا. لێرەوە نووسەر گفتوگۆی ئەو ڕایە دەکات کە ناسیۆنالیزمی کورد کورد لە ئێران بەرهەمی مۆدێرنیتەیە کە ڕژێمی ملهوڕی (شا) هێنایە ناو ئێران و پاش ئەوەی دواتر پرۆسیسی بە ناوەندیکردنی دەسەلات و سیاسەتی یەك کولتووری "ئێرانی" پیادەکرد. کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد تەواو ستراتیژیەتێکی سیاسیی سیڤیلی لەبەرچاوگرتبوو کە دەکرێ بە سەرەتای ناسیۆنالیزمی کورد لە ئێران دابنرێ.

216-Martin van Bruinessen,« Nationalisme kurde et ethnicités intra-kurdes », In: *Peuples méditerranéens*, Paris, n° 68–69.1994 (juillet–décembre), p. 11–37.

216-مارتن ڤان برویێنسن، "ناسیۆنالیزمی کورد وئیتنیستێی ناوەخۆیی کورد". لەم پانزە ساڵی دوایی دا ناسیۆنالیزمی کورد سەرکەوتنێکی بێوێنەی دەستکەوت بووە، بەڵام نرخەکەی بەرز بووە. لە ماوەی زۆرترین بەشی سەدەی بیستەم دا ناسیۆنالیزمی کورد تەنها خەمی چەند نووسەرێك و خەڵکی بەئاگابووە کە ناوە ناوە بۆ ماوەیەکی کاتیی هاوپەیمانییان لەگەڵ سەرۆکە ناوەخۆییە ئایینییەکان دەبەست و شۆڕشی کورد تەنها کورتخایەن بووە و لە ئەنجامیشدا شۆڕشەکان هەر زوو شکاون. بە پێچەوانەوە لەم چەند ساڵەی دوایی دا ناسیۆنالیزمی کورد بووەتە بزووتنەوەیەکی جەماوەری و هەموو بەشەکانی کوردستانی گرتۆتەوە و دەنگدانەوە و سنوورە دەوڵەتی و ناوچەییەکانی بڕیووە. دواتر نووسەر بەشوێن ئەو وەڵامە دا دەگەڕێ داخۆ کورد کێیە. پاشان باسی یەکێتی و هەمەچەشنەیی کورد و ناسیۆنالیزمی کورد و باسی ئیتنیستێ ی ناوەخۆیی کورد دەکات.

217-Hmait Bozarslan, "Pour une lecture sociologique des mouvements minoritaires : l'exemple kurde" in H.Bozarslan (coor.), *Regards et Miroirs. Mélanges Rémy Leveau,* Leipzig, Universitätverlag, 1997, p. 37-59.

218-Hmait Bozarslan, "Coercition et violence au Kurdistan ", in H.-L. Keiser (dir.), *Kurdistan und Europa. Einblicke in die kurdische Geschichte des 19. und 20. Jahrhunderts*, Zürich, 1997, Chronos Verlag, p. 57-76.

219-Rohat Alakom, « Said Nursi entre l'identité kurde et l'identité musulmane », In : *Islam des Kurdes (édits),* Martin Van Bruinessen & Joyce Blau. – Paris, 1998. -(Les Annales de l'autre Islam, 5), p. 317-331.

220-Hans-Lukas Kieser, « Les Kurdes alévis et la question identitaire : le soulèvement du Koçgiri-Dersim (1919–21) », In: *Les Annales de l'autre Islam*, Paris : INALCO. (5), 1998, p. 279–316.

221-Hmait Bozarslan," Le groupe kurde ", In : *Hommes et migrations*, n°1212, 1998, p. 24-34.

**221-حەمید بۆزئەرسلان، "گرووپی کوردی". باسی کۆچبەر و کۆچی پەناهەندەی کورد دەکات بۆ ئەوروپا کە لەگەڵ ساڵانی هەشتایەکاندا کۆچی کوردەکانی عێراق و ئێران کە زۆرینەیان گەنج بوون و لەتاو جەنگی عێراق-ئێران ڕایاندەکرد. نووسەر خوێندنەوەیەکی لایەنە سۆسیۆلۆژی و سیاسییەکانی کۆچبەری کورد دەکات و باسی پێوەندی نێوان کۆچبەران و پێوەندیان ناوەخۆیان و پێوەندیان لەگەڵ ناوەوی وڵات دا باسدەکات.**

222-Halkawt Hakim, « Le nationalisme du poète Koyï » In *Confluences Méditerranée*. 34, Une nouvelle donne pour les Kurdes, éd. sous la dir. de J.C. Ploquin, Paris, 2000, Ed. L'Harmattan, p. 21-26.

**222–هەڵکەوت حەکیم، "ناسیۆنالیزمی کۆیی شاعیر (1817–187)". باسێکی کورتە دەربارەی ناسیۆنالیست بوونی حاجی قادری کۆیی و باسی ژیانی شاعیر، بیروڕا و ژیانی ئاوارەیی کۆیی لە ئەستەموول دەکات و حاجی قادر بە ناسیۆنالیستی کورد دادەنێ.**

223-Hmait Bozarslan, "La question kurde : grilles de lecture, niveaux d'action", in : *Confluences Méditerranée*, n°34, 2000, p. 13-20.

**223–حەمید بۆزئەرسلان، "پرسی کورد: ڕوانینی هەمەلایەنە، ئاستەکانی کردار". تێرمەکانی گفتوگۆ دەربارەی پرسی کورد بە شێوەیەکی بەرفراوان لە دوو تەوەرەی : دەوڵەت و مانۆری ناسیۆنالیستی کورد خۆی دەنوێنێ. دەوڵەت بەشێوەیەکی بەرفراوان پێوەندی بە ڕوانگەی ملهوڕانەی ئەو سیاستەوە هەیە کە تەواوی ڕژێمەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پیادەی دەکەن. دەوڵەت وەکوو تەجەللی نەتەوەیەکی مێژوویی و یەکگرتوو سەیر دەکرێ و سیاسەتیش بە شوێنی خۆی وەکو جەنگ سەیردەکرێ. لە عێراق، لە ئێران، لە تورکیا کوردەکان یەکێك لە بەربەستە گەورەکانی هاوڕەگەزیبوونی دەوڵەتەکانن و لە ئەنجامدا بوون بە سەرەکیترین نیشانەی ئەم سیاسەتە.**

224-Hmait Bozarslan,« Mobilisation politique dans l’espace urbain kurde : quelques pistes de recherche », in : *The Journal of Kurdish Studies*, n°3, 2000, p. 41-50.

225-Kendal Nezan, "La genèse du nationalisme kurde", in: *Confluences Méditerranée*, N° 34-Eté 2000, p. 27-36.

**225–كەندال نەزان، " وەدیارکەوتنی ناسیۆنالیزمی کورد". باسی فۆرمی نوێی ناسیۆنالیزمی کورد دەکات لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیا و پاشان هۆشیاری نەتەوەیی لای کورد دەگەڕێنێتەوە بۆ سەدەی حەڤدەهەم لای ئەحمەدی خانی و دواتر بۆ سەدەی نۆزدەهەم بۆ لای میرەکانی: بابان، سۆران و بەدرخان و لە دواین بەشیشدا باسی وەدیارکەوتنی ناسیۆنالیزمی تورك دەکات و بە کاردانەوەی ناسیۆنالیزمی تورك لە دوای تێکشکانی شۆڕشەکانی سەدەی نۆزدەهەمی کوردستان لە ساڵی 1909 –ەوە کورد بە ڕێگەی نوێ و مۆدێرن (ڕۆژنامە، ڕێکخراو و پارتی) بۆ ئازادی خۆی خەبات دەکات.**

226-Mirella Galletti, « Deux lettres de Chérif Pacha à Benito Mussolini », In: *Études kurdes*, Paris, L'Harmattan, n° ( 2.), 2000, p. 65–82.

**226–میرێلا گالێتی، " دوو نامەی شەریف پاشا بۆ مۆسۆلینی". بریتییە لە دەقی دوو نامەی شەریف پاشا کە لە 27 ی تەمموز و 16 ی کانوونی یەکەمی ساڵی 1942 بۆ بینیتۆ مۆسۆلینی ناردووە. وا دیارە شەریف پاشا هەر لە ساڵی 1936 لە مۆنتیکارلۆوە لە شاری نیس لە ڕێگەی کونسولی ئیتالیا نامەی بۆ مۆسۆلینی نووسیووە و ئەم زانیاریانە لە ڕێگەی تێبینیەکانی سکرتێری مۆسۆلینی هاتووە کەوا نامەکە لە 17 ی تەممووزی 1937 گەیندراوەتە دەست مۆسۆلینی بەڵام بەداخەوە وا دیارە ئەم نامەیە تا ئێستە نەدۆزراوەتەوە، گالیتی ئەم دوو نامەیەی لە ئەرشیڤی ناوەندی دەوڵەتی ئیتالیا* لەناو دۆسیەی سکرتێری تایبەتیی مۆسۆلینی دۆزیوەتەوە. شایانی باسە هەردوو نامەکە بە زمانی فرەنسی نووسراون.**

---

* *Archivio centrale dello Stato, Segreteria particolar de Duce*

227-Martin van Bruinessen,« Aslını inkar eden haramzadedir!« : le débat sur l'identité ethnique des Alévis kurdes », In: *Études kurdes,* Paris. – Paris : L'Harmattan., (3), 2001 (octobre), p. 7–40.

227-مارتن ڤان بروینسن،"گفتوگۆ دەربارەی ناسنامەی ئیتنیکی کوردە-عەلەوییەکان". بوونی ژمارە گەلێك هۆزی کوردی زازا کە زمانی تورکی وەکو زمانی پەرستن بەکاردەهێنن و زۆرینەی هۆزەکانیان ناوەکانیان تورکییە، وایکردووە هەم ناسیۆلیستانی کورد و هەم ناسیۆلیستانی تورك کێشەی ئەوەیان ببێ پێناسەی ناسنامەی ئەم گروپانە بکەن. بڕێك هەوڵی سادە و ساکار هەیە تا بیسەلمێن کە کوردی و زازا لە بنچینەدا تورکین و لەبەرامبەر دا بڕێکی دیکە لە کوردەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە هەتا عەلەوییە تورکەکانیش ئایینی خۆیان لە بنچینەدا لە کوردەکانەوە بۆ ماوتەوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدەدا ئەم پرسە ئاڵۆزە شیبکاتەوە و بەدوای ئەو وەڵامەدا دەگەڕێ داخۆ عەلەوییە کوردەکان کێن؟ بۆ ئەم مەبەستە نوسەر گەڕاوەتە سەر بنچینەی کۆنی کوردە عەلەوییەکان و بە مێژوی پێش-ئیمپراتۆریای عوسمانی و سەرەتای ئیمپراتۆریای عوسمانی ئەم گروپە هەڵگەڕاوانەدا چۆتەوە . وەك نووسەر دەڵێت بڕێك لە مێژوونووسە خۆولاتییەکانی وەك (فرات، ڕشڤانغلو و کۆجاداغ) هەوڵدەدەن بنچینەی تورکی هۆزە کوردە عەلەوییەکان بسەلمێنن. هێندێکی دیکە لەوانە دێرسیمی پێ لە سەر کورد بوونیان دادەگرێ. دواتر نووسەر باسی پێوەندی نێوان ئێزیدی و عەلەوی و پاشان باسی عەلەوییەکان دەکات لە دەورانی کەمالیستی و دوایین پەرەگرافی لێکۆڵینەوەکە بەوە کۆتایی پێدەهێنێ "*کە دەشێ هەرگیز نەتوانین بە بێ ئاڵۆزی و بە شێوازێکی ڕازیکارانە وەڵامی پرسیاری بنچینەی کوردە عەلەوییەکان بدەینەوە بەڵام واپێدەچێ ئەم گفتوگۆیە هەر بەردەوام بێت*".

228-Julie Fernandez Barrena, *Les Kurdes d'Afrin a Alep: une trajectoire identitaire*. Mémoire de D.E.A (Dir. Hamit Bozarslan), EHESS, Juin 2002, (124 p).

228- ژولی فێرناندێز بارێن، *کوردەکان لە عەفرینەوە بۆ حەلەب: ڕەوشێکی ناسنامەیی*. بریتییە لە نامەی D.E.A ( ساڵی پێنجەمی زانکۆ) بەشی سۆسیۆلۆژیا و لە حوزەیرانی 2002 پێشکەش بە زانکۆی EHESS کراوە. نامەکە باسێکی سۆسیۆلۆژییەوە تەرخانی کوردەکانی سوریا کراوە کە ژمارەیان یەك ملیۆن نیوە و نزیکەی 10% ی دانیشتوانی سوریا پێکدەهێنن و بەتایبەتی ئەو کوردانەی کە لە عەفرینەوە هەڵقەنراون و لە حەلەب جێگیر بوون. نامەکە بریتییە لە پێشەکی و (29 بەش. بەشی یەکەم: لە عەفرینەوە بۆ حەلەب، گۆڕانکارییەکانی فەزای کۆمیونیتەیی (لا: 9-50). بەشی دووەم: ناسنامەی سیاسیی و کولتووری، بەرهەمهێنانی تایبەتمەندێتی (لا: 51-94). دەرئەنجام (لا: 95-96). هەروەها نامەکە (10) پاشکۆی لەگەڵە دەربارەی ناسنامەی کوردە ئێزیدییەکان، کوردەکانی حەلەب، نەخشەی عەفرین و حەلەب. بیبلیۆگرافیا (لا: 120-124).

229-Kendal, « La lutte de libération nationale du peuple kurde », in : *Sous le Drapeau du Socialisme* n° 84, Paris, 1980, p. 15-20.

229-کەندال نەزان، "خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد". بریتییە لە دەقی ئەو موحازەرەیەی کە کەندال وەکوو کادیرێکی سەرکردایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و نوێنەرایەتی حیزب لە ئەورووپا لە کۆنفراسێکدا لە 29 ی نیسانی 1980 لە ئەتینیا خوێندییەوە. لە باسەکەیدا کەندال باسی ڕەوشی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات دوای ڕوخاندنی شا و دواتر گەڕاوەتەوە سەر مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە سەدەی نۆزدەهەم و دواتر سەرەتای سەدەی بیستەم و باسی ڕاپەڕینەکانی کوردستانی تورکیا و پاشان باسی کۆماری مەهاباد و

کورد و شۆڕشی ئێران دەکات و لە دوایین بەشیشدا باسی ئەوە دەکات کە کوردەکانی ئێران چیان دەوێ؟

230-Hmait Bozarslan, « De la violence politique à l'auto-sacrifice : l'exemple kurde », in : *Critique international*, n°21, 2003, p. 93-115.

231-Jordi Tejel, « Le Khoyboun et la «fabrication» des premiers martyrs du nationalisme kurde », In: *Études kurdes*, Paris, L'Harmattan, N° 6, 2004, p. 41–58.

231-جۆردی تەژیل، " خۆیبوون و "دروستکردنی" یەکەمین شەهیدەکانی ناسیۆنالیزمی کورد". لەم وتارەدا نووسەر باسی چەمکەکانی دروستکردنی "شەهید" و " پاڵەوان" دەکات بۆ قازانجی نەتەوەی کورد کە ئەمە ئاخاوتنی هەموو بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستیە. نووسەر لای وایە چەمکی شەهید بوون لای کورد بۆ یەکەمجار دەگەڕێتەوە بۆ خۆیبوون (1927–1946). لەم بەستێنەدا نووسەر گەڕاوەتە سەر بزووتنەوی کورد لە ساڵەکانی بیستەکان و سیەکانی بزووتنەوی کورد. هەروەها نووسەر باسی ئەوە دەکات کە ئەگەر جەمعیەتی تەعالی کوردستان لە ڕێگەی گۆواری (ژین) ەوە لە ساڵی 1919 توانی ئەفسانەی دامەزرێنەری ناسیۆنالیزمی کورد دروستبکات وەکوو کاوەی ئاسنگەر ئەوا شۆڕشی شێخ سەعید و داپلۆسینەوەکە (بەتایبەتی لەسێدارەدانی سەرکردەکانی) ڕێگەی ئەوەی بۆ ئەنتێلگێنسیای خۆیبوون خۆشکرد کە یەکەمین پاڵەوان و شەهیدی نەتەوەیی لە کەسایەتی ڕاستەقینە دروست بکەن و ئەم شەهید دروستکردنە بە پلەی یەکەم لە ڕێگەی پروپاگەندەوە دروست دەکرا.

232-Vahe Tachjian, «Le Khoyboun dans la Haute-Mésopotamie syrienne sous mandat français et le

rapprochement kurdo-arménien », In: *Études kurdes,* Paris, L'Harmattan, N° 6, 2004, p. 7–40.

233-Clémence Scalbert, « Kurdes sans Kurdistan », In : *Outre-terre* 12 (Dossier : 'Enseigner la nation, géopolitique des manuels'), 2005, p. 93 – 104.

233-**کلیمۆنس سکالبێرت، "کورد بە بیٚ کوردستان". مەبەست لە چەمکی "کورد بە بیٚ کوردستان" ئیماژی نەتەوەیەکی بیٚ وڵات و دەوڵەتە. نەتەوەیەکی بێدەوڵەت، بە بیٚ دامەزراوەیەك کە بتوانیٚ کتێبی قوتابخانەکان بەرهەمبهێنیٚ و بەشێوەیەکی مێژوونووسیی و ریپرەزەنتاسیۆنێکی نەتەوە بێت. دەوڵەتی فیدرالی لە باکووری عێراق گەرچی لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە ددانی پێدانەنراوە بەڵام لەوەتای ساڵی** 1992 **ەوە هەیە و دامەزراوەگەل و قوتابخانە و کتێبی قوتابخانەی خۆی هەیە. لە تورکیا دەستەبژێر یان سەرکردەی نەتەوایەتی کورد لە یەکەم ساڵەکانی سەدەی بیستەمەوە هەمیشە ریپرەنتاسیۆنێکی نەتەوە-مێژوو، ئەدەب، جەژنی نەتەوایەتی-یان بەرهەم هێناوە. دواتر باسی کتێبی قوتابخانەیی کوردی دەکات لە تورکیا و لە دەرەوەی تورکیا بە تایبەتی لە سوێد و دواتر باسی ڕیپرەزەنتاسیۆنی زمانی کوردی و باسی کتێبەکانی قوتابخانە دەکات.**

234-Clémence Scalbert, « L'élaboration de la langue kurde en Turquie (1898 – 1943) : d'un simple outil d'éveil national au pivot de la définition identitaire', In : Alen-Garabato, Carmen (ed.), *L'éveil des nationalités et les revendications linguistiques en Europe (1830-1930),* Paris, L'Harmattan, 2006, p. 255-274.

234-**کلیمۆنس سکالبێرت، " دروستبوونی زمانی کوردی لە تورکیا** (1898-1943)**: لە ئەمرازێکی سادەی هەڵسانەوەی نەتەوەیی بۆ چەقی پێناسەکردنی**

ناسنامەیی". ئەم باسە تەرخانکراوە بۆ باسکردنی ڕیفۆرمەکانی زمانی کوردی لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریای عوسمانی و پاشان کۆماری تورکیا لە نێوان ساڵەکانی 1900 و 1940 دا لە دەورانێك دا کە ناسیۆنالیزمی کورد بەشێوەیەکی بەرەبەرەیی وەدیارکەوت. لەم ڕوانگەیەوە ئەم باسە هەوڵدەدا ئەو شێوەیە شیبکاتەوە کە تێیدا زمان ڕیفۆرم کراوە لە سەردەمێك دا کە نەتەوایەتی دروست بوو. جا چۆن ڕیفۆرم کرا؟ بە چ ئامانجێك و ئەو ڕۆڵە چی بوو کە زمان گێڕای لەم ناسنامە نەتەوەییدا؟ بۆچی؟. نووسەر هەوڵدەدات بە درێژایی باسەکەی وەڵامی ئەو پرسیارگەلانە بداتەوە و سەرەتا باسی زمانی کوردی دەکات لە ئیمپراتۆریای عوسمانی و پاشان باسی هەڵسانەوەی نەتەوە و دواتر گۆواری هاوار 1932–1943 و دواتر باسی ئەوە دەکات داخۆ کورد ئەو کەسەیە کە بە کوردی قسە دەکات.

235-Jordi Tejel Gorgas, *Le mouvement kurde de Turquie en exil: continuités et discontinuités du nationalisme kurde sous le mandat français en Syrie et au Liban, 1925-1946*. P. Lang, 2007, (XI-376 p).

235–جۆردی تەژیل گۆرگەس، *بزووتنەوەی کوردی تورکیا لە مەنفا: بەردەوامی و داپچڕانی ناسیۆنالیزمی کورد لە دەورانی ئینتیدابی فرانسا لە سوریا و لوبنان دا 1925–1946*. ئەم کتێبەی نووسەر بریتییە لە بەرهەمی کارنامەی دوکتۆرای نووسەر کە پێشکەش بە زانکۆی EHESS و زانکۆی Fribourg کراوە و لەژێر چاوەدێری حەمید بۆز ئەرسلان و فرانسیس پاتیۆن نووسراوە. کتێبەکە بەمشێوەیە دابەشکراوە. پێشەکی (لا: 1–8). فەسڵی بەرایی: کورد لەژێر حوکمڕانی تورکیای کەمالیست دا. لەم فەسڵە باسێکی دەسەڵاتی کەمالیزم و پاشان باسی ڕاپەڕینی قۆچگیری و شێخ سەعیدی پیران و ڕەوشی کوردستان دوای ڕاپەڕینی شێخ سەعید شیدەکاتەوە (لا: 9–23). ئینجا کتێبەکە دابەشکراوە بۆ سەر (3) بەش و (7) فەسڵی سەربەخۆ. بەشی یەکەم: دینامیکیەکانی ئەنتیگراسیۆنی کورد لەناو سیستمی ئینتیداب دا (لا: 27–31)، فەسڵی یەکەم: سەقامگیربوونی دەسەڵاتی

ئینتیداب لە باکووری سوریا دا. لەم فەسڵەدا بەرچاوخستنێکی جوگرافیای مێژووی مرۆیی کورد لە باکووری سوریا، کورد لەناو شارە گەورەکانی سوریا و لوبنان دا، جەزیرەی سەروو لە باوەشی دەسەڵاتی مانداتێر و کۆچبەرە مەسیحی و کوردەکان و دوایین بەشی ئەم فەسڵەش تەرخانکراوە بۆ باسکردنی کێشەگەلی سنووری نێوان سوریا(فرانسا)–تورکیا بە پێوەند لەگەڵ کێشەی کورد (لا: 33–69). فەسڵی دووەم: بزووتنەوی ئۆتۆنۆمیخوازی جەزیرە (لا: 71–110). بەشی دووەم: بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە سوریا و لوبنان دا (لا: 113–114). فەسڵی سێیەم: خۆیبوون و لە دایکبوونی ناسیۆنالیزمی هاوچەرخی کوردی. لەم فەسڵە باسی دامەزراندنی خۆیبوون لە لوبنان، ئۆپۆزسیۆنی دژە کەمالیستی، ئەکتەرەکانی ناو بزووتنەوەکە و هەڵسوڕێنەرانی خۆیبوون باسدەکات (لا:115–166). فەسڵی چوارەم: باوەڕی ناسیۆنالیستی خۆیبوون (لا: 167–217). فەسڵی پێنجەم: شۆڕشی ئارارات 1927–1931 (لا: 219–261). بەشی سێیەم: بزووتنەوەی کولتووری کورد لە دەورانی ئینتیدابی فرانسا دا (لا: 265). فەسڵی شەشەم: لە بژارەی سەربازییەوە بۆ بژارەی کولتووری. باسی تەنگژەکانی ناو خۆیبوون، چاپەمەنی کوردی: هاوار، ڕۆناهی، ڕۆژانوو و ستێر دەکات و پاشان باسی ستانداردیزەکردنی زمانی کوردی و ویستی هەڵبژاردنی ئاخاوتنی کورمانجی و ئەلف و بێی لاتینی دەکات (لا: 267–307). فەسڵی حەوتەم: هێزی مانداتێر بەرامبەر بزووتنەوەی کولتووری کوردی (لا: 309–339). دەرئەنجام (لا: 341–349). کرۆنۆلۆژیا (351–353). فەرهەنگۆك (لا: 355–356) بیبلیۆگرافیا (357–366).

236-Jordi Tejel Gorgas , *La ligue nationale kurde Khoyboun: mythes et réalités de la première organisation nationaliste kurde*, documents recueillis, annotés et présentés par Jordi Tejel Gorgas, (Études kurdes. Hors série ; 3), Paris : Institut kurde de France : L'Harmattan, 2007, (155 p).

236- جۆردی تەژیل گۆرگەس، *کۆمەڵەی نەتەوەیی کورد (خۆیبوون) : ئەفسانە و حەقیقەتی یەکەمین ڕێکخراوی ناسیۆنالیستی کورد*. ئەم کتێبە بریتییە لە دوو بەشی سەرەکی. بەشی یەکەمی باسێکی مێژووییە بە ناوی: "کۆمەڵەی خۆیبوون (1927-1944) لەناو ئەرشیڤخانەکاندا: ئەفسانە و حەقیقەتی یەکەمین ڕێکخراوی ناسیۆنالیستی کورد. لەم بەشەدا نووسەر باسی مێژووی سەرهەڵدان، دامەزراندن، دەستەی دامەزرێنەر و ئەندامەکان و یەکەمین ڕێکخراوی ناسیۆنالیستی کورد دەکات کە ساڵی 1944 دوای (17) ساڵ لە کاری سیاسیی و عەسکەری کۆتایی بە تەمەنی هات. هەرچی بەشی هەرە زۆری کتێبەکەیە بریتییە لە (23) دەکۆمێنت و بەڵگەنامەی مێژوویی کە هەندێکیان لە ئەرشیڤخانەکانی بریتانیا و فرانسا وەرگیران و هەندێکیشیان لەناو کتێبە مێژووییەکانەوە ڕاگوێزراونەتەوە کە بە هەموویان وێنەیەکی ڕوونی ئەم ڕێکخراوە بەدەستەوە دەدەن.

## 3.3: کورد لە تورکیا

237- Les Massacres kurdes en Turquie, Publication de la Ligue nat. kurde, Hoyboun ; 2, Le Caire: Barbey, 1928, (41 p).

237-خۆیبوون، *قەتلوعامی کورد لە تورکیا*. زنجیرەی ژمارە (2) ی جڤاتا وەلاتییێ کوردا (خۆیبوون)ە لە قاهیرە چاپکراوە. ئەم نامیلەکەیە بریتییە لە کورتە باسێکی ڕەوشی کورد پێش ئاگربەسی مۆدرۆس و دواتر باسی داپلۆسینی شۆڕشی ساڵی 1925 ی کورد دەکات و بەشی گەورەی ئەم نامیلکەیە بریتییە لە کۆنووسی موحاکەمەکردنەکانی سەرکردە و ڕێبەرەکانی شۆڕشەکە و دواتر باسی لە سێدارەدانەکانیان دەکات و کۆنووسی ئەم دادگاییکرنانەش لە ڕۆژنامە تورکییەکانی ئەم سەردەمە و بە تایبەتیش لە ڕۆژنامەی (وقت) ی تورکی کە ئەوکات هێشتا بە

ئەلف و بیٚ ی تورکی عوسمانی بڵاودەکرانەوە کراون بە فرەنسی. ماوەتە سەرە ئەوەی بڵێین ئەم بڵاوکراوەیە بە دڵنیاییەوە لە نووسینی (سورەیا بەدرخان بەگ)ە.

238-Kendal, « Le Kurdistan de Turquie ». In : *Les Kurdes et le Kurdistan*, ed. G. Chalian, Paris, 1978, p. 69-153.

238-کەندالٚ نەزان، "کوردستانی تورکیا". لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەنیە لە مێژووی کوردستانی تورکیا. سەرەتا باسی جوگرافیای کوردستانی تورکیا دەکات و رووبەرەکەی بە (230000 کیلۆمەتری چوارگۆشە) دادەنیٚ و پاشان باسی جوگرافیای فیزیکی، ڕەوشی پەروەردە، ئایین، ڕەوشی لەشساغی، بنکەی کۆمەڵایەتی و ئابووری کوردستانی تورکیا شیدەکاتەوە. دواتر بەشێکی دیکەی گرینگی لێکۆڵینەوەکە تەرخانی مێژووی کوردستانی تورکیا کراوە لە دەورانی جەنگی سەربەخۆیی 1919-1923 و دواتر دابەشکردنی کۆلۆنیالی کوردستان و هەر لەم پێوەندیەدا باسی شۆڕشەکانی بیست و سییەکانی کوردستانی تورکیا دەکات و لە دوایین بەشیش باسی هەڵسانەوەی بزووتنەوەی کوردایەتی دەکات لە سالأنی شێستەکان و حەفتایەکان دا و سیاسەتی گروپ و حیزبە سیاسەکانی تورکیا بەرامبەر پرسی کورد شیدەکاتەوە.

239-Noureddine Zaza, *Ma vie de Kurde ou le Cri du peuple kurde*, Lausanne ; Paris : Éd. P.M. Favre,Coll. Des Causes et des hommes, 1982, (266 p).

239-نورەدین زازا، *ژیانی کوردایەتیم یان هاواری گەلی کورد*. یاددشتنامەی ژیانی نوورەدیین زارا (1920-1988)یە کە لەسەر شێوەی چەند قۆناغی جیاواز جیاواز ژیانی خۆی دەگێرێتەوە. قۆناغی یەکەم لە کوردستانی تورکیا دەستپێدەکات و باسی منداڵی و ژیانی ڕۆژانەی کورد لە دەورانی عوسمانی و سەردەمانی کۆماری تورکیا و ڕاپەڕینی شێخ سەعید دەگێڕێتەوە. لە قۆناغی دووەم دا یەکەمین قۆناغی

ئاوارەیی دەکات لە سوریا و باسی بیرەوەرییەکانی خۆی لە حەلەب و شام دەگێڕێتەوە هەروەها باسی ڕەوشی کورد لەسەردەمی ئینتیدابی فرەنسی لە سوریا و ژیانی کوردانی جەزیرە و یەکەمین چالاکی سیاسیی کوردیی باس دەکات. قۆناغی دواتری ژیانی نوردەین زارا بریتییە لەوەی لە سالانی جەنگی دووەمی جیهانی دەچێتە عێراق و لە عێراق دەستگیر دەکرێ و دوای ماوەیەك مانەوە لە بەغدا دەچێتە بەیروت. قۆناغی گرینگی زازا ئەوەیە لە سالی 1947 دەچێتە سویسرە و تا سالی 1956 دەگەڕێتەوە سوریا، گەیشتنی بەعسییەکان بۆ سوریا لە زیندانی دەئاخنن و دواجار بەناو کێلگەی مینرێژ دەگاتە تورکیا و لەوێوە سالی 1970 ڕادەکاتەوە بۆ سوێسرە و داوای پەناهەندەیی سیاسیی دەکات لە سوێسرە و سالی 1972 لەگەل سوێسریەك هاوسەرگیری دەکات و ئیدی تا دوایین ڕۆژی ژیانی هەر لە سوێسرە-ش سەری نایەوە. ئەم کتێبە دوو جار بە فرەنسی چاپکراوە: چاپی یەکەمی سالی 1982 و چاپی دووەمی سالی 1992 بلاوکراوەتەوە.

240-Hamit Bozarslan, *Le Problème national kurde en Turquie kémaliste*, Mémoire de Diplôme sous la dir. de Robert Paris, E.H.E.S.S, Paris, 1986, (352 p).

240- حەمید بۆزئەرسلان، ***پرسی نەتەوەیی کورد لە تورکیای کەمالیست دا.*** بریتییە لە نامەی D.E.A ی پرۆفیسۆر حەمید بۆزئەرسلان. نامەکە دابەشی سەر پێشەکی و (4) فەسڵ کراوە. فەسڵی یەکەم: کورد و کوردستان لە دەورانی ئیمپراتۆریاوە بۆ دەورانی کۆمار. لەم فەسڵە باسی بەنێودەوڵەتیکردنی پرسی کورد، ڕەوشی ئابووری و کۆمەلایەتی کوردستان لە دەورانی کەمالیستی و بەڕێوەبردنی کوردستان دەکات لە دەورانی کەمالیستی دا (لا: 1-25). فەسڵی دووەم: کەمالیزم بەرامبەر بە کێشەی نەتەوەیی کورد. باسی دەوڵەت و کێشەی نەتەوەیی، ئایدۆلۆژیا و میرات، کەمالیزم بەرامبەر کێشەی کورد، "شەڕی کورد" وەکوو فاکتۆری سیاسەتی ناوەخۆ لە تورکیای کەمالیست و کاریگەرییە ئابوورەکانی "شەڕی کورد" دەکات (لا: 26-73). فەسڵی سێیەم: ناسیۆنالیزم و بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد. لەم فەسڵە

باسی کورد دەکات لە سەدەی نۆزدەهەم و بیستەم دا، ناسیۆنالیزمی کورد لە بەرامبەر ناسیۆنالیزمی تورك و ئەرمەن، ناسیۆنالیزمی کورد لە ساڵانی 1919–1922، ڕێکخراوەکانی بزووتنەوەی کورد لە دەورانی کۆماری (1923–1938)، سەرکردەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، ناسیۆنالیزمی کورد: سەرچاوە ئەفسانەیی و ڕاستەقینەکانی، ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیزمی کورد لە دەورانی کەمالیستی دا، بزووتنەوەی کورد لە نێوان نوێگەری و کۆنەخوازی دا، ڕۆڵی ئایین، بزووتنەوەی کورد لە نێوان نوێگەری و کۆنەخوازی دا: عەشیرەت و عەشیرەتگەری، بزووتنەوەی نەتەوەیی و خەڵکی شارنشین، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد هتد (لا: 74–185). فەسڵی چوارەم: ناسیۆنالیزم و شۆڕشەکانی کورد. لە فەسڵە باسی میراتی سەدەی نۆزدهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، کورد لە بەرامبەر گەنجە–تورکەکان، شۆڕشی کورد لە ماوەی جەنگی سەربەخۆیی، شۆڕشی کورد لە دەورانی کەمالیستی، شۆڕشەکانی: شێخ سەعید 1925، ئارارات 1930 و دێرسیم 1937–1938، فاکتۆرەکانی تێکشکاندنی شۆڕشەکانی کورد: ڕەوشی هەنووکەیی ناوچەیی، فاکتۆرە هاوبەشەکانی تێکشکانی شۆڕشی کورد و نەبوونی هاوپشتیی ناوەخۆ لە باسە سەرەکیەکانیەتی (لا: 186–262). دەرئەنجام (لا:266–278). پەراوێزەکان (لا: 279–334). بیبلیۆگرافیا (335–349) و دواجاریش کرۆنۆلۆژیا و وێنە.

241-Hamit Bozarslan, « Traditionalisme ou nationalisme: réponses kurdes au régime kémaliste », in : *"C.E.M.O.T.I."* n° 6, 1988, p. 107-128.

242-Kemal Ilhan, *La révolte kurde de Dersim: (1936-1938)*, Paris : Ecole des Hautes Etudes en Sciences Sociales, 1991, (196 p).

242-کەمال ئیلهان، *شۆڕشی کوردیی دێرسیم 1936-1938*. نامەی دیپلۆمی زانکۆی (EHESS) ە و لەژێر چاوەدێری ڕۆبێرت پاریس ئامادەکراوە و لە سیپتامبەری 1991 پێشکەش بە زانکۆی ناوبراو کراوە. دوای پێشەکی (لا:8-10) نووسەر باسەکەی دابەشی سەر پێنج فەسڵی سەرەکی کردووە. فەسڵی یەکەم: بەرچاوخستنێکی گشتیی (لا: 11-22). لەم فەسڵەدا باسی ئەو سەرچاوە و نووسراوانە دەکات کە باسەکەی لەسەر هەڵچنییوە و دواتر باسێکی گشتیی ناوچەی دێرسیم دەکات لە ڕووی مێژوویی، جوگرافی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە. فەسڵی دووەم: بەرچاوخستنی شۆڕشەکە (لا: 23-62). لەم فەسڵەدا باسی یاسای تونجەلی (1935)، موفەتیشیەتی گشتی، خۆسازدانی سوپا بۆ هەڵکوتانە سەر ناوچەکە و دواتر باسی پێوەندییەکانی ناوچەکە، کوردستان و ڕوداوەکانی تورکیا دەکات. فەسڵی سێیەم: شۆڕش: خۆئامادەکردن (لا:63-91). لەم فەسڵەدا باسی پێوەندی هۆزگەلی دێرسیم دەکات بە شۆڕش و بە تایبەتیش باسی هەردوو سەرکردە سەیید ڕەزا و عەلیشێر دەکات. فەسڵی چوارەم: شۆڕش: هەڵگیرسان و ڕەوتی شۆڕش (لا: 92-126). لەم فەسڵەدا باسی ڕەوشی ناوچەی دێرسیم دەکات لە زستانی 1937 و مۆڵدانی سوپای دەوڵەت و پێوەندی هێزەکان باسدەکات و دواجاریش باسی چوونە ناوەوەی سوپای تورکیا دەکات بۆناو دێرسیم (کۆتایی 1937-سەرەتای 1938). دواتریش باسی شۆڕشەکە دەکات لە ڕوانگەی چاپەمەنی جیهانیی و ڕەسمیی تورک دا. فەسڵی پێنجەم: شۆڕش: سەرکوتکردنەوە"کۆتایی" (لا: 127-153). لەم فەسڵەدا باسی سەرکووتکردنی "کۆتایی" سوپای تورکیا دەکات لەناوچەی دێرسیم و ئەو بیانوانەی کە بوونەتە هۆی پاکژکردنەوەی ناوچەکە و هەروەها ئەو میتۆدەی کە لە سەرکوتکردنەوەکەی شۆڕشەکە بەکارهێنراون و دواییینجاریش باسی دێرسم دەکات دوای دێرسیم و ئاخاوتنی ڕەسمیی حکومەتی تورکیا. دەرئەنجام (لا: 154-156). بیبلیۆگرافیا (لا: 157-169). لە کۆتایش لە پاشکۆی نامەکەدا چوار پاشکۆی گرینگ کراونەتە پاشبەند: یەکەم: یاسای تونجەلی.، 2-یاسای ڕاگوێزان.، 3-بڕیارنامەی ئەنجومەنی وەزیرانی تورکیا.،4- نامەی "هۆزەکانی دێرسیم" بۆ سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی گەلان.

243-Jacqueline Sammali, *Être kurde, un délit ? portrait d'un peuple nié.* Paris : Éd. l'Harmattan, Coll. (Comprendre le Moyen-Orient) ,1995, (303 p).

243-ژاكلین سه‌ممه‌لی، *كورد بوون، گوناهه؟ پۆرترێتی گه‌لێكی نكوڵی لێكراو.* نووسه‌ری ئه‌م كتێبه ژنه سویسرییه‌كه له نزیكه‌وه له ئازار مه‌ینه‌تیه‌كانی كورد گه‌یشتووه و ئه‌م باسه‌شی وه‌كوو نامه‌ی لیسانس ساڵی 1994پێشكه‌ش به زانكۆی ژنێف، كۆلیژی زانسته په‌روه‌رده‌ییه‌كان كردووه و دواتر له ده‌زگای لارمماتان چاپكراوه. كتێبه‌كه دابه‌شی سه‌ر سێ به‌شی سه‌ره‌كی كراوه: به‌شی یه‌كه‌م : كۆمه‌ڵگه‌ی كورد-كولتووره‌كه‌ی، چاوپێداخشانێكی مێژوویی (لا: 31-95). ئه‌م به‌شه له (7) فه‌سڵ پێكهاتووه و نووسه‌ر باسی بنچینه‌ی كورد، ستره‌كتووری كۆمه‌ڵگه‌ی كورده‌واری، ئایین، زمان، ئه‌ده‌بی زاره‌كی و نوسراو، داگیركردنه‌كان به درێژایی سه‌ده‌كان و دوا فه‌سڵی ئه‌م به‌شه‌ش ته‌رخانكراوه بۆ شۆڕشه‌كانی كورد له سه‌ده‌ی نۆزده‌هه‌م. به‌شی دووه‌م: بنچینه‌ی نكۆڵیكردنی كولتووری له توركیا (لا: 97-136) له‌م به‌شه‌دا له (4) فه‌سڵ باسی دابه‌شكردنی كوردستان و هه‌نگاوه‌كانی سیاسه‌تیی كه‌مالیست دژ به كورده‌كان شیده‌كاته‌وه و باسی شۆڕشه‌كانی كورد ده‌كات له سه‌ده‌ی بیسته‌م و دوا فه‌سڵیش باسی ژیانه‌وه‌ی ناسنامه‌ی كورد و نه‌یاری سیاسیی و سه‌رهه‌ڵدانه‌وه‌ی ڕێكخراوی نوێ ده‌كات. دوایین به‌شیش: كاریگه‌رییه‌كانی نكۆڵیكردنی كولتووری. ئه‌نجامه‌كانی به‌دواداچوونێك كه له كوردستان دا كراوه (لا: 137-273). باسی مۆدی ژیان و ئه‌و كه‌ش و هه‌وایه تۆقێنه‌ره ده‌كات كه له كوردستانی توركیا زاڵ بووه. هه‌ر له‌م به‌شه‌دا باس له ئه‌و قه‌ده‌غه‌كاریانه ده‌كات كه خراوه‌نه‌ته سه‌ر زمانی كوردی و فه‌سڵی كۆتایی كتێبه‌كه بریتییه له نێوان نكۆڵیكردن و به‌رگری كه ته‌رخانی زمانی دایك كراوه. دواتر چه‌ند پاشكۆیه‌ك به‌گه‌ڵ كتێبه‌كه دراوه وه‌ك نه‌خشه‌ی كوردستان، تابلۆی زمانه ئیندۆ-ئه‌وروپاییه‌كان و نه‌خشه‌یه‌كی جوگرافی كوردستان. بیبلیۆگرافیا (لا: 289-294).

244-Leyla Zana, *Ecrits de prison*. Paris : Des femmes, 1995. (114 p).

244-لەیلا زانا، *نووسینەکانی زیندان*. کەندال نەزان تێکستەکانی لە کوردی و تورکییەوە کردۆتە فرەنسی. کلۆد ڕۆت، ئەندامی پەرلەمانی ئەورووپا پێشەکی بۆ کتێبەکە نووسیووە (لا: 9–13). تێکستەکانی ناو ئەم کتێبە بریتین لەو نووسین و نامانەی کە لەیلا لەناو زیندان دا بۆ کەسایەتییە دیارەکانی ئەورووپا نووسیوویەتی وەك: دانیال میتران (دوو نامە)، سیگۆلێن ڕۆیال، فرانسوا میتران، کەندال نەزان، پەیام بۆ کۆنفرانسی ژنان لە پەکین، چەند کەسایەتیەکی دیکە، جگە لەوە چەند نامەیەکی بۆ ڕۆنای کوڕی و ڕۆکانی کچی نووسیووە. نامەکان هەر هەموویان بۆنی هەناسەی گەرم و شێداری ناو زیندانیان پێوەیە و وشەکان لەناو تاریکایی زیندانەوە بۆ دونیای ڕووناك نووسراون. شایانی باسە پەرلەمانی ئەورووپا لە 9 ی نۆڤەمبەری 1995 خەڵاتی ساخارۆڤ بۆ ئازادی ڕادەربڕینی بە لەیلا زانا بەخشی.

245-Mehdi Zana & André Vauquelin (éd.). *La prison n°5 : onze ans dans les geôles turques*. Paris : Arléa, 1995. (XIII-128 p).

-مەهدی زانا، زیندانی ژمارە 5. یانزە ساڵ لەناو زیندانیی تورکان دا. بریتییە لە یاددشتنامەی ڕۆژانی زیندانیی مەهدی زانا کە لە ساڵی 1980 ەوە بۆ ماوەی دە ساڵ و هەشت مانگ لەگەڵ چەند کوردێکی دیکە لە کونجی زیندانی ئاخنرا. نووسەر باسێکی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە کە ساڵی 1940 لە سلیڤان لە دایك بووە و باوکی پارێزگاری شارەکە بووە و پاشان باسی ڕووداوەکانی 12 ی سێپتامبەری 1980 دەکات. یادداشتەکان سەربووردەی ژیانی زیندانی عەسکەری دیاربەکر و پاشان باسی پرۆسەی دادگاییکردنەکە و ئازادکردنی لە زیندان دەکات. ئەم بیرەوەرییانە ئێلی ویسێل وتەی بەرایی بۆ نووسیووە (نۆ-چواردە) و کەندال نەزان پاشباری بۆ نووسیووە (73–112) و پاشان چەند پاشکۆیەك کراون بە پاشبەندی کتێبەکە وەك:

**کردەی تاوانبارکردنی مەهدی زانا بە چوار ساڵ زیندانی، نامەی ئەمنیستی ئەنتەرناسیۆنال دژ بە ئازاردان لە زیندانەکانی تورکیا.**

246-Assemblée Nationale, *Rapport d'information sur les données du problème kurde, déposé par la Commission des affaires étrangères* ; présenté par Michel Habig, Paris , Assemblée nationale, 1996, (38 p).

**246–ڕاپۆرتی کۆمسیۆنی کاروباری دەرەوەی ئەنجومەنی نیشتمانی فرەنسایە لەبارەی چاوەدێری کردنی کێشەی کورد لە تورکیا و باسی سیاسەتی حکومەتی تورکیا دەکات لە بەرامبەر کوردەکانی دا.**

247-Anne-Laurence Mazenq, *L'eau et "les Turcs des montagnes" : instrumentalisation politique de l'eau dans la question kurde*, Mémoire : Sci. Polit. Grenoble, IEP : 2000, (148 p).

248-Joce Blau, « Mémoires de l'émir Kamarun Bedir-Khan », In: *Études kurdes*, Institut Kurde de Paris, Ed. L'Harmattan. N° (1), 2000, p. 71–92.

**248–جۆیس بلۆ، "بیرەوەرییەکانی میر کامیران بەدرخان". بریتییە لە یادداشتەکانی میر بەدرخان کە لە ئەرشیڤی تایبەتیی تۆما بوا وەرگیراوە و ئەم یادداشتانە لە 7 تا 10 ی دیسامبەری 1946 لە بەیرووت بۆ تۆمابوا وتراوە و لەسەر کاغەزی 31 بە 20,5 تایپکراوە و بریتییە لە 26 لاپەڕە. تۆمابوا لە پێشەکی دەسنووسەکەدا نووسیوویە" *ئەم بەڵگەنامەیە تاقانەیە و هیچ کۆپیەکی دیکەی نییە. ئەم بەسەرهاتانە –کە بە داخەوە ناتەوە– لە مانگی دیسامبەری 1946 لە بەیروت لە لایەن میر بەدرخان بۆ تۆمابوا وتراوە و نیازی وای بووە بیرەوەرییەکانی تەواو بکات*". دواتر**

پاش 63 ساڵ جۆیس بلۆ یاددشتتنامەکە بڵاودەکاتەوە و کورتەیەکی ژیاننامەی میر بەدرخان و تۆمابوا دەنووسێ و باسی بەیەکگەیشتنی تۆمابوا و میر بەدرخان دەکات لە بەیرووت و پاشان دەقی تەواوی یاددشتانەمە وەکوو خۆی چاپدەکاتەوە.

249-Unver Unal, *la citoyenneté turque et la question kurde*. D.E.A en Science politique -Université Lumière Lyon 2, (sous la dir. de : Lahouri Addi), Lyon, 2000.

249-ئەنوەر ئونال، ***هاونیشتمانێتیی تورك و پرسی كورد***. بریتییە لە نامەی D.E.A و لە سیپتامبەری 2000 پێشكەش بە ئینستووتی لێكۆڵینەوەی سیاسیی زانكۆی لیۆنی دووەم كراوە. ئەم نامەیە باسی چەمكی هاونیشتمانێتی تورك و پرسی كورد دەكات لە توركیا. كێشەی كورد لە توركیا پێوەندیەكی بەرفراوانی بە قەبووڵكردنی ناسنامە و واقیعیەتی كورد هەیە لە لایەن ناوەندی ڕەسمییەوە. كوردەكانی توركیا تاوەكو ئێستا لە لایەن دەسەڵاتكارانی توركیا نە وەك نەتەوە و نە وەك گروپێكی ئیتنیكی سەربەخۆ نەناسراون. ئەم ڕەتكردنەوەیە بە بەردەوامی بووەتە كارەساتێك بۆ كورد و یارییەك بە دەست پارتی كرێكارانی توركیا. بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێكی ئاشتیانەی پرسی كورد لە توركیا پێویستە یەكەمجار بیر لە دروستكردنی كۆمەڵگەیەكی هاونیشتیمانی دەستووری بكرێتەوە. بۆ ئاخاوتن دەربارەی ئەم پرسە نامەكە بەمشێوەیە دابەشكراوە. پێشەكی. بەشی یەكەم: لە ئیمپراتۆریاوە بۆ دەوڵەت-نەتەوە: لە دایكبوونی هاونیشتمانێتی تورك. فەسڵی یەكەم: ئیمپراتۆریای عوسمانی: یەكگرتوویی لە فرەیی دا: سیستمی كۆمەڵایەتی و ژیانی ڕۆژانە لە دەورانی كلاسیكی دا. فەسڵی دووەم: لە ئیمپراتۆریاوە بۆ دەوڵەت-نەتەوە: لە دایكبوونی هاونیشتمانێتی تورك. بەشی دووەم: هاونیشتمانێتی تورك و پرسی كورد. فەسڵی یەكەم: هاونیشتمانێتی تورك. فەسڵی دووەم: پرسی كورد. دەرئەنجام: باڵادەستیی لە ڕێگەی هاونیشتمانێتی دەستوورییەوە. بیبلیۆگرافیا. پاشكۆیەكان. 1-كرۆنۆلۆژیای پرسی كورد لە توركیا. 2-ڕێكخراوە كوردییەكان.

250-Celal Sayan, *La construction de l'état national Turc et le mouvement national kurde (1918-1938)*. Sous la direction de Jean Marie Vincent. Université Panthéon-Sorbonne, Paris, 2002, 2 vol. (839 f).

250–جەلال سایان، *دروستکردنی دەوڵەتی نەتەویی تورك و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد (1918– 1938)*. کارنامەی دوکتۆرایە و دابەشی سەر شەش فەسڵی سەرەکی کراوە. فەسڵی یەکەم: چەند زانیارییێکی مێژوویی و جوگرافی لەبارەی کورد و کوردستان (لا: 28–78). لەم فەسڵەدا باسی جوگرافیا، زمان، ئایین و تەریقە سۆفیگەرییەکان کراوە. فەسڵی دووەم بنچینەکانی ناسیۆنالیزمی کورد (لا: 79–124). باسی ستاتووی کورد دەکات لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریای عوسمانی و هۆزە کوردییەکان و دواتریش باسی ڕاپەڕینەکانی سەدەی نۆزدەهەمی کورد دەکات و هەروەها باسی یەکەمین کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان دەکات. فەسڵی سێیەم : کورد لە بەردەم جەنگی یەکەمی جیهانی دا (لا: 125–195). باسی کوردستان لە ساڵەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی، جەمعیەتی ئیتتیحاد و تەرەققیی و پاشان جەمعیەتی تەعالی کوردستان و پەیماننامەی سێڤەر و کەسایەتیە ناودارەکانی کورد دەکات لەو سەروبەندەدا. فەسڵی چوارەم: دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەویی تورك و کورد (لا: 196–448). لەم فەسڵەدا باسی شکستی ئیمپراتۆریای عوسمانی و بەرگری موستەفا کەمال و کۆنگرەکانی ئەرزەرۆم، سیواس، جەنگی سەربەخۆیی تورك و ئەو پەیماننامە نێودەوڵەتیانە دەکات کە تورکیا لەگەڵ وڵاتانی جیهان بەستوویەتی. دواجار باسی دەورانی تاکحزبی و جەنگی دووەمی جیهانی دەکات. فەسڵی پێنجەم: ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردستان لە دەورانی کەمالیزم دا (لا: 449–513). لەم فەسڵەدا باسی قەتلوعامی ئەرمەنییەکانی ساڵی 1915. پێوەندیی ئاسوری و کلدانییەکان لەگەڵ کورد و جوولەکەکانی کوردستان دەکات. دوایین فەسڵ: بزووتنەوەی کورد لە دەورانی دەسەڵاتی کەمالیستی دا (لا: 514–

694). لەم فەسڵەدا باسی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران 1925، یوسف زیا بەگ، کۆمەڵەی ئازادی، شۆڕشی ئارارات، یاسای تورکی ساڵی 1935 و دەستگیردنی سەیید ڕەزا دەکات. دواتر تێبینی و پەراوێز (لا: 709–720). بیبلیۆگرافیا (لا: 811–839).

251-Jongerden, Joost, « Evacuation forcée, déportation et réhabilitation : les Kurdes et l'Etat en Turquie », In : *Etudes kurdes* (2002), n° 4, p. 35-53.

252-Hamit Bozarslan, « Correspondance des frères Bedir-Khan et Pierre Rondot », In: *Études kurdes*, Paris, L'Harmattan, N° (3), 2001, p. 73–98; (4) 2002, p. 77–97; (5), 2003, p. 65–77.

252–حەمید بۆزئەرسلان، "نامە و نامەکاریی نێوان برایانی بەدرخان و پییێر ڕۆندۆ". پییێر ڕۆندۆ (1894–2000) یەکێك لەو کوردناسە گەورانەی فرانسایە کە بەشێکی یەکجار زۆری نووسینەکانی دەربارەی پرسی کورد و کوردستانە. ئەم زنجیرە وتارەی ئێرە بریتییە لە نامە و نامەکاری نێوان برایانی بەدرخان و ژێنێرال ڕۆندۆ. حەمید بۆزئەرسلان ساڵی 1985 وەختایەك قوتابی بووە و خەریکی ئامادەکردنی نامەی دیپلۆم بووە لەسەر تورکیای کەمالیست پێوەندی بە ژێنێرال ڕۆندۆ کردووە و ئەویش دۆسیەکی نامە و نامەکاری نێوان خۆیی و برایانی بەدرخانی داوەتە حەمید کە زانیارییەکی زۆر دەخەنە سەر حەشارگەکانی مێژووی چالاکی خۆیبوون و سێ برا بەدرخانییەکە. نامەکان مێژوەکانیان دەگەڕێتەوە نێوان ساڵانی 1931–1940. لە بەشی یەکەم و دووەمی ئەم زنجیرە وتارە نامەکان وەکو خۆیان بە فاکسمیل بڵاوکراوەنەتەوە و تەنها بەشی سێیەم نەبێت کە بەڵگەنامەکان دووبارە وەکوو خۆیان چاپکراونەتەوە.

## 4.3: کورد لە ئێران

253-Ghilan, « Les Kurdes persans et l'invasion ottomane », In : *Revue du Monde Musulman* (1908) vol. 5 p. 1-22 & vol. 6, p. 193-210.

**253 -گیلان، *" کوردەکانی ئێران و هێرشی ئیمپراتۆریای عوسمانی"*. ئەم وتارە کە بە دوو ئاڵقە لە گۆواری (جیهانی موسڵمان) بڵاوکراوەتەوە دەمێکە بووەتە سەرچاوەی ئەوانەی لەسەر مێژووی کوردستان دەنووسن. ئەم وتارە بە ڕوویێکی تایبەتی تەرخانی مێژووی هۆزی شکاك و ناوچەکانی شکاك کراوە و دواتر باسی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری (1880) و کێشە سنووریەکانی دواتری ناوچە کوردەوارییەکانی هەردوو لای سنووری نێوان ئێران و ئیمپراتۆریای عوسمانی باس دەکات تا سەروبەندی هەڵگیرسانی شۆڕشی گەنجە-تورکەکان. باسەکە کۆمەڵێك وێنە زۆر نایابی سەردارە کوردەکانی هۆزی شکاکی لەگەڵە.**

254-Basile Nikitine, « Vue d’ensemble sur le théâtre de la grande guerre dans le Nord-Ouest de la Perse », In : *l’Asie Française,* n° 225, septembre-octobre 1924, p.340-345.

**254-بازیل نیکیتین،" تێڕوانینێکی گشتی دەربارەی شانۆی جەنگی گەورە لە باکوور- ڕۆژئاوای ئێران". باسی ناوچەی ورمێ و دەوروبەری دەکات لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی دا. نیکیتین کە خۆی لەوماوەیەدا کونسوڵی ڕووسیا بووە لە ورمێ لە نزیکەوە گەواهی ڕووداوەکان بووە و زۆر بە وردی باسی ململانێی گروپە کۆمیونیتەکانی: ئەفشار، مەسیحیەکان (ئاسووری و ئەرمەنەکان) و کوردەکان دەکات و تابلۆیەکی عەشیرەتە کوردەکانی کوردستانی ئێرانیشی کێشاوە.**

255-Rondot, Pierre, « L'expérience de Mahabad et le problème social kurde ». In : *En terre d'Islam*, mai-juin 1948, p. 178-183.

**255-پییێر رۆندۆ،" ئەزموونی ئەزموونی کۆماری مەهاباد و کێشەی کۆمەڵایەتی کورد". ڕۆندۆ لەم وتارەیدا لە هۆیەکانی شکستی کۆماری مەهاباد دەکۆڵێتەوە و باسی ڕۆڵ و پێکهاتەی هۆزە کوردییەکان دەکات لە ڕووخانی کۆمار و هاوکات لە ڕوانگەی نێودەوڵەتیشەوە خوێندنەوە بۆ شکستەکە دەکات.**

256- Parêz Vanly (allias de Ismet Šerif  Vanly), *Aspects de la Question National ; Kurde en Iran ; Lettre ouverte au gouvernement impérial de l'Iran et à la classe dirigeante persane.* Publie par l'Association des Etudiants Kurdes en Europe, Impr. Vogue, Paris juillet 1959, p. 31.

**256-پارێز وانلی، *چەند لایەنێکی پرسی نەتەوەیی کورد لە ئێران، نامەیەکی سەرئاوەڵا بۆ حکومەتی شاهنشاهی ئێران و دەستەی دەسەڵاتکارانی ئێرانی.* بریتییە لە نامەیەکی کراوە بۆ حکومەتی شاهنشاهی ئێران و چینی دەسەڵاتکارانی ئێران و لە ڕێگەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا بڵاوبۆتەوە, نامەکە لە ڕاستیدا گێڕانەوەیەکی مێژوویی ڕەوشی کوردە لە پێش زایینەوە تاوەکوو ساڵانی 1945-1946 ی دامەزراندنی کۆماری مەهاباد و دواتر باسی پەیماننامەی بەغدا و هاوپشتیوانی داگیرکارانی کوردستان لە خنکاندنی بزووتنەوەی کورد دەکات. نووسەر باسی ئەوە دەکات وەختایەك لە قاهیرە ئێزگەیەك بە زمانی کوردی کرایەوە حکومەتی ئێران لە هاوینی 1958 هاواری لێهەڵسا و گووتی ئەمە سکەندالە و وەزیری دەرەوەی ئێران پرۆتستۆی ئەمکارەی کرد. نووسەر بەردەوام دەبێ لە باسکردنی ڕەوشی ناجۆری کوردستانی ئێران و لە دوایین پەرەگرافیشدا دەنووسێ: "بە بێ دیموکراتی، دادپەروەری و چارەسەرێکی تەواوی پرسی کورد نایەتە دی،**

**بەڵام تاکو پرسی کوردیش چارەسەر نەکرێ، تاوەکو کوردستان هەر بە پارچەپارچە کراوی بمێنێتەوە، ئیمپریالیزمی ناوچەیی و جیهانیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا نامرێ و هیچ دیموکراسیەتێکی ڕاستەقینەش شیاو نییە". شایانی گوتنە کە پارێز وانلی نازناوی عیصمەت شەریف وانلی یە,**

257- Thomas Bois, (R.P.), « Mahabad : une éphémère république kurde indépendante », in : *Orient* (1964) vol. 29, 1, p. 173-201.

257–**تۆمابوا، "مەهاباد: کۆمارێکی جوانەمەرگی سەربەخۆی کورد". لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەنەیە لەبارەی دروستبوون و ڕوخانی کۆماری مەهاباد. سەرەتا باسێکی ڕەوشی دوای جەنگی دووەمی جیهانی و چوارچێوەی جوگرافی و سیاسیی کوردستان دەکات. دواتر لە باسی دیوی ناوەوەی ژیانی کورد و ژیانی سیاسیی ئەم بەشەی کوردستان و باسی توخمە کولتووری ، شارنشینەکان ، هۆزە کوردییەکان و بارزانییەکان دەکات و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی پرسەکەشدا باسی ڕۆڵی بریتانییەکان دەکات لە ڕوخاندنی کۆماری مەهاباد و دواتر باسی چارەنووسی تراژیدیانەی قازی محەمەد و پرۆسەی دادگاییکردن و لە دوایین بەشیشدا باسی کاروانی بارزانییەکان دەکات بۆ شوورەوەی .**

258-Potier, Christine, *Histoire du Kurdistan d'Iran de 1945 à 1978*, Paris : université Paris III, 1980.

259-Jean braud, *La suture du Zagros au niveau de Kermanshah (Kurdistan iranien) : evolution géodynamique, magmatique et structurale,* Thèse doctorat sous la direction de Jean Andrieux, Doctorat D'etat : Terre, Ocean, Espace : Paris 11, 1987, (489 p).

260-Florence Hellot, « L'ambulance française d'Urmia (1917-1918) ou le ressac de la Grande guerre en Perse », In : Studia Iranica (1996) vol. 25, 1, p. 45-82.

260–فلۆرانس هیللۆ" فریاگوزاری فەرەنسی لە ورمێ (1917–1918) یان بەریەککەوتنی شەپۆڵەکانی جەنگی گەورە لە ئێران دا". بە مەبەستی هاودەنگی و هاوپشتی لەگەڵی ڕووس، مسیونێکی فریاگوزاری فەرەنسی ڕەوانەی بەرەکانی جەنگی قەوقاز کراو و ئەم فریاگوزارییە لە سێپتامبەری 1917 گەیشتە ورمێ. ئەرکی مرۆڤانەی ئەم مسیۆنە دواجار بە ئاقارێکی دیکەدا شکایەوە. لەم لێکۆڵینەوەیدا نووسەر باسی قۆناغێکی زۆر ناسکی شاری ورمێ دەکات لە دوا چارەگی ساڵی 1917 و ساڵی 1918 دا و زۆر بە وردی باسی ڕەوشی ئاسووریەکانی ورمێ، پێوەندی نێوان کورد، عەجەم و ئاسووریە چەکدارەکان دەکات و تابلۆیەکی زۆر وردی ڕۆژانی جەنگی ناوەخۆیی شاری ورمێ دەگێڕێتەوە.

261-Hamit Bozarslan,"Republique de Mahabad" In : *Dictionnaire historique et géopolitique du 20ème siècle,* Paris, La Découverte, 2000, p. 432-433.

261–حەمید بۆزئەرسلان، "کۆماری مەهاباد". باسێکی کورتی ڕەوشی کوردستانی ئێران دەکات لە دوای داگیرکردنی ساڵی 1941 و پاشان دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە 1945 و گەیشتنی بارزانی بە خۆیی و چەند هەزار جەنگاوەرەوە. لە دواین جاریش دا باسی دامەزراندنی کۆمار و ڕوخان و لە سێدارەدانی پێشەوا و برا و ئامۆزاکەی دەکات لە ئاداری 1947.

## 5.3: کورد لەژێر ئینتدابی بریتانیا، عێراق و ئینگلیز

262-Peshraw Karim Ahmad, *Le Mouvement national kurde sous la direction du Şêkh Mahmud Barzincî (1919-1933)*, Mémoire de D.E.A (sous la dir. de Jacques Couland), Université de Paris VII, 1988, (69 p).

262–پێشڕەو کەریم ئەحمەد، *بزووتنەوەی کورد لەژێر سەرکردایەتی شێخ مەحموود بەرزەنجی 1919–1933*. بریتییە لە نامەی D.E.A (ساڵی پێنجەمی زانکۆ) لە ساڵی خوێندنی 1987–1988پێشکەش بە زانکۆی پاریسی حەوتەم کراوە. نامەکە بەشێوەیە دابەشکراوە: فەسڵی یەکەم: ناسیۆنالیزمی کورد لە سەرەتای سەدەی بیستەم دا. ئەم فەسڵە زیاتر فەسڵێکی ڕێگەخۆشکەرە بۆ چوونە ناو باسەکە و باسی سەرەتا و دروستبوونی ناسیۆنالیزمی کورد دەکات لە دەستپێکی سەدەی بیستەم دا (لا: 3–14). فەسڵی دووەم: بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لەژێر سەرکردایەتی شێخ مەحموود بەرزەنجی 1919–1931 )لا: 16–33). دواجار لە بەشی پاشکۆ دا کە زیاتر گریمانە و ئاسۆبینینی میتۆدۆلۆژی باسەکەیە لەگەڵ باسێکی کورتی ژیاننامەی شێخ مەحموود بەرزەنجی (لا: 33–43). بیبلیۆگرافیا (لا: 44–68).

263-A. M. Hamilton, *Ma route à travers le Kurdistan : récit d'un ingénieur néo-zélandais en Irak*[*]; trad. de l'anglais par Thomas Bois, Paris : l'Harmattan, (Comprendre le Moyen-Orient)1994, (280 p).

263–ئا.م. هامیلتون، *ڕێگایەك بەناو کوردستاندا: سەربووردەی ئەندازیارێکی نیوزلەندی لە عێراقدا*. تۆمابوا لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە فرەنسی. ئەم کتێبە

---

[*] Trad. *Road through kurdistan, the narrative of an engineer in Iraq*, by A.M. Hamilton

چاپی یەکەمی ساڵی 1937 بە ئینگلیزی بڵاوکرایەوە. گێڕانەوەی ئەزموونی ئەندازیاری نیوز-لەندیی هامیلتۆنە وەکوو ئەندازیارێك کە ئەرکی کێشانی ئەو ڕێگەیەی پێسپێردرا بوو کە ئەمڕۆ بەناوی ڕێگەی هامیلتۆن لە پارێزگای هەولێر تا حاجی ئۆمەران و سەر سنووری ئێران درێژ دەبێتەوە. هامیلتۆن بە خۆیی و شەش سەد کرێکار لە نەتەوە و ئایینی جیاواز و بە ماوەی نزیکەی پێنج ساڵ ڕێگەکە تەواو دەکات. لەم بیرەوەریانەدا هامیلتۆن هەر تەنها باسی ڕێگەکە ناگێڕێتەوە بەڵکو باسی هاوپێبەندیی هۆزەکان و سەرۆکهۆز و ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو دەورانەی ئەم بەشەی کوردستانی عێراقیش دەگێڕێتەوە.

## 6.3: کورد لەژێر ئینتدابی فرانسا

264-Noel Fantoni, *La France et le mouvement kurde (pendant le mandat français en Syrie -1919-1946)*, mémoire de maitrise, 1974-1975, ( 226 p).

264-نۆێل فانتۆنی، ***فرانسا و بزووتنەوەی کورد (لە دەورانی ئینتیدابی فرانسا لە سوریا 1919-1946)***. بریتییە لە نامەی Maîtrise ساڵی 1974-1975 پێشکەش بە کۆلیژی ئاداب-بەشی مێژووی زانکۆی Reims کراوە. سەرەتا لە بەرایی کارنامەکەدا باسی سەرچاوە بیبلیۆگرافیاییەکان کراوە (لا: 3-15). کرۆنۆلۆژیی ڕووداوەکان (لا: 16-24). ئینجا نامەکە دابەشی سەر (2) بەش کراوە. بەشی یەکەم: مێژووی مرۆڤەکان. لەم بەشەدا لە دوو فەسڵ باسی جێگیربوونی فرانسا لە ناوچەکە و سیستمی ئینتیدابی فرانسا لەناوچەی جەزیرە و بزووتنەوەی کولتووری و سیاسیی کورد و ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی کورد دەگێڕێتەوە (لا: 34-103). هەرچ بەشی دووەمە باسی دانیشتوانەکانی کورد دەکات لە جەزیرە، قامیشلۆ، حەسەکە و ڕەئسولعەین، بەیرووت و شام دا. لە دوایین فەسڵی کۆتایشدا

باسی بەرهەمەکانی سەر–زەوی و ژێر–زەوی، کشتوکاڵ، مەڕداری، کان، نەوت باسدەکات (لا: 104–206). دەرئەنجام (لا: 208–211). پاشکۆ (لا: 212–226).

265-Roger Lescot, « Le Kurd Dagh et le mouvement Mouroud », In: *Studia Kurdica, Institut Kurde de Paris.* – Paris : Institut Kurde de Paris, (5).1988, p. 101–125.

265–ڕۆژەر لیسـکۆ، " کوردەکـانی کـورد داغ و بزووتنـەوی موریـدیزم". ڕۆژەر لیسکۆ، کوردناس و ڕۆژهەڵاتناسی فرەنسی لە 18 ی ئاداری 1914 لە لیۆن لـە دایك بووە. ساڵەکانی 1938–1945 وەکو ئەفسەری عەسکەری لە خزمەتی هێزی فرانسا بـووە لـە شـام. لـەم ماوەیـەدا توانیوویـە خـۆی فێـری کـوردی بکـات و سـاڵی 1940 و 1942 بـە بڵاوکردنـەوەی دووبـەرگ لـە چیرۆك و هەقایـەتی کـوردی سـەرکەوتنێکی چاکی بەدەستهێنا[10]. ئەم باسەی ئێرە لیسکۆ ساڵی 1940 نووسیوویە بـەڵام نازانرێ بۆچی بڵاوی نەکردۆتەوە تا دواجار ساڵی 1988 بڵاوکرایەوە. لیسکۆ پێوەندیـەکی بەتینی لەگەڵ کوردەکان دا هەبوو بە تایبەت لەگەڵ بنەماڵەی بەدرخانییـەکان دا. ئـەم باسـەی لیسـکۆ باسـی ڕاپـەڕینی کوردەکـانی کورداغـە لـەژێر دەسـەڵاتی ئینتیـدابی فرانسا بۆ سوریا کە لە ساڵی 1930 تا ساڵی 1940 درێژەی کێشا.

266-Mahmoud Akil, *Le mandate français et la politique des minorités en Syrie. Le cas kurde (1918-1940).* Mémoire de diplôme de l'EHESS, (sous la dir. de Rober Paris), Paris, 1993.

## 7.3: کۆنفرەنسی ئاشتی، کۆمەلەی گەلان و مەسەلەی مووسڵ

[10] بڕوانە ژمارە : ( 618 ) و ( 619 ) ی ئەم کتێبە.

267-Chérif Pacha, *Mémorandum sur les revendications du peuple Kurdes,* Présenté le 22 mars 1919 à Conférence de la paix, Imprimerie. A. G. L'Hoir, Paris, 1919, (14 p).

267-ژێنێرال شەریف پاشا، *یادداشتنامە لەبارەی داخوازینامەکانی گەلی کورد.* بریتییە لەو یاددشاتنامەیەی کە شەریف پاشا لە 22ی ئاداری 1919بەناوی سەرۆکی وەفدی کورد پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆنفرەنسی ئاشتی کردووە. لەو یادداشتنامەی شەریف پاشا زۆر بە وردی سنوور و دانیشتوان و مەسەلەی خاکی کوردستانی یەکلایکردۆتەوە و زۆریش بە ڕاشکاوی داوای دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دەکات. ئەم یادداشتنامەیە یەکەمین داخوازینامەی ڕەسمیی سیاسیی کوردە بۆ داواکردنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ.

268-Louis Tassart, « Nécessité de développer l'influence française dans le nord de la Mésopotamie et le Kurdistan », Extrait de *Mémoires de la Société des ingénieurs civils de France*, janvier-mars 1919, (tiré à part).

269-Basile Nikitine, « Quelques observations sur la question de Mossoul », In *l'Asie Française,* n° 220, mars 1924, p. 115-118.

269- بازیل نیکیتین، " چەند سەرنجێك دەربارەی پرسی موسڵ". سەرەتا نووسەر باسی ئەوە دەکات کە پەیماننامەی لۆزان نەیتوانی پرسی ویلایەتی مووسڵ یەکلا بکاتەوە بۆیە کێشەکە خرایە بەردەم کۆمەڵەی گەلان بۆ یەکلایی کردنەوە. باسێکی جوگرافی کوردستانی ناوەڕاست دەکات ئەو ناوچەیەی کە بە قسەی نووسەر تەنها چەند پسپۆڕێك لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردووە. دواتر باسی ڕێگە وبانەکانی

ناوچەکە و پێوەندییە دیپلۆماتیەکانی بریتانیا و تورکیا ، پێوەندی لەگەڵ هۆزەکانی جاف، هەمەوەند و هۆزەکانی دیکەی شێوی زێی گەورە لە باسە سەرەکیەکانیەتی.

270-Société des Nations, *Question de la frontière entre la Turquie et l'Irak, rapport présenté au Conseil par la Commission constituée en vertu de la résolution du 30 Septembre 1924*, Genève, 1925. (90 p).

270-کۆمەڵەی گەلان، *پرسی سنووری نێوان تورکیا و عێراق، ڕاپۆرتی پێشکەشکراو بەو کۆمسیۆنەی کە بەگوێرەی بڕیارنامەی 30 ئەیلوول 1924 پێکهات*. بریتییە لە ڕاپۆرتی کۆمسیۆنی کۆمەڵەی گەلان کە لە بارەی ڕەوشی سنووری نێوان تورکیا و عێراق ئامادەی کردووە. کۆمەڵەی گەلان لە خوولی سیەمینی دا بڕیاری دا لێژنەیەکی تایبەتی ڕەوانەی ناوچەکە بکات تا ڕاپۆرتی خۆیان لەبارەی سنووری ویلایەتی مووسڵ دیاری بکەن. دوای مانەوەیان لە کۆتایی کانوونی دووەمی تا مانگی نیسانی ساڵی 1925 لەناوچەکە کۆمسیۆن لە هاوینی هەمان ساڵدا ڕاپۆرتی خۆیان پێشکەش بە کۆمەڵەی گەلان کرد. ڕاپۆرتەکە ئەوهێندە زانیاری و کەرەسەی گرینگی دەستی یەکەمی تێدایە لەبارەی کوردستان و ناوچەکە کە هەر لێکۆڵینەوەیەك لەو قۆناغەدا بە بێ گەڕانەوە بۆ سەر ئەم سەرچاوەیە کارێکی پڕکەم و کوڕی دەبێت. ڕاپۆرتەکە بریتییە سێ بەش و شەش فەسڵی سەربەخۆ. بەشی یەکەم: ڕاپۆرت لەبارەی کارەکانی لێژنە (لا: 5-13). بەشی دووەم: لەبەرچاوگرتنی ئەو داوایانەی کە هەردوو حکومەت پێشنیاریان بۆ کردووە (لا: 14-19).بەشی سێیەم: شارەزابوون بە ناوڕۆکی بابەتەکە. لێرەوە ئیدی بابەتەکە دابەش دەبێت بۆ سەر (6) فەسڵی جیاواز. فەسڵی یەکەم: بیانووە جوگرافی و ئیتنۆگرافییەکان (لا: 20-57). فەسڵی دووەم: بیانووە مێژوویەکان 0لا: 58-59). فەسڵی سێیەم: بیانووە ئابوورییەکان (لا: 73-74). فەسڵی چوارەم: بیانووە ستراتیژییەکان (لا: 73-74). فەسڵی پێنجەم: بیانووە سیاسییەکان (لا: 75-85).

فەسڵی شەشەم: دەرئەنجامە گشتییەکان (لا: 86–90). جگە لەوە کتێبەکە کۆمەڵێکی زۆر نەخشیەی جوگرافی ئیتنیکی و مێژوویی زۆر گرینگی تێدایە و هاوکات کۆمەڵێك ئاماری زۆری لەبارەی پێکهاتە ئیتنی و نەتەوەییەکانی ویلایەتی مووسڵ تێدایە.

271-Bletch Chirguh, *Appel des kurdes du sud à la Société des Nations,* Publication de la Ligue de défense des droits de l'homme, Paris, 1931, (68 p).

271–دکتۆر بلەچ شیرگوە، *بانگەوازی کوردەکانی خواروو بۆ کۆمەڵەی گەلان.* بریتییە لەو یادداشتنامەیەی کە ساڵی 1931 دوکتۆر بلەچ شێرکوە بە ناوی کوردەکانی عێراق پێشکەش بە کۆمەڵەی گەلانی کردووە. نامیلکەکە بە ناوی بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی بەرگری لە مافەکانی کورد ژمارە: 7 بڵاوکراوەتەوە. نامیلکەکە بریتییە لە چەند بەشێك. لە پێشەکیەکەدا کە زیاتر باسێکی گشتییە بۆ ناساندنی مێژوو، سنوورەکانی کوردستان، ڕەوشی کورد لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی، ڕووسیا و ئێران، تورکیا، پەیماننامەی سێڤەر و ڕەوشی سیاسیی و ئینسانی کورد دەخاتە ڕوو (لا: 5–23). بەشی دووەم: کوردستانی خواروو و کۆمەڵەی گەلان. بریتییە لە بەرچاوخستنێکی سنوور و ژمارەی دانیشتوان و ئابووری کوردستانی خواروو و کۆمەڵێك بروسکەنامەی تایبەتی تێدا بڵاوکراوەتەوە (لا: 24–55). لە دوایین بەش دا باسی ڕەوشی یاسایی کوردستانی خواروو دەکات و لەم بەشەدا بانگەوازێکی شێخ مەحموود بەناوی خەڵکی کوردستانەوە بۆ بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان تێدایە (لا: 63–68). جگە لەوە یادداشتنامەکە کۆمەڵێك وێنەی زۆر نایابی تێدایە. دواجاریش بە دڵنیاییەوە دەڵێم دوکتۆر بلەچ شیرگوە ناوی خواستراوەی (سورەیا بەدرخان)ە.

# بەشی چوارەم

# بزاڤی نەتەوایەتی کورد

## لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە تا وەکو جەنگی کەنداو

### 1.4: بزووتنەوەی نەتەوەیی لە کوردستانی باکوور–رۆژئاوا

272-Herekol Azîzan, *De la question kurde : la loi de déportation et de dispersion des Kurdes,* Qelemşah ? , 1934, (40 p).

272–هەرکۆل ئازیزان، ***لەبارەی پرسی کوردەوە: یاسای ڕاگوێزان و بڵاوپێکردنی کورد***. ئەم نامیلکەیە لە بنەواندا بریتییە لە بڵاوکراوەی ژمارە (7؟) ی کۆمەڵەی خۆیبوون و وا باوەڕ دەکرێ کە لە قامیشلۆ(؟) چاپکرابێ. ئەم نامیلکەیە لە نووسینی جەلادەت عالی بەدرخانە و بریتییە لە باسکردن و دەرخستنی ڕووی یاسای ژمارە (5 ی ئایاری 1932) ی تورکی سەبارەت بە ڕاگوێزانی کورد بۆ ڕای گشتی. نووسەر گەراوەتە سەر مێژووی کورد و باسێکی کورتی مێژووی کوردی گێڕاوەتەوە و دواتر کەوتۆتە سەر شیکرنەوەی یاسایەکە.

273-Ihsan Nuri, *La révolte de l'Agri Dagh, 'Ararat' (1927-1930);* préface de I.Ch. Vanly, présenté par Peresh, Genève : Éditions kurdes : Éditions Poésie vivante, 1986, (195 p).

273-ژێنێرال ئیحسان نووری پاشا، *شۆڕی ئاگری داغ "ئارارات"*(1927-1930).
بریتییە لە یادداشتنامەکانی ژێنێرال ئیحسان پاشا (1892-25 ی ئاداری 1976) دەربارەی شۆڕشی ئاگری داغ کە لە ڕۆژانی ئاوارەیی لە مەنفا لە تاران نووسیووەتەوە و دواتر دەسنووسی یادداشتنامەکە زۆر پاش کۆچی دوایی ژێنێرال نووری پاشا بەردەست پێڕەش کەوتووە و ئەویش ئامادە و بڵاوی کردۆتەوە. عیصمەت شەریف وانلی وتەیەکی بەرایی مێژوویی بۆ نووسیووە (لا: 15-33). دوای ئەوە پێڕەش پێشەکیەکی مێژوویی بۆ یاداشتنامەکە نووسیووە و باسی کۆتایی دەورانی ئیمپراتۆریای عوسمانی و باسی مێژوی کوردستان لە ساڵەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی و دەورانی دوای جەنگ و شۆڕشی ئاگری داغ تاوەکوو ساڵانی هەشتایەکانی سەدەی بیستەم دەکات (لا: 35-55). دواتر یاددشتنامەکانی ئیحسان نووری پاشا لە بارەی شۆڕشی ئاگری داغ دەستپێدەکات و بەمشێوەیە: بەشی یەکەم: ناسیۆنالیزمی دوژمنکارانەی تورك. باسێکی مێژوویی جەنگەکان و هەڵمەتەکانی سوپای تورکیا لە هاوینی 1927، نەبەرد و مفاوەزەتەکان و دژە هێرشی کوردەکان دەگێڕێتەوە (لا: 65-122). بەشی دووەم: هەڵمەتی گەورەی کۆلۆنیالیانەی تورکیا. لەم بەشەدا باسی هاریکاری دەوڵەتانی دیکە دەکات لەگەڵ تورکیا و ڕەوتی شەڕەکان و هەڵوێستی ئێران لە بەرامبەر ئاگری و کۆتایی هاتنی شۆڕشی ئاگری داغ دەگێڕێتەوە، شایانی گوتنە تێبینی ئەوە بکرێ کە لە کۆتایی یادداشتنامەکان ڕۆژی 3 ی شوباتی 1969 نووسراوە (لا: 129-169). دوایین بەشی یادداشتنامەکە بریتییە لە چەند بەڵگەنامەیەکی هەڵبژاردەی ئەرشیڤی بریتانی کە هەموویان تایبەتن بە شۆڕشی ئاگری داغ و ڕووداوگەلی ساڵەکانی (1927-1930).

274-Hmait Bozarslan, "Les révoltes kurdes en Turquie kémaliste : quelques aspects", *Guerres mondiales*, n°151, 1988, p. 121-136.

274-حەمید بۆزئەرسلان، "چەند لایەنێك لە شۆڕشی کورد لە تورکیای کەمالیست دا". وێڕای ئەوەی کە کورد لە ڕووی عەسکەرییەوە هاوپشتیان لە موستەفا کەمال کردووە کەچی موستەفا کەمال ویستە نەتەوییەکانی کوردی داپلۆسی. ئەو دەرونا وچانەی کە کوردەکانی تێدا دەژیان بۆ موستەفا کەمال ناوچەیەکی خاوەن ستراتیژی بوو. ئەو وەك کۆنپەرست و تاریك بین تەماشای کوردەکانی دەکرد و کۆتایی بە خەونی سەربەخۆیی کورد هێنا. هەڵوشاندنەوەی خەلافەت وای کرد کە کوردەکان نەفرەت لە تورکەکان بکەن و تورکەکانیش وەکو هەڕەشە بۆ سەر کۆماری موستەفا کەمال تەماشای ڕێکخستنی خێڵەکیی کوردیان دەکرد. ئەم باسە پشت ئەستوورە بە گەلێك بەڵگەنامەی ئەرشیڤخانەکانی بریتانیا و تورکیا.

275-Hatice Yaşar-Bekdemër, *Les communistes turcs et la question nationale kurde*, Mémoire de Maîtrise sous la direct. de Robert Bonnaud, Paris, 1989, (XXII+144 p).

276-Marie-Odile Pagniez, *Turquie : sur les chemins kurdes*, dessins de Laurent Girault, Paris, A. Michel Jeunesse, Coll. Carnets du monde. Société , 1991, (60 p).

277-Müslüm Erdogan, *La révolte de Koçkiri 1919-1922 Kurdistan de Turquie*. Université de l'EHESS, Paris, 1991, (199 p).

277-موسلیم ئەردۆگان، *شۆڕشی قۆچگیری کوردستانی تورکیا 1919-1922*. نامەی دیپلۆمی زانکۆی E.H.E.S.S ـە لە سیپتامبەری 191 پێشکەش بە زانکۆی ناوبراو کراوە. نامەکە بریتیە لە پێشەکی و (6) فەسڵی سەربەخۆ. فەسڵی یەکەم: بنچینەکانی شۆڕش (لا: 6-32). لەم فەسڵەدا باسی هۆزەکانی قۆچگیری، جەمعیەتی تەعالی کوردستان، کۆمیتەی تەشکیلاتی ئیجتیماعی، پێوەندی جەمعیەتی تەعالی

کوردستان بە ڕاپەڕین، یەکەمین کۆبوونەوەکان بریتین لە باسە سەرەکیەکان. فەسڵی دووەم: شۆڕش (لا: 33–55). لەم فەسڵەدا باسی کۆبوونەوەکانی هۆزەکانی هۆزات، ئۆلتیماتیۆمی ئەنقەرە، وادەی بەشداریکردنی هۆزەکانی دیکە، پەرلەمانتارانی دێرسیم و سەیید ڕەزا، ئاگری شۆڕش و هاتنی عەلیشێر بۆ قۆچگیری. فەسڵی سێیەم: ئامادەسازی سوپای تورکیا (لا: 56–80). لەم فەسڵەدا باسی سوپای ناوەند و یاسای عورفی، پچرانی پێوەندی نێوان ئەنقەرە و شۆڕشگێرەکان، بزووتنەوەی 12 ی نیسان، سەرکووتکردنەوەی شۆڕش، حەیدەر بەگ گۆڕەپانی جەنگ بەجێدەهێڵێ، چالاکیەکانی نورەددین پاشا. فەسڵی چوارەم: لێبوردن و بەرگری لە دێرسیم (لا: 81–99). لەم فەسڵەدا حوکمدانەکان، پاشماوەی بەرگری لە دێرسیم و دووەم لێبووردن. چاوپێکەوتن لەگەڵ کۆمسیۆن، کۆتایی سەرکردەکانی شۆڕش، شۆڕش لەناو گۆرانییەکاندا. فەسڵی پێنجەم: موستەفا کەمال و گفتوگۆ لەسەر کورد لە ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانی دا (لا: 10–138). لەم فەسڵەدا نامەکانی موستەفا کەمال بۆ کورد، کۆنگرەی ئەرزەرۆم، کۆنگرەی سیواس، هەڵوێستی چاپەمەنی تورك لە بەرامبەر شۆڕش، ئایا دەبێ ڕووداوەکانی قۆچگیری بە ئاشکرا لە ئەنجومەن باسبکرێن؟ کێشەی نوورەدیین پاشا. نهێنی 19 ی شوباتی 1922: یاسای بەڕێوەبردنی کوردستان "ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان". فەسڵی شەشەم: لەم فەسڵەدا باسی هۆیەکانی شکستەکە بە گوێرەی نووری دێرسیمی، بزووتنەوەی دیکەی کورد لە دەورانی ڕاپەڕینی قۆچگیری دا . دوای ئەوە نووسەر دەگەڕێتەوە سەر پاشینەی مێژوویی و ڕووداوەکانی بەر لە ڕاپەڕین و لەم بەستێنەدا باسی ڕوناکبیرانی کورد و کۆمیتەی ئیتتیحاد و تەرەققیی، یەکەمین ڕۆژنامە و یەکەمین ڕێکخراوی کوردی، سوارەی حەمیدییە، قوتابخانە عەشیرەتییەکان، چالاکی ڕووناکبیرانی کورد لە دەورانی مەشروتیەی دووەم دا، کورد لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی، ڕاپەڕین و ئایین. دەرئەنجام (لا: 163–165). دواجار کۆمەڵێك تێکست، نەخشە و وێنەی مێژوویی کراونەتە پاشبەندی نامەکە.

278-Sabri Cigerli, *Le Kurdes et le Parti Social Démocrate (à travers la vie politique turque)*, Mémoire de D.E.A sous la dir. de Jean-Marie Demaldent, Université Paris X– Nanterre, 1990-1991, (111 p).

278–سەبری جیگەرلی، کورد و پارتی سۆسیال دیموکرات (لە ناوەندی ژیانی سیاسیی تورکی دا ). بریتییە لە نامەی D.E.A (سالّی پێنجەمی زانکۆ) سالّی خوێندنی 1990–1991 پێشکەش بە زانکۆی پاریسی دەیەم Nanterre کراوە. نامەکە بەشێوەیە دابەشکراوە. پێشەکی (لا: 1–3). بەشی یەکەم (A) . فەسڵی یەکەم: چاوپێداخشانێکی مێژوویی بە ژیانی سیاسیی تورکی. لەم فەسڵەدا باسی کورد و کوردستان، ژمارەی دانیشتوانی کورد، زمان، ئایین، جوگرافیای کوردستان دەکات (لا: 4–9). فەسڵی دووەم: شکستی ئیمپراتۆریای عوسمانی (لا: 10–15). فەسڵی سێیەم: هێنانەکایەی پلورالیزم (لا: 16–22). فەسڵی چووارەم: کودێتای 27 ی ئایاری 1960: پەرانتێزێك (لا: 23–25). فەسڵی پێنجەم: جەمسەربەندیی حیزبەکان 1965 (لا: 26–29). فەسڵی شەشەم: ئەجەوید سەرۆکی پارتی کۆماری گەل CHP (لا: 30–35). فەسڵی حەوتەم: کودێتای 12 ی سێپتامبەری 1980 (لا: 36–41). بەشی دووەم (B) : ئایدۆلۆژیا پرۆگرام و سترەکتووری پارتی سۆسیال دیموکرات (لا: 42–71). بەشی سێیەم (C) : پارتی سۆسیال دیموکرات SHP و کێشەی کورد (لا: 72–95).

279-Hmait Bozarslan,"Le kémalisme et le problème kurde", in H. Hakim (dir.) *Les Kurdes par-delà l'exode*, Paris, L'Harmattan, 1992, p. 63-89.

279–حەمید بۆزئەرسلان، " کەمالیزم و پرسی کورد". باسی تیۆریای ڕەسمیی کەمالیزم دەکات لە سالّە یەکەمینەکانی دامەزراندنی کۆمار و گرفتەکانی کەمالیزم لە ڕووبەڕووبوونەوەی پرسی کورد. لە نێوان سالّەکانی 1840 و 1914 دەولّەتی

تورکیا دوو دڵ نەبووە لەوەی کە بە شێوازێکی بێوێنە سەرکوتی بەرگری کورد بکات، بەڵام مەبەست لەوە چەسپاندنی دەسەڵات و تێکشکاندنی سەربەخۆیی سەرۆکە کوردەکان بوو بە بێ ئەوەی هەوڵی بە تورکیکردنی ناوچەکە بدرێ و سیاسەتی بە تورکیکردن زیاتر لەگەڵ ئیتتیحادییەکان دەستی پێکرد و ساڵی 1922 پێوەندییەکانی تورك و کورد کە لەوەتای ساڵی 1919 ەوە لە گرێژەنە چووبوو گەیشتە کۆتایی و لێرەوە ئیدی مێژووی بە تورکیکردنی خاك و نەتەوەی کورد دەستپێدەکات.

280-Le parti des travailleurs du Kurdistan, PKK. *Terrorisme & violence politique (Paris)* (5), mai 1992, p. 14-24.

281-Bayram Balci, *Le conflit kurde en Turquie : étude historique et politique,* Mémoire : Sci. pol. : Grenoble, IEP : 1993, (277 p).

282-Chris Kutschera, « Qui sont ces combattants du PKK ? », in : *Les cahiers de l'Orient* (30), 2e trim. 1993 : p. 57-68.

282–کریس کۆچێرا، "جەنگاوەرەکانی پارتی کرێکانی کوردستان کێن؟". بریتییە لە کورتە مێژوویێکی پارتی کرێکارانی کوردستان کە لە ساڵی 1974 لە دایك بوو و بەوە لە پارتە کوردییەکانی دیکە جیادەکرێتەوە کە گرینگیەکی گەورەی بە خەباتی چەکداری داوە. پەکەکە لە کوردستان لە دایك نەبوو بەڵکو لە ئەنقەرە لە لایەن ژمارەیەك قوتابی لە دایك بوو کە کەوتبوونە پرسیار لەسەر هەڵوێستی چەپی تورکیا و پرسی کورد کە هەموویان قوتابی زانستە سیاسییەکان بوون لە زوو لە ڕیزی چەپی توندڕۆی تورك کاریان دەکرد. زۆربەی دامەزرێنەرانی پەکەکە کورد بوون بەڵام بڕێك لە دامەزرێنەکانیان بە تایبەتی حەقی کارایەر و کەمال پیر تورك بوون. دواتر باسی ستراتیژیەتی حزب و گێژاوی زەبروزەنگی ساڵەکانی 1984 تا 1992 دەکات کە ژمارەی کوژراو و قوربانییەکان گەیشتە 1500 کوژراو و دواتر لە یەك ساڵدا ژمارەی

قوربانییەکان دەگاتە نزیکەی 3000 کەس واتە لە یەك ساڵدا دوو هێندە بوو و لە دوایین بەشی وتارەکەشدا باسی هاوپشتی سوریا بۆ پەکەکە دەکات.

283-Hmait Bozarslan, “Quelques remarques sur l’évolution du problème kurde entre les deux guerres », in : *Matériaux pour l’histoire de notre temps*, 1994, n°35, p. 3-8.

283-حەمید بۆزئەرسلان، " چەند سەرنجێك دەربارەی پەرەسەندنی پرسی کورد لە نێوان دوو جەنگدا". سەرەتا باسێکی ساڵانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و سەردەمی دەوڵەت دەکات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و مۆدیلی دەوڵەت-نەتەوە لە ڕۆژهەڵات و چەمکی کەمینە نەتەوە و کورد لە بەرامبەر دەوڵەتەکانی ناوچەکە. لە دواین بەشی وتارەکەشیدا باسێکی دەوڵەت و وەڵامی کورد باسدەکات و باسی کۆمەڵەی ئازادی، خۆیبوون، کۆمەڵە و پاشان حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و لە دواین چمکی وتارەکەشدا باسی ناسیۆنالیزمی کورد و سنوورە دەوڵەتییەکانی ناوچەکە دەکات.

284-La vraie nature du PKK : une organisation terroriste, Gazeteciler Cemiyeti Yayinlari, Ankara, Ed. Gazeteciler Cemiyeti Yayinlari, 1994, (35 p).

285-Montbrial, Thierry de. « La Turquie à l'heure des choix ». in : *Revue des deux mondes* (4), avr. 1995, p. 38-45.

286- Henri.J barkey, "La question kurde: La lutte armée du PKK", in:Vaner, Semih. *Turquie : la nouvelle donne. Problèmes économiques et sociaux* (757), 10 nov. 1995, p. 31-38.

286-هێنری ژ بارکەی، " پرسی کورد: خەباتی چەکداریی پەکەکە". پەکەکە لە ناو دەورانێکی زۆر پشێوی ساڵەکانی حەفتا لە دایك بوو. لە چەند شێوەیەکدا هەڵقولاوی سیاسەتی ڕادیکاڵی چەپی قوتابیان بوو و بەشێك بوو لەو ژمارە گروپە کوردییەی کە دەستیانکرد بە برەوپێدانی بەرنامەیەکی ناسیۆنالیستانە. لە ئابی 1984 کاتێك پەکەکە دەستی بە خەباتی چەکداری کرد تەنها چەند سەد ئەندامێك بوون و بەس، ئەمڕۆ ژمارەیان لە 10000 جەنگاوەر زیاترە کە بەشێوەیەکی هەمیشەیی لەناو تورکیا دان کە بەو هۆیەوە نزیکەی 130000 سەربازی تورکی لە ڕۆژهەڵاتی تورکیا مۆڵ دراون. سەرەتا پەکەکە یارمەتی سەربازی و لۆژستیکی لە دەرەوە بۆ دەهات بە تایبەتی سوریا، عێراق و ئێران. نووسەر لەم وتارەیدا باسی ڕەوتی سیاسیی پەکەکە و پێوەندییە هەرێمایەتییەکانی پەکەکە و کاردانەوەی تورکیا دەکات و سیاسەتی کوردیی تورکیا شیدەکاتەوە. " ئەگەر سوریا پشتگیری پەکەکە دەکات، پێش هەموو شتێك لەبەر ئەوەیە کە سوریا سەرقاڵی سەرقاڵی پرۆژەی گاپ Gap ی تورکیایە کە لە ئێستەوە بووەتە هۆی کەمبوونەوەی ئاوی فورات". عێراق و ئێران هەریەکەیان هۆی خۆیان هەبوو لە پشتگیریکردنی پەکەکە. ئێران لە نفووزی زۆری تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نیگەران بوو بە تایبەت لە ئازەربایجان کە هەڵکشانێکی ناسیۆنالیستی ئازەری دەشێ ببێتە هەڕەشەیەك بۆ سەر یەکپارچەیی خاکەکەی و دواتر باسی ئەو ئاڵۆزیانە دەکات کە تورکیا لە سۆنگەی پەکەکەوە لەگەڵ هاوسێکانی هەیەتی.

287-Le terrorisme du PKK, Ankara : Ministère des Affaires Étrangères, 1998, (46 p).

288-Hmait Bozarslan, "Ankara et le défi kurde", *Politique internationale*, n° 84, 1999, p. 283-296.

288-حەمید بۆزئەرسلان، " ئەنقەرە و تەحەدای کورد". "ڕفاندنی عەبدوڵلا ئۆجەلان، دامەزرێنەر و سەرکردەی پارتی کرێکارانی کورد لە شوباتی 199 لە کینیا

به شێوەیەکی ڕادیکال دەرهاویشتەکانی پرسی کوردی لە تورکیا دەستکاریکرد".
لەم لێکۆڵینەوەیدا نووسەر باسی کردەی دەستگیرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان و تاسیری لەسەر پرسی کورد و سیاسەتی تورکیا لەمبارەیەوە شیدەکاتەوە. باسێکی ئەنجامی شەڕەکانی گەریلایی پەکەکە دەکات کە لەوەتای دەستپێکردنی خەباتی چەکداری لە ئابی 1984ەوە زیاتر لە 30000 کەس گیانیان لەدەستداوە (27000 کەس لە 1992 تا 1999). نووسەر لە دوای شیکردنەوەی ڕەهەندە ناوەخۆیی و نێودەوڵەتیەکانی کێشەکەی دەگاتە ئەوەی کە بڵێ "*بەدەر لە کێشەی کورد، دەستگیرکردنی عەبدوڵلا ئۆجەلان جارێکی دیکە ئاماژە بە ترسناکی ڕەوشەکە دەکات و بە ناچاری دەبێ تێبینی ئەو بکرێ کە تورکیا لەمەودوا لەناو بنەبەستێك دایە*".

289-Hmait Bozarslan ,"Quelques remarques sur le discours historiographique kurde en Turquie" *in* H.L. Kieser, S. Naef, C. Windler, *Konstruktion nationaler Identität und der Umgang mit Gescichte*, n° spécial de *Asien, Afrika, Latinamerika Wissenschaftlische Zeitschrift*, v° 29, 2001, p. 47-71.

290-Hmait Bozarslan, "De l'antagonisme à l'intégration : le cas kurde en Turquie", in : M. Wieviorka & J. Ohana (dir.), *La différence culturelle. Une reformulation des débats*, Paris, Balland, 2001, p. 345-354.

290–حەمید بۆزئەرسلان، " کوردەکانی تورکیا: لە ئەنتاگۆنیزمەوە بۆ ئەنتیگراسیۆن". پرسی کورد لە هەر دەوڵەتێکدا لە چوارچێوەیەی ئەو یەك دەوڵەتە چارەسەردەکرێ کە ئەمە وایکردووە ناسیۆنالیزمی کورد ببێتە ناسیۆنالیزمێکی کەمینە. لەوەتای بیست و پێنج ساڵ لە ڕۆژهەلاتدا زیاتر لە 250000 کەس کوژراوە

کە لەو ژمارەیە 30000 تەنها لە تورکیا بووە. ئەم تایبەتمەندێتییە شایانی ئەوەیە بە یاریدەدەری ئیشکالیەتێکی فرە/ئیتنی فرە کولتووری لەسەر شێوەی ئەمریکایی یان ئەورووپی لە پرسی کورد تێبگەین. نووسەر لای وایە کە یەکێك لە ئالۆزییەکانی پرسی کورد ئەو ڕەوشە مێژووییە تایبەتییە کە خەڵکی کوردی لە نێوان: عێراق، سوریا، تورکیا و ئێران دا پارچەپارچە کردووە. لە ماوەی 1920–1970 ئەم چوار دەوڵەتە سنووری هاوبەشیان هەبووە دژ بە بزووتنەوەی کورد و پاشان بەکارهێنانی ئەم کارتی کەمینە نەتەوەیە لەو کێشانەی کە بەرەو ڕوویان دەبێتەوە.

291-Hüseyin Yildirim, *Ema Lenge : Une femme témoigne sur les massacres au Kurdistan*; traduit du turc par Metin Achard et Gérard Chaupin, Paris : Harmattan, 2001, (124 p).

291–حوسێن یلدرم، *ئیما لەنگە: ژنێك گەواهی قەتڵوعامی کوردستان دەدات*. مارتن ئەشارد و ژێرار شۆپان لە تورکییەوە کردوویانە بە فرەنسی. حوسێن یلدرم ماوەی سێزدە ساڵ لە تورکیا پارێزەر بووە تاوەکوو زیندانیکردنی لە ساڵی 1981 کە دواتر دوای یانزە مانگ لەژێر گوشاری ئەمنیستی ئەنتەرناسیۆنال و کۆمسیۆنی پارێزەرانی نێودەوڵەتیی ئازاد دەکرێ. بەر لەوەی یلدرم وڵات بەجێبهێڵێ داوا لە ئێمای ئامۆزای دەکات کە یەکێك لە ڕزگاربووەکانی قەتڵوعامی کوردەکانی دێرسیم بووە ژیانی خۆی بنووسێتەوە. ئەم کتێبە لە ڕاستیدا بریتییە لە گێڕانەوەی ژیانی ئیما لەنگە، ژنێك کە گەواهیدەری ئەو قەتڵوعامەیە کە ساڵی 1936–1938 بەسەر کوردەکانی دێرسیم دا هات. ئێما لە کاتی ئۆپیراسیۆنەکە یەکێك بووە لەو منداڵانە دەگمەنانەی کە لەو کارەساتە ڕزگاری بووە و ئەم بەسەرهاتە چیرۆکی ڕاستەقینەی ڕوداوەکەیە.

292-Hmait Bozarslan, « Persécution des Kurdes en Irak, Iran, Syrie et Turquie. Etude comparative», in :

Ch.Kutschera (dir.), *Le livre noir de Saddam Hussein*, Paris, Oh Editions, 2005, 20, p. 319-333.

292-حەمید بۆزئەرسلان، "چەوساندنەوەی کورد لە عێراق، ئێران، سوریا و تورکیا، لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری". لەم وتارەیدا نووسەر سیاسەتی داپلۆسێنەرانەی ڕژێمی سەددام حوسێن لە بەرامبەر کوردەکان لە ڕوانگەیەکی تیۆرییەوە لەگەڵ سیاسەتی سوریا، ئێران و تورکیا بەراورد دەکات و سەرەتا چەند تێرامانێك دەربارەی ئەم دەوڵەتانە (دەوڵەت وەکو ئۆرگان ، بوار و چوارچێوەی دەسەڵات) شیدەکاتەوە. دواتر گفتوگۆی ناسیۆنالیزمەکان دەکات بەرامبەر بە پرسی کورد و ئەوە دووپات دەکاتەوە کە وێرای تایبەتمەندێتی ئەزموونی عێراقی، بەڵام سیاسەتی کوردیی سەددام حوسێن لەناو بەردەوامییێك دایە چ وەکو چەمکگەرایی و چ وەك پراتیك لەگەڵ سیاسەتی سێ دەوڵەتەکەدا. سەرەتا باسی کوردایەتی (واتە پرسی کورد، کێشەی ئیتنیکی کورد) لە عێراقی سەددام حوسێن دەکات و پاشان باسی سیاسەتی داپلۆسێنەرانەی دەوڵەتەکانی هەریەکە لە ئێران، تورکیا و سوریا لەبەرامبەر پرسی کورد لە ڕوانگەیەکی بەراوردکارییەوە باسدەکات.

293-Sabri Cigerli & Didier Le Saout, *Öcalan et le PKK: les mutations de la question kurde en Turquie et au Moyen-Orient.* Paris : Maisonneuve & Larose, cop. 2005, (422 p).

293-سەبری جیگەرلی و دیدیێ لۆ ساووت، *ئۆجەلان و پەکەکە: گۆڕانکارییەکانی پرسی کورد*. کتێبێکی گشتییە لەبارەی پەکەکە و پشت ئەستوور بە گەلێك بەڵگەنامە و سەرچاوەی تورکی و ڕۆژئاوایی مێژووی پەکەکە و ئۆجەلان دەگێڕێتەوە. کتێبەکە بەمشێوەیە دابەشکراوە. پێشەکی (لا: 13-20). فەسڵی یەکەم: سەرهەڵدان و هەیکەلی پەکەکە (لا: 21-56). فەسڵی دووەم: "شەڕی نەگریس" (لا: 57-115). فەسڵی سێیەم: ئەندام وەرگرتن و جۆشدان (لا: 117-179). فەسڵی چوارەم: مەیدانی سیاسیی (لا: 181-218). فەسڵی پێنجەم: کورد: مەسەلەیەکی ستراتیژی

(لا: 219-305). فەسڵی شەشەم: پەکەکە بەرەو کێ مل دەنێ؟ (لا: 307-383). دەرئەنجام (لا: 385-389). کرۆنۆلۆژیا (لا: 391-401). بەرچاوخستنی ڕێکخراوە کوردییەکان (لا: 403-406). بیبلیۆگرافیا (لا: 407-414).

294-Olivier Grojean & Bülent Küçük, « Le PKK après la capture d'Öcalan : phénomène charismatique et mythes politiques au sein du mouvement kurde », In: Études kurdes, Paris : L'Harmattan, n° (8), .2006, p. 63–84.

## 2.4: بزووتنەوەی نەتەوەیی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات

295- Pierre Rondot,: Le mouvement national kurde en 1946. *En terre d'Islam,* t. 38, no. 3, 1947, p. 128-141.

295-پییێر ڕۆندۆ، " بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە ساڵی 1946 ". باسی داخوازینامەکانی کورد دەکات لە دوایین مانگەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی ساڵی 1945 و دواتر ساڵی 1946 بزووتنەوەکە بە تەواوەتی کەوتۆتە سەر ئەرزی واقیع و بۆ ماوەی چەند مانگێك لە کوردستانی ئێران دەوڵەتێکی بچکۆڵەی نەتەوەیی دروست بکات. پاشان باسی پێوەندی نێوان حکومەتی ئازەربایجان وکوردستان دەکات و بەشێنەیی باسی ڕەوشی حکومەتی کوردستان دەکات لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و هەرێمایەتیەکان دا و دواتر لە باسی هۆیەکانی شکستی کۆماردا باسی شکستی حکومەتەکە دەکات بەڵام ئەوە ناشارێتەوە کە "بەشی گەورەی شسکتەکە لە سۆنگەی هۆیەکانی دەرەکی بووە".

296- V. STEPANOV, « En visite chez les Kurdes », In : *Temps Nouveaux*, Moscou, N° 24, 8 juin 1949 : p.23-28 ; N° 25, 15 juin 1949, p. 23-26.

**296–ڤ.ستیڤاننۆڤ، "گەشت بۆ لای کوردەکان". بریتییە لە ڕاپۆرتاژی پەیامنێری ڕۆژنامەی (سەردەمی نوێ) ی مۆسکۆ کە لە ساڵەکانی 1941–1946 گەشتێکی بۆ ناوچە کوردەوارییەکانی کوردستانی ئێران کردووە کە ئەو دەم لەژێر کۆنترۆلی سوپای ڕوسیا دابوون. گەشتەکە زۆر لایەنی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەوسای کوردستان نیشان دەدا و کۆمەڵێك وێنەی ڕۆژنامەنووسیشی لەگەڵ دایە.**

297-A.R. Ghassemlou, *Le Kurdistan iranien*, [S.l.] , 1977, (44 p).

**297–ئا.ڕ. قاسملوو، *کوردستانی ئێران*. بریتییە لە باسێکی گشتی دەربارەی کوردستانی ئێران و لە سەرەتا دا نووسەر باسی کورتەیەکی جوگرافی کوردستانی ئێران دەکا (نزیکەی 125000 کیلۆمەتری چوارگۆشە) و دواتر باسێکی دانیشتوان، ئایین، زمان، کولتوور، ڕەوشی لەشساغی و پێکهاتەی خێڵەکی دەکات. دواتر لە بەشی مێژوودا لە جەنگی چاڵدێرانەوە تاوەکوو پەیماننامەی سێڤەر و بزووتنەوەی سمکۆی شکاك و بە ڕوویێکی تایبەتیش کۆماری مەهاباد و ڕەوشی دوای ڕوخانی کۆمار و بزووتنەوەی ساڵانی 1967–1968 ی کوردستان دەخاتە ڕوو. لە دوایین بەشی لێکۆڵینەوەکەشدا باسی ئێستا و ئایندەی کوردستانی ئێران و ئاسۆبینییەکانی بزووتنەوەی کورد لەم بەشی کوردستان دەخاتە بەرچاو.**

298-Les documents du 3e Congrès du Parti Démocratique du Kurdistan-Iran, septembre 1973, traduit du texte original kurde paru en 1973, Paris : [n. pub.], 1977, (44 p).

299- Archie Roosevelt Jr, " La Republique kurde de Mahabad"[11], In: Gérard Chaliand (ed), *Les Kurdes et le Kurdistan: la question nationale kurde au Proche-OrientParis*, 1978, p. 209-223.

**299–ئارچی ڕۆزڤێلت، " کۆماری کوردیی مەهاباد". لەم وتارەدا ڕۆزڤێلت زۆر بە وردی سەرەتا باسی دروستبوونی کۆمەڵەی ژێ.کاف، هاتنی سوپای سوور بۆ ناوچەکە و پاشان باس لە دروستبوونی حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران) دەکات و ئەوجا باسی ڕاگەیاندیی کۆماری میللی مەهاباد و کەسایەتیی قازی دەکات و بەڕێزەوە وەسپی زیرەکی، شایستەیی و بەتوانایی قازی محەمەد دەگێڕێتەوە. زیاد لەوە باسی پێوەندی کۆمار لەگەڵ تەورێز و تاران و دواینجاریش گەڕانەوی سوپای ئێران بۆناوچەکە و ڕوخانی کۆماری مەهاباد دەکات. شایانی گوتنە ڕۆزڤێلت خۆی ئەتاشەی سەربازیی ئەمریکی بووە لە بالوێزخانە ئەمریکا لە تاران (ئاداری 1946–ژانڤییەی 1947). نووسەر بۆخۆی لە دەورانی شکۆی کۆمار دا سەری مەهاباد و ناوچەکەی داوە.**

300-Kendal, *Les Kurdes en Iran*. Rapport n° C du Groupement pour les Droits des Minorités, Paris, 1979, (8 p).

**300–کەندال، *کورد لە ئێران دا.* بریتییە لە بڵاوکراوەکانی راپۆرتی ژمارە C ی گروپی داکۆکی لە ماڤ کەمینە نەتەوەکان. لە سەروبەندی ڕوداوەکانی گوڕینی ڕژێم و ڕوداوەکانی ناو کوردستانی ئێران ئەم نامیلکەیە زیاتر بۆ بەرچاو ڕوونکردنەوەی ڕای گشتی نووسراوە دەربارەی پرسی کورد لەم بەشەی کوردستاندا. نامیلکەکە سەرەتا چەند بەرچاوخستنێکی گشتی لەبارەی ئێران و کوردستانی ئێران**

[11] Trad.français de : «The Kurdish Republic of Mahabad ». In : *Middle East Journal.* Washington DC 1947,1 (July), pp. 247-269

بەدەستەوە دەدات و پاشان ئاوڕێکی خێرا دەداتەوە بۆسەر مێژووی بزووتنەوەی کورد لە کۆتایی سەدەی نۆزدهەم و تاوەکوو سالانی شێستەکان و پاشان باسی بەشداری کورد دەکات لە ڕوخانی شا و باسی ڕەوشی دیفاکتۆی ئۆتۆنۆمی کوردستانی ئێران دەکات و باسی پێکداهەلپرژانەکان و گفتوگۆیەکان و دیاریکردنێکی ڕەوشی ئێستەکەی کوردستانی ئێران دەکات. دواتر لە بەشی پاشکۆدا چەند بەلگەنامەیەکی گرینگی مێژوویی بلاوکراونەتەوە وەکو: 1- داخوازینامەی گەلی کورد کە لە لایەن حیزبی دیموکراتی ئێران (کۆمیتەی گشتی) لە 28 ی ئاداری 1979 پێشکەش بە خومەینی کراوە. 2-نامەی کراوەی حیزبی دیموکراتی ئێران بۆ ئایەتوللا خومەینی لە 5 ی ئابی 1979,

301-« *La lutte du peuple kurde en Iran : un entretien avec Cheikh Ezzadin Hosseini*». *Inprecor. Intercontinental Press* (142), 31 janv. 1983 : p. 15-18.

302-Rahim Salehzadeh, *Le Mouvement autonome du Kurdistan*, Mémoire DEA : Etudes politiques, Paris 2 ; 1983, (111 f).

302-ڕەحیم سەلاحزادە، ***بزووتنەوەی ئۆتۆنۆمی کوردستان***. بریتییە لە نامەی D.E.A لە شوباتی 1983 پێشکەش بە بەشی یاسا، ئابووری و زانستە سیاسییەکانی زانکۆی پاریسی دووەم کراوە. نامەکە بەمشێوەیە دابەشکراوە. فەسلی یەکەم: پێشەکیەکی گشتی (لا: 1-4). فەسلی دووەم: مێژوی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد. باسی بنچێنەی بزووتنەوە و خالە بێهێز و لاوازەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد و تایبەتمەندێتییەکانی کۆمەلگەی کوردی دەخاتە ڕوو (لا: 5-13), فەسلی سێیەم: کوردستانی عێراق. لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە باسی سالەکانی 1918-1930 و شۆڕشی 14 ی تەمموزی 1958 و پرسی کورد، قۆناغەکانی دواتری پرسەکە دەخاتە ڕوو و دواجاریش باسی

سیاسەتی بەغدا لە کوردستانی دەکات (لا: 14–47). فەسڵی چوارەم: کوردستانی ئێران. لە دوای جەنگی چالدێرانەوە تاوەکوو جەنگی دووەمی جیهانی، کۆمرای مەهاباد، بزووتنەوەی کورد لە ساڵەکانی 1961–1968 و سیاسەتی ڕژێمی شا لە کوردستانی ئێران و ڕەوشی تازەی ئێران لە باسە سەرەکیەکانیەتی 0لا: 48–63). فەسڵی پێنجەم: کوردستانی تورکیا. لە مێژووی جەنگی سەربەخۆیی تورکیا و دابەشبوونی کۆلۆنیالی کوردستان دەستپێدەکات و باسی پشێویەکانی بیستەکان و سییەکان و شێوەکانی چەوساندنەوەی کولتووری، سیاسی و فیزیکی دەخاتە بەرچاو (لا: 64–88). فەسڵی شەشەم: کورد لە سوریا (لا: 89–98), فەسڵی حەوتەم: کورد لە یەکێتی شورەوەی دا (لا: 99–105). دەرئەنجام (لا: 106–108). بیبلیۆگرافیا (لا: 109–111). پاشکۆ (I-V).

303-Parti Démocratique du Kurdistan d'Iran, *Le Mouvement révolutionnaire du Kurdistan d'Iran*, Paris, 1984, (22 p).

304- Parti Démocratique du Kurdistan d'Iran (éd.), *Abdul Rahman Ghassemlou : homme de paix et de dialogue*. AFK, 1989, Paris, (89 p).

305-William Eagleton Jr, *La république kurde de 1946*; trad. de l'anglais par Catherine Ter-Sarkissian, Bruxelles ; [Paris] : Éd. Complexe, 1991, (231 p).

305–ولیام ئیگلتۆن، *کۆماری کورد ساڵی* 1946. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە بۆ فرەنسی: کاترین تێر–سەرکیسیان. ئێگلتۆن دیپلۆمات و بالوێزی ئەمریکا لە ساڵی 1954–ەوە لەناوچەکە جیگیر بووە و زمانی عەرەبی زانیووە و چەندین جار سەردانی ناوچەکەی کردووە. یەکێکە لەو سەرچاوە گرینگانەی کە لەبارەی کۆماری کوردستان نووسراوە. لە پێشەکی کتێبەکەیدا نووسەر باسی ئەوە دەکات وەختایەك

کۆمار ڕووخا، ئەو کوردانەی کە بەشدارییان لە کۆمار دا کردبوو هەموو ئەو دەکۆمێنت و بەڵگەنامانەی کە تایبەت بوو بە بەشداربوونی خۆیان لە کۆماردا لەناوبرد"..." سەرچاوە ڕەسمییەکانی ئێرانیش هەرگیز مەیلی ئەوەی نەبووە بئەم بیرەوەریی تالأنە بپارێزێ کە...." (لا: 11). نووسەر زۆربەی زانیارییەکانی لە خەڵکی بەشداربووی کۆمار و گەڕان و سورانەکانی خۆیدا بە ناوچەکە کۆکردوونەتەوە و لەگەڵ بەشداربووەکانی کۆمار لە هەردوو دیوی کوردستان چاوپێکەوتن و بەدواداچوونی کردووە. کتێبەکە دابەشی سەر (17) فەسڵ کراوە. فەسڵی یەکەم: مێژوو. زیاتر گەڕانەوەیەکی مێژووییە بۆ بەر لە مێژووی سەدەی نۆزدەهەم و دواتر باسی سەدەی نۆزدەهەم، جەنگی یەکەمی جیهانی و دەورانی نێوان هەردوو جەنگی مێژووی کوردستان باسدەکات (لا: 15–33). فەسڵی دووەم: جەنگی جیهانیی دووەم. باسی پێوەندییەکانی ڕووس و کورد و یەکەمین سەفەر دەکات بۆ باکۆ (لا:35–49). فەسڵی سێیەم: مەهاباد. باسی شاری مەهاباد، دانیشتوان و کەمینە نەتەوەکان و قازی محەمەد دەکات (لا: 51–63). فەسڵی چوارەم: کۆمەڵە. تەرخانی دامەزراندنی کۆمەڵەی ژ.ك و پێوەندییەکانی نێوان ئازەربایجان و کوردستان دەکات (لا: 65–77). فەسڵی پێنجەم: دووەمین وەفد بۆ باکۆ (لا: 79–84) . فەسڵی شەشەم: بارزانییەکان (لا: 85–96). فەسڵی حەوتەم: خۆئامادەکردن بۆ ڕاگەیاندنی کۆمار (لا:97–107). فەسڵی هەشتەم: ڕاگەیاندنی کۆمار (لا: 109–122). پاشان لە فەسڵەکانی: 9، 10، 11، 12، 13 یەك لە دوای یەك باسی ڕووداوەکانی مانگەکانی ئازار، نیسان، ئایار، حوزەیران، تەمموز دەگێڕێتەوە. (لا: 123–174). فەسڵی چواردەهەم: دابڕان. باسی کۆبوونەوە لە تاران و بڕیاری ئێران باسدەکات (لا: 175–181 ). فەسڵی پانزەهەم: کۆتایی. باسی ڕوخانی کۆماری ئازەربایجان و کوردستان و گرتن و ڕەوشی دوای ڕوخانی کۆمار باسدەکات (لا:183–194 ). فەسڵی شانزەهەم: ئەنجامەکان (لا: 195–208) و فەسڵی دوایی: پاشبار (لا: 209–212). کتێبەکە چەند پاشکۆیەکی لەگەڵە وەك: 1: ناوی ئەندامانی یەکەمین وەفدی کوردیی بۆ باکۆ (لا: 213).، 2– دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ.ك (لا: 214).، 3– ناوی ئەندامانی دووەمین وەفدی کوردی بۆ باکۆ (لا: 214).، 4–ناوی ئەندامانی کابینەی

**کۆمار (لا: 215) و چەند پاشکۆی دیکە و هەروەها کۆمەڵێك نەخشەی کۆمار و کوردستان.**

306-M. Khoubrouy-Pak, *Une république éphémère au Kurdistan,* Paris ; Budapest ; Torino : L'Harmattan, 2002, (VI-310 p).

**306-خوبروی-پاك، *کۆمارێکی جوانەمەرگ لە کوردستان دا*. نووسەری ئەم کتێبە ساڵی 1934 لە دایکبووە و ماوەیەك لە تاران پارێزەر بووە و لەوەتای ساڵی 1978 یشەوە لە فرانسا جێنشین بووە. کتێبەکە دابەشی سەر (13) فەسڵی سەربەخۆ کراوە. فەسڵی یەکە: ڕەوشی ناوەخۆیی و نێودەوڵەتیی )لا:7-29). لەم فەسڵەدا باسی ڕەوشی ئێران دەکات لە سەرەتای سالآنی جەنگی دووەمی جیهانیی و نفووز و هەژموونی هێزە ئەورووپاییەکان لەسەر ئێران و بە تایبەتیش داگیرکردنی ئێران و دابەشکردنی لە لایەن هێزەکانی هاوپەیمانەکان. هاوکات باسی هۆزە کوردییەکانی ئێران، ڕێکخراوە کوردییەکان و ڕاپەڕینی حەمە ڕەشیدی بانە دەکات. فەسڵی دووەم: ڕۆڵی هێزە داگیکارەکان (لا: 31-55). لەم فەسڵەدا باسی هەردوو هێزی داگیرکار: شووڕەوی ئەنگلستان دەکات. فەسڵی سێیەم: دامەزراندنی کۆمەڵە (لا: 57-68). لەم فەسڵەدا باسی پەیڕەو و پرۆگرامی دامەزراندنی کۆمەڵەی ژ.ك و قازی محەمەد و ئۆپەرێتی (دایکی نیشتمان) دەکات. فەسڵی چوارەم: چاوتێبڕینی نەوت و شلۆقی لە ئێران دا (لا: 69-100). لەم فەسڵەدا باسی ڕەوشی نێودەوڵەتیی و دواتر ڕەوشی هەرێمایەتی سیاسیی هەریەکە لە ئازەربایجان و کوردستانی ئێران دەکات. فەسڵی پێنجەم: دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) (لا: 101-110). فەسڵی شەشەم: جاڕدانی کۆمار (لا: 111-126). فەسڵی حەوتەم: کۆمار و بارزانییەکان (لا: 127-138). فەسڵی هەشتەم: قازی محەمەد (139-149). فەسڵی نۆیەم: کۆمار و ئازەرییەکان (لا: 151-160). فەسڵی دەیەم: کشانەوە لە ئێران: تەنگژە (لا: 161-178). فەسڵی یانزەهەم: سەرەتای کۆتایی (لا: 179-212). لەم فەسڵەدا بە درێژی باسی وتووێژەکانی کۆمار دەکات لەگەڵ ئازەرەکان و هەڵوێستی**

کۆمار و دروستبوونی حیزبی دیموکرات و دواتر هەڵوێستی (شا) ی ئێران و پەلاماری سوپا. فەسڵی دوانزەهەم: چارەنووسی ڕێبەرانی کۆمار (لا: 213–230) و فەسڵی سێزدەهەم: هۆکارەکانی شکستهێنانی (لا: 213–267). دواجار دوو پاشکۆ کراونەتە پاشبەندی کتێبەکە. پاشکۆی یەکەم: شۆڕشە سەرەکیەکانی کورد (لا: 269–275) و پاشکۆی دووەم: هەنگاوی فشار دژ بە کورد (لا: 277–287). بیبلیۆگرافیا (لا: 289–296) و دواجاریش کۆمەڵێك نەخشەی ناوچەکە بەگەڵ کتێبەکە خراوە.

## 3.4: بزووتنەوەی نەتەوەیی لە کوردستانی خواروو

307-Pierre Rondot,"Le Pacte de Baghdad contre les Kurdes," In : *La Vie Intellectuelle,* Vingt-septième Année, Avril, 1956, p. 107-109.

307–پییێر ڕۆندۆ، " پەیماننامەی بەغدا دژی کورد". باسی ئەنجامەکانی پەیماننامەی بەغدا دەکات دژ بە گەلی کورد وەك سەرکووتکردنەوەی بزووتنەوەی جوانرۆ کە یەکێك لە ئەنجامەکانی ئەم پەیماننامەیە بوو. دواتر نووسەر دێتە سەر گەڕانەوەیەك بۆ دواوە و باسی ئەوە دەکات کە پەیماننامەی بەغدا دژی بزووتنەوەی کورد دروستکراوە و باسی کۆماری مەهاباد و بزووتنەوەی کورد دەکات لە ئێران کە چۆن ئێران لەوە دەترسا بزووتنەوەی جوانرۆ وەك کۆماری مەهاباد ڕەهەندێکی سیاسیی وەربگرێ و لە دوایین جاریش دا باسی ئەوە دەکات کە سیاسەتی فەرامۆشکردن و ڕەتکردنەوەی کورد لە لایەن دەوڵەتانی ناوچەکە و وڵاتە ڕۆژئاواییەکان وای کردووە کە ناسیۆنالیستە کوردەکان ڕوویان ڕووە و مۆسکۆ وەربگێڕن.

308-Comité de solidarité à la révolution kurde, *Manifeste du comité de solidarité à la révolution kurde à propos de la*

*situation actuelle au Kurdistan-Sud*, Paris : CSRK, 1965, (15 p).

309-René Mauriès, *Le Kurdistan ou la mort*, Paris, 1ère Ed.R. Laffont, 1967, (240 p) ; 2ème Ed. Éditions J'ai lu, Paris, 1970, (192 p).

310-Jean Pradier, *Les Kurdes : Révolution silencieuse* ; [préf. Armand Gatti] ; [préf. Kamuran A. BEDIR-KHAN], Bordeaux : Guy Ducros, 1968, (286 p).

311-Kamuran Bedir-Khan, *Le Dossier du Kurdistan du Sud, dit Kurdistan d'Irak*, Paris, 1969, (4+3+47 p).

311- **میر کامیران بەدرخان، *دۆسیەی کوردستانی خواروو ناسراو بە "کوردستانی عێراق"*. بریتییە لە کۆمەڵێك دەستاوێژ، مەتریال و بەڵگەنامەی مێژوویی وەکوو دۆسیەکی تایبەت بە کوردستانی عێراق کە بەڵگەنامەکانی (بە زمانەکانی فرەنسی، ئینگلیزی و ئەڵمانی) تێدا بڵاوکراوەتەوە. میر بەدرخان لە پێشەکی کتێبەکەدا هێڵە ورد درشتەکانی مێژووی کوردستانی عێراق دەگێڕێتەوە لە دەورانی پەیماننامەی سێڤەرەوە تاوەکوو شوباتی 1965. ئەم دۆسیەیە کۆمەڵێکی زۆر بروسکەنامە، یادداشتنامە و نامەی ڕەسمیی بەخۆوە دەگرێ کە سەرجەمی بەڵگەنامەکان هی ماوەی ساڵەکانی 1961–1965–ن. لە بەڵگەنامە گرینگەکانی ئەم دۆسیەیە: 1- یادداشتنامەی دەربارەی کوردستانی عێراق کە لە 10 ی سێپتامبەری 1961 پێشکەش بە دەوڵەتە ئەندامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کراوە (لا: 6–8).، 2- ڕاگەیەندراوی پارتی دیموکراتی کوردستان–عێراق لە 16 ی سێپتامبەری 1961 (لا: 9–10).، 3- ڕاگەیەندراوی کۆمەڵەی خوێنکارانی کورد لە ئەوروپا لە 28 ی ئەیلوولی 1961 (لا: 20–21) هتد...**

312- Jean Bertolino, "Un peuple sans pays, les Kurdes", in : *Atlas*, avril 1969, p. 60-74.

313-Ismet Chériff Vanly, *Le Kurdistan irakien, entité nationale : étude de la révolution de 1961*, Neuchâtel : Éditions de la Baconnière ; Paris : Payot, 1970, (419 p).

314-Yves Benoit, *Dans le cadre de la question des minorités, le problème kurde en Irak*, Thèse de 3e cycle : Droit de la coopération internationale, Université Toulouse I : 1972, (256 f.).

**314– ئیڤ بێنوا، *کێشەی کورد لە عێراق، لە چوارچێوەی پرسی کەمینە نەتەوەکان دا*. بریتییە لە کارنامەی دوکتۆرا و ساڵی 1972 پێشکەش بە زانکۆی Toulouse I کراوە و تەرخانی پرسی کورد کراوە لە کوردستانی عێراق دا. نامەکە بەمشێوەیە دابەشکراوە. پێشەکی گشتی (لا: 4–14). ناونیشانی یەکەم: توخمگەلی کێشەکە. فەسڵی یەکەم: لایەنە گشتیەکانی عێراق پێوەنییەکانی عێراق و کورد. لەم فەسڵە باسی مێژووی گشتیی عێراق، توخمە سیاسییەکانی ئێستەی سەر گۆڕەپانی عێراق و مێژووی پێوەندییەکانی نێوان دوو کۆمیونیتەی کورد و عەرەب کراوە لە سەرەتاوە تاوەکوو ڕۆژی ئەمڕۆ (لا: 15–44). فەسڵی دووەم: کەمینە نەتەوەی کورد لە عێراق دا. باسی گەلی کورد، بنچینە، زمان ئایین، شوێنی جوگرافی، مۆدی ژیان و ڕێکخراوگەلی کۆمەڵایەتی و پاشان باسی مێژوو، زمان، ئایینی کورد و شوێنی و پایەی کورد لە دەوڵەتی عێراق و لایەنە دیمۆگرافی و کولتوورییەکانی کورد لە عێراق دا شیدەکاتەوە (لا: 45–83). فەسڵی سێیەم: یاسای گشتی نێودەوڵەتیی و پرسی کەمینە نەتەوە. لەم فەسڵە باسی ئەو پەیماننامە و ڕێکەوتنامە نێو دەوڵەتیانە دەکات کە بۆ پاراستنی کەمینە نەتەوەکان لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە مۆرکراون (لا: 84–127). ناونیشانی دووەم: گەڕان بە دوای چارەسەرێك بۆ**

کێشەکە. فەسڵی یەکەم: هاوپێوەندیی هەموو ڕێکخستنێك لە نێوان هەردو کۆمیونیتەدا. باسی هاوپێوەندییە ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دەکات (لا: 130–155). فەسڵی دووەم: سازشی عێراقی–کوردی. باسی داخوازینامەکانی کورد و ڕوانینی کورد دەکات بۆ شێوەی ئۆتۆنۆمی و پێشنیاری حکومەتی عێراق لەمبارەیەوە و هەر لەم بەستێنەدا باسی ڕێکەوتنامەی 29 ی حوزەیرانی 1966 و بەیاننامەی 11ی ئاداری 1970 باسدەکات (لا: 156–193). فەسڵی سێیەم: کارایی پاراستنی کەمینە نەتەوەکان لە پرسی کوردستانی عێراق. لەم فەسڵە باسی پاراستنی مافەکانی کورد و یاسا نێودەوڵەتییە گشتیەکان و کاراکتەری یاسای کەمینە نەتەوەی کوردی عێراق و لە پاڵیشدا باسی هەڵوێستی جیهانی عەرەبی، شوورەوی، تورکیا، ئێران و وڵاتانی دیکە دەکات (لا: 194–216). دەرئەنجامی گشتی (لا: 217–223). لە بەشی پاشکۆی نامەکەشدا پێنج پاشکۆی کردۆتە پاشبەند. 1–پەیماننامەی سێڤەر (بەشی سێیەم–کوردستان) (لا: 224–225). 2–نەخشەی عێراق و کوردستانی خواروو (لا: 226). 3–پەرەسەندنی گشتیی ئابووری عێراق (لا: 227). 4– پرۆژەی کورد بۆ ئۆتۆنۆمی کوردستانی عێراق بەگوێرەی یادداشتنامەی 25 ی نیسانی 1963 (لا: 228–233). 5– ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەبارەی چارەسەرکردنی ئاشتیانە و دیموکراتیانەی پرسی کورد لە 11 ی ئاداری 1970 (لا: 234–245). بیبلیۆگرافیا (لا: 234–245).

315-Groupe d'étude sur le Moyen-Orient, *Vers l'autonomie du Kurdistan au sein de la République irakienne*, Genève, 1973, (16 p).

316-Olivier Postel-Vinay, « La longue marche des Kurdes ».In :*Le Monde* 10, 11 et 12 juil. 1974.

317-*Projet de loi relatif à l'autonomie du Kurdistan publié par le conseil du commandement de la révolution en Iraq* : le février

1974, Damascus, Syria : Office arabe de presse et de documentation, 1974, (6 p).

318-Aziz Al-Haj (Ali Hidar), *Le problème kurde en Irak (1958-1974),* thèse de doctorat d'histoire de l'Université de Paris V(Sorbonne), 3ème cycle, (sous la dir : J. Vernant, J.J. Chevallier), 1975, (570 ff).

**318–عەزیز ئەلعاج** (عەلی حەیدر)، **پرسی کورد لە عێراق** (1958–1974)، **بریتییە لە کارنامەی دوکتۆرای عەزیز ئەلعاج و ساڵی** 1975 **پێشکەش بە زانکۆی پاریسی پێنجەم کراوە. کارنامەکە بەمشێوەیە دابەشکراوە. پێشەکی** (لا: 3–13). **نیشاندانێکی جوگرافیای عێراق** (لا: 14–20). **چەند زانیارییێکی گشتی** (لا: 21–25). **بەشی یەکەم: کورد و کوردستان. فەسڵی یەکەم: بنچینەی کورد و زاراوەی کوردستان** (لا: 26–37). **فەسڵی دوەم: دانیشتوان** (لا: 37–47). **فەسڵی سێیەم: ژیانی سیاسیی و ڕۆحیی** (لا: 47–58). **فەسڵی چوارەم: بنچینەکانی ئابووری کوردستان** (لا: 89–60). **بەشی دووەم: پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، ئابووری و ئیتنۆگراڤی کوردستانی عێراق. فەسڵی یەکەم: ناوچەکە و دانیشتوانەکە** (لا: 67–86). **فەسڵی دووەم: پێکهاتەی کۆمەڵایەتی** (لا: 87–96). **فەسڵی سێیەم: ڕیفۆرمی کشتوکاڵ و مەڕداری** (لا: 97–124). **فەسڵی چوارەم: پیشەسازی لە ناوچەی باکوور** (لا: 125–140). **بەشی سێیەم: بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە نێوان** 1918–1958. **فەسڵی یەکەم: چەند ڕاستیەکی مێژوویی** (لا: 141–154). **فەسڵی دووەم: پرسی کورد لە عێراق لە نێوان** 1918–1930 **دا** (لا: 155–190). **فەسڵی سێیەم: خەملینی ڕژێمی نیمچە کۆلۆنیالی، نیمچە دەرەبەگی لە عێراق لە** 19130–1939 **دا** (لا: 191–298). **فەسڵی چوارەم: عێراق و پرسی کورد لە نێوان** 1939–1945 (لا: 209–219). **فەسڵی پێنجەم: عێراق و پرسی کورد لە نێوان** 1945–1958 (لا: 220–255). **بەشی چوارەم: تەمووزی** 1958 **تەمووزی** 1968. **فەسڵی یەکەم: شۆڕشی** 14 **ی تەمووزی** 1958 **و پرسی کورد** (لا: 256–282). **فەسڵی دووەم:**

ڕوخانی قاسم و پەرەسەندنی پرسی کورد (لا: 283–292). فەسڵی سێیەم: ڕژێمی عارف و پرسی کورد (لا: 293–316). بەشی پێنجەم: تەمmووزی 1968–ئاداری 1974. فەسڵی یەکەم: لە تەمmووزی 1968 بۆ ئاداری 1970 (لا: 317–354). فەسڵی دووەم: بەیاننامەی 11 ی ئادار (لا: 337–354). فەسڵی سێیەم: گرژی نێوان ناوچەی ئۆتۆنۆمی کورد و ڕاگەیاندنی ئۆتۆنۆمی و تێهەڵچوونەوەی جەنگ (لا: 355–415). فەسڵی چوارەم: یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستانی عێراق (لا: 416–443). دوا بەش: ئەنجام، وسیلە و ئاسۆبینین و چارەسەرکردنی پرسی کورد (لا: 444–474). پاشکۆ (لا: 475–516). بیبلیۆگرافیای گشتی (لا: 517–570).

319-Chris Kutschera, "Une guerre de 100 ans en Irak: Barzani: Nous nous battons contre les Russes", In *Libération*, 9, 10, 12 janvier 1975.

320-Nourredine Zaza, « Les Kurdes et l'Accord d'Alger ». In : *Travaux et jours* (56-57), juil.-sept. 1975, p. 43-54.

321-Santucci, R. « Irak : une solution a-t-elle été trouvée au problème kurde ? ». In : *L'Afrique et l'Asie modernes,* Paris, (104), 1er trim. 1975 : p. 3-21.

321–ڕۆبێرت سانتوسی، "عێراق: ئایا چارەسەرێك بۆ پرسی کورد دۆزراوەتەوە؟". لەوەتای ئاداری 1974 حکومەتی عێراق یاسای ئۆتۆنۆمی ڕاگەیاند کەچی پێکداهەڵپرژان و ڕاوەدوونانی کوردەکان لە باکووری عێراق دا هەر بەردەوام بوو. ئەم هەوڵدانە نوێیەی حکومەت بڵێ ی ببێتە هۆی گەڕانەوەی ئاشتی؟ نووسەر لەم وتارەیدا باسی ڕێکەوتنامەی 11 ی ئاداری 1970 دەکات و پاشان باسی تێکچوونی ڕەوشەکە و یاسای ئۆتۆنۆمی 11 ی ئاداری 1974 دەکۆڵێتەوە. پاشان باسی تێکچوونی گفتوگۆی نێوان کورد و بەغدا و دواتریش لە بەشی پاشکۆدا بنچینەکانی یاسای ئۆتۆنۆمی حکومەتی عێراقی بە فرەنسی بڵاوکردۆتەوە.

322-Aziz El Hajj, *L'Irak nouveau et le problème kurde: essai politique*, Paris : Les Editions Khayat, 1977, (168 p).

322-عەزیز ئەلعاج، *عێراقی نوێ و کێشەی کورد (کۆمەڵە وتاری سیاسی)*. نووسەر کتێبەکەی دابەش کردۆتە سەر (4) بەش. بەشی یەکەم: عێراقی کۆن. (مەبەستی نووسەر لە عێراقی کۆن عێراق دەورانی ئینگلیزە) لەم بەشە باسی مێژووی عێراق دەکات لە سپێدەی جەنگی یەکەمی جیهانیی، عێراق و کێشەی کورد لە نێوان 1918-1930، عێراق لە 1930 تاوەکوو ساڵانی جەگی دووەمی جیهانی و باسی پرسی کورد دەکات لە دوای ساڵی 1945-ەوە (لا: 27-58). بەشی دووەم: عێراق و قاسم (لا: 63-87). بەشی سێیەم: عێراق و عارف (لا: 91-104). بەشی چوارەم: عێراق نوێ. مەبەستی نووسەر لە عێراقی نوێ (عێراقی دوای وەك ئەوەی ئەو ناوی دەنێ (شۆڕشی 17 ی تەممووزی 1968)ە لەم بەشەدا کە درێژترین بەشی کتێبەکەیە باسی حیزبی بەعس و لاباڵەکانی دیکەی بزووتنەوەی عێراقی دەکات بە کوردیشەوە و باسی هەردوو باڵی پارتی دیموکراتی کوردستان، قۆناغی 1968 تا ئاداری 1970، یاسای ئۆتۆنۆمی و عێراقی نوێ و شۆڕشی بەردەوام دەکات و بە هەناسەیەکی زۆر ئایدۆلۆژیانەی تەسك نووسراوەتەوە (لا: 109-168). بیبلیۆگرافیا (لا: 172-174).

323-Chris Kutschera, « La fiction de l'autonomie au Kurdistan irakien ». In : *Le monde diplomatique* août 1977, p. 6-7.

324-République irakienne, Ministère de l'information, *Loi sur l'autonomie du Kurdistan*, Bagdad : Al-Huria printing house, 1977, (33 p).

325-Abdul Monem Al Khadhi, *L'organisation et le fonctionnement des pouvoirs dans la région autonome du Kurdistan d'Irak*. Thèse de doctorat sous la dir. de Georges Desmouliez, Thèse de 3e cycle, Droit public, Montpellier 1, 1978, (189 f).

326-Omar Fattah Haïfa, *Les kurdes d'Irak vus par l'opinion française, 1968-1979,* th. 3e cycle Litt. Comp. Paris 3, Département de la littérature générale et comparée, 1982, 2 vol. I (1-352 f) & Vol. II (353-387 f).

**326–عومەر فەتاح حەیفا، *کوردەکانی عێراق لە دیدی ڕای گشتیی فەرەنسییەوە، 1968–1979*. بریتییە لە کارنامەی دوکتۆرا و ساڵی 1982 پێشکەش بە زانکۆی پاریسی سێیەم کراوە. ناوەڕۆکی گشتیی کارنامەکە بریتییە لە ڕوانینی فەرەنسی بۆ کوردەکانی عێراق یان کورد لە دیدی فەرەنسییەوەکانەوە لە نێوان 1968–1979. نامەکە بەمشێوەیە دابەشکراوە. پێشەکیەکی گشتیی (لا: 2–12). بەشی یەکەم: بەرچاوخستنێکی گشتیی دەربارەی کوردستان و کوردەکانی عێراق لە دیدی فەرەنسییەوە 1968–1979. فەسڵی یەکەم: جوگرافیا. باسێکی کورتی جوگرافیا، شوێنی نیشتەنی، ئابووری، کشتوکاڵ و مەرداری و نەوتی کوردستان باسدەکات (لا: 26–78). فەسڵی دووەم: ژیانی کۆمەڵایەتی کوردەکان لە ڕوانگەی ڕای فەرەنسییەوە. باسی کۆمەڵگەی کورد، داب و نەریت، شوێنی ژن لە کۆمەڵگە، پراتیکی ئایینی و ئەدەبی کوردی باسدەکات (لا: 79–121). بەشی دووەم: بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد بە گوێرەی چاپەمەنیی فەرەنسی 1968–1975. فەسڵی یەکەم: کرۆنیکی ڕووداوەکانی نێوان 1968–1970 کە تێیدا باسی گەیشتنی بەعس بۆ دەسەڵات، ڕژێمی نوێ و کورد، حکومەت و ڕێکەوتنامەی 29 ی حوزەیرانی 1966، قۆناغی کۆتایی 1968 و ئاداری 19170 دەکات (لا: 122–165). فەسڵی دووەم: کرۆنۆلۆژیای ڕووداوەکانی 1970–1974. باسی ڕێکەوتنامەی ئاداری 1970،**

پێوەندی نێوان کورد و حکومەتی ناوەندی 11ی ئاداری 1970–11 ی ئاداری 1974، عێراق، شوورەوی و کورد، نەوت و خۆماڵیکردنی نەوت و بەرەی نیشتیمانی و بارزانی لە ڕوانگەی نووسەرە فرەنسییەکانەوە (لا: 166–265). فەسڵی چوارەم: کرۆنۆلۆژیای ڕووداوەکانی نێوان 1974–1975. باسی ستاتووی ئۆتۆنۆمی، قۆناغی ڕاگەیاندنی ئۆتۆنۆمی، پەیماننامەی جەزایر. ئاداری 1974 تا ئاداری 1975. کاریگەری پەیماننامەی جەزایر لەسەر بزووتنەوەی کورد (لا: 267–312). بەشی سێیەم. چارەسەرێکی سیاسیانە. فەسڵی یەکەم: ناوچەی ئۆتۆنۆمی بەگوێرەی بیرو ڕای فرەنسی 1975–1979. دەرئەنجامی گشتی (لا: 340–349) بیبلیۆگرافیا (لا: 354–372). هەرچی بەرگی دووەمە بریتییە لە بیبلیۆگرافیا و کۆپی ڕۆژنامە و گۆوارە فرەنسییەکان دەربارەی کورد.

327-Muhamed Rafeak Fattah, *La loi d'autonomie au Kurdistan Irakien*; thèse de doctort sous la direction de Claude Leclercq, Thèse de 3e cycle, Droit public, Paris 12, 1984.

328-Siyamend Othman, *Contribution historique à l'étude du Parti Dimokrat-î Kurdistan-î Iraq 1946-1970,* Thèse 3ème cycle Sci. soc. du Maghreb et du Moyen-Orient contemp., Paris, E.H.E.S.S., 1985, (437 f).

328–سیامەند عوسمان، *بەشداریێك لە مێژووی لێکۆڵینەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق 1946–1970*. بریتییە لە کارنامەی دوکتۆرا کە لە نۆڤەمبەری ساڵی 1985 پێکەش بە زانکۆی E.H.E.S.S کراوە. نامەکە برتییە لە پێشەکی و (6) فەسڵ. پێشەکی (لا: 6–16). فەسڵی یەکەم: کوردەکانی عێراق.... لەم فەسڵەدا کە زیاتر فەسڵێکی بەرایی و بەرچاوخستنە باسی بنچینەکانی کورد، دابەشبوونی جوگراف، دانیشتوان، کولتوور( ئایین، زمان و ئەدەب ) و لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی

کۆمەڵگەی ترادسیۆنی کوردی دەکات (لا: 17–57). فەسڵی دووەم: سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کورد. باسی بزووتنەوەکانی کورد لە سەدەی نۆزدەهەم، شۆڕشەکانی کورد، یەکەمین ڕێکخراوە نەتەوەییەکانی کورد، ساڵەکانی جەنگی یەکەمی جیهانیی و کۆنفرەنسی ئاشتی لە پاریس دەکات (لا: 58–103). فەسڵی سێیەم: داگیرکردنی ئینگلیز و دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق: لە دایکبوونی یەکەمین قۆناغی پەرەسەندنی ناسیۆنالیزمی کورد لە عێراق دا. لەم فەسڵە باسی داگیرکردنی بریتانیا بۆ عێراق و کوردستانی خواروو، کاردانەوەی کورد، شۆڕشی شێخ مەحموود، ناسیۆنالیزمی کورد 1932–1946، کودێتای بەکر صدقی، شۆڕشی بارزان و حیزبەکانی کوردستانی عێراق: هیوا، ڕزگاری، پارتی دیموکراتی کورد دەکات (لا: 104–196). فەسڵی چوارەم: عێراقی کۆماری: هەڵکشانی ناسیۆنالیزمی کورد. لەم فەسڵە باسی بزووتنەووی ئەفسەرە ئازادەکان و کودێتای ساڵی 1958 و هەڵوێستی کورد و پێوەندییەکانی نێوان بزووتنەوەی کورد لە عێراق و شوورەوی دەکات (لا: 197–253). فەسڵی پێنجەم: پارتی دیموکراتی کورد و بەعس: ناسیۆنالیزمی عەرەب دژ بە ناسیۆنالیزمی کورد. لەم فەسڵە باسی یەکەمین ڕژێمی بەعس، هەڵوێستی دەوڵەتە عەرەبییەکان بەرامبەر بە پرسی کورد، هەڵوێستی هەریەك لە ئیسرایل، تورکیا، ئێران، ئەمریکا بەرامبەر بە کورد و دووەمین ڕژێمی بەعس دەکات (لا: 254–318). فەسڵی شەشەم: پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕژێمی هەردوو برایانی عارف. لەم فەسڵە باسی پدك و ڕژێمی عەبدولسەلام عارف، ئینشقاقی ناو پدك، ڕێکەوتننامەی 10 ی شوبات، پدك–ڕژێمی عەبدولڕەحمان عارف و حیزبی شیوعی عیراق و پرسی کورد کراوە (319–405). دەرئەنجام (لا: 406–409) و بیبلیۆگرافیا کە پشت ئەستوورە بە کۆمەڵێ بەڵگەنامەی نهێنی وەزارەتی دەوەرەوەی بریتانیا، بەڵگەنامەکانی پدك و عەرەبی و کۆمەڵێك سەرچاوەی زۆری کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی و فرەنسی (لا: 410–437).

329- Chris Kutschera, « Les Kurdes d'Irak : des révisions déchirantes ». In : *Les cahiers de l'Orient* (12), 4e trim. 1988, p. 63-81.

329-کریس کۆچێرا، " کوردەکانی عێراق لە بەرامبەر پێداچوونەوە سەختەکان دا".
نووسەر سەرەتا باسی بزووتنەوەی کورد  و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و جەنگی عێراق-ئێران و پێکداهەڵپرژانەکانی نێوان ینك و پدك باسدەکات و باسی هاوپشتیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و هاوپشتیی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ تاران دەکات و  باسی بەرەی کوردستانی و ڕاگەیاندنی ڕاوەستانی شەڕی عێراق-ئێران دەکات و دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە کوردەکان بوون بە قوربانی ئێران و لە لایەن عێراقیش بە چەکی کیمیاوی لێان دەدرێ و تاریکترین ڕۆژەکانی ژیانیان دەگوزەرێنن.

330- Michel Foucher, « Le Kurdistan d'Irak ». In : *Hérodote* (50–51) 3e-4e trim. 1988, p. 221-231.

330-میشێل فوشێر، "کوردستانی عێراق". نووسەر سەرەتای وتارەکەی بە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی مانگەکانی تەمموز، ئاب و سێپتامبەری 1988 کاتی هێرشی سوپای بەعس بۆ سەر کوردستان بۆ ناوچەکانی دهۆك دەستپێدەکات و دواتر هەڵاتنی خەڵکی سیڤیلی کوردستانی عێراق بۆ کامپی ئاوارەکانی تورکیا. دواتر نووسەر دەگەڕێتەوە سەر چەمکی جوگرافیای کوردستان هەر لە سەدەی شانزەهەم و دواتر دەگەڕێتەوە سەر ڕەوشی ساڵانی دوای شکستی ساڵی 1975 و بە تایبەتیش ڕەوشی ساڵی 1988 و جگە لەوە کۆمەڵێك نەخشەی زۆر نایابی کوردستانی لەگەڵ دایە.

331-Issamt A. Sharif, *Les kurdes irakiens, la tragédie d'un peuple*[*]; trad. de l'allemand par Barbara Foramitti, Vienne ,1991, (175 p).

[*] Trad. de : *Die Irakischen Kurden : Tragödie eines Volkes*

331-حسام.ئا. شەریف، *کوردەکانی عێراق: تراژیدیای گەلێک*. ئەم کتێبە لە ئەڵمانییەوە لە لایەن بەربارا فۆرامیتتی کراوەتە فرەنسی. کتێبەکە دابەشی سەر پێشەکی و (5) فەسڵ کراوە. پێشەکی (لا: 9-10). فەسڵی یەکەم: چاوپێداخشانێکی مێژوویی. کوردەکان کێن؟ بۆچی کورد نەیتوانی دەوڵەتی تایبەت بە خۆی هەبێت؟ دابەشبوونەکانی کوردستان هتد لە باسە سەرەکیەکانیەتی (لا: 11-31). فەسڵی دووەم: کوردستانی عێراق لە دەورانی پاشایەتی دا (لا: 32-56). فەسڵی سێیەم: کورد لەژێر دەورانی حکومەتی قاسم دا (لا: 57-83). فەسڵی چوارەم: شۆڕشی کورد لەنێوان یەکەم و دووەم ڕژێمی بەعس دا (لا: 84-115). فەسڵی پێنجەم: چارەنووسی نووسراوی کورد لەوەتای دووەم بە دەسەڵات گەیشتنی بەعس (لا: 116-169). بیبلیۆگرافیا (لا: 170-172).

332-Patrick Ribau,« Le vent qui descend du Nord " : les Kurdes d'Irak ». In : *La pensée* (281), juin 1991, p. 95-108.

332-پاتریک ڕیبۆ، "(با)یێك کە لە باکورەوە هەڵدەکات": کوردەکانی عێراق". ئەم وتارە بریتییە لە خوێندنەوەیەکی ڕەوشی سیاسیی کوردەکانی کوردستانی عێراق لە دوای پەیماننامەی لۆزان، شۆڕشی ئەیلوول، ڕێکەوتنامەی ئاداری 1970، یاسای ئۆتۆنۆنمی لەگەڵ ڕاگەیاندنی جەنگ، جەنگی یەکساڵەی 1974-1975، ناوچەی ئۆتۆنۆمی و سیاسەتی تەعریبی حکومەتی عێراقی بەرامبەر بە کوردستان و خەباتی پێشمەرگایەتی ساڵانی هەشتایەکان و کیمیابارانی کوردستانی عێراق.

333-Halkawt Hakim, « Le panarabisme irakien et le problème kurde », In: *Les Kurdes par-delà l'exode-* sous la direction de Halkawt Hakim, Paris : L'Harmattan, 1992, p. 124–144.

334-Bakhtiar Amin, *Exil et mémoire, un groupe de rescapés Kurdes du Badinan en France*. Memoire du diplôme de EHESS, (Sous la dir de Mme Nicole Grandin), 1992 (168 p).

335-Bakhthiar Amin, *Mustafa Barzani et le Mouvement Nationaliste Kurde*. L'homme et son action: 1903-1979. Mémoire de D.E.A. sous la direction de M. Robert Frank, Université de Paris I, 1992-1993 , (68 p).

335-بەختیار ئەمین، ***موستەفا بارزانی و بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد: مرۆڤ و کردەوەکانی 1903-1979***. بریتییە لە نامەی D.E.A (ساڵی پێنجەمی زانکۆ) و لە ساڵی خویندنی 1992-1993 پێشکەش بە زانکۆی سۆربۆن (پاریسی یەکەم) کراوە. نامەکە بریتییە لە (2) بەشی سەرەکی. بەشی یەکەم: موستەفا بارزانی: وەدیارکەوتنی سەرۆکێکی کورد لە سۆنگەی هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریای عوسمانی دا. لەم بەشەدا باسی کوردستان لە سەدەی نۆزدەهەم، ڕۆڵی سیاسیی شێخەکان لە بزووتنەوەی کورد، کەلەپووری بنەماڵەی بارزانی، ڕەگ و بنچینەی بنەماڵەی بارزانی و خەباتی ئەو بنەماڵەیە دژ بە ئیمپراتۆریای عوسمانی و قۆناغی پەروەردەکردنی بارزانی و لە دوایین چمکی ئەم بەشەشدا باسی ڕۆڵ و پێگەی موستەفا بارزانی دەکات لە بزووتنەوەی ساڵانی سییەکان (1931-33) و ساڵانی چڵەکان (1943-45) باسدەکات (لا: 6-22). بەشی دووەم: مەنفا و خەباتی موستەفا بارزانی لە سەروبەندی دوای جەنگی ددومی جیهانیی و ڕەهەندی (پاڵەوانیی" کەسایەتیی 1945-1979. لەم بەشەدا باسی ژیانی بارزانی لە مەنفا (1945-1958): ڕۆیشتنی بۆ ئێران و دواتر جێنشینبوونی لە یەکێتی شوورەوی.، بارزانی لەناو چەقی مەسەلەکانی جەنگی سارد.، بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان، شۆڕشی 1961-1975، بارزانی و پارتە سیاسییەکانی ئێران و تورکیا.، بارزانی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و لە دوایین چمکی ئەم بەشەشدا باسی بزووتنەوەی کورد لە دوای شکستی ساڵی 1975 و شەڕی براکوژی دوای هەرەس و چوونی بارزانی بۆ مەنفا

(ئەمریکا) باسدەکات (لا: 24–44). دەرئەنجام (لا: 45–48) بیبلیۆگرافیا (لا: 48–68). دواتریش لە بەشی پاشکۆدا کۆمەڵێك پاشکۆ کراون بە پاشبەندی نامەکە: 1–درەختی ڕەچەڵەکناسی بنەماڵەی بارزانی.، 2–ڕێکەوتنامەی ئاگربەسی 29 ی حوزەیرانی 1966.، 3–ڕێکەوتنامەی 11 ی ئاداری 1970.، 4–ڕێکخستنەکانی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستانی عێراق ساڵی 1966 و دواجاریش چەند نەخشەیەکی کوردستانی بەگەڵ نامەکە داوە.

336-Hamit Bozarslan, « De la géopolitique à l'humanitaire : le cas du Kurdistan d'Irak ». In *Cultures et conflits* (11), aut. 1993, p. 41-64.

336–حەمید بۆزئەرسلان، "لە جیۆپۆلەتیکەوە بۆ مرۆخوازیی: حاڵەتی کوردستانی عێراق". باسی جەنگی کەنداوی دووەم و پرۆسەی دامەزراندنی نەوای ئارام دەکات لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و لایەنە ئینسانییەکانی دەستێوەردانی نەتەوە یەکگرتووەکان شیدەکاتەوە و لەوە دەدوێ بۆچی دەستێوەردانی ئینسانیانە لە کوردستانی عێراق سەرکەوتوو بوو و پاشان باسی سیاسەتی تورکیا دەکات بەرامبەر بە کوردەکانی عێراق و کوردستانی عێراق و بەجۆرێك نووسەر لای وایە کە پشتگیری تورکیا بۆ خۆی یەکەمین مەرجی سەرکەوتنی دەستێوەردنی ئەزموونی ئینسانی بوو لە کوردستانی عێراق.

337-Ali Babakhan, *Les Kurdes d'Irak : leur histoire et leur déportation par le régime de Saddam Hussein*, Noisiel : A. Babakhan, 1994, (351 p).

337– عەلی بابەخان، *کوردەکانی عێراق: مێژوو و ڕاگوێزانیان لە لایەن ڕژێمی سەددام حوسێن*. بریتییە لە کارنامەی دوکتۆرای نووسەر ساڵی 1991 پێشکەش بە

زنکۆی پاریسی سێیەم کراوە[12]. کتێبەکە دابەشی سەر پێشەکی و (7) فەسڵ کراوە. فەسڵی یەکەم: پێشەکی. بریتییە بەرچاوخستنێکی گشتیی کوردستانی عێراق، خاك و دانیشتوانەکەی، سەرچاوە ئابووری و سروشتیەکانی کوردستانی عێراق (لا: 9-32). فەسڵی دووەم: چاوپێداخشانێکی مێژوویی بۆسەر کوردەکانی عێراق. لەم فەسڵەدا باسێکی کورتی مێژووی کورد لەسەدەی شانزەهەمەوە تاوەکوو پەیماننامەی لۆزان، کورد لەژێر دەورانی پاشایەتی، مێژوویێکی گشتی لەبارەی کوردە فەیلیەکانی عێراق (لا: 33-72). فەسڵی سێیەم: هەلومەرجە بەراییەکانی ڕاگوێزان. باسی مێژووی سەرەتایەکانی حیزبی بەعس، سیاسەتی تەعریب و بە بەعسیکردنی کوردەکان دەکات (لا: 73-95). فەسڵی چوارەم: ڕاگوێزانی کوردەکان لە کوردستانی عێراق: کۆچپێکردنی ناوەخۆ. لەم فەسڵە باسی سیاسەتی تەعریب دەکات لە کوردستانی عێراق لە ساڵی 1975-ەوە پاشان باسی هەڵوێستی پارتە سیاسییە کوردییە ئۆپۆزسیۆنەکان دەکات دژ بە شاڵاوی تەعریب و دواتریش نموونەی چەند نووسەرێکی بێگانە دەهێنێتەوە کە باسی ڕاگوێزانی کوردیان کردووە وەك (کریستیان مۆر و شابری) و دواتریش لە ڕێگەی کۆمەڵێك بەڵگەنامەی ڕەسمیی بەعس سیاسەتی تەعریب دەخاتە ڕوو و باسی ڕاگوێزانی قەڵادزێ، بۆمبابارانی هەڵەبجە دەگێڕێتەوە (لا: 97-163). فەسڵی پێنجەم: ڕاگوێزانی کوردەکانی فەیلی لە عێراق دا: ڕاگوێزانی دەرەکی. لەم فەسڵە کە تەرخانی راگوێزانی کوردە فەیلییەکان کراوە باسی ژمارەی ڕاگوێزراوەکان، قۆناغەکانی ڕاگوێزان، هۆیەکان و چالاکی سیاسیی کوردە فەیلییەکان و جەنگی عێراق -ئێران دەگێڕێتەوە (لا: 165-195). فەسڵی شەشەم: هەل و مەرجی ژیان لە کامپی ڕاگوێزراوەکان دا (لا: 197-256). فەسڵی حەوتەم: ئەنجامەکانی ڕاگوێزان (لا: 257-191). دواجاریش لە بەشی پاشکۆیەکان دا کۆمەڵێك بەڵگەنامە کراونەتە پاشکۆ وەك پاشکۆی یەکەم: ڕاپۆرتی وانلی دەربارەی کوردستان (ڕاپۆرتی ئەنجامەکانی سەردانی لە 18 ی ئاب تا 6 ی

---

[12] Cf.Mohamed Ali Babakhan, *La déportation du peuple kurde et des arabes chiites dans l'Irak actuel,* Thèse de doctorat : IOAN : Paris 3 : 1991, 489 f

دیسامبەری 1975 بۆ عێراق) (لا: 292–309).، پاشکۆی دووەم: نامەی مەسعوود بارزانی بۆ سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان (لا: 310–312).، پاشکۆی سێیەم: تێکستی بڕیارنامەی 688 ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان (لا: 313–315).، پاشکۆی چوارەم: دەقی بڕیارنامەی وەرگیراو لە لایەن ئەنجومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی مەحکومکردنی ڕژێمی سەددام حوسێن (لا: 316–321).، پاشکۆی پێنجەم: پەرلەمانی ئەوروپا: بڕیارنامە لە بارەی مافەکانی گەلی کورد وەرگیراو لە 12 ی حوزەیرانی 1992 (لا: 322–323). سەرچاوەکان (لا: 324–338). جگە لەوە کتێبەکە کۆمەڵێك نەخشە و کارتۆگرافی ناوچەکەی لەگەڵە.

338- Olivier Aymar, *Moustapha Barzani dans l'histoire du kurdistan,* sous la direction de Jean-Jacqu Becker, 1995, (441f).

338–ئۆلیڤییێ ئایمار، *موستەفا بارزانی لە مێژووی کوردستان دا*. بریتییە لە کارنامەی دوکتۆرای نووسەر کە لە ئۆکتۆبەری ساڵی 1995 پێشکەش بە زانکۆی پاریسی دەیەم کراوە. نامەکە برتییە لە پێشەکی و (3) بەش و (9) فەسڵ. لە پێشەکیەکەدا وەکو دەروازەیەکی گشتیی باسێکی گشتیی دەربارەی لایەن جیۆ–فیزیکی، سەرچاوە ئابوورییەکان، زمان، ئایین، بنچینەی کورد، کۆچەری، هۆزی کورد، ئەدەبی کوردی، کۆتایی میرنشینە کوردییەکان، سیاسەتی پان ئیسلامیزم و ملکەچکردنی کورد و سوارەی حەمیدییە دەکات (لا: 2–103). بەشی یەکەم: ڕۆژئاواییەکان لە ئیمپراتۆریای عوسمانی و خەباتی کورد بۆ مافە نەتەوەییەکان. ئەم بەشە دابەشی سەر (2) فەسڵ کراوە. فەسڵی یەکەم: هێزە گەورەکانی دوێنیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لەم فەسڵەدا باسی تەکانی ئەوروپاییەکان بۆ ناو ڕۆژهەڵات و ڕێکخراوی گەنجە–تورکەکان دەکات (لا: 104–112). فەسڵی دووەم: سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کورد. لەم فەسڵە باسی پەرەسەندنی هەستی نەتەوەیی لای کورد، دامەزراندنی یەکەمین ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی–کولتووریەکانی کورد و پاشان باسی

ڕەوشی کوردستان دەکات لە ساڵەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی و قۆناغی 1918 تا 1920 و لەم بەستێنەشدا باسی پەیماننامەی سێڤەر، موستەفا کەمال، پەیماننامەی لۆزان و ڕەوشی گشتی کورد دەکات لە ساڵانی بیستەکان دا (لا: 113–171). بەشی دووەم: بارزانییەکان. ئەم بەشە دابەشی سەر (3) فەسڵ کراوە. فەسڵی یەکەم: باسی بارزانییەکان، ژیاننامەی موستەفا بارزانی، دەربازبوونی بارزانی لە 12 ی تەممووزی 1943 ودەرچوونی بۆ کوردستانی ئێران دەکات (لا: 172–190). فەسڵی دووەم: دەسەڵاتدارێتی کۆماری مەهاباد. لەم فەسڵە باسی دامەزراندنی کۆماری مەهاباد، ڕوخان و کاروانی بارزانی دەکات بۆ شوورەوی (لا: 191–215). فەسڵی سێیەم: پارتی دیموکراتی کوردستان–عێراق بە بێ بارزانی. باسی یەکەمین سێ کۆنگرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، کودێتای عێراق 1958 ، گەڕانەوەی بارزانی، پەرەسەندنی چاپەمەنی کوردی و قاسم بەرامبەر بە ناسر و پارتە سیاسییەکان دەکات (لا: 216–237). بەشی سێیەم: بارزانی دەبێ بە ئەفسانە. ئەم بەشە دابەشی سەر (4) فەسڵ کراوە. فەسڵی یەکەم: بەشەرعیکردنی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و پاشماوەی ڕووداوەکان. باسی کۆنگرەی چوارەمی پارتی، یەکەمین جەنگی کورد–عەرەب، حیزبی شیوعی عێراق و پرسی کورد دەکات (لا: 238–258). فەسڵی دووەم: کودێتای 8 ی شوباتی 1963 و بزووتنەوەی بارزان. باسی عەبدولسەلام عارف، ئاگربەسی 19 ی شوباتی 1964، عەبدولڕەحمان عارف، کورد، بەعسییەکان و مەسەلەی کورد باس دەکات (لا: 259–326). فەسڵی سێیەم: هەڵوێستی بڕێك لە دەوڵەتانی ناوچەکە، شوورەوی و کۆمیونیتەی نێودەوڵەتیی لە بەرامبەر بزووتنەوەی بارزانی دا. لەم فەسڵەدا باسی هەڵوێستی شورەوی، ناسر و کێشەی کورد، ئیسرایل و بارزانی و ئەمریکا و بڕیارنامەی جەزایر دەکات (لا: 327–358). دوایین فەسڵ: کوردی پارچەکانی دیکە و بزووتنەوەی بارزانی. باسی کوردەکانی سوریا، تورکیا و ئێران دەکات لە پێوەندییان لەگەڵ بزووتنەوەی بارزانی دا (لا: 359–371). دەرئەنجام (لا: 372–385). لە بەشی پاشکۆی نامەکەشدا کۆمەڵێك بەڵگەنامەی لەبارەی بارزانی و پدك بە زمانی فرەنسی بڵاوکردۆتەوە (لا: 386–

416) و دواجاریش کرۆنۆلۆژیای گشتی و کرۆنۆلۆژیای ڕووداوەکانی بارزانی بڵاوکردۆتەوە (لا: 417-422). بیبلیۆگرافیا (لا: 423-441).

339-Ahmed Bamarni, *Au printemps kurde : moi, peshmerga, je donne mon âme*, Paris, Éditions Ramsay, Coll. Mon combat, 1999, (307 p).

339-ئەحمەد بامەرنی، *لە پاییزی کورد دا: منی پێشمەرگە گیانی خۆم دەبەخشی*. دانییێل میتران وتەی بەرایی و بێرنار کۆشنەر پێشەکی بۆ نووسیووە (لا: 13-20). بریتییە لە بیرەوەری و یادداشتەکانی ژیانی سیاسیی و گێرانەوەی کاروانی ڕۆژانی خەباتی کە لە تەمەنی شانزە ساڵییەوە تێکەڵاوی ژیانی سیاسیی بووە. یەکەمین وێستگەی جیاکەرەوەی کارکردنی سیاسیی لە ئاداری ساڵی 1974 دەستپێدەکات وەختایەك بەغدا بەجێدەهێڵێ و پێوەندی بە ڕیزی شۆڕشەوە دەکات و لە بەشی ڕاگەیاندنی تایبەت بە پێشوازیکردنی بێگانە و ڕۆژنامەنووسانە بیانییەکان دەست بە کار دەبێ و دواتر دوای شکستی شۆڕش دەچێتە تاران و لەوێشەوە دەگاتە ئەورووپا. دوای شکستی ساڵی 1975 پێوەندی بە ڕیزەکانی ی.ن.ك دەکات و دواتر باسی شۆڕشی نوێ و ئەنفال و جەنگی کەنداو و ڕاپەڕینی 1991 دەکات. دوای ڕاپەڕین دەبێت بە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و وێنەیەکی ژیانی سیاسیی دوای ڕاپەڕین و شەڕی براکوژی تا کۆتایی ساڵی 1997 بە زمانێکی زۆر سادە و ڕوون و بێ گرێ و گۆڵ دەگێڕێتەوە.

340-Jean-Jacques Langendorf, *Un débat au Kurdistan*, Ed. L'Age d'Homme, 2000, (113 p).

340-سەراسیمە بە کەسایەتی وەك لۆرەنس، واسمووس یان نەتشایڤ، خەفیەیەکی ئەڵمانی هەوڵدەدا ساڵی 1941 خۆی بگەیەنێتە کوردستان بۆ ناو کوردەکان و لە بەرژەوندی نازییەکان کار بکات. نووسەر بیرەوەرییەکانی خۆی

دەگێڕێتەوە کە لەسەرەتای مانگی ئەیلوولی 1941 دەستی پێکردووە" وەك چۆن کوردەکان ئارین و لە لاین توخمگەلی عەرەبی-جولەکە و ئیمپریالزمی ئینگلیز چەوسانەتەوە، حکومەتی ڕەشید عالی بڕیاری داوە ناوچەی هەژموونی خۆی بگەیەنێتە ناو هۆزە کوردییەکانی تورکیا عێراق، ئێران و ناوچەکانی شورەوی، واتە ناوچەیەك لە لینینکان لە باکوور تا فەلحە لە باشوور، مەرەش لە ڕۆژئاوا و هەمەدان لە ڕۆژهەلات و دواتر باسی هەوڵەکانی خۆی دەکات بۆ نانەوەی ئاژاوە لەناو کوردەکان دژ بە ئینگلیز و بۆ بەرژەوەندی ئەڵمانیا.

## 4.4: بزووتنەوەی کورد لە سوریا

341-J. S, "Le Bec de Canard Syrien", in: *L'Asie Fraçaise*, N° 268, Mars 1929, p. 90-94.

341-ژ.س، "دەنووکی مروای سوری". باسێکی ناوچەی کوردییەکانی سەرووی جەزیرەیە کە دەکەوێتە نێوان سنووری نێوان تورکیا و سوریا و لەسەر شێوەی سێگۆشەیەك کە ناوچەکانی نەسیبین، جەزیرەی ئیبن عومەر و فیشخابوور دەگرێتەوە و ڕووبەرەکەی 1400 کیلۆمەتری چوارگۆشەیە. نەخشەیەکی ناوچەکە و باسێکی لایەنی جوگرافی، ئیتنۆگرافی و ئابووری ناوچەکە دەکات و نەخشەیەکی ناوچەکەشی لەگەڵ دایە.

342-Pierre Rondot, "Les Kurdes de Syrie," In : *La France Méditerranéenne et Africaine*, Vol. II, Fasc. I, 1939, p. 81-126.

343-Feredj Nemir, « La politique kurde de la Syrie », In : Halkawt Hakim (éd), *Les Kurdes par-delà l'exode* . - Paris : Ed. L'Harmattan, . – 1992, p. 145-156.

344-Abdulbaset Seida, *La question kurde en Syrie: chapitres oubliés d'une longue souffrance*; traduit de l'arabe par Eugène Brueys ; préface de Marc Kravetz, Paris, Ed.l'Harmattan, Coll.Comprendre le Moyen-Orient, 2005, (204 p).

344–عەبدولباسط سەییدا، *پرسی کورد لە سوریا: چەند فەسڵێکی لە بیرکراو لە ئازارچەشتنێکی دوورودرێژدا*. ڕۆژنامەنووس مارك کرافیتز پێشەکی بۆ نووسیووە. عەبدولباسط سەییدا لە عامووودەی سوریا لە دایك بووە. ئەم کتێبە سەرەتا بە زمانی عەرەبی نووسراوە و دواتر تەرجەمەی فرەنسی کراوە. کتێبەکە بریتییە لە پێنج فەسڵ و باسی تراژیدیای کوردەکانی سوریا دەگێڕێتەوە. دوایین فەسڵی کتێبەکە کە تایبەتە بە حزبی بەعسی سوریا و کێشەی کورد لە سوریا گرینگیەکی تایبەتیی هەیە.

## 5.4: کورد، جەنگی کەنداو و حکومەتی هەرێمی کوردستان

345-C. More, "Les Kurdes dans le conflit Irak-Iran", In *Universalia*, 1988, p. 257-261.

345 –کریستین مۆر، "کورد لەناو کێشەی عێراق و ئێران دا ". سەرەتا باسێکی دابەشبوونی کوردستان بەسەر پێنج دەوڵەت و یاسای ئۆتۆنۆمی ساڵی 1974 و پاشان باسەکەی دابەشی سەر چەند تەورێکی گرینگ کردووە وەك: شوێنکاری جەنگی کەنداو بە سەر بزووتنەوەی کورد. لەم تەوەرەیەدا باسی تاسیری شەڕی عێراق–ئێران دەکات و باسی ئەوە دەکات کە لە تورکیا لەژێر هەژموونی بزووتنەوەی کوردەکانی عێراق ڕێکخراو گەلی کوردی دروست بوون. لە تەوەرەی دووەم باسی کۆنترۆڵکردنی سوپای ئێران دەکات بۆ ناوچە کوردییەکانی ئێران و کردنەوەی بەرەی باکوور بەمشێوەیە لەگەڵ ئۆپێراسیۆنی (الفجر) ئێران ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستانی ئێرانی داگیرکردەوە. دواتر باسی مفاوەزەی نێوان

سەددام حوسێن و جەلال تاڵەبانی و کاردانەوەی بەغدا و باسی ڕۆڵی تورکیا دەکات لە ناوچەکە. باسەکە چەند نەخشەیەکی کوردستان و وێنەی مێژوویی لەگەڵ دایە.

346-Lucron, Claude-Pierre. « Du devoir d'assistance à la tentation d'ingérence : l'aide humanitaire dans la crise du Golfe ». In : *Revue du Marché commun et de l'Union européenne* (349), août 1991, p. 496-503.

347-Hakim, Halkawt (éd.), *Les Kurdes par delà l'exode*, Paris, Éd. l'Harmattan, Coll. (Comprendre le Moyen-Orient) 1992, (271 p).

347-هەڵکەوت حەکیم (ئیدیتۆر)، *کورد لە دوای کۆڕەو*. بریتییە لە کۆکراوەی کۆمەڵە وتارێکی زانستی کە لە لایەن کۆمەڵێك مامۆستای پسپۆر و شارەزای بواری مێژوو و ئەدەبیاتی کوردی نووسراونەتەوە. ئەم کتێبە دوای پێشەکی لە لایەن ئیدیتۆری کتێبەکە (لا: 9-14) دابەشی سەر سێ بەشی سەرەکی کراوە. بەشی یەکەم: گەواهیدانەکان (لا: 17-59). بەشی دووەم: مێژوو و ئابووری (لا: 63-181) و بەشی سێیەم: ئەدەب (لا: 185-268). بیبلیۆگرافیا (لا: 269-272). لێکۆڵینەوەکانی ناو ئەم کتێبە ئەوانەی گرینگیەکی تایبەتیان هەیە بە جیا بە ناوی نووسەرەکانیانەوە لەم بەرگی یەکەمەدا شیکردنەوەیان بۆ کراوە.

348-Bozarslan, Hamit. « L'Irak et ses communautés ». In : *Les cahiers de l'Orient* (29), 1er trim. 1993, p. 111-119.

348-حەمید بۆزئەرسلان، " عێراق و کۆمیونیتەکانی". دوو ساڵ دوای جەنگی کەنداوی دووەم عێراق هێشتا بەردەوامە لەناو ئاسۆیەکی نادیار دایە. دوو توخم بۆ عێراق کۆڵەگەی سەرەکین ئەوانیش کورد و شیعەکانن کە هەردووکیان دژی ڕژێم لە دوای جەنگی کەنداو لە مانگی ئادار ڕاپەڕین، کوردەکان لە باکوور و شیعەکانیش لە

باشوور. دواتر باسی "سەرکەوتن"ی کورد و ئاسۆی دواڕۆژی کۆمیونیتەکانی عێراق دەکات و شیکردنەوەیەکی بەراوردکاری ڕەوشی ئێستەی کورد و شیعەکان و ئەو سترتیجیەتە باسدەکات کە هەر یەکەیان پەیڕەوی دەکات. ئەم نیشاندانی ئاسۆبینینە ڕێگە بۆ ئەوە خۆش دەکات خوێنەر زانیاری تەواو دەربارەی عێراق بەردەست بخات.

349-Susan Francis, *Nulle part où se cacher : le calvaire d'une mère dans les champs de la mort de l'Irak et du Kurdistan.* Paris, Ed. Zélie ; 1993, (281 p).

350-Hmait Bozarslan, "De l'Euphorie au suicide : l'expérience parlementaire au Kurdistan d'Irak", *Relations internationales et stratégiques*, n°16, 1994, p. 72-79.

350–حەمید بۆزئەرسلان، "لە شاگەشکەبوونەوە بۆ خۆکوژی: ئەزموونی پەرلەمانتاری کورستانی عێراق". باسێکی بازنەی کوردیی و ڕەوشی ژیانی پەرلەمانتاری لە هەریەکە لە تورکیا و ئێران و دواتر باسێکی ئەزموونی پەرلەمانی دەکات لە کوردستانی عێراق و هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی 1992 ی کوردستانی عێراق. باسی دابەشبوونی گروپە سیاسیی و ئاستەنگەکانی قۆناغی گواستنەوە لە پەرلەمانیزمەوە بۆ دیموکراسی. پاشان باسی ڕەوشی ساڵی 1994 ی کوردستانی عێراق و بە تایبەتی ملاملانێی نێوان بارزانی و تاڵەبانی و ڕۆڵی تورکیا لە پێوەندییە هەرێمایەتییەکان لەسەر پرسی کورد شیدەکاتەوە.

351-Hishyar Barzani, *L'émergence d'une "zone de sécurité" au Kurdistan irakien par l'ONU à la suite de la guerre du Golfe.* Mémoire DESS de Université de Genève, (sous la dir. Jean Ziegler), 1997-1998, (73 p).

351-هوشیار بارزانی، دروستبوونی "نەوایەکی ئارام" لە کوردستانی عێراق لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکان لە دوای جەنگی کەنداوەوە. بریتییە لە نامەی DESS ساڵی خوێندی 1997-1998 پێشکەش بە زانکۆی ژنێڤ کراوە و خوێندنەوەیەکی سۆسیۆلۆژییە بۆ"ناوچەی ئارام"ی کوردستانی عێراق کە لە دوای جەنگی کەنداو لە لایەن هێزە هاوپەیمانەکانەوە بۆ کوردەکانی عێراق جێگیر کرا.

352-Saywan Sabir, *La stratégie des institutions politiques du Kurdistan irakien*; sous la dir. de Monsieur le Professeur Michel Lesage, Mémoire de DEA de l'Université Paris I, (Sous la dir LESAGE Michel) 2001, (112 f).

352- سەیوان سابیر، *ستراتیژی و دامەزراوە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق*. بریتییە لە نامەی D.E.A ی لە زانستە سیاسییەکان و پێشکەش بە زانکۆی پاریسی یەکەم کراوە. نامەکە بریتییە لە پێشەکی و (2) بەش، (4) فەسڵ. لە پێشەکی نامەکەیدا نووسەر باسی ئەوە دەکات کە باسەکەی تەنها تەرخانی کوردستانی عێراق کراوە و بە ڕوویێکی تایبەتیش تەرخانی کوردستانی عێراق دوای جەنگی دووەمی کەنداو کراوە. بەشی یەکەم: قۆناغی گواستراوەیی: بەنێودەوڵەتیکردنی پرسی کورد لە عێراق بە ئۆتۆنۆمییەکی ڕاستەقینە دەگات. لەم بەشەدا کە دابەش کراوە بەسەر (2) فەسڵ. فەسڵی یەکەم: ئەو هۆکارانەی کە وایان لە کوردەکان کرد بە ئۆتۆنۆمییەکی ڕاستەقینە بگەن. لەم فەسڵە باسی دووەم جەنگی کەنداو و ئەنجامەکانی لەسەر کوردستانی عێراق، کۆڕەوی کوردستانی عێراق و بەنێو دەوڵەتیکردنی کێشەکەی دەکات (لا: 14-26). فەسڵی دووەم: بەرەی کوردستانی دەسەڵاتێك گەڕان بە دوای شەرعانیەت دا. لەم فەسڵە باسی دەسەڵاتی بەرەی کوردستانی دەکات وەك دیفاکتۆ و هەڵبژاردنی 19 ی ئایاری 1992 دەکات (لا: 27-39). بەشی دووەم: دامەزراندنی دامەزراوگەلی سیاسیی لە کوردستان دا لەناو نادڵنیاییەکی بەردەوام دا. ئەم بەشە دابەشی سەر (2) فەسڵ کراوە. فەسڵی یەکەم: سروشت و پێبەخشینی دامەزراوەی نوێی سیاسیی. ئەنجومەنی نیشتمانیی

کوردستان و ڕاگەیاندنی تاک لایەنە (لا: 41–55). فەسڵی دووەم: لەبەریەکهەڵوەشاندنەوەی ڕژێمی سیاسیی: هۆیەکان و ئەنجامەکانی. لەم فەسڵەدا باسی سەختی بەڕێوەبردنی سیاسیی و شەڕی براکوژی و پەکخستنی دامەزراوەکان دەکات (لا: 56–69). دەرئەنجام (لا: 70–73) بیبلیۆگرافیا (74). پاشکۆ و نەخشەکان (لا: 75–108).

353-Middle East Watch, *Génocide en Irak : la campagne d'Anfal contre les Kurdes**; traduit de l'anglais américain par Claire Bremond ; préface de Pierre Vidal-Naquet, Paris : Ed. Karthala, 2003, (405 p).

353–ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤ (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست). *جینۆساید لە عێراق دا: شاڵاوی ئەنفال دژی کورد*. کلێر بریمۆند لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە فەرەنسی. ئەم کتێبە بەڵگەنامەییە دەربارەی گەورەترین تاوانی دژەمرۆیی کۆتایی سەدەی بیستەم، تاوانی ئەنفالی بەعس کراوە. چیرۆکی نووسینەوەی ئەم کتێبە دەگەڕێتەوە دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991 ی کوردستانی عێراق و شکستی سەددام حوسێن لە جەنگی دووەمی کەنداو. دوای ڕاپەڕین هەرچی بەڵگەنامەی بەعس هەبوو و کەوتبووە دەست کورد بەشی هەرەزۆریان گوێزرانەوە بۆ ئەمریکا و بۆناو ئەرشیڤی نیشتیمانیی واشنتۆن و ئەم کتێبەی کاری کۆمەڵی تیمی چاوەدێری مافەکانی مرۆڤ بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و لە نزیکەی ماوەی چوار ساڵ دا 191–1994 کاری لەسەرکراوە. ئەم کتێبە بەڵگەنامەیی بەمشێوەیە دابەشکراوە: پێشەکی چاپی فەرەنسی لەلایەن پییێر ڤیدال ناکێ نووسراوە (لا: 4–12). پێشبار (لا: 13–23). تێبینی میتۆدۆلۆجی (لا: 25–33).، پێشەکی (لا: 35–52).، فەسڵی یەکەم: بەعس و کورد (لا: 55–81).، فەسڵی دووەم: دەستپێکی شاڵاوی ئەنفال (لا: 83–122).، فەسڵی سێیەم: ئەنفالی یەک: ئابلۆقەدانی سەرگەڵو و بەرگەلو–23 ی شوبات–19 ی

* *Genocide in Iraq : the Anfal campaign against the Kurds.*

ئاداری 1988 (لا: 125–143).، فەسڵی چوارەم: ئەنفالی دوو: قەرەداغ، 22ی ئادار–8 ی نیسانی 1988 (لا: 145–156).، فەسڵی پێنجەم: ئەنفالی سێ: گەرمیان، 1–20 ی نیسانی 1988 (لا: 161–198).، فەسڵی شەشەم: ئەنفالی چوار: دۆڵ و زێی بچووك، 3–8 ی ئایاری 1988 (لا: 201–222).، فەسڵی حەوتەم: ئەنفالەکانی پێنج، شەش و حەوت: دۆڵ و چیایەکانی شەقڵاوە و ڕەواندووز، 15 ی ئادار–28 ی ئابی 1988 (لا: 225–239)، بەشی هەشتەم: کامپەکان (لا: 241–269).، فەسڵی نۆیەم: تیمەکانی لە سێدارەدان (لا: 271–290).، فەسڵی دەیەم: ئەنفالی کۆتایی: بادینان، 25 ی ئاب–6 ی سیپتامبەری 1988 (لا: 294–327).، فەسڵی یانزەم: لێبووردنی گشتی و دوورخستنەوەکانی (لا: 329–349).، فەسڵی دوانزەم: ئەنجام (لا: 352–368).، فەسڵی سێزدەم: لەسەر ڕێگەی ونبوون دا (لا: 369–377). لە بەشی پاشکۆیەکاندا چەند پاشکۆیەك بەگەڵ کتێبەکە دراون وەك: پاشکۆی یەك: کاسێتەکانی عەلی حەسەن مەجید (لا: 379–385).، پاشکۆی دوو: ئەنفالچییەکان: نەخشەی ڕێگە دەربارەی دەزگە و کەسە سەرەکیەکان (لا: 387–389).، پاشکۆی سێ: شالاوی کیمیاوی بەردەوام لە کوردستانی عێراقدا 1987–1988 (لا: 391–395).، پاشکۆی چوار: چەند نموونەیەك ونبوونی بە کۆمەڵ لەکاتی ئۆپێراسیۆنەکانی ئەنفال بەگوێرەی ناوچە (لا: 397–399).، پاشکۆی پێنج: فەرهەنگۆکی تێرمە عەرەبی و کوردییەکان (لا: 401–402). و جگە لەوە کۆمەڵێك نەخشەی گرینگی شالاوەکانی ئۆپێراسیۆنەکانی ئەنفاڵی لەگەڵ دایە کە ئاڕاستەی هێرشەکان و گۆڕەپانی شالاوەکان دیاری دەکات.

354-Seywan Barzani, « Les projets politiques des kurdes irakiens », In *Irak: le Moyen-Orient* sous le choc (sous la dir. de Jean-Christophe Ploquin), Paris, Ed. L'Harmattan, 2003, p. 55-71.

354–سەیوان بارزانی، "پرۆژەگەلی سیاسیی کوردەکانی عێراق". نووسەر لەم وتارەیدا بە کورتی لە لێکهەڵوشاندنەوەی ئیمپراتۆریای عوسمانی و سەرەتای

دروستبوونی دەوڵەتی عێراق دەستپێدەکات و باسەکەی تایبەتە بە کوردی عێراق و بە تایبەتی باسی دەورانی ژێنێراڵ قاسم و سەردەمی سەدام حوسێن دەکات. دواتر بەشی سەرەکی وتارەکە بریتییە لە ڕەوشی کوردستانی عێراق لە دوای جەنگی کەنداو و دامەزراندنی حکومەتی هەرێم دوای ئەوە باسی شەڕی براکوژی نێوان پدك – ینك دەکات و دواجاریش باسی قۆناغی پاش-براکوژی و ڕێکەوتنامەی 8 ی سێپتامبەری 2002 و قۆناغەکانی ئاشتی کورد و کورد دەکات تاوەکوو پێش ڕوخانی سەددام حوسێن.

355-Saywan Barzani, *La question du Kurdistan irakien, 1991-2005* ;sous la direction de Charles Zorgbibe, Thèse doctorat : Science politique : Paris 1 : 2006, 2 vol. (710 f.)

355-سەیوان بارزانی، *مەسەلەی کوردستانی عێراق 1991-2005*. بریتییە لە کارنامەی دوکتۆرا کە ساڵی 2005 پێشکەش بە زانکۆی پاریسی یەکەم، بەشی زانستە سیاسییەکان کراوە. نامەکە بریتییە لە پێشەکی و (2) بەش و (5) فەسڵ. لە پێشەکیەکەیدا بە دووروودرێژی باسی شوێنی جیۆ-ستراتیژی کوردستانی عێراق دەکات هەر لە دەستپێکی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم و سەدەی بیستەم و دواتریش باسی نیاز و ئامانجی باسەکەی باسدەکات و کۆمەڵێك پرسیار دەوروژێنێ کە بە نیازە بەدرێژایی باسەکەیدا وەڵامیان بداتەوە (لا: 8-45). بەشی یەکەم: سەرهەڵدانی لەسەرەخۆی ناسنامەی دەوڵەتکاری لە کوردستانی عێراق دا. لەم بەشەدا کە زیاتر بەشێکی ڕێگەخۆشکارە بۆ چوونە ناو باسەکە. فەسڵی یەکەم: لە دامەزراندنی عێراقەوە بۆ دووەم جەنگی کەنداو و بۆ "سەربەخۆیی کورد". لەم فەسڵەدا لە پێنج تەوەرەی سەرەکی باسی ڕەگ و کێشەی کورد دەکات لە عێراق دا: شۆڕشی 1958، کورد و ڕژێمی بەعس، جەنگی دووەمی کەنداوی 1991 و کوردستان لە دوای جەنگی کەنداو دا (لا: 46-152). فەسڵی دووەم: سەرهەڵدانی "دەوڵەت"ێك لە کوردستانی عێراق دا: شێوە یاسایی و سیاسییەکانی ڕەوشێکی بێ پێشینە. لەم فەسڵەدا باسی کۆنترۆڵکردنی کوردستانی عێراق دەکات لە لایەن کورد و

دامەزراندنی دامەزراوگەلی سیاسیی کورد (لا: 153–190). فەسڵی سێیەم: شەڕی براکوژی: هۆیەکان و ئەنجامەکانی (لا: 191–240). بەشی دووەم: کوردستان لە ناوەندە نەتەوەیی، ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکەیدا. ئەم بەشە دابەشکراوە بەسەر (2) فەسڵ. فەسڵی یەکەم: "ددانپییانان" بە کورد: خۆگونجاندنێك بەگوێرەی ڕەوشەکان (لا: 241–314). فەسڵی دووەم: کوردستان و عێراق دوای سەددام حوسێن (لا: 315–421). دەرئەنجام (لا: 422–432). بیبلیۆگرافیا (لا: 433–438). هەرچی بەرگی دووەمە تەنها بریتییە لە کۆمەڵێك پاشکۆ (لا: 439–710). نەخشە، بەڵگەنامە، وتاری ڕۆژنامە و گۆوارەکان و ستاتستیك و دەستاوێژی پێویست.

# بەشی پێنجەم

## سەفەرنامە، جوگرافیا و ئابووری

### 1.5: سەفەرنامە

356-Relations véritables et curieuses de l'isle de Madagascar [par Fr. Cauche] et du Brésil [par Roulox Baro], avec l'histoire de la dernière guerre faite au Brésil entre les Portugais et les Hollandais [par P. Moreau]. Trois relations d'Egypte [par C. Lambert, J. Albert et S. Seguezzi] et une du royaume de Perse / [Le tout publié par C.B. Morisot], Paris : A. Courbé, 1651, ([14]-307-212-158 p).

356–سێزار لامبێرت کە سەفەرنامەکەی ساڵی 1651 لە پاریس بە ناوی (پێوەندی سەفەرێکی ئێران) چاپکردووە. لامبێرت بۆ ئەوەی سەری ئەسفەهانی پایتەختی ئێران بدات ناچاربووە بە کوردستانی جنووبی دا تێپەڕ ببێ و لەم سەفەرنامەیەدا زۆر بە کورتی باسی کورد دەکات و باسی سەفەرەکانی خۆی دەگێڕێتەوە بۆ ناو چیایەکانی کوردستان و دەڵێ خەڵکەکەی نە بە زمانی عەرەبی، نە بە تورکی، نە بە ئەرمەنی و نە بە فارسی قسە ناکەن بەڵکو بە زمانێك قسە دەکەن کە تایبەتە بە خۆیان. هەروەك چۆن خەڵکەکە ناوی تایبەتی خۆیان هەیە و گوێڕایەڵی پادشاهی

**جیهان ناکەن و هەموو ئەم خەڵکانە تا مەملەکەتی ئێران بە خۆیان دەڵێن** Covrdes **. دوایی باسی ئەوە دەگێڕێتەوە چۆن نان و پەنیریان لە کوردکان وەرگرتووە و ئەوانیش مەڕێك و چەند پارچە قوماش و دەسەسڕیان پێداون.**

357-Jean Baptiste Tavernier, *Les six voyages de Monsieur Jean-Baptiste Tavernier* : ecuyer baron d'Aubonne, en Turquie, en Perse, et aux Indes : pendant l'espace *de* quarante ans & par toutes *les* routes que l'on peut tenir : accompagnez d'observations particulières sur la qualité, la religion, le gouvernement, *les* coûtumes & le commerce *de* chaque païs, avec *les* figures, le poids, & la valeur des Monnoyes qui y ont cours . – Nouvelle édition, *A Rouen* : *Chez Jean-Baptiste Machuel,* le *jeune, ruë* des *Hermites*, 1713-24, 5 v[13].

357–**ژان پاتێست تاڤێرنیێ، *شەش سەفەرنامەی بەرێز ژان پاتێست تاڤێرنیێ بۆ تورکیا و ئێران*. تاڤێرنیێ بۆ ماوەی چڵ ساڵان شەش سەفەری بۆ تورکیا، ئێران و هیندوستان کردووە و بە هەر شوێنێکیش دا ڕۆیشتبێ تێبینی و سەرنجی وردی نووسیووە. ڕەنگە گرینگترین سەفەرنامەی سەدەی حەڤدەهەمی فرانسا**

---

[13] **ساڵی** 1981 **لە پاریس تۆژەرەوەی فرەنسی** Stéphane Yerasimos **لە دوو بەرگ دا چاپێکی پوختی ئەم کتێبەی بە پەراوێز و لێکدانەوەی پێویست دووبارە بڵاوکردەوە، بڕوانە:**

-Jean-Baptiste Tavernier, *Les Six voyages en Turquie et en Perse,* introd. et notes de Stéphane Yerasimos, Paris : F. Maspero, 1981, Coll. La Découverte -32, Tom I, (335p) ; Tom II, Coll. La Découverte -33, 349 p.

سەفەرنامەکەی ژان پاتێست تاڤێرنییێ(1605–1689) بیێ. تاڤێرنییێ ساڵی 1632 سەری کوردستانی داوە. لە ئیتالیا دەرفەتی سەفەری خاکی پیرۆزی بۆ ڕێك دەکەوێ و بەڕێگەی ئەستەموولێ سەفەری ئەسفەهان دەکات. لە گەڕانەوەیدا دەچێتە حەلەب و میزوپۆتامیا و سەردانی کوردستان دەکات و دواتر بەڕێگەی زاب بەناو ئەربیل، شارەزوور، قەسری شیرین و بەناو کوردستانی ئێران دا ڕۆیشتۆتەوە هەمەدان. گرینگی ئەم سەرچاوەیە ئەوەیە کە زۆر بە وردی باسی شوێن و ڕۆڵی کورد دەکات لە نێوان ئیمپراتۆریای عوسمانی و ئێران لە ساڵەکانی چلەکانی سەدەی حەڤدەهەم و باسی عەبدال خان دەکات و قامك دەخاتە سەر گرینگی ستراتیژی چیایەکانی کوردستان و باسی ئەمارەتی بتلیس دەکات. بۆ ئەم سەردەمە ئەگەر ئەم سەرچاوەیە نەبێت ڕەنگە هەر هیچ شتێکی دیکەمان لەبەردەست نەبیێ کە کەمێك دەستگیرۆییمان بکات.

358- Jean Otter, *Voyage en Turquie et en Perse, avec une relation des expéditions de Tahmas-Koulikhan...* par M. Otter, Paris : Guérin, 1748, 2 vol.

358–ژان ئۆتیێ، *سەفەر بۆ تورکیا و ئێران*، ئۆتیێ بە ڕەچەڵەك سوێدییە و ساڵی 1707 لە سوێد لە دایك بووە و لە پاریس مردووە–1748. لە پێناو مەسیحایەتی هاتۆتە فرانسا. زمانزانێکی گەورە بوو و لەسەر داوای حکومەتی فرانسا بۆ دیراسەکردنی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان نێردراوە بۆ ڕۆژهەڵات و دە ساڵ لە ڕۆژهەڵات ژیاوە (1734–1744). ئۆتیێ دوای گەڕانەوەی لە ڕۆژهەڵات کراوە بە وەرگێڕی کتێبخانەی پاشای فرانسا و پرۆفیسیۆری زمانی عەرەبی لە کۆلێژ دو فرانس. سەفەرنامەکەی بە ناوی (گەشت بۆ تورکیا و ئێران) ساڵی 1748 لە پاریس چاپکراوە. ئۆتیێ بە هاوەڵی بالوێزی ئێران عەبدوالباقی خان، لە کۆنستانتینۆپلەوە لە ڕێگەی کوردستان و میزۆپۆتامیا سەفەری ئێران دەکات و بە کوردستان دا بەناو ئەربیل، کەرکووك (کە ئەو بە پایتەختی شارەزووری دادەنێ) دەچێتە بەغدا و بە

میزۆپۆتامیا تێپەڕ دەبێت لە ڕێگەی کرماشان و ئەسفەهان دەگاتە ئێران. ئۆتیێ لەماوەی گەشتەکەیدا باسی کوردستان دەکات و ئەوەی لە هەمووان زیاتر سەرنجی ڕادەکێشێ ژیانی کۆڵەمەرگی جووتیارانی کورد دەگێڕێتەوە چ لە ئێران و چ لە تورکیا. باسی ئەوە دەکات کە جووتیارانی کورد باجێکی زۆر قورس دەدەنە شای ئێران (نادر شا). ئۆتیێ برێك جار بۆ گەڕانەوە بۆ ناسینی ناوە جوگرافییەکان پەنای بردۆتە بەر کتێبی "جوگرافیا" ابو الفیدا. ئەم سەفەرنامەیە یەکێکە لەسەرچاوە زۆر گرینگەکانی مێژووی کورد.

359-Guillaume Antoine Olivier, *Voyage dans l'Empire ottoman, l'Egypte et la Perse* fait par ordre du Gouvernement pendant les six premières années de la République. Paris : chez H. Agasse, (1801)-1807, 6 vol.

359-گییۆم ئەنتوان ئۆلیڤیێ، ***سەفەر بەناو ئیمپراتۆریای عوسمانی***، ئۆلیڤیێ بە فەرمانی حکومەتی فرانسی گەشتێك بۆ ناو ئیمپراتۆریای عوسمانی دەکات و دواتر سەفەرنامەکەی خۆی لە پاریس ساڵی 1801-1807 بە نێوی ( گەشتێك بۆ ئیمپراتۆریای عوسمانی، میسر و ئێران) لە شەش بەرگ دا بڵاودەکاتەوە. گییۆم ئەنتوان ئۆلیڤیێ ( 1756-1814) یەکەم گەڕۆکی فرەنسییە کە لە سەدەی نۆزدەهەم دا پێی نابێتە کوردستانەوە. ئەم گەڕۆکە ناتورالیست بووە و لە لایەن ئەنجوومەنی تەنفیزی کاتیی شۆڕش هەر دوای شۆڕشی فرەنسی بە ئەرکێك نێردراوە بۆ ئێران. لە ساڵی 1792 دەچێتە کۆنستانتینۆپل، ئاسیای بچووك، میسر، بەیرووت، سوریا و میزۆپۆتامیا و دوای چەندین ئاستەنگ دەگاتە ئێران و ساڵی 1798 دەگاتەوە پاریس. ئۆلیڤیێ لە نۆزدە ساڵییەوە دکتۆرای لە پزیشکی وەردەگرێ و چەنیدین نامیلەکەی لەبارەی مێش و مەگەز نووسیووە. لەسەفەری بۆ ئێران بە ناو کوردستانی کوردستانی باکووری و جنووبی دا ڕۆیشتووە و زۆر بە کورتی باسی کورد دەکات و حوکمی ناڕاست بەسەر کورد دەدات بە تایبەت لەبارەی ئێزیدییەکان.

360-Gardanne, Paul Ange Louis de , *Journal d'un voyage dans la Turquie-d'Asie et la Perse, fait en 1807 et 1808,* Paris, chez Le Normant, A Marseille, chez Jean Mossy, 1809, 1 vol. (IV-128-52 p).

360-پۆل ئانژ لویی دو گاردان (1756-1822) ئەتاشەی مسیۆنی (ژێنێرال گاردیان) ی برای بوو بۆ ئێران. سەفەرنامەکەی ساڵی 1809 لە پاریس بڵاوکرایەوە. گەرچی نووسەرەکەی لە بەرایی گەشتنامەکەیدا باسی ئەوە دەکات کە ئەمە تەنها گەشتنامەیەکی سادەی سەفەر یان هەر تەنها گێرانەوەیکی سەفەرە. بەڵام سەفەری بەناو کوردستان و بە تایبەتیش گەڕانەوەی چەند بیروڕایەکی تێدا دەبینرێ سەبارەت بە ڕەوشی سیاسیی کوردستان لەو دەورانەدا و شوێنی کوردستان لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دا. گاردان باسی ئەو دەکات کە لەو دەورانەدا کوردستان جێگەی گەڕۆکەکان نەبووە. بەگوێرەی گاردان کوردستان دوورایییەکەی بیست پێنج ڕۆژ و درێژییەکەشی دە ڕۆژە ڕێیە. گاردان دەنووسێ کوردستان دابەشی سەر پێنج ئەمارەت بووە: بدلیس، جەزیرە، بۆتان، ئامێدی و جۆلەمێرگ. هەروەها قەراچواڵان دابەش دەبێ بۆ سەر دوو ئەمارەت، یەکێکیان بابان و پایتەختەکەی سلێمانییە و ئەوی دیکەشیان کۆیسنجاقە و پێی دەڵێن سۆران.

361-John Macdonald Kinneir, *Voyage dans l'Asie Mineure, l'Arménie et le Kourdistân, dans les années 1813 et 1814, suivi de remarques sur les marches d'Alexandre et la retraite des Dix* Mille[14]. Traduit de l'anglais par N. Perrin, imprimerie de J. Smith , Paris : Gide fils, 1818, 2 vol. (429, 403 p.)

---

[14] Trad. Française de: John Macdonald Kinneir, *Journey through Asia Minor, Armenia, and Koordistan, in the years 1813 and 1814 ; with remarks on the marches of Alexander and retreat of the Ten Thousand*. London : John Murray, 1818, 1 vol. (XII-603 p.)

361–جۆن ماکدۆنالد کیننێر، ***سەفەر لە ئاسیای بچووک، ئەرمەنستان و کوردستانی لە ساڵەکانی 1813–1814دا.*** لیۆتینان کۆلۆنێل کیننێر (1782–1830) لەگەڵ مسیۆنی مالکۆم بۆ ئێران ساڵی 1808–1809 هاتۆتە ڕۆژهەڵات. دوای کۆتایی هاتنی مسیۆنەکەکە چەند گەشتێکی بۆ ئێران کردووە و لە کۆتایی ساڵی 1810 بەشێکی کوردستان گەڕاوە و دواتر بەناو کوردستان و ئاسیای بچووک دا گەڕاوە. ساڵی 1824 پۆستێکی بەرز لە کۆمپانیای ڕۆژهەڵاتیی هیندی وەردەگرێ و لە تاران نیشتەجێ دەبێت. ساڵی 1830 لە تەبرێز کۆچی دوایی دەکات. ئەوەی زیاتر لەم سەفەرنامەیەدا سەرەنجی کیننێری ڕاکێشاوە زیاتر سترەکتووری سیاسیی و کۆمەڵایەتی و کاراکتەری مۆرالی کوردەکانە و نووسەر کوردەکان بە ڕەگەزی کێوی و دڕندە باسدەکات.

362-Adrien Dupré, *Voyage en Perse fait dans les années 1807, 1808 et 1809, en traversant la Natolie et la Mésopotamie, depuis Constantinople jusqu'à l'extrémité du golfe Persique, et de là à Iréwan*, Paris : J.G. Dentu, 1819, 2 vol.

362– ئەدریان دوپرێ، " سەفەرێك بۆ ئێران لە ساڵەکانی 1807، 1808 و 1809). ئەدریەن دوپرێ (1841–؟) کە خۆی لە ڕۆژهەڵات لە دایك بووە و کوڕی کۆنسوڵی فرانسا بووە لە تەرابزون و هەموو گەنجی خۆی لەوناوچەیە بەسەر بردووە و زمانەکانی تورکی و فارسی زانیووە. ماوەیەکی زۆر وەکوو وەرگێڕ لە کونسولخانەکانی فرانسا لە ڕۆژهەڵات کاری کردووە و دوایی خۆشی بووەتە کۆنسوڵ. ساڵی 1807 بەگەڵ مسیۆنی ژێنێرال گاردیان دەکەوێ بۆ ئێران و چەندین گەشتی جوگرافی و زانستی بەناو ڕۆژهەلات دا کردووە. ساڵی 1819 گەشتەنامەکەی خۆی لە پاریس لە دوو بەرگدا چاپدەکات و باسی شارەکانی کوردستان ووك: ئەربیل، کەرکووك، داقووق، کفری، توزخورماتوو. دوپرێ لە پێشەکی سەفەرنامەکەیدا ئەوە بەدیاردەخات کە ئامانجی سەفەرەکەی بازرگانی و ناسینی

**شوێنە جوگارفییەکانە و بۆیە زۆر بە وردی لە سەفەرنامەکەیدا تێبنی ئاوەڕۆیەکان و قەبارەی ئاو و ڕەوشی ئاسایشی ڕێگەوبانەکان، هاتووچۆ و نرخەکانی گومرکی کردووە.**

363-William Heude, *Voyage de la côte de Malabar à Constantinople par le golfe Persique, l'Arabie, la Mésopotamie, le Kourdistan et la Turquie d'Asie, fait en 1817 par William Heude*[15]. Traduit de l'anglais par le traducteur du voyage de Maxwell, Paris :Gide fils, 1820, (356 p).

363–**ولیام هیود، *سەفەرێك لە کەناری مالابارەوە بۆ کۆنستانتینۆپل لە ڕێگەی کەنداوی فارس، عەرەبستان، میزۆپۆتامیا، کوردستان و تورکیای ئاسیا کە لە ساڵی 1817 کراوە.* ئەم سەفەرنامەیەی کۆلۆنێلی سوپای ئینگلیز ولیام هود (1789–1825) کە هەر ساڵێك دوای بڵاوبوونەوەی بە ئینگلیزی کراوەتە فرەنسی و فەسڵەکانی چاپە فرەنسییەکە لە ژمارە لەگەڵ چاپە ئینگلیزییەکە جیاوازیان هەیە، بەجۆرێك کە چاپی فرەنسی ئەم سەفەرنامەیە بریتییە لە سێزدە فەسڵ لەکاتێکدا چاپە ئینگلیزییەکە هەر تەنها (11) فەسڵە بەڵام ئەم جیاوازییە تەنها لە دیاریکردنی فەسڵەکان دا هاتووە دەنا لە ناوڕۆکەکە هیچ جیاوازیەکی ئاوەها بەدیناکرێت. ئەوەی لەم سەفەرنامەیە تایبەتە بە کوردستان بریتیین لە فەسڵەکانی (11، 12 و 13) (لاپەڕەکانی 263–342). هۆد لە 28 ی شوباتی 1817 لە بەغداوە دەردەچێ و لە ڕێگەی کفری دەچێتە سلێمانی دوایی لە ڕێگەی کۆیە دەچێتە هەولێر (ئەربیل) و لەوێشەوە بۆنا و ئێزیدییەکان و قەرەقووش. لە فەسڵی دەیەم (لا: 303–321) لە**

---

[15] Trad. Fr: William Heude, *A voyage up the Persian Gulf, and a journey overland from India to England in 1817: containing notices of Arabia Felix, Arabia Deserta, Persia, Mesopotamia, The Garden of Eden, Babylon, Bagdad, Koordistan, Armenia, Asia Minor*. London: Longman, Hurst, Rees, Orme, and Brown, 1819, London(252 p).

نیەنـەواوە بـەنا و بیایـان دا دەچـێتە نەسـیبین، مـاردین و وەسـپێکی وردی شـاری جـەزیرە و نەسـیبین دەکات و پاشـان باسـی ئێزیدییـەکان (یـان وەك ئـەوەی ئـەو پێـی دەڵێ شەیتان–پەرستان دەکات) و ئینجا لە ماردینەوە دەچێتە دیاربەکر و لەوێشـەوە بەنا و چیایەکانی تۆرۆس دا بە ملاتیـە و دۆڵـی سیواس دا دەڕوات و باسـی ڕەوشـی جوتیارەکانی تورکیا دەگێڕێتەوە (لا: 322–342).

364-JaubertPierre-Amédée-Émilien-Probe(Chever), *Voyage en Arménie et en Perse, fait dans les années 1805 et 1806, suivi d'une notice sur le Ghilan et le Mazandéran* ; par M. le colonel Trézel, Paris : Pélicier et Neveu, 1821, XII-(507 p).

364–ژوبێرت ئامێدێ ( 1779–1847) کە ساڵی 1805 لە ڕۆژهەڵات بووە و گەشتەنامەکەی خۆی ساڵی 1821 بڵاوکردۆتەوە بازدانێکی گەورە بێت لەوەی لە هەموو گەڕۆکەکانی پێش خۆی جوانتر باسی کوردستانی کردلێت. ژوبێرت کوری موحامییەکە و هەر لە منداڵییەوە فێری زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان بووە. لە 19 ساڵیدا بەگەڵ لەشکرکێشی فرانسا دەکەوێ بۆ سەر میسر. دواتر دەبێت وەرگێری ناپۆلیۆن و ساڵی 1805 بە ئەرکێکی نهێنی لە لایەن ناپۆلیۆنەوە دەنێردرێ بۆ ئێران و بە ڕێگەی کۆنستانتینۆپل–ئەرزەرۆم– وان و بایەزید دەگاتە کوردستان و لە کوردستان لە لایەن میری بایەزید، میر مەحموود پاشا زیندانی دەکرێ و حەوت مانگ لە زیندان دەبێ و لەم ناوەیەدا وەرگێڕەکەی ژنێکی کورد بووە. دوای ئازاد بوونی دەچێتە ئێران و نامەکەی ناپۆلیۆن دەدات فەتح عەلی شا. ژوبێرت لەم هەموو ماوەیەی زینداندا تێبینی لەسەر کۆمەڵگەی کورد هەبووە و زۆر بە وردی لە کۆمەڵگەی کوردەورای ورد بۆتەوە و جوگرافیای کوردستان، بەروبوومەکانی، دەوڵەمەندی، داب و نەریت و بە تایبەتی تێبینی دەربارەی ژنی کوردەواری نووسیووە و لای وایە ژنی کورد یەکەم کۆیلەی مێردەکەیەتی بەڵام کۆیلەیەك بە ویستی خۆی. ژوبێرت یەکەم دیپلۆماتی ئەوروپییە کە باسی سنووری کوردستان دەکات و ئەم

سەفەرنامەیە ڕەنگە باشترین سەرچاوە بێت بۆ نیشاندانی کۆمەڵگەی کورد لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەم.

365-Gaspard Drouville, *Voyage en Perse, fait en 1812 et 1813*, Paris : Librairie Nationale et étrangère, 1825, 2 vol. (xxv-282, 243 p).

365–گاسپارد درۆڤیل، *سەفەر بۆ ئێران لەساڵەکانی 1812 و 1813*. کۆلۆنێل گاسپارد درۆڤیل ساڵی 1825 گەشتەنامەکەی خۆی لە پاریس بڵاوکردۆتەوە. گاسپارد لە ئێران ژیاوە و شەش مانگ میوانی عەسکەرخانی دوایەمین بالوێزی ئێران بووە لە فرانسا. درۆڤیل کە لە ساڵەکانی 1812 و 1813 لە ئێران بووە دەرفەتی ئەوەی بۆ هەڵکەوتووە کە زۆر شوێنی ئێران بگەڕێ ودیارە بێگومان چۆتە کوردستانیش (وادەبێ زیاتر کوردستانی ئێران بووبێ) بەڵام شوێنی کوردستان دەستنیشان ناکات. لەبارەی کوردستانەوە زۆر زانیاری وردی تێدایە لەبارەی کوردستان لە دەیەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم و بە تایبەتیش سترەکتووری کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردستان و تابلۆیەکی زۆر جوانی ژیانی کۆڵەمەرگی جووتیارانی کورد نیشاندەدات و دەڵێ: " *کوردەکان زۆر بە کلۆڵی دەژین، لەناو هەموو کوردستان دا، بەدەر لە کۆشك و قوولەی بەگەکان، هیچ شوێنی ژیانی مام ناوەندی تێدا.نییە، ماڵی تایبەتیی هەرە دوڵەندەکان ناگاتە ئاستی ماڵی جوتیارەکانی ئێران* (لا: 176)".

366- Louis-Auguste-Félix Beaujour, de, *Voyage militaire dans l'Empire othoman ou Description de ses frontières et de ses principales défenses, soit naturelles, soit artificielles*, Paris : F. Didot, 1829, 2 vol.

366-بارۆن فێلیکس بۆژور، " سەفەرێکی عەسکەری بۆ ناو ئیمپراتۆریای عوسمانی و وەسفی سنوورەکان و خاڵە بنچینەییەکانی بەرگری". سەفەرنامەکەی لویی ئۆگست فیلێکی بۆژۆر (1765-1836) سەفەرێکی تەواو عەسکەرییە. لە کتێبی دووەم دا باسێکی دوورودرێژی وەسپیی سنووری تورکی-ئێرانی دەکات و بە شاقووڵی بەناو کوردستان دا تێقەڕ دەبێت. وەك چۆن سەفەرنامەکە ئامانجی عەسکەری لەبەرچاوگرتووە دەبینین ڕەوشی گشتی دانیشتوانی ئەم ناوچە سنووریانە، پێکهاتەی خاك و تۆپۆگرافی ناوچەکە زۆر بە وردی باسکراون. جگە لەوە نووسەر شیکردنەوەیەکی خۆکێشانەوە "دەهەزار کەسییەکەی" ژێنێرال ئێکزینۆفۆن ساڵی 401 ی پێش زایین بەناو چیایەکانی کوردستان و دۆڵەکانی ڕۆژهەڵاتی دەچڵە باس دەکات.

367-V. Fontanier, Voyages en Orient : entrepris par ordre du gouvernement français, de l'année 1821 à l'année 1829 : Turquie d'Asie, Paris : P. Mongie ainé, 1829, 1 vol. (xiii-332 p).

367-ڤیکتۆر فۆنتانیێ، "سەفەر بۆ ڕۆژهەڵات". فۆنتانیێ (1796-1856) ناتورالیست و دیپلۆمات بووە. نزیکەی نیوچارەگە سەدە لە ڕۆژهەڵات دا ژیاوە. ساڵی 1825 وەکو ئەتاشەی زانستی لە بالوێزخانەی فرانسا لە کۆنستانتینۆپل کاری کردووە. بڕوانامەی دەرمانسازی هەبووە. فۆنتانیێ ناتورالیست و دیپلۆمات ساڵی 1826 بۆ ماوەی پێنج مانگ گەشتێك بۆ باکووری ئەنادوڵ دەکات و لەوێوە دەچێتە سیواس و ناسیاوی لەگەڵ کورد پەیدا دەکات. لەوێدا سەردانی ناوچە چیاییەکانی باکوری سەرچاوەکانی فورات دەکات کە لەوناوچەیەدا وردە کۆچەرەکان، تورك و ئەرمەنەکان پێکەوە دەژین. گەرچی بە قووڵی سەفەری ناوەوەی کوردستانی نەکردووە بەڵام لە سایەی ئەو گەواهیدانانەی لەسەر ژیانی خەڵکەکە کۆیکردوونەتەوە، بە تایبەتیی لەباری مۆدی ژیانی ئەو کوردە کۆچەرانەی ئەو دیونی گەلێك گرینگە بە تایبەت باسی پێوەندییە خێڵەکیەکان و کاراکتەری گلی

کورد بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژووی هۆزی کورد و بە تایبەتی هۆزی کۆچەری کورد لەم ماوەیەدا سەرچاوەیەکی گرینگە. سەفەرنامەکە دووجار لە پاریس ساڵی 1829 و ساڵی 1834 چاپکراوە.

368-Claudius Jemes Rich, , *Relation d'une résidence dans le Curdistan et sur l'emplacement de l'antique Ninive, avec le journal d'un voyage en descendant le Tigre à Bagdad, et le récit d'une excursion à Schiraz et à Persépolis,* traduit en français par Silvestre De Sacy, In JS, 1ère partie (janvier 1837), p. 5-17; 2ème partie (février 1837), p. 65-74 et troisième partie (mai 1837), p. 204-214.

368-کلۆدیوس جیمس ڕیچ، *سەربوردەی جێنشنێك لە کوردستان و لە شوێنەواری نەینەوای کۆن، لەگەڵ ڕۆژانەی سەفەرێك بە ڕێڕەوی دەجلە بۆ بەغدا و ڕاپۆرتێك دەربارەی شیراز و پەرسیپۆل.* وەرگێڕانی بۆ فرەنسی سیلڤستر دو ساسی. ئەم وتارە تەرجەمەی فرەنسی بەشێکی بەرگی یەکەمی ئەم گەشتەنامەیە[16] کە ڕیچ لە 16 ی نیسانی 1820 دەستپێدەکات و لە ڕێگەی دەلی عەباس ، تووزخورماتوو و چەمچەماڵ و ڕۆژی 8 ی ئایار دەگاتە سلێمانی و تا 17 ی تەمموز هەر لە سلێمانی دەمینێتەوە و دواتر بە ڕێگەی دەربەند گۆیژە سەردانی سنە دەکات و ناوچەکانی پێنجوین و مەریوان و ئەو دەروناوچەیە دەگەڕێ و دواتر لە 25 ی ئەیلوول دەگەڕێتەوە سلێمانی و تا 21 ی تشرینی یەکەمی 1820 لە سلێمانی ماوەتەوە. ئەم وەرگێڕانە چەند فەسڵێکی بەرگی یەکەمی سەفەرنامە ناودارەکەی ڕیچ-ە و بەداخەوە وەرگێڕانەکە تەواو نییە.

---

[16] ئەڵقەی یەکەمی شوباتی 1837 (لا: 5-17).، ئەڵقەی دووەم (لا: 65-74) و ئەڵقەی دوایی (لا: 204-214) بڵاوکرایەوە.

369-Eugène Boré, Correspondance et mémoires d'un voyageur en Orient, Paris : Olivier-Fulgence, 1840, 2 vol. (VIII-425 p., 498 p).

369–ئۆژەن بۆریٚ، *نامەکاری و یادەوەری سەفەریٚك لە ڕۆژهەڵات دا.* بۆریٚ (1809–1877)، ئارکیۆلۆژیست و خاوەنی بەهرە و توانەیەکی زمانەوانی گەورە بووە لە زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان، سەفەرنامەکەی ساڵی 1840 لە پاریس لە دوو بەرگدا بڵاوکرایەوە. ساڵی 1837 لە لایەن وەزارەتی فێرکردنی گشتی و ئەکادیمیای شوێنەواری میللی و ئەدەبی فرانسی ڕادەسپێردریٚ سەفەریٚك بە قازانجی ئارکیۆلۆژی بۆ ئێران بکات. بۆریٚ هەرکە دەگاتە ئەسفەهان قوتابخانەیەکی کاتۆلیکی دەکاتەوە. پاشان لە کۆنستانتینۆپل بووە بە مامۆستای کۆلیژی لازاریستەکان. لە 26 ی ئۆکتۆبەری 1837 هێشتا بۆریٚ لە سەفەر دابووە لە ڤیەننا وە نامەیەك بۆ ئەکادیمیای شوێنەواری میللی و ئەدەبی فرانسی دەنووسیٚ و باسی گرینگی سەفەرەکەی دەکات بۆ ناوچەکە کە دوو دانیشتوان دەدۆزێتەوە: ئەرمەنەکان و کوردەکان. لە ساڵی 1838 بۆریٚ لە کاتێکدا کە لە کوردستان بووە سوپای عوسمانی بەسەرکردایەتی ژێنێرال حافیز پاشا شەڕی دژ بە شۆرگێڕانی میر موحەمەد کردووە. بۆریٚ ئەو زیرەکییە یەهبووە کە کوردانی ڕێگر و ئەو کوردانە لەیەك جیابکاتەوە کە بە قسەی ئەو وەکوو هۆزەکانی ئیکۆس لە هەل و مەرجی یاخیبوون دان لەگەڵ بابی عالی کە بەوەدەوامی سوپای عوسمانی دەکێشنەوە دواوە.

370- Baptistin Poujoulat, *Voyage dans l'Asie Mineure, en Mésopotamie, à Palmyre, en Syrie, en Palestine et en Égypte : faisant suite à la Correspondance d'Orient,* Paris : Ducollet, 1840-1841, 2 vol. (456, 612 p).

370-پاتیستین پوژولا، *سەفەر بۆ ناو ئاسیای بچووک*. پوژولا (1809-1864) یەکێکە لە مێژوونووس و گەڕالە فرەنسییەکان کە بە مەبەستی دووبارە نووسینەوەی مێژووی جەنگی خاچپەرستەکان بە دوای گێرانەوەی مێژوویی ئەم جەنگەدا گەڕاوە و هەموو گۆشەیەکی ئاسیای بچووک، میزۆپۆتامیا و سوریای ڕۆژهەڵات دا گەڕاوە. پوژولا دوای ئەوەی سەفەری ڕۆژهەڵات دەکات و سەری ناوچەکانی کوردستانیشی داوە و لە ئەنادۆڵ چۆتە مەلاتییە و لە لایەن ژێنێرال حافز پاشا لەگەرمەی جەنگی سەرکووتکردنی کورد بە چاکی پێشوازی لێوەکراوە. پوژولا لە نۆڤەمبەری ساڵی 1836 تاوەکوو 6 ی ئاداری 1838 لە ڕۆژهەڵات بووە. دواتر لە ڕێگەی دیاربەکر و ئورفە دەچێتە سوریا. پوژولا لە گەشتەنامەکەی خۆیدا کە ساڵی 1840 لە پاریس چاپیکردووە بۆ خۆی گەواهی ئەم مالوێرانییە دەدات کە حافز پاشا بەسەر کوردستانی دا هێناوە و لە بەرگی یەکەمی سەفەرنامەکەیدا کە لەسەر شێوەی نامە بۆ میشووی هاوڕێ ی نووسیووە لە نامەی بیستەم کە لە 26 ی ئابی 1837 ی نووسیووە لا: 348-371 و هەروەها لە نامەی بیست و یەك کە لە ئۆردووی حافیز پاشا لە ئابی نووسیوویەتی و ڕۆژەکەی بەسەرەوە نییە لا: 372-395 زۆر بەدرێژی باسی مەینەتییەکانی شۆڕشی کورد و ئەم ڕەوشە کارەستبارە دەگێرێتەوە کە دوای تێکشکانی ڕاپەڕینی میری سۆران بەسەر خەڵکی کورد هاتووە، ڕەوشێك کە ئەو بۆخۆی بە دۆزەخی دانتی دەچوێنێ. لە ناوچەی ئەلاغەداغ باسی ڕەوشی کارەساتباری چوار هەزار کورد دەگێڕێتەوە کە لە لایەن سوپای حافز پاشا بە دیل گیراون: ژن، منداڵ و پیرەمێرد کە چۆن کۆکردنەوەیان لەبەرگەرمای ئەم خۆرەتاوە چ ڕەوشێکی دۆزەخی بۆ دروستکردوون. جگە لەوە پوژولا چەندین زانیاری گرینگی دیکە بەدەستەوە دەدات. ئەم سەفەرنامەیە یەکێك لەسەرچاوە هەرە گرینگ وباوەڕپێکراوەکانی گەواهی دانی سەرکووتکردنی ڕاپەڕینی مێژووی ئەمارەتی سۆرانە.

371-Charles Texier, Description de l'Arménie, la Perse et la Mésopotamie, Paris : Typ. De F. Didot frères, 1842-1852, 2 vol,

371– شارل تێکسییێر، *وەسفی ئەرمێنیا، ئێران و میزۆپۆتامیا*، *ساڵەکانی 1842 و 1852* لە دوو بەرگدا لە پاریس بڵاوکراوەنەتەوە. سەفەرنامەکەی زیاتر هونەری بووە. دوای چەندین سەفەر بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵات لەسەر ئەرکی خۆی، دواتر ئەرکی مسیۆنێکی ئارکیۆلۆژی پێدەسپێرن بۆ پاشماوەکانی ئاسیای بچووك، ئێران و میزۆپۆتامیا. تێکسییێر لە زۆربەی سەفەرەکانی بەناو کوردستانی شیمالی دا تێپەڕییوە. بە وردی باسی تایبەتمەندییەکانی کوردستان دەکات. داب و نەریتی خەڵکەکەی، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، ئامانجی سیاسیی، کاراکتەری پیاو و ژنی کورد و دواجار ژیانی ئایینی ئێزیدییەکان و مێژووی گشتیی و زیاتریش بایەخی بە کوردستانی عوسمانی داوە.

372-Aucher-Eloy, Relations de voyages en Orient de 1830 à 1838 ; revues et annotées par le comte Jaubert, Paris : Librairie encyclopédique de Roret, 1843, (XXXI-775 p.)
Aucher-Eloy, Remi (1793-1838).

372–ئوشێر ئێلۆی، " پێوەندییەکانی سەفەرێك بۆ ڕۆژهەڵات لە 1830 تا 1838". گەڕال و پیاوی زانستی بوو. ماوەی هەشت ساڵ لە ڕۆژهەڵات لە سەفەر دا خەریکی کاری زانستی بووە. لە کۆنستانتینۆپل ڕۆژنامەیەکی فرەنکۆ–تورکی دەرکردووە. لە ساڵی 1830 زنجیرەیەك سەفەر بۆ ناو ئیمپراتۆریای عوسمانی و ئێران دەستپێدەکات بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەیەکی سیستماتیك لەبارەی گوڵ لە ڕۆژهەڵات پێشکەش بکات. ساڵی 1838 لە کاتی دوایین سەفەری بۆ ناوچەی کەنداوی فارس لە جەلفا لە نزیك ئەسفەهان دا دەمرێ. سەفەرنامەکەی دوای خۆی ساڵی 1843 بڵاوکرایەوە. ئێلۆی سێ جار دەرفەتی بۆ هەڵکەوتووە سەفەری کوردستان بکات:

یەکەمجار ساڵی 1834 لە ڕێگەی کوردستانی شیمالییەوە دەچێتە ئەرمێنیا و لە ڕێگەی فوراتی سەروو چووەتە ئەرزەرۆم و لەوێشەوە بۆ تەرابزۆندە. دەمجار لە ساڵی 1835لە بەغداوە بەناو کوردستان و بە ناوچەی ئامێدی و چیای مەقلوب دا دەڕوات و ماوەیەك گژو گیای پزیشکی فرۆشتووە. هەروەها لەو سەفەرەیدا کە بۆ ناوچەکانی کورستانی خواروو کردووە نزیك بە شاری کرماشان ویستوویە گژوگیافرۆشی بکات، بەڵام دەسەڵاتکارانی بابیعالی ڕێگەیان نەداوە بچێتە ئەو ناوچەیە. هۆیەکەشی ئەوە بووە کە سوپای عوسمانی لەژێر سەرکدایەتی ڕەشید پاشا لە لەشکرکێشی دابووە دژ بە کوردەکانی ئەمارەتی سۆران. لە ئورفە ئیلۆی باسی ئەو کارەساتانە دەکات کە لە ئەنجامی لەشکرکێشی تووشی دانیشتوان هاتوون (6 ی نیسانی 1835) و باسی هێرشی سوپای عوسمانی و کۆڕەوی کوردەکان دەکات و دواتریش تاڵان و بڕۆیی ماڵە کوردەکان لە لایەن سوپای عوسمانییەوە.

373- Charles Texier, « l'Itiniréaires en Arménie, en Kurdistan et en Perse », In : *Bulletion de la Société géographique*, Paris, 1843, 2ème série T XX, p. 229-249.

374-Charles Texier, « Notice géographique sur le Kurdistan ». In : *Bulletin de la Société de géographie*. Troisième Série, Tom premier, Paris, 1844, p. 282-314.

374-شارل تێکسییێر، " سەرنجێکی جوگرافی دەربارەی کوردستان". نووسەری ئەم وتارە کە چەندین جار سەفەری کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کردووە لەم وتارەیدا باسی شوێنی جوگرافی کوردستان دەکات و دواتر دەگەڕێتەوە سەر مێژووی کۆنی کوردستان و سەرەنجەکانی خۆی دەداتە گەشتەکەی خۆی بەناو کوردستان و (لە ڕووی جوگرافیای فیزیکییەوە) باسی ناوچە کوردەوارییەکان دەکات و هاوکات

باسی خەڵکی ناوچە چاییشینەکان، بەرزی چیایەکان، باس و خواسی هۆزە کوردییەکان دەکات و لە ڕووی جوگرافییەوە تێبینی و سەرەنجەکانی جێگەی بایەخن.

375-Charles Malo, *Voyages de Nadir-Shah en Europe, en Asie de 1840 à 1843*, Tours : R. Pornin, 1845, VIII, 392 p, XIII(*Excursions dans l'Asie Mineure et le Kurdistan*, p. 287-319.

375–شارل مالۆ، *سەفەرەکانی نادرشا لە ئەوروپا لە ئاسیا لە 1840 تا 1843*. مالۆ لە 19 ی تەمموزی 1790 لە پاریس لە دایك بووە. ئەندامی ژمارەیەك ئەکادیمیای فرەنسی بووە و ماوەیەك لە لەندەن و دواتر سەفەری هیندستان و لە نێوان ساڵەکانی 1840 تا 1843 چەند سەفەرێك بۆ ئەوروپا و ئاسیای دەکات و سەفەرنامەکەی ساڵی 1845 لە شاری (Tour) بڵاودەکاتەوە. سەفەرنامەکە بریتییە لە (16) فەسڵ و لە فەسڵی یانزەهەمی سەفەرنامەکەی بەناوی (*سەفەربەناو ئاسیای بچووك و کوردستان دا*) (لا: 287–319) سەفەرنامەکەی خۆی دەگێڕێتەوە بەناو کوردستان دا کە لە کۆتایی ساڵی 1842 و سەرەتای ساڵی 1843 دا لە کوردستان بووە و زۆربەی شوێن و ناوچەکانی کوردستان گەڕاوە و زیاتر بایەخی بە وەسپی شوێنەکان داوە و لە هەمووی گرینگتر لە باسی هۆزەکانی بەختیاری دا بە بێ هیچ سڵەمینەوەیك بەختیارییەکان بە کورد دادەنێ و تێبینی و سەرنجی گرینگ دەربارەی شار و شارۆچکە کوردییەکان دەردەبڕێ و باسی هۆزە کوردییەکان دەکات لە قۆناغێکی زۆر ناسکی مێژووی کوردستان دا کە سەروبەندی دوادواییەکەی حوکمڕانی ئەمارەتە کوردییەکان بووە.

376-V. Dittel, « Aperçu sommaire de trois années de voyage dans l'Asie occidentale, dans le Caucase, la Perse, le Kurdistan, la Mésopotamie, La Syrie, l'Asie-Mineure,

etc., dans un tut principal d'études ethnographiques",in : « *Nouvelles Annales des Voyages et des sicence geographique* », T 3ème, 1849, p, 141-162.

376–ڤ.دیتێل، " کورتە باسێکی سێ ساڵ سەفەر بەناو ئاسیای ڕۆژئاوا، قەوقاز، ئێران، کوردستان و میزۆبۆتامیا". ئەم سەفەرنامەیە بریتییە لە باسێکی دیتێل کە بە زمانی ئەڵمانی نووسراوە و لە گۆواری *Archiv für Wissenschaftliche Kunde von Aussland*, Vol VII, 1848 بڵاوکراوەتەوە. ئەم باسە بەرچاوخستنی ئەو زانیاری و مەتریالانەیە کە ڕۆژهەڵاتناسی ڕووس دیتێل[17] لە سەفەرەکانی خۆی لە ڕۆژهەڵات کۆیکردوونەتەوە. دیتێل لە 1 ی ئابی 1848 لە قازان کۆچی دوایی دەکات. نووسەر بۆ ماوەی سێ ساڵ لە ڕۆژهەڵات ماوەتەوە و لە قۆناغی یەکەمی سەفەرەکەی سەردانی بەشێکی ئیمپراتۆریای ئێرانی کردووە. لە بەشی دووەم سەردانی ئەو هەرێمانەی ئیمپراتۆریای عوسمانی کردووە کە عەرەبەکان و (بە ڕوویێکی تایبەتی کوردەکانی)ی تێدا ژیاون. سێیەم قۆناغی سەفەرەکەی سەردانی هەرێمە تورکیەکانی ئیمپراتۆریای عوسمانی کردووە. دیتیل لە 16 ی حوزەیرانی 1842 لە قازان دەرچووە و بۆ ئێران ڕۆیشتووە. لە تاران بەوە دەزانێ کە کورد کە ڕۆژهەڵاتناسەکان کەم بایەخیان پێداوە ئەدەبێکی نوسراوی دەوڵەمەندی هەیە. زۆر بە ڕاشکاویش باسی ئەوە دەکات کە لووڕەکان و هەروەها بەختیارییەکان بە پێچەوانەی ڕای هاممەر بە کورد دادەنێ. هاممەر لە لای خۆیەوە لوڕەکان بە ڕەگەزێکی عەرەب دادەنێ و زمانەکەشیان بە دیالێکتێکی زمانی عەرەبی دەزانێ. دیتێل زۆر بە درێژی باسی دیالێکتی لەکی دەکات و سۆزێکی زۆریشی بۆ زمانی کوردی هەیە. لە سەفەرەکەی خۆیدا بۆ هەمەدان و کرماشان سەردانی بەشێکی ئێرانی ڕۆژئاوایی و وەك خۆی گوتەنی ناوچەیەکی نەناسراوی کوردستان دەکات. لە ڕێگەی کرماشانیشەوە سەردانی زۆربەی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی کردووە و دواتر دەچێتە بەغدا و لە ناوەڕاستی 1844 بەغدای بەجێهێشتووە و چۆتە کەرکووك و

[17] Диттель, Вильям Францевич

ئەربیل و پاشان بۆ نەیەنەوا و لەوێشەوە بەناو ناوچە چیاییەکانی کوردستان دا ڕۆیشتووە. بەناو ناوچەی ئێزدییەکان دا تێپەڕ دەبێت. دواتر بە ناوچە کوردەوارییەکانی ماردین، دیاربەکر، نەسیبین، ئورفە دا ڕۆیشتووە و وەك خۆی گوتەنی ئەم ناوچانە بەشێکن لە ناوچەیەکی کەم ناسراو. پاشان دەچێتە حەلەب و دیمەشق و پاشان میسر و دوایی ئۆدیسا و لە حوزەیرانی 1845 دەگاتە ئۆدیسا.

377-Eugène Flandin, *Voyage en Perse de MM. Eugène Flandin, peintre, et Pascal Coste, architecte […] pendant les années 1840 et 1841 : relation du voyage*, Paris : Gide et Jules Baudry, 1851, 2 vol. (511, 536 p).

377–ئۆژەن فلاندن، *سەفەر بۆ ئێران*. بۆ لێکۆڵینەوە لە دواین قۆناغەکانی مێژووی ئەمارەتی بابان و بە تایبەتیش شاری سلێمانی لە دەورانی ئەحمەد پاشای بابان دا، سەفەرنامەکەی ئەکادیمی هونەرە جوانەکان ئۆژەن فلاندن (1809–1874) بە هاوەڵی شێوەکاری ڕۆژهەڵاتناس پاسکال کۆست (1817–1879) کە وەکوو دووەمین مسیۆنی فەرەنسا (1840–1841) ڕەوانەی ئێران دەکرێن یەکێکە لە سەرچاوە گرانبەهاکان. ئۆژەن لە ڕێگەی گەڕانەوەیدا لە تەبرێزەوە دەچێتە بەغدا و بە ناوچەی سلێمانی دا تێپەر دەبن و چاویان بە ئەحمەد پاشای بابان دەکەوێ و چەند ڕۆژێك لە سلێمانی دەمێننەوە و بە چاوی خۆیان سوپا و تۆپەکانی ئەحمەد پاشا دەبینن. بۆیە ئەم سەفەرنامەیە بۆ مێژووی ئەم ماوە گرینگە یەکێکە لەسەرچاوەکانی دەستی یەکەم.

378-Jules Laurens, « *Les Kurdes : Notes d'un voyage en Turquie et en Perse* » In : *L'Illustration,* Paris, *n°* 574, XXIII, 25 02.1854, p. 119-123.

378–ژوول لۆرەنس، "چەند سەرنجی سەفەرێك بۆ تورکیا و ئێران". ئەم وتارە چکۆڵەیە تێبینیەکانی وێنەکێش ژول لۆرانسە کە ساڵی 1846 بە یاوەری هومێر و ژنەکەی هەموو کوردستانی شیمالی و بەشێکی کوردستانی جنووبی گەڕاوە. ئەم سەفەرنامەی ژۆل لۆرانسی نیگارکێشە ساڵی 1854 لە ڕۆژنامەی *L'Illustration* ژمارە 574 ی ڕۆژی 25 ی فێڤرییەی 1854 بڵاوکراوەتەوە. ئەم وتارە کورتە کە بە ناوی "*کوردەکان: تێبینییەکانی گەشتێکی تورکیا و ئێران*" بڵاویکردۆتەوە وەکو زەیلی کتێبەکەی هۆمێر سەیر دەکرێ و پڕییە لە نیگاری جوانی کوردستان و دۆستانە باسی کورد دەکات.

379-Henri Garnier, *Voyages en Perse, Arménie, Mésopotamie, Chaldée, Kurdistan, Arabie,* etc. – 4[ème] éd, 1854, Coll. Bibliothèque de la jeunesse chrétienne, (283 p).

380-A. Clément, « Excursion dans le Kurdistan ottoman méridional, de Kerkouk à Rawanduz en 1856 », In : *Memeoire de la Société de géographie de Genève*, 1856, p. 189-212 & 213-295.

380– ئا. کلیمان، "*گەشتێك بەناو کوردستانی جنووبیی عوسمانی : لە کەرکووکەوە تا ڕەواندوز*"، ساڵی 1866 لە گۆڤاری یادداشتنامەی کۆمەڵەی جوگرافی ژنێڤ بڵاوکراوەتەوە یەکێکە لەو سەرچاوە دەگمەنانەی کە پڕیە لە زانیاری لە بارەی کوردستان. لە هەمووی سەرنجراکێشتر ئەو ستاتستکەیە کە ئا. کلیمان لە بارەی دانیشتوانی شاری کەرکووك بە دەستی دەدات . ئا.کلیمۆن لەمبارەیەوە دەنوسێ " ژمارەی دانیشتوانی شاری کەرکوك: سەرووی شار، ناوجەرگەی شار و کەناری شارەکە بێجگە لە سەربازەکانی ئۆردوخانە، نزیکەی 25 هەزار کەسێك دەبن کە سێ چارەگی کوردن" و کەرکووك بە دەروازەی چوونە ناو کوردستان دەژمێرێ. ئا.کلیمان لە ڕێگەی دۆستایەتی لەگەڵ پاشایەکانی بابانەوە ساڵی 1856 ئەم

گەشتەی بۆ کوردستانی خواروو ئەنجام داوە. دواجار لە لاپەرە 279 تا 295 بریتییە لە فەرهەنگۆکێکی فرەنسی-کوردی کە وشە کوردییەکانی بە ئەلف و بێی (لاتینی فرەنسی) نووسراونەتەوە.

381-Israël-Joseph Benjamin II, *Cinq années de voyage en Orient (1846-1851)*, Paris, 1856, (XXVIII-240 p).

381-ئیزرایل جۆزیف بەنژەمانی دووەم، *پێنج ساڵ سەفەر لە ڕۆژهەڵات دا (1846-1851)*. هیچ زانیارییەکی ئاوەها لەبارەی بیۆگرافیای نووسەر لەبەردەستدا نییە و هەر ئەوەندە دەزانین سەفەرەکەی ساڵەکانی 1846-1851 کراوە و سەفەرنامەکە ساڵی 1856لە پاریس چاپکراوە. نووسەر زۆر بە توندی پەیوەستە بە کۆمیونیتەی جولەکەی کوردستان و تەواوی ڕۆژهەڵات. ئامانجی سەرەکی سەفەرەکەی بریتی بووە لە گەڕان بەناو کوردستان بە دوای دە خێلە ونبووەکەی جولەکە کە لەناو بیبل دا ناویان هاتووە. کاتێك نووسەر بەوەدەزانێ کە هاوئایینییەکانی لە کوردستان دەژین، بۆ ئەم مەبەستە سەردانی هەموو شارەکانی کوردستان دەکات: دیاربەکر، جەزیرە، ماردین، مووسڵ، ئامێدی، زاخۆ، ڕەواندوز و بە تایبەتیش ناوچە چیاییەکانی بارزان. کۆیە، ئەربیل، کەورکووك و دواجار شارەزوور. یەکێکە لەسەرچاوە گرینگەکانی کوردستان لە دوادواییەکەی نیوەی یەکەم و دەستپێکی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم و پڕییە لە کەرەسە و مەتریالی مێژوویی یەکجار گرینگ

382- Princess Cristina Triulzi-Belgiojoso, « Un prince Kurde », in : *Scènes de la vie turque : souvenirs de voyage*, Paris, 1858, p. 145-276.

382- شا ژن کریستینا تریڤولزیۆ بێلژیۆژۆسۆ ، "شازادەیەکی کورد". ئەگەر تاوەکو نیوەی دوومی سەدەی نۆزدەهەم هەموو گەشتیارەکان پیاو بووبن، ئەوە بۆ

**یەکەمجار یەکەم ژنە گەشتیاری فرەنسی زمان و بە بنچینە ئیتالیایی مەدام شا ژن کریستینا تریڤولزیۆ بێلژیۆژۆسۆ( 1808-1871 ) کە لەسەر حسابی خۆی لە کانوونی دووەمی ساڵی 1852 بە هاوەڵی کورەکەی و خزمەتکارێکی سەفەری ڕۆژهەڵات دەکات و سێ ساڵ لە ڕۆژهەڵات دەمێنێتەوە. مەدام بێلژیۆ ژۆسۆ زیاتر عەودالی ناسینی مۆدی ژیان بووە لە ڕۆژهەڵات. دوای گەڕانەوەی لە وتارێکی دووردرێژی چەندین بەشدا لە" ڕۆژنامەی دوو جیهان" کە ساڵی 1855 لە پاریس بڵاوکرایەوە و سێ ساڵ دواتر لە کتێبی (شانۆی ژیانی تورکیا–بیرەوەری سەفەر) بۆ یەکەمجار باسی ژیانی ناو حەرەمیی پاشایەکی کورد ( محەمەد پاشا) دەکات کە خاوەنی پێنج ژن بووە: فاتیمە (کورد بووە).، هەروا سێ ژنی دیکەی جۆرجی، چەرکەس و سەنیگالی و کەنیزەکێکی دیکەی حەبیبەی هەبووە, ڕەنگە ئەمە بۆخۆی یەکەم لێکۆڵینەوە بێت لەسەر ژیانی ناو حەرەمی کورد. بەڵام مەدام بێلژیۆژۆسۆ لە باسی ژنە جووتیارەکان و کۆچەرەکان کە لەسەر ڕێگە دیونی بە پریمیتیڤ باسیان دەکات و بێزیان لێدەکاتەوە.**

383-Xavier Hommaire de Hell, Voyage en Turquie et en Perse : exécuté par ordre du gouvernement français pendant les années 1846, 1847 et 1848, Paris : P. Bertrand, 1860, 1 vol. (410 p., XXIV f).

**383–ئێکزاڤییێر هۆممێر دوهێل، *سەفەر بۆ تورکیا و ئێران*. دوایین مسیۆنی حکومەتی فرانسا بۆ ڕۆژهەڵات لە سەرەتای سەدەی سەدەی نۆزدەهەم دا ئەوەی ژن و مێرد (هۆممێر دوهێل) بوو. هۆممێر ئەندازیاری جیۆلۆجی و خەڵکی ئەلزاسە. ساڵی 1835 دەچێتە تورکیا و سەرقاڵی دەرهێنانی کانەکانی کەناری زەریای ڕەش دەبێت. بە هاوەڵی خێزانەکەی چەندین سەفەر بۆ ڕوسیا، قرم و تا زەریای خزەر دەڕۆن. ساڵی 1846 بە مسیۆنێکی ڕەسمیی حکومەتی فرانسا بۆ سەردانی تورکیای ڕۆژهەڵات و ئێران دەینێرن. ژن و مێرد ، نیگارکێشی گەنج ژوول لۆرانس لەگەڵ**

خۆیان دەبەن و لە ڕێگەی مالت و سمیرنا دەگەنە کۆنستانتینۆپل. دواتر چەندین سەفەر بۆ بۆلگارستان و مۆلداڤیا دەکەن و کەناری ئەنادۆل و تاوەکوو بروس و نیسە دەڕۆن. لە حوزەیرانی 1847 سەفەرێك بۆ ئێران دەکەن و بە کەناری زەریای ڕەش دەگەنە تەرابزۆندە و لە 24 ی ئاب تا 13 ی سێپتامبەر لەوێدا دەمێننەوە. دواتر دەچنە ئەرزەرۆم لەسەر فوراتی سەروو و لەگەڵ ڕوباری دەچڵە بۆ دیاربەکر شۆردەبنەوە. لەوێشەوە بۆ تەبرێز و لەڕێگەی کوردستانی باکوور بە دیاربەکر و بدلیس و وان دا تێپەر دەبن و دەگەنە تاران. دوای دوو مانگ مانەوە لە تاران دەچنە مازەندەران و خوراسان. دێنەوە تاران و لە سۆنگەی (تا) و گەرما دا هۆممێر لە جەلفا لە نزیك ئەسفەهان دەمرێ و لە 24 ی ئابی 1848 هاوڕێکەی ژۆل لۆرانس بەشێوەیەکی شیاو دەینێژێ و بە یەکجاری ئێران بەجێدەهێلن و ساڵی 1869 خێزانەکەی لەسەر تێبینییەکانی مێردەکەی سەفەرنامەکە چاپدەکات. ساڵی 1856 لە پاریس گەشتەنامەکەی لە چوار بەرگ دا بلاودەبێتەوە. هوممێر ساڵی 1846 کورد دەناسێ و گەشتنامەکەی هۆمێر گرینگیەکەی بۆ مێژوونووسی کورد ئەوەیە هۆممێر لە کاتی شۆڕش و جەنگیی بەدرخان لە کوردستان بووە و بەچاوی خۆی میر بەدرخانی بە دیلکراوەیی بینییوە کە سەرباز و جەندرمەی عوسمانی بەدەورەوە بووە و بۆ ئەستەموول یان گواستۆتەوە. هومێر ئارخەیان بووە بەم بەدیلگرتنە و لای وابووە دوای ئەوە ئارامی دەگەڕێتەوە ولات و لە هەمان کات دا سەرسامی خۆیشی لەبارەی وێرانکاری ئاواییە کوردییەمکان دەگێڕێتەوە کە لە سۆنگەی شەڕدا وێران بووبون.

384-Chevalier Lycklama a Nijeholt, *Voyage en Russie, au Caucase et en Perse, dans la Mésopotamie, le Kurdistan, la Syrie, la Palestine et la Turquie, exécuté pendant les années 1866, 1867 et 1868*, Paris : A. Bertrand, 1872-1874, 4 volumes. (V 1 :503 p), (V2 : p).

384–ساڵی 1875 گەڕۆکی هۆڵەندی فرەنسی زمان شوڤالییێ لیکلاما کە بۆ ماوەی چوار ساڵ 1865–1868 هەموو ڕۆژهەڵات و ڕووسیا گەراوە لە بەرگی 3 و 4 دا لە زۆر جێگەدا باسی کوردستان دەکات  و دوو بەشی کوردستان گەڕاوە و لە کوردستانی عوسمانی نەخۆش دەکەوێ و ناچار دەبێ بمێنێتەوە. سەفەری هەموو شارە گەورەکانی کوردستان دەکات: ئەربیل، کەرکووک، سلێمانی و خانەقی. سەفەرنامەکە ساڵ 1872–1874 لە پاریس بلاودەکاتەوە. لیکلاما تەنها لە بەرگی سێیەم و چوارەم باسی کوردستان دەکات. لە بەرگی سێیەم لە لاپەرەکانی 400 تا 448 لە باکۆوە بۆ کرماشان و دواتر باسی خانەقی، قەسری شیرین، کەرند و کرماشان دەکات. هەروەها لە جلدی چوارەم لاپەڕە 1–70 باسی سەفەری بۆ کوردستانی ئێران و دواتر لا 71 تا 123 باسی کوردستانی تورکیا دەکات. سلێمانی، کەرکووک، ئەربیل و تا دەگاتە مووسڵ. پاشان لە لاپەرە 124 تا 191 لە مووسلەوە بە فورات سەفەر دەکات و باسی جەزیرە، نەسیبین و دیاربەکر دەکات.

385- Ernest Chantre, "Aperçu sur les caractères ethniques des Anshariés et des Kurdes", in: Bulletin de la Société d'Anthropologie de Lyon, Tom I, Prais- Lyon, 1881-1882, p. 165-185.

385–ئێرنست شانتر، "چاوپێداخشانێك بە کاراکتەری ئەنساری و کوردەکان". شانتر لەم وتارەیدا کە لە سەر تێبینییەکانی گەشتی ساڵی 1881 ی بۆ تورکیای ئاسیەوی و قەوقازیای نووسیووە باسێکی کورتی کورد دەکات و چەند سەرەداوێکی کورت لەبارەی بنچینەی کورد بەدەستەوە دەدات و دواتر باسی شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری (1880) دەکات کە "چۆن بالادەستی بەسەر پانزە تا بیست هۆزی کورد دا هەبووە کە لەسەر سنووری ئێران دەژیان و دەهەزار سوارەی کۆکردەوە و دەستی بەسەر ژمارەیەك شار و ناوچەی گۆلی ورمێ دا گرت (لا: 170). ئینجا باسی کوردە کۆچەرەکان و ڕەوشی لەشساغی کوردستان باسدەکات و باسی

کوشتنی دوکتۆر شۆلتز دەکات ساڵی 1854 لە لایەن کوردەکان و ڕووتکردنەوەی کونسوڵی ئینگلیز ئاپۆت لە نێوان ئەرزەرۆم و بایەزید. دواجار لە نێوان کوردەکانی حەلەب و بایەزید لێکۆڵینەوەیەکی ئانترۆپۆلۆژی لەسەر (158) کورد کردووە (137 پیاو و 21 ژن) و لەگەڵ وتارەکەش تابلۆی سەرجەمی ئەنجامی نموونە ئانترۆپۆلۆژیەکانی شیکردۆتەوە و چەندین وێنە و گراڤوری ڕەشماڵی کوردی و هۆزی حەیدەرانلووی بڵاوکردۆتەوە.

386-Henri Moser, A travers l'Asie centrale: la steppe kirghize, le Turkestan russe, Boukhara, Khiva, le pays des turcomans et la Perse : impressions de voyage. Paris : Plon, [1885?], 1 vol. (XI-463 p).

386–هێنری مۆسێر، *بەناو ئاسیای ناوەندی دا: پێدەشتی قرغیز، تورکمانستانی ڕوس، بوخارا، کیڤا، وڵاتە تورکمانەکان و ئێران*. بریتییە لە سەفەرنامەی هێنری مۆسێر (1844–1923)، ئەو پیاوەی کە عاشقی کۆکردنەوەی هەموو جۆرە چەکێکی ڕۆژهەڵاتی بوو. لەم سەفەرەیدا کە بەناو ئاسیا ناوڕاست دا کردوویە لە فەسڵی سێزدەهەم دا: لە ئەشقەبادەوە بۆ بوجانورد بەشێکی تایبەتی تەرخانکراوە بەناوی لە وڵاتی کوردان دا کە بەناو بەشێکی ناوچە کوردییەکانی قەوقاز دا گەڕاوە (لا: 362–381). سەفەرنامەکە چەندین گراڤوری جوانی لەگەڵ دایە بەڵام ڕووداوەکان بەهیچ شێوەیەك مێژوو و ڕۆژی سەفەرەکانیان ئاشکرا نییە.

387-Henry Binder, *Au Kurdistan, en Mésopotamie et en Perse : mission scientifique du Ministère de l'Instruction publique*, Paris : Quantin, 1887, (453 p).

387–هێنری بێندەر، *سەفەر بۆ کوردستان، بۆ میزۆپۆتامیا و ئێران*. گەشتەنامەی لە هەمووان گرینگتری فەرەنسی لەبارەی مێژووی کورد ڕەنگە سەفەرنامەکەی هێنری

بیندەر ( ? -1855) بێت کە یەکەم گەڕۆکی فەرنسییە کە بە تایبەتیی سەفەری کوردستانی کردبێت و سەفەرنامەکەی سەرومڕ تەرخانی کوردستان کردبێت. گەشتەنامەکەی ساڵی 1887 لە پاریس چاپکراوە و یەکێکە لە سەرچاوە دانسقەکانی مێژووی کورد. بیندەر لە 20 ی تەممووزی 1885 بە قەتاری خێرای ڕۆژهەلات دەگاتە ئەستەموولْ و لەوێوەوە بە بەلەم تاوەکو باتۆم دەڕوات و لە ڕێگەی زەریای ڕەش دەچێتە تفلیس و لەوێشەوە بۆ ئێران و جەلفا و لە ناوچە سنوورییەکانی ئێران و ڕووسیا ودەست بە سەفەر دەکات زۆر بە وردی باسی سترەکتووری کۆمەلایەتی، سیاسیی و باری جوگرافی کوردستان دەکات. بیندەر کوردی دابەشی سەر دوو چین کردووە: کوردانی کۆچەر و کوردانی نیشتەجێ. ئەوانەی یەکەم کۆچەرن و ئەوانەی دووەمیش خەریکی کشتوکاڵ و مەڕدارین.

388-M.J.de Morgan, "rapport de M.J.de Morgan sur sa mission en Perse et dans le Louristan", in: *Journal Asiatique*, VIIIème Série, Tom XIX, 1892, p. 189-200.

388-م.ژ. دو مۆرگان، "ڕاپۆرتی م.ژ. دو مۆرگان دەربارەی ئەرکەکەی لە ئێران و لورستان". ئەم وتارە سەرەتا لە دانیشتنی ئەکادیمیای شوێنەواری میللی و ئەدەبی فرانسی لە ڕۆژی 8 ی کانوونی دووەمی 1892 خوێندراوەتەوە. وتارەکە بریتییە لە بەرچاوخستنی دیارترین ئەرکەکانی مۆرگان بۆ ئێران لە بوارەکانی ئارکیۆلۆژیا و زمانەوانی. لەم سەفەرەی مۆرگان کە کوردستانی ئێران بەشێکی چاکی بەرکەوتووە ناوچەی موکری، کرماشان و پاشان بەناو ناوچە چیاییەکانی کەڵهوڕدا چۆتە لوڕستان ناوچەی پشتکۆ و پێشکۆ. کوردستانی موکری و کورد و هۆزە کوردییەکان بەشێکی زۆریان لە گەشت و گەڕانەکانی مۆرگان دا بەرکەوتووە.

389-Armand Pierre Cholet, *Voyage en Turquie d'Asie : Arménie, Kurdistan et Mésopotamie*, Paris : Plon, 1892, (394 p).

389-ئارماند پییێر شۆلیٚ، *سەفەر بۆ تورکیای ئاسیەوی*، شۆلیٚ ساڵی 1887 وەك چاوەدێر ڕەوانەی ئەرمەنستانی ڕووسیا دەکریٚ. ساڵی 1890 لەسەر پێشنیاری بالوێزخانەی فرانسا لە ئەستەمووڵ سەفەرێکی دوور و درێژ بەناو ئەرمێنیا و کوردستان و میزۆپۆتامیا دا دەکات. لە ئەنقەرەوە دەچێتە ئەرزەرۆم و لەوێشەوە بۆ باکووری کوردستان و بەرەو لای گۆلی وان. شۆلیٚ لەناو بەگە کوردەکان ماوەتەوە و تێبنی لەسەر بەگە کوردەکان نووسیووە. دوو ساڵ دواتر 1892 گەشتەنامەکەی بە ناوی ( *سەفەر بۆ تورکیای ئاسیا: ئەرمێنیا، کوردستان و میزۆپۆتامیا*) لە پاریس چاپ دەکات.

390-C.de Korab Brzozowski, « Itinéraire de Souleimanieh a Amadieh (1869) », in : *Bulletin de la Société de Géographie*, Septième Série, Tom XIII, Paris, 1892, p. 250-264.

390-س.دو کۆراب برزۆزۆوسکی، "ڕێڕەو لە سلێمانییەوە بۆ ئامێدی (1869)". بریتییە لە گێڕانەوەی گشتی ئەندازیارێك کە لەسەر داوای مەدحەت پاشای والی بەغدا ڕاسپێردراوە بۆ کێومالْکردنی ڕێگەوبانی ناوچەکانی نێوان سلێمانی تا ئامێدی. نووسەر لە دوایین ڕۆژەکانی ئایاری ساڵی 1869 لە بەغداوە بەڕێکەوتووە بۆ سلێمانی. لە نزیك بەعقوبە ناچار بوون لەبەر کەمینی هەمەوندەکان بووەستن. لە ڕێگەی دەلی عەباس-قەرەتەپە-کەرکووك-کفری دەگەنە سلێمانی و وەسفێکی ناوچەی سەگرمە و چیایەکانی دەوروبەری دەکات و پاشان دەچێتە ڕەوندوز و ئامێدی.

391-Paul Muller-Simonis, *Relation des missions scientifiques de MM. H. Hyvernat et P. Müller-Simonis (1888-1889) : Du Caucase au Golfe Persique à travers l'Arménie, le Kurdistan et la Mésopotamie : suivie de notices sur la géographie et l'histoire*

*ancienne de l'Arménie et les inscriptions cunéiformes du bassin de Van* ; H. Hyvernat, Paris ; Lyon : Delhomme et Briguet, 1892, (VIII-632 p).

391-سیمۆن لەگەڵ هێنری هیرینا مسیۆنێکی حکومەتی فرەنسیان پێدەسپێردرێ بۆ سەفەری ڕۆژهەلات. سەفەرەکەیان لە 1 ی ئابی 1888 تا 1 ی ئایاری 1889 دەبێ. لە سەفەری خۆیاندا سەردانی کوردستانیش دەکەن و بە ناوچەی هەکاری دا تێپەر دەبن و دوای چەندین کێشە و گرفتی زۆر دەگەنە جەزیرە و ئەو بەشەی کوردستان کە ئەمرۆ پێیدەلێن کوردستانی عێراق. بە کەلەك دەچنە مووسڵ و لەوێشەوە دەچنە بەغدا.

392-Madame B. Chantre, *A travers l'Arménie russe,* Paris : Hachette & Cie, 1893, (368 p).

392-مەدام شانتر، *بەنا و ئەرمێنیای ڕووسی دا*. دوای چەندین سەفەری زانستی، مسیۆ و مەدام شانتر لە لایەن وەزارەتی فێرکردنی گشتیی بۆ مسیۆنێکی جیۆلۆجی و ئارکیۆلۆژی و ئەنترۆپۆلۆژی دەنێردرێن بۆ ئەرمینیای ڕووسی دا کە بە حەوزی کورا و ئەراکس دەڕۆن و مەدام شانتر دەچێتە لای کوردەکان و تاوەکو کەوشەنی ناوچی باشووری چیای ئارارات دەڕوات. لە باکور سەری هەرێمە کوردییەکان دەدات گەواهی ئەوە دەدات کە چۆن کورد و ئەرمەن بەیەکەوە دەژین. زۆرترین بەشی سەفەرنامەکەی وردبوونەوەیە لە داب و نەریتی کوردە کۆچەرەکان و سەردانی ژمارەیەك ئاوایی لەژێر ڕەشماڵ دا دەکات. باسی ژیانی پیاوی کورد، کارەکتەری، داب و نەریت و شێوازی ژیانی زۆر بە وردی وەسپکراون و پڕییە لە گراڤووری زۆر نایاب لەبارەی کۆمەڵگەی کوردەواری.

393-Edmond Le Cointe, « Les Kourdes », In : *Revue Géographie*, Tomme XXXIII, Juillet-Décembre 1893, Paris, p. 266-272.

**393–ئێدمۆند لۆ کوانت، "کوردەکان". وتارێکی چکۆڵەیە و نووسەر زیاتر چاوی بڕیوەتە سەر بابەتە سۆسیۆلۆژییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری وەك ژن هێنان و زیاتر خوێندنەوەیەکی ئیتنۆگرافییەی کۆمەڵگەی کوردەوارییە.**

394-J.de. Morgan, « Relation sommaire d'un voyage en Perse et dans le Kurdistan », in : *Bulletin de la Société de géographie,* Septième série, T 14, 1893, p. 5-28.

395-P. Galland, « Dans le Kurdistan ». In : *La Géoraphie*, t.4, 1901, p. 393-402.

**395–پ. گالان، "لە کوردستاندا". باسێکی کورتی جوگرافیای کوردستان و وردتر باسی جوگرافیای ناوچەی بۆهتان دەکات کە برێکجار وەکو ناوچەی دیجلەی ڕۆژهەلاتیی ناوی دەبرێت. باسێکی جوگرافی ناوچەکە، چیا، ڕوبار و ئاواییەکانی ئەو دەروناوچەیە باسدەکات وەکو بەرهەمەکان و بەروبووم و دەوڵەمەندییەکانی ناوچەکە و دواتریش باسی زمانی کوردی و بنچینەی زمانی کوردی باسدەکات و زۆر بە کورتیش باسی سیاسەتی سوڵتان عەبدولحەمید دەکات لە بەرامبەر کوردەکان دا.**

396-Eugène Aubin.,*La Perse d'aujourd'hui- Iran-Mésopotamie* Paris, Ed. Libraire Armand Colin, 1908, (442 p).

**396–ئۆژین ئوبان، *ئێرانی ئەمڕۆ– ئێران .میزۆپۆتامیا* . گەشتنامەکەی یۆژینە ئوبانە لە تەممووزی 1906 ەوە دەستیپێکردووە و لە حوزەیرانی 1907 کۆتایی پێهاتووە.**

ئۆژەن سەفەرنامەکەی خۆی ساڵی 1908 لە پاریس لە چاپداوە. سەفەرنامەکە بۆ حەڤدە بەش دابەش کراوە، لە تۆرۆسە دەست پێدەکات و لە عێراقی عەجەم کۆتایی دێت. ئەوەی پێوەندی بە کوردستانەوە هەیە ئەم بە شانەن: بەشی سێیەم: لە دەورووبەری گۆڵی ورمێ وە لا: 47 تا 75، کە تیێدا باسی ورمێ ی و دواتر باسی کوردەکانی شکاك دەکات. بەشی چوارەم: هەمووی تەرخانە بۆ باسی کوردستان بە ناوی ( لە لای کوردەکانەوە ).، لا : 76 تا 102 سەرومڕ باسی کوردستانی موکریانە. بەشی چواردەهەم: هەرێمی کرماشان لە لا 323 تا 340 باسی ناوچە کوردەواریەکانی کرماشان دەکات و هەر بە هەمان شێوە بەشی پانزەهەم : دەرگایەکانی زاگرۆس لە لا 341 تا 360 پڕیە لە زانیاری و مەتریالی مێژوویی لە بارەی هەرێمە کوردەوارییەکانی : کرند، قەسری شیرین و هەروەها باسی هۆزی سنجابی دەکات.

397-A. Poidebard, *Au carrefour des routes de Perse*, Paris : G. Crès, 1923, (V-327 p).

398- J. Brant, «Voyage dans une parti de l'Arménie et de l'Asie Minor fait en 1835»[18], in : *Nouvelles Annales des voyages*, Paris, T.I, 1938, p. 36-115.

398–جیمس برانت، "سەفەر بۆ بەشێکی ئەرمێنیا و ئاسیای بچووك لە ساڵی 1835". سەفەرنامەیەکی کونسوڵی بریتانی جەیمس برانت، کونسولی ئینگلیزە لە ئەرزەرۆم بۆ ناوچە چیاییەکانی ئاسیای بچووك لە هاوینی 1835. ئەم سەفەرە زۆر بە تایبەتی بۆ ناوچە ئەرمەن نشینەکان و کوردنشینەکانی عوسمانی کراوە و برانت

---

[18] Tradition français de: J. Brant "Journey through A part of Armenia and Asia Minor in Year 1835", In *JRGS*, Vol VI, 1836, pp: 187-223.

لەم سەفەرنامەیەدا زیاتر بایەخ بە وەسفی جوگرافی، بەرزایی چیایەکان، شوێنی جوگرافی، ئاو وهەواو ژمارەی دانیشتوان داوە. سەرەتای سەفەرنامەکە لەناوچەی تەرابزۆندە دەستپێدەکات و لەوێشەوە بەرەو سنووری ڕووسیا و لەوێشەوە بۆ باتۆم دواتر پاشالیکی قارس و ئەردەهان و ئەرزەرۆم. لە چیایەکانی دوگلیك کە بە قسەی نووسەر تەنها کوردەکانی تێدا دەژین و باسی کوردەکانی ئەم ناوچەیە دەکات. دواتر باسی ناوچەکانی ئەرزەنجان، عەربگیر (لێرەوە هەستدەکەین ئیدی توخمی کورد لەو ناوچەیەوە بالادەستە)، دیاربەکر، مەلاتیە، جەزیرە و لە کۆتایی سەفەرنامەکەیشدا نەخشەیەکی گەشتەکەی بە سەعاتە ڕێ و ڕەوشی ڕێگە و بانەکانی باسکردووە.

399-Renée-Irana Frachon, *Quand j'étais au Kurdistan*, Tanger : Editions marocaines et internationales, 1963, (47 p).

399-ڕۆنێ ئیرانا فراشۆن، ***وەختایەك لە کوردستان بووم***. بیروەرییەکانی خاتوو فراشینە کە سەرەتای ساڵانی سییەکان لەگەڵ مێردەکەی لە ئێران بووە و مێردەکەی مامۆستای زانکۆ بووە لە زانکۆی تاران. لەماوەی مانەوی لە ئێران وا دیارە ناسیاوی و هاموشۆیی لەگەڵ کوردەکان بووە و ناسیاوی لەگەڵ میرێکی کرماشان وایلێدەکات لە ئازاری بندەستەیی کورد بگات و وادیارە تا کۆتایی چلەکان لە ئێران ماوەتەوە. لە دوای جێهێشتنی ئێران و پاش پێنج ساڵ سەفەرێکی بەناو کوردستانی تورکیا بۆ کوردستانی ئێران کردووە و بەناو ڕەوندە کوردەکان دا تێپەڕبووە. گێڕانەوەکانی زیاتر لە چیرۆك دەچێ و نە کرۆنۆلۆژی ر ڕوداوەکان و نە مێژووی گەشتنامەکە دیار نییە بەڵام وا پێدەچێ لەسەروبەندی شۆڕشی ئارارات و دەروبەری ساڵی 1931 کرابێت.

400-François Balsan, *Les Surprises du Kurdistan*, 1ère Ed., 1944 (297p), 2ème Ed. Paris : J. Susse, 1946 (315 p)
1902-1972 .

400–فرانسوا بالسان، *موژدەکانی کوردستان*. بریتییە لە وەسفی گەشتنامەیەك بە ئۆتۆمۆبیل بەناو کوردستاندا کە نووسەر و خێزانەکەی ساڵی 1939 کردوویانە. گەشتەکە بە شەمەندەفەر کراوە تاوەکوو مەلاتیە بەناو شاری قەیسەری و سواس دا و پاشان بە پشتی ئەسپ بۆ ئەزیغ و لەوێشەوە بە ئۆتۆمۆبیلی شیڤرۆلێت لە دۆڵی مرادەوە بۆ زەریاچەی وان. سەفەرنامەکە بریتییە لە چوار بەش. بەشی یەکەم: بەرایی: ئامادەسازییەکان. (لا: 9–61). بەشی دووەم: گەیشتن ( لا: 65–67). بەشی سێیەم: لە دەوروبەری گۆڵی وان (لا: 171–249). بەشی چوارەم: بەرەو ئێران (لا: 171– 249) لێرەوە باسی ڕۆیشتنی دەکات بۆ ماوەی سەد میل بۆ سەر سنووری ئێران نزیك (خانەسوور). گەشتنامەکە هیچ مێژوو و قۆناغەکانی سەفەر و وەرزەکانی تێدا نییە. کتێبەکە (2) نەخشەی کوردستان و 50 وێنەی فۆتۆگرافی نایابی لەگەڵ دایە کە بە کامێرای نووسەرەکەی گیراون.

401-Halkawt Hakim, « Missionnaires et voyageurs, les débuts de la connaissance des Kurdes en Europe », In : *Bulletin de l'Association des Anciens Elève de l'Inalco*, avril 1990, p. 25-32.

401–هەڵکەوت حەکیم، " مسیۆنێر و گەڕۆکەکان: سەرەتایەکانی ناسینی کورد لە ئەورووپا". باسێکی کورتە دەربارەی ئەو مسیۆنێرە ئایینی و گەڕۆك و ڕۆژهەلاتناسانەی کە هەر لە سەدەی حەڤدەهەمەوە بەشدارییان لە ناسینی کورد کردووە لە ئەورووپادا. مسیۆنێرە ئیتالییەکان لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەهەمەوە لە مووسڵ جێگیر بوون و سەدەیەك دواتر باوکە گارزۆنی لە ساڵی 1762 دەگاتە مووسڵ و تا ساڵی 1770 هەر لە ئامێدی دەمینێنێتەوە تاوەکو ساڵی 1762 نەخۆشی ناچاری دەکات بگەڕێتەوە ڕۆما. دواتر لە باسی سەدەی نۆزدەهەم نووسەر باسێکی کورتی ئەم گەڕۆکانە دەکات : کامپانیل( 1762–1835)، ژوبێرت ئامێدی (1779–1847)، کلۆدیوس ڕیچ و ژابا.

402-Ovayolu Mustafa, *Les Kurdes dans le récit de voyage de madame Chantre "A travers l'Arménie russe"*, Paris VIII, Mémoire de D.E.A, 1993, (84 p).

402–موستەفا ئۆڤایۆلو، ***کورد لە گێڕانەوی گەشتنامەی مەدام شانتر ( بەناو ئەرمێنیای ڕوسیادا)***. بریتییە لە نامەی D.F.A ( سالّی پێنجەمی زانکۆ) و پێشکەش بە زانکۆی پاریسی هەشتەم کراوە. نامەکە بریتییە لە پێشەکی (لا: 6–12) . فەسڵی یەکەم: بابەتگەرایی. لەم فەسڵە باسی وەسپی سۆسیۆلۆژی، ژنی کورد، ژنێکی ئەوروپایی لە کوردستان لە باسە سەرەکیەکانیەتی (لا: 13–47). فەسڵی دووەم: ڕۆمانتیکیەت (لا: 38–63). فەسڵی سێیەم: کەڵەفەرهەنگگەرایی (لا: 64–78). دەرئەنجام (لا: 79–81). بیبلیۆگرافیا (لا: 82–84).

403-Chris Kutschera, *Le Kurdistan*. Coll : (Le vagabond enchanté), Lausanne, Ed. Favre, 1998, (191 p).

403–**کریس کۆچێرا، *کوردستان*. ئەم کتێبە بریتییە لە ئەنتۆلۆژیایەکی (21) تێکستی مێژوویی کە هەموویان تەرخانی مێژووی کوردستان کراون و کۆچێرا هاتووە تێکستەکانی هەڵبژاردووە و دووبارە نووسییوویەتەوە و پەراوێزی بۆ نووسیوون. سەرەتا کۆچێرا پێشەکیەکی کورتی بۆ کارەکە نووسیووە و دواتر تێکستەکان دێن کە هەموویان تایبەتن بە سەدەکانی ناوەڕاست تاوەکوو کارەساتی قەڵای دمدم. باباەتەکان فرەچەشنەن وەك: کورد لە بەرامبەر مەغۆل، شەرەفنامە، ئێزیدییەکان، یەکەم کوردناس، دە هۆزە ونبووەکەی جوولەکە، ئەرمەنییەکانی دێرسیم، قەڵای دمدم و چەند باسێکی دیکە.**

404-Tejel, Jordi, « L'exotisme et les récits de voyage français au Kurdistan », in : *The Journal of Kurdish Studies* (1998-2000) vol. 3 p. 93-105.

405-Henry Austen Layard, *Les ruines de Ninive*[*]*: comprenant le récit d'un voyage chez les chrétiens chaldéens du Kurdistan, et les Yézidis, ou adorateurs du diable* ; trad. De l'anglais par Philippe Babo ; préf. De Jean-Louis Huot, Paris : Éd. Errance : Éd. Unesco, 1999, (215 p).

## 2.5: جیۆپۆلیتیك و جوگرافیا

406-Butyka, D, « Les Kourdes de l'ouest et leur pays », In : *Bulletin de la société Hongroise Géographique*, Budapest, 1892, p.

407-Basile Nikitine, Le système routier du Kurdistan, In *Géographie, Tome LXIII*, n° mais-juin, Paris, 1935, p. 360-385.

**407-بازیل نیکیتین، "سیستمی ڕێگەو بان لە کوردستان دا (وڵاتی نێوان دوو زابەکە)". باسی جوگرافیای ڕێگەوبانی ناوچەکەکانی کوردستانی نێوان هەردوو زێی دەکات و بە تایبەتی ئەو ڕێگە و بانانەی کە کوردستانی عوسمانی و کوردستانی ئێران بەیەکەوە دەبەستنەوە. وا دیارە نووسەر زانیارییەکلانی لە کاتی مانەوەی لە ورمێ لە ساڵەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی تۆمارکردووە و بەشێکی چاکی وتارەکەشی بریتییە لە بیرەوەری سەفەرەکانی خۆی بەناو ناوچەکەدا.**

---

[*] Austen Henry Layard, *Nineveh and its remains : with an account of a visit to the Chaldæan Christians of Kurdistan, and the Yezidis, or devil-worshippers; and an enquiry into the manners and arts of the ancient Assyrians*

408-Philippe Boulanger, *Géopolitique des Kurdes*, Paris : Ellipses, DL 2006, (285 p).

408-فیلیپ بولانژێ، *جیۆپۆلیتیکی کوردەکان*. ئەم باسە خوێندنەوەیەکی مێژوویی، جیۆپۆلیتیکی سیاسییە و دابەشی سەر پێشبار و سێ بەشی سەرەکی کراوە. لە پێشەکی کتێبەکەیدا نووسەر پێشەکیەکەی بە قسەیەکی کلیمۆنسۆکردۆتەوە کە لەگەڵ Robert de Caix دەڵێ " ئێمە تەواوی بەیانی لەگەڵ ئینگلیزەکان باسی کوردەکانمان کرد، کەوایە پێم ناڵێی ئەم خەڵکانە کێن !". بەشی یەکەم: مێژووی کورد (لا: 13–137). ئەم باسە خوێندنەوەیەکی مێژوویانەیە و باسی چەمکی کورد بوون، کەمالیزم، ئاسۆی دواڕۆژی ناوچەی سەربەخۆیی کوردستانی عێراق، شۆڕشی ئیسلامی ئێران و کوردەکانی سوریا دەکات. بەشی دووەم: جیۆپۆلەتیك (لا: 141–205). باسی سەرهەڵدان و شکستی پەکەکە و بە ڕووێیکی تایبەتیش باسی جیۆپۆلیتیکای کوردەکانی عێراق دەکات دوای ڕوخانی سەدام حوسێن دوایین فەسڵی ئەم بەشەش تەرخانی "کێشەی ئۆجەلان" و پێوەندیی کورد بە یەکێتی ئەوروپا کراوە. بەشی سێیەم: ناسنامەکان (لا: 209–268). باسی ناسنامەکانی کورد دەکات و پێی لەسەر بوونی دیاسپۆرای کورد دادەگرێ لە ئەوروپا و دواتریش باسی ناسنامە ناوچەییەکان دەکات. دەرئەنجام (لا: 269–276). دواجاریش وەکو پاشکۆ باسی ڕاپۆرتی ساڵی 1996 ی کۆمسیۆنی کاروباری هەندەرانی ئەنجومەنی نیشتیمانیی فرانسا دەکات کە لە بارەی کوردستان لە لایەن پەرلەمانتار Michel Habig نووسراوە (لا: 277–279)، بیبلیۆگرافیا (لا: 281–285).

## 3.5: ئابووری

409-J. de Morgan, « Note sur les gisements de naphte de Kend-e-Chirin », In : *Annales des Mines*. IX, I (1882). P. 227-238.

**409-ژ. دو.مۆرگان، "سەرنجییێك دەربارەی چاڵە نەوتەکانی کەندی شیرین"، یەکەمین تێبینی دەربارەی بوونی نەوت لەم ناوچەیەدا،**

410-Mohammad Mokri, « Etude d'un titre de propriété du début du XVIème siècle provenant du Kurdistan : notes d'ethnographie et d'histoire ». In « *Journal asiatique* », (1963), p. 229-256.

411-Le nom de « *vallée* » dans les toponymes iraniens. Lexique encyclopédique et thématique de l'Iran, tome 1, Paris-Louvain, Éditions Peeters, 1997, (192 p).

412-Mohammad Mokri, « Taxes et impôts non gouvernementaux. Charges illégales imposées par des propriétaires au Kurdistan. Document historique sur le déclenchement des réformes agraires en Iran « , in *Journal Asiatique*, tome 286.1, Paris, 1998, p. 85-125.

# بەشی شەشەم

# کۆمەڵ، ئایین و کۆمەڵە ئێتنییەکان

## 1.6: ئایین، ئیسلامی کورد و تەریقەت

413-Basile Nikitine, « Les Kurdes et le christianisme », In : *Revue de l'histoire des religions*, Tom LXXXX, N° 3, 1922, p. 147-156.

413-بازیل نیکیتین، " کورد و مەسیحایەتی". بریتییە لە چەند تێبینی و سەرنجی نووسەر لە کاتی مانەوەی لە ورمێ، نووسەر سەرەتا ئەو ڕاستیە دەدرکێنێ کە "مەسیحایەتی لە سەدەی یەکەمی زایینی زیاتر بەر بڵاوتر بووە لە کوردستان وەك لە ئێستەدا". پاشان لەناوچە چیایەکانی سێگۆشەی وان-ورمێ-مووسڵ دا کە بەناوی کوردستانی ناوەڕاست ناسراوە باسی دێرە و کڵێسەی مەسیحییەکان دەکات لەناو خاکی کوردستاندا بەتایبەتی ناوچەکانی ئۆرەمار، ورمێ، وان و موسڵ و لە پاڵیدا مێژووی بڵاوبوونەوەی مەسیحایەتی لەناو کورد و پێوەندییەکانی کورد و مەسیحیەکان باسدەکات.

414-Thomas Bois, « La religion des Kurdes », in : *Proche-Orient Chrétien* (1961) vol. 11, 2 p. 105-136.

414-تۆما بوا، "ئایینی کوردەکان". باسێکی گشتییە دەربارەی ئایینی کوردی و دابەشی سەر پێنج فەسڵ کراوە. فەسڵی یەکەم: ڤۆکابیۆلێری کوردی و دەنگدانەوەی ئایینی. باسێکی وردی ئەو وشە، دەستەواژە و پەندی پێشینانەیە کە کورد بەناوهێنانی خودا و ئایین بەکاریان دەهێنێ. فەسڵی دووەم: ئایینی کورد بەر لە ئیسلام. باسی ئایینەکانی مەجوسی، زەردەشتایەتی و مەسیحایەتی نەستووری دەکات. لە فەسڵی سێیەم دا باسێکی ئۆرتۆدۆکسی موسڵمان، موسڵمانی سونیگەرا و شافیعیگەرای کورد دەکات و ئەو ڕاستیە دەدرکێنێ کە کوردەکان موسڵمانن و گەلێکی ئیمانداری بێ دەمارگیرن. لە فەسڵی چوارەم: کوردستانی سۆفی: شێخ و تەریقەت. بایەخێکی زۆری بە ڕەوشی سۆفیگەری و ڕێکخراوی سۆفیگەری لە کوردستان داوە و هەروەها باسی تەریقە سەرەکیەکانی سۆفیگەری وەك تەریقەکانی: نەقشبەندی، قادری و تیجانی دەکات و باسی نفووزی زۆری شێخەکان دەکات لەناو کۆمەڵگەدا. فەسڵی پێنجەم: کوردە لە دەست ڕاکردووەکانی ئیسلام: تایەفە هەڵگەڕاوەکان. لەم فەسڵەدا باسی ئێزیدیاتی، ئەهلی هەق، قزلباش و تایەفەکانی دیکەی وەك: شەبەك، سارەلی، باجوران و شەمسییە دەکات. دوایین فەسڵی وتارەکە تەرخانکراوە بۆ خورافیات و پاشماوەی بتپەرستی و تێیدا باسێکی پراتیك، باوەڕی خودایی و پاشماوەی پەرستنی بتپەرستی دەکات.

415-Halkawt Hakim, *Confrérie des Naqshbandis au Kurdistan au XIX siècle,* Thèse. 3ème cycle. Université de Paris-Sorbonne. Paris IV. 1983, (322 p).

415-هەڵکەوت حەکیم، *تەریقەتی نەقشبەندییەکان لە کوردستان لە سەدەی نۆزدەهەم دا.* کارنامەی دوکتۆرایە لە حوزەیرانی 1983پێشکەش بە زانکۆی پاریس، سۆربۆنی چوارەم کراوە. باسەکە دابەشی سەر حەوت فەسڵ کراوە بەمشێوەیەی خوارەوە: فەسڵی یەکەم: تەریقەتی نەقشبەندی. بریتیە لە کورتە باسێکی گشتی سەرهەڵدانی تەریقەی نەقشبەندی و کەسانی دامەزرێنەر و ڕێسایەکانی تەریقەت (لا: 22-57).، فەسڵی دووەم: کوردستان لە دەستپێکی سەدەی نۆزدەهەم دا. ئەم فەسڵە

تەرخانکراوە بۆ باسی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و کولتووریی کوردستان لە نێوان هەردوو ئیمپراتۆریای عوسمانی و ئێرانی، ڕاپەڕینە کوردییەکانی سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم دا (لا: 58–85).، فەسڵی سێیەم: ئەمارەتی بابانەکان. ئەم فەسڵە تەنها تایبەتە بە دروستبوونی شاری سلێمانی و ڕەوشی پەرەسەندنی شاری سلێمانی (لا: 86–113).، فەسڵی چوارەم: مەولانا خالیدی نەقشبەندی. لێرە بابەتی تێزەکە دەستپێدەکات و باسی ژیاننامە و کەسایەتی و دانراوەکانی مەولانا خالید دەکات (لا: 114–136).، فەسڵی پێنجەم: لە دایکبوونی تەریقەتێك. لەم فەسڵەدا باسی فراوانبوون، ڕێکخستنسازی تەریقەی نەقشبەندیی دەکات (لا: 137–167).، فەسڵی شەشەم: ئۆپۆزسیۆنی ئایینی. لەم فەسڵەدا باسی ململانێ و نەیاری تەریقەی قادری دەکات دژ بە تەریقەی تازە هاتوو بۆ کوردستان (لا: 168–198).، فەسڵی حەوتەم: هەڵوێستگەلی جیاواز. ئەم فەسڵە تەرخانکراوە بۆ باسکردنی هەڵوێستی میرەکانی بابان، هەلوێستی شاعیرێك، هەڵوێستی عوسمانی و ئینگلیز باسدەکات (لا: 199–223).، هەرچی دوایین فەسڵە: تەریقەی نەقشبەندی لە 1820 تا ڕۆژی ئەمڕۆمان. ئەم فەسڵە تەرخانکراوە بۆ باسی ئاوارەیی یەکجارەکی مەولانا خالید لە سلێمانی ساڵی 1820، دواتر باسی شێخ عوسمان و ڕەوتە شۆڕشگێرییەکانی کوردستان دەکات وەك ڕاپەڕینی شێخ عەوبەیدوڵڵا ساڵی 1880 و ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران ساڵی 1925 و ڕاپەڕینەکانی بارزان. بیبلیۆگرافیا: (لا: 279–311).، دواتر کۆمەڵێك نەخشەی کوردستان وەك : کوردستان لەسەرەتای سەدی نۆزدەهەم، میرنشینی بابان و ناوەندی تەریقەی نەقشبەندی لە کوردستان و هەروەها چەند تابلۆ و وێنەیەکیشی لەگەڵە.

416-Hakim, Halkawt, « Mawlânâ Khâlid et les pouvoirs », In *Naqshbandis, cheminements et situation actuelle d'un ordre mystique musulman* : *actes de la Table Ronde internationale sur les ordres mystiques dans l'Islam, Sèvres,* 2-4 mai 1985 Marc

Gaborieau ; Alexandre Popovic ; Thierry Zarcone . – Istanbul : Isis, - 1990. –(Varia Turcica, 18) p. 361-370.

416–هەڵکەوت حەکیم، " مەولانا خالید و دەسەڵاتەکان". باسێکی زۆر کورتی وەدیارکەوتنی تەریقەی نەقشبەندییە لە کوردستانی سەدەی نۆزدەهەم و پیَ بە پیَ باسی پێوەندی و پێگەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی دەکات و ململانێی ی لەگەڵ تەریقەی قادری و دەسەڵاتی بابانەکان. دواتر باسی ڕۆڵی ئیمپراتۆریای عوسمانی دەکات چۆن لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمەوە سیاسەتی لاوازکردنی ئەمارەتی بابان یان لەبەرچاو گرتووە و بەوردیش باسی ڕۆڵی والیەکانی بەغدا دەکات لە پاراستنی مەولانا خالید و داڵدەدانی. دوایین زنجیرەی ئەم وتارە باسی ڕۆڵی تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستانی ئێران دا دەکات و بەگوێرەی نووسەر تەریقەی نەقشبەندی لە کوردستانی ئێران بە بەراورد لەگەڵ کوردستانی عوسمانی هەژموونێکی یەکجار کەمی هەبووە. شایانی گوتنە ئەم وتارە لەو کۆنگرە نێونەتەوییە خوێندراوەتەوە کە لە ڕۆژانی 2–4 ی ئایاری 1985 لەسێڤەر نزیك پاریس لە بارەی تەریقە سۆفیگەرییەکانی ئیسلام بەسترا.

417-Joyce Blau, « Le rôle des cheikhs naqshbandi dans le mouvement national kurde », In : *maqshbandis, cheminements et situation actuelle d'un ordre mystique musulman : actes de la Table Ronde internationale sur les ordres mystiques dans l'Islam*, Sèvres, 2-4 mai 1985 Marc Gaborieau ; Alexandre Popovic ; Thierry Zarcone . – Istanbul : Isis, - 1990. –(Varia Turcica, 18) p. 371-377.

417–جۆیس بلۆ، " رۆلی شێخەکانی نەقشبەندی لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد دا". باسێکی کورتی ڕۆڵی شێخەکانی تەریقەتی نەقشبەندییە لە بزووتنەوی کورد و لە شێخ عوبەیدوڵلای نەهری دەستپێدەکات و دواتر باسی ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی

**پیران (1925) و پاشان باسی ڕۆڵی شێخەکانی بارزان دەکات لە بزووتنەوەی کوردایەتی دا. شایانی گوتنە ئەم وتارە لەو کۆنگرە نێونەتەوییە خوێندراوەتەوە کە لە ڕۆژانی 2–4 ی ئایاری 1985 لەسێڤەر نزیك پاریس لە بارەی تەریقە سۆفیگەرییەکانی ئیسلام بەسترا.**

418-Hmait Bozarslan, *Entre le nationalisme et la 'umma : l'islam kurde au tournant du siècle,* Amsterdam, MERA Occasional Papers, 1992, (28 p).

419-Hamit Bozarslan, « Quel islam kurde aujourd'hui ? »In *Annales de l'autre islam* 1, 1993, p. 121-132.

420-Hmait Bozarslan, "Au-delà de l'abolition du Khalifat, Laïcité, Etat-Nation et contestation kurde", *Les Annales de l'Autre Islam,* n°2, 1994, p. 225-235.

421-Martin van Bruinessen (éd), *Islam des Kurdes, Les annales de l'autre Islam,* n° 5, 1998, (400 p).

422-Mustafa Aslan, *Pouvoir de guérir, pouvoir social et prestige religieux* : *au tour du cheikh kurde,* Thèse de doctorat : Anthropologie : Aix-Marseille 3 : 1998, (316 f).

423-Ruşen Çakir, « La vie religieuse à la frontière turco-kurde : le cas d'Elaziğ », In : *Les Annales de l'autre Islam, Institut National des Langues et Civilisations Orientales,* Paris : INALCO. (5), 1998, p. 351–367.

424-Thierry Zarcone, «  Note sur quelques shaikh soufis kurdes contemporains et leurs disciples à Istanbul», In : *Les Annales de l'autre Islam, Institut National des Langues et Civilisations Orientales*, Paris : INALCO.  (5), 1998, p. 109-123.

**424-تێری زاكۆن، " سەرنجێك دەربارەی چەند شێخێكی سۆفی هاوچەرخی كورد و موریدەكانیان لە ئەستەنبوولْ ". باسێكی بلاوبوونەی تەریقەی نەقشبەندی لە كوردستان و بە ڕوويێكی تایبەتی تەریقەی نەقشبەندی-خالدییە دەكات لە كوردستان و دواتر باسی ئەوە دەكات كەلە نێوان 1820 و 1826 ژمارەیەك موریدی تەریقەی خالدییە گەیشتنە ئەستەموولْ بەلاّم دواتر ساڵی 1828 لەوێ وەدەرنران. لەم وتارەیدا نووسەر زیاتر باسی برێك لە شێخە بەناوبانگەكانی نەقشبەندی دەكات لە ئەستەموولْ، لە وانە شێخ عەبدولكەریمی ئەوراسی، كە خەڵكی ناوچەی وانە و لەسەرەتای سەدەی بیستەم گەیشتۆتە ئەستەموولْ و موریدە توركەكانی و گروپەكەی پێیان دەڵێن ئەشقچی. هەروەها محەمەد ڕەشید (ڕەشید ئەرۆل)، كە خەڵكی ناوچەی ئادیامانە و یەكێك لە شێخە زۆر بەناوبانگەكانی توركیایە و ژمارەیەكی زۆر موریدی لە ئەستەمبوولْ و كۆمەڵێك وڵاتی عەرەبی و ئاسیای ناوەڕاست دا هەیە و لە دواجاریش دا باسێكی كەلەپووری سوفیگەری كوردی دەكات.**

425- Thierry Zarcone, «  Les branches à Istanbul des ordres soufis kurdes », in : L'islam des Kurdes. Martin van Bruinessen & Joyce Blau, eds., Paris, Inalco, 1998 (les annales de l'autre islam, 5 ; publication de l'Erism). p. 109-123.

426- Gilles Dorronsoro, " L'islam kurde dans le Sud-Est de la Turquie", in: Les *Annales de l'autre islam* n° 6, Paris, 1999, p. 115-134.

427-Hmait Bozarslan, « Islam, islamisme et mouvement minoritaire : le cas kurde « , *Annales de l'Autre Islam*, n°5, 1999, p. 333-349.

428-Halkawt Hakim, « Le conflit entre la Qâdiriyya et la Naqshbandiyya dans le monde kurde au début du XIXe siècle », in : Thierry Zarcone, Ekrem Işın & Arthur Buehler (eds.), *The Qâdiriyya Order* [=*Journal of the History of Sufism*, special issue, vol. 1-2]. Istanbul : Simurg, 2000, p. 151-166.

**428–هەڵکەوت حەکیم، " کێشەی نێوان قادری و نەقشبەندی لە ناوەندی کوردیی لە دەستپێکی سەدەی نۆزدەهەم دا".  باسی ململانێی نێوان تەریقەی تازە وەدیارکەوتووی نەقشبەندی لە کوردستان لەگەڵ تەریقەی قادری دەکات لە دەستپێکی نۆزدەهەم دا. پێ بە پێ لە گەڵیدا باسێکی کورتی ئەمارەتی بابان و جەنگەکان و دابەشبوونە ناوخۆییەکانی ناو  ئەمارەتی بابان و سۆران باسدەکات. سەرتا باسی مارفی نۆدەیی و تەریقەی قادری دەکات و پاشان دەگەڕێتەوە سەر مەولانا خالیدی نەقشبەندی (1779–1827) و بڵاوبوونەوەی نفووزی خێرای نەقشبەندی لە کوردستان دا. دوایین بەشی وتارەکە تەرخانکراوە بۆ کێشەی و ناکۆکی ناو ئەم دوو تەریقەتە و تا دواجار مەلانا ناچار دەبێ دەست لە کوردستان هەڵبگرێ و بە ڕۆیشتنیشی تەریقەی نەقشبەندی لەناو شار دا بێدەنگ کرا و جێگرەوەکانی ناچار بوون لە تەوێڵە و بیارە جێگیر بن. تەنگژەی نێوان قادری و نەقشبەندی بۆ ماوەیەکی درێژ کوردەکانی بۆ دوو هەژموونی سیاسیی دابەشکرد. ئەم دابەشبوونە ڕوونتر لەوکات بەدیارکەوت کە ئەمارەتە کوردەکان لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم دا ڕووخان و لەوکاتەوە دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کۆمەڵگەی کوردەواری کەوتە بندەستی شێخەکانی هەردوو تەریقەت و ئەمە تاوەکوو بەدیار کەوتنی حیزبی سیاسیی نوێ لە کوردستان دا.**

429-Jean-Pierre Touzanne, « L'islamisme turc et la question kurde », In : *Confluences Méditerranée*–Paris : L'Harmattan. 34. 2000 (été), p. 131–138.

420–ژان–پییێر توزان، " ئیسلامیزی تورك و پرسی كورد". وەكوو باقی پێكهاتە سیاسییەكانی تورك، پارتە ئیسلامییەكانی توركیا لە شێوەی یەك لە دوای یەك (MSP لە 1971 تا 1980)، (RP لە 1983 تا 1988) و (FP لە وەتای 1998)ەوە یەك لە دوای یەك وەكوو بەرگریكاری بەوەفای بەرژەوەندی نەتەوەیی تورك خۆیان بەدیارخستووە. لە ڕاستیدا پێشنیارگەلێكی ئاوەها ناسیۆنالیست پێچەوانەیە لەگەڵ بەشێكی زۆری پرەنسیپە ئایدۆلۆجییەكانی ئیسلامی، واتە كۆمیونیتەی باوەڕدارن،( *ئومە*) بەرزكردنەوەی نەتەوەكان. نووسەر لەم وتارەیدا شیكردنەوەیەكی ئیسلامی سیاسیی توركی دەكات لە بەرامبەر پرسی كورد لە توركیا و بە پاشخانی مێژوویی دەورانی كۆمار دا چۆتەوە تاوەكو ساتە وەختی نووسینی وتارەكە.

430-Awaz Kadir, *Le Soufisme au Kurdistan irakien*, Mémoire de Maîtrise ( dir. De CHAZEL François), Université de Paris IV, 2003, ( 64 p).

430–ئاواز قادر، سۆفیگەری لە كوردستانی عێراقدا: لێكۆڵینەوەیەك لەسەر گرووپی كەسنەزانی. بریتییە لە نامەی Maîtrise (ساڵی چوارەمی زانكۆ لە فرانسا) و لە سێپتامبەری 2003 پێشكەش بە زانكۆی پاریسی چوارەم (سۆربۆن) كراوە. نامەكە دابەشی سەر پێشەكی و (3) بەش كراوە. لە بەشی یەكەم دا كە زیاتر دەروازەیەكی میتۆدۆلۆژییە باسی ئیشكالیەت و بایەخی لێكۆڵینەكە و هەڵبژاردنی باسەكەی دەكات لە ڕوانگەیەكی سۆسیۆلۆژییەوە (لا: 8–19). بەشی دووەم زیاتر باسێكی گشتییە لەبارەی پێناسەی سۆفیگەری، كوردستان و سۆفیگەری لە

کوردستان و لەم ڕوانگەیەشەوە باسی هەردوو تەریقەی قادری و نەقشبەندی دەکات (لا: 20–37). هەرچی بەشی سێیەمە تەرخانکراوە بۆ قادری کەسنەزانی و باسی عەقیدە و میتۆد، ئاراستەی گرووپی کەسنەزانی دەکات. ریتمی ئایینی، ڕێسا و شەرت و مەرجی چوونە ناو گروپەکە و شێخەکانی تەریقەتەکە لە باسە سەرەکیەکانی ئەم بەشەیە (لا: 38–59). دەرئەنجام (لا: 60)، بیبلیۆگرافیا (لا: 61–62). فەرهەنگۆك (لا: 63–64) و هەروەها دوو نەخشەی کوردستانی لەگەڵدایە.

431- Halkawt Hakim, « Mawlânâ Khâlid : la traversée de la Perse en poème », In: *the Journal of the History of Sufism* (The Naqshbandiyya-Khâlidiyya Sufi Order - L'Ordre soufi Naqshbandiyya-Khâlidiyya**)**, (5 / 2007), p. 69-86.

431–هەڵکەوت حەکیم، "مەولانا خالید: تێپەربوونی بە ئێرانا بە شیعر". ئەم وتارە بریتییە لە لێکدانەوەی قەسیدەیەکی درێژی مەلانا خالید بە عەرەبی کە باسی تێپەڕبوونی خۆی دەکات بەنا و ئێران وەختایەك ساڵی 1808 ڕۆیشت بۆ هیندوستان بۆ لای شێخی ڕۆحانی شا غولام عەلی دەهلەوی کە یەکێك لە فیگورەکانی تەریقەی نەقشبەندی موجددیەی هیندی بوو لە سەدەی نۆزدەهەم دا. وتارەکە هاوکاتی تەرجەمە فرەنسییەکە فاکسمیلی قەسیدەکەی بە زمانی عەرەبی تێدایە کە لە دیوانی مەولانا وەرگیراوە.

432-Halkawt Hakim "Yâd-i Mardân ou les Naqshbandîs Kurdes", In: *the Journal of the History of Sufism* (The Naqshbandiyya-Khâlidiyya Sufi Order - L'Ordre soufi Naqshbandiyya-Khâlidiyya**)**, (5 / 2007), p. 61-68.

432–هەڵکەوت حەکیم، "یادی مەردان یان نەقشبەندییەکانی کورد". ئەم وتارە بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەك لەسەر کتێبی (یادی مەردان) ی مەلا عەبدولکەریمی

مودەریس کە ساڵی 1979 لە دوو بەرگ دا تەرخانی مێژووی مەولانا خالید و موریدەکانی کراوە و هەروەها شێخە کوردەکانی هەورامان (کوردستانی عێراق). نووسەری کتێبی (یادی مەردان) خۆی یەکێك بوو لە پێڕەوکارانی تەریقەی خالدییە و هەردوو بەرگی کتێبەکەی کە بەسەر یەکەوە (1300) لاپەرەیەك دەبن بەرهەمی چەندین ساڵ لێکۆڵینەوە و بەدواداگەڕان و چاوپێکەوتنەکانی نووسەرەکەیەتی.

## 2.6: گرووپە ئیتنییەکان

433-François Georgeon, « De Mossoul à Kirkouk : la Turquie et la question du Turkestan irakien ».In *Monde arabe (Paris)* (132), juin 1991 : p. 38-49.

433-فرانسوا جۆرگیۆن، " لە مووسڵەوە بۆ کەرکووك: تورکیا و کێشەی کوردستانی عێراق". لە دوای ئاگربەسی مۆدرۆس کە لە 30 ی تشرینی یەکەمی 1918 لە نێوان هاوپەیمانەکان و تورکیا مۆرکرار"کێشەی مووسڵ" بەدیارکەوت. ئەم باسە بایەخ بە چارەنووسی ویلایەتێکی عەرەبی دەدا لە ئیمپراتۆریای عوسمانی کە زۆرینەی خەڵکەکەی کوردن و لەسەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانی بریتانیا داگیری کرد و تورکەکان داوایان کردەوە و پاشان ڕادەستی عێراقییەکان کرا. جۆرجیۆن یەکەمجار باسی ئەو گۆڕاکاریە ئاڵۆزانەی ئەم کێشە مێژوویيە دەکات و پاشان ئەوە شێوازانەی کە گیرانە بەر لە کاتی جەنگی عێراق-ئێران، وەختایەك داگیرکردنی کەرکووك-سلێمانی بوو بوو بە بەشێك لە ئامانجەکانی تاران. دواجار باسەکەی بەو پرسیارە کۆتایی پێدەهێنێ داخۆ چ لە یادەوەری کۆلەکتیڤی تورکی دا ماوە سەبارەت بەم باسە.

## 3.6: جولەکە

434-Jules Leclercq, *Voyage au mont Ararat*, Paris : E. Plon, Nourrit et Cie, 1892, (329 p).

434-ژوول لۆکلێرك، "سەفەر بۆ چیای ئارارات". گەرۆکی بەلجیکی ژوول لۆکلێرك، سەرۆکی کۆمەڵەی جوگرافیایی بەلژیکا و ئەندامی شاهانەی جوگرافیایی ڕووسیا، سەفەری ناوچەکانی قەوقازی کردووە و چاوی بە کوردەکان کەوتووە بە تایبەتیی کوردە کۆچەرەکان لە قوڵی ئارارات و چەند تێبینی و سەرنجی وردی بۆ تۆمارکردووین.

435-Claudine Cohen, *Grandir au quartier kurde,* Institut d'ethnologie, Paris, 1975, (184 p).

435-کلۆدین کۆهین، *گەورەبوون لە گەڕەکی کوردی دا*. ڕاپۆرتی وەچەکان و مۆدێلی کولتووری گرووپێکی هەرزەکاری جوولەکە بە بنچینە کورد. ئەمکارە بەرهەمی گەشتی دوو سەفەری نووسەرە لە ساڵەکانی 1967 و 1968 بۆ ئیسریل کە یەکەمیان ماوەی ساڵێك و دووەمیان هەشت مانگی خایاندووە. ئەم کتێبە لە بناغەدا بەرهەمی کارنامەی دوکتۆرای نووسەرەکەیەتی و ساڵی 1972 لەژێر چاوەدێری Roger Bastide ئامادەکراوە. لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە باسێکی مەیدانی لەسەر گرووپێك جوولەکەی هەرزەکاری بە بنچینە کورد و دابەشی سەر پێشەکی و سێ بەش کراوە. پێشەکی (لا: 13-16). بەشی یەکەم: لێکۆڵینەوەی دەوروبەرەکە. لەم بەشەدا باسی گەڕەکی جوولەکەکانی ناو لێکۆڵینەوەکە، وەسف، پێکهاتە و دانیشتوان دەکات و دواتر باسێکی کورتی مێژوو و جوگرافیای کوردستان و پێوەندی نێوان کورد و جوولەکە و بایەخێکی تایبەتیشی داوە بە ژیان و ڕەوشی کۆمەڵایەتی و ئایینی جوولەکەکان و لە دوایین لاباسیشیدا باسی تواندنەوەی کولتووری و بەرگری بڕێك لە ترادسیۆنی جوولەکەیی کوردی دەکات (لا: 19-75). بەشی دووەم: گەورە و

هەرزەکاران. باسی ژیان و قوتابخانە و کێشە و ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو هەرزەکارە جوولەکە کوردانە دەکات (لا: 79–119). بەشی سێیەم: هەرزەکارەکان لە نێوان خۆیاندا (لا: 123–152). دەرئەنجام (لا: 153–155). بیبلیۆگرافیا (لا: 157–169–157). لە بەشی پاشکۆشدا کۆمەڵێك خشتە و ستاتستیکی گرینگی لەبارەی ئەم کۆمیونیتە جوولەکە کوردانە بڵاوکردۆتەوە.

436-Joyce BLAU, « Les Juifs au Kurdistan », in : *Mélanges lingustiques offerts à maxime Rodinson par ses élèves ses coll-gues et ses amis,* (éd) Christine Robin, Paris, 1985, p. 123-132.

436– جۆیس بلۆ، " جوولەکەکان لە کوردستان دا". باسێکی کورتی مێژووی کوردە جوولەکەکان دەکات وەك ئەوەی لە سییەکان و چلەکانی سەدەی نۆزدەهەم گەڕۆکە ئەورووپییەکان باسی کۆمیونیتەیەکی گەورەی جوولەکەی کورد دەکەن لە کوردستانی (عێراق) دا. پاشان نووسەر چەند تێکستێکی گۆرانی فۆلکلۆری نووسیووەتەوە کە لە زاری عەزیز ناوێکی شێست ساڵی بە بنچینە خەڵکی زاخۆ لە قودس تۆمارکراوە و تێکستەکان بە کوردی لاتینی نووسراونەتەوە و لە بەرامبەریشدا تەرجەمەی فرەنسی کراون.

437-Joyce Blau, « Les relations entre les juifs et les musulmans au Kurdistan », In : *Les Annales de l'autre Islam, Institut National des Langues et Civilisations Orientales,* Paris : INALCO. (5), 1998, p. 199–224.

438-Moti Zaken, « Juifs, Kurdes et Arabes, entre 1941 et 1952 », In : *Études kurdes,* Paris, L'Harmattan, N° (7), .2005, p. 7–43.

438–مۆتی زەکان، "جولەکە، کورد و عەرەب لە نێوان 1941 و 1952 دا". ئەم باسە بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە ستاتووی جولەکە لە کۆمەڵگەی کوردی دا و پێوەندی یان لەگەڵ کورد و عەرەب لە نێوان ساڵەکانی 1941 و 1952، واتە لە ماوەی دوا یانزە ساڵی جوولەکە لە کوردستان دا. باسەکە لە دەوروبەری دوو ڕووداوی سەرەکی دەخولێتەوە یەکەمین: کۆدێتای ڕەشید عالی گەیلانی ساڵی 1941 و دووەمیان ئەو زنجیرە ڕووداوانەی کە لە جەنگی فەلەستینەوە تاوەکو دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرایل کە بوو بەهۆی کۆچێکی بێشوماری جوولەکانی عێراق بەرەو ئیسرائیل.

439-Sandrine ALEXIE « Une Expérience sociologique : juifs kurdes en Israël », in : *Etudes kurdes* - N° 7 - MAI 2005, p. 117-119.

439–ساندرین ئەلیکسی، "ئەزموونێکی سۆسیۆلۆژی : جولەکەی کورد لە ئیسرایل". بریتییە لە دووبارە بڵاوکردنەوەی وتارێك لە نووسینی شاول ئادلەر کە لە ژمارە 3 ی نیسانی ساڵی 1950ی ڕۆژنامەی *Sion* بڵاوبۆتەوە و باسی دوو جولەکەی دەکات کە یەکیان ئەشکەنازی و ئەوی دیکەیان کورد و هەردووکیان هاتونەتە ئیسرایل و پێکەوە کار دەکەن و لە هەموو مافێکدا لە کۆمەڵگەی ئیسرائیلی یەکسانن، بەڵام لە مۆدی بیرکردنەوەیان دا هەردووکیان نوماینەدەی دوو کولتووری جیاوازن. بۆ ئەشکەنازییەکە ژنەکەی لەگەڵ خۆیدا یەکسانە بەڵام لای جولەکە کوردەکە ئەم قابیلی قەبووڵ نییە. ئەشکەنازییەکە کچەکەی دەنێرێتە بەر خوێندن، کەچی جولەکە کوردە هەرگیز ڕێگەی ئەمە نادات و دەنووسێ کە باوك و دایکی کورد دەناسێ کە هەرگیز ڕێگەنادەن کچەکانیان بچێتە قوتابخانە. ئەشکەنازییەکە ڕۆژنامە دەخوێنێتەوە و بەشداری چالاکی کولتووری دەکات.

## 4.6: ئاسووری

440-Asahel Grant, *Les Nestoriens, ou, Les tribus perdues, contenant les preuves de leur identité, une exposition de leurs mœurs, coutumes et cérémonies, et l'esquisse d'un voyage dans l'ancienne Assyrie, l'Arménie, la Médie et la Mésopotamie**.Tr. de l'anglais par le traducteur de La vie de Madame Henriette Winslow, Paris : Librairie de L.-R. Delay, 1843, (xii, 217 p).

**440–ئاشال گرانت، نوستوورییەکان یا هۆزە ونبووەکان. سەفەرنامەی مسیۆنێری ئەمریکایی گرانت ( 1807–1844)ە کە ماوەیەکی زۆر لە کوردستان دا ماوەتەوە و سەردانی ئاکریێ ی کردووە کە ئەو دەم ژمارەیەکی زۆر قوتابخانەی مەسیحی لێبووە. بەهەمان شێوە سەردانی ئامێدی، مووسڵی کردووە و باسێکی وردی ژیان و ڕەوشی مەسیحییەکانی کوردستان دەگێڕێتەوە. هەر لە هەمان ساڵ چاپی ئەڵمانی[19] بڵاوکرایەوە,**

441-Jacque Rhétoré, "Une tournée apostolique (dans le diocèse de Zakho", Rapport daté de Mar-Yacoup (Kurdistan) le 24 mai 1876, et adressé au Très-Révérend Opère Duval, Pro-Préfet apostolique à Mossoul" In *A.D*, n° 16, 1876, p.465-473; n° 17, 1877, p. 16-24.

---

* Trad. Françaie de : Asahel Grant, The Nestorians or, The lost tribes : containing evidence of their identity, an account of their manners, customs, and ceremonies, together with sketches of travels in ancient Assyria, Armenia, Media, and Mesopotamia, and illustrations of Scripture prophecy

[19] Asahel Grant, *Die Nestorianer oder die Zehn Stämme : Reisen durch das alte Assyrien, Armenien, Medien und Mesopotamien*, 1843, (IX, 204 S).

442-Jacque Rhétoré, « Voyage d'un missionnaire dans les provinces de Kerkouk et de Soleimanié de l'Empire turc », In *L'Année Dominaicane*, 1879 (pp.490-493; 540-545); 1880 (pp: 207-210; p. 353-367).

**442–ڕیتۆریٚ ژاك، "گەشتنامەی مسیۆنێرێك بۆ ناوچەكانی كەركووك و سلێمانی ئیمپراتۆریای عوسمانی". ڕەنگە بۆ لێكۆڵینەوە لەبارەی ژیانی مەسیحییەكانی كوردستان لە دوا چارەگی سەدەی نۆزدەهەم هیچ سەرچاوەیەك بەقەد گەشتنامەكانی ژاك ریتۆری بەكەلك نەبێت. ریتۆری ژاك قەشەیەكی كاتۆلیكی فرەنسییە و ساڵانی شێستەكانی سەدەی نۆزدەهەم لە لایەن دەستەی مسیۆنیرە مەسیحییەكان بۆ لێكۆڵینەوە لەبارەی ژیانی مەسیحییەكانی كوردستان و باربۆكردنی كلێسە مەسیحییەكان ڕەوانەی كوردستان دەكریٚ. ساڵی 1876 سەفەرێكی ئەسقەفیەی زاخۆ، بەعشیقە و هەكاری دەكات و دواتر ساڵی 1878 سەفەرێكی كوردستانی باشوور دەكات و لە مووسڵەوە دەچێتە ئەربیل و دواتر كەركووك و سلێمانی.**

443-Jacque Rhétoré, "Rapport sur les nestoriens des monts Hakkâri", In *Annales de la Propagation de la foi*, t.LV, n°330, septembre 1883, p. 283-308.

444-Isaiah, *Traités d'Isai le docteur et de Hnana d'Adiabène sur les martyrs : le vendredi d'or et les rogations.* Textes syriques publiés et traduits par Addai Scher, Paris, [1909?] , (802 p).

**444–بریتییە لە ساغكردنەوەی چەند دەسنووسێكی ئاسووری و عەرەبی كلێسەی مەسیحییەكان كە مێژووەكانیان دەگەڕێتەوە نێوان ساڵەكانی 480 تا 650 و لە كتێبخانەی سیعرەت پارێزراون و ڕوناكیەكی زۆر دەخەنە سەر مێژووی ئاسوورییەكان و بە تایبەتیش ئاسوورییەكانی كوردستان و نووسەر هەم دەقی**

دەسنووسە ئاسووری و عەرەبییەکانی دووبارە چاپکردۆتەوە و هەم تەرجەمە فرەنسییەکشی لەگەڵیدا بڵاوکردۆتەوە.

445-Basile Nikitine, « Une petite nation victime de la guerre : les Chaldéens », In : *Revue des sciences politiques*, Vol XLIV, Paris, 1921, p. 602-625.

445-بازیل نیکیتین، کلدانییەکان، " نەتەوەیەکی چکۆلەی قوربانی جەنگ". باسێکی ڕەوشی ئاسوورییەکان دەکات لە ساڵانی یەکەمی جیهانی و بەشداربوونیان لە جەنگی گەورە و تێوەگلانیان لە شەڕی ناوەخۆیی ورمێ دا.

446-Pierre Rondot, *Les tribus montagnardes de l'Asie antérieur : quelques aspects sociaux des populations Kurdes et Assyriennes*, in *Bulletin d'études orientales de l'Institut français de damas*, t VI, 1936, p. 1-50.

446- پییێر ڕۆندۆ، " هۆزە چیاییەکانی ئاسیای سەروو. چەند لایەنێکی کۆمەڵایەتی دانیشتوانە کورد و ئاسوورییەکان". ئەم باسەی ئێرە بریتییە لە مەتریالی چوار کۆنفرەنس کە نووسەرەکەی لە 15 تا 22 ی شوباتی 1936 لە پاریس پێشکەش بە ئەنیستووتی لێکۆلینەوەکانی ئیسلامی (کۆلیژی ئەدەبیاتی زانکۆی پاریس) کردووە. ئەم باسە تەرخانکراوە بۆ باسی ژیانی خێڵەکیی لە لای کورد و ئاسوورییە چیانشینەکان. سەرەتا باسی ڕۆڵ و پێگەی خێڵ دەکات لە شارستانیەتی رشۆژهەلاتی و پاشان زۆر بە وردی باسی دەسەلاتەکانی خێڵ دەکات لە کۆمەڵگە و بۆ ئەم مەبەستە بە مێژووی کۆن و سەدەی نۆزدەهەمی پێوەندییەکانی کورد و ئاسووری دا چۆتەوە. لەم باسەدا کە نووسەر کۆمەڵێکی زۆر سەرچاوە، سەفەرنامەی گەڕۆکە ئەوروپاییەکانی بەسەرکردۆتەوە ڕەنگە یەکەمین هەوڵی خوێندنەوەیەکی زانستیانەی سۆسیۆلۆژی بێت بۆ لێکۆڵینەوە لە "خێڵ"ی

چیانشینی کورد و جگە لەوە باسەکە کۆمەڵێك نەخشەی زۆر و چەندین وێنەی جوانی لەگەڵ دایە.

447-Fr.J.M.Fiey, "Proto-historique chrétienne du Hakkari turc", in: In *L'Orient Syrien*, Paris, 1964, p. 443-472.

447-باسی مەسیحییەکانی ناوچەی هەکاری و باشقەڵا و دێرە کلێسە مەسیحییەکانی ئەم ناوچەیە دەکات بەر لە شەڕی یەکەمی جیهانی و بە هەمان شێوە باسی ژیانی ئایینی و ژیانی مەسیحییەکانی ئەم ناوچەیە دەخاتە ڕوو.

448-Michel Chevalier, *Les Montagnards chrétiens du Hakkâri et du Kurdistan septentrional,* Paris : Université de Paris-Sorbonne, 1985, (418 p).

448-میشێل شوڤالیێ، مەسیحییە چیاییەکانی هەکاری و کوردستانی خواروو. ئەم کتێبە تەرخانی مێژووی مەسیحییەکانی هەکاری و کوردستانی خواروو کراوە و پشت ئەستوورە بە گەلێك سەرچاوەی ڕۆژهەڵاتناسی ئینگلیزی، فەرەنسی و ئەڵمانی و یەکێکە لەو لێکۆڵینەوە زانستیانەی کە وێنەیان زۆر دەگمەنە. کتێبەکە بەمشێوەیە دابەشکراوە. پێشەکی (لا: 1–17). دواتر کتێبەکە دابەشی سەر (6) فەسڵ کراوە. فەسڵی یەکەم: دەوروبەر. لەم فەسڵە باسی ژیانی مەسیحییە چیاییەکان و دواتر باسی سیستمی دەرەبەگایەتی کورد و پێوەندەی نێوان ئاسوورییەکان و دانیشتوانە غەیرە موسڵمانەکانی دیکەی ناوچەکە دەکات وەك: ئەرمەنەکان، جولەکەکان و ئێزیدییەکان (لا: 18–89). فەسڵی دووەم: جووتیارە مەسیحییەکان. لەم فەسڵە باسی نەستوورییەکان و هۆزە مەسیحییەکان و کۆمەڵگەی مەسیحیەکان دەکات (لا: 90–124). فەسڵی سێیەم: ژیانی چیانشینیی. تەرخانکراوە بۆ باسی دانیشتوانە چیانشینەکان، ماڵ، ژیانی کشتوکاڵی، مەڕداری، با و هونەری پێشەوەری (لا: 125–195). فەسڵی چوارەم: ژیانی کۆمەڵایەتی. ئەم فەسڵە تەرخانکراوە بۆ باسی

ڕەوشی کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوە خێڵەکیەکانی کۆمەڵگەی مەسیحیی لە دەورانی کوردی، دەورانی مەسیحی و باسی زەبرزەنگ و سترەکتووری کۆمەڵایەتییەکان دەکات (لا: 196–220). فەسڵی پێنجەم: ژیانی ئایینی. لەم فەسڵەدا باسی ڕێزبەندی دەسڵاتی ئایینی مەسیحیایەتی دەکات: پاتریارش، ئەسقەف، قەشە، ژیانی ڕۆحانی کلێسە و مەسیحییەکان (لا: 221-260). فەسڵی شەشەم: دیاردەی جێنشیبوون و کێشەگەلی بنچینە. باسی کێشەی بنچینەی مەسیحییەکان دەکات (لا: 261–274). لە بەشی پاشکۆی کتێبەکەدا کۆمەڵێك پاشکۆی گرینگی لەگەڵ دایە (لا: 2275–358). بیبلیۆگرافیا (لا: 362–456) و جگە لەوە کتێبەکە کۆمەڵێك نەخشەی زۆر وردە نایابی لەگەڵ دایە.


449-Joseph Yacoub, *La question Assyro-Chaldéenne, les Puissances Européennes et la Société des Nations (1908-1938)*; (Sous la direction de Nikita Elisseeff), Université Lumière (Lyon). 1985, 4 vol. (234 f., F.235-461, 203 f., 2-CCXVIII f.).

450-Joseph Yacoub, *Les réfugiés assyro-chaldéens de Turquie*. Forcalquier : Comité de défense des réfugiés et immigrés, 1986, (31 p).

451-Joseph Yacoub, *Les Assyro-Chaldéens : un peuple oublié de l'histoire* ; préf. de Jacques Dournes, Paris : Groupement pour les droits des minorités, 1987, (69 p).

452-Daniel Méthy, "L'Action des Grandes Puissnaces dans la region d'Ourmia (Iran) et les Assyro-Chaldéens: 1917-1918", in : *Studia Kurdica*, N° 1-5, Paris, 1988, p. 77-100.

452-دانیال مێتێ، "کاری هێزە گەورەکان لە ناوچەی ورمێ (ئێران) و ئاسوورییە-کلدانییەکان: 1917-1918". باسێکی کورتی مەسیحییەکانی ناوچەی پێدەشتی ورمێ و مەسیحییەکانی هەکاری دەکات بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی و پاشان لە سالآنی جەنگی یەکەمی جیهانی لە 10 ی ئایاری 1915 پاتریارشی مەسیحییەکانی هەکاری جاڕی جەنگیان دا دژ بە ئیمپراتۆریای عوسمانی. ئەو وادەیەی کە ڕووسەکان بە مەسیحییەکانی هەکاری یان دابوو لەسەر ئەو بوو بەجێبهێنن. لە کۆتایی بەهار، ورمێ و وان داگیرکران و ئەم دوو شارە دەشیا ببنە هێلی پشتەوە بۆ هێرشبردنە سەر هەکاری و لەوێشەوە بۆ سەر میزۆپۆتامیا. بەلآم هەر زوو هێزەکانی ڕووس بێتوانا بوون لەوەی چیتر بچنە پێشەوە و لە کۆتایی ئایار وەختایەك هێزەکانی تورك و کورد پەلاماری هەکاریان دا مەسیحییەکان بە تەنیا خۆیان بینییەوە و ناچار دایانە ناو چیاییەکان و ڕووس تەنها لە مانگی ئاب 400 قۆزاقی لە ورمێوە بۆ یارمەتیان ناود بەلآم ئەم هێزە لە ڕێگە لە لایەن ئاغای ئۆرەمار لەناوبرا. دواجار ناچار ئاسووریەکان بە سەد دەرد و ناخۆشی کشانەوە بۆ ورمێ. نووسەر لەم وتارەیدا دواتر باسی مامەڵەکردنی هێزە گەورەکانی: ڕوسیا، برتیانیا و فرانسا دەکات بەرامبەریان و دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەریش یارییەکە تەنها لە نێوان ئینگلیز و فرەنسییەکان دا مایەوە. دواتر باسی کوشتنی مارشەمعون دەکات لە لایەن سمکۆ و ڕەوشی ئاسووریەکان لە دوای ئەوە و دواجاریش کۆچی 80000 ئاسوری بۆ هەمەدان کە هەر تەنیا 60000 گەیشتنە هەمەدان و لەوێشەوە بۆ ئۆردوگایەکانی بەعقوبە.

453-Pierre Rondot, « Les Assyriens des tribus de l'Hakkiari : égalité tribal Assyro-Kurde », In *Les Chrétiens du monde Arabe,* Ed. Maisonneuve & Larose, paris, 1989, p.131-138.

453-پییێر ڕۆندۆ، هۆزە ئاسوورییەکانی هەکاری: یەکسانیی خێڵەکیی ئاسووری و کورد". ئاسوورییەکان "مەسیحی عەرەب نین" و لە بنەواندا زمانیان ئارامی یە بەلآم

دوای ئەوەی لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانی ئاوارەی عێراق بوون و بەشێکیشیان ئاواری سەریا بوون بوون بە "مەسیحی جیهانی عەرەبی". دوایی باسی پێوەندییە مێژووییەکانی کورد و ئاسوری دەکات و باسی ئەوە دەکات که چەنید سەدەبوو هۆزە کورد و ئاسووریەکان پێکەوە دەژیان و درێژەی بەم پێوەندییە مێژوویەی نێوان هەر دوو گەلٚ دا دەنێ بە تایبەتی لە نێوان هۆزە کورد و ئتسوورییەکانی ناوچەی هەکاری و جەزیرە.

454-Pierre Rondot, « Origine et caractère ancestraux du peuplement Assyrien en Haute Djézireh Syrienne », In *BEO*, Institut français de Damas, Tome XLI-XLII, année 1989-90, Damas, 1993.

455- Florence Hellot, « La fin d'un monde : Les Assyro-Chaldéen et la première Guerre Mondiale », In : *Chrétiens du monde arabe: un archipel en terre d'Islam,* (sous la dir. De) Bernard Heyberger, Paris : Éd. Autrement, 2003, p. 127-144.

455-فلۆرانس هێللۆ، "کۆتایی جیهانێك: ئاسووری-کلدانییەکان و جەنگی یەکەمی جیهانی". ئەم وتارە سەنتێزێکی زانستییە لەبارەی ڕەوشی ئاسوورییەکان لە ساڵەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی و ساڵانی ئینتیدابی بریتانیا لە عێراق دا. لەم وتارەدا بە وردی باسی کۆچڕەوی ئاسوورییەکانی هەکاری کراوە بۆ ورمێ (1915)، هاوپشتیان لەگەڵ ڕووسیا و ڕۆڵی ئاسوورییەکان لە جەنگی یەکەمی جیهانی و بە تایبەتیش لە شاری ورمێ و دواتر دووبارە کۆچکردنەوەی مەسیحییەکان بۆ بەعقوبە و تراژیدیای پشتتێکردنیان لە لایەن دەوڵەتە گەورەکانەوە.

456-Florence Hellot, « Les Assyro-Chaldéens de Perse et du Hakkari : des migrations à l’exil (1835–1935) », In: *Études kurdes*, Paris, L'Harmattan, N° (7), 2005, p. 81–94

456- فلۆرەنس هیللۆ، "ئاسووری-کلدانییەکانی ئێران و هەکاری: لە کۆچەوە بۆ مەنفا (1835-1935)". باسێکی کورتی مێژوویی ئاسوورییەکان و دواتر باسی کۆچە باوەکانی ئاسورییەکان دەکات لەسەدەی نۆزدەهەم دا. لە بەشی یەکەمی وتارەکە باسی ڕەوشی ئاسووری-کلدانییەکان دەکات لە ئێران و هەکاری لە دەوروبەری ساڵی 1840 دا. باسێکی پێکهاتەی کۆمەڵگەی ئاسووری و پێکهاتەی خێڵ لە کۆمەڵگەی ئاسووری دا کە ئەم هۆزانە تاوەکوو ساڵی 1915 هەر لە هەکاری دەژیان و هەرچی پاتریارش بوو لە موسڵ دادەنیشت و هەر تەنها دەسەڵاتێکی ڕۆحی هەبوو. لەبەشی دوەمی وتارەکە باسی فاکتۆر و واقیعیەتی کۆچی ئاسووری-کلدانییەکانی ئێران و هەکاری دەکات و و سیاسەتی بە ناوەندیکردنی عوسمانی بە سۆنگەی کۆچی ئاسووریەکان دادەنێ و باسی تێکهەڵچوون و پێکداهەڵپڕژانەکانی ناو چیایەکانی کوردستان دەکات و ئاماژە بە ڕووداوەکانی ساڵی 1840 ی میر بەدرخان و ساڵی 1880 ی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری دەکات و پاشان باسی ڕەوشی کارەساتباری ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی بۆ سەر ئاسوورییەکان و دواتر باسی دەرچوونی ئاسوورییەکان دەکات لە ئێران و قەتڵوعامی ساڵی 1918 و دواجار کۆچی ساڵی 1933 باسدەکات.

457-Jacque Rhétoré, *Les chrétiens aux bêtes : souvenirs de la guerre sainte proclamée par les Turcs contre les chrétiens en 1915*, préface par Jean-Pierre Péroncel-Hugoz ; étude et présentation du document par Joseph Alichoran, Paris : Cerf, 2005, (397 p).

457-بریتییە لە بیرەوەری و یادداشتنامەی ڕۆژانەی ژاك ڕیتۆریّ لە ساڵی 1915 دەربارەی قەتڵوعامی ساڵی 1915 ی مەسیحییەکانی ئیمپراتۆریای عوسمانی. نووسەر لە دیسامبەری 1914 ڕادەگوێزرێتەوە بۆ دیاربەکر و لەوێشەوە بۆ خارپوت کە ناوچەیکی عەسکەری بووە. لە سۆنگەی تەمەن و لە سایەی حیلمی بەگی موتەسەریفی ماردین، دەتوانیّ لە شار دا بمێنێتەوە. دوو ساڵ لەم شارەدا دەمینێتەوە و بە چاوی خۆی ڕووداوەکانی بینییوە و وەك چاو ساغێك ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە. زۆر بە وردی باسی قەتڵوعامی شاری دیاربەکر و دەوروبەری (وێرانشەهر، دەرکیّ، سیوەرەك و ناوچەکانی باکووری ویلایەتەکە) دەگێڕێتەوە. پاشان باسی قەتڵوعامی ئۆرفە، پەلاماری مەسیحییەکانی ماردین، سیرت دەگێڕێتەوە و کۆمەڵێك بەڵگەنامە و نەخشە و وێنەی مێژوویی لەگەڵ دایە. بۆ زاینیاری و ئاگاداربوون لە ڕەوشی مەسیحییەکانی کوردستانی تورکیا و کوردستانی تورکیا بە گشتی لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی دا سەرچاوەیەکی یەکجار پڕ بایەخە.

458-Georges Bohas & Florence Hellot-Bellier, *Les assyriens du Hakkari au Khabour: mémoire et histoire*, Paris, Ed. Geuthner, 2008, (215 p).

458-جۆرج بۆهاز و فلۆرانس هیلۆ-بیلێیر، ***ئاسوورییەکان لە هەکارییەوە بۆ خاپوور: یادەوری و مێژوو.*** نووسەرانی ئەم کتێبە هەردوکیان پسپۆری بواری ئاسووریناسیین و لە ڕێگەی دوو هۆنراوە (سەربووردە) شەماس (خزمەتکاری کلێسە) ی شادە پیترۆس لە هۆزی چلنای کە بە زمانی ئاسووریەکان)سورێت) تۆمارکراوە مێژووی قەتڵ و عام و کۆچی ساڵی 1915 ی مەسیحییەکانی هەکاری و خاپوور دەگێڕێتەوە. ئەم دوو هۆنراوەیە یادەوەری ئەو ڕۆژانەن کە جاڕدانی جیهاد لە لایەن بابیعالییەوە یەکریزی کۆمیونیتەکانی ناو ئیمپراتۆریای عوسمانی لەبەر یەکهەڵوەشاندەوە و سیاسەتی دڵڕەقانەی تورکیا بەرامبەر بە مەسیحییەکان و وادەی بیّ بەڵێنی دەوڵەتە گەورەکان بۆ پاراستنی ئەم کۆمیونیتەیە دواجار بە

مەرگەساتێکی گەورەی مەسیحییەکان شکایەوە. کتێبەکە بەمشێوەیە دابەشکراوە. پێشبار (لا: 5-13). فەسڵی یەکەم: وەرگێڕاوی فرەنسی هۆنراوەی یەکەم (لا: 15-26). فەسڵی دووەم: کۆمێنتار لەسەر هۆنراوەی یەکەم (لا: 27-44). فەسڵی سێیەم: وەرگێڕاوی فرەنسی هۆنراوەی دووەم (لا: 45-56). فەسڵی چوارەم: کۆمێنتار لەسەر هۆنراوەی دووەم (لا: 57-70). دوای ئەوە لە فەسڵی پێنجەم دا نووسەران هاتوون بەشوێن گێڕانەوەکانی دیکەی تراژیدیای مەسیحییەکان دا گەڕاون وەك: 1-کارەساتی کوشتنی مار شەمعوون لە لایەن سمکۆ لە ڕوانگەی گەواهینامەکانی دانێل مەلیك شمایل. 2- گێڕانەوەی ئێرانەییەکان (لا: 71-88). فەسڵی شەشەم: گفتوگۆ لەگەڵ شەماسە یۆسف زایا (لا: 89-116). فەسڵی حەوتەم: کۆمێنتار لەسەر گفتوگۆ لەگەڵ شەماسە زایا (لا: 179-181). دوای ئەوە نەخشەیەکی ناوچەی هەکاری، ئاسوورییەکانی خاپوور و کارەساتی کۆچی ئاسوورییەکان 1915-1935. دواجاریش لە پاشکۆی کتێبەکەدا دەقی هەردوو هۆنراوەکە بە زمانی ئاسووری (سورێت) چاپکراون (لا: 189-215).

## 5.6: ئەهلی هەق

459- Comte Gobineau, *Trois ans en Asie* (de 1855 à 1858), Paris, Ed. Hachette, 1859, p. 338-370.

460- V. Minorsky, « Notes sur la secte des Ahlé-haqq », In *Revue du Monde musulman*, n° 40-41, pp. 19-97 & n° 44-45, p. 205-302, 1920-1921.

461-H. Adjarian, « Une religion nouvelle : Les Thoumaris », In *Revue de l'histoire des religions*, Ed. Ernest Leroux, 1926, p. 294-306.

461-ه. ئاجەریان، " ئاییینێکی نوێ: توومارییەکان". ئەم وتارەی زانای زمانەوانی ئەرمەنی ه. ئاجەریان کە تەرخانی لقێکی ئەهلی هەقەکان (گۆران)ەکانی تۆرۆس کراوە بەرهەمی مانەوەی نووسەر بووە لە تۆرۆسی پایتەختی ئازەربایجانی ئێران لە چارەگی یەکەمی سەدەی بیستەم و دواتر باسەکە لە کۆتایی ساڵی 1925 گۆواری بولتەنی زانکۆی ئەرمەنستانی شوورەوی بە ئینگلیزی و ئەرمەنی بڵاوکراوەتەوە و ساڵی دواتر تەرجەمەی فرەنسی کراوە. وتارەکە کەم و کوڕی زانستی زۆرە و مینۆرسکی بەشێوەیەکی زۆر زانستیانە وەڵامی داوەتەوە.

462-V. Minorsky, *Etudes sur les Ahl-i Haqq. - I "Toumari" = Ahl-i Haqq,* In "Revue de l'histoire des religions", janvier-février 1928, t. XCVII, n. 1, p. 90-105.

462-ڤ. مینۆرسکی، "چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی ئەهلی هەق.-"توماری=ئەهلی هەق". ئەم باسەی مینۆرسکی وەڵامدانەوەیەکی زانستیانەیە لەسەر ئەم وتارەی زانای بەناوبانگی ئەرمەنی ئاجەریان و بەو پێییەی مینۆرسکی یەکێك لە زانا و شارەزا باڵادەستەکانی بواری ئاییینی ئەهلی هەق بوو، زۆر کەلێن و کەلەبەری وتارەکەی ئاجەریان پڕکردۆتەوە گەلێکیش زانیاری و تێبینی گرینگی خستۆتە سەر زانیارییەکانی نووسەر.

463- Mohhamed Mokri, « Cinquante-deux versets de Cheikh Amir en dialecte Gurâni ». In : *Journal Asiatique,* 1956, p. 391-422.

463- محەمەد موکری، " پەنجا و دوو بەیتی شێخ ئەمیر بە دیالێکتی گۆرانی". بریتییە لە پەنجا و دوو بەیت کە لە دەسنووسێکی شێخ ئەمیر دا وەرگیراوە کە بە دیالێکتی گۆرانی لەبارەی ئاییینی ئەهلی هەق نووسراوەتەوە و موکری تێکستە گۆرانییەکانی بە فرەنسی لێکداوەتەوە و تەرجەمەی فرەنسیشی کردوون.

464- Mohhamed Mokri, « L'idée de l'incarnation chez les Ahl-I Haqq »,In *Akten du XXIV. Internationalen orientalisten-Kongresses* München, 1957, Wisbaden, 1959, p. 496-498.

**464–محەمەد موکری، " ئایدیای دۆناودۆن لای کوردەکانی ئەهلی هەق". ئەم باسە سەرەتا لە بیست و چوارەمین کۆنگرەی ڕۆژهەڵاتناسان لە شاری میونیخ لە سێپتامبەری 1957 خوێندرایەوە و بریتییە لە باسێکی زۆر کورتی پۆشاکپۆشی یان دۆناودۆن لای کوردەکانی ئەهلی هەق.**

465-Mohammad Mokri, « Les songes et leur interprétation chez les Ahl-e-Haqq du Kurdistan iranien », In « *Les songes et leur interprétation* », Paris, Ed. Seuil, 1959, p. 191-205.

466-Mohammad Mokri, Le symbole de la perle dans le folklore persan et chez les Kurdes fidèles de vérité (Ahl-e Haqq), In "*Journal asiatique*", (année 1960), p. 463-481.

467-Mohammad Mokri, " La Naissance du monde chez les Kurdes Ahl-i Haqq ", *in Trudy XXV Mejdunarodnogo Kongressa Vostokoved*, tome 2, Moscou, Izdat, vostotchnoi literatury, 1963, p. 159-163.

468-Nûr Alî- Shâh Elâhî, *L' ésotérisme kurde: aperçus sur le secret gnostique des fidèles de vérité;* traduction, introduction, commentaires et notes par Mohammad Mokri, Paris : A. Michel,1965, (242 p).

469-Thomas Bois, « Une secte ésotérique Kurde : les Ahl-e Haqq ». In : *Bibliotheca Orientalis* 23 (1967), p. 250-252.

470-Mohammad Mokri, " Kalâm sur l'Aigle divin et le verger de Pirdîwar ", *in Journal Asiatique*, Paris, 1967, p. 361-374.

471-Mohammad Mokri, *Le Chasseur de Dieu et le mythe du Roi-Aigle (Dawra-y Dâmyârî*). Texte établi, traduit et commenté avec une étude sur la chasse mystique, le temps cyclique et des notes linguistiques. Wiesbaden, dans la coll. Iranistik de l'Université de Berne (Suisse), Otto Harrassowitz, 1967, (226 p).

**471– محەمەد موکری، *ڕاوچی خوداوەند و ئەفسانەی شاهباز (دەورەی دامیاری)*. بریتییە لە بەشێکی تێکستەپیرۆزەکانی ئەهلی حەق کە لە دەسنووسی (دفتر خزانە پردیوەری گۆران) دا وەرگیراوە. موکری تێکستەکەی تەرجەمەی فرەنسی کردووە و دواتر تێبینی زمانەوانی و ڕێزمانی لەسەر تێکستە گۆرانییەکە نووسیووە و دواجاریش لە لاپەرەکانی (163–206) تێکستە گۆرانیەکە (دەورەی دامیاری) بە کوردی دووبارە نووسیوەتەوە.**

472-Mohammad Mokri, *Le Secret indicible et la Pierre Noire, dans la tradition des Kurdes et des Lurs Fidèles de Vérité (Ahl-i aqq).* Appendice : Dawra-y Wazâwar, texte gourani établi, traduction, commentaires, notes et glossaire. 2e édition à la mémoire de V. Minorsky, Paris-Louvain, Librairie H. Samuélian, 1968, (102 p).

473- Mohammad Mokri, « La musique sacrée des Kurdes "Fidèles de vérité" en Iran », In : *l'Encyclopédie des musiques sacrés,* Editions Labergerie, Tom 1, Paris, 1968, p.441-453

**473–محەمەد موکری، " مۆسیقای پیرۆز لای کوردەکانی ئەهلی هەق". باسێکی ئامێر و مۆسیقای تەقلیدیی دەکات لەناو کتێبە پیرۆزەکانی ئەهلی هەقەکان دا کە بەشێکی زۆریان ئاماژە بە بەکارهێنانی مۆسیقا دەکەن لە سیرۆمۆنییە ئایینییەکان دا. پاشان باسی ڕۆڵ و تایبەتمەندێتی تەنبوور باسدەکات و باسی مۆسیقا خوێن و گۆرانیبێژ و دەزگایەکانی ژەنین و سروودە ئایینییەکانی ئەهلی هەقەکان بەسەر دەکاتەوە.**

474- J.P. Roux, « Les Fidèles de Vérité et les croyances religieuses des Turcs », In *Revue de l'histoire des religions*, n° 175, 1969, p. 61-95.

475-Mohammad Mokri,"Un Kalâm gourani sur les compagnons du roi des rois ", in *Journal Asiatique*, Paris, 1969, p. 317-359.

476-Mohammad Mokri," Le Kalâm gourani sur "le Cavalier au coursier gris", le Dompteur du vent ", in *Journal Asiatique*, Paris, 1974, p. 47-93.

477-Minorsky, V, « Ahl-i Hakk », In : *Encyclopédie* de l'Islam, 1975, vol. 1 p. 268-272.

478-H.Beik-Baghban, *Religion de Vérité : Enquête de sociologie religieuse chez les Ahl-e-Hakk d'Iran.* Thèse d'Etat, Université des Sciences Humaines de Strasbourg, 1975, (  p).

479-Mohammad Mokri, *La grande assemblée des fidèles de vérité an tribunal sur le mont Zagros en Iran: Dawra-y d¤w¤na-gawra : livre secret et ihédit en gourani ancien,* texte critique traduction, introduction et commentaires avec des notes linguistiques et glossaire, Paris : Librairie Klincksieck, 1977, (393 p).

480-Mohammad Mokri, " Le Kalâm gourani sur le pacte des compagnons Fidèles de Vérité au sein de la Perle prémondiale ", *in Journal Asiatique*, Paris, 1977, p. 237-271.

481-Elahi, Bahrâm, *La voie de perfection : l'enseignement secret d'un maître kurde en Iran*, Paris : Albin Michel, 1982, (222 p).

482-Mohammad Mokri, « Notes sur la généalogie des fondateurs de la secte des Fidèles de Vérité ( Ahl-I Haqq) d'après un manuscrit inédit de source sunnite », in : *Journal Asiatique*, 282, 1, 1994, p. 37-110

483- Mohhamed Mokri, « Pleureuses professionelles et la mort de Chirin. Lamentations funéraires en Iran occidental (chez les Kurdes) », In *persico-kurdica,* Ed.. Perterrs, 1995, p. 460-506.

484- Mohhamed Mokri, *Mythe historique de l'époque islamique au Luristan. La geste du roi Khochin, le Cavalier de la Montagne*, études d'éthnolexicologie, 1 ère Partie in *Journal*

*Asiatique*, tome CCLXXXV, n° 1, 1977, pp. 123-2333; 2 ème partie in *Journal Asiatique*, tome 287, 1, 1999, p. 9-190.

485-Mohhamed Mokri, « Sultan Sehâk », In *Encyclopédie de l'Islam,* 2e édition, E.J. Brill, Leiden, 1999, p. 891-893.

486-Mojane OZGOLI-MEMBRADO, « *Forqân Al-Akhbâr* de Hâjj Ne'matollâh Jeyhûnâbâdi (1871-1920). Écrit doctrinal Ahl-e Haqq -Edition critique, étude et commentaire », Thèse de doctorat sous la direction de Mohammad Ali Amir-Moezzi, soutenue le 28/06/2007.

### 6.6: عەلەوی و عەلەویزم

487-Hmait Bozarslan, "L'alévisme, la méta-histoire et les mythes fondateurs de la recherche", in I. Rigoni (coord.), *Turquie, les mille visages. Politique, religion, femmes, immigration*, Paris, Ed.Syllepse, 2000, p. 77-88.

488-Hmait Bozarslan, "Alévisme ou l'impossible équation du nationalisme turc" in A. Dieckhof & R. Kastoryano (dir.), *Nationalismes en mutation en Méditerranée orientale*, Paris, CNRS Editions, 2002, p. 133-152.

489-Hmait Bozarslan, "La figure du martyr chez les Kurdes", in C. Mayeur-Jouant (dir.), *Saints et Héros du Moyen-Orient contemporain*, Paris, Maisonneuve - Larouse, 2002, p. 335-347.

## 7.6: ئێزیدیناسی

490-Michel Febvre, *Théâtre de la Turquie*, Traduit d'italien en français; par son auteur le Sir Michel Febvre, Paris, 1682, p, 252-269.

490–ڕەنگە یەکەم کەسێك لە ئەوروپاییەکان کە زانیاری یان لەبارەی ئێزیدیەکانەوە بە دەستەوە دابێت Michel Febvre بووبێت کە لە کتێبی *Teatro della Turchia* کە ساڵی 1681 لە میلانۆ بە زمانی ئیتالیایی چاپکراوە و ساڵی دواتر لە لایەن نووسەر خۆیەوە تەرجەمەی فرەنسی کراوە و لە پاریس بڵاوکراوەتەوە لە لاپەرەکانی 252 تا 269 چەند زانیاری و ڕاگەیاندنێکی سەرەتایی لە بارەی ئێزیدیەکان بە دەستەوە دەدات و وەك " شەیتان پەرست" باسیان دەکات. شایانی گوتنە نووسیار لەم کتێبەی خۆیدا نکوڵی لەوە دەکات ئێزیدیەکان هیچ کتێبێکی ئایینیان هەبێت.

491-M. ***, "Notice sur les Yézidis". In: *Description du pachalik de Bagdad : suivie d'une notice historique sur les Wahabis, et de quelques autres pièces relatives à l'histoire et à la littérature de l'Orient,* Paris : Treuttel et Würtz, 1809, (261 p), p. 183-210.

491–م***،" چەند سەرنجێك دەربارەی ئێزیدییەکان". ئەم وتارە کە کراوەتە پاشکۆی کتێبەکەی ڕۆسۆ : *وەسپی پاشالیکی بەغدا* و ساڵی 1809 لە پاریس بڵاوکراوەتەوە، کە لە بنەوان دا بریتییە لە وتارێکی باوکە گارزۆنی کە بۆ ماوەی ( 18 ) ساڵ لە کوردستان ژیاوە و پێوەندی کەسیی لەگەڵ یەزیدی یەکەم هەبووە و

وتارەکە ساڵی 1807 بە ئیتالی لە بارەی ئێزیدییەکان بڵاوکراوەتەوە[*]. ئەم باسەی ئێرە وەرگێڕاوی فرەنسی ئەم وتارە ئیتالییەیە. زانیارییەکانی ناو ئەم وتارە زۆر سادە و زۆریش دوورن لە ڕاستییەوە. نووسەر ئێزیدییەکان وەکوو بەربەری دەناسێنێ کە هیچ ڕێسا و یاسایەك ناناسن و نە ئادابیان هەیە و نە ڕۆژوو دەگرن و نە جەژنیان هەیە و نە نوێژ. بە قسەی نووسەر ئایینی ئێزیدی تێکەڵاوێکە لە مانەوی، ئیسلام و باوەڕی کۆنی ئێرانییەکان.

492- Joseph Von Hammer-Pargstall, « sur les kourdes, sectateurs du Cheikh Aadi ». In *Journal Asiatique,* Série 5, Tom V, 1855, p. 468-470.

492–هامەر–پورگشتال، "دەربارەی کوردەکان، تایەفەوانانی شێخ ئادی". سەرەتا نووسەر باسی ناوەکانی شێخ ئادی دەکات و بە شێخی کوردی هەکاری ناوی دەبات. باسێکی کورتی ژیاننامەی شێخ ئادی یە کە لە ڕووی دەسنووسێك بەناوی ( *السلوك لمعرفه الدول الملوك*)[*] –ەوە تەرجەمە کراوە کە ئێستە (ساڵی 1855) لە کتێبخانەی ئەمپریال لە پاریس بە ژمارە 647 پارێزراوە. بەگوێرەی ئەم دەسنووسە شێخ ئادی کوڕی موسافیری ئەلهەکارییە و سەر بە بنەماڵەی شێخانی سۆفی هۆزی هەکارییە کە لەناوچە کوردییە چیاییەکانی مووسڵ دا دەژین. ساڵی 557 ی کۆچی کۆچی دوایی کردووە. شێخ ئادی پاسەوانێکی پەرستگەی هەبووە بە ناوی شێخ حەسەن. عەدەوییەکان لەو باوەڕەدان کە وەختایەك شێخ لە مردن نزیك بۆتەوە، وەك چۆن ئەوەی منداڵی نەبووە پشتی بە پشتی ئەم پاسەوانەی پەرستگە داوە و پێی وتووە کە وەچەکەی ئەم بۆ ئەم گواستراوەتەوە.

---

[*] Garzoni, Maurizio, O.P., *Della Setta delli Jazidij*. In Abat Domenico Sestini, Viaggi e opuscoli diversi, Berlin, 1807, pp. 203-12

[*] *Es-Solouk Li Marifet Douwel el-Molouk.*

493- N. Moutran, « Yézidis ou Schamanistes ». In *La Chaldée, esquisse historique*, Rome, 1867, p. 34-46.

493-ن. موتران، "ئێزیدییەکان یان شامانیستەکان". "ئێزیدییەکان شەیتان دەپەرستن و خۆشیان دەوێ چونکە بنچینەی خراپەکاریانە". بریتییە لە باسێکی کورت دەربارەی ئایینی ئێزیدییەکان و باسی بیروباوەڕ، ڕێکخستن سیاسیی و ئایینی ئێزیدییەکان دەکات. لەبارەی ئێتیمۆلۆژی ناوی (ئیزیدی( کە ئەو بە (یەزیدی) نووسیووە نووسەر دەگەڕێتەوە سەر نووسراوێکی سەدەی نۆیەم کە نووسەرەکەی تۆما ناوێکی قەشەی مەرگە Marga یە باسی چەندین ناوچە دەکات کە "شەیتان پەرستەکان" ی تێدا دەژین. لە کتێبی پێنجەم، فەسڵی یانزەهەمی مێژووی کلێسەی بێت-هابێ دا دەنووسێ کە دانیشتوانی شارێك بەناوی موکان بتێك بە ناوی (یەزد) یان (یەزداد) لەسەر شێوەی داربەڕوویێك دەپەرستن کە بەلای ئەوە ناوی ئێزیدییەکان لەوەوە هاتووە. پاشان نووسەر باسی ڕقی نێوان موسڵمان و ئێزیدییەکان دەکات و ژمارەی ئێزیدییەکان لەو سەردەمەدا بە چەند سەدان هەزار کەس دادەنێ لە کوردستان و میزۆپۆتامیا. نووسەری ئەم کتێبە هێندە دەمارگیری ئایینی تێدایە کە ئێزیدییەکانی لەناو بازنەی مەسیحییەکان داناوە.

494-T.GILBERT, « Note sur les Sectes dans le Kurdistan ». In *Journal Asiatique*., VIIème série, Tom II, 1873, p. 393-395.

494-ت. ژیلبێرت، "تێبینی دەربارەی تایەفەکانی لە کوردستان دا". وتارێکی کورتە لەبارەی تایەفە و ئایننزایەکانی کوردستان وەك: قزلباش (کلاوسورەکان)، ئێزیدی و بابییەکان (دانیشتوانی چەند گوندێکی هەکاری لە نێوان باشقەلا و قوتوور لە نزیك سنووری تورکیا-ئێران). دواتر نووسەر دەنووسێ لەناو چیایەکانی کوردستان دا هۆزگەلێك هەن کە سەرلەبەریان درەختی سەدان ساڵەی دارستانەکانیان دەپەرستن و پەرستگەیەك هەیە کە لە کۆمەڵێك بەردی گەورە دروستکراوە و بە

دۆلمێن[20] یان مونهیر[21] دەچێ دەیپەرستن. زانیارییەکانی ناو وتارەکە زۆر سادە و هەڵەیان زۆرە.

495- Nicolas Siouffi, « Une courte conversation avec le chef de la secte des Yézidis ou les Adorateurs du Diable», *In Journal Asiatique*, 7: 18: 1880, p. 78-83.

496- Nicolas Siouffi, « Notice sur la secte des Yezidis », In *Journal Asiatique*, VII Série, vol. 19, 1882 p. 252-68.

496-م.ن.سیوفی، "سەرنجێک دەربارەی تایەفەی ئێزیدییەکان". سیوفی جێگری کونسولی فرانسا بوو لە مووسڵ و بە خۆی زانیارییەکانی دەربارەی ئێزیدییەکان لە ناوچەکە کۆکردۆتەوە. لە بەشی یەکەمی وتارەکەدا نووسەر باسێکی ترادسیۆنی کۆسمۆگۆنی و دروستبوونی جیهان دەکات لای ئێزیدییەکان، دروستبوونی مرۆڤ، دروستبوونی حەوا دەکات. بەشی دووەم باسی بنچینەی ئایینی ئێزیدییەکان دەکات و لە بەشی سێیەم دا باسی میری ئێزیدییەکان و ڕێکخستنی ئایینی و کۆمەڵایەتی ئێزیدییەکان دەکات.

497- Nicolas Siouffi,  « Notice sur le Cheikh 'Adi et la Secte des Yezidis », *Journal Asiatique*, VIII Série, vol. 5,1885, p. 78-100.

497-سیوفی، "تێبینی دەربارەی شێخ ئادی و تایەفەی ئێزیدییەکان". بریتییە لە دووەم وتاری سیوفی دەربارەی ئێزیدییەکان. لە ڕاستیدا ئەم وتارە بریتییە لە هەڵبژاردەیەک لە نووسینەکانی ابن خلکان لەبارەی تایەفەی عەدەری کە باسی ژیانی

---

[20] Dolmen : دۆلمێن، جۆرە کۆتەلێکی پێش-مێژووە و بریتییە لەبەردی لەسەر یەک کەڵەکراو.

[21] Menhir : مونهیر، کۆتەلێکی بەردینە کە وادەبێ بەرزاییەکەی دەگاتە بیست مەتر.

شێخ ئادی دەکات و بەمجۆرەی نووسیوە شێخ ئادی کوڕی موسافری کوڕی ئیسماعیل کوڕی موسافیر ی کوڕی مەروانی کوڕی مەروانی هەکاری. ساڵی مردنی بە ساڵی 557 (555 بە گوێرەی نووسەری دیکە) دادەنێ و پاشان بە گوێرەی مێژووی ئەبو ئەلبەرەکاتی کوڕی ئەلموستەوفی خاوەنی کتێبی مێژووی ئەربیل دەنووسێ کە مووزەفەرەددینی سینۆری ئەربیل وتوویە، من منداڵ بووم بینومە شێخ ئادی بن موسافیر پیرەمێردێکی گەنمی بووە، بالآیەکی مام ناوەندی هەبووە". پاشان چەندنووسینی نووسەرێکی دیکە دەربارەی شێخ ئادی دەگێڕێتەوە و لە بەشەکانی دواتریش باسی بنەماڵەی شێخ ئادی و شێخە ڕۆحانییەکانی ئێزیدی و هیرارشی ئایینی ئێزیدی دەکات.

498-Édouard de Kovalevsky, Les Kourdes et les Iésides, ou les Adorateurs du démon, In "*Bulletin de la Société royale belge de géographie*", 1890, p. 157-186.

499-Minassé Tcheraz, « Les Yézidiz étudiés par un explorateur arménien », In *Muséon.* T X, n° 2, Louvain, 1891, p. 194-198.

499-میناس چێراز، "ئێزیدییەکان، لێکۆڵینەوەیەك لە لایەن گەڕاڵێکی ئەرمەنی". بریتییە لە وەرگێڕانی لێکۆڵینەوەیەکی نووسەرێکی ئەرمەنی لەبارەی ئێزیدییەکان کە لە ژمارەی کانوونی دووەمی 1880 ی گۆواری مانگنامەی (چاپەمەنی ڕۆژهەلات) کە بە ئەرمەنی لە سمیرنا بلاوبۆتەوە دەخاتە بەرچاو و وتارەکە لە نووسینی گورەگۆس کازاندجیان-ە کە ئەندامی پەرلەمانی عوسمانی بووە و بەشێکی بەرچاوی ئیمپراتۆریای عوسمانی گەڕاوە. ئەم وتارە کورتە وەرگێڕاوی فرەنسی ئەو گەشتەنامەیە کە نووسەرە ئەرمەنییەکە لەبارەی ئێزیدییەکانەوە نووسیوویە و زانیاری گەلێك هەڵە و گەورەی تێدایە وەك ئەوەی (ئێزیدییەکان مانگا دەپەرستن ( یان ( عەلی دەپەرستن وەکو خوا).

500-Joachim Menant, *Les Yézidiz: épisodes de l'histoire des adorateurs du diable*, Paris : E. Leroux, 1892, (VIII-232 p).

500– ژۆواشیم مێنان، *ئێزیدییەکان: ڕوداوگەلی مێژووی شەیتان پەرستان.* باسێکی گشتیی داب و نەریت، مردن، ژنهێنان، لەدایك بوون و باوەڕی ئێزیدییەکان دەکات و زانیارییەکانی زۆربەی لە کتێبەکانی گەڕۆکەکانی وەك: ڕیچ، لایارد، میناسیۆ، شانتر، بادجەر، سیوڤ و میلنگن وەرگرتووە و دووبارەی کردوونەتەوە و گەرچی هاوسۆزی بۆ ئێزیدییەکان هەیە بەڵام لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە ئێزیدییەکان بە کورد دانانیۆ.

501-Ernst Chantre, « Notes ethnologiques sur les Yézidi », In *Bulletin de la Société d'Anthropologie de Lyon*, t ; 15, Lyon, Paris, 1896, p. 65-75.

502-J.-B. Chabot, "Notice sur les Yezidis, publiée d'après deux manuscrits syriaques de la Bibliothèque nationale et traduite par M. J.-B. Chabot", Paris, Impr. Nationale. In *Journal Asiatique*, Série 9, Tom 7, 1896, p. 100-132.

502– ژ.باتیست شابۆ، " چەند سەرنجێك دەربارەی ئێزیدییەکان بەگوێرەی دوو دەسنووسی ئاسووری". ژان پاتێست شابۆ ( 1860–1948) لە ڕووی دوو دەسنووسی ئاسوورییەوە کە کتێبخانەی نیشتمانی پاریس لە مووسڵ وەچنگی خستبوو و ئێستەش لەم کتێبخانەیە پارێزراون کورتە باسێکی مێژووی کۆنی ئێزیدییەکان دەگێڕێتەوە و باسی شێخ ئادی و دۆگمە ئاینییەکانی ئێزیدیاتی دەکات .

503- Anastase-Marie O. Carm, "le secret des Yezidis", In *Terre Sainte*, 1901, n° 17, p. 67-69.

503- ئەنستاس ماریی کەرمەلیی، "نهێینی ئێزیدییەکان".

504- Paul-Frédéric-Emile Perdrizet, « Documents du XVIIe siècle relatifs aux Yézidis », In Bulletin de la société de Géographe de l'Est, Vol XXIV, impr. de Berger-Levrault, Nancy, 1903, p. 281-306 & 429-445.

505- S. J. Lammens, « Le massif du Gabal Sim'an et les Yézidis de Syrie », In Mélanges de l'Université de St. Joseph 2, 1907, p. 366-407.

506- Armand Guerinot, « Les Yézidis », In Revue du Monde Musulman, 1908. V. N° VIII, p. 581-630.

506-ئارمەند گیێرینۆ، "ئێزیدییەکان". بریتییە لە پێشەکیەکی گشتی دەربارەی ئێزیدییەکان، بنچینەی ئایینی ئێزیدی و شوێن و دابەشبوونی جوگرافیان لە ناوچەکە. لە فەسڵی دووەم باسی ئەو سەرچاوە ئەوروپیانە دەکات کە لە بارەی ئێزیدییەکانەوە نووسیوویانە بە زمانە ئەوروپییەکان. فەسڵی سێیەم بریتییە لە مێژووی ئایینی و سروودی شێخ ئادی. فەسڵی چوارەم: بیروباوەر و فەسڵی پێنجەم ڕێکخستنی مەدەنی و ئایینی و چەند وێنەیەکی پەرستگەی لالش و مەلیك تاوسی لەگەڵ دایە.

507- Gustave Regelsperger, « Croyance mystérieuse des sectes d'Orient: Les Yézidis, adorateurs du diable». In

*Journal des voyages et aventures de terre et de mer*, N° 722, Dimanche, 2 October 1910, p. 291-292.

507–گۆستاڤ ڕیگلسپێرژێر، "باوەڕی ئاڵۆزی تایەفەکانی ڕۆژهەڵات: ئێزیدییەکان یان شەیتان پەرستەکان". سەرەتا باسێکی کورتی فرە ئایینی دەکات لە ئاسیای بچووك و دواتر باسی ئێزیدییەکان دەکات و باسی قەتڵوعامی ئێزیدییەکان دەکات بە دەست شمشێر بەدەستەکانی تورك و دەڵێ وەختایەك دەوروبەری ساڵی 1850 ژمارەی ئێزیدییەکان 200000 کەس بووە کەچی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم بوون بە 50000 کەس. نووسەر پرسیار دەکات "داخۆ ئەم ئێزیدیانە کێن کە حەوت خوداوەند دەپەرستن. دوو خودای بنچینەییان هەیە کە بنچینەی خێر و چاکەن کە لە ئایینی کۆنی ئێرانی زەردەشتییەوە وەرگیراوە. دواتر باسێکی ئایین، بیروباوەڕ، پێکهاتەی ئایینی ئێزیدیاتی دەکات. لە باسی ستاتووی ژن دا لای وایە ژن لای ئێزیدییەکان لە لای موسڵمانەکان ئازاد ترن. فرەژنی تەنها بۆ سەرکەکەیان ڕێگە پێدراوە و ژنەکانیان پەچە ناپۆشن و لە ئامادەبوونی بێگانەدا دەتوانن ئامادە بن و لە دواین جاریش باسی ترادسیۆنی ژنخوازی و مارەیی دەکات لای ئێزیدییەکان.

508-Anastase-Marie O. Carm., « La découverte récente des deux livres sacrés des Yêzîdis ». In *Anthropos*,  t. VI, N° 1. Janv-févr.1911, p. 1-39.

508– ئەنستاس ماریی کەرمەلیی، " دۆزینەوەییێکی تازەی دوو کتێبی پیرۆزی ئێزیدییەکان". ئەم وتارە تێکستی ئەسلیی کوردیی هەردوو کتێبی جیلوە و مەسحەفا ڕەش – ە بە ئەلفبێ ی تایبەتی کوردی تێدا بڵاوکراوەتەوە. ئەنستانس ماری کەرمەلی بۆ یەکەمجار وەرگێڕانی فرانسی هەردوو کتێبی جیلوە و مەسحەفا ڕەش لە گەڵ تێکستی ئەسلی هەردوو کتێبەکە بە ئەلفبێ ی تایبەتی کوردی ئێزیدییان بڵاوکردەوە و کۆمەڵێك زانیاری تازەشی خستنە ڕوو. بەگوێرەی زانیاریەکانی ئەنستاس ماری کەرمەلی کە لە ڕێگەی حەبیب ناوێکی خوازراو و کۆنە

کتێبخانەوانی ئێزیدییەکان کە لە ئایینی ئێزیدی هەڵگەڕابۆوە و بووبووە مەسیحی، گوایە کتێبەکان ئەو هێندە بە نهێنی هەڵگیراون کە ئەستەمە بزانرێ لە کوێن. کتێبە کان لەگەڵ کۆمەڵێك کتێبی دیکە بە زمانی جیاجیا لە ناو سندوقێکی شاراوە لە ناو ئەشکەوتێکی چیای شەنگال دا شاردراونەتەوە و تەنها سێ کەس کلیلی سندوقی ئەو کتێبانەیان لابووە کە ئەوانیش: سەرۆکی ئاینی، سەرۆکی دونیایی و کتێبخانەوانن. کتێبخانەوان ئەرکی ئەوی پێسپێردراوە هەر شەش مانگ جارێك کتێبەکان بۆ ماوەییێك بخاتە بەر خۆر. بە قسەی ناوبراو ئەم کتێبانە زۆر کۆنن و هی دەورانی یەکەمی مەسیحیەکانن. دوایی ئەنستانس ماری خوا کاری ڕاست بکات توانیویە یەکێك لە کتێبخانەوانەکان کە ناوی حەمۆ بووە بە پارەیەکی زۆر ڕازی بکات تا کۆپیەکی کت و متی هەردوو کتێبەکە وەبندەستبخات و دواتر لە گۆواری ئانترۆپۆس*Anthrops* ساڵی 1911 لەگەڵ وەرگێڕانە فرانسییەکە هەردوو تێکستە کوردییە ئەسلیەکەی کتێبی جیلوە و مەسحەفا ڕەش – یشی بڵاوکردۆتەوە و بەمکارەشی گەنجینەیەکی بەهاداری بۆ ئێمە پاراست.

509-L. Massignon, « Al-Hallâj, le phantasme crucifié des Docètes et Satan selon les Yézidis », In : *Revue de l'histoire des religions*, Tom LXIII, n° 2 (Mars-avril 1911), p. 195-207.

510- Louis-Fernand-Jules Massignon, « les deux livres sacrés des Yézidis ». In *Revue de l'histoire des Religions*, t. LXIII, 1911, p. 245-246., t LXIV, 1911, p. 264-265.

511- L. Bouvat, « A propos des Yézidis ». In *Revue du Monde Musulman*, 1914, vol XXVIII, p. 339-346.

512- François Nau, « Note sur la date et la vie de cheikh 'Adi, chef des Yézidis ». In *Revue de l'Orient Chrétien*. XIX/2, 1914. pp. 105-108.

**512–فرانسوا نوو، "سەرنجێك دەربارەی مێژوو و ژیانی شێخ ئادی، سەرۆکی ئێزیدییەکان". باسێکی کورتی ژیاننامەی شێخ ئادییە کە لە بەیت-فار لە نزیك بەعلەبەگ بە دایك بووە و لە تەمەنی 90 ساڵی لە نێوان 555 یا 557 ی کۆچی (1160 یان 1162 ی زایینی لە هەکاری لە ڕۆژهەڵاتی مووسڵ دا مردووە. لەناو حوجرەکەی خۆیدا نێژراوە. نووسەری ئەم وتارە بە گوێرەی سەرچاوە ئاسوورییەکان دەگاتە ئەو ڕاستیەی کەوا شێخ ئادی ڕەبەن نەبووە و سێ لە کوڕەکانی شێخ ئادی لە لایەن بار هێبرایۆس ناویان هاتووە. بەگوێرەی سەرچاوە ئاسوورییەکان دێرەی مەسیحییەکان لە سەدەی دوانزەهەم دا سی گوندی هەبووە، ئاسیاو، مێگەلی کاور، بزن، حوشتر و مانگای خۆی هەبووە. باوك و دایکی شێخ ئادی شوانی مێگەلەکانی کلێسە بوون. باوکی شێخ ئادی کوردێکی taïrhite[22] بووە و لە هاوینان مەرو مێگەلی دێرەی بردۆتە زۆزان و لە زستانیش بۆ ناوچەی مووسڵ. شێخ ئادی لە دێرەی مەسیحییەکان گەورە بووە و ئاسووری و عەرەبی فێربووە و هەموو کاروباری دێرەی بەڕێوە بردووە و ساڵانەش لەگەڵ قەشەکانی دێرە سەردانی قودسی کردووە.**

513-Nau, F & J. Tfinkdji, « Recueil de textes et de documents sur les Yezidis », In *Revue de l'Orient Chrétien*, 2nd series, vol. 20, 1915-17, p. 142-200, 225-75.

**513– ف . نوو، "کەشکۆڵی تێکست و بەڵگەنامە دەربارەی ئێزیدییەکان". ئەم کەشکۆڵە بریتییە لە کۆکراوەیەکی کۆمەڵێك بەڵگەنامە و تێکستی مێژوویی**

---

[22] **بەگوێرەی بار هێبرایۆس کوردەکانی taïrhite هەر بە بتپەرستی و لەسەر ئاییینی زەردەشتی ماونەتەوە. ئەو کوردانە نزیکەی 600 ڕەشماڵیان هەبووە و زیاد لە هەزار سەر مەریشیان هەبووە.**

دەربارەی ئایینی ئێزیدی وەك: 1- پێشەکەییەکی مێژوویی، 2- دوو دەسنووسی ئادی موسافیر کە لە بەرلین پارێزراون یەکێك لەوانە ئەو هۆنراوەیە گوایە لە لایەن شێخ ئادی نووسراوە و ئەوی دیکەیان دەسنووسێکە گوایە ساڵی 1509 لە دیمەشق نووسراوەتەوە. 3- تێکستی فرەنسی هەردوو کتێبی پیرۆزی ئێزیدییەکان (جیلوە و مەصحەفا ڕەش). 4-دەقی ئەو سکاڵانامەی کە لە لایەن کۆمیونیتەی ئێزیدییەکان ساڵی 1872 دراوەتە ئیمپراتۆریای عوسمانی بۆ لیخۆشبوونیان لە خزمەتی سەربازی. 5- تێکستی دوو دەسنووسی ئاسووری کە یەکەمیان دەگەڕێتەو بۆ سەدەی پانزەهەم دەربارەی شێخ ئادی و بە وەرگێڕانی فرەنسییەوە. دواجار چەند وەرگیراوێکە لە بادجەر، مینان لەبارەی شێخ ئادی.

514- N. Moutran, « Les Yézidis, Adorateurs du Diable », In *La Syrie de demain*, Paris, Ed. Plon, 1916, p. 405-424.

514- ن.موتران،" ئێزیدییەکان، شەیتان پەرستەکان". لە بەشی چوارەمی کتێبەکەیدا بە ناوی "ئاینەکان و نەتەوەکان" باسی ئێزیدییەکان دەکات و ژمارەیان لە سوریا بە 10000 کەس دادەنێ لەناوچەی جەبەل سومان لە باکووری حەلەب. و باسی ئێزیدییەکان دەکات کە کۆچەرەکانیان لەسەر پەروەردەی ئاژەڵداری دەژین و نیشتەجێیەکانیشیان لەسەر کشتوکاڵ دەژین (لا: 406). نووسەر باسی ئەوە دەکات کە ئێزیدییەکان لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەم ژمارەیان 250000 کەس بووە بەڵام کورد لە لایەك و تورك لە لای دیکە تەفروتونایان کردن بەجۆرێك ئێستەکە هەر تەنها 50000 کەسێکیان لێماوەتەوە. ساڵی 1892 ژێنێرالی تورك، عومەر پاشا قەتڵوعامی کردن و 15000 کەسیان ناچاربوون ببن بە ئیسلام. دواتر نووسەر باسی بنچینەی ئایینی ئێزیدیاتی دۆگم و باوەڕ، حەجکردنیان و شتە قەدەغەکراوەکان و دواجاریش باسی مردن و داب و نەریت و کاراکتەری ئێزیدییەکان دەکات.

515- S. J. Lammens, « Une visite aux Yézidis ou adorateurs du Diable ». In *Relations d'Orient*, 1929, p. 157-173.

515–س. ژ. لامێن، " گەشتێك بۆناو ئێزیدییەكان یان شەیتان پەرستەكان". نووسەر ساڵی 1903 بە ڕێگەی ئەسكەندرییە–حەلەب و لەوێشەوە چۆتە ناو ئێزیدییەكان. لە سوریا تەنها 5000 ئێزیدی ماونەتەوە و ژمارەی تێكرای ئێزیدییەكان بە 500000 كەس دادەنێ. نووسەر چووەتە سەردانی پەرستگەی لالش و باسی كوشتارەكانی ئێزیدییەكان دەگێڕێتەوە بەدەست توركەكان و دەگەڕێتەوە سەر مێژووی سەدەی حەڤدەهەمی ئێزیدییەكان و باسی ئەوە دەكات كەوا بالوێزی لویسی چواردەهەم لە لای بابیعالی سەردانی حەلەبی كردووە و چاوی بە سەرۆكی ئێزیدییەكان كەوتووە و شەو بە نهێنی كۆبوونەتەوە و سەرۆكی ئێزیدییەكان پێی وتووە ئەگەر فرانسا سوریا داگیر بكات ئەوا 50000 ئێزیدی هاریكاریان دەكات.

516- Léon Krajewski, « Le culte de Satan : les Yezidis ». In Mercure de France, 15 novembre 1932, pp. 87-123.

516– لیۆن كراژوسكی، " شەیتان پەرستی: ئێزیدییەكان". جێگری كونسلی فرانسا لە موسل، لیۆن كراژوسكی لە نێوان ساڵەكانی 1903 تا 1906 بایەخی بە ئێزیدیەكان دەدا و زیارەتێكی لالشی كرد و ئەویش گوێ بیستی ئەوە بوو بوو كە ئێزیدیەكان كتێبخانەیەكیان لەسەر چیای شەنگالْ هەیە و بە دوای كتێبخانەكە و زانیاری دەربارەی ئێزیدییەكان وێل بو.. وێرای پێوەندی بەتینی لەگەڵ یەكێك لە سەرۆكە ئێزیدییەكان كەچی هیچی بەردەست نەكەوت.

517- Celadet Alî Bedir-xan, « Notice sur la Bible noire ». In *Hawar*, Sam, Vol I, N° XIV (31 December 1932), p. 7-8; n° XV (23 January 1933), p. 8-9; n° XVI 15 February 1933), p. 9-10.

**517-جەلادەت بەدرخان، " چەند سەرنجێکی دەربارەی مەسحەفا ڕەش". باسێکی کورتی ئایینی ئێزیدیاتی و وەرگێڕانی کتێبی پیرۆزی مەسحەفا ڕەش بۆسەر زمانی فرەنسی و هەروەها باسی (نوێژی سبەینان) نوێژی مردووان و جەژنیساڵی تازەی ئێزیدییەکان، نوێژ و ژن و ژنخوازی لای ئێزیدییەکان باسدەکات.**

518-Kamiran Ali bedir-xan, Le culte du Soleil chez les Kurdes. In *Atlantis*, Vol 54, n° VII-VIII, 1934.

519-Th. Menzel, « Yazîdî », In : "*Encyclopédie de l'Islam*", Tom IV, (S-Z), Leyden & Paris, 1934, p. 1227-1234.

**519-ت.مەنزەل، "یەزیدی". باسێکی گشتییە دەربارەی ئێزیدییەکان، شوێنی نیشتەنی ئێزیدییەکان، ژمارەی دانیشتوان، هۆزە ئێزیدییەکان، کتێبە پیرۆزەکانیان، بیروباوەڕی ئایینی و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و ئایینی ئێزیدییەکان باسدەکات و دواجاریش بیبلیۆگرافیایەکی تەواوی ئێزیدییەکانی نووسیووە.**

520- Mariam Harry, « Yezidis ». In *Les adorateurs de Satan*, Paris, Ed. Flammarion, 1937, p. 33-138.

521-Roger Lescot, *Enquête sur les Yézidis de Syrie et du Djebel Sindjâr*, sous la direction de Louis Massignon, École pratique des hautes études (Paris). Section des sciences historiques et philologiques, 1937.

522-Roger Lescot, « Quelques publications récentes sur les Yezidis », In : *Bulletin d'études orientales de l'Institut français de Damas*, T.VI, 1937, p. 103-108.

523- J. REMONNAY, « Chez les Adorateurs du Diable », In : *Jésuite Missionnaires*, 1938,9, p. 4-11.

524-Roger Lescot, *Enquête sur les Yezidis de Syrie et du Djebel Sindjâr*, Damas : [Institut français de Damas], (Mémoires de l'Institut français de Damas ; t. 5), 1938, (277 p).

523 –ڕۆژەر لیسکۆ، ***لێکۆڵینەوەیەك لەسەر ئێزیدییەکانی سوریا و چیای شەنگاڵ.*** **کتێبەکە بەمشێوەیە دابەشکراوە. پێشەکی** (لا: 3–8)**. بەشی یەکەم: ئایین. لەم بەشەدا کە بۆ** (3) **فەسڵ دابەشکراوە .فەسڵی یەکەم: بنچینەکان. باسی بنچینەی ئایینی ئێزیدی، شێخ ئادی، جێگرەوەکانی شێخ ئادی دەکات** (لا: 19–44)**. فەسڵی دووەم: ئێزیدیاتی هاوچەرخ. باسی خوداوەند و فریشتەکان، تاوس مەلەك، فریشتە ئایینەکانی دیکە، کولتوور و پراکتیکی ئایینی دەکات لای ئێزیدییەکان** (لا: 45–82)**. فەسڵی سێیەم: ڕێکخراوە ئایینییەکان. باسی ڕێکخستن و هیرارشی ئایینی ئێزیدیاتی دەکات بەمشێوەیە: میر–شێخ–پیر–قەواڵ–فەقی–مجێور و چینە میللییەکانی دیکە** (لا: 83–98)**. بەشی دووەم: مێژوو. بریتییە لە مێژوویێکی پۆختی ئایینی ئێزیدی، سەرهەڵدان و وەدیارکەوتنی ئێزیدیاتی بە تایبەت لە سەدەکانی سێزدو تاوەکە حەڤدەهەم** (لا: 101–128)**. بەشی سێیەم: ئێزیدییەکانی چیای شەنگاڵ. ئەم بەشە دابەشی سەر** (7) **فەسڵ کراوە. فەسڵی یەکەم: چیای شەنگاڵ** (لا: 131–133)**. فەسڵی دووەم: دانیشتوانی شەنگاڵ** (لا: 134–138)**. فەسڵی سێیەم: ژیانی ماددی** (لا: 139–147)**. فەسڵی چوارەم: خێزان** (لا: 148–157)**. فەسڵی پێنجەم: ڕێکخراوە خێڵەکییەکان** (لا: 158–171)**. فەسڵی شەشەم: ژیانی سیاسیی** (لا: 172–189)**. فەسڵی حەوتەم: تەنگژەی** 1935–1936 (لا: 190–195)**. بەشی چوارەم: ئێزیدییەکانی سوریا** (لا: 199–217)**. بەشی پێنجەم: دەرئەنجام** (لا: 221–222)**. بەشی شەشەم: پاشکۆ. بریتییە لە** (6) **پاشکۆ کە پێکهاتوون لە کۆمەڵێك تێکستی مێژوویی، دەسنووس، ناوی هۆزە ئێزیدییەکانی چیای شەنگاڵ،**

**ناوی شێخەکانی سەر بە هۆزەکانی شەنگاڵ و هتد. (لا: 225–268). هەروەها کتێبەکە کۆمەڵێك نەخشە و وێنەی مێژوویی نایابی لەگەڵ دایە**

525-Roger Lescot, « Les yézidis ». In *La France Méditerranéenne et Africaine*, Vol 1, fasc. 3, 1939, p. 55-87.

526- Thomas Bois, « Le Djébel Sindjar au début du XIXe siècle ». In Roja Nû, n° 56, 10-9-1945.

527- J. P. Alen, « Les éteigneurs de lampe : Les Yézidis (romancé) », In : *l'auberge de Miams*, Paris, Vigneau, 1946, p. 85-162.

528- A. Brunel, Chez les yézidis, adorateurs du Diable. Le suicide de Cheikh Gamo. In *Gulusar*, Paris, 1946, p. 121-143.

529- Thomas Bois, « Les Yézidis et leur culte des morts », In *Cahiers de l'Est* (Beyrouth), sér. II, n° 1, 1947), p. 52-58.

530- Sebri Osman & Stig Wikander, « Un témoignage kurde sur les Yézidis du Djebel Sindjar », In Orientalia Suecana 2,1953, p. 112-118.

531- M. D'Arle, « A Sindjar chez les adorateurs du démon ». In Revue du Liban, N) 24 à 29. De 28 fév, 8, 13, 20 mars et avril 1954.

532- Louis-Fernand-Jules Massignon, « Les Yézidis du mont Sinjar, adorateurs d'Iblis ». In *Etudes Carmélitaines : Satan*, Paris, 1956, p. 175-176.

533- J. Leroy, « Cheikh Adi, sanctuaire des Adorateurs du Diable ». In *Moines et Monastères du Proche-Orient*, Paris, Horizons de France, 1957, p. 252-269.

532-ژ. لیرۆی، "شێخ ئادی پەرستگەی شەیتان پەرستەکان". باسێکی پەرستگەی لالش دەکات و لەگەڵیشیدا باسی گوندەکانی سەر ڕێگە دەکات و دواتر باسی ئەوە دەکات کە لوك، دوای لایارد، بادەر، ئۆپێنهایم، زاخاو و زۆری دیکە سەردانی ئەم شوێنەیان کردووە. دواتر وەسپێکی مەزاری شێخ ئادی دەکات و ژمارەی ئێزیدییەکان بە 150000 کەس دادەنێ و هاوکات لەگەلیشیدا باسێکی کورتی ئایین و بیروباوەڕی ئێزیدییەکان باسدەکات و چەند وێنەیەکی جوانی پێدەشتی سفن عەینی، گلکۆی ئێزیدییەکان، پەرستگەی شێخ ئاددی و دەروازەی پەرستگەکەی تێدایە.

534- J. M Fiey, « Le Temple Yezidi de Cheikh Adi ». In : *Proche Orient Chrétien*, X: 1960, p. 205-210.

535- Thomas Bois, « Les yézidis : essai historique et sociologique sur leur origine religieuse », *In Al-Machriq*, n° 55, 1961, p. 109-128-191-242.

535-تۆمابوا: "ئێزیدییەکان: چاوپێداخشانێکی مێژوویی و سۆسیۆلۆژی بۆ سەر بنچینەی ئایینیان". باسێکی گشتییە لەبارەی ئێزیدییەکان و دابەشی سەر پێشەکی و چوار بەش کراوە. پێشەکی(لا:109-110). فەسڵی یەکەم: گەڕان بەدوای ئێزیدییەکاندا. لەم فەسڵەدا باسی ئەو گەڕۆك و گەڕالە بێگانانە دەکات کە باسی

ئێزیدییەکان دەکەن و هەروەها باسی کتێبە پیرۆزەکانی ئێزیدییەکان دەکات (لا: 110–119). فەسڵی دووەم: ڕێچکەیەکی هەڵەیە لەنێوان خۆر و خاچ دا. لەم فەسڵەدا باسی عیبادەتی کۆنی ئایینی دەکات لای بابلیەکان، دوالیزمی ئایینی لای ئێرانییەکان و بت پەرستی لای کوردەکان و بنچینەکانی ئایینی مەسیحایەتی لە کوردستان دا (لا: 119–128). فەسڵی سێیەم: ڕیبازگە نا ڕۆشنەکان لە ڕێگەی ئیسلام دا. باسێکی گشتی جیهانی سۆفیگەری و سۆفیزمی ئیکسترێم لە جیهانی موسڵمانیەتی دا دەکات (لا: 128–206). فەسڵی چوارەم: لە ئیسلامەوە بۆ شەیتان. لەم فەسڵەدا باسی تەریقە سۆفیگەرییەکان، سۆفییەی دامەزرێنەر، هەوادارانی حەماسگیر، خەباتی ناوە و دەرەوە: سیاسەت یان سۆفیگەری؟ (1220–1414). هەروەها باسی شێخ شەمسەددین حەسەن (1197–1246) و نرخی خوێناوی فەناتیزمی ئایینی باسدەکات (206–219). دەرئەنجام (لا: 220)، پەراوێزەکان (لا:221–242). هەروەها وتارەکە تابلۆیەکی ڕەچەڵەکناسی بنەماڵەی ئەمەوییەکان و شێخەکانی ئێزیدییەکانی لەگەڵ دایە.

536- Jacques Jarry, La Yazidiyya : Un vernis d'Islam sur une hérésie gnostique, In *Annales Islamologiques*, VII, le Caire, 1967, p. 1-20.

537- Thomas Bois, « Monastères chrétiens et temples yézidis dans le Kurdistan irakienne », In *Al-Machriq*, n° 61, 1967, p. 75-103.

537–تۆما بوا: " دێرەو کلێسەی مەسیحیەکان و پەرستگایەکانی ئێزیدییەکان". ئەم وتارە بە شوێن بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەکەی باوکە Firey.O.P دا هاتووە کە کتێبێکی قەبەیە بە زمانی فرەنسی بەناوی (Assyrie Chrétiene) بڵاوکراوەتەوە. ئەم وتارەی باوکە تۆمابوا دابەش کراوە بۆ: پێشەکی و دوو بەشی سەرەکی. بەشی یەکەمی وتارەکە تەرخانکراوە بۆ باسی کلێسە و دێرەی

مەسیحییەکان لە باکوری عێراق (لا: 77–83). هەرچی بەشی دووەمە تەرخانکراوە بۆ باسی پەرستگایەکانی ئێزیدییەکان لە باکووری عێراق دا (لا: 84–99).

538-Annie Jaubert, « Le mercredi de Nouvel An chez les Yezidis », In : *Biblica* (Roma) vol. 49 - fasc. 2 – 1968, p. 244-248.

538–ئاننی ژوبێرت، "چوارشەممەی سەری ساڵی نوێ لای ئێزیدییەکان". نووسەری ئەم وتارە لای وایە ئایینی ئێزیدی نزیکایەتی ستنەکانی ئێرانی، جولەکە، مەسیحی، ئاسووری، صائیبە، مانەوی و ئیسلام دا هەیە. ڕەوتی باوی ئێستەکە زیاتر ئێزیدییەکان وەکوو ئیسلامی هەڵگەڕاوە تەماشا دەکەن. نووسەر دواتر لەم وتارەیدا باسی چوارشەممەی سەری ساڵی ئێزیدیاتی دەکات (قومران) Qumrân و باسی گرینگی چوارشەممەی سەری ساڵی تازە دەکات کە دەکەوێتە یەکەمین چوارشەمەی مانگی نیسان و هەندێکیان پێیان وایە کە ئەمە جەژنێکی جێگیرە بە بەراورد لەگەڵ ڕۆژژمێری خۆری.

539- Birgül Açikyildiz, *Les Yézidis et le Sanctuaire du Šeykh ʻAdī,* (Mémoire du D.E.A.) Paris. 2002, (105p).

539– بیرگوڵ ئاچیکیلدز ، *ئێزیدییەکان و پەرستگەی شێخ ئادی*. بریتییە لە نامەی D.F.A ( ساڵی پێنجەمی زانکۆ) و لە سێپتامبەری 2002 پێشکەش بە زانکۆی سۆربۆن (پاریسی یەکەم) کراوە. نامەکە بریتییە لە (2) بەرگ. بەرگی یەکەم برتییە لە تیکستی لێکۆڵنەوەکە (111 لاپەرەیە) و بەرگی دووەم: تەنها بریتییە لە وێنە و نەخشەی تایبەت بە بابەتەکە( 207 لاپەڕەیە). بەرگی یەکەمی نامەکە بریتییە لەم بەشانەی خوارەوە. پێشەکی. باسێکی گشتییە دەربارەی سەرچاوەکان بە زمانەکانی (عەرەبی، کوردی، ئاسووری و سەرچاوەکانی گەڕال و گەڕۆکەکان (لا: 7–17). فەسڵی یەکەم: بریتییە لە باسێکی گشتیی دەربارەی شوێن، بنچینەی ئایینی ئێزیدی

و لەم بەستێنەدا باسی ئایین، شێخ ئادی، ڕێکخراوگەلی ئایینی، زمان، کتێبە پیرۆزەکانی ئێزیدییەکان و پەرەستنی ئێزیدیاتی شیدەگکاتەوە (لا: 18–55). فەسڵی دووەم: پەرستگەی شێخ ئادی (لا: 56–90). دەرئەنجام (لا: 91)، فەرهەنگۆك (لا: 92–93)، بیبلیۆگرافیا (لا: 95–105).

540-Hmait Bozarslan, "Les Yézidis : quelques informations sur une communauté atypique", In : *La Pensée,* n° 335, 2003, p. 143-149 (repris in *Passerelles,* n° 30, p. 83-90).

541- Habib Ishow, "Les Yézidis", In *Structure sociales et politique de l'Irak contemporaine,* Ed. L'Harmattan, Paris, 2004, p. 29-35.

541–حەبیب ئیشۆ، " ئێزیدییەکان". بە کورتی باسی بنچینەی ئایینی ئێزیدیاتی، کتێبە پیرۆزەکانیان، ڕێکخستنی ئایینی و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگەی ئێزیدیاتی و ژیانی کۆمەڵایەتی ئێزیدییەکان دەکات.

542-Birgül Açikyildiz, *Patrimoine des Yézidis: architecture et "sculptures funéraires" au Kurdistan irakien, en Turquie et en Arménie;* sous la direction de Alastair Northedge. Thèse doctorat : Histoire de l'art : Paris 1 : 2006, 2 vol. (638 f.).

542–بیرگوڵ ئاچیکیلدز، کەلەپووری ئێزیدییەکان: ئارشیتیکتۆر و "کۆتەلی مردوو" لە کوردستانی عێراق، تورکیا و ئەرمێنیا. کارنامەی دوکتۆرایە لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە. بەشی یەکەم : پێشکەشکردنێکی گشتیی لەبارەی پەرستنی ئێزیدییەکان (لا: 33–72). لەم بەشەدا باسێکی گشتییە لەبارەی ڕێکخستەکانی ئایینی و پەرستنی ئێزیدییەکان.بەشی دووەم: کاتالۆگی شوێنەوار و کۆتەڵی مردوو

(لا: 73–200). ئەم بەشە کرۆکی باسەکە و بەشی سەرەکی تێزەکەیە. لەم بەشەدا باسی شوێنەوارەکانی کوردستانی عێراق: ناوچەی شێخان، دهۆک، بەعشیقە و شەنگال دەکات. پاشان باسی کۆتەڵی مردوو لە تورکیا و کۆماری ئەرمێنیا کراوە. بەشی سێیەمی باسەکە بریتییە لە شیکردنەوەی شوێنەوار و کۆتەڵەکان (لا: 200–248). دواتر کۆمەڵێك تابلۆ و پاشکۆی زۆری لەگەڵە. بیبیلۆگرافیا لا: 280–313. فەرهەنگۆك لا: 314.

# بەشی حەوتەم

# کۆمەڵناسی، شار و کۆمەڵگە

## 1.7: خێل، عەشیرەت و دەوڵەت

543- Ernest Chantre, « Les Kurdes: etude historique et ethnographique ». In : *Bull. de la Soc. d'anthropologie de Lyon*, T. 15, 1896, p. 169-209.

544- Ernest Chantre, « Les Kurdes ». *Bull. de la Soc. d'anthropologie de Lyon*, Lyon 1897, T. XV, p. 49-101.

545-H. L. Rabino, *Les tribus du Louristan : médailles des Qadjars*, Collection de la revue du monde musulman, (sous la dir. de A. Le Chatelier), Ed. Ernest Leroux, Paris, 1916, (52 p).

546-Basile Nikitine, « La vie domestique kurde », In : *Revue d'éthnographie et des traditions populaires*, 1923, p. 334-344.

**546–بازیل نیکیتین، "ژیانی ناوماڵیی کورد". باسێکە تەرخانی ژیانی ناوماڵی کورد کراوە وەك: ماڵی کوردی، خواردنی کوردی، داب و نەریت، چەکسازی، ئاژەڵداری، داب و نەریتی لە دایکبوون، ژنهێنان، مردوو ناشتن و خورافیات لای کورد**

باسدەکات.

547- Basile Nikitine, « La féodalité kurde », In *Revue du Monde Musulman,* Tom 60 (deuxième trimestre), Paris, 1925, p. 1-26.

547–بازیل نیکیتین، "دەرەبەگایەتی لای کورد". خوێندنەوەیەکی وردی دەرەبەگایەتی یە لە کوردستان دا و بە تایبەت لە ڕوانگەی کتێبی شەرەفنامە و وەکوو نووسەر گوتەنی " بنچینەکانی دەرەبەگایەتی کورد دەگەڕێتەوە بۆ دەورانی زۆر کۆن" و دواتر باسی کوردستان دەکات و بە تایبەتی لە سەدەکانی یانزەهەم تا چواردەهەم و دواتریش باسی مێژووی ئەردەڵان و سۆران و شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری دەگێڕێتەوە.

548-P. Rondot, "Deux études sur le Kurdistan du Sud: Aspects sociaux et politqiues de la décadence tribal", In: *L'Afrique et l'Asie*, n° 43, 1958, p. 58-65.

548– پییێر ڕۆندۆ، دوو لێکۆڵینەوە دەربارەی کوردستانی خواروو: لایەنە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی دڕمانی خێڵەکیی". باسێکی سۆسیۆلۆژی و ڕەوشی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردستانی عێراقە لە ڕوانگەی شیکردنەوەیەکی دوو وتاری ئینگلیوزی کە یەکەمیان وتارێکی W.L.E[23] یە ئەوی دیکەشیان بریتییە لە وتارێکی س.ژ. ئیدمۆندزە[24] دەربارەی کوردەکانی عێراق. نووسەر لە ڕوانگەی خوێندنەوەی ئەم دوو وتارە باسێکی پێکهاتەی خێڵ، کۆمەڵگەی خێڵەکیی کوردستان و دەسەڵاتی ئاغا و ژیانی شارنشینی و ناسیۆنالیزمی کورد دەکات.

---

[23] W.L.E, "Iraqi Kurdistan, A little-known region", in The *World To-day*, October 1956, pp:417-432.

[24] C.J. Edmonds, " The Kurds of Iraq", in: *The Middle East Journal*, 1957, pp: 52-62

549-Basile Nikitine, « l'Etat social des kurdes et du Kurdistan », In *l'Afrique et l'Asie*, n° 46, 1959, p. 49-55.

549-بازیل نیکیتین، "ڕەوشی کۆمەڵایەتی کورد و کوردستان". نیکیتین لەم وتارەیدا لە ڕوانگەی سێ چاپکراوی نوێ کە هەر سێکیان بە زمانی ڕووسی بڵاوبوونەتەوە باسی ڕەوشی کۆمەڵگەی کوردەواری دەکات. 1- کۆتلۆڤ، سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نیشتمانی 1920 لە عێراق، مۆسکۆ، 1958. باسی ژیانی چیانشینی کوردەکانی عێراق، سترەکتووری هۆزەکان، پێوەندی نێوان کۆمیونیتەکان و ژیانی عەشیرەتی کوردەکانی تورکیا و باسی شێخ مەحموود بەرزەنجی دەکات. 2- ڤیلچیڤسکی، کوردەکانی موکری، مۆسکۆ، 1958. باسی ئیتنۆگرافیای کوردستانی ئێران دەکات و بەتایبەت شارە گرینگەکانی ئەم بەشەی کوردستان. 3- ئاریستۆڤا، چاوپێداخشانێکی کولتووری و مۆدی ژیانی جوتیارانی کورد لە ئێران. نووسەری ئەم وتارە زیاتر لە ڕوانگەی سەرچاوە فارسیەکان بە تایبەتی ڕۆژنامەی اگلاعات و کتێبە فارسیەکانی: د.موکری، یاسمی و ڕەزامارا باسی ڕەوشی کوردەکان دەگێڕێتەوە.

550-Thomas Bois, « La vie sociale des Kurdes », In *Al-Machriq*, juillet-octobre 1962, p. 600-661.

550-تۆمابوا، "ژیانی کۆمەڵایەتی کورد". ئەم باسە تەرخانکراوە بۆ باسی ژیانی کۆمەڵایەتی لە کوردستان دا و دابەشی سەر چوار فەسڵ کراوە. فەسڵی یەکەم: مۆدی ژیان. لەم فەسڵە باسی کوردە کۆچەر و کوردە نیشتەجێیەکان، نیشتەنی کورد، ئاژەڵداری، پیشەوەری و ژیانی ژێر ڕەشماڵ، ئاوایی و ژیانی شارنشینی دەکات (لا:559-605). فەسڵی دووەم: ڕێکخراوە خێڵەکییەکان. لەم فەسڵە باسی عەشیرەتی کوردی، پێکهاتە و سەرۆکی عەشیرەت، کار و ململانێی هۆزایەتی و دووار تێکشکانی سیستمی عەشیرەتگەری باسدەکات (606-614). فەسڵی سێیەم:

خێزانی کورد. لەم فەسڵە باسی ژن و ژنخوازی، دەزگیران و شەوی بوکێنی، مێرد، ژن، و منداڵ باسکراون (لا: 614–623). دوایین فەسڵ: داب و نەریتی هاوبەش و ڕۆژە خۆش و ناخۆشەکان. لەم فەسڵە باسی ڕۆژە خۆشەکان، ئازاری ڕۆژانە، نەخۆشی، برینداری، تازیە و تازیەباری، گۆڕستان و گلکۆ باسدەکات (623–638). دەرئەنجام: پۆتریتی کورد لای ئاپۆڤیان (لا:639). پەراوێزەکان (لا:640–661).

551-Heschmatollah Tabibi, *Etude sociologie sur les tribus kurdes « en Iran »*. Thèse de l'université de Paris, Faculté des Lettres et sciences Humains (Sorbonne), (Sous la dir de. Georges Balandier), Paris, (Octobre 1968), (255 p).

552-Mohammad-Hossein Papoli-Yazdi, « La motorisation des moyens de transport et ses conséquences chez les nomades kurdes du Khorâssân (Iran », In : *Revue géographique de l'Est* (1982), fasc. 1-2 p. 99-115.

553- V. Minorsky, « Lur. Lur-i Buzurg. Lur-i Kuchik. Luristan », In : *Encyclopédie de l'Islam* (1983) vol. 5, 91-92 p. 827-838.

554-Hmait Bozarslan, "Tribus, confréries et intellectuels : convergence des réponses kurdes au Kémalisme", in S. Vaner (dir.), *Modernisation autoritaire en Turquie et en Iran*, Paris, L'Harmattan, 1991, p. 61-80.

554–حەمید بۆزئەرسلان، " خێڵ، تەریقەت و ڕوناکبیر: هاوڕایی وەڵامی کورد بۆ کەمالیزم ". لەم وتارەیدا بۆزئەرسلان باسی کەمالیزم و کێشەی کورد، خێڵ و تەریقە ئایینییەکان لە ئیمپراتۆریای عوسمانی و کۆماری نوێی تورکیا دەکات و بە

تایبەتیش پێ بەسەر بیستەکان و سییەکانی دەورانی کۆمار دا دەگرێ. دوای ئەوە باسی لە دایکبوونی ناسیۆنالیزمی کورد و چەمکی مۆدێرنیتە لە کۆمەڵگەی کوردی و شۆڕشە کوردییەکان باسدەکات.

555-Mohammad-Hossein Papoli-.Yazdi, *Le nomadisme dans le nord du Khorassan-Iran-*, Institut français de recherche en Iran, Ed. Peeters, Louvain, t, 1991, (434 p).

555-محەمەد حوسێن پاپلی یەزدی، ***کۆچەری لە باکووری خوراسان دا***. بریتییە لە کارنامەی دوکتۆرای نووسەر کە ساڵی 1983 پێشکەش بە زانکۆی سۆربۆن کراوە. کتێبەکە دابەشی سەر (3) بەش و (10) فەسڵ کراوە و لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی و جوگرافیی ئینسانییە لەبارەی کوردە کۆچەرەکانی خوراسان. بەشی یەکەم: ناوەند و مرۆڤەکان: کۆچڕەوی و زەوییەکانیان. ئەم بەشە دابەشی سەر (3) فەسڵ کراوە. فەسڵی یەکەم: میژوو و ڕێکخراوە خێڵەکیەکانی کوردە کۆچەرەکان (لا: 23-37). فەسڵی دووە: ناوەندی سروشتیی (لا: 39-68). فەسڵی سێیەم: ستاتوو، بەها و لەوەڕگە (لا: 69-114). فەسڵی چوارەم: ڕەشماڵی ڕەش و ئاوایی: شوێنی ژیانی کۆچەرەکان (لا: 115-157). بەشی دووەم: کۆچەری شوانکارەیی. ئەم بەشە دابەشی سەر ئەم فەسڵانە کراوە. فەسڵی پێنجەم: کۆچی شوانکارەیی کۆچەرەکان (لا: 161-212). فەسڵی شەشەم: نیمچە کۆچەری لە باکووری خوراسان دا (لا: 213-250). فەسڵی حەوتەم: وەسایلی هۆیەکانی گواستنەوە (لا: 251-269. بەشی سێیەم: ئابووری شوانکارەیی. ئەم بەشەی دوایی دابەشی سەر ئەم فەسڵانە کراوە. فەسڵی هەشتەم: ئاژەڵداری و بەرهەمەکانی (لا: 273-306). فەسڵی نۆیەم: پێوەندییە سۆسیۆ-ئابوورییەکان (لا: 307-346). فەسڵی دەیەم: جێنشینکردنی کۆچەرەکان (لا: 347-371). دەرئەنجام (لا: 373-380). پەراوێزەکان (لا: 381-393). بیبلیۆگرافیا (لا: 395-413). جگە لەوە کتێبەکە نەخشەیەکی جوگرافیی گەورەی باکووری خوراسان و کۆمەڵێك وێنەی زۆر، کارتۆگراف، تابلۆ، خشتەی زۆری تێدایە کە کتێبەکەیان هێندەی دیکە دەوڵەمەند تر کردووە.

556-Hocham Dawod, « Matériaux et hypothèses pour une étude de la société traditionnelle kurde ».In *La pensée* (281), juin 1991 : p. 85-93.

**556-هیشام داود، " مەتریال و گریمانە بۆ لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگەی ترادسیۆنیی کورد". خوێندنەوەیەکی ئانترۆپۆلۆژییە بۆ کۆمەڵگەی ترادسیۆنی کوردی و لە کۆمەڵێك تەوەری کۆمەڵگە دەدوێ: جوگرافیای فیزیکی و ئیکۆلۆژی گشتی، زمان و بنچینەی ئایین، ژیانی جوتیارنشینی و نیمچە کۆچەری و کۆچەری شوانکارە و زۆر بەوردی لەم لایەنانەی کۆمەڵگەی کوردی کۆڵیوەتەوە.**

557-V. Minorsky, « Shakâkî », *Encyclopédie de l'Islam* (1996) vol. 9, livr. 151-152 p. 253-254.

558- Martin Van Bruinessen, « Shakâk », In : *Encyclopédie de l'Islam* (1996) vol. 9, p. 151-152 .

559-J.H.Kramers, « Sarliyya », in : *Encyclopédie de l'Islam,* Tom IX, Ed. Brill, Leiden & paris, 1998, p. 65-66.

560-Mohammad Mokri, *Toponymes et tribus : les Djâfs de Djawânrûd. Lexique encyclopédique et thématique de l'Iran,* tome 2, Paris-Louvain, Éditions Peeters, 1999, (206 p).

561-Martin van Bruinessen, "Les Kurdes, États et tribus", *Études kurdes*, no. 1 (2000), p. 9-31.

562-Martin Van Bruinessen, « Les Kurdes, Etats et tribus », In *Tribus et pouvoirs en terre d'Islam* (sous la dir.de Hosham Dawod), Ed. Armand Colin, Paris, 2004, p. 145-168.

## 2.7: گوندیاتی، شار و هەرێمە کوردییەکان

563- FR. Schulz, « Mémoire sur le lac de Van et ses environs », In : *JA*, 3e série, T IX, 1840, p. 257-323.

563- "یادداشتنامەی دەربارەی گۆڵی وان و دەوروبەری". باسێکە دەربارەی شاری وان ، قەڵای وان، ناوچەکانی دەوروبەری وان و قەڵا و قووڵڵەکانی دەوربەری و سیستمی حوکمڕانی ویلایەتی وان و شوێنەوارەکانی لە دەستپێکی سەدەی نۆزدەهەمدا.

564-Vital Cuinet, La Turquie d'Asie: géographie administrative, statistique, descriptive et raisonnée de chaque province de l'Asie-Mineure, Paris : E. Leroux, 1891, Vol II, p. 109-873.

564-ڤیتال کوینی، تورکیای ئاسیەوی: جوگرافیای ئیداری، ئامار، وەسپ و پێوانەی هەر هەریمێکی ئاسیای بچووك. ڤیتال کوینی ( ?-1896) کە وادیارە لە دەسەڵاتدارانی عوسمانی نزیك بووە و ساڵانی 1890 تا 1894 چوار بەرگە کتێبی گەورەی جوگرافی ئیداری لەبارەی سەرجەمی ویلایەتەکانی ئیمپراتۆریای عوسمانی نووسیووە. لە بەرگی دووەم کە تایبەتە بە ویلایەتەکانی ئاسیای بچووك لەم ویلاتانە باسی هەرێمە کوردییەکانی ئیمپراتۆریای عوسمانی دەکات. یەکەم: ویلایەتی حەلەب (لا: 109-314). لەم بەشەدا باسێکی سەرجەمی ویلایەتەکانی حەلەب دەکات وەك مەرکەزی سنجاقی حەلەب، قەزاو سنجاقەکانی مەرەش، ئورفە، موتەسەریفییەی زور. دووەم: ویلایەتی مامورەت ئەلعەزیز (خارپووت) (لا: 315-404). سێیەم ویلایەتی دیاربەکر (لا: 405-519. چوارەم : ویلایەتی بدلیس (لا:

521-628). پێنجەم: ویلایەتی وان (لا: 629-760) و شەشەم: ویلایەتی مووسڵ (لا: 761-873). لەم بەشەدا تەنها موتەسەریفییەی زور و حەلەب نەخشەیان لەگەلە، بەڵام ویلایەتەکانی خارپووت، بدلیس، وان و مووسڵی لەگەڵ دا نییە. ستاتستیك و ناوی قەزا و دابەشکردنی کارگێری ستاتستیکی زۆری تێدایە، بەڵام زانیارییەکانی دەبێ زۆر بە وردییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت چونکە لە برێك لە زانیاریەکانی دا تەرفگیری کردوووە و بێلایەنی خۆی لە دەستداوە.

565-E. Chantre, « L'Ararat », in : *Annales de géographie*, Tom III, (octobre 1893 à juillet 1894), Paris , 1894, p. 81-94

565-ئێرنست شانتر، "ئارارات". باسێکی جوگرافیای چیای ئارارات دەکات و لە بەرزی 2445 مەترەوە زنجیرە چیایەکە دابەش دەبێ بۆ دوو لووتکە: نزمەکەی ئاراراتی بچووکە کە کەوتۆتە بەشی باشوور-ڕۆژئاوا و بەرزییەکەی 3396 مەترە. هەرچی ئاراراتی گەورەیە کەوتۆتە باکوور-ڕۆژئاوای زنجیرە چیایەکە و بەرزییەکەی 5157 مەترە و دواتر باسی ئەو گەڕۆك و گەڕیدە ڕۆژئاواییانە دەکات کە سەردانی ئاراراتیان کردووە و دوای ئەوە باسی سەردانی خۆیی و مەدام شانتری خێزانی دەکات کە ساڵی 1890 سەردانی زنجیرە چیایەکیەیان کردووە و سەری ناوچە کوردەواریەکانیشیان داوە.

566- H. L. Rabino, « Kermanchah », in : *Revue du Monde Musulman* (1920) vol. 38, p. 1-40.

567- V. Minorsky, « Urmiya »: région et ville de la province persane d'Adharbāidjān », In : "*Encyclopédie de l'Islam*", Tom IV, 1934, p. 1088-1093.

567–ڤلادیمێر مینۆرسکی، "ورمیٚ". باسێکی جوگرافیا و بەشەکانی شارەکە و پاشان باسی ئارکیۆلۆژیا و قۆناغەکانی مێژووی شارەکە باسدەکات هەر لە دەورانی پێش ئیسلامەوە تاوەکوو سالآنی جەنگی یەکەمی جیهانی و هاوکات باسی هۆزەکان و کۆنفیدراسیۆنە خێڵەکیەکانی ناوچەکە باسدەکات. پاشان باسی دانیشتوانی ورمیٚ بە گوێری گەورال و سەرچاوە مێژووییەکان و لە دوایین جاریش دا بیبلیۆگرافیایەکی تێر وتەسەل لەبارەی سەرچاوە مێژوویەکانی ئەو شارە بەدەستەوە دەدات.

568-Sureya Bedr-Khan,« Cité et compagnes du Kurdistan», In : *XVIème congrès International d'Anthropologie,* Bruxelles, 1935, p. 714–719

568–سورەیا بەدرخان، " شار و ئاواییەکانی کوردستان". بریتییە لە دەقی ئەو موحازەرەیەی کە لە شانزەهەمین کۆنگرەی ڕۆژهەلآتناسان لە بروکسێل خوێداریەوە, باسی قەلآ و کۆشك دەکات لە کوردستان و نموونەی گەڕۆکەکانیشی هێناوەتەوە وەك: برون کار دو ڤوو، بیندەر، ئیبن بەتوتە. دەیەویٚ ئەوە بلّیٚ کە کوردانە هەر تەنها کۆچەر نیین بەڵکو کشتوکاڵکاریشن. نموونەی ئەولیا چەلەبی دەهێنێتەوە کە سەدەی حەڤدەهەم دا بەناو بەشێکی کوردستان دا گەڕاوە و لە ئەورزەرۆم 77 مزگەوت، 100 قوتابخانەی لێبووە. دواتر تابلۆیەکانی ویلایەتە کوردییەکانی عوسمانی و ئێرانی بەدەستەوە دەدات لەگەڵ ژمارەی دانیشتوان.

569-Basile Nikitine, « Rawandiz », in*: Encyclopédie de l'Islam* (NE), T III, 1936, p. 1208-1211.

570-Basile Nikitine, « Baradust », In *Encyclopédie de l'Islam,* (Nouvelle édition), Tome I, A-B, Eeyde, Ed. E.j. Brill, 1960, p. 1061.

571- Basile Nikitine, « Oramar », *In Encyclopédie de l'Islam*, (Nouvelle édition), Eeyde, Ed. E.j. Brill, 1960, p. 1059-1061.

572-Leszek Dziegel, « Villages et petites villes kurdes dans l'Irak actuel : construction traditionnelle, formes et fonctions dans leur processus de changement culturel », In*: Studia Kurdica* / Institut Kurde de Paris. – Paris : Institut Kurde de Paris. –5.1988, p. 127–156.

**572–گوند و شارۆچکە کوردییەکان لە عێراقی ئێستەکە دا: دروستکراوی ترادسیۆنی، شێوە و کارەکانی لە پرۆسیسی گۆڕانکاری کولتوورییدا". باسێکی ئابووری و تێبنی و سەرنجەکانی نووسەر دەربارەی گوند و شارۆچکە کوردییەکانی کوردستانی عێراق لە شارەکانی دهۆك، هەولێر و سلێمانی. نووسەری ئەم وتارەی لە ساڵەکانی 1977–1980 بۆ دیراسەیەکی مەدیانی لەبارەی کۆمەڵگەی دەشتەکی کوردی لەگەڵ تیمێکی پۆلۆنی هاتۆتە کوردستان بۆ دیراسەکردنی کۆمەڵگەی کوردەواری. ئەم باسەی ئێرە باسێکی وردی دروستبوونی گووند، شوێن، هەڵکەوتە، ئاستی ژیان ، مۆدی کەلی پەلەکانی ناو ماڵ، کێڵگە و ڕێگەوبانی گوندەکان دەکۆڵێتەوە و و کۆمەڵێك نەخشەی بیناسازی شوێنی ژیانی گوندنشینەکان و ڕێگە و بانەکانی گوندەکانی تێدایە.**

573- J. M. Fiey, « Sanctuaires et villages syriaques orientaux de la vallée de la Sapne (Kurdistan iraquien) », In : *Le Muséon* (1989) vol. 102, 1-2, p. 43-68.

574-V. Minorsky,, « Sanandadj », in :*Encyclopédie de l'Islam* (1995) vol. 9, 147-148 p. 6-7.

575-V. Minorsky, « Sarpul-i Dhuhâb », *Encyclopédie de l'Islam* (1995) vol. 9, 147-148 p. 66.

576-V. Minorsky, « Sâwdj-Bulâk », *Encyclopédie de l'Islam* (1995) vol. 9, 147-148 p. 96-97.

577-Van Bruinessen, M.M, « Shamdînân », in : *Encyclopédie de l'Islam* (1996) vol. 9, 151-152 p. 291-293.

578-V. Minorsky, « Sulaymaniyya », *Encyclopédie de l'Islam* (1997) vol. 9, 161-162 p. 865-866.

579-V. Minorsky, « Sômây », in : *Encyclopédie de l'Islam* (1997) vol. 9, 159-160 p. 758-759.

580-Hamit Bozarslan, "Halabdja", In : *Dictionnaire historique et géopolitique du 20ème siècle,* Paris, La Découverte, 2000, p. 328.

**580–حەمید بۆزئەرسلان، "هەڵەبجە". باسێکی کورتی شاری هەڵەبجە دەکات وەکوو ڕەمزی کیمیابارانی 16 ی ئاداری ساڵی 1988 کە 5000 کوژراوی لێکەوتەوە.**

## 3.7: ژیانی ناوماڵ، ترادسیۆن و ئیتنۆگرافیا

581-Eugène *Pittard, Ethnographie de la Dobrodja: Contribution à l'étude anthropologique des Kurdes,* Lyon : A. Rey, 1902, (12 p).

582- R. Thoumin, « Deux quartiers de Damas. Le quartier chrétien de Bab Musalla et le quartier kurde », in : *Bulletin d'Etudes Orientales*, Paris, 1931, p. 99-135.

583-Şewket Zulfi, *L'habillement des Kurdes Notice rédigée à l'occasion de la collecte d'objets kurdes entreprise en Djezireh syrienne par la Capitaine P. Rondot pour le compte du Musée d'Ethnographie*, Dêrik, mai 1935, (13 p).

584-Tawusparêz, « le mariage chez les Kurdes », in *Hawar*, N° 52-1943, p. 12-16.

585-Mohammad Mokri, " Les Vents du Kurdistan ", *in Journal Asiatique*, Paris, 1959, p. 472-505.

585– محەمەد موکری، " (با) یەکانی کوردستان". ئەم باسە بریتییە لە پێناسەکردنی (با) و جۆرەکانی و ناوەکانی لە زمانی کوردی دا. دواتر باسی (با) دەکات لە ڕوانگەی میتۆدۆلۆژی و ئەفسانەوە و پاشان لیستێکی ناوە کوردییەکانی (با) بە زمانی کوردی و فەرنسیەکەشی لە بەرامبەر دا نووسیووە. دواجار لیستێکی ناوەکانی (با) ی بە زمانی فارسی نووسیووە.

586-Mohammad Mokri, "Le Foyer kurde", *in Ethnographie*, Paris, 1961, p. 79-95.

586–محەمەد موکری، "ماڵی کوردی". باسێکی جۆری ماڵی کوردی و شێوەکانی نیشتەجێی ژیانی گوندنشینان و ژیانی چیاییەکانی کوردستان باسدەکات و کۆمەڵێك نەخشەی ژوور و ماڵی کوردی لەگەڵ دایە.

587-Mohammad Mokri, " Les Rites magiques dans les fêtes du "dernier mercredi de l'année" en Perse ", *in Mélanges offerts à H. Massé*, Université de Téhéran, 1963, p. 288-302.

588-Rondot, Pierre, « Vêture masculine et artisanat du vêtement chez les Kurdes de la Haute Djézireh syrienne (a la veille de la deuxième guerre mondiale) », *In: Bulletin d'études Orientales* / Institut Français de Damas. – Damas : Inst. 25.1972 [1973], p. 257–267.

588–پ.ڕۆندۆ، "جل و بەرگی پیاوانە و پیشەی بەرگدروویی لای کوردەکانی جەزیرەی سەروو". باسی جل و بەرگی ترادسیۆنی پیاوانەی کوردە ناو چیاییەکانی بۆتان دەکات لەوانە شاڵ و شەپەك، شەرواڵ و کراس و هتد. پاشان باسان هونەروەرانی جل و بەرگی کوردەواری دەکات لە ناوچەی جەزیرە و چەندین وێنە و هێلکاری جوانی جل و بەرگی کوردی (شاڵ و شەپەك) نیشان دەدات و وێنەیەکی نایابی عوسمان پاشای بەدرخانی لەگەڵ دا بڵاوکردۆتەوە که لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم بە جل و بەرگی ترادسیۆنی کورد (شاڵ و شەپەك) گیراوە.

589-Ali Demirel, *Enquête auprès des ouvriers kurdes de Montbéliard*. Mémoire de Maîtrise de Université de Paris VIII (sous la dir. de Sylvain Lazarus), Paris, 1990-1991, (150 p).

589- عەلی دێمریل، باسێك لەسەر کرێکارە کوردەکانی مۆنتبێلیارد. بریتییە لە نامەی Maîtrise (ساڵی چوارەمی زانکۆ) و ساڵی خوێندنی 1990–1991 پێشکەش بە زانکۆی پاریسی هەشتەم کراوە. باسەکە تەرخانکراوە بۆ ئەو کرێکارە کۆچبەرە کوردانەی تورکیا کە لەناوچەی مۆنتبێلیارد کاردەکەن. نامەکە بە دوورودرێژی بەمێژووی کورد داچۆتەوە و دواتر دیراسەیەکی مەیدانی لەبارەی ئەو

کرێکارە کۆچبەرە کوردانە کردووە کە لەناوچەی مۆنتبێلیارد Montbléiard دا دەژین و هەموو کرێکارەکانیش خەڵکی کوردستانی تورکیان. نووسەر بۆ نووسینی باسەکەی (10) چاوپێکەوتنی لەگەڵ کرێکارەکان سازداوە.

590-Chirine Mohseni, *Le vêtement kurde et son évolution de XIXème siècle à nos jours. Le cas des Mokris à Mahâbâd*, Mémoire de DESS (sous la dir. de M. Meyer), Université de Paris VII, 1991, (163 p).

590-شیرین موحسینی، *پۆشاکی کوردی و پەرەسەندنی لە سەدەی نۆزدەهەم تا ڕۆژی ئەمڕۆ. نموونەی کوردەکانی موکری لە مەهاباد*. بریتییە لە نامەی DESS ی ئیتنۆ-میتۆدۆلۆژی و ئانترۆپۆلۆژی و تەرخانی جل و بەرگی کوردەکانی موکریان کراوە. باسەکە بەمشێوەیە دابەشکراوە. پێشەکی (لا: 2-3). فەسڵی بەرایی: کورد و کوردستان (لا: 4-22). فەسڵی یەکەم: مەهاباد. بریتییە لە باسێکی مێژوویی-ئابووری دەربارەی شاری مەهاباد (لا: 23-45). فەسڵی دووەم: وەسپی جل و بەرگی مەهاباد. بریتییە لە وەسپی هەموو جل و بەرگ و پۆشاکەکانی کوردەکانی مەهاباد بە وێنەی ڕەنگاوڕەنگەوە (لا: 46-116).فەسڵی سێیەم: جل و بەرگ بەگوێرەی بۆنە جیاجیایە سۆسیۆ-کولتوورییەکان (لا: 117-132). فەسڵی چوارەم: جل و بەرگ لە ڕوانگەی ئەدەب، شیعر، پەندی پێشینان و سەربووردەی گەڕۆکەکان (لا: 133-150). دەرئەنجام (لا: 151-154). بیبلیۆگرافیا (لا: 155-163).

591-Mustafa Aslan, *Comment devient-on thérapeute ? : Essai d'analyse théorique de la médecine traditionnelle (l'exemple des Kurdes)* - Mémoire DEA : Anthropologie : Aix-Marseille, Univ. d'Aix-Marseille III : 1992, (54 f.)

592-Anne Vega, « Tradition et modernité au Kurdistan et en diaspora », In: *Peuples méditerranéens*– Paris, 68–69.1994 (juillet–décembre), p. 107–142.

592– ئان ڤیگا، "ترادسیۆن و میدێرنیتە لە کوردستان و لە دیاسپۆرادا". بریتییە لە ئەنجامەکانی چەند لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیی لەبارەی چەمکی ترادسیۆن و مۆدێرنیتە لە کۆمەڵگەی کوردەواری دا کە نووسەرەکەی بەشێکی کارەکەی لە بەیتولشەباب (کوردستانی تورکیا (لەناوچەی هەکاری و بەشێکیشی لە پاریس تەواو کردووە. باسی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییە خێڵەکیەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردی، سیستمی خزمایەتی، ژنهێنان، ستاتوی ژن لە کۆمەڵگەی خێڵەکی و نەزۆکی و لایەنەکانی دیکەی کۆمەڵگە شیدەکاتەوە.

593- Chirine Mohseni, Les réfugiés kurdes d'Irak en France : nécessité ou échec d'une intégration maîtrisée ? *Migration société (Paris)* 6 (33-34), mai-août 1994, p. 41-50.

593–شیرین موحسینی، "کوردە پەناهەندەکانی عێراق لە فرانسا: پێویستی یان شکستی ئەنتیگراسیۆنی دەستبەسەرداگیراو" , باسێکی کوردستان و ئاملرێکی دیاسپۆرای کورد لە ولاتە ڕۆژئاواییەکان بە دەستەوە دەدات و پاشان دەچێتە سەر کرۆکی باسەکە کە تەرخانکراوە بۆ باسکردنی ئەو کوردانەی عێراق کە لە تاوی کیمیا بارانی 1988 هەلاتن بۆ کامپەکانی تورکیا و دواتر لە ئابی 1989 (339) کورد لەوانە هێنرانە فرانسا و ئەم باسە خوێندنەوەیەکی ئیتنۆگرافی ئەو کوردە ئاوارانەیە کە فرانسا باوەشی بۆ کردنەوە.

594-Halkawt Hakim, « La cuisine kurde », in *Cuisine d'Orient et d'ailleurs. Grenoble* : Gléna & Inalco, 1995, p. 135-136.

595-Jean-Marie Criel & Jamil Pervine, *Costumes et tapis kurdes*, Bruxelles, Institut kurde de Bruxelles, 1995 (95 p).

596-Jean-François Perouse, « *La diasporisation kurde en Méditerranée ou la genèse contemporaine d'une diaspora* », in Les Méditerranées dans le monde (Sous la dir. de Olivier SEVIN, Arras : Artois Presses, Université, 1999, p. 69-81.

597-Chirine Mohseni, « Les réfugiés kurdes irakiens en France. Modes de vie et intégration », in : *Iran : questions et connaissances* : Actes du IVe congrès européen des études iraniennes organisé par la Societas irnologica europaea, Paris, 6-10 sept. 1999. Vol. III : cultures et sociétés contemporaine Bernard Hourcade. Paris : Association pour l'avancement des études iraniennes, 2003, p. 177-183.

597–**شیرین موحسینی، "پەنابەرانی کوردی عێراق لە فرانسا. مۆدی ژیان و ئەنتیگراسیۆن ". باسێکە دەربارەی ئەو گروپە حەفتا و شەش خێزانە دەشتەکیەی کوردی عێراق کە لەبەر کیمیابارنی ساڵی** 1988 **هەڵاتبونە ناو کامپەکانی تورکیا و دواتر ساڵی** 1990 **فرانسا وەریگرتن. باسی ئەنتیگراسیۆنی ئەم خێزانانە دەکات لەناو کۆمەڵگەی فرەنسی و کێشە و گرفتەکانی ئەم پرۆسیسە بەگوێرەی زایەند، تەمەن، ستاتووی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی شیکردنەوەی جل و بەریان وەك ڕەنگدەرەوەی دووبارە دروستکردنەوەی ناسنامە.**

## 4.7: **ژن و ژێندەری کورد**

598-Bedir-khan, « la femme kurde », in : *Hawar*, n° 19, 1933, p. 6-8.

598-جەلادەت بەدرخان، "ژنی کورد". باسێکی کورتی ژنی کورد و جێگە و پێگەی کۆمەڵایەتی، ژیانی کچایەتی، دەزگیران، ژن و ژنخوازی لەناو کورد و دواتر باسی ژیانی سیاسیی ئافرەتی کورد باسدەکات.

599-Sureya Bedr-Khan, « La Femme kurde et son rôle social », In :*XVIème congrès International d'Anthropologie*, Bruxelles, 1935, p.719–725

599-سورەیا بەدرخان، "ژنی کورد و ڕۆڵە کۆمەڵایەتیەکەی". باسی ستاتووی ژنی کورد دەکات بە بەراورد لەگەڵ گەلانی دراوسێ و چۆن کورد سەربەستیی تەواوی بە ژنی کورد داوە. باسی ئەوە دەکات کە ژنی کورد ماڵ بەڕێوە دەبات و لە ژیانی سیاسیشدا ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێ. ژنی سەرۆکهۆزێك بەشداری لە دەستەی ڕاوێژی مێردەکەی دەکات و بەشداربووان هان دەدات. باسی عادیلە خانم دەکات کە بۆ ماوەی پانزە ساڵ کاروباری جاف بەڕێوە بردووە. سوریا لە کۆنگرەکەدا لەگەڵ بازیل نیکیتین هاوڕایە کە ئەم ڕەوشەی ژنی کورد لە کولتووری زەردەشتییەوە ماوەتەوە.

600- Mohammad Mokri, « Le mariage chez les Kurdes », In "*L'Ethnographie*", Paris, (1962), p. 42-68.

600-محەمەد موکری، "ژنهێنان لای کورد". باسێکی سۆسیۆ-کۆمەڵایەتی ژنهێنانە لە کۆمەڵگەی کوردی دا. باسەکە دابەشی سەر سێ فەسڵی سەرەکی کراوە. فەسڵی یەکەم: پێوەنانی خێزان. لەم فەسڵە باسی لایەنە ئایینی، کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانی دروستکردنی خێزان دەکات و لەم بەستێنەیەدا باسی ژنهێنانی ناوخۆ و ژنهێنانی دەرەکی باسدەکات. فەسڵی دووەم: ئامادەسازی بۆ ژنهێنان. باسی ئامادەسازی بۆ پرۆسەی ژنهێنان و گەڕان بەدوای ژن، چاوپێکەوتنی کچ و کوڕ لە ناوەندی دەشتەکیی دا. دوا فەسڵ: وەسفی ژنهێنان کە تێیدا باسی ئاهەنگی مارەبڕی، ژنهێنان و پرۆسەی ئامادەکردنی بووك و زاوا دەکات. دواتر وتارەکە کۆمەڵێك وێنەی لەگەڵە

وەك: ژنهێنان، گوندنشینانی کرماشان، هەڵپەرکێی کوردی و خێزانێکی کوردی لە سەنەندەجی تیایە (ساڵی 1910).

601-Anne Vega, *Mariage et accouchement chez les Kurdes de Turquie : représentations de l'alliance et de l'enfantement des femmes kurdes immigrées de la région parisienne* [Memoire de maitrise, ethnologie], Université Paris X, Nanterre, 1989-1990, (155 p).

601-ئان ڤیگا، *ژنهێنان و منداڵبوون لای کوردەکانی تورکیا*. بریتییە لە نامەی Maîtrise (ساڵی چوارەمی زانکۆ) ی خوێندنی ئیتنۆلۆجی ساڵی 1988-1989 و پێش کەش بە زانکۆی پاریسی دەیەم (Nanterre) کراوە. نامەکە دابەشی سەر (4) فەسڵ کراوە. فەسڵی یەکەم: بەرچاوخستنێکی گشتی دانیشتوانی کورد. لەم فەسڵەدا باسی شوێنی جوگرافی، ڕەوشی دیموگرافی، بنچینە، دیالێکت و باوەڕی ئایینی لای کورد کراوە (لا: 7-40). فەسڵی دووەم: زاراوەسازی خزمایەتی. لەم فەسڵەدا باسی ڕەچەڵەك و گرێبەستی هاوسەرگیری لای کوردەکانی تورکیا، ڕەوشی سیستمی خزمایەتی باسدەکات (لا: 41-60). فەسڵی سێیەم: ستراتیژی گرێبەستی هاوسەرگیری و ئایدۆلۆژیای ژنهێنان (لا: 61-100). فەسڵی چوارەم: منداڵبوون. باسی منداڵ بوون، نەزۆکی و ئیماژی ژنی کورد دەکات (لا: 101-125). دەرئەنجام (لا: 126-128). بیبلیۆگرافیا (لا: 129-136) هەروەها لە بەشی پاشکۆدا (8) پاشکۆی هەمەچەشنەی لەگەڵ دایە (لا: 137-153).

602-Haleh Alam, *La femme kurde selon le roman d'Ali Mohammad Afghani : Showhar-e Ahu Xânom*. Mémoire de D.E.A, sous la dir. de Yann Richard, Université Paris III, 1996-1997, (99 p).

602– **هاله علم، ژنی کورد بەگوێرەی ڕۆمانی عەلی مەحموود ئەفغانی: شوهرخانم.** بریتییە لە نامەی D.E.A وساڵی خوێندنی 19916–1997 پێشکەش بە زانکۆی پاریسی سێیەم کراوە. نامەکە برتییە لە پێشبار و دوو بەشی سەرەکی. بەشی یەکەم: جیهانیی ڕۆمانسی (لا: 3–68). ئەم بەشە بۆ خۆی دابەشی سەر 3 فەسڵ کراوە . فەسڵی یەکەم: چاوپێداخشانێك بۆسەر ئەدەبی کوردی. فەسڵی دووەم: شوهر خام. لەم فەسڵەدا باسی ژیاننامەی عەلی مەحموود ئەفغانی، کورتەی ڕۆمانەکە و زەمەنی ڕۆمانەکە (1926–1941) و شوێنی ڕوودانی ڕۆمانەکە (کرماشان) دەکات و پاشان ڕۆمانەکە شیدەکاتەوە. فەسڵی سێیەم: کلیدر: ڕۆمانی مەحموود دەوڵەت ئابادی. لەم فەسڵەدا باسی مێژووی دانیشتوانێکی هەڵقەنراو و باسێکی نووسەری ڕۆمانەکە و کورتەیەکی ڕۆمانەکە دەخاتە بەرچاو و لە دوایین چمکیشدا باسی ژن دەکات لە ڕوانگەی ڕۆمانی کلیدەر دا. بەشی دووەم: ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکان (لا: 69–95). ئەم بەشەش بە هەمان شێوەی بەشی یەکەم دابەشی سەر (3) فەسڵی جیا کراوە. فەسڵی چوارەم: کوردستان: ئیتنی، دانیشتوان و ئایین. فەسڵی پێنجەم: سترەکتووری سۆسیۆ–ئابووریی. لەم فەسڵەدا باسی سترەکتووری کۆمەڵگەی کوردی: کۆچەری، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و سترەکتووری ئابووری گوندنشین و خێزانی کورد باسدەکات. فەسڵی شەشەم: ژنی کورد. دەرئەنجام (لا: 96–99). بیلیۆگرافیا (لا:100–105).

603-Nazand Abdulla Begikhani, *La femme kurde dans les littératures européennes principalement française et anglaise du XIXeme et du début du XXeme siecle.* sous la direction de Jean Bessiere, thèse de doctorat : littérature comparée : paris 3 : 1997, (387 p).

603–نەزەند عەبدوڵڵا بەگیخانی، ***ژنی کورد لە ئەدەبیاتی ئەورووپایی و بە ڕوویێکی تایبەتیش لە ئەدەبیاتی فرەنسی و ئینگلیزی دا (لە سەدەی نۆزدەهەم تا سەرەتای***

*سەدەی بیستەم دا)*. کارنامەی دوکتۆرایە و ساڵی 1997 پێشکەش بە زانکۆی پاریسی سێیەم (سۆربۆنی نوێ) کراوە. تێزەکە دابەشی سەر شەش بەشی سەرەکی کراوە. بەشی یەکەم: بریتییە لە پێشکەشکردنێکی گشتیی و خوێندنەوەیەکی شیکاری سەرفەرنامە و گەشتنامە ئینگلیزی و فەرەنسییەکان و دواتر باسێکی ئیماژی کورد لە ڕۆژئاڤا و باسی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی-سیاسییەکانی کورد کراوە (لا: 13-90). بەشی دووەم: ئیماژی سەرمەشقانەی ژنی کورد (لا: 92-136). لەم بەشەدا پێ لەسەر ئیماژی فیزیکی جلی ژێرەوە، جل و بەرگ، ئارایش، خشل و زێر و زەبەر لای ژنی کورد داگیراوە. بەشی سێیەم: دەوروبەری ماددی و کۆمەڵایەتی (لا: 138-216). لەم بەشەدا باسی چەمکی ژن و مێینایەتی و ژنانی گوندنشین و بە تایبەتی لە دیدی گەڕۆکی ئیتالیایی بیلژیۆ ژۆسۆ کراوە و بە درێژی باسی شوێنی ئایین، ژیانی ئافرەتی حەرەم و دواتریش باسی ژیانی ئافرەتی کورد دەکات و پێگەی کۆمەڵایەتیی ژنە گوندنشینەکان دیاری دەکات. هەر لە درێژەی بەشی سێیەم دا فەسڵێکی تایبەت تەرخانکراوە بۆ ڕیپریزەنتاسیۆنی ژنانی کۆچەر و نیمچە کۆچەر لە دیدی گەڕۆك و گەڕالە ئەوروپاییەکان دا و پێ بە پێ نووسەر باسەکە دەباتەوە ناو شوێنی نیشتەنی، پێگەی کۆمەڵایەتی، ڕۆڵی ئافرەتانی کۆچەر و نیمچە کۆچەر و لەشساغی و باسی ترانس هیومانسی کۆچەریی کورد دەکات. بەشی چوارەم: ژنانی کورد و سیاسەت (لا: 252-290). باسی شانۆی جەنگ و بەشداری ئافرەتانی پاڵەوان و جەنگاوەر دەکات لە جەنگەکان و بە شوێنیشییەوە باسی ڕۆڵی ژنانی کورد دەکات لە پرۆسەی ئاشتبوونەوەدا. دواتر لە فەسڵی دووەمی ئەم بەشەدا باسی ژنانی دەسەڵاتداری کوردستا: عادیلەخانم: شاژنی بێ تاج وەك نموونە دەهێنێتەوە. بەشی پێنجەم: ژنخوازی و ئاهەنگی ژنخواستن (لا: 291-345) لەم بەشەدا باسی چەمکی ژنخوازی، فرەژنی، ڕەدووکەوتن، جیابوونەوە و شەوی بوکێنێ دەکات. هەرچی دوایین بەشی تێزەکەیە: ڕیپریزەنتاسیۆنی وێنەیی ژنی کورد لە نووسراوەکانی باسەکەدا (لا: 347-350) بریتییە لە پێشەکیەکی کورت و دواتر (22) تابلۆی ژنی وردی نیشانداوە کە لە سەرفەرنامەی گەڕۆکەکان وەرگیراون. دەرئەنجام (لا: 371-374). بیبلیۆگرافیا (لا:378-388).

604-Nazand Begikhani, « La femme kurde face à la montée islamiste », In : *Les Cahiers de l'Orient* (1997), n° 47, 3e trim p. 43-53

**604-نەزەند بەگیخانی، "ژنی کورد لەبەرامبەر هەڵکشانی ئیسلامیی دا". بریتییە لە کورتە باسێکی ڕەوشی ژنی کورد لە ڕوانگەی بزووتنەوە ئیسلامییەکان دا و بۆ ئەم مەبەستە نووسەر سەرەتا گەوڕاوەتەوە بۆ ساڵانی هەشتایەکان و دەورانی جەنگی عێراق-ئێران و ڕەوشی ژنان لەم دەورانە باسدەکات و دواتر بەشی سەرەکی باسەکە پێ لەسەر ڕوانگەی ئیسلامییەکان دا دەگرێ بەرامبەر بە ژن و بە تایبەتی دوای ڕاپەڕینی 1991. باسی ژنکوژی و ئایدۆلۆجیای شەڕەف -وەك ئەوەی نووسەر ئاوای ناودەنی- ، ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی ژنان لە پاراستنی مافەکانی ژنان لەم بەشەی کوردستان دا لە باسە سەرەکیەکانیەتی.**

605- Annabelle Böttcher, « L'élite féminine kurde de la Kaftâriyya, une confrérie Naqshbandî damascène », In : *Islam des Kurdesn* (edts) Martin Van Bruinessen & Joyce Blau. - Paris, - 1998. -(*Les Annales de l'autre Islam*, 5) p. 125-139.

606-Pierre-Yves Ginet, *Femmes kurdes de Turquie*, Paris, "Clara magazine" Paris, Ed.Mairie de Paris, 2004, (95 p).

**606-پییێر-ئێڤ ژینێ، *ژنە کوردەکانی تورکیا*. کتێبێکی وێنەدارە دەربارەی ڕەوشی ژنانی کورد لە تورکیا. خەدیجە بورجات، ئالیکاری پارێزگاری پاریس وتەی بەرایی بۆ نووسیوە و پاشان دانێل میتراند وتەیەکی بەرایی کورتی نووسیووە و کتێبەکە هەمووی ئێنە فۆتۆگرافی ژنانی کوردە لە تورکیا.**

## 5.7: لەشساغی

607-Dr Tholozan, « Note sur le développement de la peste bubonique dans le Kurdistan en 1871 », In "*Gazette médicale de Paris*", Paris : impr. de Cusset, 1871, (10 p).

Tholozan, Joseph-Désiré (médecin principal de l'armée, Dr). Auteur

608-J .D. Tholozan, Des Éclosions de la peste dans le Kurdistan, Paris : [s.n.], 1882, (   p).

609-Léonard Arnaud, *Une Enquête sur la peste dans le Kurdistan persan,* rapport de M. le Dr Arnaud, Constantinople : impr. du journal la Turquie, 1882, (56 p).

609–بەدواداچوونێك دەربارەی ڕەشاﺆ لە کوردستانی ئێران دا. بریتییە لە ڕاپۆرتی پزیشکیی دوکتۆر لیۆنارد ئارنۆ کە ساڵی 1882 وەکوو وەفدی لەشساغی ڕاسپێردراوە بچێتە کوردستانی ئێران. یەکەیمن هەواڵی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکە لە لایەن بیرۆی تەلگرافخانەی ساوج بولاق دەگاتە تاران. لە دەستپێکی مانگی نیسان نەخۆشیەك بە تایەکی زۆرەوە لە ناواچەی ئۆزوون–دەرەی نزیك ساوج بولاق (مەهابادی ئێستەکە) بەخێرایی بلاودەبێتەو و لە ماوەی دوو ڕۆژدا (12) کەس دەکوژێ. ئەم ڕاپۆرتە باسێکی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکە و ناو و تەمەنی ئەو کەسانەشی تێدایە کە بە نەخۆشیەکە مردوون و کۆمەڵێك زانیاری گرینگی لەبارەی ناوچەکە تێدایە.

610-Yves-J. Golvan et Jean-A. Rioux, « Ecologie des mérions du Kurdistan iranien relations avec

l'épidémiologie de la peste rurale (enquête de l'Institut Pasteur de l'Iran. Rapport préliminaire) », In *Annales de parasitologie humaine*. Tome 26, N° 4, 1961, p. 584-588.

611-Patrice Richard, *Etude hémotypologique de certains groupes kurdes*, thèse pour le Doctorat d'Etat en Médecine. Université Paul-Sabatier- Faculté de Médecine, Toulouse, 1976, (82 p).

612-Aide médicale internationale, *Le Kurdistan d'Iran et l'Aide médicale internationale*, Paris, 1984, (95 p).

613-Frédéric Soulier, Mission médico-chirurgicale au Kurdistan iranien: contexte historico-politique, compte-rendu d'activité, glossaire franco-kurde et franco-persan, Th. Méd. Paris 6, Pitié-Salpétrière, 1982, (98 f).

# بەشی هەشتەم

# زمان، کولتوور و هونەر

## 1.8: فۆلکلۆر و ئەدەبی زارەکی

614-J. Bedir Khan, “Le Folklore Kurde”, In: *Hawar*, n° 3, 1932, p. 9-11.

615- Basile Nikitine, « Essai de classification de folklore à l’aide d’une invention social-économique », In *XVI congrès international d’Anthropologie*, Bruxelles, 1935, p. 1-12.

**615-بازیل نیکیتین، "هەوڵدانێك بۆ پۆلینکردنی فۆلکلۆر لە سەر بنەمای دۆزینەوە سۆسیۆ-ئابوورییەکان). باسێکی کورتی دابەشکردنی چینە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی دەکات و باسی شارە کوردەوارییەکان دەکات لەوانە جەزیرە کە گەڕۆکی تورك ئەولیا چەلەبی لە سەدەی حەڤدەهەم بە ناوەندی شارنشینی کوردی داناوە. دواتر باسی فۆلکلۆری کوردی دەکات و پاشان لە ڕووی سترەکتووری کۆمەڵایەتییەوە باسەکە تەرخانی داستانی فۆلکلۆری مەم و زین کراوە.**

616- Roger Lescot, « Proverbes et énigmes kurdes », In : *Revues des Etudes Islamiques* (1937) vol. p. 307-350.

616-ڕۆژەر لیسکۆ، " پەندی پێشینان و مەتەلی کوردی". بریتییە لە کۆکراوەی کۆمەڵێك پەندی پێشینان و مەتەڵی کوردی ناوچەکانی ماردین و میافاریقین و هەموو مەتەڵ و پەندەکان بە ترەنسکریپسیۆنی لاتینی نووسراونەتەوە و تەرجەمەی فرانسی یان لەگەڵ دایە و بە پێی بابەت ڕیزبەند کراون.

617-Lucie Paul-Margueritte & l'émir Kamuran Bedir Khan, *Proverbes kurdes: précédés d'une étude sur la poésie kurde*, Paris : Berger-Levrault, 1937, (171 p).

617-لوسی پۆل-مارگریێت و میر کامیران بەدرخان، ، *پەندی پێشینانی کوردی بە پێشەکی لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی شیعری کوردی*. ئەم کتێبە بریتییە لە دوو بەشی سەرەکی. بەشی یەکەم: لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی شیعری کوردی کە باسێکی کورتە دەربارەی شیعری کوردی و باسی چەند شاعیرێکی کلاسیکی کوردی دەکات وەکو عەلی تەرەماخی و پارچە شیعلاێکی تەرجەمی فرەنسی کراوە و هەروەها باسی تەرموکی و مەلایێ جەزیری و حاجی قادری کۆیی کراوە چەند شیعرێکیشیان تەرجەمەی فرەنسی کراوە. دواتر بەشی دووەمی کتێبەکە بریتین لە کۆمەڵێك پەندی پێشینانی کوردی کە لە سوریا کۆکراوەنەتەوە و پەندەکان هەر تەنها بە فرەنسی نووسراونەتەوە و تێکستە کوردییەکانیان لەگەڵ دا نییە.

618-Roger Lescot, *Textes kurdes*: Contes, proverbs et énigmes. Paris, Ed. P. Geuthner, (Institut français de Damas. Collection de textes orientaux, Vol :I, 1940, (258 p).

618-ڕۆژەر لیسکۆ، *تێکستی کوردی: هەقایەت پەندی پێشینان و مەتەڵ*. ئەمکارەی لیسکۆ بریتییە لە پێشەکی (لا: پێنج-حەوت) و دوو بەشی سەرەکی: بەشی یەکەم: کۆکردنەوە و نووسینەوەی کۆمەڵێك هەقایەتی کوردی (پێنج هەقایەت) کە بە کوردی لاتینی و وەرگێڕانە فرەنسیەکەشی لە بەرامبەرە (لا: 2-185)، هەرچی بەشی

دووەمە بریتییە لە کۆمەڵێك پەندی پێشینان و مەتەڵی کوردی بە وەرگێڕانی فرەنسییەکەوە (لا: 189–237)، دواتر پەراوێز و تێبینی لەسەر زمانی هەقایەتەکان نووسیووە (لا: 241–245)، پەراوێزەکان (لا: 246–254).

619-Roger Lescot, *Textes kurdes : Mamé Alan*, Institut français de Damas. Collection de textes orientaux t. 1, Paris : P. Geuthner, Vol : II, 1942, (386 p).

619–ڕۆژەر لیسکۆ، *تێکستی کوردی: مەمێ ئالان*. لیسکۆ لە پێشەکی کتێبەکەیدا باسی چاپەکانی مەمێ ئالان دەکات کە پێشتر لە لایەن: ئۆسکارمان، خانی،ماکلێر و گۆواری هاوار بڵاوکراونەتەوە. هەر لە پێشەکەیدا باسی ئەو دەنگبێژە کوردانە دەکات کە نیوەی دووەمی سییەکان لە شام تێکستی کوردیی مەمێ ئالانی لە زار نووسیوونەتەوە (لا: پێنج–بیست و پێنج). دوای ئەوە تێکستی مەمێ ئالانی بە چاپکراویی بە کوردی لاتینی و لە بەرامبەرەکەیشیدا وەرگێڕانە فرەنسییەکەی بڵاوکردۆتەوە (لا: 4–369). لە دوا بەشی کتێبەکەیدا لیسکۆ پەراوێز و کۆمێنتاری بۆ تێکستەکە نووسیووە (لا: 371–385). بڕوانە ژمارە: 626

620-Thomas Bois, « L'ame des Kurdes à la lumière de leur folklore», In : *Cahiers de l'Est*, Beyrouth 1946, (57 p).

620–تۆما بوا، " ڕۆحی کورد لەبەر ڕوناکی فۆلکۆرەکەیدا". بریتییە لە باسێکی گشتیی سۆسیۆلۆژی و دەروونناسی دەربارەی کەسایەتی کورد و تاکی کورد و لەبەر ڕوناکی لێکۆڵینەوە لە فۆلکلۆری کوردیا هەوڵدەدا دیراسەی کورد بکات چ وەك کۆمەڵ و چ وەك تاك. لێکۆڵینەوەکە بەسەر چوار فەسڵی سەربەخۆ دابەشکراوە. فەسڵی یەکەم: کورد وەکو هونەرمەند دەڕوانێتە سروشت (لا: 11–14). فەسڵی دووەم: کورد خەسڵەت و شەرافەتمەندی هەیە (لا: 15–29). فەسڵی سێیەم: ژنی

کوردیش ڕەسەنە (لا: 31–46). فەسڵی چوارەم: لە برامبەر خوداوەند دا کورد بچووکە (لا: 47–57).

621-Basile Nikitine, « La poésie lyrique kurde », In "*Ethnographie*", années 1947-1950, n°45, p. 39-53.

621–بازیل نیکیتین، "شیعری لیریکیی کوردی". لەم وتارەیدا نیکیتین باسی شیعری لیریکی کوردی و بە رووییێکی تایبەتیی باسی شیعری فۆلکلۆری کوردی دەکات و چەند نموونەیەکی لاوك و لاوژی کوردیی بە نموونە دەهێنێتەوە و دوایین جاریش چەند شیعرێکی دوکتۆر کامیران بەدرخان نووسووەتەوە.

622-Thomas Bois, « Coup d'oeil sur la littérature kurde », in : *Al-Mashriq* (1955) vol. 49, 2, mars-avril p. 201-239.

623-Joyce Blau, « Trois textes de folklore kurde », In *Correspondance d'Orient, Etudes*. Collection : "Correspondance d'Orient", publié par le Centre pour l'Etude des Problèmes du Monde Musulman Contemporain, Bruxelles (1965), n° 7 p. 29-50.

623–جۆیس بلۆ، "سێ تێکستی فۆلکلۆری کوردی". نووسەر سەرەتا باسێکی کورتی زمانی کوردی و ئەدەبیاتی کوردی دەکات و دواتر سێ تێکستی کوردیی (کورمانجی سەروو) دەخاتە ڕوو کە بریتین لە تێکستەکانی: 1– ڕێڤی و تۆز بەگ. ئەم چیرۆکە سلێمان تەنبورڤانی خەڵکی ماردین ساڵی 1943 بۆ میر کامیران بەدرخانی گێڕاوەتەوە (لا: 36–48). 2–سە چەوا ژ خوەڕا هەڤالەك دیت. ئەم چیرۆکە لە هەقایەتەکانی ناوچەی ئالاگۆزە و ئەم تێکستەش لە میر بەدرخان وەرگیراوە (لا: 44–48). 3–پرچەمەك و سلێمان. لە لایەن عوسمان صەبری لە گۆواری ڕۆژا نوو بلاوکراوەتەوە (لا: 48–50). شایانی گوتنە هەرسێ تێکستەکانی

**چیرۆکەکان دیویٚکیان تیٚکستە کوردییەکەیە بە (لاتینی) و دیوەکەی بەرامبەریشی تیٚکستە وەرگیٚراوەکەیە بە زمانی فرەنسی.**

624-Mohammad Mokri, Bîzhan-u Manîdja, version populaire du sud du Kurdistan (épisode du Châhnâma, épopée iranienne). Texte établi, introduction, thèmes folkloriques, notes linguistiques et glossaire. Paris-Louvain (Librairie Klincksieck), 1966 (en français, accompagné du texte gourani et d'une préface en persan), (242 p).

624-**محەمەد موکری، *داستانی بیٚژەن مەنیجە، گیٚڕانەوەی میللیی لە باشووری کوردستان.* ئەفسانەی بیٚژەن و مەنیجە لەناو کورد دا زۆر باوە. تیٚکستی کوردی (سۆرانی) لە لایەن مەکەنزی لەناوچەی وارماوەی نزیك هەڵەبجە کۆکرایەوە و لە کتیٚبی دیالیٚکتی کوردی بڵاوکرایەوە**[25]**. نوسخەی گۆرانی ئەم داستانە چەندان سەدەیە لە ناوچەکانی کوردستانی ئیٚران دا هەیە. دوایین نوسخەی کە واپیٚدەچیٚ (لە سەدەی حەڤدەهەم ) نووسرابیٚتەوە. موکری لە ڕووی دوو دەسنووسی ئەم داستانە چاپیٚکی تەواو زانستی بۆ ئەم داستانە ئامادە کردووە و پیٚشەکی و لیٚکدانەوەی میچژوویی و زمانەوانی بۆ تیٚکستەکە نووسیووە و فرەهەنگۆکی بۆئامادەکردووە و ناوەکانی ساغ کردۆتەەو و دواجاریش تیٚکستەکەی بە زمانی گۆرانی چاپکردۆتەوە و هاوکات وەرگیٚڕانە فرەنسیەکەشی لەگەڵ دا بڵاوکردۆتەوە.**

625-Gérard Chaliand, *Poésie populaire des Turcs et des Kurdes*, 1ère Ed. Paris : François Maspero, 1961 (147p), 2ème Ed. Paris, d’Aujourd’ hui, 1976, (147 p).

---

[25]D. N MacKenzie, *Kurdish dialect studies,* London, New York : Oxford University Press ,Vol II, 1962, pp. 92-106, 208-238.

626-Mamé Alan : *épopée kurde*. Texte établi, trad. du kurde et présenté par Roger Lescot ; préf. de Kendal Nezan, Paris, Gallimard, Coll. L'Aube des peuples, 1999, (247 p).

626-*مەمێ ئالان*، وەرگێڕانی لە کوردییەوە بۆ فرەنسی، پێشکەشکردنی ڕۆژەر لیسکۆ. بە پێشەکی کەندال نەزان. ڕۆژەر لیسکۆ (1914 – 1975 ) ساڵی 1936 بڕوانامەی لیسانس لە ئەدەب و دیپلۆمی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان لە شامی ژێر دەسەڵاتی ئینتیدابی فرانسا بۆ نووسینەوەی تێکستی کوردیی مەمێ ئالان گوێ لە زیاتر لە بیست دەنگبێژ دەگرێ. دواجار لە ڕێگەی میر جەلادەت بەدرخات ئەم تێکستانەی مەمێ ئالان کە تەرجەمەی فرەنسی کردوون لە ڕووی دوو دەنگبێژ: میشۆ و سەبری نووسراونەتەوە. چاپی یەکەمی فرەنسی ئەم تێکستانە بۆ یەکەمجار ساڵی 1942 لە بەیروت لە لایەن ئینستووتی فرەنسی بەناوی (تێکستی کوردی، بەرگی دووەم (مەمێ ئالان))[26] بڵاوکرایەوە. هەمان تێکست بۆ جاری دووەم لە لایەن ژێرار شالیان لە کتێبی هەڵبژاردەیەك لە شیعری میللی کوردی ساڵی 1980 لە پاریس بڵاوکرایەوە[27] (لا: 77-262) و ئەم چاپەی ئێرە سێیەمین چاپی فرەنسی ئەم تێکستەیە. هەرچی تێکستە کوردیەکەیەتی بۆ یەکەمجار بە کوردی (لاتینی) و تەرجەمی فرەنسی لە لایەن لیسکۆ ساڵی 1942 هەر لە کتێبی (تێکستی کوردی، بەرگی دووەم (مەمێ ئالان)) لە بەیرووت بڵاوکرایەوە. دواتر ساڵی 1957 لە لایەن نورەددین زازا بە ناوی داستانی مەمێ ئالان لە شام تەنها چاپە کوردییەکەی بڵاوکرایەوە. ساڵی 1978 لە ئەستەمولّ تێکستە کوردیەکە و تەرجەمە تورکیەکە بەسەریەکەوە لە بڵاوکراوەکانی Özgûrlûl Yolu بڵاوکرایەوە و دواتریش لە سوێد و ئەستەمبوولّ چاپی دیکەی کوردی بە لاتینی بڵاوکراوەتەوە. ئەم چاپەی

[26]Roger Lescot, *Textes kurdes : Mamé Alan*, Institut français de Damas. Collection de textes orientaux t. 1, Paris : P. Geuthner, Vol : II, 1942, (386 p).

[27]Gérard Chaliand & Roger Lescot, *Anthologie de la poésie populaire kurde*, 1ère édition : Paris : Stock, 1980, (261 p)

فرەنسیەی مەمیٚ ئالان کە بەسەرهاتەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی چواردەهەم تا ڕۆژی ئەمرۆ هەر دەماودەم پارێزراوە. بۆ ئەم چاپی سێیەمی فرەنسیی ئەم داستانە کەندال نەزان پێشەکیەکی دووردرێژی بۆ نووسیوە و بە مێژووی کۆنی کورد دەستپێدەکات و دواتر باسی ئەدەبی نووسراوی کوردی، ئەدەبی زارەکی دەکات و پاشان باسی داستانی مەمیٚ ئالان و چۆنیەتی تۆمارکردنی لە لایەن لیسکۆ دەگێڕێتەوە (لا: 7–51). دوای ئەوە ڕۆژەر لیسکۆ لێکۆڵینەوەیەکی بۆ نووسیوە و باسی داستانەکە دەکات و دواتر بەراوردێکی کۆپی چەند دەسنوسێکی داستانەکە دەکات کە لە لایەن: میشۆ، مان، خانی، هاوار، مەکلیر نووسراونەتەوە (لا: 59–82). دواتر دەقی وەرگێڕاوی فرەنسییەکە (لا: 87 – 239) بڵاوکراوەتەوە. پەراوێزەکان (لا: 243–248). بڕوانە ژمارە: 619

## 2.8: بیۆگرافیا

628-R. L, "Basil Nikitine (In Memoriam)", in: *L'Afrique et l'Asie*, n° 54, 2e Trim.1961, p. 46-40.

628–ڕ.ل، " بازیل نیکیتین (لە بیرەوەریدا)". باسێکی ژیان و بەسەرهات و بیۆگرافیای کوردناسی پۆلۆنی بازیل نیکیتینە (1885 پۆلۆنیا–7 ی حوزەیرانی 1960 پاریس). ئەم وتارە لە لایەن هاوڕێیەکییەوە بە بۆنەی کۆچی دوایی ئەم زانا گەورەیەوە نووسراوە.

629-Joyce Blau, « Qanate Kurdoev (1909-1985) », In *Studia Iranica* (1986) vol. 15, 2, p. 249-256.

629–جۆیس بلۆ، " قەناتی کوردۆ 1909–1985 ". قەنات کوڕی کەلەش، کوڕی خدرە ساڵی 1909 لە سوسز لە نزیك قازیمان لە هەرێمی قارس لە دایك بووە. ساڵی 1918 وەختایەك قەنات لە تەمەنی نۆ ساڵی ابووە کاتێك بە خێزانەوە ئاوارەی

ئەرمینیا دەبێ. ساڵی 1928 قۆتابخانەی لازۆ تەواو دەکات. لە گەماڕۆدانی لینینگراد بریندار دەبێ. قەناتی کوردۆ لە بەشی ئێرانیناسی لە لینینگرا دەرسی وتۆتەوە و دواجار ساڵی 1959 لەگەڵ ئۆربیللی بەشی کوردی دەکەنەوە و لە ساڵی 1961 بە دواوە قەناتی کوردۆ ئەم بەشەی بەڕێوە بردووە. دوای کورتەیەکی ژیاننامەی قەناتی کوردۆ نووسەر بیبلیۆگرافیایەکی بەرهەمەکانی نووسیووە کە بریتین لە (64) کاری نووسین و لێکۆڵینەوە لە نێوان: زمانەوانی، مێژوو، ئەدەب، فۆلکۆلۆر و فەرهەنگ دا.

630-Wédat Kaymak, *Les éternels exilés : brève biographie de 93 personnalités kurdes*, Paris : Association des cinéastes kurdes en exil ; [Paris] : [O. Aymar], 1990, (208 p).

630-ویداد کایماک، پەڕیوە نەمرەکان: ژیاننامەی کورتی 93 کەسایەتی کورد. کایماک خەڵکی دیاربەکریە لە ساڵی 1982-ەوە لە فرانسا دەژی. ئەم کتێبە بریتییە لە ژیاننامەیەکی کورتیی 93 کەسایەتی کورد (سیاسەتوان، ڕوناکبیر و سەرکردەی شۆڕش) وەک: د. عەبدوڵڵا جەودەت، جەلیللی جەلیل، قاسملوو، دڵدار، ئەحمەدی خانی، بارزانی، سمکۆ، محەمەد شوکری سەگبان و زۆر کەسایەتی ناوداری دیکەی کورد.

631-Hishyar Barzani, *Les élites parlementaires kurdes irakiennes,* Mémoire Maîtrise de sociologie, sous la dir. de Y. Grafmeyer, Université Lumière Lyon II, Lyon, 1994-1995, (95 p).

631-هشیار بارزانی، *دەستەبژێری پەرلەمانتاری کوردیی عێراق.* بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆلۆژی و نامەی Maîtrise (ساڵی چوارەمی زانکۆ) یە دەربارەی دەستەبژێری پەرلەمانتارە کوردەکانی خولی یەکەمی ئەنجومەنی

نیشتیمانی کوردستانی عێراق. نامەکە بریتییە لە سێ فەسڵی سەرەکی. فەسڵی یەکەم: مێژوو. چاوپێداخشانێکی مێژووییە بە مێژووی کوردستان و دواتریش مێژووی کوردستانی عێراق (لا: 4–14). بەشی دووەم: تیۆر. لە ڕووی تێۆرییەوە باسی دەستەبژێر (ئێلیەت) و میتۆدۆلۆژی دەستەبژێر باسدەکات (لا: 15–31). فەسڵی سێیەم: خوێندنەوەی چاوپێکەوتنەکان کە نووسەر لەگەڵ ئەندام پەرلەمانە کوردەکانی سازداوە (لا: 32–87). دەرئەنجام (لا: 88–91). بیبلیۆگرافیا (لا: 92).

632-Joce Blau, « Vie et oeuvre de Thomas Bois 1900-1975 », In: *The journal of Kurdish studies*, Keith Hitchins– Louvain : Peeters. N° (1), 1995, p. 85–96.

633-Hamit Bozarslan,"Barzani Mustafa (1903-1979)", In : *Dictionnaire historique et géopolitique du 20ème siècle,* Paris, La Découverte, 2000, p. 70-71.

633–حەمید بۆزئەرسلان، "موستەفا بارزانی (1903–1979)". باسێکی کورتی ژیاننامەی بارزانیی و قۆناغەکانی خەبات و ژیانی بارزانی، سەرکردەی شۆڕشی ئەیلوول دەگێڕێتەوە لە فەرهەنگێکی تایبەت دەدا کە تەرخانە بە مێژووی سیاسیی سەدەی بیستەمی هەموو جیهان.

634-Hamit Bozarslan,"Cheikh Said Muhammad ( ?-1925)", In : *Dictionnaire historique et géopolitique du 20ème siècle,* Paris, La Découverte, 2000, p.128.

634–حەمید بۆزئەرسلان، "شێخ سەعید محەمەد (؟–1925)". شێخ محەمەد نەقشبەندی سەعید (ناسراو بە شێخی پیران) ساڵی 1924 پێوەندی بە ڕێکخراوی (ئازادی) دەکات و ڕێبەرایەتی شۆرشی ساڵی 1925 بە ئەستۆ دەگرێ ئەو شۆڕشەی

که خەری داپلۆسینەوەی چارەگێکی بودجەی ساڵانەی تورکیای لێ خەرجکراوە و بە گوێرەی سەرچاوە کوردییەکان بوو بە سۆنگەی کوشتنی 15000 خەڵکی سیڤیل.

635-Hamit Bozarslan, "Ghassemlou Abdul Rahman (1930-1989)". In : *Dictionnaire historique et géopolitique du 20ème siècle,* Paris, La Découverte, 2000, p. 294.

635-حەمید بۆزئەرسلان، "عەبدولڕەحمان قاسملوو (1930-1989)". باسێکی کورتی ژیاننامەی سەرکردەی حیزبی دیموکراتی ئێران عەبدولڕەحمان قاسملووە. ساڵی 1973 قاسملوو بە سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەڵبژێردرا. حدکا بەشداری لە شۆڕشی 1979 ی ئێران دا کرد. قاسملوو قەناعەتی وابوو کە پرسی کورد لە ئێران بە چەك چارەسەر ناکرێ. لە گەرمەی گفتوگۆ قاسملوو و دوو لە هاوڕێکانی لە 13 ی تەممووزی 1989 لەسەر مێزی گفتوگۆ تیرۆر کران.

636-Chris Kutschera, *Kurdistan* : histoires ; [traduit de l'anglais par Helen Tange, du kurde par Aziz Hussein], [Paris] : KRG (GKI), impr. 2007, (203 p.)

637-Jordi Tejel-Gorgas, "Thomas Bois", in François Pouillon (éd.), Dictionnaire des orientalistes de langue française, Paris : *IISMM* : Karthala, 2008, p. 117-119.

637-جۆردەی تەژەل گۆرگاس،" تۆما بوا". باوکە تۆما بوا (1900-1975)، دۆمینکیان و پسپۆری بواری کوردناسی بوو. ساڵی 1925 بووەتە قەشە و دو ساڵ دواتر چووەتە مووسڵ بۆ دێرەی مار یەعقوب. ساڵی 1936 چووەتە جەزیرەی سوریا و لەناو کۆمیونیتەی کورد ماوەتەوە. ساڵی 1940 جەزیرە جێدەهێڵێ و دەبێتە مامۆستای فەلسەفە لە قوتابخانەی مەسیحییەکان لە تەربلوس (لوبنان). پێوەندی

لەگەڵ کوردەکان و بە تایبەت برایانی بەدرخان خۆشبوو و تا ساڵی 1965 هەر لە ڕۆژهەڵات ماوەتەوە و لەم ماوەیەدا کۆمەڵێك وتاری زانستی زۆر نایابی لەسەر کورد و کۆمەڵگەی کوردی نووسیووە. دوای گەڕانەوەشی لە پاریس بووەتە موحازیر لە ئەنستیووتی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان و شارستانیەتی رۆژهەڵاتی لە پاریس.

638-Hamit Bozarslan, "Rondot Pierre", in: *François Pouillon* (éd.), Dictionnaire des orientalistes de langue française, Paris : *IISMM* : Karthala, 2008, p. 839-840.

638- حەمید بۆزئەرسلان، "رۆندۆت پییێر". ژێنێرال ڕۆندۆ (ڤێرسای 1894-لیۆن 2000). ساڵی 1922 دەچێتە ئەکادیمیای Saint-Cyr و ساڵی 1926 وەکو خۆبەخش دەچێتە فیرقەی بێگانە. ماوەیەك لەناوچەی (ڕیف) ی جەزایر و ساڵانی سییەکان دەچێتە شام و ساڵی 1948 دەبێتە بەرپرسی CHEAM تاوەکوو ساڵی 1967 و دواتر گەڕاوەتەوە فرانسا و لە پاریس، لیۆن و گرۆنۆبل دەرسی وتۆتەوە ە تخۆی بۆ نووسین و لێکۆڵینەوە تەرخان دەکات و کۆمەڵێکی یەکجار زۆر نووسینی لەسەر کورد نووسیووە.

## 3.8: ئەدەبیاتی نووسراو

639-P. Lerch, « Sur une ballade kourde publiée dans le journal asiatique », In : *Mélange Asiatique* (Tiré du) *Bulletin de l'Académie des Sciences de St Pétersbourg*", Tom IV (1860-1862), St. Pétersbourg, 1863, p, 25-28.

640-Jaba, « Ballade kurde recceillie et traduite par A. Jaba et communiqué par M.de Tchihatcheff », in : *Journal Asiatique*, 5ème série, T XIV, 1859, p. 153-166.

640–ئەم وتارە لە ڕاستیدا بریتییە لە تێکستی حەکایەتێك کە لەناوچەی بینگۆڵ داغ لە بیست کیلۆمەتری باشووری ئەرزەرۆم لە زاری خەڵکی ناوچەکە کۆکراوەتەوە و بریتییە لە حەکایەتی سیاحمدی سلیوی و شەمسی و ژابا تەرجەمەی فرەنسی کردووە و چەچایڤ بڵاویکردۆتەوە.

641-Auguste Jaba, *Recueil de notices et récits Kourdes servant à la connaissance de la langue : de la littérature et des tribus du Kourdistan,* St.-Pétersbourg : Eggers, 1860, (111 +128 p).

641–ئۆگست ژابا، کەشکۆڵی سەرنج و هەقایەتگەلی کوردی لە پێناو ناسینی زمانی کوردی: ئەدەب و هۆزگەلی کوردستان. ئەم کتێبەی ژابا کە ناونیشانە فرەنسییەکەی بەمجۆرە یە و ناوە کوردییەکەی بەناوی ( *جامع یی رسالیان و حکایتان بزمانێ کورمانجی*) بڵاوکراوەتەوە لە ڕاستیدا هەقایەتە کوردییەکان و زانیارییەکان لە نوسینی مەلا مەحموودی بایەزیدی (1797–1867؟) ن و وەرگێڕانە فرەنسییەکەش کاری ئەلیکسادەر ژابایە[28]. شایانی گوتنە ئەوە بگووترێ کە ئەم تێکستانە لەسەر دنەدانی ڕۆژهەڵاتناسی گەورە بێرنارد دۆرن کۆکراونەتەوە.

642-Basile Nikitine, « Un sujet de fable (Variantes Kurdes et Persane », In *Revue d'Ethnographie et des Traditions populaires.* Tom III, 3 e année, n° 10, Paris, 1922, p. 129-140.

643-Basile Nikitine, « Les thèmes religieux dans les textes kurdes de la collection de B.Nikitine », In *Actes du congrès international de l'histoire de la religion*, tenu à Paris, 1923, tom II, Paris, p. 413-431.

---

[28] Auguste Jaba (1801-1894).

643-بازیل نیکیتین، " بابەتە ئایینییەکانی ناو تێکستە کۆکراوەکانی ب. نیکیتین ". نیکیتن لەسەر ئەو کەرەسە و مەتریالە کوردیانەی کە لە ساڵەکانی 1916-1917 کۆیکردبوون‌وە و بە قسەی خۆی "بایی دەسنووسێك کەرەسی لا کۆببۆوە" ئەم بابەتەی بۆ کۆنگرەی ئایینەکان نووسیووە. نووسەر بابەتەکەی بۆ دوو بەشی سەرەکی دابەشکردووە. بەشی یەکەم: بازنە موسڵمانێتی کورد. لەم بەشەدا لە فەسڵی یەکەم باسی شێخەکانی نەهری، بارزان و بجێل دەکات و شەڕ و ململانێی نێوان بنەماڵەی بارزان و بجێل دەگێڕێتەوە و باسی مەلانا خالیدی نەقشبەندی و ملاملانێیەکانی ناو بنەماڵەی نەهری باسدەکات. فەسڵی دووەم باسی بیڕایەکانی مەلا سەعید قازی کوردستانی دەکات دەربارەی ڕاگەیاندنی جیهاد لە لایەن ئیمپراتۆریای عوسمانی و لە دوایین فەسڵی ئەم بەشەشدا لە ڕوانگەی کۆمەڵێك چیرۆکی ساتیرکی کوردی باسی ژیانی شێخایەتی و ڕۆڵی ئایین لە کۆمەڵگەی کوردەواری نیشان دەدات. هەرچی بەشی دووەمی وتارەکەیە تەرخانکراوە بۆ باسی کورد لە دەرەوەی بازنەی ئیسلامدا و لەم بەشەدا باسی هەڵوێستی کورد دەکات بەرمبەر بە شیعە، جوولەکە و کوردی ئێزیدی.

644-Basile Nikitine, « Quelques fables kurdes d’animaux », In *Folklore*, n° 40, sept, 1929, London, p. 228-244.

645-Basile Nikitine, « Une apologie kurde du sunnisme », In *Rocznik Orientalistyczny Tom VIII*, 1933, pp. 116-160.

645-بازیل نیکیتین، "ستایشێکی کوردی سوننیزم" . بریتییە لێکدانەوە و باسێك لەسەر هەقایەتێك بە ناوی (حەکایەتا دەرویشی کوردی سلێمانیی و موجتەهیدی کەربەلایی) کە لەناو کۆکراوەی ئەو هەقایەت و کەرەسانە بووە کە نیکیتین لە ساڵەکانی 1916-1917 کۆیکردوونەتەوە. ئەم هەقایەت باسی مونازەرەی نێوان دەروێشێکی کوردی (سوننی) خەڵکی سلێمانی و ئاخوندێکی موجتەهیدی (شیعەی)

عەرەبی کەربەلایی باسدەکات و لەم ڕوانگەیەوە نووسەر باسێکی پێوەندییەکانی نێوانیان دەگێڕێتەوە. وادیارە ئەم تێکستە لە نووسین مەلا سەعید قازی کوردستانی یە.

646-Sureya Bedr-Khan,« La littérature populaire et classique kurde»,In :*XVIème congrès International d'Anthropologie*, Bruxelles, 1935, p. 725–731.

646-شیعرێکی عەلی تەرەمووکی تەرجەمەی فرەنسی کردووە. عەلی هەریری لەساڵی 1009 جێگەی تەرەموکی دەگرێتەوە. فەقێ تەیران، ئەحمەدی خانی، حاجی قادر. دواتر چەند شیعرێکی میر کامیران بەدرخانی هێناوەتەوە. نیکیتین بەشداری لە گفتوگۆی کۆنفراسەکە کردووە و ناوەندەکانی شیعری کوردی بەسەر سێ قوتابخانە دابەش کردووە: ناوەندی شام (جەلادەت بەدرخان)، ناوەندی یەریڤان و ناوەندی یەریڤان و ناوەندیی میزۆپۆتامیا.

647-André Brunel, *Gulusar :Contes et légendes du Kurdistan,* Paris : S.E.E.L.T. (Impr. de Delaye) 1946, (225 p).

648-V. Minorsky, « Le plus ancien texte en Kurde ». In *Bull. mensuel du Centre d'études Kurdes*, Paris, 1950, n° 10, p. 8-10.

648-ڤ. مینۆرسکی، " کۆنترین تێکست بە کوردی". باسی تێکستێکی یەک دێری کوردیی دەکات کە ساڵی 1938 لە تفلیس لەناو دەستنووسێکی ئەرمەنی دا هاتووە و بە قسەی مینۆرسکی ئەم تێکستە کوردییە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی پانزەهەم و ئەگەر کۆنتریش نەبێت.

649-Bartikian Hratch M, « Digénistique dans l'épopée kurde, "Le Khan Main d'Or"», In : "*Revue des études*

*arméniennes*", Paris : Klincksieck, (1967), nouvelle série, tome IV, p. 395-404.

649-دیژینیسی[29] لە داستانی کوردی دا "خانی لەپ زێڕین"[30]. باسێکی دەورانی بێزەنتینییەکان و کورد لە دەورانی بێزەنتینی دەکات و دواتر باسی گێڕانەوەی داستانی قەڵای دمدم دەکات. بەگوێرەی زانیارییەکانی سوسین (1887) خانی لەپ زێرین لە دەرباری شای ئێران گەورە بوو بوو و خزمەتکارێکی بە وەفای شابوو. لە دەورانی شا عەباس دا (1587–1629)، خان عەبدال زەویەکی لە شا وەرگرتبوو بۆ ئەوەی قەلای دمدمی لەسەر دروست بکات بەڵام هەر زوو کێشە دەکەوێتە نێوان عەبدال خان و شا عەباس. سوپای ئێران گەمارۆی قەڵای دمدم دەدات و عەبدال خان داوای یارمەتی لە والی وان دەکات بەڵام والی ئامادە نابێت هیچ جۆرە یارمەتیەکی خان بدات. دواتر لە گەرمەی گەمارۆی قەڵایەکە سوپای ئێران بە یارمەتی کوردێك بە ناوی Alakani توانیان ئاو لە قەڵایەکە ببڕن و دواجار کوردەکان بۆ ئەوەی بەردەست سوپای شا نەکەون لە قەڵاکەوە خۆیان هەڵداوەتە خوارەوە.

650- Joyce Blau & Halkawt Hakim, *Perles d'un collier : textes kurdes (sorani),* Paris : [Inalco], 1980, (94 p).

650-جۆیس بلۆ و هەڵکەوت حەکیم، *ڕشتەی مرواری*. ئەم کتێبە لە بنەوان دا بە ئامانجی تەواوکردنی کتێبی (*Manuel de kurde : (Dialecte sorani)*) نووسراوە کە هەمان ساڵ لە پاریس بڵاوکراوەتەوە. کتێبەکە هەڵبژاردەیەکە لە چەند تێکستێکی چکۆڵەی (ڕشتەی مرواری) عەلائەددەین سەجادی کە هەر بە زمانی کوردی (ئەلفوبێی کوردی) نووسراونەتەوە و تەنها لە خوارەوەی تێکستە

---

[29] داستانی Digénis Akritas داستانێکی شیعری دەورانی بێزەنتینەیەکانە وەکوو ئەلیادە، باسی پێوەندی نێوان بیزەنتینییەکان و ئیسلام دەکات,

[30] ئەم وتارە لە زمانی ڕووسییەوە لە گۆواری بولتەنی ئەکادیمیای زانستەکانی ئەرمەنستانی شورەوی 1مارە 1 ی کانوونی دووەمی 1967، یەریڤان، (لا: 47–54) کراوە بە فرەنسی.

کوردیەکاندا برێك لە وشەکان مانایان بە فرەنسی بۆ لێکدراوەتەوە و دواتر فەرهەنگۆکێکی کوردی-فرەنسی بەگەڵ خراوە (لا: 62-92),

651-Joyce Blau, *Mémoire du Kurdistan : recueil de la tradition littéraire orale et écrite,* Paris : Findakly, 1984, (224 p).

651- جۆیس بلۆ، یادەوری کوردستان. سەرەتا ماکسیم رۆدنسۆن وتەیەکی بەرایی کورتی بۆ کتێبەکە نووسیوە (لا: 7-10). ئینجا پێشبارێکی کورتی نووسەر (لا:12-13). دواتر نووسەر کتێبەکەی دابەشی سەر دوو بەشی سەرەکی کردووە: بەشی یەکەم: ئەدەبی زارەکی. لەم بەشە تەرخانکراوە بۆ کۆمەڵێك پەندی پێشینان، هەقایەت، سەربووردی و شیعری میللی کە باسەکان پێشتر لە لایەن نووسەرانی وەك رۆژەر لیسکۆ، محەمەد موکری، نیکیتین، کەندال، کامیران بەدرخان، رۆندۆ و ژابا کراون بە فرەنسی (لا: 19-98 ). بەشی دووەم: ئەدەبی نووسراو. بریتییە لە هەڵبژاردەیەکی شیعر و پەخشان و چیرۆکی کوردی و قۆناغەکان بەمشێوە دابەشکراون: یەکەم: قۆناغی کلاسیکی. لەم قۆناغەدا گولبژێرێکی شیعرەکانی: مەلایێ جەزیری، عەلی تەرمووکی، ئەحمەدی خانی، ئەحمەد بەگی کۆماسی، حاجی قادری کۆیی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی کران بە فرەنسی (لا:105-128 ). دووەم: قۆناغی مۆدێرن. لەم بەشەدا چەند بەرهەمێکی میر جەلادەت بەدرخان، کامیران بەدرخان، موسا عەنتر، جگەرخوێن، عوسمان صەبرین رەشید کورد، جاسمێ جەلیل، پیرەمێرد، دڵدار، گۆران، حوسێن عارف، هەژار، هێمن و حەسەنی قزلجی کراونەتە فرەنسی(لا: 131-208) دواجار چەند نموونەیەکی نووسینی کوردی بە ئەلف و بێیەکانی: عەرەبی، لاتینی و سیریلیکی بڵاوکردۆتەوە.

652-Joyce Blau, *Contes kurdes, textes traduit en kurde,* Paris : Conseil International de la Langue Française, 1986, (167 p).

652-جۆیس بلو، هەقایەتی کوردی. بریتییە لە (21) هەقایەتی میللی کوردی و تەرجەمەی فرنسی کراون. سەرەتا وەرگێر پێشەکیەکی کورتی لەبارەی مێژووی کوردستان و وێنی کوردستان لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست نووسیووە و دواتر هەقایەتەکان دەستپێدەکەن کە زۆربەی هەر زۆریان پێشتر بە کوردی لە گۆوارەکانی: هاوار، ڕوناهی، ڕۆژانوو لە نێوان سالەکانی 1932-1941 بلاوکراونەتەوە. برێك لە هەقایەتەکان لە کتێبی "حەکایەتا جمعەتا کوردا"ی حاجی جندی وەرگیراون و دوو هەقایەتیشیان لە کتێبی ڕێزمانی کوردی تۆفیق وەهبی وەرگیران و هەقایەتێکیشیان لە کۆمەلەی کتێبی (تێکستی کوردی) ی ڕۆژەر لیسکۆ وەرگیراوە.

653-Mamed Jemo, *Le roman kurde 1935-1987*, Paris : Université de la Sorbonne Nouvelle, Paris III, 1989, (37 p.).

653- مەمەد جەمۆ، *ڕۆمانی کوردی (1935-1987)*. ئەم باسە سیمینارێکی نووسراوی (D.E.A) یە لە حوزەیرانی 1989 پێشکەش بە زانکۆی سۆربۆنی نوێ کراوە. بریتییە لە دوو بەش. بەشی یەکەم بە زمانی فرەنسی (7-23) بریتییە لە کورتە باسێکی ڕۆمانی کوردی بە دیالێکتی کورمانجی سەروو. سەرەتا باسی شیڤانیٚ کوردی عەرەبی شەمۆ دەکات دواتر بە هەموو ڕۆمانەکانی دیکەی نووسەر دا هاتۆتە خوارەوە و بە درێژی باسی ڕۆمانەکانی دەکات. دوایی باسی میرۆییٚ ئەسەد، حاجی جندی، عەلی عەبدولرەحمان، سەعید ئیبۆ، و دواتر مەحموود باکسی و محەمەد ئۆزۆن و بەکر سورەکلی باس دەکات. دواتریش کرۆنۆلۆژیایەکی بۆ هەموو ڕۆمانەکانی کوردی (کورمانجی سەروو) کردووە (لا: 21-23). هەرچی بەشی دووەمی باسەکەیە بریتییە لە هەمان باس بەلام بە زمانی کوردیی -کورمانجی سەروو بە لاتینی، لا: 24-37).

654-Jemo Mamed, *Osman Sebrî (Apo). Analyse bio-bibliographique*. Mémoire de D.E.A. présenté par (sous la

dir. de Charles-Henri de Fouchecour), Université de la Sorbonne Nouvelle - Paris III, 1990, (187 p).

654-**مەمەد جەمۆ، *عوسمان صەبری (ئاپۆ) شیکردنەوەیەکی بیۆ-بیۆگراف*. بریتییە لە نامەی** D.F.A **( ساڵی پێنجەمی زانکۆ) و لە ئۆکتۆبەری** 1990 **پێشکەش بە زانکۆی پاریسی سێیەم (سۆربۆنی نویٚ) کراوە. نامەکە بریتییە لە پێشەکی (لا:** 9-51**) . فەسڵی یەکەم: ژیاننامەی عوسمان صەبری (لا:** 10-40**). فەسڵی دووەم: عوسمان صەبری وەکوو شاعیر (لا:** 41-104**). فەسڵی سێیەم: عوسمان صەبری وەکو پەخشانەوان (لا:** 105-138**). فەسڵی چوارەم: ناواخنی زمانەوانی (لا:** 139-146**). دەرئەنجام (لا:** 147-150**) بیبلیۆگرافیا (لا:** 151-179**).**

655-Mohammad Mokri, *Babr-i bayan (le tigre blanc) : mythe iranien (en langue gouranie, branche du moyen fahlaviyât.* Texte établi, traduit et annoté par Mohammad Mokri, Paris-Louvain : Ed. Peeters, 2003, (190-138 p).

655-**محەمەد موکری، ئەفسانەی بەبری بەیان بە دیالێکتی گۆرانی گرووپی فەهلوەیاتی ناوەڕاست تەرجەمەی فرانسی و تێکستی گۆرانی، چاپەمەنییەکانی ئەنجومەنی ئاسیەوی، پاریس،** 2003**، (**148+190 **لاپەڕە) .بەبری بەیان یەکێکە لە و ئەفسانانەی کە وێنەیان لە ئەدەبیاتی ئێرانیدا دەگمەنە. ئەم داستانە بە زمانی ڕۆژئاوای ئێران کە لە گرووپی (فەهلویاتی ناوەڕاست) ە و لای خەڵکی هەر بە بە ناوی گشتی دیالێکتی (گۆرانی-کوردی) ناسراوە، نووسراوەتەوە. ئەم داستانە گێڕانەوەی ڕۆستەمی پاڵەوانە دژ بە گورگی سپی کە تێکستێکی چاپنەکراوە. گێڕانەوەکان ئەم ئەفسانەیە دەگێڕنەوە دەورانی ساسانییەکان. ئەمکارەی ئوستاد موکری کە پشت بە لێکۆڵینەوەی دیالێکتناسی دەبەستیٚ و خوێندنەوەیەکی نوێیە بۆ دووبارە دروستکردنەوەی تێکستە کۆنەکان لەڕێگەی گێڕانەوە ئەفسانەییەکان. موکری بۆ ئەمکارە دوو دەستنووسی لەبەردەستدا بووە کە یەکێکیان ناتەواو و**

**ئەوی دیکەشیان تەواو. موکری ئەم دەستنووسەی تەرجەمەی فرانسی کردووە و پەراوێز و لێکدانەوەی زۆری بۆ کردووە و هاوکات ئەسلە گۆرانییەکەشی لەگەڵدا بڵاوکردۆتەوە.**

656-Thomas BOIS, « La Forteresse de Dimdim ou l'épopée héroïque de Khan-Au-Bras-d'or », In : *The Journal of Kurdish Studies,* Vol. 5, 2003-2004, p. 1-18.

## 4.8: ڕۆمان و چیرۆك

657-Karl May, *Une visite au pays du diable: souvenirs de voyage*[31]; traduit par J. de Rochay, Tours, Ed. A. Mame et fils, 1892, 1 vol. (396 p.)

657– **کارل مای، *گەشتێك بەناو وڵاتی شەیتان دا: گەشتنامە*. وەرگێراوی فەرەنسی ڕۆمانە خەیاڵیە بەناوبانگەکەی نووسەری ناسراوی ئەڵمانیی کارل مای** (1842–1912) **یە کە ساڵی** 1891 **کراوەتە فەرەنسی. ئەم نووسەرە بە هیچ شێوەیەك سەفەری کوردستانی نەکردووە کەچی زۆر شتی خەیاڵی لەسەر کورد نووسیووە و ئەم ڕۆمانە ئەو هێندە جار بە زمانی ئەڵمانی بڵاوکراوەتەوە کە نازانرێ بەڕاستی چەند جار چاپ بووە و ساڵانی شێستەکان کرایە فیلم و گواسترایەوە سەر شاشەی سینەما.**

658- Emir Kamuran Aali Bedir-Khan, *Le roi du Kurdistan*: Roman épique kurde, [trad. Par] Adolphe de Falgairolle,

[31] Tradition français de : *Durchs wilde Kurdistan : Reiseerzählung,* von Karl May

Gap, Paris : Ophrys : Editions du Trésor du siècle, 1935 (?), (84 P).

659- Jean-Richard Bloch, *La Nuit kurde,* 1ère Ed. Paris , la Bibliothèque française, 1946, (299 p), 2ème Ed. Paris, Gallimard. 1981, (317 p).

660- Serge Deville, *Scoop kurde* : roman, Paris : Éditions Fleuve noir, 1974, (220 p).

661-Ereb Şemo, Şivanê Kurd = Le berger kurde, Paris, Ed. Institut Kurde de Paris, 1989, (325 p).

661-عەرەب شەمۆ:" شیڤانێ کورد". ئەم ڕۆمانەی عەرەب شەمۆ ( 1897-1979) هەوەڵجار ساڵی 1935 لە یەریڤان بە ناوی شیڤانێ کارماستا بڵاوکراوەتەوە و دواتر هەر زوو کراوە بە لە رووی چاپە رووسیەکەوە بازیل نیکیتین کردوویە بە فرەنسی. ساڵی 1989 وەرگێڕانە فرەنسیەکە و دەقە کوردییەکە بە سەریەکەوە لە کتێبێکدا لە لایەن ئەنستیتۆی کورد لە پاریس بڵاوکراویەوە.

662-Ephrem-Isa Yousif, *Parfums d'enfance à Sanate : un village chrétien au Kurdistan irakien*, Paris, Ed.l'Harmattan, 1993, (139 p).

663-Ibrahim Ahmad, *Mal du peuple*; trad. du kurde par Ismael Darwish, Paris : Éd. l'Harmattan, Coll. Lettres kurdes, 1994, (205 p).

663-ئیبراهیم ئەحمەد، "ژانی گەل". ئیسماعیل دەروێش ئەم ڕۆمانەی لە کوردییەوە کردۆتە فرەنسی و ساڵی 1994 دەزگاری چاپەمەنی (لارمماتان) لە پاریس، لە زنجیرەی تایبەتی ئەدەبی کوردی بڵاوی کردۆتەوە.

664-*Nouvelles kurdes*, recueil établi et traduit par Ismael Darwish, Paris : Editions l'Harmattan, Coll. Lettres kurdes, 1995, (124 p).

664-چیرۆکی کوردی. بریتییە لە ئەنتۆلۆژیای (11) چیرۆکی هاوچەرخیی کوردی کە لە لایەن ئیسماعیل دەروێش کۆکراونەتەوە و تەرجەمەی فرەنسی کراون. سەرەتا وەرگێڕ پێشەکیەکی کورتی بۆ کتێبەکە نووسیووە و دواتر چیرۆکەکانی هەریەکە لە : عەبدوڵڵا سەراج، فەواز حوسێن، شێرزاد حەسەن، ئەحمەد مەلا، موحسین ئەحمەد عومەر و فەرهاد پیربالٚ-ی بەخۆوە گرتووە. دواجاریش بیلیۆگرافیایەکی بەشێك لەوکارانەی کە بە زمانی فرەنسی لەبارەی ئەدەبی کوردییەوە نووسراون کراوەتە پاشبەند.

665-Mahmut Baksi, *Mon enfance au Kurdistan*; trad. de l'allemand par Marlyse Lescot ; Paris, Ed.l'Harmattan, (Collection Jeunesse), 2000, (82 p).

666-Hiner Saleem, *Le fusil de mon père*, récit, Paris : Éd. du Seuil, 2004, (173 p.)

667-Hélène Brahic-Larrivé, *Noces kurdes*, roman, Paris, Ed. l'Harmattan, 2005, (282 p).

668-Sandrine Alexie, *Kawa le Kurde,* roman, Ed. l'Harmattan, 2005, (247 p).

## 5.8: لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، بیبلیۆگرافیا و پەروەردە

669-V. Minorsky, « Livre scolaires en kurde ». In *Revues des études islamiques*, 1930-1, p. 157-160.

**669–ڤ. مینۆرسکی، " کتێبی قوتابخانەیی بە کوردی". ئەم وتارە لەبارەی ئەو کتێبە قوتابخانە کوردییانەیە کە لە نیوەی دووەمی ساڵەکانی بیستەکان لە کوردستانی عێراق وەکوو بەرنامە لە قوتابخانە کوردییەکان دا خوێندراون. لەم وتارەدا نووسەر باسی هەشت کتێبی قوتابخانەیی دەکات و تێبینی و سەرنجی خۆی لەسەر کتێبەکان نوسیووە و دواجار باسی ئەوە دەکات کە لە چاپکردنی ئەم کتێبانە هەڵپەی زۆر کراوە و هەڵە و پەڵەی چاپی زۆری تێکەوتووە و لە ڕووی چاپەوە کتێبەکان زۆر کەم و کورتیان هەیە.**

670- Basile Nikitine, « Où en est le Kurdologie ? » In *Annali del Real Institute Orientale de Napoli*, Napoli, 1932, p. 1-5.

**670–بازیل نیکیتین،" کوردۆلۆژی بە کوێ گەیشتووە ؟" باسی ڕەوشی کوردناسی دەکات لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و لەم پێودانەدا باسی وتارەکەی زانی ڕووس نیکۆلا مار دەکات لەبارەی بنچینەی وشەی "چەلەبی" کە تێیدا هاتووە کە کوردەکان "گەلێکی لەبیرکراوی مێژوون". دواتر باسی مینۆرسکی دەکات و بەشێکی تری وتارەکە تەرخانی ئەدەبیاتی کوردی لە دوای جەنگ کراوە و باسی چالاکیە کولتوورییەکانی کوردی لە شام و بە تایبەت بنەماڵەی بەدرخانییەکان (سورەیا، جەلادەت و کامیران) دەکات. بەشێکی دیکەی وتارەکە تەرخانی چالاکییە کولتوورییەکانی کوردستانی عێراق و باسی حوسێن حوزنی موکریانی، گۆواری**

ڕووناکی و ڕۆژنامەی ژیان دەکات و بەشێکی دیکەی تەرخانی ئەدەبیاتی کوردی کردووە لە یەکێتی شورەوی و باسی عەرەبی شەمۆ و ڕۆژنامەی " ڕیا تازە" دەکات.

671-Paul Gache, “Les Kurdes”, in “*Revue de Psychologie des Peuples*” n° 1 – 2, Le Havre ; 1962, vol.I: p. 23-57; vol. II: p.191-220.

671-پۆل گاش، " گەلی کورد". باسێکی کورتی جوگرافی ناوچەکانی کوردستان و دابەشبوونیان و مێژووی کورد لە بەرایی سەدەکانی ناوەڕاستەوە دەکات. دوای ئەوە باسی کۆمەڵگەی کوردەواری، هۆز، سترەکتووری هۆزی کوردی، بەگزادەی کورد، کۆچەری کورد، ژیانی ناو خێزانی کورد، ستاتووی ژنی کورد، کەسایەتی کورد، میوانپەروەری لای کورد، فۆلکلۆر و ئەدەبی کوردی و دواجاریش لاباسێکی ئێزدییەکان لە باسە سەرەکیەکانیەتی.

672-Mohammad Mokri, Kurdologie et enseignement de la langue kurde en URSS, In "*L’Ethnographie*", Paris, (1963), p. 71-106.

672- محەمەد موکری، "کوردناسی و خوێندنی زمانی کوردی لە شوورەوەی (لەگەڵ بیبلیۆگرافیایەك دەربارەی لێکۆڵینەوەی کوردی)". باسێکی ناوەندەکانی کوردناسی دەکات لە یەکێتی شوورەوی لە هەریەکە لە شارەکانی مۆسکۆ، لینینگراد، یەریڤان، باکۆ و تفلیس و دواتر ناوی ئەو کارنامە دکتۆرایانەی نووسیووە کە لە ماوەی 1939-1955 لەبارەی کۆردناسییەوە پێشکەش کراون. پاشان بیلیۆگرافیایەکی ئەو سەرچاوانە بەدەستەوە دەدات کە بە زمانی ڕوسی لەبارەی کورد و کوردستان نووسراون.

673-Thomas Bois, « Bulletin raisonné d'études kurdes», In *Al-Machriq*, Juillet-octobre 1964, p. 527-569.

673-تۆمابوا، " بولتەنی ڕێبەری لێکۆڵینەوەی کوردی. بریتییە لە سەرجەمی ئەو وتار، کتێب و لێکۆڵینەوانەی کە بە زمانەکانی: ئینگلیزی، فرەنسی، ئەڵمانی، ڕووسی، کوردی، عەرەبی، فارس و تورکی لە نیوەی دووەمی سالآنی پەنجا و نیوەی یەکەمی سالآنی شێستەکان لەبارەی کوردناسییەوە نووسراون. باسەکە دابەشی سەر چوار فەسڵ کراوە. فەسڵی یەکەم: سەرچاوەکانی زانیاری دەربارەی کورد و کوردستان (لا: 527–533). فەسڵی دووەم: کورد لە مێژووی خۆیاندا (لا: 534–542). فەسڵی سێیەم: ژیانی کۆمەڵایەتی و ئایینی کورد (لا: 543–548). فەسڵی چوارەم: لێکۆڵینەوە زمانەوانی و ئەدەبییەکان (لا: 549–568). دەرئەنجام (لا: 568–569).

674-Ismet Chériff Vanly, « Coup d'oeil sur la culture nationale kurde », In : *Oriente Moderno* (1977) vol. 57 p. 445-450.

674-عیصمەت شەریف وانلی، " چاوپێداخشانێك بە کولتووری نەتەوایەتی کوردی". باسێکی ئەدەبیاتی کوردی دەکات و سەرەتا باسی شاعیرانی کلاسیك و دواتر باسی داستانی قەڵای دمدم و دواتر باسی شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسی دەکات. دوای شەرەفنامە باسی ئەحمەدی خانی (1650–1706) و بە تایبەتیش باسی مەم و زینی خانی دەکات و دواجاریش باسێکی زۆر کورتی ئەدەبیاتی نوێی کوردی دەکات.

675-Roger Lescot, « La littérature kurdeé, in : *Histoire des littératures Tom 1, Encyclopédie La Pléiade* , Paris, 1977, p. 795-806.

675-ڕۆژەر لیسکۆ، "ئەدەبیاتی کوردی". باسێکی کورتی ئەدەبیاتی کوردییە و سەرەتا باسی دابەشبوون و جوگرافیای کوردستان دەکات و دواتر باسێکی ئەدەبیاتی میللی دەکات: لاوك، لاوێژ، گۆڤەند، بەیت و دەنگبێژەکانی، داستانی خانی لەپزێڕین و مەم و زین دەکات. لە ئەدەبیاتی کلاسیك دا باسی مەلایێ جەزیری دەکات کە بە قسەی ئەو زۆر لەژێر کاریگەری حافز دا بووە, هەروەها باسی ئەحمەدی خانی، داستانی مەم و زین و پاشان باسی حاجی قادری کۆیی[32] ، زێوەر، مەولەوی دەکات و پاشان باسێکی زۆر کورتی ئەدەبیاتی نوێ کوردی ەکات.

676-Ahmed, Abdullah Mohammad, *Le cheikh Rezâ Tâlabâni (1835-1910) à travers sa poésie kurde, persane, et turque,* Memoire de Maîtrise rédigée sous la direction de Farhadi A.G. RavanParis : Université Paris III, 1984, (   p).

676- عەبدوڵڵا محەمەد ئەحمەد، *شێخ ڕەزای تاڵەبانی (1835-1910) لە ڕوانگەی شیعرە کوردی، فارسی و تورکیەکانییەوە.* بریتییە لە نامەی بروانامەی Maîtrise (ساڵی چوارەمی زانکۆ لە فرانسا) و لەژێر چاوەدێری عەبدولغەفور ڕاڤان فەرهادی ساڵی 1984 پێشکەش بە زانکۆی پاریسی سێیەم کراوە. نامەکە بریتییە لەم بەشانەی خوارەوە. پێشەکی (لا:1-20) بریتییە لە کورتە باسێکی ڕەوشی ڕوناکبیریی کوردستان لە سەدەی نۆزدەهەم و لەم بەستێنەدا باسی زمان و ئەدەبی کوردی دەکات لەم دەورانەدا. هەر لەو پێشەکیەدا لاباسێکی تەرخانکردووە بۆ ئەو سەرچاوە بیلیۆگرافیانەی کە باسی شێخ ڕەزای تاڵەبانی دەکەن. دواتر نامەکە دابەشی سەر ( 2 ) فەسڵ کراوە. فەسڵی یەکەم: ژیاننامەی شاعیر (لا: 21-87) لەم

[32] لیسکۆ ساڵی مردنی حاجی قادری کۆیی بە ساڵی 1912- ئەستەموول نووسیووە.

فەسڵەدا باسی قۆناغەکانی ژیانی شێخ ڕەزا دەکات، سەردەمی منداڵێتی و گەنجێتی، گەنجێتی و کێشەی خێزانی، مانەوە لە ئەستەموول و قۆناغی سەقامگیری و قۆناغی بەغدا. فەسڵی دووەم: خوێندنەوەیەکی دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی (لا: 88–166). لەم فەسڵەدا وەسپێکی گشتیی دیوانی شێخ ڕەزا دەکات و دواتر باسێکی سەربەخۆی شیعرە کوردییەکانی (لا: 92–135).، شیعرە فارسییەکانی (لا: 136–149) و شیعرە تورکییەکانی (لا: 150–166) شێخ رەزا دەکات. دەرئەنجام (لا: 167–173) بیبلیۆگرافیا (لا: 174–193).

677-Abdullah Mohammed Ahmed, *Recensement et évaluation des sources de l'étude de l'histoire de la littérature kurde de 1820 à 1920.* mémoire de DEA sous la direction de Farhadi A.G. Ravan, Paris, université Paris III, 1985, (174 p ).

677– عەبدوڵڵا محەمەد ئەحمەد، *کۆماڵکردن و پەرەسەندنی سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوە لە مێژووی ئەدەبی کوردی لە 1820 بۆ 1920*. بریتییە لە نامەی D.E.A ی (عەبدوڵڵا حەداد 1946–2009) کە ساڵی 1985پێشکەش بە زانکۆی Paris III کراوە. نووسەر لە بەرایی باسەکەیدا بەرچاوخستنێکی گشتیی باسەکەی ڕووندەکاتەوە و باسی سەرەتایەکانی ئەدەبی کوردی و گرینگی و بایەخی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی دەکات لە قۆناغی 1820 تا 1920 دا. هەر لە درێژەی باسەکەیدا بۆ دەرخستنی سەرچاوە گرینگەکانی ئەو سەردەمە باسی شاعیرانی کورد دەکات بە گوێرەی کرۆنۆلۆژیان. یەکەم: ئەو شاعیرانەی کە بە دیالێکتی هەورامی یان نووسیووە.، دووەم: ئەو شاعیرانەی کە بە دیالێکتی کورمانجی سەروویان نووسیووە و سێیەم: ئەو شاعیرانەی کە بە دیالێکتی سۆرانی یان نووسیووە. دواتر لە باسی زنجیرەی کرۆنۆلۆژی و مێژووی ژیاننامەی شاعیرانی کورد باسەکەی بەمشێوەیە پۆلین کردووە. فەسڵی یەکەم: یەکەم– شاعیر و نووسەرانی دیالێکتی سۆرانی. کە لەم لا بەشەدا باسی: نالی (لا: 43–57)، سالم (لا:58–62)، کوردی (لا: 63–65)،

**حاجی قادری کۆیی (لا: 66–78)، شێخ ڕەزای تاڵەبانی (لا: 79–90)، مەحوی (لا: 91–94). ئەدەب (لا: 95–97)، حەریق (لا: 98–99)، مەلا حەمدوون (لا: 100–102)، عارف صائیب دەکات (لا: 103–105). فەسڵی دووەم: شاعیر و نووسەرانی دیالێکتی هەورامانی و کورمانجی سەروو. لەم بەشەدا باسی مەولەوی (لا: 107–110) و بریفکانی (لا: 111–115) دەکات. هەر لە لا بەشێکی ئەم فەسڵەدا باسی (چەند سەرچاوەیەکی گرینگ بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژووی ئەدەبی کوردی ) دەکات لەوانە: دیوانی مولانا خالیدی نەقشبەندی 1844، ئەلکساندەر ژابا و کەشکۆڵی (عادات و رسوماتنامەئی ئەکرادیيە)، هەدییەی حەمیدییە، ئەمین فەیزی، علی باپیر ئاغا، ڕەفیق حیلمی، مێژووی ئەدەبی کوردی، کەریم شارەزا، عیززەددین موستەفا ڕەسووڵ، مارف خەزنەدار، عەبدولرەقیب یوسف، صادق بەهاددین ئامێدی و قەناتی کۆردۆ. دواجار بیبلیۆگرافیا (لا: 149–174).**

678-Abdullah Mohammed Ahmed, *Essai sur l'histoire de la littérature kurde au Kurdistan méridional : de 1820 à 1920,* Thèse de doctorat : I.O.A.N. : Paris 3 : 1987, (457 p).

**678– عەبدوڵڵا محەمەد ئەحمەد، *کورتە باسێکی مێژووی ئەدەبی کوردی لە کوردستانی خواروو دا (1820 تا 1920)*. بریتییە لە کارنامەی دوکتۆرای (عەبدوڵڵا حەداد 1946–2009) کە ساڵی 1987–1988پێشکەش بە زانکۆی پاریسی سێیەم (سۆربۆنی نوێ) کراوە. نامەکە بریتییە لە: پێشبار (لا: 1–16)، دواتر لە پێشەکیەکی دوورودرێژ دا نووسەر باسێکی گشتیی جوگرافیای کوردستان و چاوپێداخشانێکی مێژوویی بە مێژووی کورد دا گێڕاوە هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی و بۆ ئاسانکاری قۆناغەکانی مێژووی بۆ چەند قۆناغی جیاواز دابەشکردووە (لا: 17–81). ئینجا کارنامەکە دابەشی سەر (3) بەشی سەرەکی کراوە. لە بەشی یەکەم دا کە دابەشی سەر (3) فەسڵ کراوە. فەسڵی یەکەم: ڕەوشی ڕوناکبیریی لە کوردستان دا. لەم فەسڵەدا باسی چاوپێداخشانێکی سەرچاوەکانی مێژووی ئەدەبی کوردی لە سەدەی نۆزدەهەم، باسێکی زمانی کوردی**

و دابەشکردنی جوگرافی دیالێکتەکانی زمانی کوردی کراوە (لا: 86-128 ). فەسڵی دووەم: سەقامگیربوونی زمانێکی ئەدەبی لە کوردستانی خواروو لە سەدەی نۆزدەهەم دا. لەم فەسڵەدا باسی شاری سلێمانی دەورانی بابانەکان، تێکستەکەی ئیبن ئەلحاج، شێخ مارفی نۆدەهی، عەلی بەردەشانی، ململانێی نێوان دوو تەریقەی قادری و نەقشبەندی، کاریگەری شۆڕشی فرانسا، قۆناغەکانی پەرەئەستاندنی قوتابخانەی شیعری نوێی تورکی، تایبەتمەندێتییە سەرەکییەکانی قوتابخانە نوێیەکانی شیعری (لا: 132-167). فەسڵی سێیەم: دامەزراندنی قوتابخانەی شیعریی لە کوردستانی خواروودا (1820-1860). لەم فەسڵەدا باسێکی پوختی ژیاننامە و شیعرەکانی نالی (1800-1873)، سالم (1805-1869) و کوردی 1800-1859) کراوە (لا: 170-224). بەشی دووەم: قوتابییەکانی قوتابخانەی نوێی شیعری پەرەسەندووی قوتابخانەی شیعریی لە کوردستان لە ڕوانگەی شاعیرە سەرەکییەکانی قۆناغی دووەم و سێیەم (1860-1920). ئەم بەشە دابەشی سەر ( 2 ) فەسڵی سەربەخۆ کراوە. فەسڵی یەکەم: شاعیرە سەرەکییەکانی قۆناغی دووەم (1860-1908). لەم فەسڵەدا باسی حاجی قادری کۆیی، شێخ ڕەزای تاڵەبانی، مەحوی، ئەدەب و چەند شاعیرێکی دیکە دەکات (لا: 229-276 ). فەسڵی دووەم: قۆناغی سێیەم (1908-1920) کەسایەتییە سەرەکییەکان و سیمای پەرەسەندنی ئەدەبی کوردی. لەم فەسڵەدا باسی موستەفا شەوقی قازی زادە، مەلا حەمدوون، عارف صایب، عەبدوڵڵا زێوەر، ئەمین فەیزی و ڕۆنامەنووسیی کوردی دەکات (لا: 280-342). بەشی سێیەم: تەکنیك، فۆرم و ناوەڕۆك. لە فەسڵی یەکەمی ئەم بەشە دا تەرخانی چەند لا باسێکی وەك: تەکنیکی شیعری کە تێیدا باسی شێواز و تەکنیکی نووسینی شیعری کورد و کێش و قافیەی شیعری کوردی و ڤۆیەلی کێش و قافیە لە شیعری کوردی دا دەکات (لا: 347-387). فەسڵی دووەم: فۆرمەکانی شیعریی (لا: 390-427). فەسڵی سێیەم: ناوەڕۆکی شیعریی (لا: 430-459 ). دەرئەنجام (لا: 460-471). دواجار لە پاشکۆی کارنامەکەدا چەند تێکستێکی کوردیی شیعرەکانی نالی، کوردی و مەحوی کراونەتە پاشبەند (لا: 473-479). بیبلیۆگرافیا (لا: 480-495).

679-Hoshmand Othman, *Culture et politique: les publications kurdes en Irak. 1918-1949*, Mémoire de D.E.A. sous la dir. de Lucette Valensi, Ecole d'Hautes Etudes et Sciences Sociales, 1987, Paris, (112 p).

679–**هۆشمەند عوسمان، *کولتوور و سیاسەت: چاپەمەنی کوردی لە عێراق دا*** *1918–1949*. **بریتییە لە نامەی** D.F.A ( **ساڵی پێنجەمی زانکۆ) و لە سێپتامبەری** 1987 **پێشکەش بە زانکۆی** EHESS **کراوە. نامەکە بریتییە لە پێشەکی (لا:** 1–3) **. فەسڵی یەکەم: مێژووی چاپەمەنیی کوردی لە عێراق** 1918–1919. **باسی چاپەمەنییە کوردییەکانی کوردستانی عێراق دەکات (ڕۆژنامەی سیاسیی، ڕۆژنامەوانی، بڵاوکراوە و هەروەها باسی ڕۆڵی کولتوور، ئەدەبیات، مێژوو و زمانیش دەکات (لا:** 5–19). **فەسڵی دووەم: هەل‌و مەرجی سیاسیی (لا:** 20–32). **فەسڵی سێیەم: ئەکتەرەکان: دەستەبژێری ڕوناکبیری کورد. باسی دەستەبژێری ترادسیۆن و دەستەبژێری مۆدێرن (منەوەرەکان) دەکات (لا:** 33–47). **دەرئەنجام (لا:** 48–50). **پاشکۆ. بریتییە لە کۆمەڵێك بەڵگەنامەی ئەرشیڤی بریتانی. بەشی یەکەمیان بریتین لەو بەڵگەنامانەی کە دەربارەی یاسای زمانە ناوەخۆییەکان نووسراون و بەشی دووەمیشیان بریتییە لەو بەڵگەنامانەی کە تایبەتن بە بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد و ساڵی** 1927 **نوسراون. بیبلیۆگرافیا (لا:** 101–112).

680-Joyce Blau, « Bibliographie des ouvrages de kurdologie parus à partir de la fondation de l'Institut Kurde de Paris de 1983 jusqu'en 1986 », In : *Studia Kurdica* (1988), n° 1-5, p. 157-183.

681-Mamed Jemo, *Vie et oeuvre romanesque d'Erebê Semo,* Diplôme de recherche et d'étude appliquées - D.R.E.A., Inalco, Paris, 1988, (158 p).

681-مەمەد جەمۆ، *ژیان و بەرهەمی ڕۆمانیی عەرەبی شەمۆ*. بریتییە لە نامەی ( D.R.E.A) کە لە ئۆکتۆبەری 1988 پێشکەش بە ئینستووتی زمان و شارەستانیەتی ڕۆژهەڵات کراوە. ئەم لێکۆڵینەوەی کە تەرخانی ژیان و بەرهەمەکانی عەربی شەمۆ کراوە بریتییە لە فەسڵی یەکەم (پێشەکی) (لا: 3-7). فەسڵی دووەم: ژیانی عەرەبی شەمۆ. باسی قۆناغەکانی ژیانی عەرەبی شەمۆ دەکات تاوەکوو مردنی ساڵی 1978 (لا: 8-34). فەسڵی سێیەم: بەرهەمە ڕۆمانییەکانی شەمۆ. باسی بەرهەمەکانی شەمۆ دەکات وەکوو: 1-دەربارەی پرسی فیۆدالیزم لای کورد (19356، 2-شیڤانێ کورمانجی (1935)، 3- کوردێن ئالەگەز (1935). 4-ژیانا بەختەرەوەر (1959)، 5-هۆپۆ (1962). 6-دمدم (1966) (لا: 35-152). دەرئەنجام (لا: 153-154) بیلیۆگرافیا (لا: 155-158).

682-Joyce Blau, *Les Kurdes et le Kurdistan : bibliographie critique 1977-1986,* Téhéran, Paris, Ed. Institut français de recherche en Iran, 1989, (146 p).

683-Farhad Omar, *Les sources de la nouvelle kurde,* Paris, Université de la Sorbonne Nouvelle (Paris III), 1990, (98 p).

682-فەرهاد عومەر، *سەرچاوەکانی چیرۆکی کوردی*. کارنامەی (D.E.A) ی فەرهاد پیرباله و ئۆکتۆبەری 1990 پێشکەش بە زانکۆی سۆربۆنی نوێ (پاریسی سێیەم) کراوە. ئەم نامەیە پێکهاتووە لە پێشەکی (لا: 5-13). فەسڵی دووەم: سەرهەڵدانی سیستمی نوێی نووسین (1898-19925) )لا: 15-46). لەم فەسڵەدا باسی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردستان (1898-1902)، ڕێکخراوەکان، ڕوناکبیر و ڕۆڵی

ڕوناکبیران، چاپخانە و ڕۆڵی چاپەمەنی لە پەرەئەستاندنی ژانرە ئەدەبییەکان و دواجاریش باسی گروپی ژین (1918–1919) دەکات. فەسڵی سێیەم: یەکەمین چیرۆکەکان 1913–1920 (لا: 47–63). لەم فەسڵەدا باسی یەکەمین چیرۆك و یەکەمین قۆناغەکانی چیرۆکی کوردی باس دەکات. دواجار باسی گەشەسەندنی چیرۆك و ڕۆڵی ڕۆژنامەی پێشکەوتن (1920–1921) دەکات. فەسڵی چوارەم: بیبلیۆگرافیای چیرۆکی کوردی قۆناغی (1925–1939). (لا: 64–72). بیلیۆگرافیایەکی گشتیی هەموو ئەو چیرۆکە کوردیانەیە کە لەو ماوەیەدا بڵاوکراونەتەوە. دواجار دەرئەنجام (لا: 73–75)، بیبلیۆگرافیای گشتی (لا: 76–87) و ئیندێکس (لا: 88–98).

684-Mamed Jemo, *Introduction à la métrique de la poésie classique et populaire kurdes*, Paris : Université de la Sorbonne Nouvelle, 1990, (221 p).

683– مەمەد جەمۆ، *دەروازەیەك بۆ زانستی عەرووزی شیعری کلاسکی کوردی*. ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ سیمیناری زانکۆ نووسراوە و بەمشێوە دابەشکراوە. پێشکی (لا: 4–6). بەشی یەکەم: توخمگەلی زانستی عەرووزی شیعری چەندێتی دا. لەم فەسڵە لە چمکی یەکەم باسی زانستی عەرووزی شیعری کلاسیکی کوردی دەکات لە سەدەی پانزەهەمەوە تاوەکو سەدەی نۆزدەهەم لەوانە باسی مەلای جەزیری، ئەحمەدی خانی، فەقێی تەیران و حاجی قادری کۆیی دەکات و لە چمکی دووەمیش دا باسی عەرووزی شیهری کوردی دەکات لە سەدەی نۆزدەهەم دا باسی شیعری برگەیی و شیعری کوردی لە یەکێتی شورەوی دەکات (لا: 7–94). فەسڵی دووەم: توخمگەلی عەرووزی نیبرەیی (لا: 95–143). دەرئەنجام (لا: 144–145). پاشکۆ (لا: 146–209) بیبلیۆگرافیا (لا: 210–216).

685- Mohsen Ahmad Omar, *L'Evolution de la critique littéraire Kurde*, D.R.E.A. Sous la direction de Madame Joyce de Wangen Blau, INALCO, Paris, 1991, (40 p).

686-Farhad Omar, *La genèse de la nouvelle kurde*. Thèse de doctorat sous la dir. De Fouchecour, Charles-H, Ioan, Paris, 1994, (341f).

**686–فەرهاد عومەر، *سەرهەڵدانی چیرۆکی کوردی*. کارنامەی دوکتۆرای فەرهاد پیرباله و بریتییه له پێشەکی و شەش فەسڵی سەرەکی. فەسڵی یەکەم: سیستمی نوێی نوسین** (1898–1925). (**لا**: 25–42). **لەم فەسڵەدا باسی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردستان** (1898–1902)، **ڕوناکبیر و ڕێکخراوەکانی ڕووناکبیران، یەکەمین ڕێکخراوی شەڕعی، چاپخانە، ڕۆلی چاپەمەنی له پەرەسەندنی ژانری ئەدەبی دەکات و دواجاریش باسی گروپی ژین** (1918–1919) **دەکات. فەسڵی دووەم: دروستبوونی ژانری نویێ** 1913–1925 (**لا**: 43–64). **لەم فەسەڵەدا باسی یەکەمین چیرۆکی کوردی** (1913) **و دواتر باسی قۆناغی** 1913 **تا** 1920 **دەکات و دواجاریش باسی ڕۆڵی ڕۆژنامەی پێشکەوتن** 1920–1922 **دەکات له دروستبوونی چیرۆك دا. فەسڵی سێەم: لەخەوما ی جەمیل صائیب** 1925 (**لا**: 65–89) **و ئەم فەسڵە سەرومڕ تەرخانی چیرۆکی له خەوما کراوە. فەسڵی چوارەم: قۆناغێکی گواستراوەیی** 1925–1939 (**لا**: 90–195). **لەم فەسڵە باسی سیما گشتیەکانی ژیانی ڕوناکبیری دەکات له کوردستان دوای ساڵی** 1925 **تاوەکوو جەنگی دووەمی جیهانی و لەم فەسڵەدا باسی شەش کەسایەتی گەورەی کورد دەکات: حوسێن حوزنی** (1926)، **جەلادەت بەدرخان** (1927)، **ئەحمەد موختار جاف** (1928)، **کامەران بەدرخان** (1928)، **پیرمێرد** (1933) **و عەرەبی شەمۆ** (1935). **فەسڵی پێنجەم : گەشەسەندن و فرەچەشنەیی** 1939– 1950 (**لا**: 196–296). **لەم فەسڵدا باسی مێژوویی و سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و کاراکتەری گشتی چیرۆکی نوێی**

کوردیی دەکات و قۆناغەکانیش بەمجۆرە دابەشکردووە: یەکەم: قوتابخانەی (گۆواری هاوار، ڕۆناهی و ڕۆژا نوو، لا: 209–237). دووەم : چیرۆکنووسەکانی قوتابخانەی شام: عوسمان سەبری، نوورەددین زازا، بەشیر سیگمان و چیرۆکنووسە لاوەکییەکان (لا: 238–268). سێیەم: گەلاوێژ: گۆواری سەنگینی ئەدەبیی (لا: 269–271). چوارەم : چیرۆکنووسەکانی گەلاوێژ (عەلائەددین سەججادی، ئیبراهیم ئەحمەد، شاکیر فەتاح (272–296). دواین فەسڵ بریتییە لە بیبلیۆگرافیایەکی ئەو چیرۆکانەی کە لە نێوان 1939 تا 1950 بڵاوکراوەنتەوە (لا: 297–323). بیبلیۆگرافیا (لا: 327–341).

687-Joyce Blau, « La littérature kurde », In: *Peuples méditerranéens*, Paris : Vieille. N° 68–69.1994 (juillet–décembre), p. 77–94.

687– جۆیس بلۆ، " ئەدەبی کوردی". باسی زمان و ئەدەبی کوردی و بایەخپێدانی ئەوروپاییەکان دەکات بە ئەدەبی کوردی هەر لەسەدەی نۆزدەهەمەوە و بە تایبەتی ڕۆڵی ئەلیکساندەر ژابا. باسێکی شاعیرانی کورد دەکات هەر مەلایێ جەزیری، ئەحمەدی خانی و چەند شیعرێکیان بە فەرەنسی بڵاودەکاتەوە و بە هەمان شێوە باسی نالی، حاجی قادری کۆیی، شێخ ڕەزای تاڵەبانی و نووسەر و شاعیرەکانی یەکێتی شورەوی جاران دەکات و ئینجا باسێکی ئەدەبی کوردی لە دوەرانی ئینتدابی فرانسا بۆ سەر سوریا و دواتر باسی شاعیرانی کوردستانی ئێران، تورکیا و عێراق دەکات و لە دوایین جاریش دا باسی دوایین نەوەی نووسەرانی ساڵانی هەشتایەکان دەکات.

688-Fondation nationale des sciences politiques, *La Question kurde depuis 1970.* Centre de documentation contemporaine, Paris, 1996, (16 p).

688-دامەزراوی نیشتیمانی زانستە سیاسییەکان، پرسی کورد لە ساڵی 1970-ەوە. بریتییە لە بیبلیۆگرافیایەکی ئەو وتار و کتێبانەی بە زمانە ئەوروپاییەکان بە تایبەت بە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی لە ماوەی چارەگە سەدەیەك لەسەر پرسی کورد نووسراون تا وەکوو ساڵی 1995.

689-Mistafâ Narîmân, « Instituteur à Kerkouk entre 1948-1962 », in : Monde Arabe Maghreb Machrek, N° 163, Janv-Mars 1999, p : 41-46

689-موستەفا نەریمان، " مامۆستایەك لە کەرکووك لە نێوان 1948 و 1962 دا ". بریتییە لە بەشێکی بیرەوەرییەکانی موستەفا نەریمان (1925-1994) دەربارەی ڕۆژانی مامۆستایەتی لە کەرکووك لە نێوان ساڵەکانی 1948 و 1962 دا. ئەم بیرەوەریانە بەشێکن لەو بیرەوەریانەی نەریمان کە ساڵی 1994 لە بەغدا بە کوردی بڵاوکرایەوە و هەڵکەوت حەکیم لە کوردییەوە کردوویە بە فەرەنسی

690-Ferhad Pirbal, « Quelques considérations sur le développement de la littérature kurde au Kurdistan d’Irak entre 1991–1999 », In: *Études kurdes*, Paris, L’Harmattan, n° (2).2000, p. 35–42.

691-Lucine Japharova-Brutti, *Littérature kurde de la période soviétique (années 1930-1990) : prose, poésie et dramaturgie kurdes avec leurs systèmes d'images, leur langage et leurs thèmes principaux*; sous la dir. de Joyce Blau-de-Wangen, Thèse doctorat d'Etat : Asie mineure et intérieure : Paris, INALCO : 2001, (235 f.).

691-کارنامەی دوکتۆرایە لە 6 ی دیسامبەری 2001 پێشکەش بە ئامۆژگای زمان و شارەستانیەتە ڕۆژهەڵاتییەکان کراوە. بریتییە لە پێشەکی و چوار فەسڵ. فەسڵی یەکەم: چارەنووسی ئەدەبی کوردی لە ڕووسیا (لا: 25-104). باسی ئەدەبی کوردی دەکات لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران لە ساڵەکانی 1930 -ەوە تاوەکوو ساڵانی نەوەدەکان. لەم فەسڵەدا تیشك دەخاتە سەر سەرەتای پەخشانی کوردیی و شیعری کوردی سۆڤیەتیی و پاشان باسی دراما و شانۆی کوردیی سۆڤیەتی دەکات. فەسڵی دووەم: پەخشان و ریپریزەنتەکانی (لا: 105-173). لەم فەسڵەدا باسی هەموو نووسەرە پەخشان نووسە کوردەکانی سۆڤیەت دەکات وەکوو: عەرەبی شەمۆ، حاجی جندی، سیم سەمەند، یۆسفێ بەکۆ و زۆری دیکە. فەسڵی سێیەم: شاعیرانی کوردی ئەرمینیا (لا: 174-206). بەشی سەرەکی تێزەکەیە و باسی هەموو شاعیرە کوردەکانی ئەرمینیا دەکات. فەسڵی چوارەم: شاعیرە کوردەکانی جۆرجیا (لا: 207-214). لەم فەسڵە باسی هەموو شاعیرە کوردەکانی جۆرجیا دەکات. دەرئەنجام (لا: 215-217). پاشکۆیەکان (لا:219-237). لەم پاشکۆیەدا دوو تێکستی حاجی جندی و عەرەبی شەمۆی بە کوردی لاتینی نووسیووەتەوە و لە بەرامبەریش دا تەرجەمەی فرەنسی کراون. بیبلیۆگرافیا (لا: 239-266).

692-Halkawt Hakim, « *La littérature kurde* », In *Dictionnaire mondial des Littératures* (Larousse, 2002), p. 491-492 .

692-هەڵکەوت حەکیم، "ئەدەبیاتی کوردی". باسێکی کورتی ئەدەبیاتی کوردییە. سەرەتا باسی ئەدەبی زارەکی کوردی و پاشان باسی ئەدەبیاتی نووسراوی کوردی دەکات. سەرەتا داستانی قەڵای دمدم و پاشان باسی مەم و زین و دواتر باسی شاعیرانی کلاسیکی کورد مەلایێ جەزیری (1570-1640)، فەقێی تەیران (1590-1660)، ئەحمەدی خانی (1650-1707) و داستانی مەم و زینی ئەحمەدی خانی و دواتریش باسی شاعیرانی سەدەی نۆزدەهەم و دواتر ئاماژەیەکی کورت بە ئەدەبیاتی کوردی دەکات.

693-Halkawt Hakim, « De l'influence de la poésie persane sur la poésie kurde », In Iran : questions et connaissances : Actes du IVe congrès européen des études iraniennes organisé par la Societas irnologica europapaea, Paris, 6-10 sept. 1999. Vol. III : cultures et sociétés contemporaine Bernard Hourcade. - Paris : Association pour l'avancement des études iraniennes, - 2003, p. 77-85

693-هەڵکەوت حەکیم، "نفووزی شیعری فارسی بەسەر شیعری کوردی دا". شیعر و ئەدەبیاتی فارسی کاریگەری زۆریان بەسەر شیعری کوردی هەبووە. ئەفسانەی شاهنامە و بە تایبەتی ڕۆستەم و زۆراب لە ڕێگەی ئەدەبیاتی فارسییەوە کەوتوونەتە ناو ئەدەبیاتی کوردی. بە قسەی نووسەر کاریگەری ئەدەبی فارسی بۆ سەر ئەدەبی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شانزەهەم. نووسەر لە باسەکەیدا باسی ڕۆڵی شانامە، خوێندن بە زمانی فارسی لە مەدرەسەکان، شیعری کوردی و ترادسیۆنی فارسی و ڕەسەنایەتی شیعری کوردی لە باسە سەرەکیەکانیەتی.

694-Amr Ahmed, *Nimâ Yušij et Abdollah Goran: Aspects formels du renouvellement poétique*; sous la dir. de Yann Richard, Mémoire de DEA : Etudes iraniennes : Paris 3 : 2004, (128-LXXIX f.).

694-ئامر ئەحمەد، *نیما بۆشیج و عەبدوڵڵا گۆران.* بریتییە لە کارنامەی D.E.A ی عامر تاهیر و ساڵی خوێندنی 2003- 2004 پێشکەش بە زانکۆی پاریسی سێیەم (سۆربۆنی نوێ) کراوە. نامەکە بریتییە لە پێشەکیەکی گشتی و سێ بەش. لە بەشی یەکەم دا لە فەسڵی یەکەم : پێشەکی: بەرەو نوێبوونەوەی شیعری فارسی. باسی نوێبوونەوەی شیعری فارسی و ڕەوتە کلاسیکیەکانی شیعری فارسی،

ئارکیۆلۆژیای شیعری هاوچەرخی فارسی بە هەردوو ڕەوتی شیعریی کۆنسێرڤاتۆر و پێشکەوتنخواز باس دەکات و دواتر باسی ژیاننامەی نیما یۆشیج باسدەکات (لا: 12–19). فەسڵی دووەم: هەڵگێڕانەوەی سیستمێك. لەم فەسڵەدا لە تێکدانی ژانرە شیعرییە کلاسیکەکانی فارسی، شیعری ئازاد.، ئیشکالیەتی کێش و قافیەی شیعری فارسی دەکۆڵێتەوە (لا: 20–39). فەسڵی سێیەم: زمانی شیعری نیما (لا: 40–50). هەرچی بەشی دووەمە تەرخانی شیعری کوردی کراوە و لە فەسڵی یەکەم: پێشەکیەك بۆ شیعری کوردی. لەم فەسڵەدا باسی شیعری کلاسیکی کوردی، شیعری هاوچەرخی کوردی و عەبدوڵڵا گۆران: چارەنووسی خەباتکارێك و بەرهەمێکی مولتەزیم (لا: 55–63). فەسڵی دووەم: تێکشکاندنێکی پێشکەوتوخواز لەم فەسڵەدا باسی تێکشکاندنی قاڵبەکانی شیعری کلاسیکی کوردی و هاتنە ناوەوەی فۆرم و شێوەی نوێی شیعری کوردی باسدەکات (لا: 64–81). فەسڵی سێیەم: زمانی شیعری گۆران (لا: 82–97). بەشی سێیەم: ئیشکالیەتە تەکنیکیەکان یان ناسنامەی نەتەوەیی (لا: 98–). دەرئەنجامی گشتیی (لا: 118–120). بیبلیۆگرافیا (لا: 121–128). دواجار بە ژمارەی ڕۆمانی لە (76) لاپەڕەدا کۆمەڵێك شیعری فارسیی نیما و کۆمەڵێ شیعری کوردیی عەبدوڵڵا گۆرانی وەکوو خۆی لە ڕووی چاپە فارسی و کوردییەکان کۆپیکردۆتەوە.

695-Halkawt Hakim, « Un aperçu sur l'enseignement du kurde en Irak (1919-2005) » In « *Studia iranica* » (Paris), (2006) vol. 35, n° 2, p. 263-275.

695–هەڵکەوت حەکیم، "چاوپێداخشانێك بۆ سەر خوێندنی کوردی لە عێراق دا 1919–2005". لەوەتای بەکارهێنانی زمانی کوردی لە عێراق لە ساڵی 1919، زمانی کوردی هەمیشە خۆی ڕاگرتووە و پێشکەوتووە، هەندێکجار بە هێواشی و هەندێك جاریش زۆر بە خێرایی. بەشی کوردی زانکۆی بەغدا لە ساڵی 1959–ەوە خوێنکاری کوردی لە ناوچە کوردییەکان وەرگرت. ساڵی 1970 زمانی کوردی بە ڕەسمیی ناسێنرا و خوێندن لە ناوچە کوردییەکان بوو بە کوردی بەڵام لە 1974 تا

1991 سیاسەتی  تەعریب هەموو چالاکیەکی بواری زمانی کوردی گرتەوە. دواتر دوی ساڵی 1991 زمانی کوردی بە دیارکەوتەوە  دواجاریش لە دەستووری 2005 دا وەکوو زمانی ڕەسمیی وڵات بە تەك زمانی عەرەبی پەسند کرا. لەم وتارەیدا نووسەر باسێکی خوێندنی کوردی دەکات لە بیستەکان و سییەکان و دواتر چەند نموونەیەکی سرودی کوردی قەتابخانەکان دەهێنێتەوە (گۆرانی وەتەن) ی گۆران و سروودی (یەك دواندن) ی کانی دەهێنێتەوە و تەرجمەی فرەنسی کردوون و دواتریش باسی سالآنی 1917 و بە تایبەتیش باسی دوای ڕاپەڕینی 1991 دەکات.

## 6.8: فەرهەنگ ، ڕێزمان و زمانناسی

696-A. Chodzko, « Etudes philologiques sur la langue kurde (dialecte de Soléimanié) », In "*Journal asiatique*", Paris, (1857) n°4, p.297-356.

696-ئا. خۆدزکۆ، "*چەند لێکۆڵینەوەیەکی فیلۆلۆژی دەربارەی زمانی کوردی (دیالێکتی سلێمانی)*"، لە گۆواری (ژورنال ئازیەتیك)، پاریس، 1857. ژمارە 4، لا: 297–356. نووسینی زمانزان و دیپلۆمات و ڕۆژهەلاتناسی گەورەی پۆڵەندی ئەلیکساندەر بۆریژکۆ خۆدزکۆ-یە و لە ساڵەکانی 1853– 1854 بە یاریدەی ئەحمەد پاشای بابان  نووسراوە. ئەم نامیلکەیە بەرهەمی زمانزانی و شارەزایی زۆری خۆدزکۆ بووە لە زمانە رۆژهەلاتییەکان و بە تایبەتیش لە زمانی فارسیدا، کە ئەمە لەگەڵ کوردیزانیی ئەحمەد پاشا پێکەوە ئەم کارە نایابەی لێ کەوتەوە. ئەم باسە یەکەمین کتێبێکی چاپکراوە (بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی تا ئێستە لەبەردەستدان) کە، پەخشانی نووسراوی کوردیی بە زمانی کوردی تێدا نووسرابێتەوە، کە پێش ئەو نووسینی پەخشان بە زمانی کوردی لە هیچ لایەك چاپ و بلاونەکراوەتەوە.

697- Ferdinand Justi, « Note sur les mots étrangers en kurde », in : *Revue de linguistique et de philology comparée*, T VI, 1873, p. 89-99.

**697–فێردیناند یۆستی، " سەرنجێك دەربارەی وشە بێگانەكان لە زمانی كوردی دا". بریتییە لە باسێكی كورت دەربارەی ئەو وشە بێگانانەی كە لەناو زمانی كوردی دا بەرچاودەكەون كە زۆربەی جار وشەكان بنچینەیان توركی، عەرەبی و فارسییە. یۆستی ئەم وتارەی لەسەر بنەمای ئەو فەرهەنگە كوردیی–فرەنسییە نووسیوەتەوە كە ئەلیكساندەر ژابا كۆیكردبوونەوە.**

698-F. Justi., *Les noms d'animaux en kurde,* Ed. Paris, Imprimerie national, 1878 (32 p).

**698–ف. یۆستی، *ناوی ئاژەڵان بە زمانی كوردی*. نامیلكەیەكی بچوكی ڕۆژهەڵاتناس و ئێرانیناسی بەناوبانگ (فێردیناند یۆستی)[*]ە و یەكەم كاری سەربەخۆیە بۆ دروستكردنی فەرهەنگۆكێك لەبارەی ناوی ئاژەڵان بە زمانی كوردی. نووسەر كارەكەی دابەشی سەر سێ فەسڵی سەرەكی كردووە: فەسڵی یەكەم ئاژەڵە بڕبڕدارەكان (لا: 1-29)، فەسڵی دووەم: گیاندارە نەرمەكان (لا: 29) و فەسڵی سێیەم ئاژەڵە جومگەدارەكان (لا: 30-32 )و هەر بەشێكیش لەم بەشانە دووبارە بۆ چەند فەسڵی سەرەكی دابەش كراونەتەوە، بۆ نموونە وەك بەشی یەكەم كراوە بە سێ فەسڵی سەرەكی: A -ئاژەڵە شیردەرەكان (لا: 4-21 )، B– باڵندەكان (لا: 21-28)، C – گیاندارە خشۆكەكان (لا: 28-29 )دواتر جارێكی دیكە ئەم فەسڵانە بۆ بەشی دیكە دابەش كراونەتەوە. ئەم كارەی یۆستی لە ڕووی كۆمەڵێك دەستنووس، فەرهەنگ و سەرچاوەگەلی ئیتالی، فرەنسی ئەڵمانی و ئینگلیزی ئامادەكراوە. وەك نووسەر لە پێشەكی نامیلكەكەدا نووسیوویە، ئەكادیمیای شاهانەی سان**

[*] Ferdinand Justi (1837-1907).

پێترسبۆرگ دەسنووسی دوو فەرهەنگی کوردی ژابای خستۆتە بەردەست بۆ ئەوەی سوودیان بێوە ببینێ. هەروەها نووسەر باسی ئەوەش دەکات کە پرۆفیسۆر ئەلبێرت سوسین سەرچاوەی دەوڵەمەندی هەقایەت و داستانە کوردییەکانی خۆی کە لەناوەی گەشت و گەڕانەکانی لە ڕۆژهەلات کۆیکردوونەتەوە خستۆتە بەردەستی نووسەر.

699-Auguste Jaba., *Dictionnaire Kurde-française,* publié par ordre de l'académie impériale des sciences par M. Ferdinand Justi, St- Pétersbourg, 1879, (XIII, 463 p).

699-ئۆگست ژابا: *فەرهەنگی کوردی،* فرەنسیی بە فەرمانی ئەکادیمیای شاهانەی زانستەکان لە لایەن فیردیناند یوستی ئامادەکراوە بۆ چاپ، سانت پێترەسبۆرگ، 1879. ئەم فەرهەنگە لەسەر ئەو تێکست و مەتریالانە ئامادەکراوە کە ژابا، کونسولی ڕووسیا لە ئەرزەرۆم کۆیکردوونەتەوە و هەروەها پشت بەو فەرهەنگانەش بەستراوە کە پێشتر چاپکرابوون وەك فەرهەنگەکانی گارزۆنی، لێرخ ، سوسین ، و ڕهیا. ئەم فەرهەنگە سەرلەبەری تەرخانی دیالێکتی کوردی باشوور کراوە. نزیکەی 15000 وشەی تێدایە کە بە پیتی (عەرەبی-فارسی) نووسراونەتەوە و پاشان ترەنسکریپسیۆنی لاتینیشی لەگەڵە. بنچینەی وشەکان دیاریکراوە: عەرەبی، فارسی، تورکی ، ئەرمەنی و ئاسووری. بلاوکردنەوەی ئەم کارە کۆششی گەورەی زانایەکی وەکوو یوستی بوو. شایانی گوتنە لە فەرهەنگەکەدا بنچینە سەرەکییەکانی شێوەی کردارەکان بە دەستەوە دراون و کارێکە تا ئێستەش بێوێنەیە.

700-J.de. Morgan, *Mission scientifique en Perse.* Tome V, Etudes linguistiques. 1, *Dialectes kurdes, langues et dialectes du nord de la Perse,* [publié avec un avant-propos par Cl. Huard], Paris : E. Leroux, 1904, (XV-325 p).

700-بریتییە لە بەرگی پێنجەمی "مسیۆنی زانستیی لە ئێران " ی ژ. دو .مۆرگان و تایبەتە بە لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی دیالێکتە کوردییەکان، زمان و دیالێکتەکانی باکووری ئێران کە لە ماوەی گەشتەکانی لەنێوان ساڵەکانی 1889 تا 1891 لە کوردستانی ئێران کۆیکردوونەتەوە. مۆرگان لەم باسەیدا زیاتر باسی دیالێکتی سنەیی دەکات کە لە هەمەدان، هەورامان و چیایەکانی زاگرۆس قسەی پێدەکرێ. دوای گەڕانەوەی لە ئێران مۆرگان داوای لە ڕۆژهەڵاتناس CL. Huart کردووە تا سەرپەرشتی چاپکردنی ئەم بەرگەیان بکات. ئەمکارە یەکێکە لەو کارە زانستییە زمانەوانیانەی کە تا ئێستە لە بواری خۆیدا کارێکی بێوێنەیە.

701- H. Adjarian, « Recueil de mots kurdes en dialecte de Novo-Bayazet », In *Mémoires de la Société Linguistique de Paris,* Paris, vol. 16, p. 349-383.

701-ه.ئاجەریان، "کەشکۆڵی وشەی کوردی لە دیالێکتی نۆڤۆ-بایەزیدی". کوردەکانی ڕووسیا بەشێوەیەکی سەرەکی لە یەریڤان دەژین کە بە گوێرەی سەرژمێرییەکانی ساڵی 1886 نزیکەی 24155 کەس دەبن (ئێزیدییەکان کە ئەوانیش بە زمانی کوردی قسە دەکەن ژمارەیان 11025 کەسە. لە هەرێمی بایەزید-نۆڤۆ 876 کورد و 269 ئێزیدی تێدایە. ئەم وتارەی ئێرە بریتییە لە فەرهەنگۆکێکی کوردی -فرەنسی کە لە ساڵەکانی 1906-1907 لەم هەرێمەی دوایی کۆکراوەتەوە، وشەکان بە ئەلف و بێ لاتینی نووسراون و کوردییەکشیان بە پیتی عەرەبی لە تەک دا نووسراوە و دواتر لیکسیکێکی فرەنسی-کوردی بۆ وشەکان کراوە.

702-Åge Meyer Benedictsen, *Les dialectes d'Awromân et de Pâwä* ; revus et publiés avec des notes et une esquisse de grammaire par Arthur Christensen, København : Andr. Fred. Høst o. Søn, 1921, (128 p).

702–ئاگ میێر بیندێکتسن، *دیالێکتەکانی هەورامان و پاوە*. ئارتور کریستیان چاوی بە تێکستەکاندا خشاندووە و تێبینی و باسێکی ڕێزمانی لەسەر نووسیووە. ساڵەکانی 1900–1902 مایێر بۆ ماوەی چەند مانگێك (هاوین و پاییزی 1901) دەچێتە ناوچەی سنە بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕەوشی هۆزە وردەکان و کۆکردنەوەی چەند تێکستێك دەربارەی دیالێکتە کوردییەکان. لە سنە مایێر بەوە دەزانێ کە هەورامییەکان بە دیالێکتێکی تایبەتی قسە دەکەن کە نە فارسەکان و نە کوردەکان تێیان ناگەن. دواجار میێر بە زەحمەت مەلایەکی گەنج بە ناوی عەبدولغەفور دەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی فێری ڕێزمانی هەورامانی بکات و بۆ ماوەی پێنج حەتوو کە لە سنە دەمینێتەوە چەند تێکستێکی هەورامانی بۆ دەنووسێتەوە و بۆی تەرجەمەی فارسی دەکات و ڕێزمانی هەورامانی بۆ شیدەکاتەوە و ئەویش تێبینی و سەرنجی لەسەر دەنووسێ، بۆ زیاتر قووڵبوونەوە بەناو دیالێکتی هوەرامانی مایێر سەفەرێکی هەورامان دەکات بەڵام لە هەورامان پێشوازییەکی ئاوهای لێناکەن و دواتر سەردانی جوانرۆ دەکات و برێك تێکستی هەورامی و پاوەیی لەگەڵ خۆیدا کۆدەکاتەوە و دەیانهێنێتەوە دانیمارك. دوای چەندین ساڵان بە هەوڵ و کۆششی ئارتۆر کریستیان ئەو تێکستە هەورامیانەی کە مایێر نووسیبوونەوە لەگەڵ تێبینی و سەرەنجەکانی چاویان پێدادەخشێنێتەوە و تێبینی و سەرنجیان دەخاتە سەرو کتێبەکە بە یەکەوە بڵاودەکەنەوە. کتێبەك بەمشێوەیە. پێشەکی یەکەم نووسینی مایێر (لا: 3–6) و پێشەکی دووەم نووسینی کریستیان (لا: 76–16). دواتر بەشی ڕێزمانی کتێبەکە دەستپێدەکات کە باسێکی زمانەوانییە دەربارەی دیالێکتی هەورامانی و پاوەیی و باسی کردار، زایەند، ئاوەڵناو، جێناو، گەردانکردنی کردار و چەند تێبینییەك دەربارەی دیالێکتی پاوە (لا: 17–75). پاشان حەوت تێکستی هەورامی بە تەرجەمی فرەنسی (لا: 76–109) و پێنج تێکستی چکۆڵەی دیالێکتی پاوە بە تەرجەمەی فرەنسی (لا: 110–119) و دواجار فەرهەنگۆکێکی هەورامانی–فرەنسی لەگەڵ دایە (لا: 120–128).

703-Paul Beidar, *Grammaire kurde,* Paris : Librairie orientaliste P. Geuthner, 1926, (77 p).

**703–پۆل بێیدار، *ڕێزمانی کوردی*. ئەم کتێبە لە نووسینی باوکە بێدارە کە ماوەیەکی زۆر لە ناوچەی مووسڵ (زاخۆ) ماوەتەوە و برتییە لە کتێبێك کە لە بنەواندا بۆ فێربوونی زمانی کوردی بۆ بێگانە نووسراوە. کتێبەکە تەرخانی دیالێکتی وەك نووسەر خۆی گووتەنی کوردی ناوچەی (زاخۆ–جەزیرە) کراوە. کتێبەکە دابەشی سەر (8) فەسڵی سەرەکی کراوە. فەسڵی یەکەم: ئەلفبێی کوردی (لا: 5–9).، فەسڵی دووەم: ناو (لا: 9–15).، فەسڵی سێیەم: ئاوەڵناو (لا: 15–20).، فەسڵی چوارەم: جێناو (لا: 20–27).، فەسڵی پێنجەم: ژمارەکان (لا: 27–33).، فەسڵی شەشەم: ئاوەڵکردار (لا: 33–39).، فەسڵی حەوەتەم: کردار (لا: 39–53). هەرچی فەسڵی هەشتەمە بۆ سێ لا بەش تەرخانکراوە: شیعری کوردی، تابلۆی برێك وشەی لەیەکچووی کوردی–فەرەنسی و دواجاریش فەرهەنگۆکێکی کوردی–فرەنسی (لا: 63–76). شایانی گوتنە هەر فەسڵێك لە فەسڵەکانی کتێبەکە بە پەندێکی پێشینانی کوردی تەواو کراوە و دواجار حەکایەتێکی چکۆڵەی کوردیشی لەگەڵە کە بە ترەنسکریپسیۆنی لاتینی فرەنسی و بە تەرجەمی فرەنسی بڵاوکراوەتەوە. نووسەر ئەم کتێبە لە زۆربەی نووسەرە ئەوروپاییەکان واقیعبینانەتر سەیری زمانی کوردی کردووە بەڵام ئەوەی ئەمکارە نایابەی قورس کردووە ئەم لاتینییە قورسەیە کە بەشە کوردییەکانی کتێبەکەی پێنووسراوەتەوە.**

704-Pierre Rondot,"L'alphabet kurde en caractères latins d'Arménie Soviétique," in : *REI*, Cahier III, 1933, p. 411-17.

705-Celadet Bedirxan, Le beau de la steppe (le texte original kurde publié dans le n° 3 de la revue) ; avec une introduction sur les chansons folkloriques kurdes, In : *Hawar*, n° 24, p. 10-12, n° 25, p. 15-16, le 1 avril et le 19 août 1934.

706-Pierre Rondot, "L'adoption des caractères latins et le mouvement culturel chez les Kurdes de l'U.R.S.S.,", In : *REI*, chap. I, 1935, p. 87-96.

707-Pierre Rondot, "Trois essais de Latinization de l'alphabet kurde: Iraq, Syrie, U.R.S.S., In : " *Bulletin d' tudes Orientales*, Tome V,1935, p. 1-31.

**707-پییێر ڕۆندۆ، " سێ باس دەربارەی بە لاتینیزەکردنی ئەلف و بێی کوردی". باسێکی زمانەوانیی دوورودرێژە دەربارەی ئەلف و بێیەکانی زمانی کوردی: عەرەبی، لاتینی و سیریلیکی. نووسەر لە وتارەکەیدا ئەوە ناشارێتەوە کە لە ڕوانگەیەکی کۆلۆنیستانە بانگەواز بۆ ئەوە بکات کەوا ئەلف و بێی لاتینی باشتر لەگەڵ زمانی کوردی دەگونجێ ئەو داوایەی کە دەمێکە وادەکەی بەسەرچووە.**

708-Pierre Rondot, "Le problème de l'unification de la langue kurde," In : *REI*, Chap. III, 1936, p. 297-307.

709-Basile Nikitine, Le pluriel en -t, In : "*Société d'ethnographie de Paris*", (1944), p. 144-151.

**709-بازیل نیکیتین، "کۆ بە (ت)". باسێکی زمانەوانییە دەربارەی پاشگری (ت) لە زمانی کوردی دا و لە ڕووی مۆرفۆلۆژی و زمانەوانییەوە بەشوێن باسەکەدا چووە و کۆمەڵێك باس و خواسی زمانەوانی وروژاندووە.**

710-Emir Kamuran Aali Bedir-Khan, *Langue kurde, première année: Eléments de grammaire extraits des cours donnés à l'Ecole nationale des langues orientales vivantes*– Paris : [s.n.], 1953, 2 vol., (V-122 p).

711-Stig Wikander, *Recueil de texts Kourmandji*, Ed. Acta universitatis Upsaliensis: 10, Wesbaden, 1959, (108p)

711–ستیگ ئیکاندەر، کەشکۆڵی تێکستی کورمانجی. بریتییە لە ئەنتۆلۆژیایەکی تێکستی کوردی بە کورمانجی. مەبەست لەوە نیشاندانی دیالێکتی کورمانجییە لەژێر چەند لایەنێکەوە بە تایبەت لە لایەنی فۆلکلۆری و شیعر دا. زۆربەی تێکستەکان لەو چاپکراونە وەرگیراون کە لە سوریا و لوبنان بڵاوکراوەنەتەوە. کتێبەکە دابەشی سەر حەوت فەسڵ کراوە. فەسڵی یەکەم: بریتییە لە کۆمەڵە تێکستێکی ئەدەبیی هەر یەك لە : عوسمان سەبری، ئیبراهیم مەلا، قەدری جان، یوسف حاجۆ (لا: 1–20). فەسڵی دووەم : کۆمەڵێك هەقایەتی میللییە کە لە ڕۆژنامەکانی ڕۆژانوو و ڕوناهی وەرگیراون (لا: 21–38). فەسڵی سێیەم: ژیان و داب و نەریتی کورد (لا: 39–68). لەم فەسڵەدا چەند تێکستێکی ئەدەبی: جگەرخوێن، عەرەبی شەمۆ، عوسمان صەبری وەرگیراوە. فەسڵی چوارەم: هۆنراوەی میللیی (لا: 69–83) . تێکستی مەمێ ئالان (گێڕانەوەی ڕوناهی) و کۆمەڵە هۆنراوەیەکی میللیی کە لە گۆواری هاوار وەرگیراون. فەسڵی پێنجەم : شیعری نوێ (لا: 84–93). بریتییە لە کۆمەڵێك شیعری نوێی عوسمان صەبری و جگەر خوێن. فەسڵی شەشەم: وەرگێڕان (لا: 94–102). کۆمەڵێك تێکستی وەرگێراون بۆ سەر زمانی کوردیی کورمنجی. بەشێکی کتێبی ئینجیل، بەشێکی کتێبی ئێگزینۆفۆن ئەناباسیس و فەسڵی دوایش تەرخانکراوە بۆ ڕێزمان و لەبارەی ئەلف و بێی کوردی و دەنگەکانی کوردی دەکۆڵێتەوە. جگە لە بەشێکی ڕێزمانی کورمانجی جەلادەت بەدرخان و سیستمی کردار لە کورمانجی (ڕەشید کورد) (لا: 103 تا 108). شایانی گوتنە ئەم کتێبە هەر تەنها ناونیشان و بەرگەکەی بە فرەنسییە دەنا هەموو کتێبەکە بە کورمانجی (لاتینی) نووسراوە.

712-Thomas Bois, "Remarques critiques sur la nomenclature grammaticale Kurde," *Bibliotheca Orientalis,* Vol. XVII, No. 3/4, Mei-Juli 1960, p. 152-160.

713-Roger Lescot, " Remarques sur quelques travaux scientifiques de phililogie kurde", in: *L'Afrique et l'Asie*, n° 5, 3ème Trim. 1960, p. 51-56.

**713-ڕۆژەر لیسکۆ، " چەند سەرنجێك دەربارەی چەند کارێکی زانستیی فیلۆلۆژی کوردی". باسێکە دەربارەی بەرچاوخستنی سیٚ کتێبی ڕووسی دەرابەی فیلیۆلۆژیای کوردی کە بریتین لە کتێبەکانی: 1-بەکاییڤ، فەرهەنگی کوردی – ڕووسی، مۆسکۆ 1957ز، 2-ڤاریزۆڤ، فەرهەنگی ڕووسی-کوردی، مۆسۆ، 1957.، 3-کوردۆیڤ، ڕێزمانی زمانی کوردی، لینینگراد، 1957. لیسکۆ لەم وتارەیدا خوێندنەوەیەکی وردی بۆ هەر یەکە لەم سیٚ کتێبە کردووە.**

714-Thomas Bois « Etudes récentes de philologie kurde », in: *Bibliotheca Orientalis.* - Jan.-mars 1962, XIX/1-2, Leiden : Nederlands Instituut voor het Nabije Oosten, p. 10-1.

715- Thomas Bois, ((R.P.) ) « De la langue à l'âme du peuple kurde », In : *Bibliotheca Orientalis* (1963) vol. 20, 1-2, p. 6-9.

716-Beidar Khan, Kamuran Aali, *Langue kurde. Eléments de grammaire* (extraits des cours donnés à l'Ecole Nationale des langues Orientales vivantes) 1ère édition (en deux tommes poly copiés), Paris, 1952 (252p); 2ème édition, (en un seul tome), Paris, 1964, (270 p)

**716-کامیران عالی بەدرخان، *زمانی کوردی*. بریتییە لە وانەکانی زمانی کورد کە لە ئەنستووتی زمانە زیندووەکانی ڕۆژهەڵات دا لەوەتای ساڵی 1950**

گووتوویەتییەوە. چاپی یەکەمی ساڵی 1952 لە پاریس بە شێوەی پۆلیکۆپی لە دوو بەرگ و چاپی دووەمی ساڵی 1964 هەر لە پاریس و لە یەك تاکە بەرگدا بڵاوکرایەوە. کتێبەکە سەرومڕ تەرخانی ڕێزمان، وشەسازی و ڕاهێنانی ڕێزمانی دیالێکتی کورمانجی سەروو کراوە و بەس.

717-Joyce Blau, *Dictionnaire kurde-français-anglais*=Kurdish-French-English dictionary, Bruxelles : Centre pour l'étude des problèmes du monde musulman contemporain, 1965, (264 p).

717-جۆیس بلۆ، فەرهەنگی کوردی-فرەنسی-ئینگلیزی. ئەم فەرهەنگە بریتییە لە فەرهەنگێکی کوردی-فرەنسی-ئینگلیزی و لەژێر چاوەدێری و ڕێنمایی میر کامیران بەدرخان، مامۆستای زمانی کوردی لە قوتابخانەی نیشتمانی زمانە زیندووەکانی ڕۆژهەلات لە پاریس ئامادەکراوە. ئەم فەرهەنگە زیاتر بۆ ئەو بێگانانە نوسراوە کە دەیانەوێ تێکستێکی کوردی بخوێننەوە و ڕووبەڕووی وشەی کوردی دەبنەوە و شایانی گوتنە کە کوردیەکەی تەنها بە ئەلف و بێ لاتینی نووسراوەتەوە.

718-Thomas Bois, « Comment écrire le Kurde ? », In : *Al-Machriq*. - Mai-juin 1965, p. 369-378.

718-تۆما بوا، " کوردی چۆن دەنووسرێ؟". ئەم وتارە تەرخانی نووسینی کوردی کراوە بە ئەلف و بێ جیاوازەکانی وەك: عەربی، لاتینی، سیریلاك، ئەرمەنی، ئاسووری و هەتا ئەلف و بێ تایبەتیی ئێزیدی. لە وتارەکەیدا تۆمابوا باسی ئەوە دەکات کە "زمانی کوردی بە شەش ئەلف و بێ ی جیاوز دەنووسرێ کە هێلێکی هاوبەشیان لە نێوان دا نییە و پێی وایە کە ئەمە بە ڕاستی دیاردەیەکی تاکانەیە لە جیهان دا". لە باسەکەیدا تۆمابوا باسی ئەلف و بێی عەرەبی و ئەلف و بێی لاتین دەکات و گەرچی لای وایە کە ئەلف و بێ عەرەبی لەبەر کۆمەڵێك هۆ لە کوردییەوە

**نزیکترە و سوودی بۆ کوردی زیاتر تێدایە بەڵام کۆمەڵێك کێشەی نووسینی هەیە بۆیە دواجار لای وایە ئەلف و بیٚ لاتینی پیتەکانی زمانی کوردی چاکتر دەردەبڕیٚ و زیاتر بەلای لاتینی دا دەشکێتەوە و لای وایە کە ئەلف و بیٚ ی هاوار دەبیٚ پەیڕەو بکریٚ. دواجار فاکسمیلی چەند نموونەیەکی نووسینی کوردی بە هەر شەش ئەلف و بێیەکە بڵاوکردۆتەوە.**

719- Joyce Blau, *Le Kurde de 'Amadiya et de Djabal Sindjar : Analyse linguistique, textes folkloriques, glossaires*, Paris, Ed. C. Klincksieck, 1975, (254 p).

**719-جۆیس بلۆ، *"زمانی کوردیی ئامێدی و جەبەل شەنگال: شیکردنەوەی زمانەوانی، تێستی فۆلکلۆری، فەرهەنگۆك"*. بەشی سەرەکی کارنامەی دوکتۆرای دیپارتومانی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتناسی-زانکۆی پاریسی سێیەمە کە لە حوزەیرانی 1973 پێشکەش بە زانکۆ کراوە. بەرهەمی چەند گەشتێکی زانستییە کە لە نێوانساڵەکانی 1967 و 1968 بۆ ناوچەی ئامێدی و جەبەل شەنگال ئەنجامی داوە. کتێبەکە بریتییە لە دوو بەشی سەرەکی، بەشی یەکەم: لێکدانەوەیەکی زمانەوانی لە بارەی فۆنۆلۆجی هەردوو ناوچەکە (لا: 21-95) لەم بەشەدا شیکردنەوەیەکی ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار و پریپۆزسیۆن و سیستمی کرداری دەکات. هەرچی بەشی دووەمە بریتییە لە تێکست و وەرگێڕان (لا:98-208) و بریتییە لە وەرگێڕانی سیٚ تێکستی: حاجی عەلی، عیسا دەلال و ئاشق غەریب بە پەراوێز و لێکدانەوە. دواتر فەرهەنگۆکێك بۆ ئاخێوەرانی ناوچەی ئامێدی (لا: 210-232) و بۆ ناوچەی شەنگال (لا: 232-252).**

720-Afzal Vossoughi, Description du dialecte kurde de Saghèze (Iran) : phonologie, morphologie, syntaxe, Paris : université de Paris VII, 1977, (528 p).

721-Joyce Blau, *Manuel de kurde : (Dialecte sorani). Grammaire, textes de lecture, vocabulaire kurde-français et français-kurde.* Paris, Ed.Klincksieck in Komm., 1980, (287p)[33].

722-Ahmed Hasan, *Le système verbal dans la langue kurde : dialecte kurmancî sero*. Th. 3e cycle Linguist. (Sous la dir de Antoine Culioli), Paris 7 : 1981, VIII-[177] f.

722-ئەحمەد حەسەن، سیستمی کردار لە زمانی کوردیدا. کارنامەی دوکتۆرایە و باسێکی تەواو زمانەوایییە. باسەکە دابەشی سەر حەوت فەسڵ کراوە. فەسڵی یەکەم: کرداری بوون (لا: 1-32). لەم فەسڵەدا باسی شێوازە خەبەرییەکانی کرداری بوون، ئێستە و داهاتوو، فاعیل و نەفیکردنەوە دەکات. فەسڵی دووەم: کرداری هەبون (لا:33-43). بە هەمان شێوە فەسڵی سێیەم: کردارەکانی (ن)، (ین)، (ان)، (وون) (لا:44-64). فەسڵی چوارەم: گروپی (ین) (لا: 65-79). فەسڵی پێنجەم: گروپی (ان) (لا: 80-94. فەسڵی شەشەم: گروپی (وون) (لا:95-106). فەسڵی حەوتەم: بەکارهێنانی "ئەز" و "من" (لا:107-113. دواتر یش تێکستی (گولی) ی نوورەددین زازای بە ترەنسکرپسیۆنی لاتینی (لا:114-117) و تەرجەمەی هەمان تێکست بە فرەنسی (لا: 118-122). دواتر جارێکی دیکە تێکستی گولی بە ترەنسکریپسیۆنی لاتین و تەرجەمەی فرەنسی بەسەر یەکەوە (لا:123-131). تێکستی چیایێ ساسۆنێ عوسمان سەبری (لا: 132-133) تەرجەمەی فرەنسیەکەی (لا:134-136). دواجار تێزەکە وەکوو پاشکۆ دوو پاشبەندی لەگەڵە بۆ بەکارهێنانی کاتی کردارەکان لە زمانی کوردیدا. دوایینجاریش بیبلیۆگرافیا کە

[33] 2èmeEd. *Méthode de kurde : sorani,* Paris, Ed. l'Harmattan, 2000, (323 p).

تەواوی سەرچاوە ئەوروپاییەکانی (13) سەرچاوە و کوردییەکانی (11) سەرچاوەن.

723-Joyce Blau, *Les études de linguistique et de lexicographie kurdes: historique et développements actuels*. Nancy : Université de Nancy, 1983, Tiré à part de : "Verbum", revue de linguistique publiée par l'Université de Nancy II, Tome VI-fasc. 1/2, 1983, (18 p).

723-جۆیس بلۆ، "لێکۆڵینەوەکانی زمانەوانی و لیکسیۆگرافیای کوردی: مێژوو و پەرەسەندنی ئێستەکە ". زمانی کوردی سەر بە زمانە ئێرانییەکان و لە خێزانی زمانە هیندو-ئەروپییەکانە. چەند ملوێنێك كەس قسەی پێدەکەن و لە ناوچەیەکی بەرفراوانی شاخاوی دەژین و کەوتوونەتە ناو کەوشەنی جیهانیی عەرەبی-موسڵمان. ئەم زمانە کە بڕێك لە دیالێکتەکانی بوون بە زمانێکی ئەدەبی تاڵە داوی هەرە بەهێزی گەلێکە کە لە ڕووی سیاسییەوە پارچەپارچە کراوە. ڕاستیەکەی نە چوارچێوەیەکی جوگراف گۆڕاو و نە مۆدی ژیانی دورودرێژی خێڵەکیی نەبون بە سۆنگەی دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی. ئەم وڵاتە لە ڕوی گرینگی ژمارەی دانیشتوانەوە لە نێوان تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا و شورەوی دابەش بووە. زمانی کوردی لە سەدەی هەژدەهەمەوە لە لایەن زانایەکانەوە بایەخی پێدراوە و لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیش زمانەوانە کوردەکان دەستیان کردوو بە چاپکردنی کارەکانیان. بلۆ لەم وتارەدا زمانی کوردی بۆ سێ گروپ دابەش دەکات: گروپی باکوور، گروپی ناوەڕاست و گروپی خوارووی. پاشان باسی کاری زمانەوان و کوردولۆگە ئەوروپاییەکان دەکات لەسەر زمانی کوردی (بێرزین (مامۆستای زمانی تورکی لە زانکۆی قازان)، لێرخ (1828-1884) کە بە دامەزرێنەری کوردناسی شورەوی دادەنرێ، دۆرین، ژابا، گارزۆنی، خۆدزکۆ و سۆن.

724-Shirin Azadpour, *L'alphabetisation: Formation face aux realites linguistiques et culturelles : L'exemple du Kurdistan* ; sous la dir. de le Thanh KhoI, Thèse de 3e cycle, Sciences education, Paris 5 : 1987, (270 f).

724–شیرین ئازادپوور، *نەهێشتنی نەخوێندەواری، فێربوون بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستییە زمانەوانی و کولتوورییەکان: نموونەی کوردستان.* بریتییە لە کارنامەی دوکتۆرا و ساڵی1987 پێکشەش بە زانکۆی پاریسی پێنجەم کراوە. کارنامەکە بەمشێوەیە دابەشکراوە. پێشەکی: ئیشکالیەت و چوارچێوەی سەرچاوەکان (لا: 13–14). میتۆدۆلۆژی و بواری لێکۆڵینەوەکە (لا: 15–16). فەسڵی یەکەم: بەرچاوخستنێکی گشتی دەربارەی کوردستان. بریتییە لە باسێکی گشتی دەربارەی. سەرچاوەکان، لێکۆڵینەوەکی بەراوردکاری و دیمۆگرافی، دانیشتوانە کوردەکان، جوگرافیا فیزیکی و ئیکلۆژی، ئایین، زمان و ئەدەب لە باسە سەرەکیەکانیەتی (لا: 17–50). فەسڵی دووەم: فێرکردنی ئەلفو بێ و شوێنی لە جیهانی ئێستەدا، لە ئێران و لە کوردستانی ئێران و دوو زمانەی ئێرانی (لا: 51–122)ز فەسڵی سێیەم: دوو زمانەیی ئێرانیی، پرسی کورد و شوێنی پسپۆرە نێودەوڵەتییەکان (بەڵگەنامەکانی پۆنیسکۆ) (لا: 123–166). فەسڵی سێیەم: فێرکردنی ئەلفو بێی کوردی لە فرانسا: ئەزموون و بەدواداچوون (لا: 167–217). بیبلیۆگرافیا (لا: 217–229). پاشکۆ (لا: 236–270).

725-Ismet Chériff Vanly, « Regards sur les origines des Kurdes et de leur langue », In: *Studia Kurdica,* Institut Kurde de Paris. N° (5), 1988, p. 39–58.

726-Martin van Bruinessen, « Les Kurdes et leur langue au XVIIème siècle : notes d'Evliya Çelebini sur les dialectes kurdes », In: *Studia Kurdica,* Institut Kurde de Paris. – Paris : Institut Kurde de Paris, (5).1988, p. 13–34.

727-Joyce Blau, « Le kurde lori », In : *Etudes irano-aryennes offertes à Gilbert Lazard C.-H. de Fouchécour ;* Ph. Gignoux. - Paris : Association pour l'Avancement des Etudes Iraniennes, - 1989. -(Studia Iranica, Cahier 7) p. 37-58.

728-Joyce Blau, « Le kurde, Gurânî et Zâzâ », In *Compendium Linguarum Iranicarum Rüdiger Schmitt. - Wiesbaden* : Ludwig Reichert, - 1989, p. 327-340.

729-Kamuran Bedir Khan, *Le kurde sans peine : cours pratiques de la langue kurde*. (Réédition revue et corrigée), Paris, Institut kurde de Paris, 1990, (206 p).

729–کامیران بەدرخان، فێربوونی کوردی بە ئاسانی. ئەم کتێبە لەسەر شێوەی وانەی جیا جیا ڕێکخراوە و بریتییە لە (43) وانەی زمانەوانی بۆ فێربوونی زمانی کوردی (دیالێکی کورمانجی) و هەر وانەیەك سەرەتا بریتییە لە وشە نامە بە کوردیی لاتینی و بەرامبەرەکەشی بە فرەنسی و دواتر شیکردنەوەی ڕێزمانی دەستپێدەکات. هەر وانەیەك تەرخانی بەشێکی دیاریکراوی باسەکانی ڕێزمان کراوە وەك: ئەمرازی ناسیاوی، زایەند، گەردانکردن، کرداری (بوون)، زایەندی ناو، جێناو و هتد. دواتر هەو وانەیەك تێکستێکی چکۆڵەی کوردی تێدایە و وانەی کۆتایی کۆمەڵێك تێکستی چکۆڵانەی کوردیی کورمانجی تێدایە. کامیران بەدرخان لە ساڵی 1946 تا 1970 لە ئەنستیتووتی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان لە پاریس وانەی زمانی کوردی (کورمانجی) وتوەتەوە.

730-Emir Djeladet Bedir Khan & Roger Lescot, Grammaire kurde (dialecte kurmandji), 1ère. Paris, Ed. Librairie

d'Amérique et d'Orient, 1970, (374p), 2ème Ed. Paris, J. Maisonneuve, 1991, ((X-371 p).

730- میر جەلادت بەدرخان و ڕۆژەر لیسکۆ، *ڕێزمانی کوردی (دیالێکتی کورمانجی)*. ئەمکارە هاوبەشە تەواوترین کاری زمانەوانییە دەربارەی ڕێزمانی کوردی دیالێکتی کورمانجی سەروو. بەشداری کوردناسی فرەنسی ڕۆژەر لیسکۆ و بالادەستیی جەلادەت بەدرخان لە دیالێکتی کورمانجی سەروودا کارێکی بێهاوتای لێکەوتۆتەوە. سەربار کۆمەڵێك تێکستی کوردی بە ترەنسکریپسیۆنی لاتینی لەبەرامبەر تەرجەمە فرەنسییەکان بلاوکراونەتەوە.شایانی گوتنە لەم کتێبەدا بەشی فۆننەتیك، لا(3-60) و بەشێکی گرینگی مۆرفۆلۆجی (لا: 63-212)، بە قەڵەمی جەلاددەت بەدرخان نووسراوە و دواتر ڕۆژەر لیسکۆ بەشی مۆرفۆلۆجی (لا: 212-297) و توخمگەلی سینتاکس (لا: 301-354) و بەشی ئیندێکس (لا: 355-370)ی نووسیووە.

731-Gilbert Lazard, « Le dialecte laki d'Aleshtar (kurde méridional) », In : *Studia Iranica* (1992) vol. 21, 2 p. 215-246.

731-گیلبێرت لازار، "دیالێکتی لەکیی ئەلەشتار (کوردیی خواروو)". ناوچەی ئەلەشتار کەوتۆتە ڕۆژئاوای ئێران و پەنجا کیلۆمەتری باکووری خورەم ئاباد. ناوچەکە ناوەندی باشووریی هەموو ناوچە زمانییەکانی کوردە کە ڕاستەوخۆ لە باشووردا بە لوڕی قسە دەکەن. خەڵکەکەی پێیان دەڵێن لەك و دیالێکتەکەیان لەکی. ئاخێوەرانی ئەم دیالێکتە بە قسەی نووسەر لە هەمووان کەمتر بەرچاوخراون و باسیان لەسەر کراوە. ئەم باسە سەفەری نزیکەی دوانزە ڕۆژێکی نووسەرە کە لە نۆڤەمبەری 1949 دا کردوویەتی و لە ناوچەکەدا ماوەتەوە. نووسەر باسەکەی خۆی لەسەر چەند کەسێکی ناوچەکە هەڵچنیوە کە زۆربەیان خوێندەوار و مامۆستان. دواتر لێکدانەوەیەکی ڕێزمانی وەك: فۆنۆلۆجی، ناو، جێناو و کردار دەکات و دواتر

**چوار تێکستی کوردی ئەم دیالێکتەش بە ئەلفوبێی لاتینی نووسیوەتەوە و تەرجەمەی فرەنسیشی کردوون.**

732-Halkawt Hakim & Gérard Gautier, *Dictionnaire français-kurde*, Paris : Klincksieck, 1993, (247 p).

**732-هەڵکەوت حەکیم و ژێرار گۆتیێ، *فەرهەنگی فرەنسی-کوردی*. فەرهەنگێکی فرەنسی-کوردییە و کوردییەکەی بە پیتی عەرەبی و لاتینی نووسراوەتەوە. نووسەرەکانی زیاتر پشتیان بە فەرهەنگە کوردی-ئینگلیزییەکەی تۆفیق وەهبی و هەنبانە بۆرینەی کوردی-فارسی هەژار بەستووە.**

733-Garnik Asatrian; Vladimir Livshits, « Origine du système consonantique de la langue kurde », In: *Acta Kurdica: the international journal of Kurdish & Iranian studies*. – London : Curzon Press, (1), 1994, p. 81–108.

734-Iran Kalbassi, « Essai de comparaison du système verbal des dialectes kurdes de Méhabad, Sanandadj et Kermanchah », In: *Acta Kurdica : the international journal of Kurdish & Iranian studies*. – London : Curzon Press, (1), 1994, p. 125–137.

735-Sergio Bassols Codina, *La phrase relative en kurde central : étude syntaxique*; Thèse de doctorat : IOAN : Paris 3, Directeur de thèse Pierre Lecoq, 1995, (321 f).

736-Pierre Lecoq, «La Grammaire historique du kurde», In: *The Journal of Kurdish Studies,* 1996-1997, Vol. II, Louvain, Peeters, p. 31-36.

737-Halkawt Hakim, « Les dictionnaires bilingues du kurde, in : *Dictionnaires bilingues* » : journée d'étude sur la lexicographie bilingue, INALCO, Paris, 26 mars 1998, Thomas Szende éd. Paris : H. Champion, p. 83-92.

**737–هەڵکەوت حەکیم، " فەرهەنگی دوو زمانەی کوردی". باسێکی کورتی فەرهەنگە دووزمانیەکانی زمانی کوردییە و خشتیەکی ستاتستیکی هەموو فەرهەنگە دوو زمانییەکانی کوردی تێدایە لەساڵی 1682–ەوە تاوەکو ساڵی 1997. ژمارەی فەرهەنگەکان بریتین لە (58) فەرهەنگ کە لەو ژمارەیە (8) فەرهەنگیان لە نێوان ساڵەکانی 1682–1920، (4) فەرهەنگیان لە نێوان ساڵەکانی 1921–195، (4) فەرهەنگیان لە نێوان 1951–1960، (8) فەرهەنگیان لە نێوان 1961–1970، (5) فەرهەنگیان لە نێوان 1971–1980، (16) فەرهەنگیان لە نێوان 1981–1990 و (14) فەرهەنگیان لە نێوان 1991–1997 بڵاوکراونەتەوە.**

738-Joyce Blau & Veysi Barak, *Manuel de kurde : kurmanji,* Paris, Éd. L'Harmattan, 1999, (225 p).

739- Ismaïl Kamandâr Fattah, *Les dialectes kurdes méridionaux: étude linguistique et dialectologique.* Peeters, Leuven, Ed. Acta Iranica, 2000, (xxii-919 p).

**739–ئیسماعیل کەمەندار فەتاح ، *دیالێکتە کوردییەکانی باشوور: لێکۆڵینەوەیەکی زماننناسی و دیالێکتناسییە.* ئەم کتێبە بەرهەمی چەندین ساڵ لێکۆڵینەوە و کارکردنە و یەکێکە لەو لێکۆڵینەوە دەگمەنانەی کە لە لایەن زانایەکی کوردەوە**

تەرخانی بوارێکی زمانناسی کوردیی کراوە کە تا ئەوکات نەك هەر لە لایەن زماننەوانە بێگانەکان بەڵکو لە لایەن زمانەوانی کوردیشەوە بایەخێکی وای پێنەدراوە. نووسەر لە پێشەکی کتێبەکەیدا باسی ئەوە دەکات کە زمانی کوردی لە لایەن کوردناسەکانەوە دابەشی سەر سێ گروپ کراوە بەمشێوەیەی خوارەوە: یەکەم گروپی دیالێکتەکانی باکووریی ناسراو بە کورمانجی.، دووەم گروپی دیالێکتەکانی ناوەڕاست ناسراو بە (سۆرانی) و سێیەمیان گروپی دیالێکتەکانی باشوورییە کە ئەم کتێبە سەرلەبەری تەرخانی ئەم گروپی سێیەمیان کراوە و بەگوێرەی نووسەر ئاخێوەرانی ئەم بەشە دیالێکتەی کوردی ڕێژەی 12% تا 15% ی ئاخێوەرانی کوردی قسەی پێدەکەن. نووسەر لە پێشەکیەکەیدا باسی کوردیبوونی لەك و لوڕ دەکات و دەیانخاتە ناو بازنەی زمانی کوردیی باکوور–ڕۆژئاوای دیالێکتی گۆرانی–زازا. بەشی زمانناسی ئەم کتێبە دابەشی سەر چوار بەشی سەرەکی کراوە: فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی (لا: 75–257)، مۆرفۆلۆجی (لا: 238–665)، سینتاکس ( لا: 667–741)، دواجار وشە ڕۆنان ( لا: 743–858).

740-Joyce Blau, « Shafiq Qazzaz : The Sharezoor ; Kurdish-English dictionary », In: *Études kurdes*, Institut Kurde de Paris, Ed. L'Harmattan. N° (4), 2002, p. 103–104.

740–جۆیس بلۆ، "شەفیق قەزاز: فەرهەنگی شارەزوور". کورتە باسێکی بەرچاوخستنی فەرهەنگە کوردی–ئینگلیزییەکەی قەزازە و دواجار دەنووسێ کە "ئەم فەرهەنگە کوردی–ئینگلیزیەی شەفیق قەزاز بە دڵنیاییەوە شایستەی ئەوەیە بە جێگرەوەی فەرهەنگەکەی وەهبی و ئیدمۆندز دابنرێ".

741-Joyce Blau, « Gîwî Mukriyani : Kurdistan », In: *Études kurdes, Institut Kurde de Paris*. – Paris : L'Harmattan. – N° 4.2002, p. 101–102.

741-جۆیس بلۆ، "گیوی موکریانی: کوردستان". باسێکی بەرچاوخستنی فەرهەنکی کوردستانی گیوی موکریانی یە. فەرهەنگی کوردستان بەرهەمی پەنجا ساڵی کاری گیوی موکریانییە لە بواری لیکسۆگرافی دا. گیوی هەموو دەڤەرەکانی کوردستان گەڕاوە و ئەم کارە پاشمەرگی گیوی لە لایەن د. کوردستان موکریانی بڵاوکراوەتەوە.

742-Mohammad Mokri, " La Morphologie du verbe kurde ", in : *Journal Asiatique*, 290.1, 2002, p. 31-52.

742- محەمەد موکری، "مۆرفۆلۆجی کرداری کوردی". ئەم لێکۆڵینەوە زمانەوانییە بریتییە لە بەرچاوخستنێکی نوێی پۆلینکردنی چاوگی کوردی بە تایبەتی لە دیالێکتەکانی کرماشانی و گۆرانی دا بە نموونە کە وەك نووسەر لە دوایی وتارەکەیدا باسی دکات ئەم پۆلینکردنە زمانەوانییە بەسەر هەموو دیالێکتە کوردییەکانی دیکەشدا دەچەسپێن.

743-Mohammad Mokri, *Grammaire et lexique comparés des dialectes kurdes: éléments de linguistique iranienne*, Paris, Ed. Karthala, 2003, (907 p).

743-محەمەد موکری ، *ڕێزمان و لیکسیکی بەراوردکاریی دیالێکتە کوردییەکان: توخمگەلی زمانەوانیی ئێرانی*، پاریس، 2003 (907 لاپەڕە). ئەم کتێبەی محەمەد موکری یەکێکە لەو کارە زانستی و ئەکادیمیانەی کە تا ئیستاکە زمانی کوردی لێکۆڵینەوەی ئاوەها زانستیانەی بۆ نەکراوە، ئەم کتێبەی موکری وەك خۆی گوتەنی بەرهەمی پەنجا ساڵەی ماندووبوونیەتی. ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەیەکی سترەکتووری زمانەوانی و لیکسیکییە و تەرخانکراوە بۆ شیکردنەوەی دیالێکتە کوردی-گۆرانییەکانی ڕۆژئاوای ئێران. موکری لەم کتێبەیدا بە پشت بەستن بە دەستنوسی (بەبریبەیان) دیالێکتەکانی رۆژئاوای ئێرانی سترەکتوریزە کردووە. ئەم کتێبە

(907) لاپەرەی قەبارە گەورەیە و بەمشێوەیە دابەشکراوە. پێشەکی لا: 17، بەشی یەکەم: نووسین و فۆنەتیك لا31، بەشی دووەم: ناوە گشتییەکان و ئاوەڵناو لا:81، بەشی سێیەم: جێناوەکان لا: 221، بەشی چوارەم: کردارەکان و بەشی پێنجەم لە بارەی ئامرازەکانی ڕێزمان و بەشی شەشەمیشی تێکستی ئۆرژینالی دیالێکتی گۆرانی دەستنوسی (بەبریبەیان) ە، ئەوە جگە لە پاشکۆ و ئیندێکس و بیبلیۆگرافی. ئەمکارەی موکری لە سەر نوێترین شیکردنەوەی زماننناسی هەڵچنراوە و یەکەمجارە بە میتۆدێکی نویٚ لەسەر تێکستێکی کۆن دیالێکتەکانی زمانی کوردی پێلێکبدرێتەوە.

744-Salih Akin, Ismaïl Kamandâr Fattah, « Les dialectes kurdes méridionaux » in, *Etudes kurdes* - N° 6 - Janvier 2004, p. 119-123.

744-سالح ئەکین، " *ئیسماعیل کەمەندار فەتاح* ،"*دیالێکتە کوردییەکانی باشوور*" . دیالێکتە کوردییەکانی خوارووی عێراق و ئێران زۆر کەم لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە و ئەمکارە دەگمەنانەش کە تەرخانی ئەم دیالێکتە کراون زۆر کۆنن ( ئۆسکار مان، مێجەر سۆن، رۆبینۆ لەسەرتای سەدەی بیستەم، مینۆرسکی و مەکەنزی لە ساڵانی 1940 و 1950 دا). ئەو ڕوانگەیەی کە لەم کارانە لەبەرچاو گیراون زیاتر کاری ئیتنۆ-زمانەوانی نین و بەمەبەستی دۆزینەوەی نزیکایەتی و دووری یان لەگەڵ ئەم یان ئەو گروپی کورد کراون. ئەم کارە ناوازەیەی ئیسماعیل کادارە بۆ یەکەمجار مەتریالی تێڕامانێکی پێکەوەیی دەربارەی کێشەی گەورەی دیالێکتناسی کوردی بەدەستەوە دەدات و بۆ یەکەمجار لە شیکردنەوەیەکی گشتی دا دەوڵەمەندییێکی زمانی دیالێکتی شار، گوند و پێدەشتەکانی خوارووی کوردستان بەدەستەوە دەدا. ئەم وتارە بریتییە لە خوێندنەوەیەکی کتێبەکەی ئیسماعیل کادارە. بڕوانە ژمارە: 739

745-Clémence Scalbert-Yücel, *Conflit linguistique et champ littéraire kurde en Turquie.* Thèse doctorat sous la direction de Michel Korinman, Thèse de doctorat : Histoire : Paris 4, 2005, 2 vol. (589 p).

